حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی / کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان

بەشی کۆمەڵناسی

# قەیـرانی ئابـوری و ڕەنـگدانـەوەی لەسەر خێـزان

## توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری سلێمانی لەبواری کۆمەڵناسی ئابوری

نامەیەکە خوێندکار

نـوزاد علــی خـدر

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە،

وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی

بەسـەرپـەرشتـی

پرۆفیـسۆر د. نـجـاة محمد فـرج

٢٧٢٢ کوردی ٢٠٢٢ زاینی ١٤٤٣ کۆچی

بسم الله الرحمن الرحيم

يُوسُفُ أَيُّهَا الصِّدِّيقُ أَفْتِنَا فِي سَبْعِ بَقَرَاتٍ سِمَانٍ يَأْكُلُهُنَّ سَبْعٌ عِجَافٌ
وَسَبْعِ سُنبُلَاتٍ خُضْرٍ وَأُخَرَ يَابِسَاتٍ لَّعَلِّي أَرْجِعُ إِلَى النَّاسِ لَعَلَّهُمْ
يَعْلَمُونَ ﴿٤٦﴾ قَالَ تَزْرَعُونَ سَبْعَ سِنِينَ دَأَبًا فَمَا حَصَدتُّمْ فَذَرُوهُ فِي
سُنبُلِهِ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تَأْكُلُونَ ﴿٤٧﴾ ثُمَّ يَأْتِي مِن بَعْدِ ذَٰلِكَ سَبْعٌ شِدَادٌ
يَأْكُلْنَ مَا قَدَّمْتُمْ لَهُنَّ إِلَّا قَلِيلًا مِّمَّا تُحْصِنُونَ ﴿٤٨﴾

**سورەتی یوسف**

**ئایەتی ٤٦- ٤٨**

# بەڵێننامە

من بەڵێن دەدەم، کە ئەم ماستەرنامەیە، کە ناونیشانەکەی بریتییە لە (قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزان – توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی لە بواری کۆمەڵناسی ئابوری) هەمووی کاری ڕەسەنی خۆمە، جگە لەو سەرچاوانەی بە ئاشکرا ئاماژەم پێکردون، هەموو نوسینەکان و ئەنجامەکان توێژینەوەی سەربەخۆی خۆمەو لەهیچ شوێنێك بڵاو نەکراوەتەوە، یاخود پێشکەشی هیچ شوێنێك نەکراوە، بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە، بەڵێن دەدەم لەهەر جێگایەك شتێکم وەرگرتبێت ئاماژەم بەسەرچاوەکەی کردوە.

واژۆ:

ناوی خوێندکار: نوزاد علی خدر

ڕێکەوت: ٢٠٢٢/٦/٢

# بڕیاری سەرپەرشتیار

ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (**قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزان - توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەشاری سلێمانی لە بواری کۆمەڵناسی ئابوری**) بەسەرپەرشتی ئێمە لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان - بەشی کۆمەڵناسی ئامادەکراوە، کە بەشێکە لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە کۆمەڵناسی، پێشنیار دەکەم پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ:

ناو: پ. د. نجاة محمد فرج

سەرپەرشتیار

ڕێکەوت: ٢٠٢٢/٦/١٣

---

بەپێی ئەم ڕاسپاردەیەی سەرەوە ئەم ماستەرنامەیە دەخەمە بەردەست لیژنەی گفتوگۆ.

واژۆ:

د. امیر خدا کرم محمد

سەرۆکی بەشی کۆمەڵناسی

ڕێکەوت: ٢٠٢٢/٦/٥

---

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (نوزاد علی خدر) بە ناونیشانی (قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزان - توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە شاری سلێمانی) مان خوێندەوەو لەگەڵ خوێندکار گفتوگۆی پێویستمان لەبارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (                    ) بڕوانامەی ماستەری لە کۆمەڵناسی پێبدرێت.

واژو:
ناو:
پلەی زانستی:
سەرۆکی لیژنە
ڕێکەوت: ٢٨/ ٨ /٢٠٢٢

واژو:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام
ڕێکەوت: ١٧ / ٧ /٢٠٢٢

واژو:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام
ڕێکەوت: ١٧/ ٧ /٢٠٢٢

واژو:
ناو:
پلەی زانستی:
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت: ١٧ / ٧ /٢٠٢٢

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی - پەسەندکرا.

واژو:
ناو:
ڕاگری کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان
ڕێکەوت: ١٢ / ٩ /٢٠٢٢

## پێشکەشە بە:

- رۆحی باوکم، کە کۆڵنەدان و ئارامگری فێرکردم.
- دایکی خۆشەویستم، کە یەك پارچە سۆزو میهرەبانی و حیشمەتی لێدەتکێت.
- هاوژینی ئازیز و هاودەمی ژیانم.
- جگەرگۆشەکانم.
- مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی و هاورێیانم.
- خوێندکارانی ئازیز و عاشقانی رێگەی زانست و پەروەردە.
- تۆی خوێنەرو توێژەر.

# سوپاس و پێزانین

- زۆر سوپاس بۆ خوای گەورەو میهرەبان، کە تەمەن و توانای پێ بەخشیم تا خوێندنی ماستەر تەواو بکەم بە سەرکەوتویی.
- زۆر سوپاسی مامۆستای خەمخۆرو سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەم زۆر بەڕێز پرۆفیسۆر دکتۆرە (نجاة محمد فرج) دەکەم لە پای ماندوبوون و ڕێنیشاندان و بەرگەگرتنی هەموو کەموکورتییەکانم.
- سوپاسی سەرۆك و مامۆستایانی بەشی کۆمەڵناسی و کتێبخانەی کۆلێژو کارمەندان و سەرۆکی بەشی خوێندنی باڵای کۆلێژ دەکەم، کە بە سنگ فراوانییەوە هاوکارمان بوون.
- زۆر سوپاسی سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆی ئەم نامەیە دەکەم لە پای سەرنج و تێبینییە زانستییەکانیان بۆ دەوڵەمەندکردن و بە پێزکردنی ئەم نامەیە.
- سوپاس بۆ خانەوادەکەم، کە لەخۆبوردوانە پاڵپشتم بون بۆ تەواوکردنی خوێندن و نوسینی ئەم نامەیە.
- زۆر سوپاس بۆ مامۆستایانی هاوڕێم لە پەروەردەو هەموو ئەو خزم و هاوڕێیانەی هەواڵپرسی خوێندنەکەم بوون.

# پوختەی توێژینەوەکە


لە ئەنجامی بەسەربەخۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە بۆری کوردستان و بەناوی داهاتی سەربەخۆوە، سەرەتاکانی ساڵی ٢٠١٤ لە هەرێمی کوردستان قەیرانی دارایی و ساڵی دواتریش قەیرانی ئابوری دروست بوو، ئەمەش بوو بەهۆی بڕینی ١٧٪ی بودجەی هەرێم لە بودجەی عێراق و لەلایەکی تریشەوە هاوکات بوو لەگەڵ دروست بوونی جەنگی دژ بە داعش و دابەزینی نرخی نەوت و هاتنی ئاوارەیەکی زۆر. سەرەڕای ئەمانە خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکانی داهات لەلایەن حکومەتی هەرێم و بوونی گەندەڵی و ناشەفافی و نەگەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەند بۆ ناردنی بودجە قەیرانەکانی توندتر کردەوە، شایەنی باسە ئەم قەیرانە دارایی و ئابورییە هاوکاتە لەگەڵ بوونی قەیرانی سیاسی و ململانێی دوو پارتی دەسەڵاتدار لەسەر داهات و پۆست، بەردەوامی ئەم قەیرانە ئابورییە هۆکارێك بوو بۆ دواکەوتنی دابەشکردنی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێم و پێڕەوکردنی پاشەکەوتی موچە لەلایەن حکومەتەوە، کەلە هەرساڵێکدا موچەی چەند مانگێکی کرد بە پاشەکەوت و نەیدا، یان موچە بە لێبڕینەوە دابەشدەکرا بەناوی خۆگونجاندنەوە، تاوای لێهات لەلای حکومەت ئەولەویەتی تەرخانکردنی پارە بۆ موچە بوو، بەمەش پرۆژەکانی خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە تاڕادەیەکی زۆر وەستێنران، جگە لە هەندێ پرۆژەی تەواونەکراو نەبێت، بەمەش هەموو سێکتەرەکان ڕووبەڕوی جۆرێك لە وەستانی تاڕادەی ئیفلیج بوون بوونەوە، سێکتەری ئابوری و پەروەردەو تەندروستی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان زۆرترین زیانیان بەرکەوت، یەکێك لەو لایەنانەی زۆرترین زیانی بەرکەوت دامەزراوەی کۆمەڵایەتی خێزان بوو.

بە مەبەستی زانینی ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری لەسەر خێزان و بۆگەیشتن بە ئامانجەکانی تری توێژینەوەکەمان، کێشەی توێژینەوەکەمان لە ڕێگەی ئەم پرسیارانەوە دەخەینەڕوو:

لە ڕوانگەی نموونەی توێژینەوەکەوە قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگیداوەتەوە لەسەر خێزانی کوردی و سروشتی ئەو ڕەنگدانەوەیە چۆنە ؟ ئایا هۆکارەکانی قەیرانی ئابوری چییە؟ ئایا پلانی خێزانی کوردی چییە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی قەیرانی ئابوری ؟ ئایا توانای خێزان چۆنە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ قەیرانی ئابوری؟

**ئامانجەکانی توێژینەوەکەش** بریتی بوون لە دەرخستنی ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری و سروشتی ئەو ڕەنگدانەوانەو، دەرخستنی هۆکارەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لە ڕوانگەی نموونەی توێژینەوەوە و، دەرخستنی پلانی خێزانی کوردی بۆ ڕووبەڕوبونەوەی قەیرانی ئابوری و دەرخستنی توانای خۆگونجاندنی خێزانی کوردی لەگەڵ قەیرانی ئابوری.

ئەم توێژینەوە لە دوو دەروازەی سەرەکی (تیۆری و مەیدانی) و پێنج بەش پێکهاتووە، لایەنی تیۆری لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەو دیاریکردنی چەمکەکان و خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشوو لەخۆدەگرێت، بەشی دووەمیش تایبەتە بە مێژوی قەیرانی دارایی و ئابوری و تایبەتمەندی و هۆکارەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان و سروشتی ڕەنگدانەوەکانی،

لەبەشی سێیەمیشدا بونیادو پایەو جۆرو ئەرکەکانی خێزان و کێشەکانی خێزان لە هەرێمی کوردستان خراوەتەڕوو، دەروازەی دووەمیش کەلایەنی مەیدانی توێژینەوەکەمانە لەدوو بەش پێك دێت، کە بەشی چوارەم و پێنجەمە، بەشی چوارەم جۆرو میتۆدو کۆمەڵگەی توێژینەوەو نموونەی توێژینەوەو ئامڕازی بەکارهاتوو و هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوەیە و بەشی پێنجەمیش ئەنجامە مەیدانییەکانی توێژینەوەکەو خستنە ڕوی زانیارییەکان و شیکردنەوەیانە، بەخستنەڕوی دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان کۆتایی بە توێژینەوەکەمان دێت.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە، لە جۆری چۆنێتی، بە شێوازی کەشفی شیکاری ئەنجامدراوە، بە پەیڕەوکردنی ڕێگای شیکاری بابەت بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، نموونەی توێژینەوەکەش لەجۆری نموونەی نائەگەریی مەبەستدارە، ئامڕازی بەکارهاتووش بریتییە لە چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو، هەر بۆیە نموونەی توێژینەوەکە (٣١) سەرۆك خێزانە لە شاری سلێمانی، ئەم توێژینەوەیە سوودی لە سەرچاوە زانستیەکانی وەکو توێژینەوەکان و کتێب و ئامار و ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان بینیوە، کاتی چاوپێکەوتنەکانیش لەنێوان ٢٠٢١/٨/١٥ بۆ ٢٠٢٢/١/٢٠ بوەو گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکەش لە ڕوانگەی نموونەی توێژینەوەکەوە بریتین لە:

١- بواری ئابوری: قەیرانی ئابوری بۆتە هۆی کەمبوونی داهاتی خێزان بەڕێژەی ٢٥٪ تا ٧٥٪ و، بۆتە هۆی زیاد بوونی نرخی پێداویستیەکان و خەرجی خێزان بەهۆی گران بوونی کەل و پەل و زیادبونی باج و ڕسومات و گومرگ، ئەمانەش بونەتە هۆی زیاتربوونی قەرزداری خێزان و کەمبوونی پاشەکەوت، هەروەها قەیران بۆتە هۆی دابەزینی ڕێژەی خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیانی خێزان و کاریگەریەکەشی زیاتر لەسەر چینی هەژار و چینی مام ناوەند بووە.

٢- بواری کۆمەڵایەتی: قەیرانی ئابوری بۆتە هۆی زیادبوونی جیابونەوەو کەمبونی هاوسەرگیری و زیادبونی گرژی و ناکۆکی نێوان ئەندامانی خێزان و، کەمبوونی پەیوەندی دەرەکی خێزان بە شێوەیەك تاڕادەی پچڕانی ئەو پەیوەندییانە هەنگاوی ناوە، لەسەر ئاستی ئەرکەکانی خێزانیش قەیران ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر توانای باوك و دایك بۆهەستان بە ئەرکەکانی ئابوری و پاراستن و چاودێری و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی، دیسانەوە قەیرانی ئابوری کێشەکانی خێزانی زیادکردوە، کێشەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و تەندروستی بۆ دروست کردوەو، قەیران توندوتیژی خێزانی زیاتر کردوە، لەبارەی قەبارەی خێزانیشەوە قەیران بۆتە هۆی کەمی خستنەوەی ژمارەی منالْ و زیادبوونی دیاردەی قەیرەیی لەناو کچان و کوڕان و، لەسەر ئاستی چینەکانیش قەیران بۆتە هۆی بچووك بونەوەی قەبارەی چینی مام ناوەندو فراوانبوونی قەبارەی چینی هەژار.

٣- بواری دەرونی: قەیران کێشە دەرونییەکان و خەفەت و بێ هیوایی زیادکردوەو، کاری لە لاوازبونی پەیوەندی ڕۆحی و خۆشەویستی نێوان ئەندامانی خێزان کردوە، بە جۆرێك ئاستی بەختەوەری و گەشبینی خێزان کەمبۆتەوەو ڕەشبینی زیادکردووە، گەشبینی بە داهاتوو بە تایبەت لای چینی هەژارو مامناوەند ئاستی نزم بۆتەوە.

٤ - هۆکارەکانی قەیرانی ئابوریش لە ڕوانگەی نموونەی توێژینەوەوە بریتی بوون لەمانە: هەرێم نەیتوانیوە خۆی سیستەم بکات لە ڕوی ئابورییەوەو یاسا سەروەر نەبووەو دەزگاکانی چاودێری دارایی و دەزگای نەزاهە بەهێز نەبوون، لەلایەکی تریشەوە زۆری ژمارەی موچەخۆرو قۆرخکاری بازاڕ لەلایەن دەسەلأت و حیزب و بەرپرسەکانەوەو، نادادگەری لە موچەو خانەنشینی فەرمانبەری ئاسایی و پلە بالأ، هاوتا لەگەڵ نەبوونی ژێرخانی ئابوری و بوونی بەهەدەردانی دارایی و گەندەڵی و ناشەفافی لەناو حکومەتی هەرێم و، لە ئەنجامی بێ پلانی خەڵك و حکومەت و نەبوونی پاشەکەوت بۆ ڕۆژی تەنگانەو نەبوونی هیچ بانکێکی مەرکەزی بالأی پارێزراو و بێ باکی دەسەلأت لە ئاست داخوازییەکانی کۆمەڵگەو، ڕیفراندۆم و کارەساتی ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧و پەتای کۆرۆناو کەرەنتینەو دابەزینی نرخی نەوت و، بێ کاری و هەژاری قەیرانەکەی قورستر کردووە.

٥ - پلانی خێزانی کوردی بۆ ڕووبەڕوبونەوەی قەیرانی ئابوری بریتی بوون لە: پەنابردن بۆ کەمکردنەوەی خەرجییەکان و دەست بردن بۆ پاشەکەوت و شت فرۆشتن، تەرکیز لەسەر زیادکردنی داهاتەکان و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان و پاشەکەوت کردن بووە. لە بازاڕکردندا کەل و پەلێك کڕدراوە، کە مارکە نەبووە، هەروەها لە مارکێتە گەورەکانیش شت کەمتر کڕدراوەو، ڕوو کراوەتە بازاڕە میللییەکان، پلانێکی تر ئیشی دووەم یان خستنە سەر کاری ئەندامانی تری خێزان بووە تا داهاتەکانیان زیاد بکەن، هەروەها کەمکردنەوەی بابەتی جوانکاری و کمالیات و وازهێنان لەهەندێك بۆنەی کۆمەڵایەتی و میوانداری بووە، هاوکات هەندێك خێزان لە سنوری خانوو و زەوی خۆیاندا بەرهەمهێنانیان کردوە لە سەوزەوات و پەلەوەردا و پلانی تریان هەبووە وەك بەکارهێنانەوەو چاکردنەوەی کەل و پەلەکانی ناو ماڵ.

٦- خۆگونجاندن لەگەڵ قەیران کەمبۆتەوە، بە جۆرێك دیاردەی کۆچی دەرەکی بۆ هەندەران بە تایبەت لای چینی گەنج و تازەپێگەیشتوان زیاتر کردوەو، خۆگونجانی تاك لەگەڵ سیستەم و پێوەرو نۆرمەکانی دامەزراوەی کۆمەڵایەتی کێشەی بۆ دروست بووەو لادان زیاتر بووە، هەندێ هۆکار پاڵپشت بوون بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ قەیران وەکو: هۆشیاری و تێگەیشتویی هاوسەر بە پلەی یەکەم و پاشان منداڵەکان و پەروەردەی دروست و پەروەردەی ئایینی و باوەڕ بوون بەوەی هەژاری و دەوڵەمەندی کاتییەو مرۆڤ بەهەردوو باردا تاقی دەکرێتەوە، بوونی قەناعەت و ڕازی بوون بەو بەشەی کەهەیەو، ئومێدو باوەڕبوون بەوەی ئەم بارودۆخە قەیراناوییە ڕۆژێك دێت کۆتایی دێت، لە هەمان کاتدا بوونی توانای خۆگونجاندن و ڕاهاتن لەگەڵ بارودۆخەکە بەهۆی ئەوەی ژینگەی ناوچەکەمان بەردەوام قەیراناوی بووەو، بەگرتنەبەری هەندێ میکانیزمی ئابوریانەی وەکو دەست پێوەگرتن و کەمکردنەوەی خەرجی توانراوە تا ڕادەیەك خۆگونجان زیاتر بکرێت، لە کۆتایشدا کۆمەڵێك ڕاسپاردەو پێشنیار بۆ چارەسەری دۆخەکە خراوەتەڕوو.

# پێڕستی بابەتەکان


| لاپەڕە | بابەت |
|---|---|
| a | قورئانی پیرۆز |
| b | بەڵێننانە |
| c | پشتگیری سەرپەرشتیار و سەرۆکی بەش و بەپرسی خوێندنی باڵای کۆلێژ |
| d | ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ |
| e | پێشکەشە |
| f | سوپاس و پێزانین |
| g | پوختەی توێژینەوە بە زمانی کوردی |
| j | پێڕستی بابەتەکان |
| n | پێڕستی خشتەکان |
| n | پێڕستی پاشکۆکان |
| ١ | پێشەکی |
| ٣-١١١ | دەروازەی یەکەم: لایەنی تیۆری |
| ٤ | بەشی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەو دیاریکردنی چەمکەکان |
| ٥ | باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە |
| ٥ | یەکەم - کێشەی توێژینەوەکە |
| ٧ | دووەم - گرنگی توێژینەوەکە |
| ٨ | سێ یەم - ئامانجەکانی توێژینەوەکە |
| ٩ | باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە |
| ٩ | یەکەم - قەیران |
| ١١ | دووەم - قەیرانی دارایی |
| ١١ | سێیەم - قەیرانی ئابوری |
| ١٣ | چوارەم - ڕەنگدانەوە |
| ١٣ | پێنجەم - خێزان |
| ١٥ | باسی سێ یەم: خستنەڕوی توێژینەوەکانی پێشوو |
| ١٥ | یەکەم- توێژینەوە کوردییەکان |
| ١٨ | دووەم- توێژینەوە ئینگلیزییەکان |

| | |
|---|---|
| سێیەم- تاوتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو | ١٩ |
| بەشی دووەم: مێژوی قەیرانی دارایی و ئابوری و هۆکارو ڕەنگدانەوەکانی | ٢١ |
| باسی یەکەم: مێژوی قەیرانی دارایی و ئابوری و تایبەتمەندی و هۆکارەکانی | ٢٢ |
| یەکەم - مێژوی قەیرانی دارایی و ئابوری لە جیهاندا | ٢٢ |
| دووەم- جۆرەکانی قەیران لە جیهاندا | ٢٥ |
| سێیەم - ڕەهەندەکانی قەیران | ٢٧ |
| چوارەم - تایبەتمەندیەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری | ٢٨ |
| پێنجەم - قۆناغەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری | ٢٩ |
| شەشەم - هۆکارەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری | ٢٩ |
| باسی دووەم: قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی | ٣٣ |
| یەکەم : قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان | ٣٣ |
| دووەم: هۆکارەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لەهەرێمی کوردستان | ٣٥ |
| باسی سێ یەم: ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لەهەرێمی کوردستان | ٤٥ |
| یەکەم: ڕەنگدانەوەی قەیرانی دارایی و ئابوری لە بواری ئابوری | ٤٥ |
| ١ - کەرتی وەبەرهێنان | ٤٥ |
| ٢ - کەرتی پیشەسازی | ٤٨ |
| ٣ - کەرتی کشتوکاڵ | ٤٩ |
| ٤ - کەرتی وزە (نەوت و کارەبا) | ٥٠ |
| ٥ - کەرتی گەشت و گوزار | ٥٢ |
| ٦ - کەرتی خزمەتگوزاری گشتی | ٥٢ |
| دووەم: ڕەنگدانەوەی قەیرانی دارایی و ئابوری لە بواری کۆمەڵایەتی | ٥٣ |
| ١ - بێکاری | ٥٣ |
| ٢ - هەژاری | ٥٤ |
| ٣- جیابوونەوە | ٥٦ |
| ٤ - کەمبوونی هاوسەرگیری | ٥٧ |
| ٥ - توندوتیژی خێزانی | ٥٧ |
| ٦ - تاوان | ٥٨ |
| ٧ - کوشتن و خۆکوشتن | ٥٩ |

| | |
|---|---|
| ٨ - كۆچ | ٦٠ |
| سێیەم: ڕەنگدانەوەی قەیرانی دارایی و ئابوری لە بواری پەروەردە | ٦١ |
| چوارەم: ڕەنگدانەوەی قەیرانی دارایی و ئابوری لە بواری تەندروستی | ٦٤ |
| بەشی سێیەم: بونیاد و ئەرك و كێشەكانی خێزان لە هەرێمی كوردستان | ٦٦ |
| باسی یەكەم: بونیاد و ئەركەكانی خێزان | ٦٧ |
| یەكەم: بونیادی خێزان و قۆناغ و تایبەتمەندی و پایەكانی | ٦٧ |
| دووەم : پەیوەندییەكانی خێزان | ٨٣ |
| سێیەم: جۆر و ئەركەكانی خێزان | ٨٦ |
| ١ - جۆرەكانی خێزان و خێزان لە هەرێمی كودستان | ٩٠ |
| ٢ - ئەركەكانی خێزان | ٩٣ |
| باسی دووەم: كێشەكانی خێزان | ١٠٢ |
| ١ - پێناسەی كێشەكانی خێزان | ١٠٢ |
| ٢ - پۆلێن و جۆری كێشەكانی خێزان | ١٠٢ |
| دەروازەی دووەم: لایەنی مەیدانی | ١١٣-١٩٦ |
| بەشی چوارەم: جۆرو میتۆد و هەنگاوە مەیدانییەكانی توێژینەوە | ١١٤ |
| باسی یەكەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوەكە | ١١٤ |
| باسی دووەم: هەنگاوە مەیدانییەكانی توێژینەوەكە | ١١٦ |
| یەكەم- كۆمەڵگەی توێژینەوەكە | ١١٦ |
| دووەم- نموونەی توێژینەوەكە | ١١٦ |
| سێیەم- بوارەكانی توێژینەوەكە | ١١٧ |
| چوارەم- ئامرازی كۆكردنەوەی زانیاری | ١١٨ |
| پێنجەم - ڕاستێتی فۆڕمی چاوپێكەوتن | ١١٩ |
| بەشی پێنجەم: ئەنجامە مەیدانییەكانی توێژینەوەكە | ١٢٠ |
| باسی یەكەم: خستنەڕوی ئەنجامەكان و شیكردنەوەیان | ١٢١ |
| یەكەم: خستنەڕوی خەسڵەتە گشتییەكانی یەكەكانی نموونەی توێژینەوە | ١٢١ |
| دووەم: خستنەڕوی ئەنجامەكانی توێژینەوەكە تایبەت بە ڕەنگدانەوەكانی قەیرانی ئابوری و سروشتی ڕەنگدانەوانەكانی | ١٢٩ |
| ١ - داهاتی خێزان | ١٢٩ |

| | |
|---|---|
| ٢ - خەرجییەکانی خێزان | ١٣١ |
| ٣ - پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی خێزان | ١٣٦ |
| ٤ - ئەرکەکانی خێزان | ١٣٩ |
| ٥- کێشەکانی خێزان | ١٤٢ |
| ٦ - توندوتیژی خێزانی | ١٤٤ |
| ٧- قەبارەی خێزان | ١٤٦ |
| ٨ - پەیوەندیە ڕۆحی و دەرونییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان | ١٤٨ |
| ٩ - بەختەوەری و گەشبینی | ١٥١ |
| ١٠ - خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان | ١٥٥ |
| ١١ - قەیرەیی | ١٦٠ |
| ١٢ - قەرز و پاشەکەوت | ١٦١ |
| ١٣- چینایەتی | ١٦٣ |
| دووەم: دەرخستنی هۆکارەکانی قەیرانی ئابوری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی نموونەی توێژینەوەوە | ١٦٧ |
| سێیەم: دەرخستنی پلانی خێزانی کوردی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانی ئابوری | ١٧١ |
| چوارەم: دەرخستنی توانای خۆگونجاندنی خێزان لەگەڵ قەیرانی ئابوری | ١٧٣ |
| باسی دووەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە | ١٨٢ |
| یەکەم: دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە | ١٨٢ |
| دووەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە | ١٩٣ |
| سێیەم: پێشنیارەکانی توێژینەوەکە | ١٩٦ |
| لیستی سەرچاوەکان | ١٩٧-٢٠٩ |
| پاشکۆکان | ٢١٠-٢١٤ |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی عەرەبی | ٢١٥-٢١٨ |
| پوختەی توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی | A - D |

## پێڕستی خشتەکان


| ز | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | ژمارەی پڕۆژەکانی مۆڵەت پێدراو لە دەستەی وەبەرهێنان بەپێی ساڵەکان | ٤٧ |
| ٢ | ئاماری تەلاق و هاوسەرگیری دادگاکانی هەرێمی کوردستان | ٥٧ |
| ٣ | ئاماری توندوتیژی خێزانی دادگاکانی هەرێمی کوردستان | ٥٨ |
| ٤ | ئاماری تاوان و کەتن لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان | ٥٩ |
| ٥ | ڕۆڵی کۆمەڵایەتی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە | ١٢١ |
| ٦ | تەمەنی سەرۆك خێزانی نموونەی توێژینەوەکە نیشان دەدات | ١٢٢ |
| ٧ | شوێنی لەدایك بونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە | ١٢٣ |
| ٨ | تەمەنی خێزانەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە | ١٢٣ |
| ٩ | ژمارەی ئەندامانی خێزان ڕوندەکاتەوە | ١٢٤ |
| ١٠ | شوێنی نیشتەجێ بونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی | ١٢٥ |
| ١١ | جۆری نیشتەجێ بونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە | ١٢٥ |
| ١٢ | جۆری پیشەی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە | ١٢٦ |
| ١٣ | سەرچاوەی داهاتی خێزانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە | ١٢٧ |
| ١٤ | ئاستی خوێندنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە | ١٢٧ |
| ١٥ | پێکهاتەی خێزانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە | ١٢٨ |
| ١٦ | باری ئابوری یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕوندەکاتەوە | ١٢٨ |


## پێڕستی پاشکۆکان


| ز | ناونیشان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | نموونەیەك لە فۆڕمی چاوپێکەوتن | ٢١١ |
| ٢ | نموونەی توێژینەوەکە (ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە) | ٢١٣ |
| ٣ | ڕاستێتی فۆڕمی چاوپێکەوتن | ٢١٤ |

# پێشەکی

ئابوری بەیەکێك لە پایە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەو دەوڵەتداری دادەنرێت و لەپاڵ سیستەمی ڕامیاری دوو پایەی سەرەکی کۆمەڵگە پێکدەهێنن، هەر بۆیە ناتەواوی لە یەکێکیاندا ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر کۆی دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە، قەیرانی دارایی و ئابوری بەیەکێك لەو ناتەواوی و کێشانە دادەنرێت، کە ڕووبەڕوی سیستەمی ئابوری دەبێتەوە و گەر چارەسەر نەکرێت دەبێتە گرفت و تێکچوون لە تەواوی سیستەمەکانی تر. هەرێمی کوردستانیش هەر لە دوای دروست بوونی قەوارەکەی لە (١٩٩١/٣/٥) ەوە ڕووبەڕوی کۆمەڵێك گەمارۆی ئابوری بۆتەوە و قەیرانی دارایی و ئابوری بۆ دروست بووە، هەر لە سەرەتاشەوە بەهۆی ناشەفافی و گەندەڵی و، خراپ بەڕێوەبردن و، ناسەقامگیری ڕەوشی سیاسییەوە لە قەیراندا بووە، تەنها ساڵانی نێوان (٢٠٠٣ بۆ ٢٠١٤) نەبێت کە بودجەیەکی زۆری لە بەغدادەوە بۆ هاتووەو گرفتی دارایی و ئابوری نەبووە، لەو ماوەشدا ململانێ سیاسیەکانی نێوان دوو پارتی فەرمانڕەواش هێورتر بوون. بەڵام لە ئەنجامی بەسەربەخۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێم بەبۆری کوردستان و بەمەبەستی سەربەخۆیی هەرێم لە داهاتدا، حکومەتی ناوەند هەستا بەبڕینی (١٧٪)ی بودجەی هەرێم لە بودجەی گشتی عێراق لە سەرەتاکانی ساڵی (٢٠١٤)دا، ئەمەش بووە هۆی دروست بوونی قەیرانی دارایی لە هەرێمی کوردستان و ساڵی دواتریش قەیرانی ئابوری لێوە دروست بوو، هاوکات قەیرانی تریش بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرت ئەوانیش دروست بوونی جەنگی دژ بەداعش و دابەزینی نرخی نەوت و هاتنی ئاوارەیەکی زۆر لە ناوخۆی عێراق و سوریاوە. دوا بەدوای گشت پرسی (٢٥)ی ئەیلولی (٢٠١٧)و کارەساتی (١٦)ی ئۆکتۆبەرو لەدەست دانی نیوەی خاکی هەرێمی کوردستان، ناکۆکییە ڕامیاریەکانی نێوان دوو پارتی فەرمانڕەواش زیاتر بوون و لە ئێستادا گەیشتۆتە لوتکە لەسەر پۆستی سەرۆك کۆمار، یەکێکیش لەخاڵە بنەڕەتییەکانی ئەم ناکۆکییە کێشە داراییەکان و کۆکردنەوەی داهاتەکان و دابەشکردنی موچەیە.

سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٤)دا، بوو بەهۆی دواکەوتنی دابەشکردنی موچەی فەرمانبەرانی هەرێم، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێم کابینەی هەشت سیستەمی پاشەکەوتی موچەیان پێڕەوکرد کەلە هەر ساڵێکدا موچەی چەند مانگێکی کرد بەپاشەکەوت و نەیدا، کابینەی نۆیەمیش بڕیاریدا چەند پارە لەبەردەست بێت ئەوەندە موچە بەلێبڕینەوە دابەش بکات بەناوی خۆگونجاندنەوە، سەرەڕای پاشەکەوتکردنی موچەی پێنج مانگ لە ساڵی (٢٠٢٠)دا، لە لایەکی تریشەوە پلەبەرزکردنەوەی فەرمانبەران ڕاگیراو تا ئێستا ئەو مافە بۆ مووچەخۆران نەگەڕاوەتەوە. لە هەردوو کابینەکەشدا کاری لەپێشینە تەرخانکردنی پارە بۆ موچە بووە، بەمەش پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوەکان تاڕادەیەکی زۆر وەستێنران، جگە لە هەندێ پرۆژەی تەواونەکراو نەبێت، بەمەش هەموو کەرتەکان ڕووبەڕووی جۆرێك لە وەستانی تاڕادەی ئیفلیج بوون بونەتەوە، سێکتەری ئابوری و پەروەردە و تەندروستی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە. بەردەوامبوونی قەیرانی

ئابوری تائێستاو بۆ ماوەی (٩) ساڵ بۆتە هۆی قووڵ بوونەوەی قەیرانە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان و، زیادبوونی کێشەکانی کۆمەڵگەو، بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و جیابونەوەو هەڵوەشانەی خێزان و زیادبوونی کۆچ و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تاوانەکان و دەیان ڕەنگدانەوەی نەرێنی تر لەسەر تاك و دامەزراوەی خێزان لە هەرێمی کوردستان. لەبەر ئەو هۆکارانەی سەرەوە قەیرانی ئابوری دائەنرێ بەیەکێك لە ئاڵنگارییە گەورەکانی ئێستای دۆخی هەرێمی کوردستان، بۆیە شایەنی وەستان و هەڵوێستە کردن و ئەنجامدانی توێژینەوەو لێکۆڵینەوەی زانستییە لەسەری، تاڕەنگدانەوەو لێکەوتەو دەرهاویشتەکانی بزانین و بگەینە ژمارەیەك ئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیار بۆ بەردەم لایەنە پەیوەندیدارەکان تا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوەو سنورێك دابنرێت بۆ درێژە پێدانی، تائەوەی هەمانە لەسیستەم و ژیانی کۆمەلایەتی بەرەو دارمانی زیاتر نەڕوات.

ئەم توێژینەوەیە ئەچێتە خانەی لقێك لە لقەکانی کۆمەڵناسی ئەویش کۆمەڵناسی ئابورییە، ئەم زانستە گرنگی دەدات بەبابەتە ئابورییەکان لە ژیانی کۆمەلأیەتیدا و کاریگەری ڕەفتارو کردەی کۆمەلأیەتی لە پرۆسەی ئابوریدا، لە دوای جەنگی جیهانی دووەم و گەشەکردنی پیشەسازی، پێویست بوون بەکۆمەڵناسی ئابوری زیاتر دەرکەوت و توانی ئەو کەلێنە پڕ بکاتەوەو گرنگی بەبابەتە هاوبەشەکان بدات.

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەجۆری چۆنێتی بەشێوازی کەشفی شیکاری ئەنجامدراوە بەپەیڕەو کردنی ڕێگای شیکاری بابەت بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی، نموونەی توێژینەوەکەش لە جۆری نموونەی مەبەستداری نائەگەرییە، ئامرازی بەکارهاتووش بریتییە لە چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراوو، ئەو ئامرازانەشی بەکار هێناوە، کە گونجاو بووە بۆ دەست گەیشتن بەزانیاری و ئاماری پێوست لە سەرچاوە زانستیەکانی وەکو توێژینەوەکان و کتێب و ئامارە فەرمیەکانی دام ودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، سایت و ماڵپەرە ئەلکترۆنییەکان.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو دەروازەی سەرەکی پێکهاتووە (تیۆری و مەیدانی)، لایەنی تیۆری لە سێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم لە سێ باس پێکهاتووە باسی یەکەم ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەو باسی دووەم دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەو باسی سێیەم خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشووە. بەشی دووەمیش لە سێ باس پێکهاتووە باسی یەکەم تایبەتە بەمێژووی قەیرانی دارایی و ئابوری و هۆکارەکان و، باسی دووەم قەیرانی ئابوری لە هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی و، باسی سێیەمیش سروشتی ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابورییە لە هەرێمی کوردستان، بەشی سێیەمیش لە دوو باسی سەرەکی پێکدێت باسی یەکەم بونیادو ئەرکەکانی خێزانە، باسی دووەم کێشەکانی خێزانە. پاشان دێینە سەر دەروازەی دووەم کە لایەنی مەیدانیەو لە دوو بەش پێك دێت، بەشی چوارەم هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوەکەیەو لەدوو باس پێکهاتووە باسی یەکەم جۆرو میتۆدی توێژینەوەکەیە، باسی دووەم هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوەکەیە، بەشی پێنجەم ئەنجامە مەیدانییەکانی توێژینەوەکەیەو لە دوو باس پێکهاتووە، باسی یەکەم خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیانەو باسی دووەم بەدەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان، کۆتایی دێت بەتوێژینەوەکە.

# دەروازەی یەکەم

# لایەنی تیۆری

# بەشی یەکەم

## ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەو دیاریکردنی چەمکەکان

**باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە**

**باسی سێیەم: خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو**

## باسی یەکەم: ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم - کێشەی توێژینەوەکە The problem of the research

ڕاپەڕینی باشوری کوردستان لە (١٩٩١/٣/٥) و، کۆڕەوی ملیۆنان کەس لەبەهاری هەمان ساڵدا بوون بەهۆی دروست بوون و دەرکردنی بڕیاری (٦٨٨)ی دژە فڕینی ئەنجومەنی ئاسایشی سەربەنەتەوە یەکگرتووەکان لە بەرواری (١٩٩١/٤/٥) دژ بەڕژێمی بەعس، ناوچەی دژە فڕین تاهێڵی (٣٦) پەیڕەوکراو ناوچەکە پارێزرا لە ڕژێمی بەعسی فەرمانڕەوای ئەوکات لەعێراق، ئەمانە بوونە فاکتەر بۆ گەلاڵەبوونی قەوارەی سیاسی هەرێمی کوردستان.

قەیرانی ئابوری لە هەرێمی کوردستان هەر ئەوکات بەهۆی ئەو گەمارۆ ئابوریانەی هێزی هاوپەیمانان سەپاندبویان بەسەر حکومەتی عێراقی لە ئەنجامی داگیرکردنی کوەیتەوە دروست بوو. حکومەتی عێراقی ئەوسا هەستا بەسەپاندنی گەمارۆیەکی تری ئابوری لەسەر هەرێمی کوردستان، بەمەش قەیرانەکە قورستر بوو، هەرچەندە سنورەکانی تورکیا و ئێران تاڕادەیەك کراوە بوون، بەلاّم بەهۆی داتەپینی بەهای ئەوکاتی دیناری عێراقی هەموو کالاّ بازرگانی و خۆراکییەکان زۆر گرانبوون و، لە توانای زۆرینەی خەڵکدا نەبوو پێداویستیەکانی لە خۆراك و پۆشاك و سوتەمەنی دابین بکات. ساڵانی دواتر بەهۆی بڕیاری (٩٨٦) ی (١٩٩٥/٤/١٤)ی ڕەوانەکردنی نەوت بەرامبەر بەخۆراك و، دوای جێبەجێ کردنی لە ساڵی (١٩٩٦)دا تاڕادەیەك کاریگەریی گەمارۆکان کەمبووەوەو باری سەرشانی خەڵك سووك بوو [1]، بەلاّم بارگرانی قەیرانی ئابوری و کاریگەرییەکانی بەردەوامبوو، لەبەرئەوەی قەیران هاوکات بوو لەگەڵ شەڕی براکوژی و دوو ئیدارەیی لە هەرێمی کوردستان.

لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس، کرانەوە و بوژانەوەی ئابوری ڕووی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کرد و تاڕادەیەکی باش حاڵ و ژیان و گوزەرانی خەڵك گۆڕانی گەورەی بەخۆوە بینی و بەرەو باشبوون و، کەمبوونەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری هەنگاوی نا، بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان کە دوور بوو لە شەڕی تاییفی و شەڕی ناوخۆو، ئاسایش و سەقامگیری دابین کرابوو، بەهۆی ئەو سەقامگیریەشەوە ڕێژەیەکی باش لە کۆمپانیا بیانیەکان و، کونسوڵی ولاّتان بنکەکانیان لە هەرێمی کوردستان کردەوەو قەبارەی وەبەرهێنان لە هەرێم (٤١)ملیار دۆلاری تێپەڕاند و، زیاد لە (٧٢) ملیار دۆلاریش وەك بەشە بودجەی (١٧٪)ی هەرێم لە بەغدادەوە هات، ئەم بوژانەوە ئابورییە تاساڵی (٢٠١٤)ی خایاند [2].

---

[1] کوردستان عومەر محمد، خۆگونجاندنی کۆمەلاّیەتی کۆچبەرانی کورد لە ولاّتانی ئەوروپا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ١٣٩ - ١٤٠.

[2] کامران احمد حمەو ئەوانیتر، ئابوری کوردستان، قەیران - شیکردنەوە - چارەسەر، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٨، ل ٢٥ و ل ٣٢.

لەئەنجامی بەسەربەخۆ فرۆشتنی نەوتی هەرێم بەبۆری کوردستان و بەناوی داهاتی سەربەخۆوە سەرەتاکانی ساڵی (٢٠١٤) لە هەرێمی کوردستان قەیرانی دارایی و ساڵی دواتریش قەیرانی ئابوری دروست بوو. کاریگەری قەیرانەکە تادێت قورستر دەبێت بەهۆی چاکسازی نەکردن لە سێکتەرە گرنگەکانی داهات و گومرگ و نەوت و موچەو، لە سەرەتای ساڵی (٢٠١٩)ە شەوە قەیرانی تەندروستی پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا (virus Covid 19)شی بەدوادا هات، کۆڤید نۆزدەش بوو بەهۆی قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەموو جیهاندا، بەڕادەیەك بەرهەمهێنان لە مانگەکانی (٣و ٢٠٢٠/٤)دا زۆر دابەزی، جگە لە هەڵئاوسانی نرخی کەل و پەل و کەمبوونەوەیان لەمارکێتەکاندا [1] . هاوکات نرخی نەوتی خاویش زۆر دابەزی بەجۆرێك نرخی نەوتی خاوی ئەمریکی بەسفر دۆلارو، نرخی نەوتی خاوی ئۆپیك بە٢١ دۆلارو نەوتی برنتیش بە (٢٦) دۆلار مامەڵەی پێوەکرا [2].

بۆ کەمکردنەوەی کورتهێنانی داهاتی بەردەست حکومەتەکەی لە دوایین بڕیاریدا لە مانگی (٢٠٢٠/١٢)دا بانکی ناوەندی حکومەتی عێراق لە کابینەی (مصطفی کاظمی)دا بڕیاری بەرزکردنەوەی نرخی دۆلار بەرامبەر بەدیناریدا، هەر دۆلارێك لە (١١٨٠) دینارەوە کرا بە(١٤٥٠) دینار، ئەم بڕیارەش بۆ جارێکی تر باری ئابوری سەرشانی هاووڵاتیان و موچە خۆرانی قورستر کرد، بەشێوەیەك بەهۆی ئەو بڕیارەوە هەموو هاووڵاتیەکی عێراقی بەهەرێمیشەوە ٢٥٪ زیاتر توانای کڕینی لەدەستداوەو هەڵئاوسانی نرخ دروست بووە [3].

بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی کەمی بودجەو داهات حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری زیادکردنی باج و ڕسوماتی داوە لە خاڵە گومرگییەکان و لەسەر کۆمپانیاکان و لەهەموو کەرتەکاندا بەتایبەت باجی خانووبەرەو زەوی و کاسبانەو پیشەوەران و باجی سەر ئۆتۆمبێل و ڕسوماتی فەرمانگەکانی مرورو تاپۆو شارەوانی و، زیادکردنی کرێ ی خزمەتگوزاریەکانی ئاو و کارەباو کۆکردنەوەی خاشاك و، زیادبوونی نرخی سوتەمەنی غازو بەنزین و نەوت و گاز و... هیتد، ئەمانە لە کاتێکدایە تاساڵی (٢٠٢١) لێبڕین و دواکەوتنی موچە هەر بەردەوام بووەو ئێستاش دواکەوتنی دابەشکردنی موچە هەر هەیەو بێکاری و بێ بازاڕیش درێژەی هەیە، بۆ زانیاری لەسەر زیادکردنی باج و ڕسومات کە بە (٤١٨) جۆر باج دەژمێردرێن سەیری ڕێنمایی دارایی ژمارە (١٦)و ژمارە (٢٠)ی ساڵی (٢٠١٧) و ڕێنمایی دارایی ژمارە (٢) ساڵی (٢٠٢١) بکە لەسەر سایتی وەزارەتی دارایی [4].

---

[1] فيروس كورونا اصاب الاقتصاد العالمي، على موقع الالكتروني التالي، https://www.bbc.com/arabic/business-55806052 في ٢٠٢١/٧/٢٩.

[2] درەو میدیا، بۆچی نرخی نەوتی تاکساس بۆ خوار سفر دابەزی، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5742 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٨.

[3] العراق يخفض سعر صرف الدينار، على موقع الالكتروني التالي، arabic.rt.com/business/1184831 في ٢٠٢١/٧/٢٩.

[4] وەزارەتی دارایی، ڕێنماییەکان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە gov.krd/mofe/publications/رێنماییەکان/ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٤.

بەردەوامی قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە، بوو بەهۆی دواکەوتنی دابەشکردنی موچەی موچە خۆرانی هەرێم، بۆ ئەم مەبەستەش حکومەتی هەرێم کابینەی هەشت سیستەمی پاشەکەوتی موچەیان پێڕەوکرد، کە لە هەرساڵێکدا موچەی چەند مانگێکی کرد بەپاشەکەوت و نەیدا، کابینەی نۆیەمیش لە ساڵی (٢٠١٩)دا بڕیاریدا چەند پارە لەبەر دەست بێت ئەوەندە موچە بەلێبڕینەوە دابەشبکات بەناوی خۆگونجاندنەوە، سەرەڕای پاشەکەوتکردنی موچەی (٥) مانگ لە ساڵی (٢٠٢٠)دا. بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە هەموو سێکتەرەکان ڕووبەڕووی جۆرێك لە وەستانی تاڕادەی ئیفلیج بوون بونەتەوە، سێکتەری پەروەردە و تەندروستی و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە [1].

یەکێکی تر لە ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری کاریگەرییەتی لە سەر سیستەمی کۆمەلأیەتی، وەکو زۆربونی تەلأق و کەمبونی هاوسەرگیری و زیادبونی کێشە کۆمەلأیەتییەکان، بەهۆی کاریگەری قەیرانی ئابوری ڕێژەی جیابوونەوە ڕوی لە زیادبوون کردووە،  گەرچی ئەم کێشەیە فرە هۆکارە، بەلأم قەیرانی دارایی هۆکارێکی سەرەکییە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی جیابونەوەی هاوسەران و هەلۆەشانەوەی خێزان و، دابەزینی ژمارە و ڕێژەی هاوسەرگیری بەپشت بەستن بەئامارەکانی دادگاکانی هەرێم [2].

لە پێناوی زانینی ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری لەسەر دەزگایەکی گرنگی کۆمەلأیەتی وەك خێزان لە کۆمەلگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان کێشەی توێژینەوەکەمان لە ڕێگای ئەم پرسیارانەوە دەخەینەڕوو:

أ- قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر خێزانی کوردی و سروشتی ئەو ڕەنگدانەوەیە چۆنە؟

ب - ئایا هۆکارەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری چییە لە ڕوانگەی نموونەی توێژینەوەوە ؟

ج - ئایا پلانی خێزانی کوردی چییە بۆ ڕووبەڕوو بونەوەی قەیرانی ئابوری ؟

د - ئایا توانای خێزان چۆنە بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ قەیرانی ئابوری ؟

## دووەم - گرنگی توێژینەوەکە Research importance

أ - لە ڕوی تیۆرییەوە:

ئابوری و خێزان کە گۆڕاوەکانی توێژینەوەکەمانن بریتین لە دوو دامەزراوەی هەرە گرنگی کۆمەلگە و ڕۆڵ و پێگەی دیاری خۆیان هەیە، ئابوری وەك پایەیەکی گرنگی بونیاد و خێزانیش وەك گرنگترین سیستەمی

---

[1] فازل حمە ڕەفعەت و محمد ڕەوف، نەوت ڕەحمەت یان لەعنەت، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5978، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٢٩.

[2] کاروان علی شامارو نیاز احمد فتاح، ڕۆڵی قەیرانی دارایی لە جیابوونەوەی هاوسەراندا، توێژینەوەی مەیدانی لە شاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ١ مانگی ٢٠١٨/٥، ل ٥٣ .

کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە دەرخەری ڕادەی گرنگی توێژینەوەکەن و لاوازی لە هەر یەك لەم دوو دامەزراوەیە کۆمەڵگە بەرەو قەیران و گرفت و لێك هەڵوەشانەوە دەبات، تێگەیشتن لەدۆخی خێزان لەسەردەمی قەیرانی ئابوریدا بۆ توێژەرانی زانستی ئابوری و توێژەرانی هەردوو لقی کۆمەڵناسی ئابوری و کۆمەڵناسی خێزان گرنگە، بەوپێ یەی هەر گۆڕاوێك چ ئابوری بێت یان خێزان جێگەی گرنگی پێدانی هەردوو زانستەکەیە، ئابورییەکی باش جێگیری کایەکانی تری کۆمەڵایەتی و لە ناویشیاندا خێزانی بەدوادا دێت، بەپێچەوانەشەوە کاتێك سیستەمی ئابوری ڕووبەڕووی قەیران دەبێتەوە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر هەموو دامەزراوەکانی تر دەبێت، لە لایەکی تریشەوە بەهۆی گرفتە ئابورییەکانەوە هەڕەشە لەسەر بونیاد و پێکهاتەی خێزان دروست دەبێت، بەو پێیەی کێشە ئابورییەکان بونەتە بەشێك لە ژیانی نەتەوە و میللەتان، لە هەمانکاتدا ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگە بەخێزان و تاکەوە دەبێت، ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات هۆکارەکانی قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەکانی لە بوارە جیاکانداو لەسەر بونیاد و ئەرك و کێشەکانی خێزان شیبکاتەوە و زانیاری و ئامارەکان لەمبارەوە بخاتەڕوو.

ب - لە ڕوی پڕاکتیکیشەوە:

ئەم توێژینەوەیە ئاشنامان دەکات بەو زانیاریانەی کە لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوەوە بەدەستی دێنێت و پێکەوە لەگەڵ لایەنی تیۆری وێنەیەکی تاڕادەیەك ڕوونمان دەداتێ سەبارەت بەڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری لەسەر خێزان لە بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی پاشان کۆمەڵێ ئەنجام و ڕاسپاردە دەخاتە ڕوو بۆ بەردەم لایەنە پەیوەندی دارەکان و دەسەڵاتداران لەدام و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و، ناوەندە زانستییەکان بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی هاوشێوە لەسەر باردۆخی قەیرانی ئابوری و کاریگەریەکانی لەسەر سێکتەرەکان و لەسەر دەزگای خێزان لەهەرێمی کوردستان.

## سێیەم: ئامانجەکانی توێژینەوەکە Research aims

ئامانجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە بریتی یە لە (دەرخستنی ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری لەسەر خێزان لە شاری سلێمانی).

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە سەرەکییە هەندێ ئامانجی وردتر دەست نیشان دەکەین وەك:

أ- دەرخستنی ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری و سروشتی ئەو ڕەنگدانەوانە.

ب - دەست نیشانکردنی هۆکارەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لە ڕوانگەی نموونەی توێژینەوەوە.

ج - دەرخستنی پلانی خێزانی کوردی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانی ئابوری.

د - دەرخستنی توانای خۆگونجاندنی خێزان لەگەڵ قەیرانی ئابوری.

## باسی دووەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە

چەمکەکان ئاماژەن بۆ ئەو بیرو بۆچوون و هزرو دەربڕینە جەسپاوانەی کەلە ئەنجامی توێژینەوەی زانستی یەوە بەرهەمهاتوون و وێنەیەك لای خوێنەر دروست دەکات سەبارەت بەشێواز و هۆو واتای بەکارهێنانی لە توێژینەوەدا، بەو پێ یەی چەمکی زانستی گوزارشتە لە مانایەکی کورت و پوخت بەهۆی دیاریکراوی ماناکەیەوە لە توێژینەوە زانستییەکاندا پشتی پێدەبەسترێت و بەکاردەهێنێرت. لەلایەکی تریشەوە لە توێژینەوە کۆمەلأیەتی و مرۆڤایەتیەکاندا زیاتر جەختی لەسەر دەکرێتەوە لەبەر دوو هۆکار، یەکەم پێویستییەکی ئەکادیمی و زانستییە و، دووەمیش توێژینەوە کۆمەلأیەتییەکان ڕاجیایی و ئالۆزی و تێکەلأوی زۆریان تێدایە، بۆیە گرنگە دیاری بکرێن، توێژینەوەکەی ئێمەش بەدەرنییە لە ناساندن و دیاریکردنی چەمکە سەرەکییەکانی، کە بریتین لە (قەیران، قەیرانی دارایی، قەیرانی ئابوری، ڕەنگدانەوە، خێزان).

### یەکەم: قەیران (الأزمة)(Crisis)

لە زمانی عەرەبیدا چەمکی (الأزمة) و لە زمانی ئینگلیزیدا چەمکی ( Crisis) بەکارهاتووە، بەلأم لە زمانی کوردیدا چەمك و وشەکانی (قەیران و ئاریشە و تەنگژە)مان هەیە، لەبەر فراوانی بەکارهێنانی چەمکی قەیران لەناو ڕاگەیاندن و خەلکدا چەمکی (قەیران)نمان هەلبژارد بۆ ناونیشانی توێژینەوەکەو بۆ ناوەڕۆکیش.

أ - لە ڕوی زمانەوانییەوە:

- پێناسەی محمد (٢٠٠٥): قەیران (Crisis) لە وشەی یۆنانی (Kriner) یا (Krisis)ەوە هاتووە، کە بەمانای ساتی بڕیاردان دێت (moment of decision)، لای یۆنانییە کۆنەکان قەیران ئەو ساتە بووە کە پێویستی بەبڕیاردان بووە و خالّی وەرچەرخانیش بووە بۆ گۆڕانی ڕیشەیی و بڕیاردان لە داهاتوو [1].

- پێناسەی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (2005): خالّی گۆڕانکاری و، کاتێکی سەخت و، ئالۆز کە بڕیاری گرنگی تیادا دەدرێت، هەروەها بەواتای قۆناغێکی مەترسیداریش دێت لە کێشەیەك یا نەخۆشیەك [2].

- پێناسەی فەرهەنگی (المعجم الوسیط)(٢٠٢٠): واتای نارەحەتی و قات و قڕی و برسێتی دەگەیەنێت [3].

- پێناسەی فەرهەنگی (Merriam Webster)(٢٠٢٠): بەواتای خالّی وەرچەرخان و ساتێکی بەئازارو، کاتێکی ناخۆش و ناجێگیرو، بارودۆخێکی ڕەخنە لێگیراو هاتووە، وەکو قەیرانی (ژینگەیی و، بێکاری و، ئابوری و،

---

(1) عامر محمد، استراتجیات ادارة الازمات الحکومات، دار العلوم للنشر والتوزیع، القاهرة، ٢٠٠٦، ص ٣١.

(2) OXFORD Advanced learners Dictionary ,7th edition ,2005, p 364.

(3) www.almaany.com,available in 29/11/2020.

**وزه) هاوواتاكانیشی هێناوه وەكو (خاڵی كولاَن و، خاڵی شكان و، ساتی كتوپڕو، كاتژمێری سفر) [1].**

**ب - له ڕوی چەمكەوه:**

**- پێناسەی كوارانتالی و داینس (١٩٧٧): بارودۆخێكه كه زۆربەی ئەندامانی سیستەمه كۆمەڵایەتییەكه شكست دێنن لەو چاوەڕوانییەی هەیانه له سیستەم بۆچاككردنی بارودۆخی ژیانیان [2].**

**- پێناسەی سیگرو سیلناو (١٩٩٨): قەیران ڕوداوێكی ناڕۆتینی دیاریكراو و پێشبینی نەكراوه و، زنجیرەیەك ڕوداوه تائاستێكی بەرز نادڵنیایی و مەترسی دروست دەكات، یان وەك مەترسیەك هەستی پێدەكرێت لەسەر ئامانجه سەرەكییەكانی ژیانی ئادەمیزاد، بەتایبەتی لەسەر ئاسایشی كۆمەڵایەتی و سامانی مرۆڤ [3].**

**- پێناسەی شومان منذر (٢٠١١): قەیران مەترسی و، هەرەشه و ململانێ و ناسەقامگیری (Instability)و، تەنانەت چانس یا هەلیش (Opportunities) ه، بۆیه قەیران حاڵەتێكی نابەرقەرارییه كه پێشبینی گۆڕانی گەورەو گشتگیرو یەكلا كەرەوەی لێدەكرێت، كه ڕەنگه ئەنجامی حەزپێنەكراوی لێ بكەوێتەوەو لەوانەشه ئاكامی زۆر دڵخۆشكەریشی لێوه دروست ببێت [4].**

**لەم پێناسانەوه دەگەینه ئەوەی: قەیران بارودۆخێكی كتوپڕو لەناكاوه ڕووبەڕوی تاك و خێزان و گروپ و كۆمەڵگەكان دەبێتەوه و، دەبێته هەڕەشه و مەترسی بۆسەر ژیانی ئەندامانی و، بۆسەر سیستەمی كۆمەڵایەتی بەگشتی، بۆ كەمكردنەوەی كاریگەرییه نەرێنیەكانی پێویسته بڕیاری گرنگ و یەكلاكەرەوه بدرێت، قەیرانەكانیش جۆراو جۆرن گرنگترینیان قەیرانی سیاسی و ئابوریی و كۆمەڵایەتییه.**

---

[1] Merriam Webster.com, available in 30/11/2020.

[2] E L Quarantelli, R R Dynes. Respond To Social Crisis and Diaster. Annual Review Sociology,https: www.annualreviews.org/doi/10.1146/annurev.so.03.080177.000323, available in 30/11/2020.

[3] **ئارام رسول حسین، كاریگەری قەیران لەسەر رەوشی كۆمەڵایەتی و كولتووری له هەرێمی كوردستان دا، نامەی ماستەر، زانكۆی صلاح الدین، هەولێر، ٢٠١٩، ل ٨.**

[4] **أیمان محمود عبداللطیف، الازمات المالیة العالمیة الأسباب والآثار والمعالجات، اطروحة دكتوراه، جامعة سانت كلیمنتس العالمیة، العراق، ص٩.**

## دووەم: قەیرانی دارایی (الأزمة المالية )( Financial Crisis)

بەم شێوازانەی لای خوارەوە پێناسە کراوە:

أ - پێناسەی الفراجي (٢٠٠٨): بریتییە لەو ناتەواویە بنەڕەتیانەی لە بازاڕی داراییدا هەیە و دەبێتە هۆی شکستی زۆرێك لە دامەزراوە دارایی و نادارایيەکان، ئەمانەش دەبنە هۆی کەمبوونەوەی ئاسانکارییە بانکییەکان بۆ وەبەرهێنان و دواتر بەرهەمهێنان بەگشتی [1].

ب - پێناسەی کورتل و رزیق (٢٠٠٩): هەڵکشان و داکشانی قوڵی بازاری داراییە، کاریگەری کاتی و تایبەت و گشتی هەیە لەسەر کۆی گۆڕاوە داراییەکان و لەسەر قەبارەی هەناردەو نرخی پشك و قەواڵەکان و، لەسەر کۆی قەرزو ئاڵوگۆرە بانکیەکان، بەداڕوخانی گشتی دامەزراوەی دارایی و بانکی دادەنرێت [2].

ج- پێناسەی بلعباس (٢٠٠٩): قەیرانی دارایی لە ئەنجامی کەمی پارە و نەمانی سیستەمی ئاسانکاری بانکی بەمەبەستی وەبەرهێنان دروست دەبێت لەبەر چەندین هۆکاری جۆراو جۆر، سەرەتاتەنها پەیوەستە بەشڵەژان و سست بوونی بازاڕە داراییەکان، بەلاَم بەردەوامی و فراوانیەکەی دەبێتە هۆی زیانگەیاندن بەئابوری ڕاستەقینە، لە ڕێی کەمبونەوەی ئاسانکاری بانکی و دابەزینی وەبەرهێنان تادەگاتە قەیرانی ئابوری و لە کۆتایشدا سست بوون و سڕبوونی ئابوری هەرێمێ یان ولاَتێ یان کۆی ولاَتانی بەدوادادێت [3].

پێناسەی ڕێکاری: قەیرانی دارایی سەرەتا بەکەمبونەوەی پارەو داهاتی نیشتمانی دەست پێدەکات بەهۆی هۆکارە ناخۆیی و دەرەکییەکان و، پاشان ئەم کەمبونەوەیە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر دابینکردنی دراو بۆ دامەزراوە بانکی و بازرگانیەکان و، لەوێشەوە بۆ موچە و خزمەتگوزارییە گشتییەکان، دواتر ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر ئاڵوگۆڕی بازرگانی و جوڵەی بازاڕو، دواتریش بۆ دابینکردنی کەل و پەلی خاو بۆ کارگەکان و، لەوێشەوە ڕاستەوخۆ کاردەکاتە سەر بەرهەمهێنان و وەستان و داخستنی کارگەکان، لەبەرئەنجامی ئەمانەش بێکاری و هەڵئاوسانی نرخەکان دروست دەبێت و، بەردەوامیەکەشی قەیرانی ئابوری ڕاستەقینە دروستدەکات.

## سێیەم: قەیرانی ئابوری (الأزمة الأقتصادية) (Economic Crisis)

بەهۆی کاریگەرییەکانی قەیرانی داراییەوە جۆرێکی فراوانتر لە قەیران دروست دەبێت ئەویش قەیرانی ئابورییە

---

(1) مصطفى فاضل محمد الفراجي، الازمة المالية العالمية لعام ٢٠٠٨ وانعكاساتها على اقتصاديات اقطار مجلس التعاون الخليجي، رسالة ماجستير، جامعة الانبار، كلية الادارة والاقتصاد، ٢٠١١، ص ٤٦.

(2) فريد كورتل و كمال رزيق، الازمة المالية مفهومها اسبابها وانعكاساتها على البلدان العربية، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة، العدد ٢٠ - أ، ٢٠٠٩.

(3) عبدالرزاق سعيد بلعباس، ما معنى الازمة، الازمة المالية العالمية اسباب و حلول من منظور اسلامي، مركز ابحاث الاقتصاد الأسلامي، جامعة الملك عبدالعزيز، المملكة العربية السعودية، جدة، ٢٠٠٩، ص١٩.

که پێناسه دەکرێت بە:

أ - پێناسەی بلعباس (٢٠٠٩): قۆناغی هێواش بوونەوەی چالاکییە ئابورییەکانە، دوای قۆناغی فراوانی ئابوری دێت و خۆی دەبینێتەوە لە دابەزینی ڕێژەی بەرهەمهێنان و گەشەسەندن و، زۆر بوونی ڕێژەی بێکاری [1].

ب - پێناسەی عبابنة (٢٠١١): بریتییە لە تێکچونی هاوسەنگی کە بەشێوەیەکی کتوپرو لەناکاو لە یەکێك یان لە کۆی چالاکییە ئابورییەکانی ولأتێك یان چەند ولأتێکدا دروست دەبێت، لە ئەنجامی نەبوونی هاوسەنگی لە نێوان داخوازی و خستنەڕووەوە سەرچاوە دەگرێت [2].

ج - پێناسەی السامرائی (٢٠١٨): لای پسپۆرانی دارایی و بانکی، قەیرانی ئابوری لە ئەنجامی بەرزی نرخی سوود بەشێوەیەکی پیشبینەکراو دروست دەبێت و، زیانی زۆر دەگەیەنێت بەکەرتی بانکی لەناو ولأتدا و، دەبێتە هۆی ناتەواوی و تێکچوون لە سیستەمی ئابوری گشتی. بەلأم لای پسپۆرانی ئابوری، قەیرانی ئابوری بریتییە لە ناتەواوی لەهۆکارەکانی بەرهەمهێنان لە ئابورییەکی ڕاستەقینەدا، کەچیتر ناتوانێ پابەندبێت بەدابینکردنی داخوازییەکانی بازاڕ تاهاوسەنگی نێوان داخوازی و خستنەڕوو بپارێزێت و، قورستر دەبێت کاتێك ناتەواوی لە دابینکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و ئاوییەکانیشدا دروست دەبێت، ئەوکاتە دەبێتە هۆی بلأوبونەوەی برسیەتی و قات و قڕی [3].

پێناسەی ڕێکاری: بریتییە لەو قەیرانە ئابورییەی لەساڵی (٢٠١٤)ەوە لە هەرێمی کوردستاندا دروست بووە بەهۆی فرۆشتنی نەوتی هەرێم بە بۆری و بڕینی١٧٪ی بودجەی هەرێم لەلایەن حکومەتی عێراق و ، ڕودانی شەڕی دژ بەداعش و، هاتنی ئاوارەیەکی زۆرو، دابەزینی نرخی نەوت و، ناشەفافی لە داهات و خەرجییەکان و گەندەڵی و زیادکردنی باج و ڕسومات و گومرگەوە، کەتا ئێستاش بەردەوامەو درێژەی هەیە و، چەندین کاریگەری و ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر خێزانی کوردی لە هەرێمی کوردستان جێهێشتووە.

## چوارەم: ڕەنگدانەوە (الانعکاسیة)( Reflection)

لە زمانەوانیدا بەم شێوازانە پێناسە کراوە: أ - لە فەرهەنگی لۆنگمان (٢٠٢٠)دا: بریتییە لەو وێنەیەی کە تۆ لە ئاوێنەو شوشەو ئاودا دەیبینیت و بەواتای ئەوە دێت، کە شتێ شتێکی تر پیشان دەدات و ئاماژەشە بۆ

(1) عبدالرزاق سعید بلعباس، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢.

(2) عمر یوسف عبدالله عبابنة، الازمة المالیة المعاصرة تقدیر اقتصادي اسلامي، أربد للنشر والتوزیع، عمان ، ٢٠١١ ، ص ١٧- ١٨.

(3) د.نزهان محمد السامرائي، قراءة في الازمة، المفهوم العام والاسباب والاثر على النشاطات والمتغیرات الاقتصادیة الکلیة وسبل المعالجة، کتب الکتروني، جامعة السامراء، العراق، ٢٠١٨، ص ٣٥.

بارودۆخێكی دیاریكراو و تایبەت [1].

ب - لە فەرهەنگی ئۆكسفۆرد (٢٠٢٠)دا: پرۆسەی گەڕاندنەوەی ڕوناكی و گەرمی و دەنگە لە ڕوویەكەوە [2].

لەڕوی زاراوەوە: لە تیۆری كۆمەڵایەتی و بە تایبەت لە كۆمەڵناسی مەعریفەدا ڕەنگدانەوە ئاماژەیە بۆ پەیوەندی بازنەیی لە نێوان هۆكارو ئەنجام، بە شێوەیەك هەریەكەیان كاریگەری لەسەر ئەویتر دەبێت [3].

پێناسەی ڕێكاری: بریتییە لە هەموو ئەو ئاكام و دەرەنجام و لێكەوتە و كاریگەرییانەی قەیرانی ئابوری بەجێی هێشتووە لەسەر خێزانی كوردی لە هەرێمی كوردستانی عێراق لەساڵی (٢٠١٤)ەوە تائێستاو، لێكەوتەكانی ڕەنگیداوەتەوە لەسەر بونیادو ئەرك و ڕۆڵ و پێگەی خێزان لەناو سیستەمی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگەی كوردی.

## پێنجەم: خێزان (الأسرة)(Family)

خێزان لە مانای گشتی خۆیدا چەمكێكی جیهانییە و لە هەموو شوێنێكدا بوونی هەیە، بەو پێیەی وەڵامدەرەوەی كۆمەڵێك پێداویستی بایلۆجی و دەرونی و كۆمەڵایەتی گرنگە بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی. تاكەكانی مرۆڤ لە خێزانەوە ژیان دەست پێدەكەن و، لەوكاتەی خێزان لە دوو كەس (دایك و باوك) پێك دێت و، دواتر منداڵیش دێتە ناوەوە. لە ماڵێكی ئاساییدا دایك و باوك و خوشك و برا هەیە و، تۆڕێك لە پەیوەندی كۆمەڵایەتی بەرقەرارە و، كۆمەڵناسان بەدامەزراوەی كۆمەڵایەتی ناوزەندی دەكەن. لەگەڵ ئەوەی بونیادو ئەركەكانی خێزان لەوانەیە لەكۆمەڵگەیەكەوە بۆ یەكێكی تر بگۆڕێن. بەڵام ئەو خاڵەی كە هێشتاواقعییە ئەوەیە كە كۆمەڵگە لە خێزانەكان پێكهاتووەو زۆربەی تاكەكانی كۆمەڵگە لە خێزانەوە ژیان دەست پێدەكەن [4].

لە زمانی عەرەبیدا دوو چەمكی (الأسرة) و (العائلة) هەیە بەرامبەر بەخێزان، (سناء الخولي) دەڵێت: (الأسرة) ئاماژەیە بۆ گروپێك كە پێكهاتووە لە باوك و دایك و منداڵەكانیان ئەوانەی لەگەڵیان دەژین لە ماڵێكداو هاوسەرگیریان نەكردووە، بەڵام چەمكی (العائلة) ئاماژەیە بۆ خێزانی فراوان (الأسرة الممتدة) كە پێكهاتووە لە ژن و پیاو و منداڵەكانیان ئەوانەی هاوسەرگیریان نەكردووە و ئەوانەشی كردویانە لەگەڵ خێزان و منداڵەكانیان، هەندێ جار درێژ دەبێتەوە بۆ مام و پورو هیتر، كە هاوبەشن لەهەمان ماڵداو هاوبەشی ژیانی ئابوری و

---

[1] Longman dictionary,https: www.ldoceonline.com ,available in 21/11/2020.

[2] Oxford learner’s dictionaries, https: www.oxfordlearnersdictionaries.com , available in 22/11/2020.

[3] انعكاسية، النظرية الاجتماعية، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، على الموقع الالكتروني التالي ar.wikipedia.org/wiki/انعكاسية_(النظرية_الاجتماعية) في ٢٠٢٢/٧/٢.

[4] مەنوچێهر موحسنی، دەروازەكانی كۆمەڵناسی، وەرگێرانی ڕێبوارسیوەیلی و ئەوانی تر، دەزگای ئاراس، چاپی سێهەم، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ٣٨١.

کۆمەڵایەتین لە ژێر سەرپەرشتیاری باوکی گەورە یان سەرۆك خێزاندا [1].

القصیرو عبدالمنعم (١٩٨٥): ئاماژە بەسێ ڕوانگەی جیاواز دەکەن بۆ ناساندنی خێزان ئەوانیش:-

أ - ڕوانگەی زایەندی: پێی وایە خێزان پەیوەندییەکی زایەندییە لە نێوان ژن و پیاو، کە ئەرکی وەچەخستنەوەو چاودێری کردنی منداڵی لە ئەستۆیە.

ب - ڕوانگەی ڕەفتاری: دەیبەستنەوە بەشێوەکانی ڕەفتارەوە کەخێزانی لەسەر دروست بووە، هەر لە دیاریکردنی هاوسەرو پرۆسەی هاوسەرگیری و پەیوەندی نێوان هاوسەران و پێگەی ئافرەت تادەگاتە لێکجیابونەوە و هەڵوەشانەوەی خێزان.

ج - ڕوانگەی کۆمەڵایەتی: پێی وایە خێزان یەکەیەکی کۆمەڵایەتی ڕێکخراوە و مەحکومە بەداب و نەریت و یاسا، جیادەکرێتەوە بەپەیوەندی تایبەتی نێوان ژن و پیاو، باوان و منداڵەکان پەیوەندی خوێنی و بایلۆجی نێوان دایك و باوك و منداڵەکان و، پشت ئەستورە بەگرێبەستی هاوسەری نێوان ژن و پیاو[2].

- پێناسەی دۆك (١٩٨٦): خێزان گروپێکی کۆمەڵایەتییە جیادەکرێتەوە بەبوونی شوێنی نیشتەجێبوون و ئابوری هاوبەش و زۆربوون و پەیوەندی زایەندی نێوان ژن و پیاو کەلەلایەن کۆمەڵگەوە قبوڵکراوە [3].

- پێناسەی الحسن (١٩٩٩): خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتییە لە ئەندامانی خێزان پێك دێت، جیادەکرێتەوە بەبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و خوێنی و گیانی، جیایی دەکاتەوە لە خێزانی ئاژەڵی کە بێبەشە لە بەها ڕۆحی و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتیەکان و تەنها ملکەچی ئارەزووە ماددی و بایلۆژییەکانیەتی [4].

پێناسەی عمر (٢٠٠٧): خێزان بەبچووکترین یەکەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، کە تاك تیایدا لەدایك دەبێت و، گەشە دەکات و لەناویدا پێدەگات، بەهۆی خێزانەوە بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی خێزان فێردەبێت و، لە تاکێکی بایلۆژیەوە دەگۆڕێت بۆ تاکێکی کۆمەڵایەتی خاوەن سیما و کەسایەتی تایبەت بەخۆی و کۆمەڵگەکەی [5].

پێناسەی ڕێکاری خێزان: خێزان بچوکترین و گرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەو سروشتێکی جیهانی هەیە و، دامەزراوەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوە کە سەرەڕای هەموو بەربەستەکان، هێشتا بەتۆکمەیی ماوەتەوەو پارێزگاری لە بونی خۆی کردوەو، هەڵدەستێ بەچەندین ئەرکی کۆمەڵایەتی و بایلۆجی و ئابوری و کلتوری گرنگ بۆ ئەندامانی کە هەریەکەیان ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی دیاریکراوی خۆی هەیە، لە هاوسەرو منداڵ یان بێ منداڵ و هەندێ جاریش لە خزم وەك باپیران و پورو مام پێکدێت و هاوبەشن لە شوێنی نیشتەجێ

---

(1) سناء الخولي، الاسرة والحياة العائلية، دار النهضة العربية، طبعة ٢، بيروت، ١٩٨٤، ص ٤٠.

(2) مليحة عوني القصيرو صبيح عبدالمنعم احمد، علم اجتماع العائلة، جامعة بغداد، ١٩٨٥، ص ٦-٧.

(3) دينكين ميتشل، معجم علم الاجتماع، ترجمة احسان محمد الحسن، دار الطليعة، ط٦، بيروت، ١٩٨٦، ص ٧٣.

(4) احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، دار العربية للموسوعات، بيروت، ١٩٩٩، ص ٣٩٧.

(5) معن خليل، کۆمەڵناسی خێزان، و. ئارام ئەمین جلال، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧، ل ٥.

بوون و باری ئابوریدا. بەهۆی گرێبەستی هاوسەرگیریی نێوان دوو هاوسەر پێکدێت و بەهۆی وەچەخستنەوەوە فراوان و بەردەوام دەبێت، پەیوەستە بەسەرجەم دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەو کارتێکراو و کارتێکەرەو پەیوەندیەکی تەواوکارو ئاڵوگۆرکراو لە نێوانیادا هەیە. خێزان بونیادو پەیوەندی ناوخۆیی و دەرەکی هەیە بەدامەزراوەکانی تری کۆمەڵگەوەو، کێشەی جۆراوجۆری خۆی هەیە بەتایبەت لەسەردەمی قەیرانی ئابوریدا.

# باسی سێیەم: تویژینەوەکانی پێشوو

## یەکەم - تـوێژینەوە کوردییەکان

**١ - توێژینەوەی (ئارام رسول حسین)، ٢٠١٩، بەناوی (کاریگەری قەیران لەسەر ڕەوشی کۆمەلأیەتی و کولتوری لە هەرێمی کوردستان)**

توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە هەرێمی کوردستان و ئامانجی توێژینەوەکەی دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان قەیران و گرفتەکانی کۆمەڵگەو دەرخستنی ڕادەی کاریگەری دیاردەی قەیران لەسەر ڕەوشی کۆمەلأیەتی و کولتوری کۆمەڵگە.

توێژینەوەکە لەجۆری چۆنێتییەو توێژەر ئامرازی چاوپێکەوتنی بەکارهێناوە بۆ کۆکردنەوەی زانیاری، نموونەی توێژینەوەکەی لە (٣٠) کەسی شارەزا لە ڕەوشی کۆمەلأیەتی و کولتوری هەرێمی کوردستان پێکهاتووە لەسەر بنەمای نموونەی مەبەستدار هەڵی بژاردون، لە کۆتاییدا توێژەر بەم ئەنجامانە گەیشتووە:

١- لە کۆمەڵگەی کوردیدا چەندین قەیرانی جۆراوجۆر هەن و، قەیرانەکان زیاتر سیاسین بەهۆی خراپی مۆدێلی حوکمڕانی و گەندەڵی سیاسییەوە دروست بوون و کاریگەری نەرێنییان لەسەر ڕەوشی کۆمەلأیەتی و ئابوری و سیاسی کۆمەڵگەی کوردی دروستکردووە.

٢- قەیرانی سیاسی و ئابوری ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر زیادکردنی کێشە کۆمەلأیەتییەکان هەبووە، وەك بێکاری، دزی، تەلأق، قەیرەیی، هەژاریی. بێگومان ئەم کێشەو گرفتانە کاردەکەنە سەر کارلێك و پەیوەندییە کۆمەلأیەتییەکان و، هاووڵاتیان ڕووبەڕووی چەندین کێشە و ململانێی توند دەبنەوە، بەجۆرێك هاوسەنگی ژیانی کۆمەلأیەتیان تێکدەچێت.

٣- کاریگەرییەکانی قەیران لە کۆمەڵگەی کوردیدا لەسەر چین و توێژ و ڕەگەزەکان وەکو یەك نییە، بۆیە لە دۆخە قەیراناوییەکاندا چینە کەم دەرامەت و هەژارو مامناوەندەکان زیاتر زەرەرمەندن.

٤- قەیرانەکان کاریگەری نەرێنیان لەسەر کەرتی پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزارییە گشتییەکان دروست کردووە، ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە سایەی قەیرانەکاندا لە دۆخێکی ناسەقامگیرو مەترسیدایە، چونکە قەیرانەکان کاریگەری نەرێنیان لەسەر ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان دروستکردووە و ژینگەیەکی نائارامی بەرهەمهێناوە.

٥- بەها کۆمەڵایەتییەکان لە ژێر هەرەشە و مەترسی دۆخە نەخوازراوەکانی قەیراندایە بەجۆرێك بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان گۆڕانکاری نەرێنیان بەسەردا هاتووە و بەرەو کاڵبونەوە و پوکانەوە دەچن، ئەمەش کاریگەری و ڕۆڵیان هەبووە لە دەرکەوتنی ململانێی توندو گرژی لەنێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

٦- باری ئابوری لە ڕەوشی قەیراناویدا گۆڕانکاری زۆری بەسەردا هاتووە، لە بارودۆخێکی زۆر خراپ و ناسەقامگیردایە، ئەم دۆخە خراپەش کاریگەری نەرێنی لەسەر دام و دەزگا ئابوری و داراییەکان دروستکردووە، سەرەڕای ئەوەش دۆخی ئابوری ڕووبەڕوی چەندین کێشە و گرفت بۆتەوە، وەك هەڵئاوسان، نزم بوونەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و زیادبوونی نرخەکان، کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان، هەروەها کۆمەڵێك لێکەوتەی خراپی وەك بێکاری و هەژاری و زیادبونی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی لێکەوتۆتەوە [1].

٢ - **توێژینەوەی (کارزان حسن عبدالرحمن)، ٢٠١٩، بەناوی (کاریگەری قەیرانی ئابوری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی)**، توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەلای فەرمانبەرانی شاری هەولێر لە ماوەی (٢٠١٤-٢٠١٧)، وەك بەشێك لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرای فەلسەفە لە کۆمەڵناسیدا لە زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر ئەنجامدراوە.

توێژەر پشتی بەستوە بەهەردوو جۆری توێژینەوەی چەندایەتی و چۆنایەتی، واتە پشتی بەمیتۆدی تێکەڵاو بەستووە، قەبارەی نموونەکەشی پێکهاتووە لە (٣٨٤) فەرمانبەری حکومی لە شاری هەولێر، جۆری نموونەکەش هەڕەمەکی چینایەتییە، لە توێژینەوەکەدا ئامڕازی ئاماری و کۆکردنەوەی داتاکان بەکارهاتووە. توێژەر جەخت دەکاتەوە لەسەر کاریگەری نەرێنی قەیرانی ئابوری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، ئامانجی توێژینەوەکەی بریتی بووە لە دەست نیشانکردنی گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستانداو، زانینی گرنگترین کۆڵەکەکانی بەهێزی ئاسایشی کۆمەڵایەتی‌و، زانین و دەست نیشانکردنی کاریگەرییە نەرێنییەکانی قەیرانی ئابوری لەسەر بوارەکانی بەهێزکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی و زانینی گرنگترین هەڕەشەکانی قەیرانی ئابوری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی و، دیاریکردنی جیاوازی ئاماری لە نێوان قەیرانی ئابوری و بوارەکانی بەهێزکردنی ئاسایشی کۆمەڵایەتی بەپێی گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، تەمەن، شوێنی کار، باری کۆمەڵایەتی، ئاستی خوێندن، داهاتی مانگانە (پێش قەیران و کاتی قەیران)، جۆری نیشتەجێبوون).

---

[1] ئارام رسول حسین، کاریگەری قەیران لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و کولتوری لە هەرێمی کوردستاندا، سەرچاوەی پێشوو.

**گرنگترین ئەنجامی توێژینەوەکە بریتی بوون لە:**

**١- ئاسایشی کۆمەڵایەتی دۆخێکی کۆمەڵایەتییە، تیایدا هاووڵاتیان هەست بەپارێزراوی و تێرکردنی پێداویستییەکانیان دەکەن، لە ڕوی (کۆمەڵایەتی، دەرونی، ئابوری، تەندروستی، پەروەردەیی، سیاسی و ژینگەیی) ییەوە. دۆخێکە دوورە لەهەر مەترسییەك، کە سەلامەتی گیانی و مادی هاووڵاتیان بخاتە ژێر هەرەشەوە.**

**٢- گرنگترین هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری لە کوردستاندا بریتین لە (گەندەڵی دارایی، پشت بەستن تەنها بەنەوت، بڕینی بودجەی ١٧٪ی هەرێم لە بەغدادەوە، شەڕی دژ بەداعش، هاتنی ڕێژەیەکی زۆری ئاوارە بۆ هەرێم و، دابەزینی نرخی نەوت).**

**٣- ئاسایشی کۆمەڵایەتی کەوتۆتە ژێر هەڕەشە و مەترسییەوە لە بوارەکانی (کۆمەڵایەتی، دەرونی، ئابوری، پەروەردە، تەندروستی و ژینگە و سیاسی).**

**٤- لە بواری کۆمەڵایەتیدا، قەیرانی ئابوری بۆتە هۆکارێك بۆ زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: (تاوانەکان، لێکجیابوونەوە، توندوتیژی خێزانی)، کاریگەری هەبووە لەسەر لاوازبونی بەهاو پێوەرە کۆمەڵایەتییەکان.**

**٥- لە بواری دەرونییدا بۆتە هۆی زیادبونی ڕێژەی نەخۆشییە دەرونییەکانی وەکو (خەمۆکی، دڵەڕاوکێ، تێکچوونی مەزاج و ناڕەحەتی دەرونی).**

**٦- لە بواری ئابوریدا، بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و وەستانی زۆرێك لە پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان.**

**٧- لە بواری پەروەردەدا بۆتە هۆی وازهێنانی قوتابی و مامۆستاو لاوازکردنی پرۆسەی پەروەردە. لە بواری تەندروستیشدا بۆتە هۆی کەمبوونی دەرمان و خزمەتگوزاری پزیشکی لە نەخۆشخانە حکومییەکان و وازهێنانی کارمەند و پزیشك، لەلایەکی ترەوە ڕێژەی نەخۆشییەکانی وەکو جەڵتە و فشاری خوێن و شەکرەی زیادکردووە.**

**٨- قەیرانی ئابوری کێشە ژینگەییەکانی زیاتر کردووە و، قەیرانی ئاسایشی خۆراکیشی دروستکردووە، لە ڕووی سیاسیشەوە هۆکارێك بووە بۆ زیاتر قوڵبوونەوەی قەیرانە سیاسییەکان و ململانێی پارتەکان و لاوازکردنی ئینتما و متمانەی هاووڵاتیان.**

**٩- بەهۆی قەیرانی ئابوری بەها و نۆرمە کۆمەڵایەتی و ئاینییەکان کە دەستەبەری ئاسایشی کۆمەڵایەتین لاواز بوون [1].**

---

(1) کارزان حسن عبدالرحمن، کاریگەری قەیرانی ئابووری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەلای فەرمانبەرانی شاری هەولێر لە نێوان (٢٠١٤ -٢٠١٧)، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، ٢٠١٩.

## دووەم - توێژینەوە ئینگلیزییەکان

**١ - توێژینەوەی ( Noelia, Pilar and Bernardo)(2014)**

**بەناوی ( The economic crisis and its effects on the quality of life in the European union) (قەیرانی ئابوری و کاریگەری لەسەر کوالیێتی ژیان لە یەکێتی ئەوروپا )**

لەناو ولأتانی ئەوروپا ئەنجامدراوە، باس لە دابەزینی کوالیێتی و جۆری ژیانی هاوولأتی ئەوروپی دەکات لە سایەی قەیرانی ئابوری ساڵی ٢٠٠٧ کە ئاسەوارەکانی تا ساڵی ٢٠١١ و ساڵانی دواتریش ماوەتەوە، پرسیاری سەرەکی توێژینەوەکە ئەوەیە کە ئایا قەیرانی ئابوری تاچەند کاریگەری هەبووە لەسەر جۆری ژیان لە ولأتانی ئەوروپاو کام ولأتانە زۆرترین زیانیان کردوە و کامەشیان خۆڕاگربوون و کەمترین زیانیان بەرکەوتووە ؟

- توێژەرەکان هەستاون بەبەراوردکردنی کوالیێتی ژیانی دانیشتوان لە ماوەداو شیکارو لێکدانەوەی پێویستیان ئەنجامداوەو توانیویانە کاریگەرییەکانی قەیرانەکە لەسەر جۆری ژیان بپێون، ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دەریخستووە کە گۆڕانکاری گەورە هەیە لە بارودۆخی ژیان لە ولأتانی ئەوروپا، بە جۆرێك لەوماوەدا کاریگەری قەیرانی ئابوری لەبەشی باشورو رۆژهەلأتی ئەوروپا قورستر بووە، بەڵگەی ئاماریش هەیە لەسەر جیاوازی جۆری ژیان و دابەزینی بەرچاوی لای هاوولأتی و، زۆربوونی ڕێژەی بێکاری و گۆڕانی بەهاکان و نزم بوونەوەیان و توندبوونی ململانێکان و دەستگەیشتنی کەمتر بەپێداویستییەکان لای هاوولأتیان [1].

**٢ - توێژینەوەی ( Efstratia Arampatzi)( 2013)**

**بەناوی (The Impact of a Financial Crisis of Happiness) (کاریگەری قەیرانی دارایی لەسەر بەختەوەری )**

نامەکە پێشکەش بە بەشی ئابوری زانکۆی ئیراسمۆسی ڕۆتەردام لەهۆڵەندا کراوە، وەك بەشێك لە پێداویستی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر لە زانستی ئابوریدا، کێشەی توێژینەوەکەی بریتییە لە دۆزینەوەی پەیوەندی نێوان بەختەوەری و قەیرانی دارایی، بۆ ئەم مەبەستەش لە شوێنەوارو کاریگەرییەکانی قەیرانی دارایی ساڵی ٢٠٠٨ی کۆڵیوەتەوە، لە ڕێگەی کۆی گەشەی بەرهەمی ناوخۆ و گۆڕانی ڕێژەی بێکاری و گۆڕانی ڕێژەی هەڵئاوسان و پەیوەندیان بەبەختەوەرییەوە. ئاماری تۆمارکراوی ساڵانی ١٩٩٧-٢٠١٢ی (٣٠) ولأتی ئەوروپی بەکارهێناوە و

---

(1)noelia, s. a., pila, z. e. &bernardo, p. t., 2014. the economic crisis and its effects on the quality of life in the European union. social indicators research. available in 1.1.2021 in web site Google.

بەراوردی نێوان ئەو دەوڵەتانەی کردووە تابگاتە زانیاری پێویست بۆ زانین و پێوانی بەختەوەری تاکی ئەوروپی، بۆ ئەم مەبەستەش زانیاری لەسەر نموونەی توێژینەوەکەی کە (٣٨٠,٠٠٠) کەسە لەخۆگرتووە لەسەرجەم وڵاتانی ئەوروپا، پرسیاری ڕازی بوون لە ژیانی وەك گۆڕاوی سەرەکی توێژینەوەکەی دیاری کردووە، هەروەها پرسیاری باری ئابوری خێزانەکانی کردووە، لە گرنگترین ئەنجامەکانی:

١- بوونی پەیوەندی نێوان بەختەوەری و قەیرانی ئابوری.

٢- دەرکەوتووە کە دانیمارکییەکان بەڕێژەی ٦٥٪ ڕازین لە ژیانی خۆیان، پاشان ئایسلنداو هۆڵەنداو سویدو لۆکسمبۆرگ دێن، ئەو وڵاتانەی کە کەمترین بەختەوەرییان هەیە وڵاتانی بولگاریا و پورتوگال و مەجەر دێن، کە ڕازی بونیان لە ژیان کەمترینە لەناو ئەو سی وڵاتەی ئەوروپا.

٣- قەیرانی ئابوری دەبێتە هۆی زیادبونی ڕێژەی بێکاری و هەڵئاوسان و لەو کاتانەشدا ڕازی بوون لە ژیان و بەختەوەری کەمدەبێتەوە.

٤- لە کاتی قەیراندا سەقامگیری سیاسی و متمانە بەحکومەت کەمدەبێتەوە، بەهۆی زیادبوونی هەڵئاوسانی نرخەکان و زۆربوونی بێکارییەوە، بەختەوەری و ژیانێکی دڵخۆشکەر پاشەکشە دەکات.

٥- قەیرانەکان کاریگەری نەرێنی دەکەنە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و ڕەفاهییەتی ژیان بۆیە ئەوەی دەکەوێتە ئەستۆی حکومەتەکان دابینکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتییە بۆ تاك و خێزانەکان [1].

## سێیەم: تاووتوێکردنی توێژینەوەکانی پێشوو

ئەو توێژینەوانەی ئاماژەیان پێکراوە (٢) توێژینەوەی کوردی و، (٢) توێژینەوەی ئینگلیزین، کە توێژینەوەی ماستەرو دکتۆران لە زانکۆکانی هەرێم و ئەوروپا ئەنجامدراون و گۆڕاوی سەرەکی توێژینەوەکان باس لە کاریگەری قەیران و قەیرانی ئابوری دەکەن هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە، (٢) توێژینەوە ئینگلیزییەکە باس لە کاریگەرییەکانی قەیرانی ئابوری ساڵی ٢٠٠٨ و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر ڕەزامەندی و خۆشبەختی تاکی ئەوروپی دەکەن، (٢) توێژینەوە کوردییەکەش باس لە قەیران و قەیرانی دارایی و ئابوری ساڵی ٢٠١٤و ساڵانی دواتری هەرێمی کوردستان دەکەن وەك ئەم توێژینەوەیە. بەڵام هیچ کام لە توێژینەوەکان باس لە گۆڕاوی دووەمی توێژینەوەکەی ئێمە ناکەن کە ڕەنگدانەوەی قەیرانی ئابورییە لەسەر خێزان، بەگوێرەی گەڕان و زانیاری توێژەر لەماوەی ئەنجامدانی توێژینەوەدا هیچ توێژینەوەیەکی هاوشێوەمان نەدۆزیوەتەوە کە باس لە قەیرانی ئابوری

---

[1] Efstratia Arampatzi, Master Thesis: The Impact of a Financial Crisis of Happiness, October 2013, Erasmus, university ROTTERDAM, available in 4.1.2021 in web site Google.

و ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزان بکات.

أ - دیارە هەریەك لەو توێژینەوانە ئامانجی دیاریکراوی خۆیان هەیەو دەیانەوێت بەشێوەو دیدگاو ڕێگای جیاواز گەنگەشەی قەیرانی ئابوری بکەن بەشیکردنەوەی هۆکارەکان و ڕێگا چارەسەرەکان و خۆپارێزی و هزری جێگرەوە بۆی لەگەڵ تیشك خستنە سەر گۆڕاوەکانی هەریەك لەو توێژینەوانە وەك: پەیوەندی نێوان قەیران و گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و، قەیرانی ئابوری و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و، قەیرانی ئابوری و کوالێتی ژیان و، پەیوەندی نێوان قەیرانی ئابوری و بەختەوەری ژیان.

ب - ئەو توێژینەوانە باس لە کاریگەرییە نەرێنیەکانی قەیران و قەیرانی دارایی و ئابوری دەکەن و توێژەر لەم توێژینەوەدا باس لە قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەکانی دەکات لەسەر خێزان لە هەرێمی کوردستان.

ج - توێژینەوەکان مەیدانین و باس لە کاریگەری قەیران و قەیرانی دارایی و ئابوری دەکەن بۆ سێکتەرو بابەتی جیاواز، کە کاریگەری قەیرانە لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و کوالێتی ژیان و بەختەوەری، زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و نزمبوونەوەی کوالێتی ژیان و نزمبوونەوەی بەختەوەری و ئاسایشی کۆمەڵایەتییە، ئەم توێژینەوەیەش باس لە سروشتی ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری دەکات لەسەر خێزان و دواتر پۆلێنکردنی ئەو ڕەنگدانەوانە لە بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و دەرونی، پاشان هۆکارەکانی قەیرانی ئابوری هەرێمی کوردستان، دواتریش باس لە پلانی خێزانی کوردی دەکات بۆ ڕووبەڕوبوونەوەی قەیرانی ئابوری، لە ئامانجی کۆتایشدا باس لە توانای خۆگونجاندنی خێزانی کوردی دەکات لەگەڵ قەیرانی ئابوری.

د - لە ڕووی جۆری توێژینەوەکان توێژینەوەی وەسفی و چۆنێتی و چەندێتی لەخۆدەگرن و ئەم توێژینەوەیەش توێژینەوەی چۆنێتییە بەشێوازی کەشفی شیکاری ئەنجامدراوە، بۆ شیکارکردنی داتاکانیش ڕێگای (شیکردنەوەی بابەت) بەکارهاتووە کە بۆ توێژینەوە چۆنایەتییەکان دەست دەدات.

هـ - لەڕووی جۆری نموونە و ژمارەی نموونەو کۆمەڵگەی توێژینەوەو کات و شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوەکان، جیاوازی هەیە لەنێوان توێژینەوەکان و ئەم توێژینەوەیە، نموونەی ئەم توێژینەوەیە نموونەی مەبەستداری نائەگەرییە کە (٣١) سەرۆك خێزان لەخۆ دەگرێت لە شاری سلێمانی.

و - بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان جیاوازی و لێکچونیش هەیە، یەکێك لە توێژینەوەکانی پێشوو پشتی بەستووە بەئاماری ڕەسمی تۆمارکراوی دەوڵەتان و سیانەکەی تریش ئامرازی پرسیارنامەو چاوپێکەوتنیان بەکارهێناوە، ئەم توێژینەوەیەش تەنها پشتی بەچاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو بەستووە.

ی - ئەمە تەنها توێژینەوەیە لەم بابەتەدا لە شاری سلێمانی ئەنجام درابێت و داتاو زانیاری لەسەر خێزان لەناو سەنتەری شاری سلێمانی کۆکردبێتەوە دەربارەی قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر خێزان و، هۆکارو پلان وخۆگونجاندنی خێزانی کوردی کردۆتە ئامانج.

# بەشی دووەم

## مێژووی قەیرانی دارایی و ئابوری و هۆکارو ڕەنگدانەوەکانی

باسی یەکەم: مێژووی قەیرانی دارایی و ئابوری و تایبە تمەندی و هۆکارەکانی

باسی دووەم: قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی

باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لەهەرێمی کوردستان

# بــەشی دووەم

# مێژووی قەیرانی دارایی و ئابوری و هۆکارو ڕەنگدانەوەکانی

لەم بەشەدا هەوڵدەدەرێت ئاماژەیەکی کورت بەجۆرو ڕەهەندەکانی قەیران بدرێت و پاشان مێژووی قەیرانە دارایی و ئابورییەکانی جیهان بناسێنرێت، دواتر ئاماژە بەهۆکارەکانی قەیرانە دارایی و ئابورییەکان بدرێت، لە باسی یەکەمدا تشك دەخرێتە سەر مێژووی قەیرانی دارایی و ئابوری و تایبەتمەندی و هۆکارەکانی بەگشتی، لەباسی دووەمیشدا باس لە قەیرانی دارایی و ئابوری ساڵی ٢٠١٤ی هەرێمی کوردستان دەکرێت و گرنگترین هۆکارەکانیشی باس دەکرێت، لەباسی سێیەمیشدا تشك دەخرێتە سەر ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لەسەر بوارەکانی ئابوری و کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی و تەندروستی.

## باسی یەکەم: مێژووی قەیرانی دارایی و ئابوری و تایبەتمەندی و هۆکارەکانی

### یەکەم: مێژووی قەیرانی دارایی و ئابوری لە جیهاندا

هەر لە کۆنەوە مێژووی مرۆڤایەتی بێبەش نەبووە لە کێشە و گرفت و قەیرانەکان، لە کۆندا بەهۆی جەنگ و وشکە ساڵی و نەخۆشییە درمەکانەوە قەیرانەکان لە بەرگی برسییەتی و قات و قڕی و هەژاری دا خۆیان نواندووە، لە سەدەی شانزەش بەدواوە بەقەیرانە دارایی و ئابوورییەکان ناسێنراون. دوای سەرهەڵدانی یەکەم بانکی بازرگانی لە شاری بوندقییەی ئیتالیا لە (١٥٨٧)دا، دواتریش بانکی ئەمستردام لە ساڵی (١٦٠٩)دا، پاشان لە سەدەی هەژدەدا دوای زۆربوونی بانکە بازرگانییەکان لە ئەوروپا مێژووی قەیرانە دارایی و ئابورییەکان دەستی پێکردووە، کە هاوکات بووە لەگەڵ سەرهەڵدانی شۆڕشی فەرەنسی ساڵی (١٧٨٩-١٧٩٩)و شۆڕشی پیشەسازی ساڵی(١٧٨٤)، ئەوەی چەسپاوە لای زانستی ئابوری ئەوەیە، کە قەیرانە دارایی و ئابورییەکان دیاردەیەکی پەیوەستن بەسیستەمی ئابوری سەرمایەداری و بەشێوەی خولی (دەوری) ڕوودەدەن و دووبارەدەبنەوەو هۆکارەکانیشی زۆرن، یەکێك لەو هۆکارانەش شکستی دامەزراوەی بانکییە لە هەستان بەڕۆڵ و کاری خۆی. ئەمەش دەبێتە هۆی داکەوتنی توندی بازاڕی دارایی و ڕەنگدانەوەی لەسەر نرخی کارو داهات و خەرجی و کەمبوونەوەی نرخی پشك

و قەواڵە داراییەکان دەبێت، پاشان کاردەکاتە سەر کۆی گشتی بەرهەمهێنان [1].

- یەکەم قەیرانی دارایی و ئابوری ، قەیرانی داڕوخانی پشکەکانی بانکی ئەمستردام بووە لە هۆڵەندا، کە بەقەیرانی گوڵی تەولیب ناسراوە لەساڵی (١٦٣٧)دا، تۆوەکەی ئەوەندە بەنرخ بووە وەك دراو مامەڵەی پێوەکراوە، لەوکاتەدا و ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەشێکی گەورەی هەناردەی دەرەوە دەکات، ئەمە بەیەکێك لە بڵقەکانی نرخ تۆمار کراوە، لەو ساڵەدا زۆرێك لە نرخەکەی خۆی لەدەستداوە و بووەتە قەیرانێکی دارایی و ئابوری [2].

- قەیرانی گەورەی ئابوری ساڵی (١٨٦٦) لە بەریتانیا کە درێژکراوەی قەیرانەکانی پێشووتری بانکەکان بووە، وەك قەیرانی ساڵەکانی (١٨٢٥ و، ١٨٣٧ - ١٨٣٩ و، ١٨٤٧ و، ١٨٥٧)، دواتر لە ساڵی (١٨٦٦) دا دەبێتە قەیرانێکی گەورەی دارایی و، بانکێکی گەورەی وەك (**Overend Gurney**)کە خاوەن پێگەیەکی گرنگ بووە لە لەندەن و چەندین وەبەرهێنانی گەورەی هەبووە وەك وەبەرهێنان لە هێڵی شەمەندەفەری بەریتانیا، نرخی پشك و قەواڵەو سەنەدەکانی زۆردێتە خوارەوە و کارەساتێکی دارایی و ئابوری لەو وڵاتە دروست دەکات، بۆ ڕزگاربون داوای هاوکاری لە بانکی ئینگلتەرا دەکات، بەلآم داواکەی ڕەتدەکرێتەوەو شکست دێنێت و، بڕی (١١)ملیۆن جونەیهی ئیستەرلینی زیان دەکات، ئەم قەیرانە کاریگەری نەرێنی زۆرو لێکەوتە و ڕەنگدانەوەی هەمەجۆری ئابوری دەبێت، بەلآم لەگەڵ ئەمانەشدا ئەم قەیرانە دەبێتە خاڵی وەرچەرخانی گرنگ لە سیستەمی دارایی و بانکی لە بەریتانیاداو دەبێتە هۆکارێك بۆ چاکسازی و گۆڕینی سیستەمی دارایی و بانکی و ڕێکخستنەوەی[3].

- یەکێکی تر لە قەیرانە ئابورییە گەورەکان لە جیهاندا، قەیرانی هەرەسهێنانی پشکەکانە بەرێژەی ( ١٣ ٪) لە بۆڕسەی ئەمریکی ساڵی (١٩٢٩ - ١٩٣٢) ، کە لە ئاکامدا بوو بەهۆی دروست بوونی بێبازاڕی گەورە و داڕوخانی گەورەی دارایی لە بەکاربردن و وەبەرهێنان و، زۆربوونی ڕێژەی بێکاری بۆ سێ یەکی تاکی کرێکار لە ئەمریکا، زۆری نەبرد کە قەیرانەکە بوو بەجیهانی و کاریگەرییە نەرێنییەکانی گواسترایەوە بۆ زۆربەی وڵآتانی ئەوروپاو، بەیەکێکیش لە ئاکامەکانی جەنگی جیهانی یەکەم و هۆکارێکیش لە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی جەنگی جیهانی دووەم هاتە ژماردن، ئاکامی تریشی هەبوو لە سیستەمی سەرمایەداریدا وەکو لەدەستدانی ڕەوایەتی سیستەمی ئابوری کلاسیکی ئازاد و، سەرهەڵدانی تیۆری کینزی کە داوای دەستوەردانی دەوڵەت دەکات لەکاتی قەیرانە

---

[1] ذياب فهد الطائي، اثر الازمات المالية على النظام الاقتصادي العالمي، دار غيداء للنشر والتوزيع، عمان، الاردن، ٢٠٢٠، ص ٧.

[2] نادية العقون، العولمة الاقتصادية والازمات المالية: الوقاية والعلاج، دراسة لازمة الرهن العقاري في الولايات المتحدة الامريكية، اطروحة دكتوراه، جامعة الحاج لخضر - باتنة، الجزائر، ٢٠١٣، ص ب.

[3] The Crisis of 1866 Marc Flandreau, Stefano Ugolini, 2016, p2. available in 28.1.2021 in web site https://hal-univ-tlse2.archives-ouvertes.fr/hal-01293925/document.

داراییەکاندا بۆ ڕزگاربوون لێیان [1] .

- قەیرانی دارایی کە بەقەیرانی قەرزە جیهانییەکان ناسرا و وڵاتانی جیهانی سێ و زۆرێك لە وڵاتانی گەشەسەندوو پشکداربوون تیایدا، ساڵی (١٩٨٢) لە مەکسیك دروست بوو دواتر چەندین وڵاتی تری گرتەوە، ئەو وڵاتانە کاتێك نەیانتوانی ئەو قەرزانەی لەسەریانە لەکاتی خۆیدا بیدەنەوە قەیرانێکی دارایی گەورەی دروست کرد، کەڵەکە بوونی قەرزەکانیش بووە هۆی داڕوخانی بۆڕسەی لەندەن لە ساڵی (١٩٨٧) دا، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ زنجیرەیەك قەیرانی تری دارایی وڵاتانی تروەکو قەیرانی مەکسیك (١٩٩٤ - ١٩٩٥)، ڕوسیا (١٩٩٨)، بەڕازیل(١٩٩٨ - ١٩٩٩)، تورکیا (٢٠٠١)و، ئەرجەنتین (٢٠٠١ - ٢٠٠٢)، وڵاتانی باشوری ئاسیا (١٩٩٧ - ١٩٩٨) [2].

- قەیرانی وڵاتانی باشوری ڕۆژهەلاتی ئاسیا (١٩٩٧ - ١٩٩٨): سەرەتاکەی بەدابەزینی نرخی دراوی نیشتمانی تایلەند دەستی پێکرد و گواسترایەوە بۆ وڵاتانی تری وەکو فلیپین و ئەندەنوسیا و کۆریای باشورو هەندێ وڵاتی تریش، لە ئاکامدا بو بەهۆی زیادبوونی قەرزە دەرەکییەکان لەسەر ئەو وڵاتانە بۆ ١٨٠٪ ی کۆی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی، بۆ چارەسەریشی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاریکردنیان دەربڕی بەمەرجێك هەستن بەجێبەجێ کردنی بەرنامەی ڕیفۆرمی ئابوری و دارایی، تەنها مالیزیا نەبێت ئەوانی تر قبوڵیان کرد [3].

- دواتر قەیرانی بڵقی کۆمپانیاکانی ئینتەرنێت ساڵی (٢٠٠٠): لە بازاڕی دراوە کاخەزیەکانی ئەمریکا بە(NASDAQ) ناسراوە، لە سەرەتادا نرخی پشکەکانی ئەو کۆمپانیایانە زۆر بەرز بوەوە بەبێ ئەوەی کۆمپانیاکانی ئەو بوارە سوودێکی وایان کردبێت، لە ئاکامدا نرخی پشکەکانیان زۆر بەخێرایی دابەزی، پاشان قەیرانی ڕوداوەکانی ١١ی سیبتێمبەری (٢٠٠١)یشی لە ئەمریکا بەدواداهات و تا ساڵی (٢٠٠٢)، (٧٨٪)ی نرخی پشکەکانیان لە دەست دا [4] .

- یەکێکی تر لە قەیرانە دارایی و ئابورییەکان لەم ساڵانەی پێشوودا قەیرانی ڕەهنی خانووبەرەی ئەمریکی ساڵی (٢٠٠٧) بوو کە بەدووەم گەورەترین قەیرانی دارایی و ئابوری جیهان دوای قەیرانی ساڵی (١٩٢٩) دانرا، قەیرانەکە لەوێوە دروست بوو ساڵانی (٢٠٠١ - ٢٠٠٥)، بانکەکانی وەبەرهێنانی خانووبەرەو خانەنشینی و

---

[1] مصطفى العمواسي واخرون، الازمة الاقتصادية العالمية وتداعياتها على الشرق الاوسط، دار جليس الزمان للنشر، عمان، الاردن ، ٢٠٠٩، ص ٧.

[2] حميشي فهيمة، الازمة المالية واثرها على الاسواق المالية العربية، كلية العلوم الاقتصادية والتجارية، رسالة ماجستر، جامعة اكلي محند او الحاج البويرة، الجزائر، ٢٠١٥، ص أ.

[3] مصطفى العمواسي واخرون، المصدر السابق، ص ٨.

[4] الجوزي جميلة، اسباب الازمة المالية وجذورها، على موقع الالكتروني التالي https://iefpedia.com/arab/?p=5707 في ٢٠٢١/١/٢٣.

وەبەرهێنان بەسوودێکی کەم قەرزیان دەدا بەهاوولاّتی بۆ خانوو کە (٠١٪) بوو، لە دوای ساڵی (٢٠٠٥)ەوە سوودی بانکی بەرزکرایەوە بۆ ٥٪، بەوەش خاوەن قەرزەکان توانایان نەبوو قەرزەکانیان بدەنەوە، بانکەکانیش هەستان بەدەست بەسەرداگرتن و مەزادکردنی خانووەکان، ئەمەش بووە هۆی داڕوخانی نرخی خانووبەرە زۆر بەخێرایی و، بووە هۆی شڵەژاوی و دابەزینی بۆڕسە و بازاڕی دارایی ئەمریکی، قەیرانەکە هەر زوو تەشەنەی کردوو کاریگەرییە نەرێنیەکانی زۆربەری ولاّتانی جیهانی گرتەوە و بووە قەیرانی دارایی و ئابوری جیهانی ساڵی (٢٠٠٨)، لە ئاکامدا شڵەژاوییەکی توندی لە بۆڕسە و بازاڕە داراییەکان دروستکردو بووە هۆی دابەزینی بازاڕی ووزەو کانزا قورسەکان لە سەرتاسەری جیهاندا [1].

- قەیرانەکان لێرە و لەوێ دروست دەبن و چارەسەردەکرێن وەکو قەیرانی دارایی یۆنان (٢٠٠٩)و، قەیرانی دارایی دوبەی ساڵی (٢٠١٠)، قەیرانیش هەیە درێژەی هەیەو بەردەوامە وەك قەیرانی دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستان ساڵی (١٩٩١- ٢٠٠٣)و قەیرانی ساڵی (٢٠١٤)و ساڵآنی دواتر کە تائێستابەردەوامی هەیە.

- نوێترین قەیران، قەیرانی دارایی و ئابوری بەهۆی ڤایرۆسی کۆرۆنا (کۆڤید ١٩)ەوە بوو: سندوقی دراوی نێودەوڵەتی ئاماژەی بەوە داوە کە کۆڤید ١٩ بووەتە قەیرانێکی ئابوری بێ پێشینە لە گەورەییدا بەجۆرێك کۆی بەرهەمی ناوخۆیی جیهانی ٠٠٥٪ دابەزیوەو زیانی (١٢) ترلیۆن دۆلاریشی دەبێت بەدرێژایی دوو ساڵ، لەگەڵ بێکاربوونی زۆرێك لە هاوولاّتیان و بەرزبوونەوەی رێژەی هەژاری و زیانگەیاندنی زیاتر بەئەو دەوڵەت و خێزانانەی کە خاوەن داهاتی کەم و دیاریکراون [2].

## دووەم: جۆرەکانی قەیران لە جیهاندا

لەسەدەی بیست و یەکدا جیهان بەدەست چەندین قەیرانی جۆراوجۆرەوە دەناڵێنێ و هەندێکیان بێ چارەسەر ماونەتەوە لەو قەیرانانەش [3]:

١- قەیرانی دارایی و ئابوری جیهانی: ئەم جۆرە لە جیهاندا چەند ساڵ جارێك سەرهەڵدات و دوبارە دەبێتەوە و کاریگەرییەکانی زۆربەی ولاّتانی جیهان دەگرێتەوە، ئەمە جگە لە دروست بوونی هەمان جۆر لە قەیران لە هەندێ ولاّت بەبەردەوامی و درێژە کێشانی بۆ چەندین ساڵ، واتە بەردەوام ئەم جۆرە لە قەیران بونی هەیە

---

(1) رملي محمد و وسعي رابح، الازمة الاقتصادية العالمية ١٩٢٩ والازمة المالية العالمية عام ٢٠٠٨، مجلة الامتياز لبحوث الاقتصاد والادارة، مجلد ٣ عدد ١، ٢٠١٩، ص ٧٠.

(2) يورو نيوز، صندوق النقد الدولي: أزمة كوفيد-١٩ تغرق الاقتصاد العالمي عام ٢٠٢٠، على موقع الالكتروني التالي https://arabic.euronews.com/2020/06/24/international-monetary-fund-covid-crisis-19-plunges-the-world-economy-in-2020 في ٢٠٢١/١/٢٨.

(3) عدنان السيد حسين، الازمة العالمية، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠، ص ٢٤ - ٢٨.

**ماوەیەك لە وڵاتێك و دواتر لە وڵاتێکی تر سەرهەڵدەدات.**

**٢- قەیرانی ناکۆکی و ململانێ سیاسی و ئابورییەکانی نێوان وڵاتان و دروست بونی جەنگ لەناو هەندێ وڵاتدا ئەم جۆرە لە قەیران زیانە مادی و مرۆییەکانی یەکجار زۆرە.**

**٣- قەیرانی پیس بونی ژینگە و گۆڕانی ئاوو هەواو گەرم بوونی گۆی زەوی کە ژیانی سەرجەم مرۆڤایەتی خستۆتە بەردەم هەڕەشە و تیاچوون، چارەسەرو سنورێکیشی بۆ دانانرێت.**

**٤- قەیرانی خۆراك و بەرزبونەوەی نرخەکانی بەبەردەوامی بووەتە کێشەیەکی گەورە بۆ دانیشتوانی گۆی زەوی بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی وڵاتانی هەژارو تازە گەشەسەندوو.**

**٥ - قەیرانی وزە: کێشەی دابینکردنی وزە و دۆزینەوە و دەرهێنان و فرۆشتن و نرخەکەی تائێستایەکێکە لەو قەیرانانەی جیهانی بەخۆیەوە گرفتارکردوە و ململانێی توندی وڵاتان و وڵاتانی هەرێمی لەسەرە و هەندێ جاریش دەگاتە جەنگ، وەك جەنگی داگیرکردنی کوەیت لەلایەن عێراقەوە لە ساڵی (١٩٩٠) و جەنگی ناوخۆی سوریا لە ٢٠١١ ەوە تائێستاو جەنگە ناوخۆکانی عێراق و جەنگی داعش و ناکۆکیەکانی نێوان هەرێم و بەغداش زۆری لەسەروزەیە، جەنگی لیبیا لە (٢٠١١) ەوە تا (٢٠٢١)، و جەنگی ناوخۆی یەمەن و، هەروەها جەنگی ئێستای نێوان ڕوسیا و ئۆکرانیا لە ساڵی(٢٠٢٢)دا، کە نزیکبوو ببێتە جەنگی گەورە لە نێوان وڵاتان و جەنگی ئەتۆمی.**

**٦- قەیرانی نایەکسانی و نادادپەروەری لەناو وڵاتاندا هەندێ وڵات زۆر دەوڵەمەند و هەندێکیش زۆر هەژار، هەندێ زۆربێ دەسەڵاتن و دەچەسێنەوە وە هەندێکی تریش بەدەسەڵات و توانا سەربازی و ئابورییەکانیان جیهانیان لە فرە جەمسەرییەوە کردۆتە تاك جەمسەر، وە بەهۆی ناکۆکییە سیاسی و ئاینی و کۆمەڵایەتی و ئابورییەکانەوە ڕۆژانە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی ئەنجامدەدرێت بەبەرچاوی دونیا و وڵاتانەوە بەبێ ئەوەی تاوانباران سزا بدرێن.**

**٧- قەیرانی جەنگەکان و توندوتیژییە ئاینی و ئیتنیکییەکان.**

**٨ - قەیرانی بازرگانی جیهانی و کێشەی بازاڕی ئازاد و سیستەمی سەرمایەداری و نەبوونی چاودێری نێودەوڵەتی و باڵادەستی کۆمپانیا گەورەکان .**

**٩ - قەیرانی نەخۆشی و پەتا گواستراوەکان لە جیهاندا تازەترینیان پەتای (کۆڤید ١٩) و ئاوەڵەی مەیمونە [1].**

---

[1] موقع اطباء بلا حدود، الازمات الانسانية، على الموقع الالكتروني التالي www.msf.org/ar/الأزمات-الإنسانية في ٢٠٢١/٦/٣٠.

١٠ - قەیرانی دەست نەگەیشتن بەدەرمان و چارەسەری تەندروستی لەوڵاتە هەژارەکاندا.

١١- قەیرانی توندوتیژییە جەستەی و دەروونییەکان بەهۆی جیاوازی جێندەری و ئاینی و کەمە نەتەوایەتییەکان.

١٢- قەیرانی کارەساتە سروشتییەکانی وەکو لافاو و وشکە ساڵی و زریان و بومەلەرزە.

١٣- قەیرانی پەنابەران و ئاوارە و کۆچبەران.

## سێیەم: ڕەهەندەکانی قەیران

قەیرانیش وەك هەر دیاردەیەکی تری کۆمەڵگە چەند ڕەهەندێکی جیاوازی لەخۆگرتووە لەوانە [1] :

١- ڕەهەندی ئابوری: هەر جۆرێك لە قەیران ڕوبدات ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر کۆی سیستەمی ئابوری و چالاکیە پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵییەکان، دواتریش زیانی مادی و مەعنەوی لێ دەکەوێتەوە.

٢- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی: قەیران دەبێتە هۆی بڵاوبونەوەی پشێوی لەناو ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە و هەستکردن بەبێبەش بوون و تێرنەبونی پێداویستیە گرنگەکانی ژیانیان.

٣- ڕەهەندی سیاسی: قەیران لێکەوتەی ڕامیاری یا سیاسیشی هەیە و کاردەکاتە سەر سیستەمی سیاسی و سیستەمی حوکم لە دەوڵەتدا، یا کاردەکاتە سەر ناوبانگی سەرکردەیەك یا یەکێ لە ئەرکە ڕامیارییە گرنگەکان، بەهۆی ئەمانەشەوە کاردەکاتە سەر وێنەو سیمای سیستەمە سیاسیەکە بەگشتی لەناو کۆمەڵگەدا.

٤- ڕەهەندی کاتی: ئەویش ڕەهەندی کتوپڕی و کەمی کاتی بەردەستە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی، کەوا دەکات زاڵ بوون بەسەریدا قورس بێت.

٥- ڕەهەندی دامەزراوەیی: بوونی هەڕەشەی گەورە لەسەر پێکهاتەی دامەزراوەیی و دارایی سیستەمەکانی کۆمەڵگە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی هەرەسهێنانی بەشی یان گشتی دامەزراوەکە گەر زوو زاڵ نەبین بەسەریدا.

٦- ڕەهەندی دەرونی: باری دەرونی تاکەکانی کۆمەڵگە دەشڵەژێ و نائارامی و ناسەقامگیری لێ دەکەوێتەوە بەهۆی ئەو کاریگەرییە زۆرانەی دەیبێت و، بەهۆی نەبونی زانیاری پێویست بۆ ڕووبەڕوبونەوەی و نادیاری داهاتوو بەگشتی، ئەمانەش کاردەکەنە سەر باری دەرونی تاکەکان و زۆربوونی فشارو نەخۆشییە دەرونییەکان و دواتریش هاوبەندی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتییان.

٧- ڕەهەندی کارگێڕی: لەبەرئەوەی قەیران خۆی هەڕەشەیە بۆسەر ڕەوایەتی کارگێری تەواوی سیستەمەکانی کۆمەڵگە دامەزراوەو ڕێکخراوەکان و بوونیان.

٨- ڕەهەندی ڕەوشتی: کاتێ قەیران ڕەنگدانەوەی ڕەوشتی دەبێت وەك زۆربوونی بەرتیل و زیادبوونی گەندەڵی و دزی و لادان و ئابڕوو چوونی سێکسی و تاوان و .. هتد، ئەمانە دەبنە هۆی زیان گەیاندن بەبەهاو

---

[1] محمد احمد هیكل، مهارات ادارة الازمات والكوارث والمواقف الصعبة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، مصر، ٢٠٠٦، ص ٣٨ - ٣٩.

دابونەریت و بنەما ئاکاری و ڕەوشتی و ڕەفتارییەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئاینی و کلتوری کومەلگە بەگشتی.

## چوارەم: تایبە تمەندیەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری

قەیرانەکان هەرچەند شێوەو کاتی ڕودانیان جیاواز بێت، بەڵام هەندێ تایبەتمەندی کۆیان دەکاتەوە وەك [1]:-

أ - ڕودانی کتوپڕ: قەیرانەکان بەشێوەیەکی کت و پڕ ڕوو دەدەن و ناتوانرێ پێشبینی ڕودانیان بکرێت تا مرۆڤ خۆی لە زیانەکانیان بپارێزێت.

ب - کەمی زانیاری: زانیاری پێویست و دروست لەبەردەستدا نابێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵی بەتایبەت کاتێك بۆ یەکەمجار ڕوودەدەن.

ج - هەڵکشانی ڕووداوەکان: لە سەرەتای دروستبونیانەوە ڕووداوەکان یەك بەدوایەکدا دێن و لە زۆربوندا دەبن بەشێوەیەك هەموو دەرچەکان بەرتەسك دەبنەوە لەبەردەم خاوەن بڕیار بەدەستەکان.

د - لەدەستدانی کۆنترۆڵ: تایبەتمەندییەکی تری ئەم جۆرە قەیرانانە ئەوەیە کە کۆی ڕووداوەکانی قەیران ئەچنە دەرەوەی دەسەڵات و پێشبینیەکانی خاوەن بڕیارەکان و شارەزایان، کە زۆرجار کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکەیان لەدەست نامێنێت.

هـ - پشێوی و مەترسی: قەیرانەکان بەوە جیادەکرێنەوە کە جۆرێك لە ترس و پشێوی و شڵەژان لەگەڵیان دەبێت و سیستەمی کۆمەڵایەتی دەلەرزێنن، یاخود وا لە خاوەن بڕیارەکان دەکات هەندێ ڕێ و شوێن و لێدوان و بڕیار بدەن کە ترس و پشێوی بلاّودەکاتەوە لەناو هاولاّتیان.

قەیرانی ئابوری لەناکاو لەوانەیە زیاتر زیان بەچینە بالاّکانی هەرەمی کۆمەڵایەتی بگەیەنێت هەتا چینەکانی خواروو، هەرکاتێ شڵەژانی ئابوری ببێتە جولاّنێکی داکشاو، تاکەکان لەژێر کاریگەری ئەم پرسەدا ڕێکخستنی ژیانیان تێکدەچێت، هەروەها بەرزی ئاستی ئابوری لای (دۆرکایم) مەترسی ڕودانی ناسەقامگیری لێدەکەوێتەوە، چونکە بازنەی پێویستییەکانی بە جۆرێکی بێسنوور فراوان دەبێت [2].

و- نەبوونی چارەسەری ڕیشەیی: قەیرانەکان چاوەڕێ ناکەن تادەسەلاّتدارەکان دەگەنە کۆمەڵێ بڕیاری دروست بۆ چارەسەری قەیرانەکان بەخێرایی و بەڕیشەیی، بەو پێیەی کە ئەم جۆرە چارەسەرانە لە بنەڕەتدا بوونیان نییە.

---

[1] حمیشي فهیمة، المصدر السابق، ص ١٥.

[2] لویس کۆزەر، دۆرکهایم ژیان و ئەندێشە، و. محمد قادر، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٨، ل ٢١.

## پێنجەم: قۆناغەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری

قەیرانە دارایی و ئابورییەکان لە سەرهەڵدان تا کۆتایهاتنیان بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕ دەبن بەم شێوەی لای خوارەوە [1]:

أ - قۆناغی لەدایکبوونی قەیران: لەم قۆناغەدا بۆ یەکەمجار قەیران سەرهەڵدەدات و ئاماژە بەبارودۆخێکی نوێ ی پڕ کێشە دەدات، بەڵام هۆکارەکانی و توندی و کاریگەری و لێکەوتەکانی نادیارن، بۆیە پێشبینی کردنی و دانانی چارەسەر بۆی لەم قۆناغەدا زۆر ئاسان نییە.

ب - گەشسەندن و فراوانبوون: ئەم قۆناغە قۆناغی گەورەبوون و دەرکەوتنی تەواوەتی قەیرانەکەیە لای خەڵك، لەم کاتە بەدواوە بڕیار بەدەستان ناتوانن ئینکاری بکەن و بیشارنەوە بەهۆی فشارو کاریگەری و، ترس لە ئاکامەکانی.

ج - هەڵکشان و تەقینەوە: لەم قۆناغەدا توندی و فشاری قەیرانەکە دەگاتە کۆتاپەخش و بلاّوبونەوە و پەلهاویشتنی و، خۆنمایشکردنی دەگاتە لوتکە، لەم قۆناغەدا گەمارۆدان و کۆنترۆڵکردن و پێوانی قورسە.

د - گەمارۆدان و کەمبوونەوە: دوای تەقینەوەی تەواوەتی قەیرانەکە قۆناغی ڕووبەڕووبوونەوە دەست پێدەکات و بڕیار بەدەستان هەوڵی کەمکردنەوەی زیانەکانی و سنوردارکردنی دەدەن و گەمارۆی دەدەن و، بڕیاری گرنگ لەبارەی چارەسەری قەیرانەکە دەردەکەن، لەم بارەشدا بەشێکی گەورە لە هێزی پاڵنانی وندەکات و بەرەو چارەسەر دەچێت.

ه - قۆناغی کۆتایی و ونبوون: لەم قۆناغەدا قەیرانەکە دەگاتە چارەسەری تەواوەتی و کەمبوونەوەی کاریگەرییەکانی بەشێوەیەکی گشتی، لە کۆتایشدا وەکو دیاردە بەرەو کاڵبوونەوە دەچێت و گرنگی پێدان و باسکردنی لەناو خەڵکیشدا کەمدەبێتەوە و دەبێتە ڕووداوێکی مێژوویی.

## شەشەم: هۆکارەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری

کۆمەڵێ تیۆر هەن بۆ شیکاری هۆکارەکانی ڕودانی قەیرانە دارایی و ئابورییەکان و توندی و کاریگەری و ماوەو جۆرو لێکەوتەکانی لەسەر کەرتەکانی تری ئابوری و، ئاماژە بەکۆمەڵێك هۆکاریش دەکرێت بۆ ڕوودانی زۆرینەیان کە ئابوری جیهان بەخۆیەوەی بینیوە، هەیانە پەیوەستە بەناڕێکی و تێکچوون لەسەر ئاستی ئابوری هەموەکی

---

[1] کمال رزيق، حسن توفيق، الجوانب النظرية للأزمة المالية، المؤتمر العلمي الدولي السابع حول تداعيات الأزمة الأقتصادية العالمية على منظمات الأعمال (التحديات - الفرص - الأفاق)، كلية الأقتصاد والعلوم الأدارية، جامعة الزرقاء الخاصة، عمان، يومي ١٠ - ١١ نوفمبر ٢٠٠٩، ص ٥ - ٦.

و، هەشیانە پەیوەستە بەبوونی نارێکی لەسەر ئاستی بەشی، وەك ناتەواوی و لاوازی لە کەرتی دارایدا، لە لایەکی ترەوە بەو پێیەی هۆکارەکانی سەرهەڵدان و دروست بوونی لە ولاتێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، ئەو جیاوازیەش پەیوەستە بەبارودۆخی تایبەتی ئەو ولاتەی کە قەیرانەکەی تیادا سەرهەڵدەدات، بەپێی لێکۆڵینەوەیەك کە کراوە بۆ (١٠٢) قەیرانی دارایی بۆ ٢٠ وولات لە ٢٠ ساڵی ڕابوردوودا، ئەوە دەرکەوتوە کە هۆکاری سەرەکی زۆرێك لە قەیرانەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئازادکردنی بازاڕی دارایی، ئەمەش کاریگەری و کارلێکی ڕاستەوخۆی هەیە لە سەرهەڵدانی قەیرانی بانکی و دارایی و دراو [1].

لێرەدا ئاماژە بەهەندێ هۆکار ئەدرێت کە دابەش دەبن بەسەر هۆکاری ئابوری و دارایی وەك [2]:

أ- ناسەقامگیری ئابوری گشتی: دابینکردنی ژینگەی تەندروست بۆ ئابوری گشتی یەکێکە لە ڕەگەزە بنەڕەتییەکانی سیستەمی دارایی تەندروست، ڕونە ناجێگیری سیاسەتی ئابوری گشتی ئەبێتە هۆی ڕودانی چەندین قەیرانی دارایی و ئابوری، ناسەقامگیری ئابوری گشتی دروست دەبێت لە ئەنجامی:

١- گۆڕانکاری مەرجەکانی ئاڵوگۆڕی بازرگانی: گۆڕانی مەرجەکانی بازرگانی ناوخۆ و نێودەوڵەتی و قورسکردنی لەسەر هەندێ ولات دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان و ناجێگیری دارایی و کەمبوونەوەی داهاتەکان، ئەمانەش دەبنە هۆی قەیرانی دارایی و ئابوری.

٢- گۆڕانی نرخی سوود: گۆڕانی نرخی سوودی نێودەوڵەتی و بەرزبوونەوەی کاریگەری نەرێنی دەکاتە سەر ئابوری ولاتانی قەرزدارو کۆمپانیاکانیان، وادەکات نەتوانن پابەندە داراییەکانیان لە دانەوەی قەرزەکان جێبەجێ بکەن، لەلایەکی تریشەوە هاتنی وەبەرهێنانی بیانی بۆ ئەو ولاتانە دەوەستێت و دەبێتە قەیران.

٣- گۆڕانی نرخی دراو و بەرزبونەوەی ڕێژەی هەڵئاوسان: گۆڕانی نرخی دراوە سەرەکییەکان و بەرزبونەوەو نزمبونەوەی نرخەکەی کاردەکاتە سەر شڵەژانی بازارو بڕی دەستکەوت و خەرجییەکان و ڕێژەی پابەندی بەرامبەر بەقەرزە دەرەکی و ناوخۆییەکان، ئەمانەش کەم تازۆر دەبنە قەیرانی دارایی و ئابوری.

ب - شڵەژاوی کەرتی دارایی: کەرتی دارایی تەندروست و ژینگەی تەندروستی دارایی دائەنرێت بەپێکهێنەری بنەڕەتی سەرچاوە داراییەکان بۆ ئاڵوگۆڕو بازرگانی و بەرهەمهێنان و، دەتوانرێ هاوکاری بانکەکان و کەرتی تایبەت بکرێت بۆ وەبەرهێنان و بۆ ڕووبەڕوبونەوەی قەیرانەکان، بەپێچەوانەشەوە شڵەژاوی و لاوازی کەرتی

[1] شۆرش قادر علی و یوسف عبید حمه امین، الازمة المالية في كوردستان وانعكاساتها على الاستثمار العقارية في محافظة السليمانية، مجلة جامعة التنمية البشرية، المجلد ٣ العدد ٢، السليمانية، ٢٠١٧. ص ٦٠٧.

[2] نادية العقون، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥ - ١٨ .

**دارایی دروست دەبێت لە ئەنجامی [1]:**

**١- لاوازی سیاسەتی قەرز و لاسەنگی اصول و خصومی بانکی[*]: فراوانی پێدانی قەرزو خەرجی زۆر بۆ وەبەرهێنان لەلایەن بانکەکانەوە و، کەمبونەوەی پارەی کاش و بەردەست بۆ هاوبەشەکان کە دەیانەوێ پارەکانیان ڕاکێشن دەبێتە هۆی دروست بونی کێشەی نەگونجان و هاوتانەبوون و لاسەنگی نێوان اصول و خصومی بانکەکان و، گەر زوو چارەسەر نەکرێت ئەوا دەگۆڕێت بۆ قەیرانی دارایی.**

**٢- سەربەستی دارایی دەبێتە هەڕەشە: هەندێك جار سەربەستی بازاڕی دارایی وڵات و کرانەوەی بەڕوی وەبەرهێنەرانی بیانی و هاتنی بانکی گەورە بۆ ناوخۆ و، بەجیهانی بوونی ئابوری، دەرگای کێبڕکێ ی توند دەکاتەوە لەبەردەم کەرتی تایبەت و بانکە ئەهلی و تەنانەت حکومیەکانیش بۆ کێبڕکێی بانکە جیهانیەکان، کەرتی دارایی ناوخۆ هەندێ جار خۆیان دەخەنە مەترسییەوە تابتوانن لەبەرامبەریان ڕاوەستن و کێبڕکێیان بکەن، ئەمەش لە کاتێکدایە توانا و زانست و تەکنیك و زانیاری پێویستیان لەچاو ئەواندا کەمترە، بۆیە ئەم حاڵەتەش دەگۆڕێ بۆ شکست هێنان و کەوتن و تیاچونی سەرمایەکانیان، بەربلاوی و گشتگیریەکەشی دەبێتە هۆی دروست بونی قەیرانی دارایی و ئابوری.**

**٣- دەستوەردانی حکومەت لە دیاریکردنی سیستەمی (الأئتمان)[*]: ئەم دیاردەیە زیاتر لە دەوڵەتانی جیهانی سێدا هەیە کاتێ حکومەت دەستوەردان دەکات لە دانانی نرخی سوود بەکەمتر لەو نرخەی کە لە بازاڕی ئازاددا هەیە، ئەمەش زیاتر بۆ سوودمەند بوونی سیاسیەکان و بالأدەستەکان لە قەرزی بانکەکان، ئەم دەستوەردانەش بانکەکان ڕووبەڕوی زیان و مەترسی مایەپووچ بوون دەکاتەوە و پرۆسەی گەشەی ئابوری ڕادەگرێت و قەیرانی دارایی و ئابووری دروستدەکات.**

---

[1] حمیشي فهیمة، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣.

[*]أصول: اصولی جێگیروەکو سەرمایە جێگیرەکانی بانك لە زەوی و بینا و ئامێرو شتی بەنرخ و هۆکانی گواستنەوە، سەرەڕای اصولی ئالۆویَر کە دەتوانرێ بگۆڕدرێ بۆ پارەی کاش لە ماوەی سالێك کەمتروەکو کەل و پەل و وەبەرهێنانەکان و قەرزەکانیان و وەرگیراوەکان. وە اصولی جێگیری نامادی هەیە وەکو هێمای بازرگانی و ڕیکلام و ناوبانگ و مافی بلاوکردنەوە و داهێنان. خصوم هەرچی قەرزو پارە و موچە و خەرجییەك هەیە لەلات و هی کەس و لایەنی ترەو پێویستە بدرێت لە داهاتووی نزیك و دور. (أزهار عبد الغني، انواع الاصول والخصوم وحقوق الملكية، على موقع الالكترونی التالي sotor.com/أنواع-الأصول-والخصوم- وحقوق-الملكية ، في ٢٠٢١/٨/٨)

[*]الائتمان: پێدانی بڕێك پارەیە لەلایەن بانکەوە بۆ کەسێك یان کۆمپانیایەك یان وەبەرهێنەرێك بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بەڕێژەیەك لە سوود کە سالأنە لێی وەردەگیرێتەوە. لە بەرامبەریشدا سەنەدێکی یاسایی یان کۆمپیالەیەك یاخود تاپۆی مولکێکی لێ وەردەگیرێت کە لە ژێر ڕەهنی بانکەکەدا دەبێت، کاتێك لایەنی دووەم نەیتوانی پارەکە لەکاتی خۆیدا بگێڕێتەوە سەنەدەکە یاخود مولکەکە بەفرۆشتنی ئاشکرا لەلایەن دادگاوە دەفرۆشرێ و بانکەکە بڕە پارەکەی خۆی لێ هەڵدەگرێتەوە. (زغاشو فاطمة الزهراء، اشكالية القروض المستعثرة، رسالة ماجستر، الجزائر، ٢٠١٤، ص ٣).

- لاوازی سیستەمی ژمێریاری و چاودێری و نەبوونی شەفافیەت و زانیاری: لە بانکەکانەوە بیگرە تادارایی وڵات، بەو پێیەی گرنگترین مەرجی بازاڕی ئازاد و سیستەمی سەرمایەداری دابینکردنی هەلی یەکسانە بۆ هاووڵاتیان بەگشتی و وەبەرهێنەران بەتایبەتی تاخاوەنی سیستەمی چاودێری و ژمێریاری پێشکەوتوو بن و شەفافیەت و زانیاری و داتای پێویستی دارایی و ئابوورییان لەبەردەستابێت، تانەکەونە هەڵەوە و فێڵیان لێ نەکرێت، هەروەها بڕیاری دروست بدەن لە وەبەرهێناندا و، ڕووبەڕووی مەترسی و داڕوخانی دارایی نەبنەوە و بەدوربن لە تیاچوون و شکست و ئیفلاس بوون، کەواتە لاوازی سیستەم هۆکارە بۆ ڕودانی قەیرانی دارایی و ئابوری [1] .

ج - لاوازی دەستەی کارگێڕی: کەمتەرخەمی و لاوازی دەستەی کارگێری و بڕیار بەدەست لە دارایی بانکێکەوە بیگرە تاوڵاتێك جا بەمەبەست بێت وەکو گەندەڵی یان بێ مەبەست وەکو کەمی شارەزایی، هۆکارن بۆ ڕوودانی قەیرانی دارایی و ئابوری، هەندێ جار کارگێرییە باڵا بەدەستەکان و تەکنیکیەکان زانیاری وردی قەرز و خەرجی و تیاچونە داراییەکان بۆ چەندین ساڵ دەشارنەوە تائەو کاتەی ئابڕوو چوونی گەورەی دارایی و ئابوری بەدوادا دێت و ئاشکرا دەبێت ئەو کاتەش کار لەکار ترازاوە.

د - زۆربون و بڵاوبونەوەی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی و پیشەیی: وڵاتان و بەتایبەت جیهانی سێ بەدەست ئەم دیاردەوە دەناڵێنێت کە خراپ بەڕێوەبردنی سەروەت و سامانی وڵاتە.

ك - جەنگە ئابورییەکان و هەواڵ و پڕوپاگەندەی نادروست، وەکو ئەوەی لە نێوان دوو ئابوری گەورەی جیهانی وەك چین و ئەمریکادا هەیە، ئەمانە کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ئابوری جیهان و دروست بونی قەیرانی دارایی و ئابوری.

ل - بارودۆخی جەنگ و ناسەقامگیری باری سیاسی و سەربازی، هۆکاری گەورەن بۆ شڵەژان و تێکچونی باری دارایی و ئابوری و زیادبونی خەرجییەکانی وڵات و دروست بوونی قەیرانی دارایی و ئابوری.

ن - هەمەجۆر نەبونی سەرچاوەکانی بەدەستهێنانی داهات و هەبونی کەلێنی گەورە لە نێوان سێکتەری دارایی و سێکتەرە ئابورییەکان و، هاوسەنگ نەبون و هاوتەبا نەبونیان.

و - لاوازی ئاستی وەبەرهێنان و پیشەسازی ناوخۆیی و، گواستنەوەی دەستهات و قازانجی پرۆژە بیانییەکان بۆ دەرەوەی وڵات کە بەلێچوون (التسرب) هەژماردەکرێت لە ئابوری وڵاتدا.

ی - کەمبونەوەی مەرج و بنەماکانی پێدانی قەرز کە بۆتە هۆی فراوان بوونی و زیادەڕەوی لە قەرزکردن لەلایەن هاووڵاتیان و حکومەتەکانەوە بەبێ گوێدانە قەبارە و سووی قەرزەکە لەلایەك و، تواناو کاتی دانەوەی قەرزەکە

[1] زينة نعمة سويهي، الازمة الاقتصادية في الفكر الاقتصادي تحليل المقريزي انموذجا، رسالة ماجستر، جامعة القادسية، كلية الادارة والاقتصاد، ٢٠١٧، ص ٤٨.

لەلایەکی ترەوە، ئەمەش بەهۆی لاوازی ئاستی ڕۆشنبیری ئابوری لای تاکەکانی کۆمەڵگەو لای حکومەت و، پەیوەست نەبونیان بەبنەما ئابورییەکان بۆ ڕاگرتنی هاوسەنگی لە نێوان داهات و خەرجییەکانیان [1].

## باسی دووەم: قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان و هۆکارەکانی

### یەکەم: قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان

ئابوری کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو سامانە سروشتیەی کە هەیەتی، بەلاّم لە ڕووی ئابورییەوە بەیەکێك لە ئابورییە لاوازو وابەستەو داگیرکراو و لێك دابڕاو و، دواکەوتوو و هەژارەکان دەژمێردرێت، بەو پێیەی سروشتی تایبەتی ئابورییەکەی ئەوەیە یەکگرتوو نییەو لە نێوان چوارولاّتدا دابەش بووەو لێکیان دابڕیوە، بەم جۆرە هەر پارچەیەکی کوردستان لە باری ئابورییەوە لە پارچەکانی دیکە جیابۆتەوە و هەر بەشەی پشتی داوە بەئابوری ئەو ولاّتەی کە خراوەتە سەری [2].

کەواتە هۆکاری دواکەوتوویی ئابوری کوردستان وابەستە بوونیەتی بەئابوری ئەو ولاّتانەی کوردستانیان لەنێواندا دابەشکراوە، لە لایەکی تریشەوە ئەو چوارولاّتە خۆشیان وابەستەی ئابوری ولاّتانی تری گەورە سەرمایەدارن و ئابورییەکی لاوازیان هەیە، شوێنی جیۆگرافی هەرێمیش لە نێوان ئەو ولاّتانەدا واهەڵکەوتوە، ناوچەکانی دورە دەست و دور لە خزمەتگوزاری و ئاوەدانکردنەوە و سنوری ئاویشیان نییە، ئەو ولاّتانە خۆیان بەپاشکەوتوو دانراون بۆیە ناوچە کورد نشینەکانیش لەو ولاّتانەدا ناوچەی پاشکەوتوترن و لەڕوی ئابوریشەوە زۆر ناچالاکترن و خەڵکەکەشی هەژارترن [3].

تا ئێستاش ئابوری هەرێمی کوردستان/عێراق کە (٣١) ساڵە لە ژێر حوکمڕانی کوردو حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە بەگشتی یەکێکە لە تەوەرە تەمومژاوییەکان، ڕەنگە هۆکار زۆر بێت بەلاّم لەسەروو هەموویانەوە بەهەند وەرنەگرتنی ڕۆڵی ئابوریناسانە لە بیناکردن و ئاڕاستەکردنی ئابوری کوردستاندا، لە کاتێکدا خاوەنی چەندین زانکۆ و ناوەندی زانستییە لە بواری ئابوریدا، بۆیە پێویست بوو ڕۆڵ و ڕاو پێشنیارەکانیان بەهەند وەربگیرایە تا ڕووبەڕوی قەیرانی دارایی و ئابوری نەبوینایەتەوە. یەکێك لەو دەلاقە گرنگانەی دەرگا والاّ دەکات

---

[1] رازي محي الدين، مسببات الازمات المالية العالمية ومنعكساتها، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، مجلد ٢٩، عدد ٢، ٢٠١٣، ص ٤٢٦.

[2] عبدالرحمان قاسملو، کوردستان و کورد، و عبداللە حسن زادە، چاپخانەی رۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠٠٧، ل ١٠٢ - ١٠٣ .

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٠٤.

لەبەردەم پسپۆڕانی ئابوری تا قسەی خۆیان بکەن قەیرانی دارایی و ئابوری ئەمڕۆی هەرێمە، قەیرانی ساڵی (٢٠١٤)و ساڵانی دواتر گرنگە چونکە گوشارو لێکەوتەی زۆری هەیەو لە ڕوی کاتیشەوە زۆری خایاندوە، بۆ توێژەرانیش گرنگە تابتوانن هەستن بەدەرخستنی دیوە خراپەکانی ئابوری ئەم هەرێمەو خستنەڕوی هەموو ئەو کێشانەی کە هەیەتی بەشێوەیەکی زانستی و بابەتیانە و پێدانی چارەسەرو ڕاسپاردەکانیان بۆ کاربەدەستان [1].

بەئاوڕدانەوەیەکی مێژویی بۆ ئابوری هەرێمی کوردستان دەبینین لە ساڵی (١٩٩١) بەدواوە گۆڕانی گەورەی بەسەرداهات، لە ئابورییەکی ژێردەستی دەوڵەتی عێراقییەوە کە بەئابوری نیمچە سۆشیالیستی و گشتی و سەنترالی ناسرابوو ، وەرچەرخا بۆ ئابوری نیمچە سەرمایەداری ڕوو بەبەرەی ڕۆژئاواو جیهانی سەرمایەداری و گرنگیدان بەکەرتی تایبەت لەبری کەرتی گشتی. بەلاّم دیوە نەرێنییەکەی ئابوری سەرمایەداری سوودی لێ وەرگیرا، وەکو خستنەگەڕی زۆرینەی دارایی و ئابوری ئەم هەرێمە بۆ خۆ دەوڵەمەندکردنی ژمارەیەك حیزب و بەرپرس و کۆمپانیا، پاشان بلاّوبوونەوەی پەتای گەندەڵی و ناشەفافی لە داهات و خەرجیەکان و، سپی کردنەوەی پارە و دروستنەکردنی ژێرخانی ئابوری ئەم هەرێمەو، چاکسازی نەکردنی ڕاستەقینە تیایدا، ئەمە جگە لە دەیان کەلێن و ناتەواوی تر لە بەدامەزراوە نەکردن و سەروەر نەبوونی یاسا و پەیڕەو نەکردنی سیستەمی دادپەروەری کۆمەلاّیەتی و یاسایی بۆ هەموو چینەکانی کۆمەڵگە وەك یەك.

گەر سەیری ئابوری هەرێمی کوردستان بکرێت بەو شێوەیە دەبینرێت، کەهەر لە سەرەتای (١٩٩١) ەوە بەکێشەو گرفت و قەیران و گەمارۆی ئابوری دەستی پێکردو، هاولاّتیان لەو ساڵانەدا برسیەتی و هەژاری زۆریان چەشت، دوای دەرچونی بڕیاری (٩٨٦)ی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی (١٩٩٥)دا کە بەبڕیاری نەوت بەرامبەر خۆراك ناسرابوو، تاڕادەیەك باری سەرشانی خەڵك سووك بوو، بەلاّم هەژاری بەردەوام بوو تا ساڵی (٢٠٠٣)و پرۆسەی ئازادی عێراق، لە ساڵی (٢٠٠٤)ەوە ئەم ئابورییە سەردەمی زێڕینی خۆی دەست پێدەکات و بودجەی ١٧٪ی لە بەغدادەوە بۆ دێت تا ساڵی (٢٠١٤)، ئاشکرایە بەپێی ئامارەکان لەماوەی ئەو (١٠) ساڵەدا زیاتر لە (٧٥ ملیار دۆلار)ی بۆ هاتووە، لەلایەکی تریشەوە هەرێمی کوردستان دوای پرۆسەی ئازادی توانی وەبەرهێنان ڕابکێشێت بۆ خۆی،

[1] کامران احمد حمە و ئەوانیتر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٥.

بەهۆی ئەو سەقامگیری و ئاسایشەی هەیبوو، لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٦- ٢٠٢١) قەبارەی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان گەیشتە (٥٣ ملیار دۆلار) بەپێی ئامارەکانی دەستەی وەبەرهێنان لە هەرێم، جگە لە داهاتی ناوخۆ و داهاتی گومرگەکان تەنها داهاتی فرۆشی نەوت بەبۆری بۆ بەندەری جەیهان لە تورکیا نزیکەی (٤٠) ملیار دۆلار بووە، واتە کۆی ئەو بڕەی لە بەغداد و ئەوەشی لە فرۆشی نەوت بەبۆری دەستی کەوتووە (١١٥) ملیار دۆلار بووە .[1]

بەڵام بەهۆی نەبوونی پلانی ئابوری و بەهۆی بەهەدەردان و گەندەڵییەوە، نەتوانرا بەو بودجەیە ژێرخانی ئابوری هەرێم ببوژێتەوەو پارەی پێویست لە بانکەکان و لەبەردەست حکومەت بێت بۆ بەرگرتن لەهەر قەیرانێك لە داهاتوودا، سەبارەت بە(٥٣) ملیار وەبەرهێنانیش لەکەرتە ئابورییەکاندا لەبەرئەوەی بەپێی تیۆری گەشەی ئابوری هاوسەنگ نەبووە نەتوانراوە وەك یەك گرنگی بەتەواوی کەرتەکان بدرێت، تادواتر ڕێگر بێت لەهەر قەیرانێك کە سەرهەڵدەدات.

## دووەم: هۆکارەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان

هەرچەندە هۆکارەکانی قەیران فرە جۆربن و لە وڵاتێکیشەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازبن، بەڵام هیچ قەیرانێك بێ پێشینە نییە و ڕەگوڕیشەی سەرهەڵدانی دەگەڕێتەوە بۆ مێژوویەك بەر لە ڕوودانی، لە سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان کۆمەڵێك فاکتەری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی و ناوچەیی بوونیان هەبووە، کە هەندێکیان ئابوری و هەندێکی تریشیان ڕامیارین، ئەو قەیرانانەی لە ئێستادا بوونیان هەیەو هەنوکەیین، ڕەگوڕیشەی ڕابووردویان هەیە، بۆیە لە گرنگترین هۆکارەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لەهەرێمی کوردستان ئەمانەی لای خوارەوە باسدەکەین:

١ - جەنگە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق و کاریگەرییە بەردەوامەکانی

جەنگ خۆی قەیرانەو هاوکات هۆکاریشە بۆ چەندین قەیرانی تر، بەو پێیەی پێویستی بەپارەدارکردنی زۆر هەیە بۆ دەستەبەرکردنی پێداویستییە جەنگییەکان، کاریگەرییەکانی جەنگ درێژخایەنەو زۆر کات و لە زۆر وڵات کێشەو قەیرانی دارایی و ئابوری گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە هاوکاتە لەگەڵ کاریگەرییە

---

[1] هەڵمەت محمد شکور ، دەسەڵاتی قوڵ نموونەی دۆخی هەرێمی کوردستان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7825 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١١.

کۆمەڵایەتییەکانی تری، بەتایبەت بۆ وڵاتێکی وەکو عێراق، کە جگە لە جەنگی نیو سەدە خەباتی ڕزگاری خوازی کورد لە باشوری کوردستان، تاکە وڵاتیشە تەنها لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابوردودا بەچوار جەنگی گەورەدا تێپەڕیوە، وەکو جەنگی ٨ ساڵەی عێراق - ئێران و، جەنگی کوەیت ساڵی ١٩٩١ و، جەنگی پرۆسەی ئازادی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ و، جەنگی دژ بەداعش ساڵی ٢٠١٤، هەروەها شەڕی چەند ساڵەی ناوخۆیی و تایفی، بەو پێیەی هەرێمیش بەشێکە لە عێراق بۆیە ڕەنگدانەوەی نەرێنی ئەو جەنگانە دووهێندە بووە لەسەر هەرێم، ئەمە جگە لە بوونی شەڕی براکوژی لە هەرێم لە نەوەدەکانی سەدەی ڕابوردودا بەتایبەت لە ساڵی ١٩٩٤ بۆ ساڵی ١٩٩٨ و ساڵانی دواتریش گرفت و ململانێی ڕامیاری گەورە لە ناوخۆدا بوونی هەبووە.

گەر بەراوردێك بکەین لە نێوان ئێستاو ڕابووردودا، دەتوانین بەشێك لە هۆکارەکانی قەیرانەکانی ئێستای هەرێمی کوردستان بگەڕێنینەوە بۆ سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، کە سەرەتای دەستپێکردنی جەنگی عێراق - ئێران بووە، بەشێك لە زیانەکانی عێراق لە جەنگەکاندا خەمڵێنراوە بەنزیکەی (٧٥٪ داهاتی نەوت و ٣٧٪ی داهاتی نەتەوەیی عێراق) لەو کاتەدا، ئەم جەنگە زیانی گەورەی هەبووە بۆ عێراق بەگشتی و تەنها زیانە ئابورییەکان بە(٤٥٢) ملیار دیناری ئەو کاتە خەمڵێنراوە، ئەمەش فاکتەرێکی بەهێزبوو بۆ دارمانی ئابوری عێراق، ئەم برە پارەیەش لەساڵی (١٩٨٠ -١٩٨٨) دا بەرامبەر (١٠) ئەوەندەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی بەگشتی دەوەستێتەوە، وەستانی جەنگ لە عێراق زۆر ناخایەنێت و لە ١٩٩٠/٨/٢ دا پەلاماری وڵاتی کوێتیش دەدات بەنیازی ئەوەی بیکاتە پارێزگایەکی عێراق و زیانە ئابورییەکانی قەرەبووبکاتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە ئەوەبوو وڵاتانی دونیا هێرشیان کردە سەر سوپای عێراق و لەو وڵاتە دەریان پەڕاند، بەشێوەیەکی گشتی زیانە مرۆیی و ئابورییەکانی ئێجگار زۆرو بێشومار بوو، زیانە ئابورییەکانی دواتر بە(٧١) ملیار دۆلار مەزەندە کرا [1].

هاوکات لەگەڵ ئەمەشدا گەمارۆی ئابوریان خستە سەر ڕژێم و گەلانی عێراق، ئەمەش بووە فشارێکی زۆر لەسەر هاونیشتمانیانی ئەم وڵاتە بەگشتی، لەئەنجامی ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستانی عێراق لە ساڵی ١٩٩١ دا، کوردستان ڕووبەڕوی گەمارۆی ئابوری دووەم بووەوە لەلایەن ڕژێمی ئەو کاتەی عێراق، بەمەش ڕۆژ بەڕۆژ بارودۆخی ئابوری خەڵکی هەرێمی کوردستان بەرەو خراپتر ڕۆیشت، بەجۆرێك ئاستی ئابوری ناوچەکە گەیشتە ئەوپەڕی نزمبوونەوە، بەڵام دواترو پاش بڕیاری (٩٨٦)ی ١٩٩٥/٤/١٤ ی نەوت بەرامبەر خۆراکی نێوان حکومەتی عێراقی و نەتەوە یەکگرتوەکان کەمێك بوژانەوە ڕویدا [2]. هەروەها لە ڕابووردودا زیانێکی تری ئابوری و مرۆیی گەورە بەر هەرێمی کوردستان کەوتبوو ئەویش کیمیا بارانکردنی شاری هەڵەبجەو شەهیدکردنی (٥٠٠٠) مرۆڤ و، کیمیا بارانکردنی هەندێ ناوچەی ترو، دەست پێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال و لەناوبردنی (١٨٢,٠٠٠) هەزار هاوڵاتی کورد لە کوردستان، ئەمەش هاوکات بوو لەگەڵ وێرانکردنی نزیکەی (٤٥٠٠ - ٥٠٠٠) گوندو

---

[1] کوردستان عومەر محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣٨.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل ١٤٠.

ڕاگواستنی خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگەی زۆرە ملێ و دانانی ئەو ناوچانە بەناوچەی قەدەغەکراو لەساڵی ١٩٨٧ - ١٩٨٨ دا [1] .

سەرەتاکانی ساڵی (٢٠١٤) جەنگی داعش دروست بوو، زیانە ڕاستەوخۆکانی بەئابوری وڵات بە(١٠٠ - ٢٠٠) ملیار دۆلار مەزەندە کراوە، وە بەپێی هەندێك داتاو زانیاری قەرزەکانی سەر عێراق بەهۆی جەنگەکانەوە هاوتای نیوەی کۆی یەدەگی نەوتی عێراقە، جگە لە زیانی مرۆیی زۆر کە بەنزیکەی (٤٠ هەزار) شەهیدو دەیان هەزار بریندار دەخەملێنرێت، ئەمە جگە لە کاریگەرییە ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی جەنگ کە بەردەوامی و درێژەیان هەیە و هۆکارێکن بۆ زۆرێك لە قەیرانەکانی ئێستا [2] .

٢- بەدامەزراوە نەبوونی دەوڵەت و لاوازی عەقڵییەتی بەڕێوەبردنی وڵات

بەدامەزراوە بوونی دام و دەزگاکان تاڕادەیەکی زۆر ئارامی ئابوری و ڕامیاری بۆ وووڵاتە پێشکەوتوەکان فەراهەم کردووە، بەڵام بەگشتی بۆ وڵاتانی ترو بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان بنەمای بەدامەزراوە بوونی دامەزراوەکان لە ئاستێکی لاوازدایەو لەمپەر هەیە لەبەردەمیدا، بەو پێیەی دەسەلاتێکی نافەرمی هەیە کەدەسەلاتی حیزبی فەرمانڕوایەو بەدەسەلاتی قوولّ یادەسەلاتی هاوتەریبی حکومەت لەقەڵەم دەدرێت و بەهێزتریشە، ئەویش دەسەلاتی دوو حیزبی دەسەلاتدارە لە ناو حکومەتی هەرێمدا، لە پێناسەی دەسەلاتی قووڵدا هاتووە بریتییە لە (بوونی دەسەلاتی ناڕوونی نهێنی و تەریب بەحکومەتێکی ئاشکراو شەرعی) یا بریتییە لە (دەسەلاتی کۆمەڵێك لە پێناو بەرژەوەندی سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتی و ئابوری تایبەت کاردەکەن لەلایەن چەند کەس و گروپێکەوە کۆنترۆڵ دەکرێن و، بەرگری لە بەدەستهێنانی بەرژەوەندی خۆیان دەکەن بەرێگەی نایاسایی، زیانەکانی درێژ دەبێتەوە بۆ ناو پرۆسەی سیاسی و ئەویش تووشی داڕوخان دەکات)[3] . لەبەر ئەم هۆکارەو بوونی هۆکاری تریش، هەرێم بەبەردەوامی لە بازنەیەکی قەیراناویدا دەخولێتەوە، خراپی بەڕێوەبردنی وڵات و نا دادپەروەری و گەندەڵی و بەرژەوەندی تایبەت و باڵادەستی حیزب بەسەر کاروبارەکانی حکومەتدا کۆمەڵە هۆکارێکن لە پشت سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان.

دەبینین کاتێکیش لەژێر فشاری شەقامدا چەند هەنگاوێك نراون لەلایەن کابینەکانی حکومەتی هەرێم بۆ

---

[1] باسنيوز، جريمة الانفال ادت الى مقتل ١٨٢ الف انسان كردي، على موقع الالكتروني التالي https://www.basnews.com/ar/babat/682072 في ٢٠٢١/٧/٣١. و موقع ويكيبيديا، حملة الانفال، على موقع الالكتروني التالي ar.wikipedia.org/wiki/حملة-الأنفال ، في ٢٠٢١/٧/٣١.

[2] احمد الدباغ، في الذكرى الثالثة للنصر تعرف على حصيلة خسارة العراق بحربه ضد تنظيم الدولة وما تحقق من إعمار، على موقع جزيرة نيت التالي، www.aljazeera.net/news/2020/12/10/ثلاث-أعوام-على-إعلان-النصر-على-تنظيم، في ٢٠٢١/٦/٢٣.

[3] هەڵمەت محمد شکور ، سەرچاوەی پێشوو .

چاکسازی تەنها ڕوکەش بووەو بیریان لە بەڕێوەبردنی کورتخایەن و کورت کاتی کردۆتەوە نەك بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی خاوەن ژێرخانی ئابورییەکی پتەوو دوور مەودا، ئەوەی بەڵگەیە لەسەر خراپ بەڕێوەبردنی ئابوری هەرێمی کوردستان ئەوەیە لە نێوان سالانی (٢٠٠٧ - ٢٠١٤) خاوەنی نزیکەی ١٠٤ ملیار دۆلار بووە، بەلام بەپێی ڕاگەیەندراوی سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان(مەسرور بارزانی) لە سالی (٢٠٢٠)دا، هەرێمی کوردستان زیاتر لە (٢٨) ملیار دۆلار قەرزدارە، ئەمە لەکاتێکدایە هەرێم خاوەنی داهاتی نەوتی و نانەوتیشە، ئەم ژمارانە ئەوەمان پێدەڵێن کە ئەوەندەی گرفتی بەدامەزراوە بوونی دەوڵەت و نەبوونی عەقلییەتی بەڕێوەبردنی ئابوری هەبووە نیو هێندە گرفت و قەیرانی دارایی و ئابوری نەبووە [1]. کەواتە شەڕی داعش و دابەزینی نرخی نەوت و هاتنی ئاوارەکان و بلاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا تەنها پاساونین بۆ ئەو قەیرانەی حکومەت و هەرێمی تێ کەوتووە، بەڵکو بەشێکی گەورەی قەیرانەکە شێوازی ئیدارەدانی حکومڕانی هەرێم بووە [2].

٣- بوونی ژمارەیەکی زۆر لە فەرمانبەرو خانەنشین و هێزی ئەمنی کە موچە لەحکومەت وەردەگرن، بەشێوەیەك زیاتر لە (٧٥٪)ی بودجەی حکومەت بۆ موچەی ئەوان دەڕوات، بوونی (١,٢١٩,٩٢٢) موچە خۆر ئەوەی لە بایۆمەتری تۆمار کراوە [3]. ئەمانە زۆرینەیان بەشێوەی هەڕەمەکی کراون بەموچەخۆر یا دامەزرێنراون لە ئەنجامی بوونی کێبڕکێ لەنێوان دوو حیزبی بالادەست بۆ زیاتر ڕاکێشانی خەڵك و دەستکەوتی حیزبی، هەشیانە کارناکەن و بە(بطالة المقنعة)و بندیوار دەژمێردرێن، ژمارەیەك لەمانە لە ئەوروپا و ئەمریکا و ئێران و تورکیا و سوریا دەژین و موچە لەحکومەتی هەرێم وەردەگرن، ژمارەیەکیش تەنها بۆ وەرگرتنی موچەکانیان ڕوودەکەنە فەرمانگەکانیان، ژمارەیەکی گەورەش خانەنشین کراون بەبێ ئەوەی شایستە بن، مانگانە بەکۆی گشتی نزیکەیی (٩٠٠) ملیار دینار بەبێ لێبڕین پێویستە بۆ پێدانی موچە پێیان، لە کاتێکدا وەبەرهێنان و خزمەتگوزاری کەمتر (٢٥٪)ی بۆ تەرخاندەکرێت، ئەم بەموچە خۆرکردنەی دانیشتوان لە ڕابووردو و ئێستاشدا بوەتە هۆی چۆڵبوونی گوندەکان و کۆچکردنیان بۆ شارەکان، کە چەندین ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە بەتایبەت لەسەر کەمبوونی بەرهەمی ناوخۆو، دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆیان لەناو سەنتەری شارەکان [4].

---

[1] ابراهيم صالح، ديون كردستان العراق أكثر من ٢٨ مليار دولار، وكالة الاناضول التركية، على موقع الالكتروني التالي، الرابط/اقتصاد/بارزاني-ديون-كردستان-العراق-أكثر-من-٢٨-مليار-دولار/١٩٩٦١٤٣/www.aa.com.tr/ar. في ٢٠٢١/٦/٢٣.

[2] هەڵمەت محمد شکور، سەرچاوەی پێشوو .

[3] GKTV، بایۆمەتری ژمارەی ڕاستەقینەی موچەخۆرانی هەرێمی دەرخست، ٢٠٢٠/١/٢٢، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=91028 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/٤.

[4] حسين زەنگەنە، اسباب الازمة الاقتصادية في اقليم كوردستان و سبل الخروج منها، على موقع الالكتروني التالي https://kitabat.com/2017/01/28/، في ٢٠٢١/٣/١.

### ٤ - گەندەڵی و فراوانبوونی ئاست و جۆرەکانی

لەگەڵ پەیدابوونی دەسەڵات و سیاسەت و حوکمڕانی لە نێو وڵاتانی جیهان، هەرسێ جۆرەکەی گەندەڵی (ڕامیاری و کارگێڕی و ئابوری)بوونیان هەبووە، لە نێو ئەمانیشدا وڵاتە دواکەوتوەکان زۆرترین پشکیان بەردەکەوێت و لە ڕیزی هەرە پێشەوەی گەندەڵێدان، کۆمەڵگەی کوردیش بەدەرنییە لەم دیاردەیە و ڕۆژ بەڕۆژ لە کوردستاندا ئەم دیاردەیە زیاترو زیاتر دەبێت، ڕاپۆرتەکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی جیهانی ئەوە دەسەلمێنن کە وڵاتی عێراق بەهەرێمی کوردستانیشەوە مێژویەکی کۆنیان هەیەو لەڕیزی پێشەوەی وڵات و هەرێمە گەندەڵەکانن.

ئەوەی گەندەڵی کوردستان بەهەرسێ جۆرەکەی (ڕامیاری و کارگێڕی و ئابوری) لە گەندەڵی وڵاتانی تر جیادەکاتەوە ڕەوشی ناوخۆی هەرێم و ئیرادە و میکانیزمەکانی ڕووبەڕووبونەوەی ئەو پەتایەو ڕەوشی وڵاتانی ناوچەکەو نێودەوڵەتییە، کوردستان لە بنەڕەتدا هەرێمێکی ناسەقامگیرە، گەندەڵی و ئەو ململانێ و ناکۆکی و بەرژەوەندییانەی گەندەڵی دروستی دەکات هەڕەشەی ڕاستەقینە لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان و پێکەوە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکات، لەلایەنی ئابوریشەوە سامان و دەرامەتێکی زۆری وڵات بەفیڕۆ دەدات و گەورەترین و مێژوویترین دەرفەتی گەشەسەندنی ئابوری لەدەست کوردستان دەدات، مێژوونوسی بەریتانی (لۆرد ئاکتن، ١٨٣٤ - ١٩٠٢) دەڵێ: هەموو دەسەڵاتێك نیازی گەندەڵی هەیە، بەڵام دەسەڵاتی ڕەها سەد دەر سەد گەندەڵی دەکات، (بورهان غەلیونی) سوری دەڵێ: دەسەڵاتی ڕەها واتە گەندەڵی ڕەها، گەندەڵی نەك تەنها سیستەمی ئابوری ئیفلیج دەکات، بەڵکو سیستەمەکانی تریش دووچاری نەخۆشی ئێسکەنەرمە دەکات و هەرگیز ڕێگەیان پێنادات بکەونە سەر پێ و بەرەو پێشەوە هەنگاو بنێن، لەلایەنی کۆمەڵایەتیشەوە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و چینایەتی هێندەی تر فراوانتر دەکات، گەندەڵی ناوبانگی هەرێمی کوردستان دەشێوێنێت و دەرفەتی هاوکاری و پشتیوانی نێودەوڵەتی لەدەست دەدات [1].

(بەرهەم صالح) سەرۆك کۆماری عێراق لە (٢٠٢١/٥/٢٣) ڕایگەیاند لەساڵی (٢٠٠٣)ەوە (١٥٠) ملیار دۆلاری عێراق بەگەندەڵی براوەتە دەرەوەی عێراق و بەیاسا هەوڵی هێنانەوەی دەدەین، بەڵام هاوڵاتیانی عێراق و پسپۆڕان دەڵێن زیاد لە (٣٠٠) ملیار دۆلار دزراوەو هەوڵدانیش بۆ گێڕانەوەی هیچی لێ سەوز نابێت و هیچ بڕە پارەیەکیش ناگەڕێتەوە بۆ خەڵکی عێراق [2] .

هاوکات بەراڤەکردن بۆ هەردوو لایەنی داهات و خەرجی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠١٤)

---

[1] ڕۆزە عەبدوڵلا شەریف، ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٧٦.

[2] محمود المفرجي، الفساد في العراق، على موقع الالكتروني التالي baghdadtoday.news/ar/news/154975/الفساد–الافة-التي-يئن-م، في ٢٠٢١/٦/٢٣.

سەرەڕای ئەوەی داهاتێکی زۆری لەبەردەستا بووەو داهاتەکەی بەردەوام لە زیادبووندا بووە، بەڵام بژێوی هاوڵاتیان و ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە ئاستی پێویستدا نەبوون، چاوەڕوان دەکرا هەرێمی کوردستان بودجەکەی زێدە ڕێژی تێدا بێت و داهاتی یەدەگی هەبوایە بۆ ڕۆژانی دواتر نەك لاسەنگی و کورتهێنان و سەرهەڵدانی قەیرانی دارایی و ئابوری یەك لەدوای یەك، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆچی داهاتەکانی هەرێمی کوردستان هەر لە زیادبووندا بوون بەلاّم خەرجی و جۆری خزمەتگوزارییە گشتییەکان لە کەمبوونەوەدان و قەیرانەکان بەردەوام لە هەڵکشاندان، بەو پێیە دەردەکەوێت هەرێمی کوردستان کێشەی کەمی داهاتی نییە بەڵکو کێشەی بەفیڕۆدانی داهات و گەندەڵی هەیە [1].

٥- پشت بەستن بەئابوری تاك سەرچاوە

ئابوری عێراق و لە ناویشیدا هەرێمی کوردستان تاك لایەنە لەڕووی پەیداکردنی داهاتەوە، (٩٩٪)ی هەناردەی عێراق پشتی بەنەوت بەستووە، ئەو داهاتەشی کە دێتەوە بۆ عێراق لە فرۆشتنی نەوت (٨٤٪) بۆ خەرجی گشتی دەڕوات و ئەوەشی دەمێنێتەوە بۆ خەرجی لە بواری وەبەرهێنان دەچێت [2].

بارودۆخەکە بۆ هەرێمی کوردستانیش هەر بەوشێوەیە، چونکە بەگشتی پشت دەبەستێت بەداهاتی نەوت، جا لە ڕێگەی پشکی هەرێم بێت لە داهاتی نەوتی عێراق یان لە ڕێگەی فرۆشتنی ڕاستەوخۆی نەوتی هەرێم بێت، لە هەردوو حاڵەتەکەو لەباشترین ئاستدا ئابوری وولاّت نائارام و نالەبار دەبێت، چونکە نرخ و داهاتی نەوت ناجێگیرەو لە بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەدایە و هەڵکشان و داکشان زۆر دەکات، ئەم حاڵەتە کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر سەرجەم ولاّتانی بەرهەمهێنی نەوت و بەتایبەت ئەو ولاّتانەی تاك سەرچاوەن و پشتیان بەنەوت بەستووە وەك عێراق و هەرێمی کوردستان، لە ڕاستیدا لە هەرێمی کوردستان (٧٠- ٧٥٪)ی بودجەکەی بۆ خەرجی بەکاربردن بووە و کەمتر لە (٣٠٪)ی بۆ خزمەتگوزاری و وەبەرهێنان چووە، وەبەرهێنانیش زیاتر لە بواری نیشتەجێبوون کراوە لەبەرژەوەندی هەندێ کەس و کۆمپانیا بە نرخی گران و بۆ چینی سەروو مامناوەند زیاتر ، ئەوەشی لەبواری پیشەسازی و لەبواری گەشتوگوزار بووە وەك پێویست نییە و کەمترینیشی لە بواری کشتوکاڵ و پەروەردە و تەندروستی و خزمەتگوزاریدا بووە، لە کاتێکدا ئەمانە پێویستن بۆ فرەدارکردنی سەرچاوەکانی داهات.

لە لایەکی تریشەوە لە هەرێم ئەوەندەی خراپی بەکارهێنان و بەفیڕۆدانی داهاتی گشتی و ناشەفاف بوون هەیە لە پارەی نەوت، نیو هێندە گرفتی کەمی بەرهەمهێنانی نەوت و دابەزینی نرخی نەوت لە ئارادا نییە، بۆ نموونە لە سەرەتای بەرهەمهێنانی نەوت نرخی بەرمیلێك نەوت خۆی لەسەرووی (١٠٠)دۆلاردا دەبینییەوە، بەلاّم

[1] کامران احمد حمەو ئەوانیتر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١١.

[2] عدنان حسين يونس و اخرون، واقع الاختلالات الهيكلية في الاقتصاد العراقي للمدة ٢٠٠٣-٢٠١٢، مجلة الادارة والاقتصاد، مجلد ٤، عدد ١٦، جامعة كربلاء، ص ١٢٠-١٢١.

هاوولاَتیانی هەرێمی کوردستان بەگشتی سوودمەندی تەواوەتی نەبوون لە بەرزی نرخی نەوت (ئەگەر بەشێك لە موچە خۆرانیش سوودمەند بوو بن ئەوا بەهۆی ئەوەوە بووە کە موچە خۆربوون، وە موچەش مافی سەرەتایی و بنەڕەتییە جا نرخی نەوت بەرز بووبێت یاخود نزم)، ئەمە جگە لەوەی هاولاَتی ئاسایی کە موچەخۆرنین هیچ سوودمەند نەبوون لەو داهاتە بەلێشاوەی نەوت، کاتێکیش نرخی نەوت دابەزی بۆ خوار (٣٠) دۆلار ئەوا ڕاستەوخۆ فەرمانبەران و خانەنشینانی هەرێم گرفتار بوون و موچەکانیان بۆ چەندین مانگ دواکەوت و پاشەکەوت کراو، بۆ ماوەی (٨) ساڵ لە قەیرانی دارایی و ئابوری بەلێبڕینی ٢١٪ تا٥٠٪ و ٧٥ ٪ موچە دابەشکراو گرەنتیش نییە بۆئەوەی دوبارەنەبێتەوە [1]، هەرچەندە لە ساڵی ٢٠٢١دا بەهۆی بەرزی نرخی نەوت و دابەزینی بەهای دیناری عێراقی بەرامبەر دۆلارو هاتنی ٢٠٠ ملیار دینار لە بەغدادەوە موچەی ساڵەکە هەمووی دراوە بەبێ لێبڕین.

٦ - لاوازی وەبەرهێنانی ناوخۆیی و پشت بەستن بەهاوردە کردنی شمەکی دەرەوە

بایەخپێدان و گرنگیدانی حکومەتی هەرێم تەنها بۆ کەرتی نەوت بووە، پشتگوێ خستنی سێکتەرە ئابورییەکانی ترو، تەماشا نەکردنی ئەو کەرتانە وەك کۆڵەکەو بنچینەی ئابوری ولاَت و فرەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات، ئەوا سەرەنجام بۆتە هۆی سەرهەڵدانی ئەو قەیرانە ئاڵۆز و فراوانانەی ئێستا هەرێمی کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، سەرەڕای ئەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی ڕوبەرێکی زۆری زەوی کشتوکاڵی بەپیتە، بەلاَم بەهۆی بایەخنەدان بەم کەرتە بەشێوەیەك کەمتر لە (٥٥٪)ی دادەچێنرێت و دەکرێت بەکشتوکاڵ بۆ بەرهەمهێنانی (سەوزە و میوە و دانەوێڵە و، پرۆژەی بەرهەمهێنانی بەروبومی ئاژەڵی و پەلەوەرو ماسی)، بەشێك لەم گرفتە دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی پلان و پاڵپشتی نەکردنی حکومەتی هەرێم بۆ هێشتنەوەی جوتیارەکان لە گوندەکان و پێدانی پەینی کیمیایی و دەرمان و بنەتۆو و، دواتریش وەرگرتن و ساغکردنەوەی بەرهەمەکانیان و خەرجکردنی کرێی گواستنەوەی بەرهەمەکانیان بۆ عەلوەکان و دابینکردنی ساردکەرەوە بۆیان، لە لایەکی تریشەوە بە موچەخۆر کردنی خەڵك و جوتیاری گوندەکان بە تایبەت بووە هۆی پشت گوێخستنی کشتوکاڵ، هاوکات بەشێکی تری دەگەڕێتەوە بۆ بەکارهێنانی بێ بەرنامە و زیاد لە پێویست لە زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ پرۆژەی نیشتەجێ بوون و دروستکردنی شەقام و ڕێگەوبان لەسەریان، هەروەها دروستکردنی خانوو ڤێللا لەلایەن هاوولاَتیانەوە لەسەر هەمان ئەو زەویانە، هەر لەبەرئەمەیە نزیکەی (٩٠٪) ی بەرهەمە خۆراکییەکان لە دەرەوە هاوردە دەکرێن، بۆ ئەم مەبەستە ساڵانە بەتێکڕا نزیکەی (٢٨) ملیار دۆلار لە داهاتمان بۆ ولاَتانی ئێران و تورکیا و ولاَتانی عەرەبی و ئەوروپی و بەرازیل و ئازەربایجان و ڕوسیا و چین و هیندستان و هەندێ ولاَتی تر دەڕوات. جێ ی ئاماژەیە ئەگەر ئەو بڕە پارە زۆرە لەناوخۆ خەرج بکرایەو بەرهەمی ناوخۆیی

[1] کامران احمد حمەو ئەوانیتر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٣.

پێ بەرهەم بهێنرایە، ئەوا تاڕادەیەکی باش دەبووە هۆی گەشەسەندنی ئابوری هەرێم و خۆڕاگرتنی لەبەردەم قەیرانە دارایی و ئابوری و تەنانەت ڕامیاریەکانیش، گەر سەیری پڕۆژەکانیش بکەین دەبینین لە کۆی (٩٦٦) پڕۆژەی مۆڵەت پێدراو لە هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٦-٢٠٢١)دا تەنها (٣٣) پڕۆژە کە دەکاتە نزیکەی لە (٣,٤٪)ی پڕۆژەکان لەبواری کشتوکاڵ بووە، لەکاتێکدا ژمارەی پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون لەهەمان ماوەدا بریتی بووە لە (١٨٤) پڕۆژە کە دەکاتە نزیکەی (١٩٪)ی کۆی گشتی پڕۆژە وەبەرهێنییەکان، بەلاَم نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت لە دەرەوەی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێم ژمارەیەك پڕۆژەی بچووکی تایبەت لە بوارە جیاجیاکانی وەکو پیشەسازی و کشتوکاڵ کراون لەسەر بودجەی کەس و کەرت و کۆمپانیای تایبەت [1].

٧ - بڕینی بەشە بودجەی (١٧٪)ی هەرێم لەلایەن بەغدادەوە لە ساڵی (٢٠١٤) دا

ئەمەش لەبەرئەنجامی سوربوونی هەرێم لەسەر ڕاکێشانی بۆری نەوتی هەرێم بۆ بەندەری جەیهان لە تورکیا وەك هەوڵێك بۆ بەسەربەخۆ فرۆشتنی نەوت و بونیادنانی پێگەیەکی ئابوری جیا بۆ هەرێمی کوردستان، کاردانەوەی حکومەتی عێراقیش بڕینی ئەو بودجەیە بوو کە مانگانە وەك پشکی هەرێم دەینارد، ئەمەش قەیرانی دارایی دروستکرد و لە ناوەڕاستی ساڵی (٢٠١٥)شدا بووە قەیرانی ئابوری و سەرجەم سێکتەرەکانی گرتەوە، بەجۆرێك (٨٠٪)ی پڕۆژەکانی کەرتی تایبەت وەستان کە بە(٣٨٠٠) پڕۆژە خەمڵێنران و نزیکەی (١٠٠٠) بەڵێندەرو وەبەرهێنەر مایەپووچ بوونی خۆیان ڕاگەیاند، بەتەنها لە سلێمانی (٣٥٠) کۆمپانیا ئیفلاس بوون [2]. وە بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان نزیکەی (٥٠٠٠) پڕۆژەی کەرتی گشتی و (٣٠٠٠) پڕۆژەی کەرتی تایبەت وەستاون، لە ئەنجامی وەستانی ئەم پڕۆژانەش هەزاران کرێکاری ناوخۆو بیانی بێکاربوون و هەزاران کۆمپانیای بچوك و مام ناوەند مایەپووچ بوون[3] .

٨ - دروست بوونی جەنگی دژ بە داعش

لە حوزەیرانی ساڵی (٢٠١٤)دا پاش داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە ئاڕاستەی جەنگەگە ڕوی لە هەرێمی کوردستانیش کرد، هێزی پێشمەرگەو سوپای عێراق بەهاوکاری هێزی هاوپەیمانان بەرەنگاری بوونەوەو تا پایزی ٢٠١٧ی خایاند، جارێکی تریش لە کۆتایی ساڵی (٢٠٢١)دا چالاك بوونەتەوەو بەشێوەی مەفرەزەی بچوك و بەپارتیزانی دەردەکەون، ئەم جەنگەش قەیرانی ئابوری هەرێمی قورستر کرد، بەوەی خەرجی جەنگ زۆرەو

---

[1] دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق، فەرمانگەی لێکۆڵینەوەو زانیاری، بەڕێوبەرایەتی زانیاری، لیستی پڕۆژەکان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://gov.krd/boi/publications/licensed-projects/ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١١.

[2] شۆرش قادر علی و یوسف عبید حمه امین، سەرچاوەی پێشوو، ص ٦١١.

[3] ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان ، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە، http://jcc.gov.krd/ku، ڕاپۆرتی ژمارە ٦، کانونی دووەم، ٢٠١٦، ل ٢.

تێچووەکەی لەسەر حکومەتی هەرێم زۆرتر بووە، چونکە خۆی لە قەیراندا بووە، ئەمە سەرەڕای زیانە مرۆییەکانی کە بووەتە هۆی شەهید بوونی (١٨١٦) پێشمەرگە و بریندار بوونی (١٠٧٢٩) پێشمەرگەی تر [1] و، لە کۆتایی ساڵی ٢٠٢١ دا (٢٢) پێشمەرگە و هاوڵاتی تر شەهید بوون.

٩ - ئاوارە بوونی ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتی سوری و عێراقی بۆ ناو هەرێمی کوردستان

ژمارەیەکی زۆری ئاوارە بەهۆی جەنگەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو وەك ناوچەو پەناگەیەکی ئارام، هەرچەند ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان هاوکاربوون لەگەیاندنی هاوکاری بۆ ئاوارەو کەمپەکانیان، بەڵام ئەوە بەرپرسیارێتی حکومەتی هەرێم بووە خزمەتگوزارییان بۆ دابینبکات، ئەمەش بارگرانییەکی تری سەر بودجەی گشتی هەرێمی کوردستان بوو، شەپۆلەکە بەهاتنی ئاوارە ناوخۆییەکان لە ساڵی (٢٠١٤)دا دەستیپێکرد و، بووە گەردەلولی قەیرانێکی مرۆیی تەواو، لە مانگی کانونی یەکەمی (٢٠١٤)دا (٢٢٥٠٠٠) پەناهەندەی سوری و (٩٤٦,٢٦٦) ئاوارەی ناوخۆیی عێراق هاتوونەتە هەرێمی کوردستان، ئەمەش ڕێژەی (٢٨٪)ی ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی پێکدەهێنێنا لەوکاتەدا [2].

بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان (٢٤٠,٠٠٠) هەزار ئاوارەی سوری و (١,٢٠٠,٠٠٠) ئاوارەی ناوخۆی عێراق لە هەرێمی کورستان ژیاون لە کانونی دوەمی (٢٠١٦)دا و ڕۆژانەش (٣٠٠- ٤٠٠) ئاوارەی تر ڕوویان لە هەرێم کردووە [3]. لە ئێستاشدا بەپێی ڕاپۆرتی کانونی دووەمی (٢٠٢١)ی هەمان ناوەند ژمارەی ئاوارەو پەنابەران لە هەرێمی کوردستان (٩٣٠,٦٣٥) هەزار کەسە، لەو ژمارەیە (٦٧١,٢٣٨) هەزار ئاوارەی ناوخۆی شارەکانی عێراقن و (٢٣٩,٤٧٦) هەزار کەس ئاوارەی سوری و (٨,٥٥١) هەزار کەس پەنابەری تورکی و (١٠,٥٧٢) هەزار پەنابەری ئێرانی و ئەوەشی دەمێنێتەوە پەنابەری فەلەستینی و وڵاتی جۆراوجۆرن و تەنها (٣٠٪)یان لە کەمپەکاندا دەژین و ئەوانی تر لەگەڵ خەڵکی هەرێم لەناو شارو شارۆچکەکاندا دەژین، بەشێوەیەك (٤١٪) یان لە پارێزگای هەولێرو (٤١٪) ی تریان لە پارێزگای دهۆك و (١٨٪) یان لە پارێزگای سلێمانی دەژین [4]. هەرچەندە ئەو ژمارەیە لە ئاوارە کاریگەری لەسەر جوڵانی بازاڕی ناوخۆی هەرێمی کوردستان هەبووە، بەڵام لەلاکەی

---

[1] جبار یاور، یکشف اعداد ضحایا الحرب ضد داعش، ANF NEWS، علی موقع الالکترونی التالي anfarabic.com/کردستان/جنوب-کردستان-الأمین-العام-لوزارة-البیشمرکة-یکشف-أعداد-ضحایا-الحرب-ضد-داعش-٥١٣٩٢، في ٢٠٢١/٨/١.

[2] حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەڵسەنگاندنی کاریگەری شەڕی سوریا و قەیرانی داعش لەسەر باری ئابوری و کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٥، بەردەستە لەسەر ئەم لینکە
HTTPS://DOCUMENTS1.WORLDBANK.ORG/CURATED/EN/271101468188655949/94032-KURDISH-PUB-PUBLIC-BOX391473B-KURDISTAN-ESIA-EXECUTIVE-SUMMARY-(KURDISH.DOCX)

[3] ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، سەرچاوەی پێشوو، کانونی دووەم، ٢٠٢١، ل ١.

[4] هەمان سەرچاوە.

تریشەوە هاتنی ئاوارەکان فشاری زیاتری خستە سەر ژێرخان لەنێویاندا کەرتەکانی ئاو، چارەسەرکردنی ئاوی پیس، کارەبا و گواستنەوە و گرانبوونی نرخی سوتەمەنی و زیادبوونی خاشاك.

١٠ - دابەزینی خواست لەسەر نەوتی خاو لە بازاڕە جیهانییەکاندا

دابەزینی نرخەکەی بەشێوەیەکی بەرچاو لە نیوەی دووەمی ساڵی (٢٠١٤)ەوە لە (١١٥)دۆلارەوە نرخەکەی دەستی بەدابەزین کردو لە کۆتایی ساڵی (٢٠١٥)دا نرخی یەك بەرمیل نەوتی خاو بە(٢٧) دۆلار مامەڵەی پێوە کرا. هەرچەندە نرخەکەی لە (٢٠١٧) و (٢٠١٨) دا لە نێوان (٤٠- ٦٠) دۆلار بوو، بەلاَم لە (٢٠٢٠) دا جارێکی تر نرخەکەی داکشایەوە بەهۆی شەڕ لەسەر نرخەکەی لەنێوان ڕوسیا و سعودیەدا، هەروەها بەهۆی زۆر خستنە بازاڕی نەوت و سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا بەجۆرێك نرخەکەی لە (٦٧) دۆلارەوە دابەزی بۆ (٣٢) دۆلار [1] و، لە (٢٠ /٤/٢٠٢٠)دا نەوتی تەکساس بۆ (سفر) دۆلارو نەوتی خاو بۆ (٢١) دۆلارو نەوتی برینت بۆ (٢٦)دۆلار دابەزی [2].

ئەو نەوتەش کە هەرێم ڕەوانەی دەکات لەبەرئەوەی کێشەی بەبازاڕکردنی هەیە بەردەوام (٨ - ١٣) دۆلار کەمتر دەکات لە نرخی ئەو نەوتەی کە کۆمپانیای سۆمۆی عێراقی دەیفرۆشێت، جگە لەوەی نزیك بەنیوەی داهاتەکەشی دەڕوات بۆ حەقدەستی کۆمپانیاکان و کرێی بۆری گواستنەوەو ئەو قەرزانەی کە حکومەتی هەرێم پێشتر وەریگرتوون، ئەمەش بووە هۆی کەمبوونەوەی دەستهاتی حکومەتی هەرێم لە فرۆشی نەوت. بەلاَم لە ساڵی (٢٠٢١)دا نرخی نەوت بەرزبوەوە تێکڕا بۆ ١٠٠ دۆلار، بەمەش داهاتی نەوتی حکومەتی هەرێم زۆر زیاتر بوو لە پێشتر، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی موچەی هەموو مانگەکانی ساڵی (٢٠٢١)و نیوەی یەکەمی ساڵی(٢٠٢٢) دابەش بکرێت.

---

[1] ابرز انهیارات اسعار النفط خلال ٣٤ عام، علی موقع الالكتروني التالي www.alaraby.co.uk في ٢٠٢١/٣/٧.

[2] درەو میدیا، بۆچی نرخی نەوتی تاکساس بۆ خوار سفر دابەزی، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5742 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٨.

## باسی سێیەم: ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان

قەیرانی دارایی و ئابوری چەندین ڕەنگدانەوەی جۆراوجۆرو فرەچەشنی هەیە وا لەخوارەوە ئاماژە بەهەندێکیان دەدەرێت:

### یەکەم: بواری ئابوری

سێکتەری ئابوریش چەند کەرتێك دەگرێتەوە لە خوارەوە ئاماژە بەهەندێکیان دەدەرێت لەوانە:

**١ - کەرتی وەبەرهێنان (الاستثمار)** (Investment Sector)

پێناسە کراوە بەوەی: بەکارهێنانی دارایی و سەرمایەیە لە پرۆژەی بەرهەمهێنان بەئامانجی دەستکەوت و قازانج لە داهاتودا، یا ئەو بەشەی دەرامەتە کە لەناو نابردرێ و بەفیڕۆ نادرێ چونکە دەبێتە دەستهاتی گەڕاوە لە داهاتوودا، بەوپێیەی بەکاردێت لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و سەرمایەگوزاری تا زیاد ببێت و بپارێزرێ [1].

وەبەرهێنان پێگەیەکی گرنگی هەیە لە سیاسەتی پەرەپێدان لە زۆربەی وڵاتان و دەرکردنی یاسا و ڕەخساندنی ژینگەیەکی ئارام بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆیی، هەرێمی کوردستانیش لە ساڵی (٢٠٠٣)ەوە هەوڵی زیادکردنی وەبەرهێنان و ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی داوە بەتایبەتیش دوای دەرکردنی یاسای ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٦)، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە وەبەرهێنان هەموو کەرتەکانی بەیەکسانی نەگرتەوە بۆ نموونە وەبەرهێنانی زۆر لە بواری نیشتەجێ بوون کراو کەمترینی لەبواری کشتوکاڵدا بووە، وەبەرهێنان لە سایەی قەیرانی دارایی و ئابوری لە ساڵی (٢٠١٤) بەدواوە ڕووبەڕوی وەستان و ئیفلیج بوون بوەوە، بۆیە لە خوارەوە ئاماژە بەهەندێك لەکێشە بنەڕەتییەکانی بەردەم وەبەرهێنان دەکرێت لە هەرێمی کوردستان لەوانە [2]:

**أ - ناجێگیری بارودۆخی سیاسی:**

یەکێك لەو کێشانەی ڕووبەڕوی کۆمپانیا و وەبەرهێنەرانی بیانی و ناوخۆیی دەبێتەوە بریتییە لە ناجێگیری و ناسەقامگیری بارودۆخی سیاسی، هەرێمی کوردستان زۆرجار ڕووبەڕوی ناجێگیری بارودۆخی ڕامیاری بۆتەوە بەهۆی کێشە سیاسییەکانی ناوخۆ و هەندێ کاتی تریش بەهۆی کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی عێراقی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەروەبەرهێنان بەتایبەت وەبەرهێنانی بیانی.

**ب - لاوازی بازاڕی دارایی و سیستەمی بانکی هەرێمی کوردستان:**

بەو پێیەی بۆڕسەو بازاڕێکی دارایی پێشکەوتوو جێگیر دادەنرێت بەپایەیەکی سەرەکی بۆ پێشکەوتنی وەبەرهێنان و پارەدارکردنی پرۆژەکانی، بەڵام لەبەرئەوەی هەرێمی کوردستان وابەستەی دیناری عێراقییەو

---

(1) دعاء أشرف، تعريف الاستثمار لغة واصطلاحا، على موقع الالكتروني التالي https://www.almrsal.com/post/929414، في ٢٠٢١/٣/٩.

(2) کامران احمد حمەو ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٤٨-١٤٩.

خۆی توانای چاپکردنی دراوی نییەو، بانکێکی حکومی یەکگرتووشی نییە، دامەزراوە بانکی و داراییەکان و بەتایبەتیش بانکە ئەهلی و حکومییەکان ڕۆڵێکی لاوازیان هەیە لە پێدانی قەرز بۆ پشتگیری پڕۆژەکانی وەبەرهێنان، بۆیە وەبەرهێنان لاوازە و گەشە ناکات هەرچەندە تاپێش قەیران بەجۆرێك لە جۆرەکان تاڕادەیەك باش بوو بەلاّم لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە زۆرینەی پشتگیرییەکان و پێشینەکان وەستان و ئەم کەرتە گەشەی نەکرد .

ج - لاوازی ژێرخانی ئابوری هەرێمی کوردستان:

لە بواری خزمەتگوزاری و ڕێگەوبان و ئاو و کارەبا و سوتەمەنی لەلایەك و، لە لاکەی تریشەوە پڕۆژەکانی نیشتەجێ بوون دەبێت فوتابخانە و باخچە و نەخۆشخانە و مزگەوت و سەوزایی هەبێت، هەموو ئەمانە ئەرکی سەرشانی وەبەرهێنەران فورستر دەکات و، پرۆژەکان زۆرتریان تێدەچێت و خەرجییان فورستر دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی سوودی بۆ وەبەرهێنەر، بۆیە هەندێ لەوەبەرهێنەرانی ناوخۆیی و بەتایبەتیش بیانییەکان دوور دەکەونەوە لە ئەنجامدانی پڕۆژەکانیان لە هەرێم.

د - بوونی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی لە زۆربەی دامەزراوەکانی حکومەتدا

ئەمە ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر کوالێتی پڕۆژەکان و زۆری تێچوونیان، بەهەدەردانی دارایی هەیە لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بەکوالێتی نزم و خراپ کە سیمای زۆرێك لە پڕۆژەکانە، لە هەرێمی کوردستان پرسی گەندەڵی بۆتە ڕای گشتی و بەرپرسانی حکومی لە بۆنەی جیاوازدا دانیان بەبوونیدا ناوەو لە پەرلەمان و حکومەتیش باس لە پرس و پڕۆژەی چاکسازی دەکرێ بۆ ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵی، دامەزراندنی دەستەی دەستپاکی لە ساڵی (٢٠١٣)دا ئاماژەیەکە بۆ بوونی گەندەڵی بەشێوەیەکی بەربلاّو، چونکە بەپێی ئەو یاسایەی دەستەی دەستپاکی لەسەر دامەزراوە (یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی (٢٠١١)و هەمواری یەکەمی بەیاسای ژمارە (٧)ی ساڵی (٢٠١٤)، ئامانجی دروستکردنی دەزگاکە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی گەندەڵییە، بەپێی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافی نێودەوڵەتی عێراق لە خراپترین ئەو وڵاتانەیە کە گەندەڵی بەشێوەیەکی فراوان تیایە، هەرێمی کوردستانیش بەشێکە لە عێراق و ئاماژەکانی ئەو ڕێکخراوە بۆ هەرێمی کوردستانیش دروستە، بەپێی ئیندێکسی ساڵی (٢٠١٤)ی ڕاپۆرتی ئەو ڕێکخراوە عێراق (١٦) خاڵی هەیە لە (١٠٠) خاڵ، هەروەها لە (١٧٥) وڵاتی دونیا عێراق (١٧٠) هەمین وڵاتی دونیایە، واتە تەنها (٥) وڵات لە عێراق خراپترن لە ڕووی گەندەڵی و شەفافیەتەوە [1].

لە ساڵی (٢٠٢٠)دا عێراق (بەهەرێمی کوردستانیشەوە) لە پلەی (١٦٠)دا دێن لە نێوان (١٨٠) وڵاتدا و، لە پلەی حەوتەم دێت لە نێوان وڵاتانی عەرەبی و، حەڤدەمین وڵاتە لە نێو وڵاتانی جیهان کە زۆرترین گەندەڵییان تێدایە و، لە (١٠٠) نمرەی پاکێتی (٢١) نمرەی تۆمارکردوە، زۆری گەندەڵی دادەنرێت بەرێگری گەورە لەبەردەم

---

[1] دانا سعید صۆفی، هێڵە گشتییەکانی داڕشتنی ستراتیژی نیشتمانی بۆ دژە گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، ئینستتیوتی ڕیفۆرم بۆ گەشەپێدان، ژمارە ١٣، ٢٠١٨، ل ٣.

کەرتی وەبەرهێناندا [1].

ئەمانە هەندێ لە گرفتەکانی بەردەم کەرتی وەبەرهێنان بوون لە هەرێمی کوردستان، لە ساڵی (٢٠١٤)و ساڵانی دوایی، کە قەیران هەبووە ژمارەی مۆڵەتدان بەپڕۆژەی نوێ زۆر کەم دەبێتەوە، بەپێی ڕاپۆرتی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان نزیکەی (٥٠٠٠) پڕۆژەی کەرتی گشتی و (٣٠٠٠) پڕۆژەی کەرتی تایبەت وەستاون و دواکەوتوون، لە ئەنجامی وەستانی ئەم پڕۆژانەش هەزاران کرێکاری ناوخۆو بیانی بێکار بوون و هەزاران کۆمپانیای بچوك و مام ناوەند کەوتونەتە ژێر قەرزو مایە پووچ بوون [2]، گەر سەیری کۆی سەرمایەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بکەین دەبینین تاساڵی (٢٠١٤) بریتی بووە لە (٦٥،٤٥٪)کۆی سەرمایەی پڕۆژەکان و، لە (٢٠١٤) ەوە بۆ (٢٠٢١ /٤/١٢) بریتی بووە لە (٣٤،٥٥٪) [3].

لە (٨) ساڵی (٢٠٠٦ - ٢٠١٣) کە قەیران نەبووە، ژمارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لەسەرجەم سێکتەرەکان، تێکڕا ساڵانە (٧٣) پڕۆژە ئەنجامدراوە لە هەر سێ پارێزگاکەی هەرێم، بەڵام لە (٨) ساڵی (٢٠١٤ - ٢٠٢١) کە قەیرانی دارایی و ئابوری هەبووە ژمارەی ئەنجامدانی پڕۆژەکان دادەبەزێت تێکڕا بۆ (٤٧) پڕۆژە لە هەر ساڵێکدا واتە بەڕێژەی (٣٥،٦ ٪) کەمیکردووە، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی ژمارە (١) بکە.

خشتەی (١)

ژمارەی پڕۆژەکانی مۆڵەت پێدراو لە دەستەی وەبەرهێنان بەپێی ساڵەکان [*]

| ساڵ | ٢٠٠٦ | ٢٠٠٧ | ٢٠٠٨ | ٢٠٠٩ | ٢٠١٠ | ٢٠١١ | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | کۆ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ژمارەی پڕۆژە | ٣ | ٥١ | ٦٠ | ٧٠ | ٩٤ | ٧٣ | ١٣٧ | ١٠٧ | ٥٨٤ |
| ساڵ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ | کۆ |
| ژمارەی پڕۆژە | ٦٨ | ٣١ | ٣٢ | ٣٣ | ٥١ | ٦٧ | ٧٧ | ٢٣ | ٣٨٢ |
| کۆی گشتی | | | | | | | | | ٩٦٦ |

تێچووی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە ساڵی (٢٠٠٦)دا بریتی بووە لە (٤٢٠) ملیار دینار، بەڵام لەو ساڵە بەدواوە ساڵ دوای ساڵ ئەو خەرجییانەی لە بواری وەبەرهێناندا کراوە لە سەرجەم کەرتەکاندا بەرز دەبێتەوە بۆ (٥٣٤٣) ملیار دینار، واتە تێکڕای گەشەی ساڵانەی بەڕێژەی (٣٧٪) بووە، تێکڕای تێچووی بەکاربردن (نفقات تشغيلى) لە ساڵانی

---

(1) منظمة الشفافية الدولية، على موقع الالكتروني التالي https://www.transparency.org/en/cpi/2020/index/irq، في ٢٠٢١/٣/١٢.

(2) ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، سەرچاوەی پێشوو، ٢٠٢١.

(3) دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، نەخشەی ژمارە ١ و خشتەی ژمارە ٧. بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://gov.krd/boi/publications/licensed-projects/ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١١ .

(*)ئامادەکردنی توێژەر بەپشت بەستن بەداتاکانی دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق، سەرچاوەی پێشوو.

(٢٠٠٦ - ٢٠١٣) بریتی بووه لە (٧٠٪)و تێکڕای تێچووی وەبەرهێنان بریتی بووە لە (٣٠٪)، ئەمەش بەهۆی هاتنی (١٧٪ )بودجەوە بووە لە بەغدادەوە بۆ هەرێم و، سیاسەتی حکومەتی هەرێم بووە بۆ هاندانی وەبەرهێنان، بەڵام لە ساڵەکانی (٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦) ڕێژەکان گۆڕانکاری نەرێنی گەورە بەخۆوە دەبینن و پاشەکشەی زۆر لەبڕی پارەی خەرجکراو لە وەبەرهێنان ڕوودەدات و تێکڕای گەشەی ساڵانە لەوەبەرهێنان دادەبەزێت بەڕێژەکانی (٦٩ - ٪ و ٤ ٪ و ٤٨ - ٪) [1].

## ٢ - کەرتی پیشەسازی (Industrial Sector)

پیشەسازی بەشا دەماری بەرهەمهێنانی ناوخۆیی دێتە ژماردن و، گرنگییەکی ئێجگار زۆری هەیە و بەپێوەری گەشەی ئابوری هەر وڵاتێکیش دادەنرێت، هەرچەندە هەرێمی کوردستان پێویستی زیاتری بەبوژانەوەی کەرتی پیشەسازی هەیە و، پیشەسازی پلەی یەکەمی لە وەبەرهێنان تۆمارکردووە، ژمارەی ئەو پرۆژانەی لە (٢٠٠٦/٨/١) ەوە بۆ (٢٠٢١/٤/١٢) لە کۆی (٩٦٦) پرۆژە تەنها (٢٤٥) پرۆژە لە بواری کەرتی پیشەسازی جۆراوجۆر بووە و، ڕێژەی (٢٥,٣٦٪)ی کۆی پرۆژەکان بووە کە لە دەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان پێدراوە ئەمەش ڕێژەیەکی باشە. بەڵام ڕەنگدانەوەی قەیرانی ئابوری لەسەر کەرتی پیشەسازی بەجۆرێك بووە ئەو ڕێژەیەی سەرەوە (٢٥,٣٦٪)ی کە هەیبووە (١٤,٨٠٪) لە پێش قەیران بووە و (١٠,٥٥٪)ی هی دوای دروست بوونی قەیران بووە [2].

پێوەرێکی تری کەرتی پیشەسازی بوونی جۆری دامەزراوە پیشەسازییەکانە تادامەزراوەی گەورە زۆربێت بەرهەمی ناوخۆیی زۆرترو پیشەسازی پێشتر دەکەوێت، ئەم کەرتە دامەزراوەی بچوك و مام ناوەند و گەورە لەخۆ دەگرێت و، بەپێی پۆلێنی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان پرۆژەکان خاوەنداریێتییان دەگەڕێتەوە بۆ کەرتی تایبەت و ئەو پرۆژەیەی لە (١ تا ٩) کرێکار یان کارکەر کاری تیادا بکات ئەوە بەدامەزراوەی بچوك دانراوە، ئەو پرۆژەیەی لە (١٠ تا ٢٩) کرێکار کاری تیادا بکات ئەوە دامەزراوەی مام ناوەندە [3]. ئەوەشی لە سەروو (٣٠) کرێکارەوە کاری تیادا بکات ئەوە بەدامەزراوەی گەورە ئەژمار کراوە، لە دوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە گەشەی پرۆژە پیشەسازییەکان ڕووی لە کەمی کردووە و ئەو پرۆژانەشی هەبوون هەندێکیان لە کارکردن وەستاون، ئەمەش ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر زیادبوونی ڕێژەی بێکاری، گەر سەیری ژمارەی دامەزراوە پیشەسازییەکان بکەین دەبین زۆرترین پرۆژە لە بواری دامەزراوەی بچوك بووەو زۆرترین ژمارەی کرێکارو دەستی هێزی کاریش هەر لەم دامەزراوانەدا بووە.

---

[1] أسعد حمدي محمد ماهر و محسن ابراهيم أحمد، البيئة الاستثمارية والتنمية المستدامة في اقليم كوردستان - العراق، مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد ٣ العدد ٣، آب ٢٠١٧، ص ٢٣ - ٣٦.

[2] دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣ و ١١٢ - ١١٤ . لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٨.

[3] دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق، ئاماری پیشەسازی دامەزراوەی مام ناوەند، ٢٠١٨، ل٩.

بەپێی ئاماری ڕوپێوی دامەزراوەی پیشەسازی ساڵی (٢٠١٣)، ژمارەی دامەزراوەی بچوك (١٠٣٨٧) و ژمارەی کرێکار تیایدا (٣٣٨٦١) بووە [1] ، بەپێی ئاماری ڕوپێوی پیشەسازی مانگی (٢٠١٨/١١) ژمارەی دامەزراوەی مام ناوەند (٤٢١) پڕۆژەو ژمارەی کرێکار لەم بەشەدا (٦٠٣٣) بووە، ژمارەی دامەزراوەی گەورە (١١٩) پڕۆژەو ژمارەی کرێکار لەم دامەزراوانەدا (١٥٣٧٦) بووە [2]، بەراورد بەساڵی (٢٠١٣) گەشەیەکی کەمی کردووە، بەپێی ئاماری (٢٠١٣) ژمارەی دامەزراوەی گەورە (٨٩) دامەزراوە بووە بە(٨٤٠٦) کرێکار [3]، ئاماری دامەزراوەی بچوك لە دوای ساڵی (٢٠١٣) ەوە نییە، بەڵام بۆ هەرێمێکی شەش ملیۆن کەسی (٥٤٠) دامەزراوەی مام ناوەند و گەورە زۆر کەمە هەر بۆیە بۆ زۆرینەی پێداویستییەکان پشت دەبەسترێت بەکەل و پەلی هاوردە لە دەرەوە، وە جگە لەم ئامارانە هیچ ئامارێکی نوێ نییە لەسەر ئەم کەرتە.

### ٣ - کەرتی کشتوکاڵ (Agricultural Sector)

کشتوکاڵ یەکێکە لەو کەرتە گرنگانەی دەتوانرێت ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ داهاتی نەتەوەیی بەتایبەت لە هەرێمی کوردستان کە زەوی بەپیت و خاکی زۆری هەیە بۆ هەموو بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، ئاووهەوا و خاکەکەی لە بارە بۆ بەروبوومی ئاژەڵی و پەلەوەریش، دەتوانرێت بەپشت بەستن بەپیشەسازی کشتوکاڵی و سیستەمی ئاوداشتنی نوێ هەموو جۆرەکانی دانەوێڵەو سەوزەو میوە بەرهەم بهێنرێت، هەرێمی کوردستان بەپێی ئاماری (٢٠١٤) نزیکەی (٦,٦) ملیۆن دۆنم ڕووبەری زەوی شیاوی هەیە بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان، گەر بەشێوەیەکی زانستی پەرە بەم کەرتە بدرێت دەتوانرێت نەك پێداویستی ناوخۆ دابین بکات بەڵکو زۆربەی بەرهەمەکانیشی هەناردەی وڵاتانی دەرەوە بکات و ببێتە هۆی بوژانەوەی ژێرخانی ئابورییەکەی [4].

لەگەڵ ئەم هەموو گرنگییەی هەیەتی بەڵام بایەخی کەمی پێ دراوە بەشێوەیەك لەکۆی (٩٦٦) پڕۆژەی مۆڵەت پێدراوی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان لە بەرواری (٢٠٠٦/٨/١ تا ٢٠٢١/٤/١٢) تەنها (٣,٤٪)ی پڕۆژەکان کە (٣٣) پڕۆژەیە کشتوکاڵی بووە [5].

هەرچەندە وا زانراوە کە لەدوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە گرنگی زیاتر دەدرێت بەکشتوکاڵ، بەڵام لە ڕاستیداو لەسەر ئاستی پلانی حکومەت و هاوکاری و دابینکردنی بودجە بۆ پەرەپێدان بەم کەرتە هیچی وا نەکراوە کە شایەنی باس بێت، لە کاتێکدا ئەم کەرتە گرنگییەکی زۆری هەیەو دادەنرێت بەسەرچاوەی سەرەکی ئاسایشی خۆراك لەهەر وڵاتێك، کە ساڵ دوای ساڵ نیگەرانی وڵاتان و نەتەوە یەکگرتووەکان زیاتر دەبێت سەبارەت بەدابینکردنی

(1) دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماری پیشەسازی دامەزراوەی بچوك لە هەرێمی کوردستان،٢٠١٣، ل ٢.

(2) دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان ، ئاماری پیشەسازی دامەزراوەی گەورە لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٨، ل ١١.

(3) دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماری پیشەسازی دامەزراوەی گەورە لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٣، ل ٣.

(4) کامەران احمد حەمەو ئەوانی تر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٧.

(5) دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، سەرچاوەی پێشوو، نەخشەی ژمارە ١.

خۆراك بۆ ولآتان و ولآتە هەژارەكان بەتایبەت.

بەپێی ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی بازاڕی كارو شیكاری تواناكان لەعێراق و هەرێمی كوردستان كە ڕێكخراوی نەتەوە یەكگرتووەكان بۆ پەروەردەو زانست و ڕۆشنبیری (یونسكۆ) ئامادەی كردووە كەرتی كشتوكاڵ لە هەرێمی كوردستان لە ساڵی (٢٠١٢) دا دەهەمین كەرت بووە لە بەرهەمهێنانی ئابوری نانەوتی، (٣٪)ی كۆی گشتی بەرهەمی ناوخۆ بووەو داهاتەكەی (٠,٨) ترلیۆن دینار بووە، لە ساڵی (٢٠١٥)دا لە ناوچەكانی تری عێراق كشتوكاڵ باشتر بووە بەشێوەیەك كە ئەم كەرتە پێنجەمین كەرت بووە لە بەرهەمهێنانی ناوخۆیی و داهاتەكەی (٩) ترلیۆن دینار بووە [1]، بەپێی پێشبینییەكانی وەزارەتی كشوكاڵی عێراقی، ئەم كەرتە لەتوانایدا هەیە ببێتە دووەم گەورەترین سێكتەری وەبەرهێن دوای نەوت گەر چاكسازی تیادا بكرێت و خزمەت بكرێت لە عێراق و لە هەرێمی كوردستانیش [2].

٤ - **كەرتی وزە** ( **نەوت و كارەبا** ) ( Energy Sector )

هەرێمی كوردستان و عێراقیش خاوەنی سامانێكی گەورەی سروشتین لەنەوت و گازو، ئابورییەكەشیان ئابورییەكی تاك سەرچاوەیە كەپشت دەبەستێت بەدەرهێنان و فرۆشتنی نەوت، نرخی نەوتیش بەردەوام لە هەڵكشان و داكشاندایە، بۆیە هەركات نرخی نەوت دادەبەزێت مەترسی و هەڕەشە لەسەر دەستهاتی گشتی دروست دەبێت و دەبێتە قەیرانی دارایی و ئابوری، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا یەكێك لەهۆكارەكانی قەیرانی دارایی و ئابوری هەرێم بریتی بوو لە دابەزینی نرخی نەوت لە (١١٥) دۆلارەوە لە نیوەی دووەمی (٢٠١٤)دا بۆ (٢٧) دۆلار لە (٢٠١٦)دا، جارێكی تریش بەهۆی شەڕی نرخەكانەوە لە نێوان سعودیەو ڕوسیا لەسەرەتای (٢٠٢٠)دا لە (٦٧) دۆلارەوە دابەزی بۆ (٣٢) دۆلار [3]، هەروەها بەهۆی ڕێكارەكانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی كۆرۆنا لە (٢٠٢٠/٤/٢٠) دا نرخی نەوتی ئەمریكی بۆ (سفر) دۆلارو نەوتی خاو بۆ (٢١) دۆلارو نەوتی برێنت بۆ (٢٦) دۆلار دابەزی [4].

لەسەرەتاكانی قەیرانی (٢٠١٤)ەوە نرخی نەوت دەستی بەدابەزین كرد، ئەمەش هاوكات بوو لەگەڵ بڕینی بەشە بودجەی (١٧٪)ی هەرێم و سەرهەڵدانی جەنگی دژ بەداعش، لەگەڵ ئەوەی نەوت (٩٠٪)ی داهاتی حكومەت پێكدێنێت، بەلآم ئەم كەرتە لەهەرێمی كوردستان دەناڵێنێ بەدەست چەندین گرفت و كێشەوە، لە هەموویان گرنگتر گرێبەستەكانی لە شێوەی گرێبەستی هاوبەشییە لەگەڵ كۆمپانیاكانی دەرهێنانی نەوت، كە لەجیهانی

---

[1] ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی بازاڕی كارو شیكاری تواناكان لەعێراق و هەرێمی كوردستان، یونسكۆ، نەتەوە یەكگرتووەكان، ٢٠١٩، ل ٤٨ و ٤٩.

[2] هەمان سەرچاوە ، ل ٤٩.

[3] ابرز انهیارات اسعار النفط خلال ٣٤ عام، على موقع الالكتروني التالي www.alaraby.co.uk/أبرز-انهيارات-أسعار-النفط-خلال-٣٤-عاماً في ٢٠٢١/٧/٢٩.

[4] درەو میدیا، بۆچی نرخی نەوتی تاكساس بۆ خوار سفر دابەزی، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5742 لە ڕێكەوتی ٢٠٢١/٨/٨.

ئەمڕۆماندا گرێبەستی شەراکەت زۆر کەمبۆتەوە، کێشەیەکی تری نەوتەکەی هەرێم بەبازاڕکردن و فرۆشتنیەتی، چونکە ولاَتێکی سەربەخۆ نییە بەجۆرێك نەوتی هەرێم بۆ ئەوەی بفرۆشرێ ناچارە بەکەمتر بیفرۆشێت لەچاو نەوتی عێراقدا، گرفتێکی تری گرێبەستی پەنجا ساڵەیەتی لەگەڵ تورکیادا، ئەم گرێبەستە لە (٢٠١٣/٣/٢٥) ئامادەکرا و لە (٢٧) تشرینی دووەم لە (٢٠١٣)دا گرێبەستەکە لە نێوان نیچیرڤان بارزانی و ڕەجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆك کۆماری تورکیا واژو کرا، وە لە (٢٠١٤/٥/٢٢)دا بۆ یەکەمجار نەوت بە بۆری هەناردەکرا بۆ بەندەری جەیهان لە تورکیا، لەمانگی (٢٠١٤/٦)دا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران لە پەرلەمانی کوردستان باسی گرێبەستەکەی کردو بەگرێبەستی وزە ناوی بردو وتی گەر پێویستیشی کرد نوێ دەکرێتەوە، بەلاَم وردەکاری و ناوەڕۆکەکەی نازانرێ چیەو ئاشکرا نەکراوە [1]. هەروەها گرانی نرخی گواستنەوەی نەوتەکە بەبۆری بۆ بەندەری جەیهان یەکێکە لەکێشەکانی تری، لەناوخۆشدا ململانێی پارتەکان لەسەر ئەم مەلەفەو گلەیی و ناڕەزایەتی هاووڵاتیانیش لەسەری و لەسەر گەندەڵی و ناشەفافی داهاتی ئەم کەرتە یەکێکیترە لە ڕەخنەکانی هاونیشتمانیان.

لە دوای بەسەربەخۆ فرۆشتنی نەوت لە ساڵی (٢٠١٤)دا حکومەتی هەرێم زیاتر لە (ملیارێك) بەرمیل نەوتی هەناردەکردووە، ئەمە لە کاتێکدایە وەك وەزیری سامانە سروشتییەکان دەڵێت "هەر بەرمیلە نەوتێك (٦٠) ملیۆن ساڵی پێویستە تا دروست دەبێتەوە "، ئەو بڕە نەوتەی هەناردەی کردووە بەهاکەی نزیکەی (٦٠) ترلیۆن دینار بووە، دوای لێدەرکردنی خەرجییەکانی حەقدەستی دەرهێنان و پشکی کۆمپانیاکان و گواستنەوەی نزیکەی (٣٦) ترلیۆن دیناری بۆ حکومەتی هەرێم ماوەتەوە، لە کاتێکدا ئەو پشکەی لەیاساکانی بودجەی بەغدادی ساڵانی (٢٠١٤ - ٢٠٢١) لە دەستی داوە زیاتر لە (٨٢) ترلیۆن دینار بووە، جیاوازییەکەش زیاتر لە (٤٦) ترلیۆن دینارە، ئەمەش نزیکە لەهەمان ئەو بڕە پارەیەی حکومەتی هەرێم قەرزدارەو بڕەکەی (٤٥) ترلیۆن دینارە و، بەشی هەرە زۆریشی قەرزی موچە خۆرانی هەرێمی کوردستانە، واتە بەناوی داهاتی سەربەخۆوە (٨٢) ترلیۆن دیناری لەدەست چووە و لەبەرامبەردا (٣٦) ترلیۆنی دەست کەوتۆتەوە ئەمەش زیانێکی ئیجگار گەورەیە [2]. پشکی هەرێم لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤ - ٢٠٢١) بریتی بووە لە بڕی (٩٧) ترلیۆن و (٥٤٠) ملیارو (٩٩٥) ملیۆن دینار، لەماوەی ئەو هەشت ساڵەدا تەنها بڕی (١٤) ترلیۆن و (٧٢٩) ملیارو (٥٣٣) ملیۆن دینار ڕەوانەی هەرێمی کوردستان کراوە، هەروەها بڕی (٨٢) ترلیۆن و (٧٥٧) ملیارو (٤٢٢) ملیۆن دینار پشکی هەرێمی کوردستان ڕاگیراوە و نەنێردراوە [3].

یەکێکی تر لە کێشەکانی کەرتی وزەی هەرێم لە بواری دابینکردنی وزەی کارەبایە بۆ هاووڵاتیان، ئەم کێشەیە لە ساڵی (١٩٩١)ەوە هەیەو تائێستاش بەردەوامە، حکومەتی هەرێم دوای (٣١) ساڵ نەیتوانیوە چارەسەری بکات، لە

---

[1] میر عقراوی، الأتفاقیة الخمسینیة للنفط بین أقلیم و ترکیا، ٢٠٢٠/٧/١٣، علی موقع الالکتروني التالي xeber24.org/archives/278952 في ٢٠٢٢/٧/٣١.

[2] درەو میدیا، لە ئابوری سەربەخۆوە بۆ ئابوری سەر بەخۆیان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8611 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٤.

[3] هەمان سەرچاوە.

باشترین حاڵەتدا (٣ هەزار) مێگاوات بەرهەم دەهێنرێت لەکاتێکدا خواست لەسەر کارەبا لەهاوین و زستاندا بەرزدەبێتەوە بۆ (٦ هەزار) مێگاوات، بێگومان قەیرانی ئابوری کاریگەری زۆری هەبووە لەسەر دابین کردن و نۆژەنکردنەوەو گەشەدان بەتۆڕی کارەبا و دابینکردنی سوتەمەنی بۆ وێسگەکانی کارەبا.

**٥- کەرتی گەشت و گوزار** ( Tourist Sector )

ئەم کەرتە یەکێکی ترە لەو کەرتانەی کە دەتوانرێ ببێتە جێگرەوە بۆ نەوت و گواستنەوە لەتاك سەرچاوەیی داهات بۆ فرە سەرچاوە بوون، بوونی شاخ و دارستان و دەریاچە و ڕووبارەکان و گونجاوی کەش و هەواکەی، یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی گەشتیار بۆ خۆی ڕابکێشێت و گەشت و گوزار ببێتە سەرچاوەیەکی باش بۆ دەستهات و ڕاکێشانی دارایی بۆ کوردستان، بەپێی هەندێ ڕاپۆرت و شیکاری کوردستان خاوەنی (١٢ جۆر گەشت و گوزارە) کە لە کەم وڵاتی جیهاندا شتی وا بوونی هەیە [1].

بەڵام ئەم کەرتەش وەك پێویست وەبەرهێنانی تیادا نەکراوە، لە کۆی (٩٦٦) پڕۆژەی وەبەرهێنان لە (٨/١/ ٢٠٠٦)ەوە تا(٢٠٢١/٤/١٢)، (١٧٢) پڕۆژە گەشتیاری بووە بەڕێژەی (١٧,٨٪) وەبەرهێنانی تیادا کراوە، لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە لەگەڵ ئەوەی ڕوانینی حکومەت گۆڕاوە بۆ گرنگیدان بەکەرتە نانەوتییەکان، بەڵام هێشتا ئەم کەرتەو کەرتەکانی تریش کەموکورتی زۆریان هەیە و نەتوانراوە ببوژێنرێنەوە تاببنە سەرچاوەی داهات و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ هاونیشتمانیان، ڕەنگدانەوەی قەیرانی ئابوری لەسەر ئەم کەرتە بە ڕونی دیارە کاتێك زانرا کە سەرمایەی تەرخانکراو بۆ پڕۆژەکانی گەشتیاری (٦٥,٤٥٪) کۆی سەرمایەی پڕۆژەکان لە پێش قەیرانی (٢٠١٤)ەوە بووەو، (٣٤,٥٥٪) لە (٢٠١٤)ەوە بۆ (٢٠٢١/٤/١٢) بووە [2].

لەسەر ژمارەی یەکە گەشتیارییە کارکردووەکان قەیرانی ئابوری ساڵی (٢٠١٤) ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر ئەم کەرتەو، بەپێی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان بێت لەڕووپێوی ساڵی (٢٠١٣)دا ژمارەی یەکە گەشتیارییەکان (١١٢٨) یەکە بووە، بەڵام بەهۆی کەمبوونەوەی گەشتیارو شەری داعش و قەیرانی ئابورییەوە ڕێژەکە نیواو نیو کەمبۆتەوە لەساڵی (٢٠١٦)داو دابەزیوە بۆ (٥٧٧) یەکەی کارکردوی وەڵامدەر لەم بوارەدا [3].

**٦ - کەرتی خزمەتگوزاری گشتی** ( Service Sector )

ڕەنگدانەوەی قەیرانی دارایی و ئابوری لەسەر کەرتی خزمەتگوزاری گشتی زۆر بەڕونی دیارە بەوەی کەم و کورتی زۆر هەیە لە دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی وەك ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و خزمەتگوزاری

---

[1] کامران ئەحمەد حەمە و ئەوانیتر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.

[2] دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣ .

[3] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان ، ڕووپێوی یەکە گەشتیارییەکان لە هەرێمی کوردستان ٢٠١٦ , ل٧.

تەندروستی و پەروەردەیی و ژینگەیی و، لە ڕێگە و شەقام و گەیاندنی خزمەتگوزاری بۆ گەڕەکە نوێکان و، گرانکردنی نرخی خزمەتگوزارییەکان، بەڕوانین بۆ بڕی سەرمایەی تەرخانکراو بۆ وەبەرهێنان لەکەرتی خزمەتگوزاری دەبینین زۆر کەمەو شایەنی ئاماژە پێدانیش نییە ئەویش (١,٥٪) [1].

هەرچەندە ئەمە بەمانای ئەوە نایەت، کە ئەم کەرتە خەرجی نەبووە لەسەر حکومەت، خەرجی هەبووە بەلاَم وەبەرهێنانی تیادا نەکراوە، یەکێك لە ڕەنگدانەوەکانی قەیران خراپی خزمەتگوزاری و نەبوونی شەقام و ڕێگەو ئۆتۆبانی شایستەو گونجاوە، بۆ نموونە گەر سەیری شەقامەکانی هاتووچۆ بکەین بەڕونی خراپی خزمەتگوزاری ڕێگەوبان دەبینین کەساڵانە دەبنە هۆی کەوتنەوەی دەیان و سەدان قوربانی جگە لەزیانە مادییەکانی، ئامارەکانی هاتوچۆ ڕاستی ئەوەی سەرەوەمان بۆ دەردەخات، بۆ ئەوەی بابەتە درێژ نەبێتەوە تەنها ئاماری دوو ساڵ دەخەینە ڕوو بۆ نمونە لە ساڵی (٢٠١٧)دا ژمارەی ڕوداوەکانی هاتوچۆ (٣٩٥٨) ڕوداوو بووە، ژمارەی قوربانیانی ڕوداوەکان (٧٢٩٠) کەس بووە لەو ژمارەیە (٦٣٠) کەس گیانی لەدەست داوە [2]، لەساڵی (٢٠١٨)دا ژمارەی ڕوداوەکانی هاتوچۆ زیاد بووەو بووە بە (٤٤٧٦)و، ژمارەی قوربانیانی ڕوداوەکانی هاتوچۆ (٥٨٧٩)و لەو ژمارەیەش (٧٠٥) کەس گیانی لەدەستداوە، وە ساڵ دوای ساڵ ئامارەکانی هاتووچۆ زیاد دەبن [3].

کابینەی نۆیەم بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی لە (٢٠١٩/٧/٨) لیستی سەرجەم وەزیرەکانی کە لە (١٩) وەزیر و (٣) وەزیری هەرێم پێکهاتبوو ڕەوانەی پەرلەمانی کوردستان کرد بۆ پەسەندکرنند و سەرجەمیان پەسەندکران، لە دوو ساڵی ڕابوردوی تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم تاڕادەیەك گرنگی بەڕێگاوبان دراوە، بەلاَم ئەویش بەجیاوازی زۆر لە نێوان پارێزگاکاندا، بەگوژمەی (٧٠٠) ملیار دینار (٤٨) پڕۆژەی ڕێگاوبان تەواوکراوە، بڕی (٦٦٧) ملیار دینارو بەڕێژەی (٩٥٪)ی لە هەولێرو دهۆك و، (١٠) پڕۆژەی لە سلێمانی و گەرمیان بووە [4].

## دووەم: بواری کۆمەلاَیەتی:

یەکێك لەڕەنگدانەوەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لەسەر بواری کۆمەلاَیەتییە ئەمیش چەند گرفتێکی کۆمەلاَیەتی لە ناو کۆمەلگەدا زیاد دەکات لەوانە:

### ١ - بێکاری (Unemployed)

بێکاری جگە لەڕەهەندە ئابورییەکەی ڕەهەندێکی کۆمەلاَیەتیشی هەیە، کەسی بێکار بەپێی پێناسەی

---

(1) دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣ .

(2) دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ ساڵی ٢٠١٧، ل ٣.

(3) دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ بۆ ساڵی ٢٠١٨، ل ٣.

(4) درەو میدیا، کەرتی ڕێگاوبان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8674 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٣.

ڕێکخراوی نێودەوڵەتی کار، گشت ئەو کەسانەن کە لە تەمەنی کارکردندان (١٥ ساڵان و سەروتر)و بەهیچ شێوەیەك لەماوەی دیاریکراوی پشت پێ بەستن (ماوەکە بریتییە لەهەفتەی بەر لەڕۆژی چاوپێکەوتن لەڕووپێوی دیاریکردنی بێکاراندا) لە هیچ جۆرە کارێکدا کاریان نەکردبێت، بەلاّم لەو ماوەیەدا ئامادەییان هەبوو بێت بۆ کارکردن بەشێوەیەك لەشێوەکان وەکو خوێندنەوەی ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، ناونوسین لە نوسینگەکانی بەکارخستن، پرسیارکردن لە خزم و دۆستان یا بەهەر شێوازێکی تر بەدوای کاردا گەڕابن، ئەم جۆرە کەسانە بەکەسانی چالاك لە ڕوی ئابورییەوەو بەکەسانی هێزی کار دەژمێردرێن [1].

هەروەها کار پێناسە دەکرێت بەوەی، ئەو هەوڵ و کۆششەیە تاکەکان لە گشت چالاکییەکاندا دەیخەنە گەڕ بۆ مەبەستی قازانج کردن یان دەستکەوتنی کرێیەکی دیاریکراو چ بەشێوازی موچەی مانگانە بێت یان هەفتانە یان ڕۆژانە، هەروەها دەکرێت کرێکە لەسەر پارچەیەك شت بێت یان ڕێژەیەك بێت لە قازانجەکان، یان هەر ڕێگایەکی تر بێت، هەروەها کاری بێکرێ لە پرۆژەیەك یان لە کێڵگەی خێزان دەچێتە خانەی چەمکی کارەوە [2].

بێکاری یەکێکە لەنیشانەدەرە گرنگەکان و ڕاستەخۆ ڕەنگدانەوەی قەیرانی دارایی و ئابورییە لە سەر ئەندامانی کۆمەڵگە، گەر سەیری ڕووپێوەکانی دەستەی ئاماری هەرێم بکەین دەبینین ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە بەرزبونەوەدایە، بەپێی ڕاپۆرتی ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کورستان بۆ ساڵی (٢٠١٢) ریژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان (٧,٩٪) بووەو، لە ساڵی (٢٠١٤)دا ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان (٦,٥٣٪) بووە [3]، دوای دروست بوونی قەیرانی ئابوری لە ساڵی (٢٠١٥)دا ڕێژەی بێکاری بەرزدەبێتەوە بۆ دوو هێندە زیاترو بووە بە(١٣,٥٣٪) [4].

هەر بەهۆی قەیرانەوە لە ساڵی (٢٠١٢)ەوە حکومەتی هەرێم ڕێژەیەکی زۆر کەم نەبێت هیچ فەرمانبەرێکی دانەمەزراندووە، بەمەش دەرچوویەکی زۆری زانکۆ و پەیمانگاکان بەبێکار ماونەتەوەو، ڕێژەی بێکاری ساڵ دوای ساڵ زیاتر کردووە، کەرتی تایبەتیش گەشەی پێویستی نەکردووە تابتوانێت ئەو ژمارە زۆرەی دەستی هێزی کار بەگەڕ بخات و سوود لە تواناو زیرەکی و هێزو بازویان وەربگرێت.

**٢ - هەژاری** ( Poverty )

لێرەدا مەبەستمان لە ڕەهەندە کۆمەلاّیەتییەکەی هەژارییە، هەژاری واتای نزمی ئاستی گوزەران و ژیان دەگەیەنێت و ئاستێکی بەس و تەواو نییە بۆ دابینکردنی پێداویستییە تەندروستی و مەعنەوییەکانی پەیوەست

---

(1) دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دۆخی هێزی کار بۆ ساڵی ٢٠١٥ ،ل ٢٧.

(2) هەمان سەرچاوە، ل ٢٦.

(3) دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار بۆ ساڵی ٢٠١٤، ل X.

(4) دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، دۆخی هێزی کار بۆ ساڵی ٢٠١٥، سەرچاوەی پێشوو، ل xi.

بەڕێزی خود بۆ تاك و كۆمەڵ، ڕوانینی كۆمەڵناسی بۆ ئەم چەمكە ڕوانینێكی ڕێژەییەو پەیوەستە بەئاستی گوزەرانی گونجاو لەكۆمەڵگەو دابەشكاری سامان و پیشبینیە كۆمەڵایەتییەكان [1].

یا پێناسە كراوە بەوەی بارێكە لە بێبەشبوون، خۆی دەبینێتەوە لە دابەزینی بەكاربردنی خواردن و دابەزینی بارودۆخی تەندروستی و ئاستی خوێندن و كەمی هەلی بەدەستهێنانیان و خراپی بارودۆخ و گوزەرانی دانیشتوان و كەمی دەستهات [2].

لەو كاتەوەی كە دانراوە ئابورییەكانی (ئادەم سیمث)ی ئابوری ناس سەریان هەڵدا، تیۆری زۆر گەشەیان كرد و لێكدانەوەیان بۆ كێشە كۆمەڵایەتییەكان دەكرد، لە ناو ئەوانەشدا خاوەنانی تیۆری ئابوری كلاسیك زانا (سیمث و ریكاردۆ)و ئەوانەی تریش كە لەتوێژینەوەكانیان گەیشتنە ئەو ڕاستییەی هەژاری ڕۆڵی گەورە دەگێڕێ لە زیادبوونی كێشە كۆمەڵایەتییەكان لەناو كۆمەڵگەدا، لەسەدەی نۆزدەو سەرەتای سەدەی بیستیشدا نوسەران باسیان لەگرنگی پێدان بەتوێژینەوەی كێشە كۆمەڵایەتییەكان و جەختكردنەوە لە توێژینەوەكانی تایبەت بەبابەتە كۆمەڵایەتییە ئابورییەكانی كۆمەڵگە دەكردەوە، هەروەها پێویستی گرنگی پێدان بەگەڕەكە هەژار نشینەكان و گەیاندنی دەستی ڕێكخراوە خێرخوازییە مرۆییەكان بۆ گەیاندنی هاوكاری ئابوری پێیان، تەنانەت گەشەی ئیشتراكییەت و شیوعییەتیش بەشێكی بۆ چارەسەری كێشە كۆمەڵایەتییە ئابورییەكانی كۆمەڵگە بووە لە داڕوخانی حەقیقی [3].

دانراوەكانی (ماركس و جۆرج و چارلز)یش دژ بەخراپ دابەشكردنی سامان بوو لە نێوان چینی كرێكارو چینی خاوەن كارگە لە دونیای سەرمایەداریدا، بەباوەڕی ئەوان هەرئەم نادادی و جیاوازی چینایەتییەش كێشەو گرفتە كۆمەڵایەتییەكانی زیاتر كردووە، ماركس لادانە كۆمەڵایەتییەكانی بەئاكامی هەژاری دادەناو ئەویشی بەبەرهەمی بێ شكی سیستەمی سەرمایەداری دەزانی، بەڵگە نەویستە هەژاری كاریگەری زۆرە لەسەر بونیادی خێزان و زیادبوونی كێشەكانی، كاتێك خێزان داهاتی پێویستی لەبەردەستدا نەبوو بۆ تێركردنی پێویستییەكانی و هەژار بوو، هەڕەشەی توند لەسەر بونیادی ئابوری و دەرونی و كۆمەڵایەتییەكەی دروست دەبێت، هەلی دەست گەیشتنی ئەندامانی خێزان بەخوێندن و چاودێری تەندروستی و كاری باش زۆر لاواز دەبێت [4].

هەژاری خێزان هۆكاری خراپبوونی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و هەڵكشانی لێكجیابونەوەی هاوسەران و لێكترازانی خێزانە لەناو كۆمەڵگەدا، ئامارەكانی زۆربەی وڵاتانی گەشەسەندوو ئاماژە بۆ ئەوە دەكەن زۆربەی ئەو حاڵەتی لێكجیابونەوانەی لەدادگاكان یەكلا دەكرێنەوە بۆ هۆكاری بێبەشبوونی ئابوری دەگەڕێنەوە كە دووچاری خێزانەكان دەبن، بەپێچەوانەشەوە باشبوونی ڕەوشی ئابوری خێزان بەتایبەت دوای گەشەكردنی ئابوری لەو

---

[1] محمد عاطف غيث، قاموس علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٩٠، ص ٣٤١.

[2] وليد عبد السلام محمد شتله، مشكلة الفقر وأثرها على التنمية البشرية، معهد التخطيط القومي، رسالة ماجستر، ٢٠١٥ ، ص ٧.

[3] محمود حسن، الاسرة ومشكلاتها، دار النهضة العربية، بيروت، بدون سنة طبع، ص ٥٤.

[4] هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.

دەوڵەتانەدا بووە هۆی گونجانی زیاتری هاوسەران و کەمبوونەوەی کێشەکانیان و پتەوکردنی پەیوەندییە خێزانییەکان و کەمبوونەوەی تەڵاق و لێك هەڵوەشانەوەی خێزان [1].

ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان بەپێی داتا فەرمییەکانی حکومەتی هەرێم لە ساڵی (٢٠١٣)دا بریتی بووە لە(٣,٥٪)، لە هەمان کاتدا لە بەشەکانی تری عێراق بریتی بووە لە (١٥٪)، لە ساڵی (٢٠١٤)دا کاتێك قەیرانی دارایی و ئابوری دروست دەبێت ئەم ڕێژانە بەرزبوونەوەی زۆر تۆماردەکەن بەشێوەیەك لەهەرێمی کوردستان دەبێتە (١٢,٥٪) و، لە عێراقیش بەرزدەبێتەوە بۆ (٢٢,٥٪). وە ڕێژەکە لە هەرێمی کوردستان لە بەرزبونەوەدایە بەهۆی درێژە کێشانی قەیرانی دارایی و ئابوری بەشێوەیەك لەناو داتا نوێکانی ئامار باس لە (١٣,٥٪) دەکەن، هەر بەپێی ئامارەکان بەهۆی قەیرانی ساڵی (٢٠١٤)ەوە بەگشتی لە عێراق (٢,٨) ملیۆن کەس هەژاربوون و ژمارەی خەڵکی هەژار بەرزبۆتەوە بۆ (٨) ملیۆن کەس، کە بەهۆی هەمان قەیرانەوە نزیکەی (٨٠٠,٠٠٠) هەزار کەس کاریان لەدەستداوە کە سەرچاوەی بژێوی خۆیان و خێزانەکانیان بوون [2]، بەپێی داتاکانی بەرنامەی خۆراکی نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزارەتی پلان دانانی عێراقیش بێت لە ساڵی (٢٠٢١)دا ڕێژەی هەژاری لە ناوخۆی عێراق زیاتر بەرزبۆتەوەو گەیشتۆتە (٣١٪) [3].

## ٣ - جیابوونەوە ( Divorce )

جیابوونەوەی هاوسەران و لێکهەڵوەشانەوەی خێزان یەکێکی ترە لە گرفتە کۆمەڵایەتییەکان و ڕووی لە زیاد بوون کردووە، قەیرانی ئابوری ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەم حاڵەتەش هەبووەو وەك یەکێك لە هۆکارەکانی زیاد بوونی ئەم گرفتە ئەژمار دەکرێت لەپاڵ هۆکارەکانی تردا، گەر سەیری خشتەی خوارەوە بکەین دەبینین ڕێژەی جیابوونەوە بەبەراورد بەساڵەکانی پێش قەیران ڕوی لە زیاد بوون کردووە، بڵاوکراوەکانی ئەنجومەنی دادوەری حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ هەر سێ پارێزگای سلێمانی و هەولێرو دهۆك ئەم ئامارانەی تیادا تۆمارکراوە، هەروەك لە خشتەی (٢) دا هاتووە، ژمارەی تەڵاق و جیابوونەوە لە ساڵی (٢٠١٢)دا بریتی بووە لە (٥٧٥٩)و ساڵی (٢٠١٣) دەبێت بە (٥٩٩٧)و ساڵی دەستپێکی قەیرانەکە زۆر زیاد دەکات و دەبێتە (٧٥٣٩)و ساڵی (٢٠١٥)ش دەبێت بە(٨١٠٥)و، لە ساڵی (٢٠١٦ و ٢٠١٧) دا ژمارەکە کەمدەبێتەوە، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٨)دا ڕێژەکەی هەڵدەکشێت و دەبێتە (٩١٩٢) حاڵەت و، لە ساڵی (٢٠١٩)دا ژمارەی پێوانەیی تۆمار دەکات و دەبێتە (١٠٨٨٣) حاڵەت، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠) دا بەهۆی بڵاوبونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای کۆڤید ١٩ەوە و بەهۆی ڕێگری لە هاتنە دەرەوەی هاووڵاتیان و

---

[1] ئیحسان محمد حسن، کۆمەڵناسی ئابوری، و. فەیسەڵ علی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥، سلێمانی، ل ٢٠٢ - ٢٠٣.

[2] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، مەزەندەی کاریگەرییەکانی قەیرانی ٢٠١٤ لە عێراق، ل ٥.

[3] العربي، العراق معدل الفقر يبلغ ٣١٪ و مساع دولية للمساعدة، ٢٠٢١/٣/١٣، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە، www.alaraby.com/news/اقتصاد-١٢٦٣٢، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٢.

ڕاگەیاندنی کەرەنتینەی گشتییەوە ڕێژەکە تاڕادەیەك کەمدەبێتەوەو دەبێت بە(٧٥٦٦) حاڵەت، بەلاّم لە ساڵی (٢٠٢١)دا جارێکی تر لەهەموو ساڵەکانی پێش خۆی ژمارەکە بەرزدەبێتەوە بۆ (١١٦٩٩) حاڵەت، ئەو هۆکارانەشی کە لە کەیسەکانی ئەم جیابونەوانە تۆمار کراون لە ساڵی (٢٠٢١)دا بەم شێوەیەیە بەپلە بەندی: یەکەم نەگونجان لەگەڵ یەك، دووەم داوێن پیسی، سێیەم تەکنەلۆجیای سەردەم و نەبونی ماڵی جیاو هۆکاری کۆمەلاّیەتی و هۆکاری ئابوری، جیاوازی تەمەن، هۆکاری نەزۆکی، ژن هێنانی دووەم، توش بوونی یەکێکیان بەنەخۆشی، دەبینین پشکی هۆکاری نەبوونی ماڵی جیا کە بۆ باری ئابوری دەگەڕێتەوەو هۆکاری ئابوری خۆشی لەڕیزبەندی پێشەوەی هۆکارەکانی تەلاّقن.

**خشتەی (٢)**

**ئاماری تەلاّق و هاوسەرگیری دادگاکانی هەرێمی کوردستان** [1]

| ساڵ | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تەلاّق | ٥٧٥٩ | ٥٩٩٧ | ٧٥٣٩ | ٨١٠٥ | ٥٨١٤ | ٥٧٢٩ | ٩١٩٢ | ١٠٨٨٣ | ٧٥٦٦ | ١١٦٩٩ |
| مارەبڕین | ٥٠٠٤١ | ٤٦٦٣٥ | ٤١٨٥٨ | ٣٩٦٠٢ | ٣١١٨٣ | ٣٧٥٠٧ | ٣٩٧٦٣ | ٤٢٥٠٥ | ٤٤٤١٠ | ٥٤٨٣٧ |

## ٤ - **کەمبوونی هاوسەرگیری** ( Marriage decrease )

لەبەرامبەر زیادبوونی ڕێژەو ژمارەی حاڵەتەکانی جیابوونەوە ڕێژەی هاوسەرگیری و مارەبڕینیش کەمی کردووە، گەر سەیری هەمان خشتەی ژمارە(٢) بکرێت دەبینرێت ساڵی (٢٠١٢) بەژمارە (٥٠,٠٤١) مارەبڕین لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان تۆمار کراوە، لە ساڵی (٢٠١٣)دا (٤٦٦٣٥)، بەلاّم کاتێك قەیرانی ئابوری ساڵی (٢٠١٤) دروست دەبێت ژمارەکە دادەبەزێت بۆ (٤١٨٥٨) حاڵەت و ساڵی (٢٠١٥) زیاتر دادەبەزێت بۆ (٣٩٦٠٢) لە بەرامبەریشیاندا ڕێژەی تەلاّق زیاتر دەبێت، ژمارەی هاوسەرگیری لە ساڵی (٢٠١٦)دا ژمارەی پێوانەیی لە کەمیدا تۆماردەکات و دادەبەزێت بۆ تەنها (٣١١٨٣) هاوسەرگیری، بەلاّم لەساڵی (٢٠١٧)ەوە ژمارەکە بەلەسەرخۆیی زیاد دەکاتەوە.

## ٥ - **توندوتیژی خێزانی** ( Family violence )

کەیسەکانی توندوتیژی بەربلاّون و ڕوویان لە زیادبوون کردووە، ئەم کەیسانەش لە دادگاکان و لەلای بنکەکانی پۆلیسیش پۆلێن دەکرێن و جیادەکرێنەوە، ئەو حاڵەتانەی کە لە نێوان چوارچێوەی ئەندامانی خێزان ڕوو دەدەن بەتوندو تیژی خێزانی ئەژمار دەکرێن و لەلایەن دادگای توندوتیژی خێزانییەوە دەبینرێن، قەیرانی ئابوری

---

[1] ئامادەکردنی توێژەر لە کۆی ئاماری ساڵەکانی (٢٠١٢ - ٢٠٢١)ی دادگاکانی هەرێم، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە http://www.krjc.org/ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١٥.

ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر زیادبوونی توندوتیژی خێزانی، هەرچەندە ئاماری تۆمارکراومان دەست نەکەوت لە ساڵانی پێش قەیران سەبارەت بەم حاڵەتە، بەڵام گەر سەیری خشتەی (٣) بکەین دەبینین توندوتیژی خێزانی ساڵ دوای ساڵ لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە ڕووی لە زیاد بوون کردووە، لە ساڵی (٢٠١٣)دا (٥٣١) حاڵەت و لە ساڵی (٢٠١٤) دا و لەگەڵ دروست بوونی قەیرانی ئابوری زۆر بەرز دەبێتەوەو دەبێتە (٤٧٩٤) کەیس و لە ساڵی (٢٠١٥)دا بۆ (٥٦١٠)و لە ساڵی (٢٠١٦)دا بۆ (٨٠٦٧) کەیس و لە (٢٠١٧)دا بۆ (٩٥٦٥) و لە (٢٠١٨) دا بۆ (٩٨١٥) حاڵەت بەرز دەبێتەوە، لە (٢٠١٩)دا (٩٤٤٣) کەیس بووە، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠) بەهۆی کەرەنتینەوە ڕووی لە کەمی کردووە و دابەزیوەتەوە بۆ (٤٠٠٦) حاڵەت و لە (٢٠٢١)دا جارێکی تر لەساڵانی پێش خۆی زیاتر زیاد دەکات و دەبێت بە(١٠٥٤٨) حاڵەت، واتە لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە بیست هێندە توندو تیژی زیادی کردووە، ئەمانەش حاڵەتی نەخوازراون و ئاماژەن بۆ لێکترازانی خێزان و گۆڕانی نەرێنی و نەمانی ئەو پیرۆزییەی کە خێزانی کوردی لە پێشووتردا هەیبوو.

**خشتەی (٣)**

**ئاماری توندوتیژی خێزانی دادگاکانی هەرێمی کوردستان** [1]

| ساڵ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| توندوتیژی خێزانی | ٥٣١ | ٤٧٩٤ | ٥٦١٠ | ٨٠٦٧ | ٩٥٦٥ | ٩٨١٥ | ٩٤٤٣ | ٤٠٠٦ | ١٠٥٤٨ |

**٦ - تاوان** ( Crime ): تاوان ڕۆژ دوای ڕۆژ ڕوی لە زیادبوون کردووە و ئاسایشی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان لە مەترسیدایە، یەکێك لە هۆکارەکانیش قەیرانی دارایی و ئابورییە، گەر بڕوانینە خشتەی (٤) بەڕونی دەبینین تاوان ڕووی لە هەڵکشانە لە ساڵی (٢٠١٣)دا (٤٢٧٠) تاوان و لە ساڵی (٢٠١٤)دا بەرزدەبێتەوە بۆ (٤٩٨٩) تاوان و لە ساڵی (٢٠١٥)دا بۆ (٥٨٤٣) تاوان، بەم شێوەیە ڕوداوەکانی تاوان و تاوانکاری لە ساڵی (٢٠١٩)دا دەگاتە (٧١٤٤) حاڵەتی تاوان، بەڵام جارێکی تر لە ساڵی (٢٠٢٠)دا بەهۆی کۆرۆناوە ژمارەی تاوانەکان دادەبەزێت بۆ (٣٦٩٥) تاوان، بەڵام لە (٢٠٢١) دا دوبارە بەرز دەبێتەوە بۆ (٦٢٢٠) تاوان. گەر سەیری هەمان خشتەی خوارەوە ژمارە (٤) بکەین دەبینین کەیسەکانی دادگای کەتنیش ساڵ دوای ساڵ ڕوی لە زیادبوونە، لە ساڵی (٢٠١٣)دا (١٦٨٩٠) کەتنی جۆراوجۆر هەبووە، لەگەڵ سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری لە ساڵی (٢٠١٤)دا ژمارەکە بەرز دەبێتەوە بۆ (٢١٨١٤) هەزار کەتن، وە ژمارەکە لە (٢٠١٩)دا دەبێتە (٢٥٨٢٣)، بەڵام لە ساڵی (٢٠٢٠)دا ڕووی لە کەمی کردووە و دابەزیوە بۆ (١٠٧٥٦) هەزار کەتن، بەهۆی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆناو سنورداربوونی بەریەك کەوتنی کۆمەڵایەتی، جارێکە تر لە ساڵی (٢٠٢١)دا زۆر بەرز دەبێتەوەو دەبێت بە(٣٠٥٤١) کەتنی جۆراوجۆر.

بەپێی داتاکانی بەڕێوبەرایەتی پۆلیسی هەرێمی کوردستان، دەردەکەوێت ڕێژەی تاوانی کوشتن سێ هێندە

---

[1] ئامادەکردنی توێژەر لە کۆی ئاماری ساڵەکانی (٢٠١٢ - ٢٠٢١)ی دادگاکانی هەرێم، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە http://www.krjc.org/ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١٥ .

زیادیکردووە و دزیکردنیش دوو هێندە لەماوەی ساڵەکانی (٢٠١٤ - ٢٠١٥) بەبەراورد بەدوو ساڵی پێش قەیران (٢٠١٢ - ٢٠١٣)بووە، دەرکەوتووە ژمارەی تاوانی دزیکردن لە ساڵی (٢٠١٢) بریتی بووە لە (٢٥٢٧) حاڵەت، لە ساڵی (٢٠١٣)دا ژمارەکە بریتی بووە لە (٢٩٦٧) حاڵەت، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٤)دا ژمارەی دزیکردن بەرزدەبێتەوە بۆ (٤٤٨٨) حاڵەت و لە ساڵی (٢٠١٥) دا ژمارەکە زیاتر دەبێت و دەبێت بە(٥٢٢٢) تاوانی دزیکردن، سەبارەت بەداتاکانی تاوانی کوشتن و هەوڵدان بۆ کوشتن دەرکەوتووە لە ساڵی (٢٠١٢)دا (٢٨٧) حاڵەت ڕوویداوە، لە ساڵی (٢٠١٣) دا (٢٤٢) تاوان، بەڵام لە ساڵی (٢٠١٤)دا بەرزبۆتەوە بۆ (٩٧٧) تاوان و لە ساڵی (٢٠١٥)دا بووە بە(٨٨٦) تاوانی کوشتن [1]، ئەو هۆکارانەشی لە کەیسەکانی تاوانی کوشتن تۆمار کراوە لەساڵی (٢٠١٤)دا بەم شێوەیە بووە، هۆکاری کۆمەڵایەتی ناموس، تەکنەلۆجیای سەردەم، کێشەی خێزانی، کوشتنی بەئەنقەست، کوشتنی بەهەڵە، ڕوداوی هاتوچۆ، خۆسوتاندن، خۆکوشتن، خنکان لە ئاو، مردن بەتەزوی کارەبا.

**خشتەی (٤)**

**ئاماری تاوان و کەتن لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان** [2]

| جۆری دادگا | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ | ٢٠١٦ | ٢٠١٧ | ٢٠١٨ | ٢٠١٩ | ٢٠٢٠ | ٢٠٢١ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| د. تاوان | ٤٥٩٥ | ٤٢٧٠ | ٤٩٨٩ | ٥٨٤٣ | ٥٣٧٢ | ٦٦٩٥ | ٦٤٥٦ | ٧١٤٤ | ٣٦٩٥ | ٦٢٢٠ |
| د. کەتن | ٢٠٩٩٧ | ١٦٨٩٠ | ٢١٨١٤ | ٢٥٦٤٨ | ٢٤١٠٧ | ٢٦٩٦٣ | ٢٣٨٩٢ | ٢٥٨٢٣ | ١٠٧٥٦ | ٣٠٥٤١ |

| تاوان | ٢٠١٢ | ٢٠١٣ | ٢٠١٤ | ٢٠١٥ |
|---|---|---|---|---|
| دزی | ٢٥٢٧ | ٢٩٦٧ | ٤٤٨٨ | ٥٢٢٢ |
| کوشتن | ٢٨٧ | ٢٤٢ | ٩٧٧ | ٨٨٦ |

## ٧ - کوشتن و خۆکوشتن (Murder and Suicide)

یەکێکی تر لەو تاوانانەی ڕووی لە زیادبوون کردووە کوشتن و خۆکوشتنە ئەوەی لە میدیاو لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەبینرێت و دووبارەش دەبێتەوە بریتییە لە هەواڵی کوشتن و خۆکوشتن، کە بۆتە جێی سەرنج لەلای توێژەر، هەرچەندە ئەم حاڵەتانە لە کۆمەڵگە ئیسلامییەکاندا کەمە بەبەراورد بەکۆمەڵگەکانی تر بەهۆی توندی هەڕەشەی ئایین لەو کەسانەی پەنا دەبەنە بەر ئەم هۆکارە، بەڵام لە دوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە لە هەرێمی

(1) زانا احمد پیرداود، علاقة الخصائص الأجتماعية والبيئية بالسلوك الاجرامي، دراسة ميدانية في اقليم كردستان/العراق، أطروحة دكتوراه، ص٧٧.

(2) ئامادەکردنی توێژەر لە کۆی ئاماری ساڵەکانی (٢٠١٢ - ٢٠٢١)ی دادگاکانی هەرێم، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە http://www.krjc.org/ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١٥ .

کوردستان حاڵەتەکان زیاتر بوون بەتایبەت لەناو پیاواندا، کە زۆرینەیان بەهۆی کێشەی داراییەوەیە، هەرچەندە ئامارەکانی خۆکوشتن بەزەحمەت دەستدەکەون، بەڵام لە بەشێکی ئامارەکانی ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان تەنها لە ساڵی (٢٠١٤)دا ئاماژەی پێکراوە، هاتووە (٩٠) حاڵەت لە هەرێم تۆمارکراوە لەژێر ناوی خۆکوشتن کە (٥١) نێرو (٣٩) مێ بوون، (٩٨) حاڵەتی خۆسوتاندنیش هەبووە هەر لە هەمان ساڵدا کە (١٥) نێرو (٨٣) مێ بوون [1]، هەروەها گەر سەیری خشتەی (٤) بکەین دەبینین لە ساڵی ٢٠١٣دا (٢٤٢) کوشتن و لە ٢٠١٤دا کە ساڵی دەستپێکی قەیرانە دەبێت بە(٩٧٧) تاوانی کوشتن، بەپێی ڕاگەیاندراوی یەکێتی پیاوان لەهەرێمی کوردستان ئامارەکانی خۆکوشتنی ڕەگەزی نێر ساڵ دوای ساڵ لەبەرزبوونەوەدایە، لەڕاگەیاندراوە ڕۆژنامەوانییەکەدا هاتووە ساڵی (٢٠١٥)، (٦١) پیاو خۆیان کوشتووە، ئەم ژمارەیە ساڵی (٢٠١٦) بووە بە(٧٠) پیاو، هەر بەپێی ڕاگەیاندراوەکە کۆی گشتی خۆکوشتنی پیاوان لە ساڵی (٢٠١١)ەوە تا کۆتایی (٢٠١٦) (٣٥٨) کەس بووە [2]. واتە خۆکوشتن لەدوای دروست بونی قەیرانەوە ڕووی لەزیادبوون کردووە.

## ٨- کۆچ ( Immigration )

کۆچ لە بنەمادا بریتییە لە گواستنەوەی مرۆڤ لە ناوچەیەکی جوگرافییەوە بۆ ناوچەیەکی جوگرافی دیکە، بەئامانجی دەستکەوتنی سەقامگیری کاتی یا بەردەوام، کۆچکردن زۆرجار لەسەر شێوەی تاکە کەسی یاخود کۆمەڵ و گروپ ئەنجام دەدرێت، لە هەندێك حاڵەتیشدا خانەوادەکان بەتەواوەتی لە ناوچەیەکەوە دەڕۆن بۆ ناوچەیەکی دیکەو زێدی خۆیان بەجێدەهێڵن و پانتاییەکی دیکەی جوگرافی دەدۆزنەوە بۆ ژیانکردن، بەپێی پێناسەی ڕێکخراوی نەتەوە یەگکرتووەکان کۆچەر بەکەسێك دەوترێت کەبەمەبەستی کۆچ دەچێتە وڵاتێکی تر، تێیدا خاوەنی ناسنامەی ئەو وڵاتە نەبێت و لانی کەم بۆ ماوەی ساڵێك زیاتر نیشتەجێ ببێت [3].

دەزگای لوتکە بۆ کاروباری پەنابەران کە ڕێکخراوێکی ناحکومی مرۆییەو پێشتر لەژێر ناوی (فدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی) کاری کردووە، ئاماری مەترسیداری لەبارەی کۆچبەرانی عێراق و هەرێمی کوردستان بڵاوکردوەتەوە، بەپێی ئامارەکانی دەزگاکە: ئامارەکانی قوربانیانی عێراقی کە لە ڕێگەی کۆچی نایاسایی لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٥-٢٠٢١) بوون بەقوربانی زۆرینەیان خەڵکی هەرێمی کوردستانن و ژمارەکەیان (٤٥٨) کەسن، هەر بەپێی ئامارەکانی دەزگاکە لە ماوەی نێوان ساڵانی (٢٠١٤ - ٢٠٢١)، ژمارەی ئەو پەنابەرانەی

---

[1] ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە
http://www.krjc.org/Default.aspx?page=category&c=dad2014 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٢٤.

[2] ئاماری کوشتن و توندوتیژی دژی پیاوان، ئاری، ٢٠١٧/١/٧، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە
http://www.speda.net/index.php/ku/news/22853 ، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٢.

[3] ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، هۆکارەکانی کۆچ و میکانیزمەکانی ڕووبەڕوبونەوەی لە هەرێمی کوردستان ، ٢٠٢١، ل٢، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=40365، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٤.

داوای مافی پەنابەرییان لە وڵاتانی ئەوروپا کردووەو خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستانن (٦٩٣) هەزار کەسن، بەدەر لەو کۆچبەرانەی تەمەنیان لە خوار (١٨) ساڵەوەیە، یا ئەوانەی داوا نامەی سیاسییان پێش کەش کردووە [1].

یەکێك لە ڕەنگدانەوە گەورەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان بریتییە لە زیادبوونی دیاردەی کۆچی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا، لە پێش دروست بوونی قەیرانی ساڵی (٢٠١٤) جۆرێك لە کۆچی پێچەوانە دروست بووبووەوە بەشێوەیەك هەندێ لە کوردانی تاراوگە دەگەڕانەوە بۆ کوردستان، لەبەر ئەو بوژانەوە ئابوری و سەقامگیرییەی کە هەبوو، بەڵام لە دوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە بەهۆی قەیرانی ئابوریەوە کۆچ بەرەو هەندەران زۆر زیادی کردەوە، ڕێکخراوی پەنابەرانی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەژمارەی ئەو کەسانە کردووە کە لەساڵی ٢٠٢١دا کۆچیان کردووە بۆ هەندەران و ژمارەکەیان لە (٣٠) هەزار کەس زیاتر بووە [2].

## سێ یەم : بواری پەروەردە

پەروەردە وەکو سیستەمێکی گرنگی کۆمەڵگە پەیوەندی دانەبڕاوی هەیە بە سیستەمی خێزانەوە بەوەی ئەندامانی خێزان لە تەمەنی چوار ساڵییەوە تا تەواوکردنی خوێندن پێویستیان بە کەرتی پەروەردە هەیە لە باخچەو قوتابخانەو پەیمانگاو زانکۆ،بۆیە جێ ی خۆیەتی باس لە کاریگەری قەیرانی ئابوری ساڵی (٢٠١٤) و ساڵانی دواتر بکرێت لەسەری، بە جۆرێك کۆی مۆڵەتدان بەژمارەی پڕۆژەی ئەنجامدراو لە بواری پەروەردەو فێربوون لە (٢٠٠٦/٨/١)ەوە بۆ (٢٠٢١/٤/١٢) لە دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێم بریتی بووە لە (٤٤)پڕۆژە لە کۆی (٩٦٦) پڕۆژە، ڕێژەکەی (٤،٥٥٪) دەکات و زۆر کەمە، ئەمە لاوازی گەشەی سێکتەری پەروەردە دەردەخات لەچاو سێکتەرەکانی تر [3].

پێشکەوتنی ئەم کەرتە پێشکەوتنی کۆمەڵگەو وڵاتی بەدوادا دێت و، لەگەڵ گەشەی دانیشتواندا ئەم کەرتەش دەبێت گەشە بکات و ژمارەی قوتابخانە و مامۆستاو قوتابی زیاتر ببێت، بەڵام کاتێك سەیری ئامارەکان دەکرێت دەبینرێت گەشەی نەکردووە، دەزگای ئاماری هەرێم ئامارەکانی وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بڵاوکردۆتەوە لە ساڵی (٢٠١٣ - ٢٠١٤) پێمان دەڵێت ژمارەی باخچەی منداڵان برتی بووە لە (٤٥٦) باخچە کە (٦٥٥٥٠) منداڵی لەخۆگرتووە، بەرامبەر بە(٤١٥٧) مامۆستا لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم، لە ساڵی ٢٠١٨ - ٢٠١٩ بووە بە (٥٣٤) باخچە بۆ (٨٢٩٠٠) منداڵ بەرامبەر بە(٦٥٥٧) مامۆستا، هەمان ساڵی (٢٠١٣ - ٢٠١٤) ژمارەی

---

[1] ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، سەرچاوەی پێشوو.

[2] ڕۆژ نیوز، جمعیة اللاجئین،٣٠ ألف شخص هاجر من إقلیم کردستان إلی أوروبا خلال العام الجاري، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە.rojnews.news/ar/کردستان/جمعیة-اللاجئین-٣٠-ألف-شخص-هاجر-من-إقلیم/ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٣.

[3] دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣ .

**قوتابخانە بریتییە لە (٥٧٦٢) بۆ (١,٥١٢,٦٧٧) قوتابی بەرامبەر بە(١٠٩٣٣٧) مامۆستا، ئەو ڕێژانە ساڵی (٢٠١٨ - ٢٠١٩) بەم شێوەیە بوون ژمارەی قوتابخانە بریتییە لە (٥٧٥٧) بۆ (١,٦٠٩,٢٦٨) قوتابی بەرامبەر بە(١١٤٨٥٣) مامۆستا [1].**

**دەبینین دوای (٦)ساڵ ژمارەی بینای قوتابخانە کەمی کردووە لەبری زیاد بکات ئەمەش دیارە بەهۆی چۆڵبوونی گوندەکانەوە بووە، دوای زیادبوونی (١٠٠) هەزار خوێندکار لەماوەی ئەو شەش ساڵەدا دەبینین ژمارەی مامۆستا (٥٥١٢) زیادی کردووە کە زۆرکەمە بەرامبەر بەزیادبوونی (١٠٠)هەزار خوێندکار.**

**ئەم داتایانە کەهی دەزگای ئاماری حکومەتی هەرێمە هی کابینەی هەشتی حکومەت بووە، جیاوازە لەگەڵ ئەو داتایانەی کابینەی نۆ بلاّوی کردونەتەوە بۆ نموونە، بەبۆنەی تێپەڕبونی دوو ساڵ بەسەر تەمەنی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەت پەرتوکێکی بلاّوکردەوە بەناوی (کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی و خزمەتگوزاری لە نێوان ٢٠١٩/٧/١٠ تا ٢٠٢١/٥/١) لاپەڕە (١٣٠ - ١٤٧)ی پەرتوکەکەی تەرخان کردووە بۆ چالاکییەکانی وەزارەتی پەروەردە، لە بەشێکی ڕاپۆرتەکەی وەزارەتی پەروەردەدا تایبەت بەبینای قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستان و کارەکانی وەزارەتی پەروەردە تایبەت بەو سێکتەرە هاتووە:**

**١ - لە هەرێمی کوردستان نزیکەی (١ ملیۆن و ٧٥٠ هەزار) قوتابی هەیە.**

**٢ - نزیکەی (١٣٠) هەزار مامۆستا هەن، بەفەرمانبەرو مامۆستاو مامۆستایانی گرێبەست لە قوتابخانە حکومی و ناحکومی و ئەهلییەکانەوە ژمارەکە بەرز دەبێتەوە بۆ (١٦١ هەزارو ١٠٩) موچەخۆر لە کەرتی پەروەردە.**

**٣ - نزیکەی (٦ هەزارو ٧١٠) قوتابخانە هەیە بە حکومی و ئەهلی و ناحکومیەکانەوە.**

**٤ - سێکتەری پەروەردە پێویستی بە(٣ هەزار) بیناو باڵەخانەی نوێ هەیە [2].**

**ئەوەی بەلای توێژەرەوە گرنگە پێویستی کەرتی پەروەردەیە بە(٣ هەزار) بیناو باڵەخانەی نوێ، لە دوو ساڵی تەمەنی کابینەی نۆدا توانیویەتی تەنها (٣٨) قوتابخانە دروست بکات [3]. ئەمەش زۆر زۆر کەمە، ئەمەو قەیرانی دارایی و ئابوری ساڵی (٢٠١٤)و ساڵانی دواتر ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر کەرتی پەروەردەو، کۆمەڵێ کێشەو گرفتی گەورەشی بۆ دروست کردووە وەکو:-**

**أ - بەهۆی دواکەوتنی پێدانی موچەو سیستەمی پاشەکەوت و لێبڕینەوە لەو ساڵەوە بایکۆتی دەوام هەبووە لەلایەن مامۆستاو فەرمانبەرانەوە لە زۆربەی شارەکان بەتایبەت لە دەڤەری سلێمانی ئەمەش کاریگەری کردۆتە سەر ئاستی فێربوون و زانیاری و پەروەردەی قوتابی، بەتێبینی کردن و سەرنجدانی توێژەر ئەوە ڕوون بۆتەوە ئاستی**

---

**[1] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پوختەی ئاماری پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٢ - ٢٠١٩، تشرینی دووەمی ٢٠١٧.**

**[2] نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی و خزمەتگوزاری لە نێوان ٢٠١٩/٧/١٠ تا ٢٠٢١/٥/١، چاپخانەی ڕۆژهەلاّت، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٣٠.**

**[3] نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی نۆیەم، هەمان سەرچاوە، ل ١٤٥.**

زانستی و فێربوون زیانی بەرکەوتووەو وا پێشبینی دەکرێت دابەزیبێت.

ب - ساڵانە بەهۆی گەشەی دانیشتوانەوە پێویست دەکات کە بینای نوێی قوتابخانە دروست بکرێت بەڵام نەکراوە.

ج - ساڵانە پێویست دەکات پەرتووکی نوێ بۆ سەرجەم قۆناغەکانی خوێندن چاپ بکرێت و دابەش بکرێت، بەڵام بەهۆی قەیرانەوە ئەمەش زۆر کەمبۆتەوە، بۆیە ژمارەیەکی بەرچاو لەخوێندکاران بەناچاری یان لەکتێبە کۆنەکاندا دەخوێنن یان لە بازاڕی ڕەشدا کۆپییەکەی بەپارەیەکی زۆر دەکڕن.

د - ساڵانە ئەم کەرتە پێویستی بەدامەزراندنی مامۆستاو کارمەندو فەرمانبەری نوێیە، بەهۆی هەمان قەیرانەوە نەتوانراوە ئەو بۆشاییانە پڕبکرێتەوە، بۆ پڕکردنەوەی وەزارەتی پەروەردە پەنای بردۆتە بەردەم دانانی وانەبێژ بەشێوەی کاتی و هەندێکیش لەساڵانی پێشوو بەگرێبەست، ئەوە دانان و دامەزراندنی فەرمانبەرو ڕێنمایکاری پەروەردەیی و دەستەی هونەری زۆر کەم تەنها لە قوتابخانە ئەهلییەکاندا هەبووە.

ك - ساڵانە قوتابخانەکان پێویستیان بەنۆژەنکردنەوە و ئامێرو کەل و پەلی زانستی و فێرکاری و تەختەی خوێندن و گەرم کەرەوەو ساردکەرەوە و پێداویستی تر هەیە، ئەمەش بەهۆی قەیرانەوە نەتوانراوە فەراهەم بکرێت، هەرچەندە هەندێ لە قوتابخانەکان لەسەر شانی کەس و کاری قوتابی هەندێ لە پێویستییەکان پڕ دەکەنەوە بەڵام وەك پێویست نییە.

ل - ساڵانە ڤستیڤاڵی هونەری و وەرزشی قوتابخانەکان ئەنجامدەدرا، بەڵام بەهۆی قەیرانەوە زۆربەی ئەم چالاکیانەش وەستێنراون.

م- بەپێی داتاکانی پەروەردەی گشتی پارێزگاکان بێت ڕێژەی وازهێنانی قوتابی و خوێندکار ڕوی لە زیاد بوون کردووە، هەروەها ڕێژەی مۆڵەتی بێ موچەی مامۆستاو فەرمانبەریش ڕووی لە زیاد بوون کردووە جا بەهۆی کۆچەوە بێت بۆ دەرەوەی وڵات یان بۆ کارکردن بێت لە کەرتی تایبەت تابتوانێت بژێوی ژیانی دابین بکات.

و- پرۆژەی هاوکاریکردنی خوێندکار هەبوو بۆ هەموو وەزارەتەکان بەناوی تواناسازی بۆ پشتگیریکردنی ماددیانەی ناردنە دەرەوەی خوێندکارانی خوێندنی باڵا بۆ تەواوکردنی ماستەرو دکتۆرا لە دەرەوەی وڵات بۆ سەرجەم وەزارەتەکان، بەڵام ئەم پرۆژەیەش بە تەواوی وەستێنرا.

ی - لێکەوتە کۆمەڵایەتی و دەرونییەکانی قەیران لەناو کادێرانی پەروەردەشدا وەکو سەرجەم توێژەکانی تری کۆمەڵگە هەیەو ڕەنگیداوەتەوە، کەسایەتی و پێگەی ئەمانیش بونەتە قوربانی گرفتە دارایی و کێشە کۆمەڵایەتییە جۆراو جۆرەکان و بێ متمانەیی و ڕەشبینی و خەفەت و ناڕەحەتی دەرونی و بێ هیوایی تا ڕادەیەك ژیانیانی داگیرکردووەو کاریکردۆتە سەر توانای بە جێگەیاندنی ئەرکی سەرشانیان وەکو مامۆستاو وەکو دڵسۆزو خەمخۆر بۆ کارو پیشەکەیان.

## چوارەم: بواری تەندروستی

یەکێکی تر لەو کەرتە گرنگانەی پەیوەندی تەواوکاری لەگەڵ سیستەمی خێزان هەیە کەرتی تەندروستییە، بەوەی هەموو ئەندامێکی خێزان پێویستی بەچاودێری تەندروستی و بنکەکانی تەندروستی و نەخۆشخانەکان هەیە، بۆیە جێ ی خۆیەتی باس لە کاریگەری قەیرانی ئابوری بکەین لەسەری، لەهەرێمی کوردستان ئەم کەرتە لەلایەن حکومەتەوە پشتیوانی لێکراوە لەنەخۆشخانە حکومییەکاندا بەدابینکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی و نەشتەرگەرییە جۆراو جۆرەکان و تاقیگەو سەنتەرەکانی تیشك، ژمارەی ئەو پڕۆژانەی لە ٢٠٠٦/٨/١ەوە بۆ ٢٠٢١/٤/١٢ لە کۆی (٩٦٦) پڕۆژە تەنها (٦٠) پڕۆژە لە بواری کەرتی تەندروستیدا بووە و، ڕێژەی (٦,٢١٪) ی کۆی پڕۆژەکان بووە کە لەدەستەی وەبەرهێنان مۆڵەتیان پێدراوە، ئەم ڕێژەیەش زۆر کەمە [1]، ئەم کەرتە پێش ساڵی (٢٠١٤)ەش گرفتی زۆری هەبووە، بەتایبەت لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە زۆر پاشەکشەی کردووە و قەیرانی دارایی و ئابوری ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەری، لە خوارەوە ئاماژە بەهەندێك لەو گرفتانە دەدەین:-

أ - کۆچی پزیشکان و کارمەندانی تەندروستی وەك وەزارەتەکانی تر بۆ دەرەوەی وڵات لە (٢٠١٤)ەوە ڕووی لە بەرزبوونەوە کردووە، ئەمە جگە لەمۆڵەتی بێ موچە کە دەکرێت بۆ دەربازبوون لەو قەیرانە داراییەو بۆ ئەوەیە ئەم چینە بتوانن ژیانیان مسۆگەر بکەن.

ب - بەهۆی قەیرانەوە وەزارەتی تەندروستی نەیتوانیوە وەك پێشتر پێداویستی و کەلوپەلی پزیشکی دابین بکات بۆ بنکەو نەخۆشخانەکان، باس لەکەمکردنەوەی ڕێژەی (٥٠٪)ی خەرجییەکان دەکرێت بۆ کەلوپەلی نەخۆشخانەکان و تەنانەت بۆ دەرمان و پێویستییەکانی نەشتەرگەری کە زۆر گرنگ و پێویستن، کە لەوانەیە لەبەر نەبوونی دەنکێ حەب یان دەرزییەك نەخۆش گیان لەدەست بدات [2].

ج - هەر بەهۆی قەیرانەوە وەزارەتی تەندروستی بەشێکی زۆری خزمەتگوزارییەکانی لەنەخۆشخانە حکومییەکان کردووە بەپارە، بەشێوەیەك جیاوازییەکی وا نەماوە لە نێوان تێچووی نەخۆشخانە حکومییەکان لەگەڵ نۆڕینگە و نەخۆشخانە ئەهلییەکان، بۆ نموونە نەشەرگەری منداڵ بوون لە نەخۆشخانە حکومییەکان بە(٤٥٠) هەزار دینار دەکرێت بەڵام تێچووەکەی لە ئەهلییەکان (٥٠٠ تا ٥٥٠) هەزار دینارەو جیاوازییەکی ئەتۆی نییە.

د - نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکان و کڕینی ئامێری پزیشکی نوێ بۆ نەخۆشخانەکان وەستاوە، زۆربەی ئامێرە کۆنەکانیش لەکار کەوتوون، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەم کەرتە بەرەو ئیفلیج بوونی تەواوی دەڕوات، لە بەرامبەریشدا کەرتی تایبەت جێگەی گرتۆتەوە بەشێوەیەك و بەپارە هەموو خزمەتگوزارییەکی پزیشکی لەم

---

[1] دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانگەی لێکۆڵینەوەو زانیاری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٣.

[2] روز نیوز، ازدياد المشاكل القطاع الصحي في اقليم كوردستان، على موقع الالكتروني التالي،

rojnews.news/adr/كردستان/ازدياد-مشاكل-القطاع-الصحي-في-إقليم-كرد، في ٢٠٢١/٧/٣٠.

کەرتە بەردەستە بەڵام خەرجییەکەی زۆرەو زۆر لەسەر چینی هەژارو موچەخۆر کەوتووە.

و - ساڵانە بەهۆی گەشەی دانیشتوانەوە کەرتی تەندروستیش وەك کەرتەکانی تر دەبێت فراوان بکرێت هەم لە ڕووی کردنەوەی بینای نەخۆشخانەی نوێ و هەم لەڕووی دامەزراندنی پزیشك و کارمەندی نوێوە. ئێستا لە قەزای ئاکرێ بۆ (٣٠٠) هەزار دانیشتوان نەخۆشخانەیەکی حکومی هەیە، لە قەزای کەلار بۆ (٦٠٠) هەزار کەس نەخۆشخانەیەکی حکومی هەیەو لەبەر نەبوونی پزیشك و پێداویستی پزیشکی ٦٠٪ی نەخۆشەکانیان ڕەوانەی شاری سلێمانی دەکەن، سەبارەت بەدامەزراندنی کارمەندیش وەك زۆربەی کەرتەکانی تر لە ساڵی (٢٠١٣)ەوە دامەزراندن نەماوە و زۆر زۆر کەمبۆتەوە، دامەزراندنی پزیشکیش جگە لە پزیشکی گشتی زۆر زۆر ئەستەم بووە [1].

ی - لە (٢٠١٤)ەوە بەهۆی دواکەوتنی موچەو لێبڕین و پاشەکەوتەوە بایکۆتی دەوام ئەم کەرتەشی گرتۆتەوەو تائێستاشی لەگەڵدا بێت نیو دەوام و سیستەمی (تناوب) بەردەوامە، ئەمەش بۆتە هۆی زیاتر پەك خستنی کەرتی تەندروستی گشتی.

---

[1] روز نیوز، سەرچاوەی پێشوو.

# بەشی سێیەم

# بونیادو ئەرك و كێشەكانی خێزان لەهەرێمی كوردستان

## باسی یەكەم: بونیاد و ئەركەكانی خێزان

## باسی دووەم: كێشەكانی خێزان

# باسی یەکەم: بونیاد و ئەرکەکانی خێزان

## یەکەم : بونیادی خێزان و قۆناغ و تایبەتمەندی و پایەکانی

### ١ - بونیادی خێزان

خێزان دامەزراوەیەکی کۆمەلأیەتی گرنگەو هاوتایە لەگەڵ بوونی مرۆڤ و بەردەوامیشە لە مانەوەی بەدرێژایی مێژوو، هاوکات لەهەموو کۆمەڵگەکانیشدا بەکۆن و نوێ و سەرەتایی و پێشکەوتوو هاوچەرخیشەوە هەبووە، هەروەها لە هەموو کات و سەردەمێك و، لە هەموو شوێنێك مرۆڤی لێ ژیا بێت خێزانیش بوونی هەبووە، ئەمەش سیفەتی گەردوونی و جیهانی بەخێزان بەخشیوە، هەروەها خێزان پێویستییەکی حەتمییە بۆ مانەوەی نەژادی مرۆڤایەتی و بەردەوام بوونی، چونکە ئەرکی وەچەخستنەوەو زۆربوونی مرۆڤی لەسەر شانەو، خێزان وەك سیستەمێکی کۆمەلأیەتی هەموو پێداویستییەکان بۆ تاك دابین دەکات هەر لەڕێکخستنی ڕەفتاری سێکسی و وەچە خستنەوەوە تاکو پێگەیاندنی کۆمەلأیەتی تاکەکان لە پێناو مانەوەی خۆی لە بارودۆخێکی هاوسەنگدا [1].

خێزان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەلأیەتی بونیادی هەیە، هەروەك چۆن کۆمەڵگە یاخود دامەزراوەکان بونیادیان هەیە بونیادیش پێك دێت لە بەش، هەر بەشێکیش ئەرکێکی هەیەو لەگەڵ ئەرکی بەشەکانی تر تەواوکەری یەکتر دەبن [2].

بونایدی کۆمەلأیەتیش لە چەند سیستەمێکی کۆمەلأیەتی پێك دێت، یەکێك لە پۆلێنکردنە بەناوبانگەگان بۆ سیستەمە کۆمەلأیەتییەکان پۆلێنکردنەکەی کۆمەڵناسی بەریتانی Herbert Spencer (١٨٢٠-١٩٠٣)(هێربەرت سپنسەر)ە، بونیاد لای ئەو لە شەش سیستەم پێك دێت و بریتین لە (سیستەمی خێزانی، سیستەمی ڕێوڕەسم و بۆنەکان، سیستەمی سیاسی، سیستەمی ئاینی، سیستەمی پیشەیی، سیستەمی پیشەسازی)، بەلأم زانایەکی تر بەناوی (هیرتزلەر) سیستەمە کۆمەلأیەتییەکان بۆ نۆ سیستەم پۆلێن دەکات بەم شێوەیە (سیستەمی هاوسەرگیری و خێزانی، سیستەمی ئاکاری، سیستەمی سیاسی، سیستەمی ئاینی، سیستەمی پەیوەندی و پێگگەیشتن، سیستەمی ئابوری و پیشەسازی، سیستەمی تەندروستی و کات بەسەربردن، سیستەمی فێرکردن و زانستی، سیستەمی جوانی و گوزارشت کردن). بەلأم بەلای (سمڵسەر)ەوە بونیادی کۆمەلأیەتی لە چوار سیستەمی سەرەکی پێکدێت کە بریتین لەمانە (خێزانی، ئابوری، سیاسی، پەروەردەیی) و هەرچی سیستەمی

---

[1] اجلال حلمي، دراسات عربية في علم الاجتماع الاسري، دار القلم للنشر والتوزيع، دبي، ١٩٩٠، ص ٥٧- ٥٨.

[2] تاهیر حەسۆ زێباری، تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٧، ل ٥٣.

ئاینی یە دەکەوێتە ناو ئەمانەوە [1].

(بارنز) دەڵێت بونیادی کۆمەڵایەتی لە کۆی سیستەمەکان پێکهاتووە و سیستەمی کۆمەڵایەتیش یەکێکە لە سیستەمە گرنگەکانی، ئەو میکانیزمە دەنوێنێت کە کۆمەڵگە لەڕێگەیەوە کارو چالاکییە جۆراوجۆرەکانی ئاڕاستەو جێبەجێ دەکات بۆ هێنانە دی ئامانج و دابینکردنی پێویستییەکانی، گەر سیستەمی خێزانی وەك نموونە وەربگرین کە لەهەموو پۆلێنکردنەکاندا وەك یەکەم سیستەمی کۆمەڵایەتی ناو بونیادی کۆمەڵایەتی دەستنیشان کراوە، دەبینین لە هەموو کۆمەڵگەکاندا پێکهاتەو بونیادی کۆمەڵگە لە بچووکەوە بۆ گەورەتر یان لە خوارەوە بۆ سەرەوە لە دوای تاکەکان لە چەند یەکەیەکی کۆمەڵایەتی پێکدێت وەکو (خێزان، بنەماڵە، تیرە، هۆز و.. هتد)، تا بەکۆی هەموویان میللەت و گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراو پێکدێنن، بۆیە لە هەموو کۆمەڵگەکاندا خێزان بەبەردی بناغەی پێکهاتنی کۆمەڵگە دادەنرێت و، دەبێتە شانۆی کارلێك و پێك گەیشتنە کۆمەڵایەتییەکان، تاکەکان لەم ناوەندەدا لەدایك دەبن و سەرەتای پرۆسەکانی پێگەیاندنیان دەست پێدەکات، ئەم یەکە بنچینەییە هەروا لە خۆڕاو بەبێ هۆ دروست نەبووە بەڵکو کۆمەڵێك پێویستی ژیانی و ژیاری هێناویەتییە کایەوە [2].

بونیادی کۆمەڵایەتی یا پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە زاراوە سەرەکییەکانی قوتابخانەی بونیادی ئەرکێتییە وەك قوتابخانەیەکی گرنگ لە کۆمەڵناسی، ئەنسرۆپۆلۆجی بەریتانی(Evans-Pritchard) (ئیڤانس بریتچارد) (١٩٠٢-١٩٧٣) پێکهاتەو بونیادی کۆمەڵایەتی بەپەیوەندی نێوان گروپەکان ناو دەبات.

(ڕادکلیف براون)(Radcliffe-Brown)(١٨٨١-١٩٥٥) لە کتێبەکەی (زانستی سروشتی بۆ کۆمەڵگە) لەساڵی ١٩٥٧دا وا دەبینێ کە شارستانییەتی کۆمەڵگە لە شێوە یا جۆری ڕەفتاری تاکەکانی و بیرکردنەوەو هەستەکانیان بەرجەستە دەبێت، بەڵام بونیادی کۆمەڵایەتی بەتۆڕێك لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی تاکەکان بەیەکەوە دەبەستێت لە کاتێکی دیاریکراودا، زانای ئەنسرۆپۆلۆجی (نادل) لە ساڵی ١٩٥٧ لە کتێبەکەی (تیۆری بونیادی کۆمەڵایەتی)

---

[1] محمد شوانی، سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی خێزانی وەك نموونە، گۆڤاری کۆمەڵناسی، کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان، چاپخانەی منارە، هەولێر، ژمارە ٨، ٢٠١١، ل ٥.

[2] هەمان سەرچاوە، ل (٧، ١١).

دەڵێ ناتوانین خوێندنەوەو تێگەیشتنی تەواومان هەبێت بۆ بونیادی کۆمەڵایەتی بەدابڕاوی لە ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکان چونکە بونیادی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵێ ڕۆڵی کۆمەڵایەتی پێکدێت کە تاکەکان داگیری دەکەن لە ناو کۆمەڵگەدا [1].

کۆمەڵناس (تالکۆت بارسۆنز)( ١٩٠٢-١٩٧٩)(Talcott Parsons ) بۆچونی وایە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی (Social System) فراوانترو گەورەترە لەبونیادی کۆمەڵایەتی (Social Structure) لەبەرئەوەی سیستەمی کۆمەڵایەتی جگە لە بونیادی کۆمەڵایەتی لایەنی ئەرکێتی سیستەمیش دەگرێتەوە، هەروەها بونیادی کۆمەڵایەتی ژێرخان و بونیادی کۆمەڵایەتی سەرخانمان هەیە کە یەکەمیان لایەنی مادی و دووەمیشیان لایەنی ڕۆحی کۆمەڵگە دەگرێتەوە [2].

(جۆرج مێردۆك)(George Murdock)(١٨٩٧-١٩٨٥) ئەنسرۆپۆلۆجی ئەمریکی لەڕوی بونیادەوە پایە بنەڕەتییەکانی خێزانی ڕونکردۆتەوە کە دیاریکەری سروشتی بونیادی خێزانە بەگشتی و، ئەم بنەمایانە لەخۆ دەگرێت:

١- جۆری هاوسەرگیری ئەویش هاوسەرگیری (تاکە یان فرەییە).

٢- ڕەچەڵەك کە خوێن و خزمایەتی دەگرێتەوە، ماف و ئەرکەکانی ئەم پەیوەندییەش پەیوەستە بەپلەی خزمایەتییەکە.

٣- نیشتەجێ بوون، ئەو شوێنە دەگرێتەوە کە هەردوو هاوسەرەکە بڕیاری لەسەر دەدەن و تیایدا دەژین.

٤- چەمك و زاراوەکانی خزمایەتی، بۆ وەسفی پەیوەندییەکانی تاکە بەخزمەکانییەوە جا خزمایەتییەکە هەر جۆرێك بێت، (مێردۆك) وا دەبینێ لە ڕێی ئەو بنەمایانەی سەرەوە دەتوانین سروشتی چەشنی بونیادی هەر نەسەقێکی خزمایەتی دیاری بکەین [3].

چەندین دەروازەی تیۆری هەیە بۆ توێژینەوەی خێزان، لە ساڵی (١٩٦٠)دا (هیل و هانسن) پێنج دەروازەی توێژینەوەی خێزانیان دیاری کرد، دەروازەکانی: بونیادی وەزیفی، کارلێکی، هەڵوێستی، سیستەمی، گەشەسەندن، ئەم پێنج دەروازەیەش لەلایەن کتێبە بەناوبانگەکەی کریستنسن پشتگیری کراوە، بەڵام (برودریك) لە سێ دەروازەدا کۆی کردونەتەوە ئەوانیش: بونیادی وەزیفی، کارلێکی و، گەشەسەندن (التطوری)، وە (ڕوس اشلمان)یش پێنج دەروازەی دیاریکردووە ئەوانیش: بونیادی وەزیفی، ململانێ، کارلێکی ڕەمزی، تیۆری ئاڵوگۆڕ، تیۆری

---

[1] احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، المصدر السابق، ص ١٢٩ - ١٣٢.

[2] المصدر نفسه، ص ١٣٣- ١٣٥.

[3] سامية مصطفى الخشاب، النظرية الاجتماعية و دراسة الاسرة، الدار الدولية للاستثمارات الثقافية، مصر، ٢٠٠٨، ص ٤٦.

گەشەسەندن، لە ساڵی (١٩٥٠)ەوە گرنگی بەتیۆرو میتۆدی لێکۆڵینەوەکان لە بواری کۆمەڵناسی خێزاندا دراوە، هەر بۆیەش چەندین دەروازەی سۆسیۆلۆجی هەیە لەم بوارەدا، دەتوانرێ لە پێنج دانەدا کورت بکرێنەوە، ئەوانیش دەروازەی توێژینەوەی خێزان وەك: سیستەم، بونیادی وەزیفی، کارلێك، توێژینەوەی هەڵوێست و، دەروازەی گەشەسەندن [1].

دەروازەی یەکەم (سیستەم) کۆنترینە لە توێژینەوەی خێزاندا سنوری توێژینەوەی فراوانە و ئاڕاستەی وەسفی و ڕەوشتی هەیەو زانایانی کۆمەڵناسی و ئەنسرۆپۆلۆجیا ئەم میتۆدەیان بەکارهێناوە، گرنگیان بەسیستەمی خێزان و گەشەکردنی داوە، بەراوردیان کردووە بەپێی کات و شوێن، دەروازەی دووەم بونیادی وەزیفییە، سەیری خێزان دەکات وەك نەسەقێکی کۆمەڵایەتی خاوەن بەشی دیاریکراو کەلە نێوانیاندا ئاڵوگۆرو تەواوکاری هەیە، هەر بەشەو هەڵدەستێ بەئەرکی خۆی بۆ هێشتنەوەی نەسەق و سیستەمی گشتی بەهاوسەنگی، وە گرنگی بەپەیوەندی ناوخۆی خێزان و پەیوەندی بەنەسەقە کۆمەڵایەتییەکانی تریشەوە دەدات.

دەروازەی سێیەم و چوارەمیش کارلێك و توێژینەوەی هەڵوێستە (دراسة الموقف) جەخت دەکەنەوە لە سەر ڕاڤەی دیاردە خێزانییەکان لەبەر ڕۆشنایی پرۆسە ناوخۆییەکانی وەکو ڕۆڵ بینین و پەیوەندییەکانی ناوەند و کێشەکانی پەیوەندی و گرتنەبەری بڕیارەکان، لەگەڵ جەخت کردنەوەی کارلێك لەسەر کارلێکە کۆمەڵایەتییەکان و هەڵوێست لەخێزاندا وەك هەڵوێستێکی کۆمەڵایەتی کاریگەر لەسەر ڕەفتار، دەروازەی گەشەسەندنیش کە نوێترینیانە لەگەڵ هەردوو دەروازەی کارلێك و هەڵوێست لە ڕوانینیان بۆ خێزان وەکو یەکەیەك لە کەسایەتی کارلێك کردوو، نەك بەتەنها کارلێك لە خودی خۆی یا ڕەفتاری کاریگەر بەهەڵوێست بەڵکو بەکۆی پرۆسەی دەورانی ژیانی خێزان و قۆناغەکانی گەشەکردنی کە خێزان و ئەندامەکانی پیایدا تێدەپەڕن دەکۆڵێتەوە [2].
توێژەر لەم بەشەدا گرنگی بەئەدەبیاتی گشتی خێزان لەڕوی بونیاد و ئەرك و کێشەوە دەدات و ناچێتە وردەکاری شیکارکردنی تیۆری ئەو قوتابخانە تیۆریانەی سەرەوە.

کلودیوس جیمس ریتش(١٧٨٧-١٨٢١)(ڕیچ) ڕۆژهەلاتناسی بەریتانی لە کتێبەکەی گەشتەی ڕیچ کە دوای خۆی هاوسەرەکەی لە ساڵی (١٨٣٦) چاپی کردووە، باسی لە هاوبەندی و تۆکمەیی خێزانی کوردی کردووە، هاوبەندی خێزانی کوردی دەتوانرێ لەنوسینەکانی مینۆڕسکیشدا ببینرێت، بەبۆچوونی مینۆڕسکی کوردەکان هەستێکی زۆر بەهێزیان هەیە بۆ خێزان و هۆز، ئەم هەستە بەهێزترە لە هەستیان بەرامبەر بەخودی خۆیان یا برایەتییەك کەلەسەر دین و هەستی نەتەوەیی فراوان بونیاد نرابێت، با لێرەدا لە دوو لاوە سەرنج لەتێبینییەکەی مینۆڕسکی بدرێت، ئەم هەستە دەگونجێ یەکێ بێت لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی کوردی ئەویش هاوبەندی کۆمەڵایەتی خێزانی کوردییە کە سەرنجی مینۆڕسکی کێش کردووە، بەلام دووەمیان هەستی

---

[1] مهدي محمد القصاص، علم الاجتماع العائلي، المصدر السابق، ص ٥٦.
[2] المصدر نفسه، ص ٥٧.

کوردە بۆ خێزان و بۆ هۆزیش کە بەهێزترە لە هەستیان بۆ برایەتی ئاینی و هەستی نەتەوایەتی، هەرچەندە ئەم سیفەتە تەنها تایبەت نییە بەکۆمەڵگەی کوردی بەڵکو سیفەتی زۆرێك لەو کۆمەڵگەیانەیە کە خێزان یەکە سەرەتاییەکەیانەو ئەو کۆمەڵگەیانەشی کە ڕزگاریان نەبووە لە بنەچەی هۆزایەتی یا نیوە شارستانین [1].

پشت بەست بە بۆچونی ڕیچ و مینۆڕسکی واتە پێشتر خێزان لە هەرێمی کوردستان بەیەکێك لە سیستەمە پتەو تۆکمەکان دانراوەو درێژکراوەی سیستەمی بنەماڵەو هۆزو عەشیرەت بووە کە لە پێشتردا هەبووەو تاکو ئێستاش تۆخی و بالاْ دەستی ئەو عەشیرەت و هۆزو بنەماڵەییە ماوەو ڕەنگدانەوەی هەیە لەسەر خێزانەکان، هەندێ جاریش بەئاشکرا ڤستفالْ و بۆنەو چالاکی بنەماڵەو عەشیرەتەکان دەبینین، بەشێکی بەرچاوی حیزبە کوردستانیەکانیش کار لەسەر هاوکاریکردن و زیندوو هێشتنەوەی خێڵ و عەشیرەتەکان دەکەن. ڕۆڵی ناوەندێکی تریش لەسەر کۆی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی هەیە ئەویش ڕۆڵی ئایینە، لەبەرئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان مسوڵمانن و کاریگەری ئاینی هەیە لەسەر تاك و خێزان. چونکە کاتی تێکەڵی کورد لەگەڵ ئیسلام دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی ئیسلام و، لەو ڕێگەشەوە کورد کەسایەتی و دەسەڵاتێکی زۆری پەیداکرد لە بوارەکانی ئابوری و زانستی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و هونەری و سەربازی و سایکۆلۆژی و شارستانی، بوژایەوە تا ئەو ڕادەیەی بۆ یەکەمجار سەرکردایەتی جیهانی کرد لە دەوڵەتی (ئەیووبی) بۆ ماوەی سەدەیەك [2].

لە سەرەتای سەدەی بیستیشدا بەهۆی پەیمانی لۆزان و دابەشکردنی کوردستان بەسەر چوار پارچەدا کورد ڕووبەڕوی جۆرێکی تر لە داگیرکاری و چەوساندنەوە بوەوەو پشکی شێریش بەر خێزانی کوردی کەوت، لێرەوە خێزانی کورد هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی چالاك دەبێت و هەست و سۆزی کوردانەکەی لە سەرووی چینایەتی و نەژادی و تا ڕادەیەك خێڵەکی و ناوچەیی تێدەپەڕێنێت، ئالێرەدا فیکرەی حزب گەلاڵە دەبێت [3].

گەر سەیرێکی ڕابوردوو بکەین دەبینین ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لەسەرەتای سەدەی بیستەوە بەگشتی لەسەر بناغەی هۆزایەتی دامەزرابوو، بەهۆی زیادبوونی هەژمونی سەرمایەداری ولاْتانی ئەوروپی لە دەوڵەتی عوسمانی، وردە وردە کوردستان تێکەڵی بازاڕی جیهانی بوو، بەلاْم هەر سیمای کشتوکاڵی بەسەریدا زاڵبوو، سیستەمی دەرەبەگایەتیش هێشتا بالاْ دەست بوو، ئەمانەش وایانکرد درەنگتر کۆمەڵگەی کوردی بەرەو ڕووی دەرەوەی خۆی بکرێتەوەو بەکەمی بکەوێتە ژێر کاریگەری و پەرەسەندنەکانی جیهان و دەوروبەر، کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی عەشائیرییە، لایەنگیریکردن لە کۆمەڵگەی کوردی بۆ خێزان و عەشیرەتە، دواتر

---

[1] بدرخان السندي، المجتمع الكوردي في المنظور الاستشراقي، دار ئاراس للطباعة والنشر، هولير، ٢٠٠٢، ص ١١١ .

[2] مسعود عبدالخالق، ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان، کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٤، ل ٢٣.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ٣٤.

لایەنگیری ئاینی دروست دەکات [1].

کەواتە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە چەند یەکەیەك پێکهاتووە لەوانە خێڵ و عەشیرەت و لەناو ئەم سیستەم و یەکانەشدا خێزان تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە، دەکرێت بڵێین خێزان لەگەڵ ڕەوت و پەرەسەندی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە چ لەشێوەی پێکهاتن و دەسەڵاتدا بێت، چ لە ئاڕاستەکردنی دەسەڵاتدا بەپێی قۆناغەکانی دەسەڵاتی ژن یاخود دەسەڵاتی پیاو، واتە بەپێی سیستەمی دایك سالاری یان باوك سالاری، خێزان وەك یەکەیەکی سەرەتایی بنەمای پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردییە ئەمیش بەشدارە لە پێکهاتنی یەکەیەکی فراوانتر کە خێڵ و عەشیرەتە، ئەمانە پێکهێنەری کۆمەڵگەی کوردین [2].

کەواتە سیمایەکی دیاری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی لە کۆن و نوێدا خێڵ بووە، خێڵ و دامەزراوەی خێڵ و سیستەمی خێڵایەتی کوردی بەڕێوە بردوە لە قۆناغە جیاجیاکانی مێژوودا، کۆمەڵگەی کوردی لەبەر ئەوەی پەرەسەندنێکی نا سروشتی هەبووە و نەگەیشتۆتە بەرزترین ئاستی یەکبوون و یەکگرتن و، بەو هۆیەشەوە کۆمەڵگەی سەربەخۆ پێك بێنێت و لە دەوڵەتدا نمایشی خۆی بکات، لە بری ئەوە لە خوار ئاستی دەوڵەتەوە دامەزراوەیەکی لەچاو دەوڵەتدا ئیفلیجی پێکهێناوە کە میرنشینە، واتە میرنشین دامەزراوەیەکی خێڵایەتی تائەندازەیەك پەرەسەندوتر بووە لە دامەزراوەی خێڵ، میرنشینی خێڵایەتی کوردیش لە ئاستی بەرهەمی ڕۆحی گشتی کۆمەڵگەدا نەبووە، بەڵام توانیویەتی گوزارشت بەجۆرێکی بالاتر لە خێڵ بکات [3].

ئەوەی ڕۆڵ دەگێرێ لە خێڵیشدا بەڕای (ابن خلدون)(خوێن و دەمارگیرییە)، ئەویش سەرچاوەکەی لە خێزانەوەیە، لە کۆمەڵگەی کوردیشدا دامەزراوەی خێڵ و بنەماڵەو لە قۆناغێکیشدا میرنشین کە دروست بووە سەرجەمیان لەسەر بنەمای عەقڵ و ستراتیژی خێڵایەتی دامەزراون و کاریان کردوە، ئەمانیش دابەش بوون بەسەر ناوچەی جوگرافی جیاوازو، لەمەشەوە ناوچەگەرێتی بۆتە چەقی ململانێ، پێکهاتەی دامەزراوەی کارگێڕیش هەر پێکهاتەی خێڵایەتی بووە، واتە دیسان خێزان و خوێن و خزمایەتی لەو بوارەدا کاری کردوە، وە ئەمە گواستراوەتەوە بۆ پێکهاتەی حیزبی کوردی و بەڵکو حیزبی کوردی هەرەمێکی هاوشێوەی خێڵە لە ڕۆژگاری ئێستاماندا، چونکە هەمان عەقڵی خێڵ پیادە دەکەن لە پێکهاتەی کارگێڕی و دابەش کردنی پۆستەکان و داڕشتنی هەیکەل و هەرەمی حیزبدا، بەشێوەیەك حیزبەکان حیزبی بنەماڵەن و خوێن و دەمارگیری و خێزان و خزمایەتی ڕەنگیداوەتەوە لەناویاندا، ئەگەر لە ڕوانگەیەکی ترەوە سەرنجی دامەزراوەی خێزان و بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەت و دواتریش حیزبی کوردی بدەین ئەوا بەشێکی تر لەخاسیەتی سەرەتایی بوونی ئەم کۆمەڵگەیەمان بۆ

---

[1] زەریا احمد تاهر، جیبەجێکردنی تیۆری بنیادی وەزیفی لەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە ٣، زانکۆی سۆران، هاوینی ٢٠١٩، ل ٢١٢.

[2] عەتا قەرەداغی، کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ١٠٩.

[3] عەتا قەرەداغی، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل ٦٨.

دەردەکەوێت، چونکە هەردوکیان خێڵ و حیزب نەیانتوانیوە پێش بکەون و خۆیان لە کۆیلایەتی خوێن و دەمارگیری و خزمایەتی و ناوچەگەری ڕزگار بکەن و ببنە دامەزراوەیەکی نەتەوەیی و، نیشتیمانی و، چەمکی هاووڵاتی بوون لەبەرچاو بگرن لەکارکردنیانداو پێش بکەون وەك هەر هێزێکی تری کۆمەڵگەکانی دونیا [1].

لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردی دا گرنگە جەخت لەوە بکرێتەوە کە هەرچەندە خێڵ و عەشیرەت ڤستڤاڵ و کۆبوونەوەی ساڵانەو بنکەی ڕۆشنبیرییان هەیە بەڵام زۆرێك لە خێڵ و عەشیرەتە کوردییەکان بەشێوەیەکی سەربەخۆ خۆیان ڕێك ناخەن، بەڵکو هەوڵی بەدەستهێنانی پێگەی سیاسی لە نێو چوارچێوەی پارتە کوردییەکاندا دەدەن، بەوتەیەکی دیکە خێڵەکان کەوتونەتە ئەوەی پشت بەڕێکخراوی هاوچەرخی پارتە سیاسییەکان ببەستن و هەژموونی خۆیان بسەپێنن [2]. بەشێوەیەك پۆستە کارگێڕی و سیاسی و ئەمنییەکانی دەڤەرەکەی خۆیان بۆ کەس و ئەندامانی نزیك لە خۆیان واتە کەسانی سەر بەعەشیرەتەکەیان قۆرخ دەکەن.

لە زانستی مرۆڤناسیدا سیستەمی کۆمەڵایەتی سیستەمەکانی هاوسەرگیری و خێزان و خزمایەتی دەگرێتەوە، تێگەیشتن و خوێندنەوەی هەریەك لەم سیستەمانە ڕادەی پێکهاتن و کارلێك و بەیەکداچوونی نێوانیان و ڕادەی گەشە و گۆڕان و پێشکەوتنیان، یارمەتی دەردەبێت بۆ تێگەیشتن لە بونیاد و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە [3].

گەشەی ژیانی کۆمەڵایەتی کە لە خێزانەوە دەست پێدەکات پاشان چەند خێزانێك بنەماڵە پێك دێنن و چەند بنەماڵەیەك تیرە پێك دێنن کە بەرەباب و تایفەشی پێ دەوترێ، چەند تیرەیەکیش خێڵ و، چەند خێڵێك هۆز یان عەشیرەتیان لێ دروست دەبێت، دوای ئەمانیش گەل یان نەتەوە دێت، گەر سەیری سروشتی گەشەی هەریەك لەو توخمانە بدرێت دەبینرێت لەبەر تۆپۆگرافی ناوچەکانی یان لەبەر هۆکاری ناوخۆیی و ململانێ و پەرت بوون بوو بێت یان لەبەر دەستوەردانی بێگانە بوو بێت لە وڵاتانی دراوسێ، دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی هەر لەدەستی بنەماڵەدا ماوەتەوە وەك بنەماڵەی بابانەکان یان بەدرخانەکان یان ئەردەڵانەکان و تادوایی، ئەم دەسەڵاتە گەشەی نەکردووە بۆ عەشیرەت کە سەرەتای پێکهاتنی دەوڵەتێکی بچووکە، بەو پێیەی عەشیرەت ڕێکخستن و ڕۆڵ و پێگە و سیاسەت و سەربازی خۆی هەیە، وەك دەوڵەتێکی بچوك خۆی دەنوێنێ، دواتر گەشەی عەشیرەت و هۆزە کوردییەکانیش سروشتی نەبوەو یەکگرتوو نەبوون تا گەل و نەتەوەیەکی یەکگرتوو پێکبهێنن

---

[1] عەتا قەرەداغی، چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی، ١٩٩٩، ل ٨٧ - ٨٨.

[2] سۆفیا ئێزابێلا وانج، پەرەسەندی شوناسی نەتەوایەتی کوردو ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، و. یاسین سەردەشتی، چاپخانەی کمال، سلێمانی، ٢٠١٤ ، ل ١٥٨.

[3] احمد ابوزید، البناء الاجتماعی مدخل لدراسة المجتمع (الانساق)، الهیئة المصرية للكتاب، الطبعة الثالثة، الاسكندرية، ١٩٧٩، ص ٢٧٥.

و دواتریش دەوڵەت دابمەزرێنن [1].

هەرچەندە نەتەوەی کورد مسوڵمانن بەڵام وەکو پێویست نەیانتوانیوە سوود لە ئایینی ئیسلام وەربگرن بۆ یەکگرتن و پێکهێنانی دەوڵەت، چونکە ڕۆحی خێڵایەتی و عەشایری و (ناوچەیی یان دەڤەری)زاڵە بەسەریاندا، زۆرینەی گەڕیدەکان بەتایبەت ئەوانەی لەناو کوردا ژیاون و لەسەر کوردیان نوسیوە وا دەڕوانن، کە ناگونجێ کورد لە بیروباوەڕەکەی جیابکەیتەوە بەقەدەر ئەوەی ناتوانی جیای بکەیتەوە لەکەسایەتییە کوردییەکەی، وە دەسەڵاتی سەرۆکی عەشیرەتیش ڕەها بووە باج و سەرانەو موڵکانەو پابەندی دارایی و سەربازی و کۆمەڵایەتی فەرزکردوە بەسەر ئەندامانی عەشیرەتەکەی، هەرچەندە ئەم دەسەڵاتە ڕەهایانە وەك خۆیان نەمانەوە و بەرەو لاوازبوون ڕۆیشتن دوای لاوازبوونی سیستەمی دەرەبەگایەتی، بەڵام تاك لەتەنیشت پەیوەندییە عەشایرییەکەی ئینتمای بەهێزی ئایینی هەبووە، بەتایبەت بۆ مەلا و شێخ و سەرۆکانی تەریقەتی تەسەوف، ئێستاشی لەگەڵدا بێت بەشێوەیەك لە شێوەکان ئەم جۆرە لە ئینتما هەر ماوە بەڵام بەرێژەیەکی کەمتر، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە هەردوو ڕێبازی قادری و نەقشبەندی وەك دوو تەریقەتی سۆفی گەری لە کوردستاندا زۆر بڵاوبونەوەو لایەنگریان بۆ دروست بوو، بەشێوەیەك دەوڵەتانی عێراق و ئێرانیش نەیانتوانی هەژموونی ئەم تەریقەتانە کپ بکەنەوە و نەیانهێڵن، هەردوو تەریقەت ڕۆڵی بەرچاویان گێڕا لە گۆڕانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەت لەنێوان ساڵانی ١٨٨٠ بۆ ١٩٣٠ زاینی، بەشێوەیەك زۆرینەی ڕابەرانی شۆڕش و ڕاپەرینەکانی کورد لە شێخ و کەسایەتیەکانی ئەم تەریقەتانە بوون، هەرچەندە ئێستا ڕۆڵی ئەم قوتابخانەو تەریقەتانە وا دەبینرێت کە کەمبۆتەوەو لاواز بووە، بەهۆی دروست بوونی ڕۆڵ و پێگەی پارت و حیزب و گروپە سیاسییە کوردییەکان و کاریگەریان لەسەر توێژەکانی کۆمەڵگە [2]، بەڵام لەدوای ساڵی ٢٠٢٠ ەوە تەریقەتی قادری کەسنەزانی لە سلێمانی جموجوڵی جەماوەری و تا ڕادەیەك سیاسیانەی دەست پێکردووە.

گەڕیدەیەکی وەکو شیخ(عبدالواحید) لە کتێبە قەبارە مام ناوەندەکەی کەلەسەر کوردی نوسیوە دەڵێ: نەخشەی هۆزەکانی کورد ئاڵۆزە وەك کێشەی کورد خۆی، کورد هەرچەند مێژووەکەی کۆنە بەڵام بەردەوام لە باری گەشەی سەرەتایی خێزاندایە تاگەیشتن بەهۆز و عەشیرەت، بەڕای (عبدالواحید) ئەم ئاڵۆزی و ناڕونی و دروست نەبوونی هۆزی گەورەی یەکگرتوو، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بەرز و نزمی و دابڕاوی ناوچە جوگرافییەکانی کوردستان لەیەکتر [3].

کێشەیەکی تر کە کورد هەیبووە درەنگ دروست بوون و گەورە بوونی شارەکانە بە تایبەت لە کوردستانی باشوردا، لە پاڵ جوتیاری گوندەکاندا شارەکان درەنگ دروست بوون و گەشەیان کرد، گەشەکردنی شارەکان و

---

[1] عەتا قەرەداغی، چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو، سەرچاوەی پێشوو. ل ١١٣.

[2] عالية فرج مصطفى، الاسرة والتغير الاجتماعي في كوردستان العراق، رسالة دكتوراه، جامعة النيلين، سودان، ٢٠٠٥، ص ١٣٢ - ١٣٣.

[3] عبدالواحيد، الاكراد و بلادهم. ترجمة. عبدالسميع سراج الدين، الطبعة الثانيه، دار اراس للطباعة، اربيل، ٢٠١١، ص ١٠٨.

دانیشتوانی شارنشین لە گەشە و زیادبووندا بوون بە لەسەرخۆیی، لە سەرەتای سەدەی بیست و دوای دروست بوونی قوتابخانە لە شارەکاندا توێژی خوێندەوار دروست بوون، ئەمان وایان دەروانییە عەشیرەتگەری بەوەی سیستەمێکی دواکەوتووە بەبەراورد بەحکومەت و دەسەڵاتی کارگێڕی شارستانی لە شارەکاندا، بیری نەتەوەیی و جوڵانەوەی نوێی سیاسی لای ئەمان گەشەی کرد، لەپاڵ ئەم توێژە خوێندەوارەدا توێژی کرێکارو فەرمانبەری حکومی دەژیان، دوو جۆر ململانێ هەبوو لە شارەکاندا ململانێیەك لە نێوان حوکمی عەشایری و حوکمی دەوڵەت و ململانێی توێژە نەتەوەییە خوێنەوارەکە لەگەڵ سەرکردەکانی جوڵانەوە ساسییەکان کە زۆرینەیان لە شێخەکانی تەریقەت بوون و خاوەن نفوز بوون لە دەرەوە و ناوەوەی شارەکان [1].

پێش ساڵی (١٩١٠) و بەردەست بوونی ئامێری گواستنەوەی وەك ئۆتۆمبێل شارەکان بوو بوونە بازاڕی خەڵکی گوندەکانی دەوروبەریان بۆ ساخکردنەوەی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان، شارەکان خۆشیان بوو بوونە ناوەندێك بۆ کاری دەستی و پیشەسازی دەستی ناوخۆیی، بەم شێوەیە زۆربەی شارەکان خودژێنی خۆیان دابین دەکرد لەگەڵ گوند و ناوچەکانی نزیکیان، لە ڕوی کۆمەلایەتیشەوە لە نێوان شارو گوندەکاندا کارلێکی کۆمەلایەتی وەك ژن و ژنخوازی و پەیوەندی کۆمەلایەتی و پەیوەندی ئاینی و ئابوری هەبووە، لەگەڵ ئەمانەشدا کۆچی ناوخۆیی لە گوندەکانەوە بۆ ناو شارەکان هەبووە، بۆ دەستکەوتنی کارو کەسابەت، پاش ماوەیەکیش تیکەڵ بوون و ئاوێتە بوونی کۆمەلایەتی دروست دەبوو لە نێوانیاندا، لە عێراقدا ژمارەی دانیشتوانی شارەکان لە ساڵی (١٩٠٥)دا ٢٥٪ی ژمارە دانیشتوانی پێکهێناوە، لەساڵی (١٩٣٠)دا ٣٣٪و لەسەرژمێری دانیشتوانی ساڵی (١٩٤٧)دا ٣٦٪ی ژمارەی دانیشتوانی پێکهێناوە، ئەم ژمارەیە بەردەوام لە هەرێمی کوردستاندا ڕوو لە هەڵکشان بووە بەتایبەت دوای جەنگی جیهانی دووەم و گەشەی شارەکان لە ڕوی خزمەتگوزاری و هەلی کارەوەو، پاشان بەهۆی سیاسەتی ڕاگواستنی حکومەتە جیاوازەکانی عێراق و شەڕی ئێران عێراق و تێکدانی هەزاران گوند لە هەرێمی کوردستان [2].

ساڵی ١٩٥٧ (٣١٪)ی دانیشتوانی عێراق شارنشین بوون و لە (٦٩٪)کەی تری دانیشتوان لە لادێکان نیشتەجێ بوون، بەلام ساڵی ١٩٨٧دا ئەم ڕێژەیە گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هاتووە بەوەی تەنها لە (٣١٪)ی دانیشتوانی عێراق لەلادێکان ماونەتەوەو، (٦٩٪)کەی تری بوون بەشارنشین، لەئێستادا (٨٠٪)ی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان شارنشینن و تەنها کەمتر لە (٢٠٪) لە گوندەکان ماونەتەوە و ئەگەری کەمبوونەوەی ئەو ڕێژەیەش لە ئارادایە [3]، دوو پرۆسەی ڕاگواستنی گەورە هەبوو لە ساڵی (١٩٧٨)و لەساڵی (١٩٨٧)دا ئەمانە بوونە هۆی زیادبوونی دانیشتوانی شارەکان بەڕێژەیەکی بەرچاو، لێرەوە قۆناغی گۆڕانی کۆمەلایەتی لەپێکهاتەی خێزانی کوردیدا

---

(1) عالیة فرج مصطفی، الاسرة والتغیر الاجتماعي في کوردستان العراق، المصدر السابق، ص١٣٤.

(2) المصدر نفسه، ص ١٣٥.

(3) کامران احمد حمه و ئەوانیتر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٤.

خێراتر دەبێت بەوەی تێکەڵ بەژینگەی شارەکان دەبن و خستنە بەرخوێندنی کوڕان و بەتایبەت کچان زیاتر دەبێت و کرانەوە و چوونە دەرەوەی ئافرەت بۆ کارکردن دەچێتە قۆناغێکی نوێوە، دوای ڕاپەرینی ساڵی (١٩٩١)یش بەهۆی ئەو ئازادیە سیاسیەی کەهاتە ئاراوەو بەهۆی بەهێزبوونی ڕاگەیاندن و ئاشنابوونی زۆرینەی توێژەکان بەمافەکانیان و دروست بوونی ڕێکخراو و سەندیکا جیاجیاکان و ڕێکخراوەکانی قوتابیان و ئافرەتان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی گۆڕانکارییەکان زیاتر بوون، ئەم گۆڕانانە خێراتر بوون بەتایبەت دوای هاتنی ئینتەرنێت و مۆبایل و پرۆسەی ئازادی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣) و ڕوخانی ڕژێمی بەعس و گەشەی خێرای ئابوری و کرانەوە بەڕووی جیهاندا تاگەیشتن بەئێستا، ڕەنگدانەوەی ئەم گۆڕانکارییانە لەسەر تاك و لەسەر خێزان زۆربووە و ئەم خێزانەی ئەمڕۆی لێ بەرهەم هاتووە، کە ناتوانین بڵێین بێ کێشە بووە بەلاَم بەدروست بوونی قەیرانی دارایی و ئابوری لە دوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە کێشەکانی زیادیان کردووە.

## ٢ - قۆناغەکانی ژیانی خێزان

بەو پێیەی لەسەردەمی ئێستاماندا بەزۆری خێزان لەژن و پیاو و منداڵ پێکدێت کە پێناسەی خێزانی ناوەکیشە لەهەمان کاتدا، خێزانی ناوەکی و زاڵبوونی ڕۆحی تاکێتی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی هاوچەرخدا گۆڕانکاری بنەڕەتییان لەسوڕی ژیانی خێزاندا دروستکردووە، ئەم گۆڕانکارییانەش بەسەر قۆناغی ژیانی خێزاندا ڕوونتر دەبینرێت، گەر بۆ نموونە ناوەندی تەمەنی هاوسەرگیری وەرگرین لە کۆمەڵگەیەکی وەکو ئەمریکی لەساڵی (٢٠٠٨)دا دەبینین بۆ کوڕ (٢٣) ساڵ و بۆ کچیش (٢٠) ساڵ بووە، وا دابنرێت منداڵەکانیشیان لە نزیکی هەمان تەمەندا هاوسەرگیری دەکەن ئەوا دەردەکەوێت کە سوڕی تەواوی ژیانی خێزان (٢٥) ساڵە، خێزان بەگرێبەستی هاوسەرگیری دەست پێدەکات و بە لەدایکبوونی منداڵ و گەورە بونیان وجیابوونەوەیان سوڕی خۆی تەواو دەکات و، پاشان سەرلەنوێ هەردوو هاوسەر بەتەنیا دەمێننەوە تا یەکێکیان کۆچی دوایی دەکات [1].

### أ- خێزان بەچوار قۆناغدا تێدە پەڕێت

کۆمەڵناسان سوڕی ژیانی خێزان دابەش دەکەن بەسەر چوار قۆناغدا ئەوانیش:

١ - قۆناغی پێش چوونە ژیانی هاوسەرێتی یا قۆناغی خۆ ئامادەکردن بۆ گرێبەستی هاوسەری، تیایدا نیشانەکردن و مەراسیمی ناسین و داخوازی و مارەکردن لە خۆدەگرێت لەگەڵ خۆ ئامادەکردن بۆ دروستکردنی ماڵ و پێداویستییەکانی و شوێنی نیشتەجێ بوون، لەم قۆناغەدا لایەنی سۆزداری زاڵە بەسەر پەیوەندییە کۆمەلاَیەتییەکانداو هەستیاری لە هەردوو لاوە هەیە تا لەسروست و دەرونی یەك شارەزا دەبن.

---

[1] مهدي محمد القصاص، علم الاجتماع العائلي، المصدر السابق، ص ٦٣.

٢ - قۆناغی ژیانی هاوسەرێتی: لەم قۆناغەدا پێگەی کوڕبوون و کچ بوون کۆتایی دێت و پێگەی ژن و مێرد ڕاستەوخۆ دوای گواستنەوە دەست پێدەکات بەوەی هەردوو هاوسەری نوێ لە شوێنی نیشتەجێ بوونیان و لە خانوویەکدا بەیەکەوە دەژین و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و زایەندی نێوانیان دروست دەبێت و ئامادە سازی دەکەن بۆ ئەوەی لە داهاتوودا منداڵ بخەنەوە، لەم قۆناغەدا بناغەی پەیوەندییە خزمایەتییەکان دادەڕێژرێت [1].

٣ - قۆناغی بەخێوکردن و پەروەردە کردنی منداڵ: ڕاستەوخۆ دوای لەدایکبوونی منداڵ دەست پێدەکات و ڕۆڵ و پێگەی نوێ بۆ هەردوو ژن و پیاو دروست دەبێت بەوەی دەبن بەدایك و باوك و، ئەرك و لێپرسراوێتی گەورەکردنی منداڵیان دەکەوێتە ئەستۆ، پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و چاودێری تەندروستی گرنگترین و قورسترین ئەرکی خێزانە لەم قۆناغەدا، پێنج ساڵی یەکەمی منداڵەکان فشاری جەستەیی و دەرونی زۆر بۆ هەردوو هاوسەر دروست دەکەن و گەر بەرگەی دۆخەکەیان گرت و هاوڕاو سروشتی بوون پەیوەندییەکانیان زیاتر پتەوتر دەبێت، دواتر منداڵەکان دەچنە قوتابخانە تا تەواوکردنی خوێندنیان، کە ئەم قۆناغە هاوکاتە لەگەڵ قۆناغی نەوجەوانی و سەرەتای گەنجی منداڵەکان [2].

٤ - قۆناغی تەواو پێگەیشتنی منداڵ و مانەوەی دوو هاوسەر بەتەنها: دوای ئەوەی منداڵەکان گەورە دەبن و دەتوانن پشت بەخۆیان ببەستن، هەریەکەیان دەڕوات بەلای ژیانی خۆیدا، بۆ جارێکی تر هەردوو هاوسەر بەتەنها دەمێننەوەو وەك قۆناغی دووەمی لێدێتەوە، بەڵام بەجیاوازی گەورە لەسروشت و توانای جەستەو هەڵکشانی تەمەن، لەم قۆناغەشدا دوای ئەوەی نەوەی نەوەکانیان لە دایك دەبن و دەبنە داپیرە و باپیرە، دواتریش سوڕی ژیانی خێزان گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەمردنی یەکێك لە هاوسەرەکان، جا ئەو هاوسەرەی ماوە یا هاوسەرگیری دەکاتەوە یا بەتەنیا دەمێنێتەوە تاکۆچی دوایی دەکات، یا دەچێتە لای یەکێك لە منداڵەکانی یا خەڵوەتگەی پیری تامردن، بەم شێوەیە سوڕی ژیانی خێزان بەکۆتا دێت[3] .

---

(1) علی بن عوالی، ضمانات حماية الاسرة بين الفقه الاسلامي وقانون الاسرة الجزائيري، أطروحة دكتوراه، جامعة وهران الجزائيري، كلية العلوم الانسانية والعلوم الاسلامية، قسم العلوم الاسلامية، ٢٠١٨، ص ٣٤.

(2) علياء الشكري، الاتجاهات المعاصرة في دراسة الأسرة، دار المعرفة الجامعية، الأسكندرية، ١٩٨٨، ص ١٦٨.

(3) علياء الشكري، المصدر نفسه، ص ١٦٨.

## ٣ - تایبەتمەندییەکانی خێزان

لێرەدا ئاماژە بەهەندێ تایبەتمەندی گشتی خێزان دەدەرێت و دواتریش هەندێ لە تایبەتمەندییەکانی خێزانی سەردەم دەژمێردرێت، ئەمانەی لای خوارەوە هەندێ تایبەتمەندی گشتی خێزانن:

١ - خێزان لە خانە سەرەتاییەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگەیە، خێزان پێداویستی تاکەکانی بەرجەستە دەکات و کۆبونەوەی کۆمەڵێ خێزانیش بەیەکەوە کۆمەڵگەی لێ دروست دەبێت.

٢ - خێزان ناسراوە بەوەی پەیوەندی ئەندامەکانی بەهێز و پتەوەو لەسەر بنەمای خوێن و سۆزداری و هاوکاری دارێژراوە بەشێوەیەك خۆشی و ناخۆشی و زیان و قازانجی یەکێکیان هی ئەوانی تریشە پەیوەندی هاوسەری و پەیوەندی خزمایەتی و خوێنی لە تایبەتمەندییەکانی خێزانن [1].

٣ - خێزان دیاردەیەکی جیهانییەو لە هەموو کۆمەڵگەو کات و شوێنێکدا بوونی هەبووەو هۆکاری سەقامگیری کۆمەڵگەکانیش بووە.

٤ - سیستەمی خێزان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا پەیوەندی بەهێزی هەیە بە بیروباوەڕی ئەو کۆمەڵگەیەوە، پەیوەستە بەدین و داب و نەریت و مێژوو ڕۆشنبیری ئەو گەلەوە، پەیوەستە بەیاساو سیستەمی سیاسی و پەروەردەو ئابوریەکەیەوە، خێزان وەك ئەندامێکی لاشەیە لەجەستەی کۆمەڵگەدا لەخۆشی و ناخۆشییەکانی بەشدارە.

٥ - خێزان چوارچێوەیەکی گشتی هەیە بۆ دیاریکردنی ڕەفتارەی تاکەکانی و ڕێکخستنی ژیانیان، ئەمەش بەهۆی ئەرکی پەوەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەندامەکانی و ئەوکلتورو ڕۆشنبیریەی کە لە باوانەوە دەیگوازێتەوە بۆ نەوەکان [2].

خێزانی سەردەمی ئێستا هەندێك خەسڵەتی جیاوازی هەیە لەگەڵ خێزانی سەدەکانی پێشوودا لەوانەش:

١- سەربەخۆیی: لە خێزانی سەردەمدا تاڕادەیەکی زۆر تاکەکان سەربەخۆیی تەواویان هەیە لە هەڵسوکەوت کردن و کارکردن و بوون بەخاوەنی ئەو شتانەی کە دەیانەوێت، جیاواز لە پێشوودا باوك بڕیاری دەدا [3].

٢- گۆڕانی پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکانی خێزان: گەورەترین پێگەیەك کەگۆڕانی بەسەردا هاتبێت پێگەی ئافرەتە بەچوونە دەرەوەی لەماڵ دەتوانێ ببێت بەدکتۆرەو پارێزەرو مامۆستاو سایەق و بازرگان و ئەوەی کە دەیەوێت، بەمەش هەم پێگەی کۆمەڵایەتی گۆڕاوەو هەم سەربەخۆیشی بەدەست هێناوە [4].

---

[1] سامية حمريش، القيم الدينية ودورها في التماسك الاسري، رسالة ماجستر غير منشورة، جامعة الحاج لخضر، باتنة، الجزائر، ٢٠١٠، ص ٨٦.

[2] على بن عوالى، المصدر السابق، ص ٣٢.

[3] المصدر نفسه، ص ٣٣.

[4] الهام بنت فريج بنت سعيد العويضي، اثر الاستخدام الانترنت على العلاقات الاسرية بين افراد الاسرة السعودية في جدة، رسالة ماجستر، كلية التربية للأقتصاد المنزلي و التربية الفنية بجدة، ٢٠٠٤، ص ٤١.

٣- سەروەری سیستەمی دیموکراتی لەناو خێزاندا: ڕۆڵی ژن و پیاو هەردووکیان گرنگن و وەکیەکیان لێ هاتووە و یەکسانن لە بونیاد و پاراستنی خێزانی نوێدا، خۆزاڵ کردنی لایەك کەم بۆتەوە بەسەر لاکەی تردا و زیاتر پاڵنەرو ویستی دیموکراتی و دەسەلاتی هاوبەش زاڵە بەسەر گفتوگۆ و بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی خێزان، ڕاشکاوی و لێك تێگەیشتن دوو هۆکاری بنەڕەتین لە جێگیری و بەردەوام بوونی خێزان [1].

٤- گرنگیدان بەکەل و پەلی تەواوکاری: هەرچەندە فورسیش بکەوێت لەسەر توانا داراییەکانی خێزان بەلام بۆتە دیاردەیەکی بلاو و گۆڕانکاری لە خانوو کەل و پەلی ناو ماڵ و جوانکاری تیایاندا بۆتە پەتای سەردەم لەناو خێزاندا [2].

## ٤- پایەکانی خێزان

خێزان لەڕوی بونیادەوە پشت بەچەندین بنەماو پایەو ڕاگر دەبەستێت تابتوانێ هەستێت بەئەرکەکانی وەك دامەزراوەیەکی کۆمەلایەتی. سەرکەوتنی خێزان و گونجانی و بەردەوامییەکەی پەیوەستە بەبەهێزی و تەواوی پایەکانی، بۆ نموونە خێزان پێویستی بەداهاتێکی ئابوری هەیە تابتوانێت پێداویستییەکانی خواردن و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێ بوون دابین بکات بۆیە پێویستی بەپایەی ئابوری هەیە، بۆ پایەکانی تریش بەهەمان شێوە، لێرەدا ئاماژە بەگرنگترین پایەکانی خێزان دەدرێت کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

### أ - پایەی ئابوری

هەر لە کۆنەوە تێڕوانین وابووە هۆکاری سەرەکی ئافات و نەخۆشییەکانی کۆمەلگە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی تەنگژەو خراپی باری ئابوری، زۆرێك لە ئابوریناسان و کۆمەڵناسەکان بەپشت بەستن بەتوێژینەوەکان گەیشتوونەتە ئەو باوەڕەی هۆکاری سەرەکی لادانە کۆمەلایەتییەکان بەهۆی کێشە ئابورییەکانەوەیە، کێشە کۆمەلایەتی و لادانە کۆمەلایەتییەکان لەکاتی قەیرانی ئابوری و بێبازاری و بێکاریدا زۆر زیاتر دەبن، کە ئەمانەش ڕێژەی هەژاری لە کۆمەلگەدا بەرز دەکەنەوە، یاخود بەشێکی تری دەگەڕێتەوە بۆ بێبەش بوونی چینی زۆرینە و کۆبوونەوەی هێزی ئابوری لای چینێکی دیاریکراو و دروست بوونی چینایەتی و دابەش بوونی کۆمەلایەتی. زۆرێك لە نوسەران و توێژەران هەستیان بەگرنگی هۆکارە ئابورییەکان کردووە لەسەر ژیانی کۆمەلایەتی، دوای دەرکەوتن و سەرهەڵدانی شیکاری ئابوری ڕەها بۆ تاوان و لادان و ئالوودە بوون و بلاوبونەوەی خراپە و زیادبوونی کێشە دەرونی و ژیرییەکان و کێشە کۆمەلایەتییەکانی تر، لەو توێژینەوانەوە ڕوون بوەوە

---

[1] الهام بنت فريج بنت سعيد العويضي، المصدر نفسه، ص ٤١.

[2] علي بن عوالي، المصدر السابق ، ص ٣٣.

ئەو کێشانە لە دەوری یەك هۆکار کۆدەبنەوە ئەویش هۆکارە ئابوریەکانە [1].

بوونی سەرچاوەی داهات مەرجێکی پێشینەیە بۆ هاوسەنگ کردنی پەیوەندییە خێزانییەکان و کاراکردنی ئەندامانی خێزان تابتوانن ڕۆڵی دیاریکراوی خۆیان ئەنجام بدەن بەباشترین شێواز، بۆیە گرنگە هاوبەشی کردنی هەردوو هاوسەر لە دابینکردنی بودجەی خێزاندا [2]. پێداویستییە مادییەکانی خێزان لە سەردەمی ئێستاماندا زۆرن و جۆراوجۆریشن، پێداویستی گرنگ و سەرەکی هەیە وەك خواردن و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێ بوون و، ئاو و کارەبا و سوتەمەنی، وە پێداویستی گشتی تری وەکو پێداویستی تەندروستی و خوێندن و، خۆشگوزەرانی و ڕۆشنبیری و ئاینی و هۆکانی گەیاندن و، هۆکانی پەیوەندی لە مۆبایل و ئینتەرنێت..هتد، بۆیە بۆ هاوسەنگی نێوان دەرامەت و خەرجییەکان پێویستە خێزان بەرنامەی هەبێت بۆ خەرجییەکانی، وەکو میزانییەی مانگانە و ساڵانە تاکەمترین کێشەی ئابوری بۆ دروست ببێت [3]. قەیران و تەنگژە ئابورییەکان زۆربەی جار دەبنە هۆی ناسەقامگیری خێزان و ناپەیوەستی نێوان ئەندامانی، گەر قەیران کاریکردە سەر هەندێ ئاستی ئابوری کەبەلای خێزانەوە زۆر گرنگە ئەوا ئاکامەکەی تێکچوونی پەیوەندییەکان و لێکترازانی لێوە دروست دەبێت، بۆیە بۆ ئەوەی قەیران نەبێتە هەڕەشە بۆ پێکهاتەی خێزان، پێویستە لای هەموو گەنجێك کەدەچێتە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری ڕۆشنبیری ئەوەی هەبێت کە توانا ئابوری و داراییەکان زۆر گرنگن لە ژیانی خێزانداریدا، ئەمەش لە ئاینی ئیسلامدا بە(الباءة) ناونراوە کە واتای هەبوونی توانا مادی و مەعنەویەکان دەگەیەنێت لای گەنج [4].

## ب - پایەی تەندروستی

گومانی تێدا نییە خێزان بەهۆی ئەوەی هۆکاری خستنەوەی وەچەو بەردەوامی دانە بەژیان و هۆکاری گواستنەوەی تایبەتمەندییە بۆماوەیەکانە لە باوانەوە بۆ نەوەکان، بۆیە پشکنینی سەلامەتی و لەبەرچاوگرتنی باری تەندروستی هەردوو ڕەگەز بۆ هاوسەرگیری بەیەکێك لەڕێگە دروستەکان دەژمێردرێت کەپایەی تەندروستی جەختی لەسەر دەکاتەوە.

خاڵێکی تر گرنگیدانە بەتەندروستی دایکی دووگیان تاسەلامەتی ژیانی دایکەکەو ئەو منداڵەی لە دایك دەبێت پارێزراو بێت تامنداڵێکی تەندروست و لەش ساغ بێت و دوربێت لە نەخۆشییە بۆماوەییە گواستراوەکان. خاڵێکی تر ڕێکخستنی ماوەی نێوان لەدایکبوونی منداڵێك بۆ یەکێکی ترە تا باوان بتوانن پێداویستییە تەندروستی و ژینگەیی و پەروەردەییەکان بۆ هەموو منداڵێك بەباشی دابین بکەن، کێشەیەکی گەورە هەیە ڕووبەڕوی هاوسەران

---

(1) محمود حسن، المصدر السابق، ص ٥٣.

(2) عالیە فرج مستەفا، ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی تاکدا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە ١٩، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، ل ١٥.

(3) محمد عبدالفتاح محمد، ظواهر و مشكلات الاسرة والطفولة المعاصرة من منظور الخدمة الاجتماعية، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ٢٠٠٩، ص ٢٩.

(4) سامية حمريش، المصدر السابق، ص ١٠٨.

دەبێتەوە ئەویش نەزۆکییە جاهی پیاو بێت یان ئافرەت و، هەندێ جار پارەیەکی زۆر خەرج دەکرێت بۆ چارەسەری ئەم کێشەیە [1]. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی گرنگی زۆر بەبابەتی تەندروستی دایکی دوگیان و ڕێژەی مردن لە نێوان منالآنی تازە لەدایك بوو و ناوەندی ڕێژەی تەمەن لە نێوان ڕەگەزەکاندا دەدات و سالآنە ئەم ڕێژانە لە هەموو ولآتان کۆدەکرێتەوە.

بوونی نەخۆشی درێژخایەن و ئەو نەخۆشیانەی مەترسیدارن لەناو ئەندامانی خێزان کاریگەری زۆری هەیە لەسەر باری ئابوری و کۆمەلآیەتی و دەرونی خێزانەکان و، مردنی یەکێکیش لە باوان کاریگەرییەکە زۆرترو زیاتر دەکات و دەیان کێشەی جۆراوجۆری ئابوری و کۆمەلآیەتی دروست دەکات و هەندێ جاریش دەگاتە هەلۆەشانەوەو لێکترازانی خێزانەکە، نەخۆشی بارێکە دەبێتە هۆی ئەوەی کەسەکە نەتوانێ هەستێ بەئەرکەکانی، خێزان دائەنرێ بەهۆکاری بایلۆجی بۆ خستنەوەی منداڵ و بەردەوامی دان بەژیانی مرۆڤ و کۆمەلگە بۆیە سەلامەتی باوان دەبێتە هۆی سەلامەتی وەچەکان، ئەمانە بەکورتی لایەنە جیاوەزەکانی پایەی تەندروستی خێزان بوو لەلایەکی تریشەوە گرنگی پایەی تەندروستی لە سەر ژیانی خێزان دەردەخات.

ج - پایەی کۆمەلآیەتی

ژیانی خێزانی سەرکەوتوو نابێت تاهەردوو هاوسەر هەست بەگرنگی پەیوەندییە کۆمەلآیەتییەکان نەکەن، ئارەزوو بۆ بەردەوامیدان بەپەیوەندییەکان واتای جێگیری و دلنیایی بەژینگەی خێزان دەبەخشێت، لە سەرەتای پێکەوەنانی ژیانی هاوسەریدا هەردوو هاوسەر بەزنجیرەیەك پرۆسەی خۆگونجاندن تێدەپەڕن، کوڕ پەیوەندی خێزانی و هاوڕێ ی پێشتری هەبووە، کچیش بەهەمان شێوە لەگەڵ خێزانەکەی خۆی و هاوڕێ و خزمەکانی، بۆ هەریەکەیان پەیوەندی نوێ لە خێزان و هاوڕێی هاوسەرەکەی بۆ دروست دەبێت، بۆیە پێویستی بەخۆگونجاندن هەیە ئەمکارەش کارێکی ئاسان نییە و هەندێ جار فشاری هەیە و پێویستی بەئارامگرتنە، باشترە هەردوو هاوسەر لەتەنیشت یەك بوەستن بۆ تێپەڕاندنی ئەو قۆناغە بەسەرکەوتویی، بەلەدایکبوونی منداڵیش پێگەو ڕۆڵی دایکایەتی و باوکایەتی و بەرپرسیاریەتی دێتە پێش بۆیان و، پەیوەندی خوێنی و پەروەردەو پێگەیاندن دروست دەبێت تا منداڵ ئامادە دەبێت بۆ ناو کۆمەلگە و پاشان ئەویش تۆڕێك لە پەیوەندی بۆ دروست دەبێت [2].

---

(1) اماني سعد، مقومات الاسرة، على موقع الالكتروني التالي www.amanysaad.com في ٢٠٢١/٦/١٥.

(2) زياني دريد فطيمة، الاسرة والتنشئة الاجتماعية للطفل، مجلة العلوم الاجتماعية والانسانية، جامعة باتنة، الجزائر، العدد ١٣، ٢٠٠٥، ص ٢١١ .

## د - پایەی دەرونی

هەموو ئەوانەی دەچنە پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە بۆ ئەوەیە ژیانێکی کامەران و خێزانێکی بەختەوەر پێکبهێنن، کوران و کچانیش بۆ ئارامی دەرونی و دامەزراوی و سەقامگیری زیاتر هاوسەرگیری دەکەن و پرۆسەیەکی مرۆڤایەتی جێبەجێ دەکەن. ئارەزوی هەردوو رەگەز بۆ یەکتر پرۆسەیەکی فیترِیی و خۆرسکی مرۆییە و پرکەرەوەی پێداویستی حەزو ئارەزوی ناخی مرۆڤە، ئەمەش بەشێوەیەکی دانپیانراو و قبوڵکراو و یاسایی و دەستوری دەبێت، بەجۆرێ گرێبەستی هاوسەرێتی دەبەستن و دەست دەکەن بەژیانێکی هاوبەش، لەژێر سەقف و بانێکدا و لەسەر یەك سفرە نان دەخۆن و بەیەکەوە دەژین و پێداویستی زایەندی و بایلۆجی و ئابوری و دەرونی یەکتر پڕ دەکەنەوە. خۆشەویستی نێوان هەردوو هاوسەر یەکێکە لە گرنگترین رێکارە دەرونییەکان بۆ ئیدامە و بەردەوامی دان بەژیانی هاوسەرگیری بەلاّم هەموو شتێکیش نیە، چونکە ژیان پێویستی بەرێنمایی و ئاراستەکردن هەیە بەرێگەیەکی دروست و تەواو [1].

گونجانی دەرونی نێوان هەردوو هاوسەرو هاوڕا بوون لەسەر بەرێوەبردنی کاروبارەکانی ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ و پەروەردە و پێگەیاندن و هاوبەشی کردن و، رێزگرتن لە بیروباوەرو رەفتارەکانی یەکتر پایەی دەرونی خێزان پتەوتر دەکات و خێزان بەدور دەگرێت لە کێشە و گرفت و ململانێ و ناکۆکی، بۆیە نزیکی هەردوو هاوسەر لەبیروباوەڕ و ئاستی زانستی و رۆشنبیری و ئاستی خوێندن و تەمەن و باری کۆمەلاّیەتی و ئابوری یارمەتیدەری باشن بۆ گونجانی دەرونی نێوانیان و هەستان بەئەرکی پێگەیاندنی کۆمەلاّیەتی، هەروەها شارەزایی دەرونی و پێگەیشتوویی و یەکترناسین و خودناسی یارمەتیدەرن بۆ تەواوکردنی پایەی دەرونی خێزان و پەروەردەی باشی منداڵ [2].

## ه - پایەی ئاینی

یەکێکی تر لە راگرەکانی بونیادی خێزان پتەوی پایەی ئاینییە، ئایین بەیەکێك لە دامەزراوە کۆمەلاّیەتییە گرنگەکان لە کۆمەڵگەی مرۆیی دەژمێردرێت و، وەکو چۆن خێزان سود لە سیستەمی پەروەردەو تەندروستی وەردەگرێت ئاواش سود لە سیستەمی ئاینی وەربگرێت، (دۆرکایم) پێناسەی ئاینی کردووە بەوەی نەسەقێکی تەواوکارە لە باوەڕو پێڕەوەکان پەیوەستە بەبابەتە پیرۆزەکان، لەناو ئەوانەدا هەیە کە باوڕدارن بەو باوەڕو پەیڕەوانە، لە کۆمەڵگەیەکی بچوکی رەوشتی دیاریکراوی وەکو کەنیسە. لای دۆرکایم ئاین لە پەرستش و لە کەنیسە جیا نابێتەوە واتە سروشتێکی دەستە کۆیی هەیە، وە ئەم بۆچونەش زۆر جیاوازە لەوەی کەلە واقعدا هەیە، بەو پێیەی زۆرێك لە پەیڕەوە ئاینینەکان لەدەرەوەی شوێنە ئاینیەکانیش هەن و جێبەجێ دەکرێن بەهۆی

---

[1] اماني سعد، المصدر السابق.

[2] زياني دريد فطيمة، المصدر السابق ، ص٢١٠.

بالاَ دەستی ئایینەوە [1]. ئایین دانەری ماف و ئەرك و پابەندییەكانە لەسەر مرۆڤ و پابەندبوون پێیانەوە دەبەستێتەوە بەهێزێكی باڵادەستەوە و، هەر ئەو هێزەشە پاداشت و سزا دەدات، ئاین لەناو هەموو كۆمەڵگە سەرەتایی و مۆدێرنەكان و پێشكەوتوو دواكەوتوەكاندا بوونی هەبووە و ڕۆڵی بنەڕەتی گێڕاوە لە ڕێكخستن و كۆنتڕۆڵكردن و ئاڕاستەكردنی تاك و كۆمەڵگە، وە ڕۆڵی هەیە لە یەكخستن و هاوبەندی كۆمەڵایەتی و پتەوكردنی گیانی برایەتی و وەلانانی ناكۆكییەكانی نێوان ئەندامانی یەك ئایین و تەنانەت ئاینەكانی تریش لە كۆمەڵگەدا، چونكە هەموو ئایینەكان جەخت لەسەر ئاشتەوایی و پێكەوە ژیان و ڕێزگرتن لە مافەكانی مرۆڤ دەكەنەوە، وە بۆ خودی خێزانیش زیاتر لەمە ئەگاتە ڕادەی گوێڕایەڵی و مل كەچكردن دوای خودا بۆ دایك و باوك [2]. ڕێوڕەسمی ئاینی هەر لە گرێبەستی هاوسەرگیرییەوە دەست پێدەكات و بەردەوام دەبێت لەگەڵ ناونان و پەروەردە و پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی منداڵ تا گەورە دەبێت و دەبێتە ئاڕاستەكەرو ڕێنمایكار تەنانەت تائەو كاتەش كە ژیانی كۆتایی دێت هەروەك وتراوە (من المهد الى اللحد) لەسەر بێشكەوە بۆ ناو گۆڕ ئاین لەگەڵتایەو لێت جیا نابێتەوە، تێبینی ئەوەش كراوە خێزان لەسەر چ ئاین و دینێك بوو منداڵەكانیش لەسەر هەمان ئاین و بیروباوەڕ دەبن. ڕۆڵی ئایین لە ژیانی ئەندامانی خێزان ڕۆڵێكی گرنگە یارمەتی زاڵبوون دەدات بەسەر ترس و دڵە ڕاوكێ و وەلانانی ناكۆكی و ڕێزگرتن لەیەكترو پاراستنی مافی دایك و باوك و منداڵ و پاراستنی بەها مرۆیی و ئاینی و ژینییەكان لە ناو كۆمەڵگەدا و پەرەپێدان پێیان [3] .

## دووەم : پەیوەندییەكانی خێزان

پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بەیەكێك لە پێویستییەكانی ژیان دەژمێردرێت و ناگونجێ بۆ هیچ دامەزراوەیەكی كۆمەڵایەتی بەخێزانیشەوە سەركەوتوو بێت لە كارەكانی خۆیدا بەبێ گرنگیدان بەپەیوەندییە ناوخۆیی و دەرەكییەكانی لەگەڵ چواردەوری و، بەبێ لەبەرچاو گرتنی باری دەرونی و كۆمەڵایەتی مرۆڤ لەكاتی مامەڵە و هەڵسوكەوت كردن، بەو پێیەی مرۆڤ خۆی بوونەوەرێكی كۆمەڵایەتییە. پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان بەسێ تایبەتمەندی جیادەكرێنەوە ئەوانیش سروشتێكی ئاڵۆزیان هەیە، ئاوێتەی یەكترن، خاوەن چەندین ئاڕاستەی بەیەكداچوون هەندێكی لەگەڵ هەندێكی تر. ئەم تایبەتمەندیانە بۆ گشت ئەندامانی كۆمەڵگە و بۆ نێوان دوو كەسیش هەر ڕاستە، جۆری پەیوەندییەكان هەیە كاتیە وەكو پەیوەندی نێوان كڕیارو فرۆشیار، هەشە ماوە درێژ و بەردەوامە وەك پەیوەندی هاوسەرو منداڵ و دایك و باوك، پەیوەندی هەیە ڕاستەوخۆ و ڕووبەڕووە

---

[1] سامية حمريش، المصدر السابق، ص ١٠٦.

[2] محمد عبدالفتاح محمد، المصدر السابق، ص ٢٦.

[3] اماني سعد، المصدر السابق.

هەشە ناڕاستەوخۆ و نادیارە [1].

سروشتی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان چەندین لایەنی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و سایکۆلۆجیان هەیە. بۆیە چەندین هۆکار هەیە بۆ بونیادنانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەوانە: تێرکردنی پێداویستی کەسێتی، ئامانج و بەرژەوەندی هاوبەش، پێشبینی سودی پەیوەندییەکان، ئاڵوگۆرکردنی هاوبەش و، پێدانی هێز بەمرۆڤ بەهۆیانەوە جاماددی بێت یان مەعنەوەی. هەندێ هۆکاریش هەیە کاردەکاتە سەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لەوانە: هۆکاری بایلۆجی وەکو تەواوی جەستە و ژیری و جۆری ڕەگەز، ژینگەی کلتوری و ئاستی ڕۆشنبیری و، لێزانین و شارەزایی کەسێتی، ئەم هۆکارانە ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ لە ناوەوە و دەرەوەی خێزان [2].

بەپێی تیۆری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵناسان (دوبرول)و تیۆری (توینز)( ferdinard Tannies)(١٨٥٥ - ١٩٣٦) بێت پەیوەندی ئەرێنی و نەرێنی هەیە، ئەرێنی وەکو هاوکاری و یەکگرتوویی، نەرێنی وەکو دوژمنایەتی و پەرت بوون. هەروەها بەپێی تیۆری ڕوس (Edward Ross) (١٨٨٦ - ١٩٥١) بێت پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای هاوکاری و ململانێ دروست دەبن. وە بەپێی تیۆری (چارلس کولی)( Charles Coole)(١٨٦٤ -١٩٢٩) بێت پەیوەندی یەکەمی و دووەمیمان هەیە، وە دوو گروپمان هەیە گروپی یەکەمی وەکو پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و گروپی هاوڕێ و دراوسێ و خزم، گروپی دووەمیش وەکو گرێبەستی کاتی لەسەر کارو پرۆژەیەك لەناو ڕێکخراوە پیشەییەکان و پارتە سیاسیەکان [3].

پەیوەندییە خێزانیەکانیش دابەش دەبن بەسەر دوو جۆر پەیوەندی ئەوانیش:

### ١- پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خێزان

ئەمیش بەگشتی سێ جۆر پەیوەندی دەگرێتەوە، ئەوانیش پەیوەندی نێوان هەردوو هاوسەرو پەیوەندی نێوان باوان و منداڵەکان و پەیوەندی نێوان منداڵەکان لەگەڵ یەکتری [4].

کۆمەڵناس جۆرج مێردۆکیش (George Murdock)( ١٨٩٧-١٩٨٥) زیاتر وردی کردۆتەوەو دابەشی هەشت جۆری کردووە، وەکو پەیوەندی نێوان (ژن و مێرد، باوك و کوڕ، دایك و کوڕ، دایك و کچ، باوك و کچ، براو برا،

---

[1] مليحة عوني القصيرو صبيح عبدالمنعم احمد، المصدر السابق، ص ١٠٥.

[2] المصدر نفسه، ص ١٠٧ - ١١٠.

[3] المصدر نفسه، ص ١١٢ - ١١٦.

[4] الهام بنت فريج العويضي ، المصدر السابق، ص ٤٨.

براو خوشك، خوشك و خوشك) [1].

- پەیوەندی نێوان ژن و مێرد: جیادەکرێتەوە بەپەیوەندی سێکسی و خۆشەویستی و هاوکاری یەکتر، لەگەڵ بەپرسیارێتی هاوبەش و پەروەردەکردنی منداڵ و تایبەتمەندی ئابوری، هەروەها ڕونی هەیە لە ئەرك و ماف و خاوەندارێتی و پێگە و دەسەڵات.
- پەیوەندی باوك بەکوڕەوە: خۆی دەبینێتەوە لە هاوکاری ئابوری و سەرپەرشتی کردن لەژێر دەسەڵاتی باوکدا، گوێڕایەڵی لەسەر ئەوانیش پێویستە بەرامبەر باوك.
- پەیوەندی دایك بەکوڕەوە: لە منداڵیدا پشت بەدایکی دەبەستێت و بەرامبەر بەو پابەندیانەی لە گەورەییدا پێشکەشی دەکات.
- پەیوەندی دایك بەکچەوە: بەرپرسیارێتی دایکە گەورەکردن و ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن و فێرکردنی کاروباری ناوماڵ و پشتگیری کردنی، لە کچیشەوە گوێ ڕایەڵی و هاوکاریکردنی.
- پەیوەندی باوك بەکچەوە: چاودێری و پاراستنی.
- پەیوەندی برا بەبرای بچوکەوە: هاوکاریکردنی لە ژێر دەسەڵاتی برا گەورەدا و ڕێنمایکردن، لە ویشەوە پشت بێ بەستن و ڕاهێنان و فێربوون .
- پەیوەندی برا بەخوشکەوە: یاری کردن لە منداڵیداو لە گەورە بونیشدا هاوکاریکردن، برا دەسەڵاتی باوکی هەیە بەنیسبەت خوشکەوە لە هەندێ کاتدا.

## ٢ - پەیوەندی دەرەکی خێزان

پەیوەندی ئەندامەکانی خێزانە بەسەرجەم خزمەکانەوە لە ڕێگەی خوێن و پشت و لە ڕێگەی ژن خوازییەوە، ئەم جۆرە پەیوەندییە پێشتر هەبووە و شۆڕدەبێتەوە لە باپیرانەوە بۆ وەچەکان و لای ئەمانیش دروست دەبێتەوە وەکو پەیوەندی مام و خاڵ و پورو پورزا و ئامۆزا و خاڵۆزا [2].

لاوازی لە پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان و نەمانی پەیوەندی نێوان هاوسەرو منداڵەکان و نەمانی خۆشەویستی لە نێوانیان، گرنگترین هۆکارن کە دەبنە هۆی ڕەنگدانەوەی شوێنەواری خراپ لەسەر منداڵەکان، وەکو دواکەوتن لەخوێندن و لادانی ئاکاری، هۆکارەکەشی تێرنەبوونی پێداویستییە گرنگەکانی وەکو خۆشەویستی و سۆزداری و هەستکردن بەئاسایشە، بۆیە پەیوەندییە خێزانییەکان بەکارلێك کردن و پەیوەست بوونی بەردەوام ناسراوە، هەروەها پێناسە کراوە بەوەی پەیوەندییەکە لە نێوان کۆمەڵێ ئەندامدا هەیە و پەیوەندی خزمایەتی لە نێوانیاندایە، سەرەتا لە نێوان دوو هاوسەردا دروست دەبێت و دواتر درێژ دەبێتەوە بۆ منداڵەکان و پاشان

---

[1] سامية مصطفى الخشاب، المصدر السابق . ص ٤٧.

[2] الهام بنت فريج العويضي، المصدر السابق ، ص ٤٨.

خزمانی هەردوو هاوسەرەکە، کۆمەڵێ هۆکاریش کاردەکەنە سەر ئەم پەیوەندیانە لە گرنگترینیان تێگەیشتنی هەریەك لە دوو هاوسەرەکەیە بۆ سروشتی پەیوەندییەکان و ڕۆڵی هەریەکەیان تیایدا، پاشان ئەو پێگەیاندنە کۆمەلأیەتییەی دوو هاوسەرەکە هەیانە بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان لە قۆناغە جیاوازەکانی تەمەنی منداڵ کە وێنای تێگەیشتنی هەریەك لە دوو هاوسەرەکەیە بۆ سروشتی پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان و، ڕۆڵی هەر یەك لەباوك و دایك و منداڵ لەو پەیوەندییانەدا، کاتێکیش منداڵ خۆی گەورە دەبێت و خێزان پێکەوە دەنێت، دەیەوێت ئەو تێگەیشتنانە پەیڕەو بکات کە لە خێزانەکەیەوە پێشتر وەریگرتووە، خۆ ئەگەر لایەك ویستی باوەڕی خۆی و شێوازی خۆی فەرز بکات بەسەر لاکەی تردا جا شێوازی دروست بێت یاخود هەڵە ئەوا سەرئەنجام دەبێتە ناکۆکی و ململانێ [1].

## سێیەم: جۆر و ئەرکەکانی خێزان

### ١- جۆرەکانی خێزان و خێزان لە هەرێمی کوردستان

چەند جۆرێك لە خێزان هەیەو لە خوارەوە ئاماژە بەگرنگترینیان دەدەین:

**أ - خێزانی ناوەکی** (Nuclear Family)

پێناسە دەکرێت بەوەی یەکەیەکە پێکهاتووە لە دوو هاوسەرو منداڵەکانیان ئەوانەی بەخێوکردنیان لە ئەستۆی ئەماندایە، لێکدانەوە سەرەتاکان بۆ خێزان جەختیان دەکردەوە لەسەر پاڵنەری بایلۆژی بۆ دروست بوونی خێزانی ناوەکی، توێژینەوە ئەنترۆپۆلۆجییەکانیش پاڵپشتی ئەو بۆچوونە بوون کە خێزانی ناوەکی دیاردەیەکی سروشتییە، لەم بارەوە کۆمەڵناس جۆرج مێردۆکیش جەختی لەوە دەکردەوە کە خێزانی ناوەکی نمایشی دامەزراوەیەکی مرۆیی جیهانی دەکات، زانایانی سۆسیۆلۆجی جەخت لەوە دەکەنەوە کە پاڵنەری بایلۆجی بەس نیە بۆ تێگەیشتن لە شێوەکانی خێزان بەڵکو کاریگەری ئایدۆلۆجیا و سیاسەت و ئابوریش دەبێت لەبەرچاو بگیرێن لە سەر دروست بوونی جۆرەکانی خێزان، هەروەها ڕاڤەی بونیادی وەزیفی بۆ خێزان تا ئێستا گرنگە چونکە هەموو ڕاڤەکانی دوای ئەمان کە دەهاتن لە کۆمەڵناسی خێزاندا وەك پەرچە کرداری وەزیفییەکان ئەژمار دەکران، ئەو بۆچوونەش بەتەواوی ڕەتکرایەوە کە پێی وابوو خێزانی ناوەکی گەشەی کرد وەکو وەلأمێك بۆ

---

[1] معن محمد ابو سلمان، اثر استخدام وسائل التواصل الاجتماعي في العلاقات الاسرية والاجتماعية، رسالة الماجستر، جامعة اليرموك، الأردن، ٢٠١٧، ص ٢٢ - ٢٤.

پێداویستی ئابوری پیشەسازی، چونکە لەهەموو کۆمەڵگەکان بوونی هەبووە [1].

خێزانی ناوەکی بچوکترین یەکەی خزمایەتییە لە کۆمەڵگەدا و لە هاوسەرو منداڵەکان پێکهاتووە و لە ماڵێکدا نیشتەجێن و لە نێوانیاندا پابەندی ئابوری و یاسایی و کۆمەڵایەتی هەیە و لە ناوچە شارنشین و پیشەسازیەکاندا بلاَوە. بڕیارو بەڕێوەبردنی خێزانەکە سروشتێکی دیموکراتی هەیە لەبەر هاوسەنگی پێگەی ژن و پیاو تیایدا و، دەستوەردانی خزمەکانیش کەمترە لە بەڕێوەبردن و پەروەردەی منداڵەکان و بەتەنها بەرپرسیارێتی لەسەر شانی هەردوو هاوسەرە لەئەدای ئەرکە سەرەکییەکان، ئەرکە دووەمییەکانیش وەك خوێندن و تەندروستی و ئابوری دامەزراوە دەوڵەتییەکان پێی هەڵدەستن، خێزانی ناوەکی دیاردەیەکی مرۆیی جیهانییە و شوێن و پێگە و ئاستی کۆمەلاَیەتی و قەبارەو گرنگییەکەی کەم و زۆر دەکات لە قۆناغێکی مێژویی بۆ کاتێکی تر، لە هاوسەرێکی ئافرەت یا زیاتر پێکدێت و جۆرێکی تایبەت و بلاَوە لە کۆمەڵگەکانی ئێستاماندا [2].

بوونی خێزانی ناوەکی وەك دامەزراوەیەکی کۆمەلاَیەتی لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بۆتە واقیع و بەربلاَوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە ئەم جۆرە لە خێزان لەسەر یەك شێوە ماوەتەوە و بەدرێژایی مێژوو نەگۆڕاوە هەر لە شێوە و پرۆسەی هاوسەرگیری و دروشم و نەریتەکانی و چوارچێوە و جۆری ئەو ئەرکانەی کە جێبەجێی کردووە یا ژمارەی ئەو ئەندامانەی لەخۆی گرتووە تادوایی، دیارترین سیمای خێزانی ناوەکی نیشتەجێ بوونی سەربەخۆیانەی ژن و مێردە لە خانوویەکی سەربەخۆدا ئەمەش زادەی کۆمەڵگە نوێکان و بەتایبەتیش کۆمەڵگەی پیشەسازی و شارستانی هاوچەرخە و پێشتر بوونی نەبووە، خێزان لەکۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا جۆرێك لە ئارامی بەخۆوە بینیوە و بەرتەسك بۆتەوە و وەك جاران نەماوە، لە زۆربەی حاڵەتدا لە ژن و پیاو و منداڵەکان پێکدێت، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە شێوازی تری خێزان لە کۆمەڵگە سەرەتایی و دواکەوتووەکاندا بوونی نەبێت [3].

دەتوانرێت بوترێت دیارترین ڕووی گۆڕانی خێزان لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا زاڵ بوونی سروشتی تاکییە بەسەر زۆر لە کارو ئەرکەکانی، ئەمەش لە میانەی پەیوەندی هەردوو هاوسەردا خۆی نمایش دەکات، ئاکامی ئەمەش ئەوەیە پەیوەندییەکانی هەردوو هاوسەر ناوەندی تێڕامان و گرنگی پێدانە، بۆیە هەندێ بەباشتری دەزانن بەخێزانی ناوەکی بلێن خێزانی هاوسەرێتی (Conjugal Family)(الاسرة الزواجية)، ئەمەش واتای ئەوە دەگەیەنێت هەردوو هاوسەر جێگە و ناوەندی گرنگی پێدانی یەکەمن و، هەردوو لا پەیوەندی هەمیشەیین لەم جۆرە خێزانەدا و، پەیوەندی دوو هاوسەرەکە پێش پەیوەندی منداڵەکان دەکەوێت و، ئەم پەیوەندییە دوانییە بەردەوام دەبێت تادوای دەرچونی منداڵەکان و گەورە بوونیان و پێکهێنانی خێزانی ناوەکی تر،

---

(1) جون سكوت و جوردون مارشال، موسوعة علم الاجتماع، ترجمة محمد الجوهري و اخرون، المجلد الاول، الطبعة الثانية، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١، ص ١٤٦.

(2) امل عباس محمد، تغير بنية و وظائف الاسرة السودانية، رسالة ماجستر، جامعة الخرطوم، ٢٠٠٣، ص ١٦.

(3) مليحة عوني القصيرو صبيح عبدالمنعم احمد، المصدر السابق ، ص ١٠.

دەسپێشخەری ئەم زاراوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەمیل دۆرکهایم [1].

ئەم جۆرە لە خێزان زۆرترین نەرمی و یەکسانی تیادا بەدی دەکرێت لە دابەشکردنی ڕۆڵە جۆراوجۆرەکان، هەرچەندە ئەمە بەتوندی ڕەتکراوەتەوە لای لایەنگرانی ڕەوتی فێمینیزم کە خێزان بەدامەزراوەیەکی داپڵۆسێنەر بۆ ئافرەت لە قەڵەم دەدەن، هەموو کەسێکی پێگەیشتوو دووجار بەخێزانی ناوەکیدا تێپەڕ دەبێت، جارێك وەك منداڵ و جاری دووەمیش وەك هاوسەر، هەرچەندە بەردەوامی و بونیادی ڕۆڵ و پێگە لەم خێزانەدا جیاوازە لە هی پێشترو، ئافرەتیش بۆ کارکردن چۆتە دەرەوە بەلاّم لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ئەم جۆرە لە خێزان وەك دامەزراوەیەکی کۆمەلاّیەتی خاوەن گونجان و نەرمی توانای تێپەڕاندن و زاڵ بوونی هەیە بەسەر گرفت و گۆڕانە کۆمەلاّیەتییەکان لە جیهاندا [2].

### ب - خێزانی فراوان ( دریژکراوە ) ( Extended Family)

ئەم زاراوەیە کۆمەڵناس (ڕۆبرت ماکیڤر) لە کتێبی (المجتمع) بەکاری هێناوە، مەبەست لێی خێزانی قەبارە گەورەیە لە منداڵ و هاوسەرو خزمەکانیان پێکدێت و لە خانویەکدا یا لە نزیك یەکتر بەیەکەوە دەژین، ئەم جۆرە لە خێزان زیاتر لە کۆمەڵگە مرۆییە کۆنەکاندا بلاّوبووە و لە ئێستاشدا لە کۆمەڵگە کشتوکاڵییەکان و لە لادێ و کۆمەڵگە خۆجێییە هۆزی و عەشیرەتەکاندا هەیە، هەروەها لە ژینگە کۆمەلاّیەتییە کرێکاری و جوتیارەکانیشدا بوونی هەیە، ئەم جۆرە لە خێزان بەخێزانی باوکایەتیش ناودەبرێت بەهۆی ئەو سروشتە باوك سالاریەی هەیەتی لە بڕیارداندا، باوك پێگەی بەرزتری لە دایك هەیە و، خۆی بەتەنها بڕیارو ڕێنماییەکانی تایبەت بەداهاتوی خێزانەکە دەردەکات. پەیوەندییە کۆمەلاّیەتییەکانیش بەتایبەت خزمایەتی تیایدا پتەوە، لە خزمەکانەوە یارمەتی وەردەگرێت و پێشکەشیشی دەکات، زیاد لەمەش هاوبەشی یەکتر دەکەن سەبارەت بەپەروەردەی منداڵ و بڕیاری تایبەت دەردەکەن بۆ ڕێکخستنی کاروبارو داهاتوی منداڵەکانیان، ئەم خێزانە لە یەك کاتدا هەڵدەستێ بەئەرکی بنەڕەتی و ئەرکە دووەمیەکانی خۆی [3]، وەکو ئەرکی ئابوری و کۆمەلاّیەتی و پەروەردەیی، لەخێزانی فراوان یا درێژکراوەدا دەسەلاّت بۆ سەرۆکی خێزانە، ئەویش باپیرە یا برای گەورەیە. لەم خێزانەدا چەند خێزانێکی ناوەکی بەشدار دەبن لە پێکهێنانیدا و زۆربەی جار سێ پشتی تیادا دەبێت وەکو باپیرو باوك و منداڵ.

### ج - خێزانی ئاوێتە (الاسرة المركبة)(Compound Family)

ئەم جۆرەیان زیاتر خێزانێکە پیاوێك پێکی دەهێنێت کە لە ژنێك زیاتری هەبێت، بەمەش شێوەی جیاواز

[1] علیاء شکري، الاتجاهات المعاصرة في دراسة الاسرة، دار المعرفة الجامعية، اسكندرية، مصر، ١٩٨٨، ص ١٣٥.

[2] جون سکوت و جوردن مارشال، المصدر السابق، ص ١٤٧.

[3] احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، المصدر السابق، ص ٣٩٩.

له پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت وەکو پەیوەندی خوشك و برا و پەیوەندی زڕ خوشك و برا و پەیوەندی زڕ باوك و زڕ دایك بەمنداڵەکانەوە [1]. لە زۆرێك لە سەرچاوەکاندا ئەم جۆرە لە خێزان جیاناکرێتەوە لە خێزانی درێژکراوە یا گەورە بۆیە هەرچی دەوترێت سەبارەت بەخێزانی فراوان بۆ خێزانی ئاوێتەش هەر ڕاستە.

**د - خێزانی تاك سەرپەرشتیار** (الاسرة وحيدة العائل)

ئەو جۆرەیە لە خێزان کە بەزۆری لەلایەن ئافرەتەوە سەرپەرشتی دەکرێت و بەخێزانی تاك سەرپەرشتیار ناودەبرێت و بەڕێوەدەبرێت، ئەمیش بەهۆی زۆری ڕێژەی تەلاق و زۆربوونی لەدایکبوونی ناشەرعی لەناو کچانی هەرزەکارو تازە پێگەیشتوودا. ڕێژەی ئەم جۆرە خێزانە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا زۆرە، خێزانی یەك سەرپەرشتیارواتە خێزانێك کە لە باوك و منداڵ یان دایك و منداڵ پێکدێت، لەم خێزانەدا منداڵ لە سۆز و خۆشەویستی ئەوی تر بێ بەشە [2].

**خێزان لە کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان** یەکەی پێکهاتنی دامەزراوە پەرەسەندووەکانی تری خێڵ و عەشیرەتە، دامەزراوەیەکی توند و تۆڵی پتەوی داخراوە بەڕووی خۆیدا، واتە خێزان بەشی هەرە زۆری پەیوەندی و چالاکییە ژیارییەکانی لە سنوری خۆیدا ئەنجام دەدات و ئەگەر هەر شتێکیش بپەڕێتەوە بۆ دەرەوەی سنوری خێزان ئەوا هەر لە سنوری داخراوی ئەو خێڵ و عەشیرەتەدا دەمێنێتەوە کە ئەو خێزانە ئەندامە لێی. خێزان کەسێتی خۆی وەکو کەسێتی تاکە، کەس لەناو خێڵ و عەشیرەتدا دەتوێنێتەوە و سیفاتەکانی ئەوان وەردەگرێت و، ئامادەبوونی خێزانیش بەندە بەئامادەبوونی خێڵ یان عەشیرەتەکەیەوە. هاوسەرگیریش تا ئێستا لە ژنخواستن و شوکردن زۆرتر لە نێوان خزمەکان و پاشان ئەندامانی هەمان بنەماڵە و خێڵ و عەشیرەتدا زیاتر ئەنجام دەدرێت تا بپەڕێتەوە بۆ کەسانی تر [3].

خێزان لە کۆمەڵگەی کوردیدا وەك هەر کۆمەڵگەیەکی ڕۆژهەڵاتی، سەرەتاو تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت لەهەندێ ناوچەی گوندنشین خێزانی فراوان یا درێژکراوەیە، وە لە ناو شارو شارۆچکەکان خێزانی ناوەکی جۆری خێزانی بڵاوە. خێزانی کوردی پێگەیەکی بەرزی لە بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی داگیرکردوە و یەکێکە لە هەرە دامەزراوە گرنگەکانی، نەتەوەی کورد لە خێزانی ناوەکی لە ژن و پیاو و منداڵ لە ناوچە شارستانییەکان و گوند نشینەکان پێك دێت و، بە شێوەیەکی کەمیش لە خێزانی فراوان لە ناوچە گوندنشینەکان پێکهاتووە، خێزان بەگشتی ڕۆڵێکی گرنگی لە گواستنەوەی میراتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری کۆمەڵگە بۆ نەوەکان هەیە،

---

(1) سامية حمريش، المصدر السابق، ص ٩٠-٩١.

(2) کریم شریف قەرەچەتانی، کاریگەری جیهانگیری و سەرمایەداری و بەهاکانیان لەسەر خێزان، گۆڤاری خاڵ، سلێمانی، ژمارە ١٩ تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، ل ٧.

(3) عەتا قەرەداغی، چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤ - ٧٦.

سیفەتی یەکگرتووی هەیە و لەسەر بنەمای ڕێزی بەرامبەر لە نێوان هەردوو هاوسەر دروست بووە، تیایدا ڕەچاوی مافی باوان و ڕێزی گەورەکان و میوان دۆستی کراوە، پێگەی باوك تایبەتە و پێگەی دایکیش پارێزراوە و سەربەستی تەواوی هەیە لە بەشداری و بڕیارەکانی تایبەت بەبابەتە خێزانییەکان و پەروەردەی منداڵەکان و چارەسەری کێشەکان و دیاریکردنی داهاتوی منداڵەکان، خێزانی کوردی ئینتما و خۆشەویستی نیشتمان و گیان فیدایی بۆ پاراستنی لەناخی نەوەکانیدا دەچێنێت (1).

خێزانی کوردی وەك بەشێك لە سیستەمی کۆمەڵایەتی پێگەیەکی گەورە دەداتە پیاو، دواتر ئەم بەهایە دەچێتە نێو خێزانەوە و ڕۆڵ و پلەی باوك دەگەیەنێتە ئاستێکی باڵا و کاریگەر لەسەر بەڕێوەبردنی خێزانەکە، بەمەش بنەماکانی سیستەمی باوکایەتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەچەسپێت، ئەم سیستەمە مێژوویەکی دوورو درێژی هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا و بۆتە داب و نەریتێکی کۆمەڵایەتی جێگیر لەبەر ئەو نەریت و بەهایانەی وەك (پیاوەتی و بەهێزی و بەغیرەتی) هەیەتی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا و نێرینە خاوەنییەتی لە خێزاندا، هاوشێوەی ئەمە ئاڕاستەکردنی هەڵەی تریش هەیە کە خێزان تائێستا لەسەری دەڕوات و پابەندە پێوەی، لە پەروەردەکردنی منداڵەکان کە کاریگەری ڕاستەخۆیان هەیە لە گەشەی دەرونی و کۆمەڵایەتی تاکەکانی، بەڵام دەبێت ئەوەشمان لەبیر بێت کە کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا بەقۆناغی ڕاگوزەری سەرجەم لایەنە کۆمەڵایەتی و شارستانییەکاندا دەڕوات و بەها و نەریت و کلتوری نوێ وەردەگرێت، تالە کاروانی گەشەو پێشکەوتن دوانەکەوێ هاوشێوەی کۆمەڵگەکانی تری جیهان، ئەم بزاوتە کۆمەڵایەتی و کلتورییەش کاریگەری دەبێت لەسەر گۆڕانی خێزان و سەرجەم بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی (2).

خێزانی کوردی دەدرێتە پاڵ باوك، منداڵ بەناوی باوکییەوە ناو دەنرێت و شۆرەتی ئەویش وەردەگرێت، جاری واش هەیە لەناو کۆمەڵگەدا کوڕ بەناوی دایکییەوە ناو دەردەکات و دەناسرێت، ئەم حاڵەتە دەگمەنە و تایبەتە بەو مناڵانەی لە تەمەنێکی بچوکدا باوکییان نامێنێت و بەناوی دایکیانەوە بانگ دەکرێن،(یان لەبەر گرنگی پێگەی دایکەکەیە بەهۆی بوونی ئازایەتی و چاونەترسی و زیرەکییەوە)، خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە لە گوند و لادێکاندا، پارێزگاری ناوچەکەیان و کێڵگە و لەوەڕگاکانیش پێویستی بەگروپ و دەستە و تاقمێکە لە خێزانەکان کە هێزیان زیاتر بێت ئەویش عەشیرەتە، خێزانی کوردی لە کۆن و لە ئێستاشدا دامەزراوەیەکی پەروەردەیی گرنگە هەڵدەستێ بەپەروەردەی منداڵ و ئاڕاستەکردنیان و دەسەڵاتی تەواوی هەیە بەسەریاندا (3).

منداڵ لاسایی باوکی دەکاتەوە بەسیفەتی ئەوەی ئەندامە لە خێزانەکەی و کۆمەڵگەکەی، دایك و باوکیش

---

(1) أسؤ ابراهيم عبدالله، السمات القومية للشخصية الكوردية، أطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية، كلية العلوم الانسانية، قسم علم الاجتماع، ٢٠٠٣، ص ٨١.

(2) المصدر نفسه، ص ٨٢.

(3) عبدالستار طاهر شريف، المجتمع الكوردي دراسة اجتماعية ثقافية سياسية، جمعية الثقافة الكردية، بغداد، ١٩٨١، ص ١١.

بەرپرسیارێتی گەورەیان هەیە لەپێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کۆنترۆڵ کردن و فێرکردندا، ئەمەش بۆ ئەوەیە منداڵ بتوانێت ڕۆڵە کۆمەڵایەتییەکانی بەشێوەی باش جێبەجێ بکات وەکو کوڕ کە ڕۆڵی باوکی لە بەرپرسیارێتی خێزانەکەیدا دەبینێت و، کچیش ڕۆڵی دایکی دەبینێ لە یارمەتیدان و ئیش و کارەکانی ناوماڵدا، کوڕو کچ لەتەمەنی حەوت ساڵییەوە بەکارە ئاسانەکان دەست پێدەکەن و ڕادەهێنرێن بەو پێیەی کچ هەر لە منداڵییەوە سیفات و نۆرم و ڕەفتارو بەهاکانی ڕۆڵی مێینە لە خێزان و کۆمەڵگەوە وەردەگرێت و کوڕیش هی باوك وەردەگرێت [1].

ڕەنگدانەوەی گۆڕانکارییەکان لەسەر خێزانی کوردی لە کۆمەڵگەی کوردی شان بەشانی گەلانی دونیا خۆی لەبەردەم پرۆسەی گۆڕانکارییەکاندا بینیوەتەوە و گۆڕان بەسەر زۆرێك لە داب و نەریت و بەهاکانیدا هاتووە، لە خێزانی ئێستای کوردستاندا هەندێك لە داب و نەریتە کۆنەکان بەردەوام پارێزگاری لە مانەوەیان دەکرێت و هەندێکی دیکەشیان گۆڕاون و داب و نەریتی دیکە جێگەیان گرتوونەتەوە، دەسەڵاتی باوکایەتی و دەسەڵاتەکانی باوك لە خێزاندا ڕوی لە لاوازی کردووە گەرچی بەئەندازەیەك هەر ماوەتەوە، هەروەها پێگەی ژن لە ڕوی ئابورییەوە گۆڕاوە چونکە ژینگەی کۆمەڵایەتی لەبارە بۆ ژنان تابتوانن شان بەشانی پیاوان خاوەنی داهاتی ئابوری خۆیان بن. دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی وەك ژن بەژن، شیربایی، ڕەدوکەوتن، گەورە بەبچوك، فرەژنی و چەندین دیاردەی دیکە ڕوی لە کەمی کردووە بەتایبەت لە شارەکاندا، گۆڕانکاری تریش هەن بەتایبەت گۆڕانکارییە ئابورییەکان لە کوردستاندا کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر سیستەمی خێزان و هاوبەندیەکەی دروست دەکەن [2].

شەپۆلی گۆڕانکارییەکان لەسەر خێزانی کوردی قۆناغی تری بڕی دیارترین شێوەشی چوونە دەرەوەی ئافرەتە بۆ خوێندن و فێربوون لە زانکۆکان، بۆ کارکردن و دەستگەیشتنی بەسەرچاوەکانی داهات، دواتر بەشداری ئافرەت لە دانانی پلان و میزانییەی داهات و خەرجی خێزان و بەشداربوون لەو بڕیارانەی پەیوەندی بەپێگەیاندن و خوێندنی منداڵەکانەوە هەیە، بەشێوەیەك گونجاو بێ لەگەڵ کارو داهاتی دایکەکە و خێزانەکە، کارکردنی ژنان لە دەرەوەی ماڵ یارمەتی باشترکردنی ڕەوشی ئابوری و کۆمەڵایەتی خێزانی داوە ئەویش لە میانەی یارمەتیدانی هاوسەرەکەی لە بەدەستهێنانی پێداویستییەکانی خێزان و بەرزکردنەوەی داهاتەکەی تا توانای دابینکردنی زۆرینەی پێداویستییەکانی هەبێت، بەمەش خێزان دەتوانێ زاڵ ببێت بەسەر زۆربەی گرفت و کێشەکانی [3]. دواجاریش ئەمانە دەبنە هۆی بەرزکردنەوەی پێگەی ئافرەت و گۆڕانی پێگەکەی، گۆڕانی پێگەی ئافرەت هەر بەژنی کارکەرەوە نەوەستاوە بەڵکو ژنی ماڵیشی گرتۆتەوە بەهۆی کرانەوە و زۆربوونی هۆکارەکانی پەیوەندی و

---

[1] عبدالستار طاهر شريف، المصدر نفسه، ص ١٢.

[2] توانا فریدون حسین، هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە خێزانی کوردی دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی کۆمەڵناسی، ٢٠٠٨، ل ٨٥.

[3] ئیحسان محمد حسن، کۆمەڵناسی ئابوری، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٠٤.

زیادبوونی تایبەتمەندییە شارستانییەکان و بڵاوبونەوەی خوێندن و زۆربوونی ڕێکخراوەکانی ژنان و ئافرەتان و ئاشنا بوونیان بەمافەکانیان.

ئافرەت ڕۆڵی گرنگ دەگێڕێ لە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابوریدا، پێکهێنەری یەك لەسەر سێی هێزی کارن لە جیهاندا و ڕێژەکەش ئەگۆڕێ بەپێی بارودۆخی ولاتان، ژنی ماڵ بلاوترین جۆری کارە هەرچەندە چوارچێوەکەی سنوردارە لە چالاکی ئابوریدا، ئامارەکانیش ئەوە دەردەخەن کە (٨٥٪) ی دەرامەتی نەتەوەیی هەر ولاتێك بەدەستی ژندا تێپەڕ دەبێت و بەئاگایی ئەوان خەرج دەکرێت، هەندێ توێژینەوەی تر ئەوەیان ئاشکرا کردووە (٢٧٪)ی ئافرەتان لە بواری بەرهەمهێنانە جیاوازەکاندا کاردەکەن، ئەمەش بەڵگەی بەشداری گرنگی ئەوان لەچالاکی ئابوری و ژیانی گشتیدا دەردەخات، ئەو کێشانەی ڕووبەڕوی ئافرەتی کارکەر دەبێتەوە گونجاندنی کاروباری ناوماڵ و خێزانداریيە لەگەڵ کاری دەرەوەی، هۆی ئەمەشە بەشداری کاری دەرەوەی کەمترە هەرچەندە ئەمەش ساڵ دوای ساڵ زیاتر دەبێت، ئەو کێشانەش خۆیان دەبیننەوە لە(کرێی کەم، زۆری کاتژمێرەکانی کارکردن، تەنگ پێهەڵچنینی گشتی، جیاکاری کار لە بەرژەوەندی بۆ پیاو) [1] .

ئامارەکان ئاماژەی بەرزبونەوەی ڕێژەی بەشداری ئافرەتی کورد دەدەن لە بوارەکانی خزمەتگوزاری بەڕێژەی (٣٥٪) و بەشدارییان لە بواری کشتوکاڵدا بریتییە لە (٢٩٪)، وە بەشدارییان لە خوێندندا ڕێژەی ژمارەی قوتابی ئافرەت بۆ نموونە لە شاری هەولێرو دهۆك (٤٦ ٪)ەو ڕێژەی (٤٨٪)یش لە سلێمانی، ڕێژەکە نزیکە لە نیوە و باقییەکەی تریشی لە ڕەگەزی نێرە، بەلأم لە خوێندنی زانکۆیی و پەیمانگاکان بەپێی ئاماری ساڵی (٢٠١٢ - ٢٠١٣) لە خوێندنی کەرتی گشتی ڕێژەی ژمارەی قوتابی ئافرەت (٥٤٪)و لە خوێندنی تەکنیکی (٤٠٪) و لە کۆلێجە ئەهلییەکان (٣٥ ٪) پێکدەهێنن [2]، بەلأم ئەم بەشداريەی ئافرەت وەك ئاماژەی پێدرا بێ کێشەو گرفت نییە، جۆری تر لەو کێشانەی ڕووبەڕوی ئافرەتی کارکەرو بەتایبەت ئافرەتی خاوەن بڕوانامە و ئەکادیمی دەبێتەوەو لەم پێناوەشدا باجی زۆری داوە بریتییە لە ئاڵنگارە کۆمەڵایەتییەکان و فشارە دەرونی و جەستەییەکان و ڕێگری و بەربەستەکان، کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە ڕێگەی گونجاندنی ڕۆڵی وەکو دایك، ئافرەتی ماڵ، هاوسەر، ڕۆڵی وەکو خاوەن بڕوانامە و ئەکادیمی و داکۆکی کار لە مافەکانی و کارکردنی لە دەرەوە [3].

گەر سەیری قەبارەی خێزانی کوردی بکەین دەبینین بچووك بۆتەوە لە خێزانی فراوانەوە بۆتە خێزانی ناوەکی و لەژمارەی منداڵی زۆرەوە بۆتە ژمارەیەکی کەم لە منداڵ، پاڵپشتیش بۆ ئەمە ئامارەکانی دەزگای ئاماری

---

[1] کەژاڵ حسین مصطفی، مساهمة المراة الكوردية في التنمية، مجلة (زانکۆی سلێمانی) العدد ٤٧، نیسان ٢٠١٥، قسم الدراسات الانسانية(B)، ص٣٣٥.

[2] المصدر نفسه، ص ٣٣٧.

[3] نجاة محمد فرج، التحديات الاجتماعية التي تواجه المرأة الاكاديمية، دراسة نوعية في جامعة السليمانية، مجلة قەڵای زانست العلمية، مجلد ٤، عدد ٤، خريف ٢٠١٩، ص ٤٦٥.

هەرێمە کە تیایدا هاتووە قەبارەی خێزان لە سلێمانی (٤،٨) و، لە هەولێر (٥،٣) و، لە دهۆك (٦،٩) ە [1].

خێزانی کوردی تایبەتمەندی خێزانی ناوەکی وەرگرتووە، دوو لەو هۆکارانەش کە بۆتە هۆی بچوك بونەوەی قەبارەی خێزان قەیرانی ئابوری و ئەو ئاڕاستە بلاْوەیە کە باس لە سنوردارکردنی وەچەخستنەوە و ژمارەی منداڵ دەکات، چونکە خێزانی نوێ ی کوردی هەست بەبەرپرسیارێتی ڕاستەوخۆ دەکات بەرامبەر بەخوێندنی منداڵ و چاودێری تەندروستی و ژینگەیەکی ئارامی ناوماڵ و دابینکردنی پێداویستییەکانی بەباشترین شێوە، تابتوانرێ لە داهاتوودا بەهۆی بڕوانامەو شارەزاییەکانیەوە کارو پیشەیەکی باشی دەست بکەوێت و بێ کار نەمێنێتەوە.

## ٢ - ئەرکەکانی خێزان (Family functions)

خێزان بەهۆی بوونی لەزۆرینەی کۆمەڵگەکانی جیهاندا سیفەتی جیهانی وەرگرتووە وەکو خانەو وەکو دامەزراوەش چەندین ئەرکی جۆراوجۆری لەسەر شانە ، لەناو خێزاندا ڕۆڵ و پێگەی کۆمەلاْیەتی بۆ منداڵ دیاری دەکرێت، لەوێدا پەروەردە دەکرێن و پێدەگەیەنرێن و دەخرێنە ژێر کۆنترۆڵی کۆمەلاْیەتییەوە، لە ڕابوردوودا هەندێ لە بیرمەند و فەیلەسوفە میسالی و ئیشتراکییەکان لەگەڵ ئەوەبوون کە ئەرکەکانی خێزان دەتوانرێت بگۆڕدرێ و بدرێ بەلایەنی تر، بەوەی کە گەنجان دەبێت ڕابهێنرێن بەپێی لێهاتوویی و توانا خودی و کەسییەکانیان نەك بەپێی ئینتمای خێزانیان، بۆ ئەم کارەش لای ئەوان وابوو پێویستە ڕێ نەدرێ بەکوڕان و کچان بەوەی خێزانی سەربەخۆ پێك بهێنن بەڵکو پێویستە لەگەڵ کۆمەڵگەی کۆمیونی یان شیوعی بژین، دایك و باوکیش بەکاری پەروەردەی منداڵەکانیان هەڵناستن بەڵکو ئەو کارە بەلایەنی پسپۆڕ لە کۆمەڵگە دەسپێردرێت، بەشێوەی پڕاکتیکی هەندێ کۆمەڵگە هەوڵیان داوە ئەم بۆچوونانە جێبەجێ بکەن وەکو کۆمیونی چینی و کیبوتزی ئیسرائیلی و کەلخوازی ڕوسی [2].

بەلاْم جێی خۆیەتی بوترێت هیچ کۆمەڵگەیەك نەیتوانیوە ئەم کارە بکات بەشێوەیەکی سروشتی و لە ڕێی گەشەکردنێکی ئاسایی لە مێژوودا، گەر گروپێك توانیبێتی ئەرکەکان لە خێزان دابڕێ ئەوە لە ئەنجامی پیلانێکی دیاریکراو و پاڵنەرە ئایدۆلۆجییە توندەکاندا بووە. نموونەیەك بۆ ئەمە لە شۆڕشی ساڵی (١٩١٧) ی ڕوسیا و ئەو

---

(1) دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕوپێوی باری گوزەرانی خێزان و چاودێری ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨، سەرچاوەی پێشوو، بەردەستە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١٢.

(2) سناء الخولي، الزواج والاسرة في عالم متغير، دار المعرفة الجامعية، اسکندرية، بدون سنة طبع، ص ٧١.

بیرە شیوعییەتە توندەی کە هاتە سەر حوکم یەکێ لە بەرنامەکانیان دژایەتی پەیوەندییە ڕۆتینییەکانی خێزان بوو کە پاساویان زۆربوو بۆ گۆڕینی، خێزان لە باوەڕی سەرکردەکانی شۆڕش لەپشت پاڵنەرو ویستەکانی موڵکییەتی تایبەتە و دژ بەموڵکییەتی گشتییە، بۆیە زۆر بەخێرایی خێزان و ئەرکەکانی کەوتە ژێر نەهامەتییەك کە وێنەی نەبوو لە مێژوودا، بەڵام هەر زوو لە ئەنجامی بەربەرەکانی جوتیارەکان بەوەی لە ئەرکەکانی خێزانەکانیان دورخرابوونەوە حکومەت لە کۆتاییدا وەستالەسەر ئەو بەرنامەیە و، هەستابەپێش کەشکردنی شوێنی نیشتەجێ بوونی تایبەت و تاپۆ کردنی لەسەریان و پێدانی هەل بەخێزان تاهەستن بەئەرکەکانی خۆیان لەگەڵ بەردەوام بوونیان لە بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە کێڵگە گشتییەکانی دەوڵەت، بەمەش تاڕادەیەك هاوسەنگییەکیان گەڕایەوە بۆ ئەرکە تایبەتییەکانی خێزان لەلایەك و موڵکییەتی گشتی لەلایەکی ترەوە [1].

گەر بێینە سەر ئەرکەکانی خێزانی هاوچەرخ دەبینین ڕەخنەی زۆری ئاڕاستە دەکرێت بەوەی زۆرێك لە ئەرکە ڕۆتینییەکانی خۆی لەدەست داوە ئەو ئەرکانەی لە ڕابوردوودا هەیبووە. ئەمەش کاتێکە گۆڕان لە کۆمەڵگەکاندا ڕوودەدات بەهۆی دابەشبوونی کارو سەرهەڵدانی پسپۆڕی و ئاڵۆز بوونی کۆمەڵگەی نوێ و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، ئەوا گۆڕان لە ئەرکەکانی خێزانیشدا ڕوودەدات و زۆرێکیان لەدەست دەدات و، ئەو ئەرك و وەزیفانە دامەزراوەی کۆمەڵایەتی تر لە کۆمەڵگەی نوێدا پێی هەڵدەستن و پڕی دەکەنەوە، لە بەرامبەریشیاندا ئەو ئەرکانەی کە بۆی دەمێنێتەوە بەباشتر دەتوانێت هەستێت بەئەنجامدانیان [2].

ئەو شوبهاندنەی کۆمەڵناس (Herbert Spencer) ی بەریتانی کردویەتی لە نێوان جەستەی مرۆڤ و کۆمەڵگە بەوەی لاشەی مرۆڤ لە کۆمەڵێك ئەندامی جیاواز پێکهاتووە و هەر ئەندامێکیش لە چەندەها خانە پێکهاتووە و هەر خانەیەکیش ئەرك و مافی خۆی هەیە، بەرامبەر بەمەش کۆمەڵگە هەیە کە لە کۆمەڵێك سیستەم پێکهاتووە وەك ئابوری، ئاینی، ڕامیاری، پەروەردەیی، خێزانی، خزمایەتی و سەربازی، هەر سیستەمێکیش ڕۆڵی تایبەت بەخۆی هەیە. ئەم سیستەمانەش تەواوکەری کاری یەکترن، واتە هەموو سیستەمەکان بەئەرکی تایبەتی خۆیان هەڵدەستن کە جیاوازە لەوەی تریان بەڵام تەواوکەری یەکترن [3].

(ولیەم ئۆگبێرن)(William Ogburn)(١٨٨٦ -١٩٥٩) کۆمەڵناسی ئەمریکی جەخت لە نەهامەتییەکانی خێزان دەکاتەوە لە کاتی خۆیدا، بەوەی زۆرێك لە ئەرکەکانی کە لە ڕابوردودا پێی هەڵدەستا لە دەستی داوە وەك [4]:

---

[1] هەمان سەرچاوە، ص٧٢.

[2] سناء الخولي، الاسرة والحياة العائلية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٤. ص ٥٧.

[3] احسان محمد الحسن، تیۆرە کۆمەڵایەتییە پێشکەوتوەکان، و. دیدار ئەبوزێد، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٦٢.

[4] سناء الخولي، الزواج والاسرة في عالم متغير، المصدر السابق، ص ٧٣.

١- ئەرکی ئابوری: لە ڕابوردودا خێزان یەکەیەکی ئابوری سەربەخۆ بووە بەکاربەری ئەو بەرهەمانە بووە کە بەرهەمی هێناوە، هیچ پێویستی بەبانك و کارگەکان نەبووە، بەڵام ئێستابۆتە یەکەیەکی بەکاربەر.

٢- ئەرکی پێدانی پێگە: لە ڕابوردودا ئەندامانی خێزان پێگەی کۆمەڵایەتی خۆیان لە ڕێگەی پێگەی خێزانەکەیانەوە وەردەگرت و، ناوی خێزان گرنگی یەکی زۆری هەبوو.

٣- ئەرکی فێرکردن: لە ڕابوردوودا خێزان هەڵدەستابەفێرکردنی پیشەوەری بۆ ئەندامانی وەکو پیشەی جوتیاری و باخداری و شوانکاری و دەست ڕەنگینی و پیشەسازی بچوك و کاری ناوەوە و دەرەوەی ماڵ، بەڵام لە ئێستادا دامەزراوەکانی دەرەوەی خێزان پێی هەڵدەستن.

٤- ئەرکی پاراستن: پێشتر خێزان بەرپرس بوو لە دابینکردنی پاراستن و ئاسایش بۆ ئەندامانی، باوك هەر بەجەستەی خۆی خێزانی نەدەپاراست بەڵکو ئاسایشی دەرونی و ئابوری و کۆمەڵایەتیشی بۆ دابین دەکردن، وە کاتێکیش باوان دەکەوتنە تەمەنەوە منداڵەکان ئەو ئەرکەیان لە ئەستۆ دەگرت، بەڵام لە ئێستادا دامەزراوە ئەمنییەکانی دەوڵەت ئەو کارە دەکەن.

٥- ئەرکی ئاینی: ئەرکی خێزان بوو لە خوێندنی نزای سوپاس گوزاری لە کاتی نان خواردن و نوێژ و خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز و فێرکردنی ڕەوشت و ئاکارو نەریتە ئاینییەکان، ئەم پابەندییە ئایینانەش کەمبۆتەوە و دامەزراوە ئایینییەکان پێی هەڵدەستن.

٦- ئەرکی خۆشگوزەرانی (تەرفیهی): پێشتر خێزان خۆی بەهاوبەشی لەگەڵ چەند خێزانی تری خزمی یان دراوسێ ی یا هاوەڵی هەڵدەستابەدابینکردنی وەزیفەی کات سەربردن، بەڵام لە ئێستادا یانە کۆمەڵایەتی و وەرزشی و ڕێکخراو و کافتریاکان و، هەندێکیشی قوتابخانەو زانکۆکان دابینی دەکەن.

بەڕای (ئۆگبێرن) یەکێ لە هۆکارەکانی هەڵوەشانەوەی خێزان کەمبوونەوەی ئەرك و پێگەی خێزانە لە جیهانی نوێدا، بەڵام هەر زوو ئەم بۆچوونانەی کەوتە بەرڕەخنەی زانایانی کۆمەڵناسی، بەوەی شێوە و ناوەڕۆکی ئەرکەکان گۆڕاوە، بۆ نموونە خێزان لە کۆمەڵگە پیشەسازییەکان یەکەیەکی بەرهەمهێن نەماوە بەڵکو بۆتە یەکەیەکی بەکاربەر، ئەم ئاڕاستەکردنەش گرنگە، ئەرکەکانی تریش کە دەڵێت لەدەستی داوە وەکو ئەرکی فێرکردن و ئاین و پاراستن، گەر بەڕاستی ئەو ئەرکانەی نەماوە ئەی بۆچی منداڵەکان لەسەر هەمان بیروباوەڕی ئاینی و سیاسیی باوانیان گەورە دەبن، ئەرکی فێرکردن و پەروەردەش کە قوتابخانە پێی هەڵدەستێ بەڕادەیەکی زۆر بەستراوە بەپشتگیری خێزان بۆی و، هەر ئەوەشە کلیلی سەرکەوتنی منداڵ لە خوێندنەکەی [1].

[1] هەمان سەرچاوە، ص ٧٤.

(بارسۆنز)یش باوەڕی وایە گەر یەکەیەکی کۆمەڵایەتی وەکو خێزان هەموو یان هەندێ لە ئەرکەکانی لەدەست بدات ئەوە سەربەست و ئازاد دەبێت بۆ لەخۆ گرتنی ئەرکی تر، گەر خێزان ڕزگاری بوو بێت لە هەندێ ئەرك و کار کە لە ڕابوردوودا هەیبووە ئەوا وای لێدەکات کە بەتوانا ترو باشتر بێت لە جێبەجێ کردنی ئەو کارانەی کە ماویەتی بەباشترین شێوە، بەم هۆیەوە خێزان پسپۆڕی زیاتری وەرگرتووە وەك لەوەی لە ڕابوردوودا هەبووەو لە پێگەیەکدا دەبێت باشتر داواکارییە سۆزداری و کەسایەتییەکانی منداڵ جێبەجێ بکات [1].

هەندێ لە توێژەران ئەرکەکانی خێزان دابەش دەکەن بۆ دوو کۆمەڵەی جیاواز:
یەکەمیان ئەرکە فیزیکییەکانی وەکو زۆربوون و ئەرکی ئابوری و پاراستن و تەندروستی، دوەمیشیان ئەرکە مەعنەویەکانی وەکو ئەرکی ڕۆشنبیری و سۆزداری و کۆمەلایەتی، وەك پێکهێنانی تاك لە ڕێگەی کلتورو پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەلایەتی و ئەرکی تەرفیهی. لە سەدەکانی پێشوودا خێزانی گەورە لە لادێکاندا خۆی بەتەنها هەڵدەستا بەهەموو ئەرکە فیزیکی و کۆمەلایەتییەکان بەیەکەوە، بەلام لەوە بەدوا بەهۆی پێشکەوتنەکانەوە و بەدەستوەردانی دەوڵەت لە بەجێ گەیاندنی هەندێ لە ئەرکەکان، خێزان ڕووبەڕووی کەمبوونەوەی ئەرکەکانی بوەوە. تاکە ئەرکێك خێزان دەستی بەسەردا گرتبێت و تەنها خۆی بێ دەستوەردانی دامەزراوەی تر کۆنترۆڵی کردبێت و مابێتەوە بۆی ئەرکی وەچە خستنەوەیە، ئەرکی پاراستن و تەندروستی و خوێندن و فێرکردنیش دەوڵەت خۆی دەیبات بەڕێوە [2].

لە ئێستای هەرێمی کوردستان و لەسەردەمی قەیرانی دارایی و ئابوریدا ڕۆڵی کەرتی گشتی بۆ دابینکردنی ئەرکەکان و بەتایبەت ئەرکی فێرکردن و تەندروستی لاواز بووە، لە بەرامبەریشدا بەکوالێتی باشتر لای کەرتی تایبەت دەستەبەر بووە، بۆیە خێزان ناچار بووە ڕوو بکاتە کەرتی تایبەت، لێرەوەو بەم هۆیەوە ئەرکی ئابوری خێزانەکان قورستر بووەو بۆتە بارگرانییەکی زیاتر بۆی.

پێشتر وا زانرابوو پسپۆڕی و دابەش بوونی کار دەبێتە هۆی لێکهەڵوەشانەوەی کۆمەڵگە، بەلام لە ڕاستیدا ئەوەی بینرا پێچەوانەی ئەمانە بوون، بەشێوەیەك پسپۆڕی و دابەش بوونی کار بووە هۆی پتەو کردن و تەواوکاری و هاوبەندی کۆمەلایەتی کۆمەڵگەی سەردەم، پسپۆڕی بووە هۆی کەم بوونەوەی ئەرکەکانی خێزان، بەم هۆیەشەوە باوان زیاتر یەکلا بوونەوە بۆ ئەو ئەرکانەی ماویانە و توانییان بەشێوەی زانستی ترو بەقەناعەتەوە لە جاران باشتر جێ بەجێیان بکەن [3] .

خێزان ڕۆڵی گەورە دەگێڕێت و تا ئێستاش هاوتای نییە لە ئەرکی بونیاتنانی کەسایەتی کۆمەلایەتی و کلتوری تاك، یا ئەرکی پێگەیاندنی کۆمەلایەتی و پەروەردەی سۆزداریەکەی و تێرکردنی هەست و سۆزەکانی،

---

[1] سناء الخولي، الاسرة والحياة العائلية، المصدر السابق، ص ٥٩.

[2] علياء شكري، المصدر السابق، ص ١٧٩.

[3] المصدر نفسه ، ص ١٨٠ .

ئەمانە هەمووی گەرەنتی تاك دەكات تازاڵ بێت بەسەر دڵە ڕاوكێ و ترس و خەمۆكی و، ئامادەیان دەكات بۆ ڕووبەڕوبونەوەی گرفت و قەیرانەكانی ژیان، هەر لەبەر ئەمەیە دامەزراوەیەكی تری كۆمەڵایەتی نادۆزینەوە بتوانێت هەستێت بەم ئەركە بەوێنەی ژینگەی خێزان و چوارچێوەكەی. لێرەوە (ڕوبرت ماكیڤر) دەگاتە ئەو ئاكامە گرنگەی كە (خێزان هەر ئەركێكی یەك لەدوای یەكی لەدەست دابێت لە كۆتاییدا ئەركی ڕاستەقینەی خۆی دۆزیوەتەوە، سەرەتا پەیوەندی ژن و مێرد و دواتریش وەك دایك و باوك پەیوەندییەكە هەرچەند ساكار بێت بەلاَم سۆزێكی بێ خەوش و پاك لە پشتییەتی ئەویش خۆشەویستی نێوان باوان و منداڵە، بۆیە ناتوانین ئەم سۆزە بدۆزینەوە تەنها لە خێزانێكی بەیەكەوە بوودا نەبێت) [1].

سەرچاوە زانستیەكان بەشێوەیەكی گشتی ئەركی خێزانی هاوچەرخیان بەم شێوەی خوارەوە دیاری كردووە: وەچەخستنەوە - پاراستن - پێدانی پێگەی كۆمەڵایەتی - پێگەیاندنی كۆمەڵایەتی - كۆنترۆڵی كۆمەڵایەتی. ئەركێكی تریش زیادكراوە كە پێشتر لە شیكارییە سۆسیۆلۆجییەكان ئاماژەی پێ نەكراوە و بەگرنگ نەزانراوە، ئەویش ئەركی سۆزدارییە (Affectional Function)، ئەویش ئەو خۆشەویستی و هاوسۆزی و كارلێكە قوڵەی نێوان دایباب و منداڵەكانە، كە پێداویستییە ڕۆحی و دەرونی و سۆزدارییەكان تێر دەكات و جێگرەوەشی نییە [2].

لە ڕوانگەی وەزیفییەوە (مێردۆك) چوار ئەركی گرنگی خێزانی دیاری كردووە ئەوانیش: ئەركی سێكسی، ئەركی ئابوری، ئەركی وەچەخستنەوە، ئەركی پەروەردەیی، پێی وایە ئەگەر ئەركی سێكسی و منداڵ خستنەوە نەبێت كۆمەڵگە كۆتایی دێت و، ئەركی ئابوری نەبێت ژیان كۆتایی دێت و لەناو دەچێت و، ئەركی پەروەردەش نەبێت كلتور نامێنێت [3].

لویس كۆزەر (Lewis Coser)(١٩١٣ - ٢٠٠٣) كۆمەڵناسی ئەمریكی بەڕەگەز ئەڵمانی، جیاواز لەوانیتر ئەركی بنەڕەتی خێزان دیاری دەكات وەك: جەختكردنەوە لە باوكایەتی كۆمەڵایەتی بەو پێیەی هەموو منداڵێك باوكی هەیە ئەم سیفەتەش جیهانیە، جۆری هاوسەرگیری هاوسەرگیری دەرەكییە واتە حەرام بوونی هاوسەرگیری لە ناو نزیكەكاندا وەك خوشك و برا، دایك و كوڕ یا باوك و كچ، دانانی پێوەری كۆمەڵایەتی لەسەر پێكهاتەی بایلۆجی، بەخشینی خودی كۆمەڵایەتی بۆ ئەندامانی خێزان [4].

(بارسۆنز) هاوسەنگ بوون لەناو خێزان بەپێویست دەزانێت، ئەو پێی وایە خێزان خۆی كار لەسەر خۆگونجاندن و هاوسەنگ بوونی خۆی دەكات لە بەرامبەر ئەو بارودۆخ و پاڵەپەستۆ دەرەكییانەی بۆی دێن،

---

[1] المصدر نفسه، ص ١٨٤.

[2] سناء الخولي، الاسرة والحياة العائلية، المصدر السابق، ص ٦١- ٦٢.

[3] سامية مصطفى الخشاب، المصدر السابق، ص ٤٥-٤٧.

[4] المصدر نفسه، ص ٤٩.

خێزان بەسیستەمێکی بچووك ناودەبات و پێی وایە ناکرێت لە خێزان تێبگەین بەبێ ئەوەی نەگەڕێینەوە بۆ سیستەمە گەورەکە کەکۆمەڵگەیە، چونکە خێزان کاریگەرە بەو گۆڕانانەی بەسەر کۆمەڵگەدا دێن و ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر تاکەکان و بارودۆخی نوێ دروست دەبێت، ئەو پێ ی وایە خێزانی نوێ دوو ئەرکی گرنگی لەسەر شانە: یەکەم، پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، دووەم، بونیادنانی کەسایەتی تاکەکانی کۆمەڵگە [1].

بەبۆچوونی (بارسۆنز) دەتوانرێت کۆمەڵگە شیبکەینەوە بەهۆی (سیستەمی کۆمەڵایەتییەوە) هەر سیستەمێك لە هەر ئاستێکدا بێت پێویستە هەستێت بەچوار ئەرکی بنەڕەتی ئەوانیش [2]:

١- ئەرکی گونجاندن لەگەڵ ژینگە (Adaptation to the invironment): هەموو کۆمەڵگەیەك لە پێناو ئەندامانی پێویستە بگونجێت لەگەڵ سروشتی دەوروبەری تامانەوەی مسۆگەر بکات، لەوانەش خۆراك و شوێنی مانەوە، بۆ نموونە خێزان پێویستە خۆی بگونجێنێت لەگەڵ ژینگەی سروشتی بۆ مسۆگەرکردنی مانەوەی.

٢- ئەرکی بەدەستهێنانی ئامانج (Goal attainment): پێویستە ڕێککەوتنی گشتی هەبێت لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە سەبارەت بەدیاریکردنی پێداویستییەکانیان و هەوڵدان بۆ دابینکردنیان بەتەواوی.

٣- ئەرکی کامڵ بوون یا یەکبوون (Integration): کۆمەڵگە بۆ پارێزگاری لە مانەوەی خۆی پێویستە هاوبەندی نێوان سیستەم و بەشەکانی بونیادی کۆمەڵایەتی خۆی ڕێك بخات و چارەسەری لادان و خەلەلەکانی بکات، بۆ نموونە خێزان پێویستە پەیوەندی و پەیوەستی و یەکانگیری ئەندامەکانی ڕێك بخات و دواتر پەیوەندییان لەگەڵ دامەزراوەکانی تری کۆمەڵگە بسازێنێ.

٤- پارێزگاری لە مانەوەی چەشن یا پاراستنی هەڵوێست (Pattern Maintenance): پاراستنی هاوسەنگی و یەکسانی لەناو هەر سیستەمێکی کۆمەڵایەتی پێویستە بەوەی هەوڵ بدات لادانەکان لە پێوەرو نۆرم و بەها و کلتوری گشتی کەم بکاتەوە و نەیهێڵێ بەرێنمونی کردنی هەڵسوکەوت و پابەندبوون بەئادابی گشتی و ئامادەبوون بۆ ڕووبەڕووبونەوەی هەر ڕەفتارێکی گێرە شێوێن کە لەگەڵ پێداویستییەکانی سیستەمدا نەگونجێت .

لای (مەلیحە عەونی) و (صبیح عبدالمنعم) ئەرکەکانی خێزانی ناوەکی بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە [3]:

ئەوانیش (پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی، پاراستنی تاکایەتی و، هاندان بۆ بەشداری کردن لە کۆمەڵگەدا، داڕشتنی کەسایەتی، پێدانی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بەئەندامانی، کەمکردنەوە و خاوکردنەوەی نا ئارامی دەرونی و دڵە ڕاوکێ). وە پێنج ئەرك و سیمای گشتی خێزان دیاری دەکەن کە هاوبەشە لە نێوان جۆرەکانی خێزان لە کۆمەڵگە

---

[1] زەریا احمد تاهر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٣ - ٢٠٤.

[2] تاهیر حەسۆ زێباری، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٠ .

[3] مليحة عوني القصيرو صبيح عبدالمنعم احمد، المصدر السابق، ص ٩٤ - ٩٨ .

جیاجیاکاندا وەك:

١ - ئەرکی سێکسی: تێرکردنی غەریزەی سێکسی هەردوو هاوسەر گرنگەو ڕۆڵی هەیە لە کەمکردنەوەی ناکۆکی و گرفت و هەڵچونەکان و، پتەوی پەیوەندییەکانی نێوان ژن و پیاو، کۆمەڵگە بەئامانجی گەشەکردنی خۆی هەڵدەستێت بەدانان بەگرێبەستی هاوسەرگیری و ڕێکخستنی پەیوەندی سێکسی نێوان هەردوو ڕەگەز.

٢ - ئەرکی زۆربوون و وەچەخستنەوە: یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی خێزان لە هەموو کۆمەڵگەکان و بەبایەخەوە دەڕوانرێت بۆ توانای منداڵ بوون و وەچەخستنەوەو، پلەیەکی کۆمەڵایەتی بالآتر دەدات بەهەردوو هاوسەر، هەروەها مرۆڤ بە سروشتی خۆی حەزی لە هەردوو ڕەگەزە لە منالەکانیداو، ئەمەش بە تایبەت حاڵی هەندێ کۆمەڵگەی نەریتیە کە یەکێك لە دوو ڕەگەزەکە (کوڕ یان کچ) بەباشتر دەزانن لەڕەگەزەکەی تر، بۆ ئەم مەبەستەش زۆربەی کۆمەڵگەکان پشکنینی پزیشکی پێش وەختە دەکەن بۆ کوڕو کچ لە پێش هاوسەرگیریدا بۆ توانای منداڵ بوون و هەندێ نەخۆشی ناو خوێن.

٣ - شوێنی نیشتەجێ بوون: دابینکردنی شوێن بۆ ژیانی خێزان پێداویستی سەرەکییەو لە هەندێ کاتدا بینراوە خێزانی ناوەکی پێویستی بەنیشتەجێ بوونی هاوبەشە لەگەڵ خزم و کەسە نزیکەکانی تاببێتە یارمەتی بۆی بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکی چاودێری و ئامادەکردنی خواردن و دابینکردنی ئاسوودەیی و کات بەسەربردنی خۆش بۆ ئەندامانی لەگەڵ پێگەیاندن و پەروەردە، بەتایبەت لە حاڵەتی کارکردنی ئافرەت لە دەرەوەی ماڵ.

٤ - چالاکی ئابوری: یەکێکە لە ئەرکە گرنگەکانی خێزان و لەبەر گرنگی و پێویستی خێزان پێی زۆرجار هەردوو هاوسەرو منداڵە گەورەکانیش هاوبەش دەبن لە بەجێهێنانی ئەم ئەرکە، چونکە چالاکی ئابوری یارمەتیدەرە بۆ دابینکردنی پێداویستییە هەمە جۆرە مادییەکانی خێزان و پڕکردنەوەیان، لە سەردەمی ئێستاماندا ئافرەت توانیویەتی پێگەی نوێ لە دەرەوەی خێزان بۆخۆی بەدەست بهێنێت، بەهۆی خوێندنەوە توانی پسپۆڕی جیاواز بۆ خۆی مسۆگەر بکات و ببێتە یارمەتیدەری پیاو لە ڕووی داراییەوە.

٥ - پڕۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی ئەرکی سەرەکی خێزان و خێزانی ناوەکییە، لەسەرەتاکانی تەمەنی منداڵەوە لەبەر پێویستی منداڵ بەدایك پێگەیاندن زیاتر ئەرکی ئافرەت بووە بەتایبەت تەندروستی منداڵ و شیر پێدان و چاودێری کردنی گەشەی، باوکیش هاوبەشەو تەواوکاری پڕۆسەی پێگەیاندنە لە ساڵەکانی دواتردا. ئەمە جگە لەو ئەرکانەی کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکانی وەك (دایەنگە و باخچە و قوتابخانە و زانکۆ و یانە و ڕێکخراوەکان) پێشکەشی دەکەن و بەتەواوکاری ئەرکەکانی خێزان لە قەڵەم دەدرێن.

**ئەرکەکانی خێزانی کوردی لە هەرێمی کوردستان:** هاوشێوەی هەر خێزانێکی تر لە کۆمەڵگە ڕۆژهەلاتییەکان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە پێشتر بەگشتی یەکەیەکی بەرهەمهێن بووە، ئەمە گۆڕاوە بۆتە

یەکەیەکی بەکاربەر بەتەواوی بەتایبەت لە شارەکاندا بەهۆی کرانەوەو تێکەڵ بوون و گەیشتنی دەستی خزمەتگوزاری و زاڵ بوونی دەسەڵاتی دەوڵەت و دامەزراوەی تری وەکو قوتابخانە و نەخۆشخانە و دامەزراوەکانی تری کەرتی گشتی جێگەی خێزانیان گرتەوە لە بەڕێوەبردنی ئەم ئەرکانە، ئەوەی بۆ باوان ماوەتەوە چاودێری کردن و پشتگیری کردنییەتی لەکاتی پێویستدا، خێزان ئەرکی بایلۆژی و خستنەوەی وەچە و ئەرکی سۆزداری و ئەرکی ئابوری بۆماوەتەوە لەگەڵ پشتگیری و چاودێری منداڵ لە پرۆسەی پێگەیاندن و پەروەردە و فێربوون و پاراستنی.

قوتابخانەی وەزیفی لەسەر سێ بنەما دامەزراوە ئەوانیش، ڕاڤەی هەر توخمێکی شارستانی بەوەی بەشێکە لە سیستەمی کۆمەڵایەتی و، هەموو بەشەکان لە شارستانیەت بەستراونەتەوە بەیەکەوە لە ڕێی وەزیفەوە و، ئەم بەشانە ڕۆڵیان دەبێت لە گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و مانەوەی بونیادی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، کەواتە دەتوانین بنەماکانی وەزیفی لە سیستەمی خێزاندا وەك سیستەمێکی کۆمەڵایەتی بەم شێوەیە ڕوون بکەینەوە، کۆمەڵێ ئەندامن بەهۆی بەهاکانەوە بەیەکەوە بەستراونەتەوە، ئەم بەهایانەش کاریان ڕێکخستنی چەشنی ژیانیانە و کۆمەڵێ ئامانجی هاوبەشیشیان هەیە، ئەم ئامانج و بەها هاوبەشانە کاردەکەن لەسەر پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاکەکانی لەسەر ئەو ڕێگەیەی کۆمەڵگە بۆیان دیاری دەکات، لەگەڵ ڕێکخستنی هەڵوێستی کۆمەڵایەتیان و بەستنەوەی تاك بەژینگەی کۆمەڵایەتی چواردەوری، پێشبینی ڕۆڵ و پێگەی کۆمەڵایەتی بۆیان، یەکخستنی ئاڕاستە کلتوری و ژیارییەکانی تاك [1].

ئەرکی ئابوری یەکێکە لەو بوارە گرنگانەی بەدرێژایی تەمەنی خێزان پەیوەندی بەژیانی خێزانەوە هەیە و ناکرێت هەرگیز فەرامۆش بکرێت، دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی وەك خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێ بوون پێداویستی سەرەکین و کەمی یا نەبوونی هەریەك لەو پێداویستییانە کاریگەری زۆری دەبێت لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئەندامانی خێزان و بەردەوام بوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیان [2].

خێزان لە ناوچە گوند نشینەکاندا بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان پشتی بەخۆی بەستووە بەتایبەت لەلایەنی ئابوری دا، هەر بۆیە خێزانی فراوان یا درێژکراوە لە کۆمەڵگەدا بەتایبەت لە ناوچە گوندنشینەکاندا شێوەیەکی باو و بەربڵاو بووە، دەسەڵاتی ئابوری خێزان لە خێزانی باوك سالاریدا بەدەستی باپیر بووەو دەسەڵاتی تەواوی بەسەر ژیانی ئابوری خێزاندا هەبووە و گشت بڕیارو دەسەڵاتەکان لە ژێر دەستیدا بووە بەتایبەت لە کڕین و فرۆشتن و دابەشکردنی کار بەسەر کوڕەکاندا، بەوەش ئەرکی ڕێکخستنی ئابوری خێزانی لە ئەستۆ بووە بۆ ئەم کارەش کوڕی گەورە یارمەتی داوە لە جێبەجێ کردنی کارەکان و ڕاپەڕاندنیان بۆ ئامادەکردنی تا لە دوای خۆی جێگەی بگرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بۆ هەموو کارەکانی خێزان گەڕاوەتەوە لای باپیرو لە ژێر سەرپەرشتی ئەودا باپەندییە دارایی و ڕەوشتییەکانی ئەندامانی خێزانی لە ئەستۆ بووە، وەکو شوکردن و

[1] عبد علي سليمان، الانثروبولوجيا الاجتماعية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، اربيل، ص ١٦٦ - ١٦٧.

[2] مليحة عوني القصيرو صبيح عبدالمنعم احمد، المصدر السابق ، ص ١٢٢ .

ژنهێنان و جیابونەوە و ئاشتەوایی و ناکۆکی و پەیوەندییە دەرەکییەکانی خێزانەکەی بەخێزان و بنەماڵەکانی ترەوە [1].

پێشترو تاڕادەیەك ئێستاش لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەهۆی نەسەقی ئابورییەوە کوڕ دوای ژن هێنانیشی پەیوەست بووە بەباوکییەوە، لەبەرئەوەی باوك هاندەری موڵکییەتی کەسی بووە و هاندەری کاری ئابوری تاکی نەبووە، ئەو سیستەمە موڵکایەتییە کشتوکاڵییەی لە گوندەکاندا بلاوبووە سیستەمێکی پشتاوپشت بووە لە باپیرانەوە بۆ نەوەکان، باوك دابەشکردنی بەشە زەویەکەی لە نێوان کوڕەکانیدا قەدەغە دەکرد تا بەهۆی هاوکاری کوڕو منداڵەکانییەوە بتوانێ کاری کشتوکاڵی زەویەکان بەڕێوە بەرێت، بەتایبەت لەو سەردەمەدا ئامێرو کەل و پەلی کارەبایی نەبووە، سروشتی دابەشکردنی کاریش لە نێوان ژن و پیاودا بەشێوەیەك بووە، ژن کاروباری ماڵ و پەروەردە و بەخێوکردنی منداڵ و کاری کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و کاری دەستی لە ڕستن و چنین ئەنجامداوە، بەلام بە گشتی لە دەوروبەری ماڵ و لە سنوری گوندەکەیاندا ماوەتەوە، هەرچی سروشتی کاری پیاویش بووە کارە ئابورییەکەی لەدەرەوەی ماڵ و بۆ دەرەوەی گوندەکەشی درێژبۆتەوە، بەلام بەنیسبەت ئافرەتەوە گواستراوە بووە دوای شوکردن لە ماڵی باوکییەوە چۆتە ماڵی مێردەکەی و شوێنی نیشتەجێ بونی خۆی گۆڕیوە [2].

دوای کرانەوەی کوردستان بەڕووی جیهانداو بەتایبەت دوای ساڵی (٢٠٠٣) بارودۆخی ئابوری و ئەرکی ئابوری خێزان گۆڕانکاری بەسەردا هات بەهەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنییەوە، چونکە بەرزبونەوەی ئاستی موچەو داهاتی ئابوری، گرانی شتومەك و گرانی لەسەر ئاستی شوێنی نیشتەجێ بوون و خانوو هێنایە کایەوە، قەیرانی ئابوری ساڵی (٢٠١٤) بووە هۆی ئەوەی هەندێك لەو خێزانانەی گەنج بوون جارێکیتر بچنەوە سەر ماڵی باوکیان و بەیەکەوە بژین و خێزانی گەورە جارێکیتر دروست ببێتەوە، لایەنە ئەرێنیەکەی پتەوبوونی هاوبەندی کۆمەلایەتی و لایەنە نەرێنیەکەشی خولقاندنی هەندێ کێشەی کۆمەلایەتی و خێزانییە، هەروەها هۆکارە ئابورییەکان ڕەنگدانەوەی تەواویان لەسەر چینە کۆمەلایەتییەکانی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی هەیە و قەیرانی ئابوری وایکرد قەبارەی چینی هەژار زیاتر ببێت و چینی مام ناوەند کەمببێتەوە، کێشەی کۆمەلایەتی و هاوبەندی کۆمەلایەتی لەلای هەریەك لەو چینانە لەسەر شێوازی جیاوازو ناچوونیەك دروستکردەوە. چونکە ئەرکی ئابوری خێزان مەرجە بۆ بەردەوام بوون و مانەوەی، بەو پێیەی ئەندامانی خێزان هەموویان بەیەکەوە چالاکی ئابوری ئەنجام دەدەن و سەربەخۆشن لە ڕوی داهات و دەستکەوتی تایبەتی خۆیانەوە، بەگشتی هۆکارە ئابورییەکان ئەرکی هاوبەش و ڕۆڵی هاوبەش لە نێوان ئەندامانی خێزان دا دروست دەکەن [3] ، لەلایەکی تریشەوە خراپی باری ئابوری کێشەی جۆراو جۆری بۆ دروست دەکات کە ڕەنگە ببێتە هۆی لێك هەڵوەشانەوەی ، زۆر بوونی ئامارەکانی جیابوونەوە لە دادگاکانی هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە بەڵگەن لەسەر ئەم ڕاستیە.

---

[1] فاتن محمد شريف، الاسرة والقرابة دراسات في الانثروبولوجيا الاجتماعية، دار الوفا لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٦، ص ٩٣ - ٩٤.

[2] عالية فرج مصطفى، الاسرة والتغير الاجتماعي في كوردستان العراق، المصدر السابق، ص ١٣٩.

[3] توانا فريدون حسين، سەرچاوەی پێشوو، ل ٩٩ - ١٠٠.

## باسی دووەم: کێشەکانی خێزان Family problems

### ١- پێناسەی کێشەکانی خێزان

سەبارەت بەزاراوەی کێشەکانی خێزان پێناسەکان جیاوازن بەپێی جیاوازی پسپۆڕییەکان،
کێشەی خێزانی پێناسە دەکرێت بە:-

هەر کاتێك تاك هەستی بەبەرتەنگی و ڕاڕایی و بێ تاقەتی کرد لەپەیوەندییەکانی بەئەندامانی تری خێزان بەتایبەت پەیوەندی بەهاوسەرەکەی ئەوە بریتییە لە کێشەی خێزانی، یا هەر کێبڕکێیەکە ڕوودەدات لەنێوان هاوسەران و دەبێتە هۆی دابڕان و کۆچکردن و دواتریش جیابوونەوەو تەلاق و هەڵوەشانەوەی خێزان، یا باری تێکچوونی پەیوەندی ناوخۆیی یا دەرەکییە دروست دەبێت لە ئەنجامی ناتێری پێداویستی تاك وەکو ئەندام لە خێزان یا گروپێك، پاشان هەندێ ڕەفتاری لێوە دروست دەبێت کەنەگونجاوە لەگەڵ بنەماو ئامانجەکانی ئەو خێزان یا گروپە [1]. هەندێ بارودۆخی تایبەتیش کاتێك ڕوودەدەن دەبنە کێشەی خێزانی، وەکو مردن و نەزۆکی و جیابوونەوە یاخود هەر گرفتێکی تر کەدەبێتە هۆی ناتەواوی لەئەرکی هاوسەری و، هەندێك جار ناڕێکی لە ئەرکی پەروەردەیی و سۆزداریش ڕێگرن لە بەردەوام بوونی خێزان و دەبنە کێشەی خێزانی[2].

### ٢- پۆلێن و جۆری کێشەکانی خێزان: کێشەکانی خێزان دابەش دەبن بۆ: -

أ - کێشە تایبەتەکان: وەك کێشەی نێوان دوو هاوسەر کە دروست دەبێت لە ئەنجامی لێکنەگەیشتن و نەخۆشی و خراپی مامەڵە و جیاوازی تەمەن.

ب - کێشە گشتییەکان: بەگشتی پەیوەندی بەکۆمەڵگەوە هەیە لە کێشە ئابوری و ڕامیارییەکان، ئەمانە ڕەنگدانەوەی نێگەتڤیان هەیە لەسەر خێزان، وەکو کێشەی کلتوری و داب و نەریت و، کێشەی ڕۆڵ و پێگەی ژن.

کێشەی گشتیش دابەش دەبێت بۆ:

- کێشە ئاساییەکان تایبەت بەڕۆتینی ژیان وەك: ئەو کێشانەی کە لەسەرەتای پێکهێنانی خێزانەوە هاوسەران ڕووبەڕوویان دەبنەوە لەڕێوڕەسم و مارەیی و کڕینی ناوماڵ و ماڵی جیا و گواستنەوە و مانگی هەنگوینی.
- کێشە زیندووەکان: ئەو کێشانەن وا دەکات خێزان یان یەکێك لە هاوسەرەکان نەتوانێ هەستێ بەئەرك و ڕۆڵەکانی خۆی وەکو هاوسەرو شکست بێنێت. کێشە زیندووەکانیش دەتوانرێ پۆلێن بکرێت بۆ سێ جۆر کێشەی تر وەکو: کێشەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو هاوسەرو کێشەی لادانی ڕەفتاری و ئەو کێشانەی لە ئەنجامی

---

(1) سلطان مسفر مبارك الصاعدي، أولويات المشكلات الأسرية المعاصرة للأسرة السعودية، ١٤٣٥ هجري، ص ٧.

(2) زەریا احمد تاهر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠٨.

ڕووداو و قەیرانە گەورەکانەوە ڕوودەدەن [1]، کەواتە کێشەکانی خێزان لەسەر یەك شێوەو جۆر نین بەڵکو فرە ڕەهەند و جۆراوجۆرن.

ج - پۆلێنی کێشە خێزانییەکان بەپێی قۆناغی سەرهەڵدانی: وەکو کێشەکانی پێش هاوسەرگیری: وەکو خراپ دیاریکردنی هاوسەر، کێشەی نیشتەجێ بوون، زۆری مارەیی و گرانی پێداویستیەکانی ماڵ و، کێشەکانی دوای هاوسەرگیری: وەکو ئیرەیی هاوسەران لەیەکتر، نەگونجان، ململانێ جۆراو جۆرەکان و نەزۆکی و. کێشەکانی دوای هاوسەرگیری منداڵەکانیان: وەکو هەستی تەنیایی، توش بوون بەنەخۆشیەکانی پیری، خانەنشین بوون و هەست کردن بەوەی گرنگ بوونی کۆتایی هاتووە [2].

د - پۆلێنی کێشە خێزانییەکان بەپێی بێ توانایی خێزان لەتوانای بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی وەکو:

- ئەو کێشانەی پەیوەستە بەبوون و نەبوونی منداڵ و جۆری منداڵ بوون( بەسروشتی یان بە نەشتەرگەری، بە بوونی کوڕ یان کچ ) و، ئەو کێشانەی پەیوەستە بەپێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و جیاوازی بەهای باوان لە جۆری پێگەیاندن و دروستی و نادروستی پێگەیاندن و، کێشە ئابورییەکان: ئەمە تایبەتە بەو کێشانەی کە خۆیان دەبیننەوە لە کەمتەرخەمی و خراپی بەکارهێنان و کورتهێنانی بودجەو کەمی و زۆری داهاتی خێزان و، کێشەکانی تەلاق و بێ هاوژینی و بەجیا ژیان و کاریگەرییان لەسەر باری دەرونی خۆیان و منداڵەکانیان [3].

ك - پۆلێنەکەی (ئێرنست بیرجس)(Ernest Watson Burgess)(١٨٨٦ - ١٩٦٦) کۆمەڵناسی ئەمریکی کردویەتی بۆ کێشە خێزانییەکان بەم شێوەیە وەکو: کێشە دەروونییەکان کە دەگەڕێنەوە بۆ باری دەرونی و هەست و میزاجی هەر هاوسەرێك، دەگونجێ یەکێ هێمن بێت و یەکێکی تر هەڵچوون بیگرێت و، کێشە ڕۆشنبیرییەکان کەدەگەڕێنەوە بۆ جیاوازی هەردوو هاوسەر لە داب و نەریت و ئاڕاستەکان لە ئەنجامی جیاوازی پەروەردە و پێگەیاندنی هەر یەکێکیان و، کێشەی ڕۆڵبینینی کۆمەڵایەتی کەدەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی ڕۆڵبینینی پەیڕەو کراو و ڕۆڵبینینی پێشبینی کراوی هەر تاکێك لە خێزانەکەیدا بەرامبەر ئەوانی تر، ململانێ لەسەر ڕۆڵی جۆراو جۆرو سوربوون لەسەر بینینی ئەو ڕۆڵانە کێشە دروست دەکات، وەکو ڕۆڵی ئافرەت لە ناو ماڵ و ڕۆڵی لە کارکردنی دەرەوەیداو، کێشەی ئابوری کەکەمی سەرچاوە مادییەکانەو دەبێتە هۆی نواندی ڕەفتاری نائاسایی لە خێزاندا، وەکو مشتومڕو دەمەقاڵەی نێوان هەردوو هاوسەرو سەرکێشانی بۆ توندوتیژی خێزانی، هۆکاری تریش هەن دەبنە کێشە وەکو ناپاکی هاوسەری و غیرەکردن و ناهاوتایی لە سۆزو خۆشەویستی و ئەرکی سێکسی [4].

---

[1] محمد مصطفى بشارات، أهم المشاكل والقضايا الصحية والاجتماعية المتعلقة بالأسرة، صحيفة الرأي، على موقع الالكتروني التالي http://alrai.com/article/ugn في ٢٠٢١/٦/٤.

[2] محمد عبدالفتاح محمد، المصدر السابق، ص ٣٤.

[3] المصدر نفسه، ص ٣٤.

[4] يخلف رفيقة، المشكلات الاسرية وأثرها على تنشئة الطفل، جامعة شلف، الجزائر، ٢٠١٦، ص ٧.

هەرچەندە خێزان دامەزراوەیەکی تاڕادەیەك پتەوو گرنگەو توانیویەتی پارێزگاری لەخۆی بکات و بمێنێتەوە، بەلاّم ئەمە ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم دامەزراوەیە هیچ کێشەو گرفتێکی نەبێت و بێبەری بێت لە هەموو پەلّەو ڕێگرو سانسۆرێك کەدێتە بەردەمی، بەلّکو ئەمیش وەك هەر دامەزراوەیەکی تری کۆمەلاّیەتی ڕووبەڕووی چەندین کێشەو گرفت دەبێتەوە، لێرەدا ئاماژە بەهەندێ لەو کێشانە دەدەین ئەم دامەزراوەیە هەیەتی لە کۆمەلّگەی کوردیدا وەکو:

## أ – کێشە کۆمەلاّیەتییەکانی خێزان:

کێشە کۆمەلاّیەتییەکان: پێناسەکان جۆراو جۆرن و یەك دانەی گشتگیرمان نییە بۆی، بەلاّم سیفەتێکی گشتی و هاوبەش هەیە لە ناو پێناسەکان، ئەویش نیشاندەری نەبوونی ڕێکخستنی کۆمەلاّیەتی و پەرتەوازەیی و لێك هەلّوەشاوەیی کۆمەلّگەیە، یاخود ئەوەندە بەسە بلّێین خودی کۆمەلّناسی لێکۆلّینەوە کردنە لە کێشە و دیاردە کۆمەلاّیەتییەکان.

کێشەی کۆمەلاّیەتی لای ولیم بیفریج ( William Beveridge)(١٨٧٩-١٩٦٣)ی بەریتانی پێناسە کراوە بە:- دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتی نالەبارەو ژیانی زۆرێك لە خەلّکی هەراسان دەکەن و دەرئەنجامی نەخوازراویان دەبێت لەسەر پەیوەندی و کارلێکردنیان، پێویستیان بەگرتنەبەری کاری بەکۆمەلّی ڕێکخراو هەیە بەئامانجی زالّ بوون بەسەریدا و لابردنی کاریگەرییە خراپەکانی.

(لۆرانس فرانك)( Lawrence Frank)(١٨٩٠ - ١٩٦٨) کۆمەلّناسی ئەمریکی پێناسەی دەکات و دەلّێ: هەر نارەحەتی و هەلّسوکەوتێکی خراپ لای ژمارەیەکی زۆری خەلّك بەنزیکەیی و، داواکاری بۆ لابردن و چاکسازی و نەهێشتنی ئەوە کێشەی کۆمەلاّیەتییە [1].

(لیمێرت)(Edwin Lemert)(١٩١٢ -١٩٩٦) کۆمەلّناسی ئەمریکی پێناسەی دەکات و دەلّێت: لادانێکە ڕوئەدات لەناو چوارچێوەی کۆمەلّگەدا و، ئەخولێتەوە لە بازنەیەکدا بەتاك دەست پێدەکات و بەکۆمەلّ کۆتایی دێت [2].

کەواتە کێشە کۆمەلاّیەتییەکان ڕەنگدانەوەی فراوانیان هەیە و دەتوانرێت پۆلێن بکرێن بە:

١- کێشە گشتییەکان: ئەو کێشانەن تاڕادەیەك بەسەر سەرجەم کۆمەلّگە دەگشتێنرێن و دەشێ ڕووبەڕووی هەموو تاکێك ببنەوە، وەك تاوان و جەنگ و بێکاری و هەژاری و قەیرانەکانی تر.

٢- کێشە تایبەتەکان: تایبەتن بەگروپ و چینێك لە کۆمەلّگە و ناگشتێنرێن، وەك قومارو شەراب خواردنەوە و ئالودەبوون بەماددە هۆشبەرەکان.

لە فەرهەنگی کۆمەلّناسی ئەمریکیدا پێش زاراوەی (کێشەی کۆمەلاّیەتی) زاراوەی تریش هەبوون، هەر لە

---

[1] احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، المصدر السابق، ص ٥٩٤ - ٥٩٥ .

[2] قنيفة نورة، المشكلات الاجتماعية، جامعة العربي بن مهيدي ام البواقي، الجزائر، ٢٠١٨، ص ١٣.

سەرەتای پێش کەوتنی تەکنەلۆژیا و پیشەسازیدا دەستیان کرد بەلێکۆڵینەوە لە (گرفتە کۆمەڵایەتییەکان) لە کۆمەڵگەی ئەمریکی، لەم چوارچێوەیەشدا چەمکی تازەیان داهێنا بەناوی (پەتای کۆمەڵایەتی)(Socialpathology)، دواتریش زاراوەی لێکهەڵوەشانەوەی کۆمەڵایەتی ( Social Disorganization) هاتە کایەوە و پاشانیش چەمکی لادانی ڕەفتار (Deviant Behavior) و، لە کۆتایشدا زاراوەی کێشەی کۆمەڵایەتی ( social problem) [1].

کێشەی کۆمەڵایەتی خێزان وەکو خراپی پەیوەندی نێوان هاوسەران و منداڵ و کێشەی کارکردنی ئافرەت و فرە هاوسەری و تەلاق و هاوڕا نەبوون و نەگونجان لەگەڵ یەکترو، خراپی مامەڵەو کێشەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها گرفتی پەیوەندی خزمایەتی و سەردانکردن و دەستوەردانی خزم و کەسە نزیکەکان لەکاروباری ناو خێزان لەو کێشە کۆمەڵایەتییە بەربلاوانەن کە ڕووبەڕووی خێزان دەبێتەوە، واتە گرفتەکان لەهەردوو ئاستی پەیوەندی ناوخۆیی و پەیوەندی دەرەکییەوەن، کاتێ هاوسەر نەیتوانی پەیوەندییەکانی خۆی بەباشی بپارێزێت وەك هاوسەرو، وەکو دایك یان باوك و، وەکو خزم ئەوکات کێشەی کۆمەڵایەتی دەخولقێت، بەو پێیەی خێزان ئاوێتەی ژینگەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی خۆیەتی و کاریگەرییان بۆسەر یەکتر هەیە، واتە خێزان کاردەکاتە سەر ژینگەی کۆمەڵایەتی و ئەمیش دیسانەوە ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر خێزان [2].

کێشە ڕەوشتییەکانی خێزانیش هەیە هەر سەر بەبابەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانە، بابەتە ڕەوشتییەکان لە ژیانی هاوسەرگیری و پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا بەیەکێك لە کارە لە پێشینە و پێویستەکان وەك بەشێك لە بەها ڕەوشتی و ئاینییەکان بۆ تاك و کۆمەڵگە دەژمێردرێت، بۆیە چەندێك لە بەها ڕەوشتییەکان لە مامەڵەی ئەندامانی خێزان دا ئامادە بێت ئەوەندە زیاتر خێزان بەیەکگرتوویی دەمێنێتەوەو هەڵناوەشێتەوە، پاشان کامەرانی خێزان و باشی منداڵ مسۆگەر دەبێت، بەگشتیش لە کۆی پرۆسەکە کۆمەڵگە سودمەند دەبێت و دواتریش شارستانییەتی مرۆڤایەتی بالاّ دەکات [3].

کێشە ڕەوشتییەکان لە خراپی مامەڵەو درۆو دوو زمانی و وشەی ناشیرین و جنێودان و توڕەیی و توندو تیژی و ڕەفتاری نەشیاوە وە تا ناپاکی هاوسەری درێژ دەبێتەوە، کاتێك ئەم لادانە ڕەوشتیانە لەلای هەردوو هاوسەر یان لەلای یەکێکیان هەبوو ئەو کات قەوارەی خێزانەکە لەبەردەم ئەگەری لێك هەڵوەشانەوەدایە.

---

[1] سەلام عبدالرحمن مستەفا، سروشتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هۆکار-ئاکام- چارەسەر، ناوەندی فێربوون، هەولێر، ٢٠١٩، ، ل ٢٠.

[2] قاسم موزان، احتواء المشكلات الاسرية، جريدة الصباح، على الموقع الالكتروني التالي https://alsabaah.iq في ٢٠٢١/٦/٤.

[3] عدنان حسن باحارث، اخلاق الفتاة الزوجية، اهميتها ووسائلها التربوية، دار المجتمع للنشر والتوزيع، جدة، السعودية، ٢٠٠٤، ص ٤- ٥.

کێشەی ململانێی ناو خێزان وەك جۆرێك لە کێشەی کۆمەڵایەتی سەیردەکرێن، کاتێ ململانێ هەبوو لە نێوان ئەندامانی خێزاندا واتە کێشەو گرفت بوونی هەیە، بۆیە دەتوانرێت بوترێت سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی کێشە جیاوازەکانی ناو خێزان بریتییە لە ململانێی ئەندامان لەناو خۆیاندا لەسەر بابەتە جیاوازەکانی پێگەو ڕۆڵ و دەسەڵات و بڕیارەکان لە ناو خێزاندا، دەتوانرێ ململانێی ناو خێزان پۆلێن بکرێت بۆ سێ جۆر:

١ - ململانێ ی پاڵنەر جیاواز: ئەم جۆرە زۆر دوبارە دەبێتەوە لەکاتی مامەڵەی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە، لایەك هەوڵدەدات شتی زیاتری دەست کەوێت لە لاکەی تر بەڵام نایەوێت بیڕوخێنێ یا لەناوی بەرێ، لەبەرئەوەی هەردوولا مەبەستیانە پەیوەندی نێوانیان بەردەوام بێت، لەم ململانێیەدا دوو جۆر پاڵنەر هەیە، پاڵنەری هاوکاری بۆ گرنگی پێدانە هاوبەشەکان و، پاڵنەری پێشبڕکێ بۆ بەشداری لە دەستکەوتەکان کە پێویستە دابەش بکرێن.

٢ - ململانێ لەسەر هەڵوێست: ململانێیەکی کاتییە لائەچێت بەنەمانی وروژێنەرەکەی، ئەمە هەڵوێست وەرگرتنی لایەکە لەکاتێکی دیاریکراودا بۆ نموونە سکاڵای پیاو لە پشتگوێ خستنی کاروباری ماڵ لەلایەن ژنەوە یا سکاڵای ژن لە خودپەرستی پیاو و هاوکاری نەکردنی.

٣ - ململانێی بنەڕەتی: ململانێی نێوان دوو هاوسەرە کاتێ لایەك دەیەوێ بنەما و پێوەرەکانی ژیانی هاوسەرگیری بگۆڕێ دوای تێپەڕینی کاتێکی زۆر بەسەر ئەو جۆرە پێوەرانەدا بەتایبەت کاتێ لایەك هەوڵ دەدات ئەو پێوەرانە بشکێنێ کە کۆمەڵگە دایناوە بۆ پەیوەندی نێوان ژن و پیاو. بۆچونی تریش هەیە لەسەر پۆلێنی ململانێی ناو خێزان بەوەی دەتوانرێ لە سێ بواری ئابوری، سۆزداری و، ئەو بابەتانەی پەیوەندی بەمنداڵەوە هەیە دیاری بکرێن، هەرسێ بوارەکە هەستیارن و سەرچاوەن بۆ کێشەو ململانێ لە ناو ئەندامانی خێزاندا [1].

ڕەنگە ململانێ لەبواری ئابوری نێوان هاوسەران زیاتر لای چینی هەژار بێت، هەرچەندە ئەمە ئەوە ناگەیەنێت لای چینەکانی تریش نەبێت، وە ململانێ لەسەر بابەتە سۆزدارییەکان زیاتر لای چینی مام ناوەند بێت ، هەروەك ململانێ لای چینی دەوڵەمەند زیاتر ململانێیە لەسەر پێگەو دەسەڵات، ململانێ لەسەر پەروەردەو پێگەیاندنی منداڵ هاوبەشە لای زۆرینەی چینەکان، بەڵام بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ژیان و بەهۆی شارنشینی و پیشەسازییەوە ئەو بۆچوونانە گۆڕا کە بەگرنگی زۆرەوە ئەیڕوانی بۆ بوونی منداڵ، ئەمەش بووە هۆی دابەزینی ڕێژەی لەدایکبوونی منداڵ، لەلایەکی تریشەوە بەهای ژیانی دونیایی جێگەی بەهای ئاینی و بەپیرۆز زانینی منداڵی گرتەوە، هەروەکو ژمارەی منداڵ لە ڕووی ئابورییەوە بۆتە بارقورسی. لەسایەی ئابوری پیشەسازیدا منداڵ ناتوانێت هاوکار بێت بۆ زیادکردنی داهاتی خێزان تائەو کاتەی خوێندن تەواو دەکات، ئەوکاتیش خۆی دەڕوات بەلای ژیانی تایبەتی خۆیداو دایك و باوك سوودێکی ئەو تۆی لێ نابینن [2].

---

[1] حصة بنت صالح المالك و ربيع محمود نوفل، العلاقات الاسرية، دار الزهراء، الرياض، السعودية، ٢٠٠٦، ص ١١٣ - ١١٤ .

[2] محمود حسن، المصدر السابق ، ص ٤٩.

کێشەی تری کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان وەکو کێشەی تەلاق و توندوتیژی خێزانی و شەرو ناکۆکی نێوان ئەندامانی، جگە لە کێشەی دواکەوتن لە پرۆسەی هاوسەرگیری یەکێ لە ئەندامانی خێزان جا کوڕ بێت یان کچ، بۆ زانیاری زیاتر سەیری ئاماری دادگاکان بکە لە خشتەی ژمارە (٢ و ٣ و ٤). جۆرێ لە کێشەی چینایەتیش دروست بووە هەندێ لە خێزانی بەرپرسان و سەرمایەداران و پلە باڵاکان تەواو لە چین و ژیانێکی باش دان و لە باشترین شوێن نیشتەجێن لەناو شارەکان و باشترین و گران بەهاترین ئۆتۆمبێلیان هەیەو دەسەڵاتیشیان هەیە و، هەرکاتێکیش حەزیان بەسەفەر بوو بۆ وڵاتان ئەوا دەتوانن گەشت بکەن و زۆرینەشیان خاوەنی دوو ڕەگەزنامەن، ئەمانە بەرامبەر چینێکی زۆرینە مام ناوەندو هەژار کە هیچ یەکێك لەو تایبەتمەندیانەیان نییە کە چینی پلە باڵاکان هەیانە، کێشەی ئالوودە بوون بەخواردنەوە کحولییەکان و مادده هۆشبەرەکانی وەکو تلیاك و حەشیش و، ئالوودە بوون بەقومارکردن و، لادانی ڕەوشتی وەکو ناپاکی هاوسەری و سێکس و، دەستدرێژی و گێچەڵی سێکسی، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی ژمارە (٤) بکە، کە ژمارەی تاوان و کەتنەکان لەخۆدەگرێت لە هەرێمی کوردستان.

ب - **کێشە تەندروستییەکانی خێزان:** وەکو نەخۆشی درێژخایەنی ئەندامێکی خێزان و نەخۆشی مەترسیدارو نەزۆکی و کەمتوانایی و گرفتی تەندروستی منداڵ و سەلامەتی دایکی دووگیان، لەو کێشە تەندروستیانەن کە بەگرنگییەوە بۆی دەڕوانرێ لەسەر ئاستی هەموو دونیا، بەو پێیەی نەخۆشی بەرێگرو بەربەست دێتە ژماردن لەبەردەم هەستان بەرۆڵ و ئەرکی مرۆڤ وەك هاوسەر لەناو خێزاندا، دواتریش ئەو ڕێژانە سەلامەتی کۆمەڵگەی پێ دەپێورێ، جگە لەمانە ڕێژەی مردن لەناو منداڵانی ساوا و ناوەندی تەمەنی مردن و، دەست گەیشتنی تاك بەخزمەتگوزارییە تەندروستییەکان وەك پێوەری گرنگ سەیر دەکرێت لە لای ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی .[1]

کێشەی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان وەکو کێشەی بوونی نەخۆشی درێژخایەنی وەکو فشاری خوێن و شەکرەی باوان یان یەکێك لە منداڵەکان کە کاربکاتە سەر بەرێوەچونی ژیانی ئاسایی خێزان و، کێشەی نەخۆشییە ژیری و دەروونییەکانی یەکێ لە ئەندامانی خێزان و، کێشەی زیادبوونی نەخۆشی شێرپەنجە، کێشەی بڵاوبونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ و بەردەوام بوونی تا ئێستاو کاریگەرییە نەرێنییەکانی لەسەر ژیان و تەندروستی ئەندامانی خێزان، کە بەپێی دواین ئاماری وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان ژمارەی کۆچکردوان بەپەتاکە ڕۆژ دوای ڕۆژ لە بەرزبونەوەدایەو (٧١٦٠)کەس تا ٢٠٢٢/١/١٥ ژیانیان لەدەست داوە بەوهۆیەوە [2].

---

[1] جميل محسن و اسعد شريف، صحة الاسرة وعلاقتها ببناء المجمع، مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية، ج ١، عدد ٣٢،كلية اداب، جامعة واسط، العراق، ٢٠١٨، ص ٦١٠.

[2] حکومەتی هەرێمی کوردستان، بابەتە گرنگەکان، کۆڤید ١٩، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە
gov.krd/coronavirus/situation-update/#moh-monitoring / لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/٢٣.

**ج - کێشە ئابورییەکانی خێزان:** وەکو بەرزی نرخی پێداویستییەکان و، کەمی و خراپی بەڕێوەبردنی داهات و ناهاوسەنگ بوونی لەگەڵ خەرجییەکان و زیادەڕەوی لە بەکاربردن، هەروەها بێکاری و هەژاری و کرێچێتی خێزان لە زۆرترین و بلاّوترین گرفتە ئابورییەکانن لەسەر ئاستی جیهان، چونکە گرفتە ئابورییەکان لەو کێشانەن کە ڕووبەڕووی هاوسەران و خێزانەکان دەبێتەوەو دەبێتە هۆی سەرچاوەی شەڕو ئاژاوەو ناکۆکی لەناو خێزاندا، (وەکو وتراوە کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە) واتە چەند زیاتر پێداویستییە ماددییەکان فەراهەم و دابین بکرێن ئەوەندە زیاتر ئاشتی لەناو خێزاندا بەرقەرار دەبێت و سەقامگیری باڵ دەکێشێت بەسەر خێزاندا [1]، کێشەی هەژاری و بێکاری و، خراپی و کەمی داهات و، تێرنەبوونی پێداویستییەکانی، بە جۆرێك ڕێژەی هەژاری لە دوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە ساڵ دوای ساڵ لە زیادبووندایە ، بەپێی دواین ئاماری حکومەتی هەرێم ڕێژەی هەژاری بەرزبۆتەوە بۆ ٪ ١٣,٥ و لە عێراقیش بۆ ٣٠٪ [2].

**د - کێشە کلتورییەکانی خێزان:** وەکو جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری و زانستی و، ئاستی خوێندن و جیاوازی بیروباوەرو، ئاین و مەزهەب و، جیاوازی زمان و کلتورو، ڕۆشنبیری و داب و نەریت و، پابەندی پێیانەوەو ئەتەکەیەتی مامەڵە لەگەڵ دەوروبەر، لەو کێشانەن کە درزو کەلێن دەخەنە نێوان هاوسەران و ململانێی نێوانیان زیاتر دەکات، لەم حاڵەتانەدا پێویستە ڕێز لە ڕاو بۆچوونی یەکتر بگرن و بەو جیاوازیانەوە یەکتریان قبوڵ بێت، وە گەر نا بەهەڵوەشانەوەی قەوارەی خێزان کۆتایی دێت.

**و - کێشە دەرونییەکانی ئەندامانی خێزان:** وەکو تێکچوونی باری دەرونی و، پەراوێزخستنی لایەك بۆ لاکەی تر، کەمبوونی ڕێزگرتنی بەرامبەرو، نەمانی سۆزو خۆشەویستی بۆ یەکتر، تادەگاتە لەدەست دانی بیرو هۆش و ژیری، جگە لە نەخۆشییە دەرونییەکانی وەکو شیزۆفیرینیا و خەمۆکی و ڕاڕایی و تێکچوونی میزاج و لەدەست دانی حەزی خواردن و تێکچونی کەسایەتی و ئیزدواجییەت، هەریەك لەم حاڵەتانە مەترسی تەواو دروست دەکەن لەسەر خێزان و مانەوەی بەیەکگرتوویی، لە کاتێکدا ڕوونە ئەندامانی خێزان پێویستیان بەسۆزو بەزەیی و خۆشەویستی و ڕێزە بۆ یەکتر، بەشێوەیەك هەریەکەیان پێویستیان بەتێرکردنی پێداویستییە دەرونی و سۆزدارییەکانیانە بۆ سەقامگیری خێزان و جێگیرکردنی خۆشبەختی تیایدا [3].

**ك - کێشەی پەروەردە و فێربوون و پێگەیاندنی کۆمەلاّیەتی:** وەکو کێشەی جیاوازی بیرکردنەوە و تێڕوانینی نەوەی نوێ لەگەڵ ڕوانگەی جیلی باوانیان و، جیاوازی ئاڕاستەی هەردوو هاوسەر بۆ شێوازی پەروەردەکردن و خوێندنی منداڵەکانیان، کێشەی پەروەردە و فێربوون بەهۆی بایکۆت و کەمی دەوامی خوێندن لە ناوەندەکانی

---

[1] محمد سميرو اخرون، دراسة تحليلية للواقع الاقتصادي للاسرة السورية خلال الازمة، مجلة جامعة حماة، سوريا، مجلد ٣، عدد ٧، ٢٠٢٠، ص ١.

[2] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، مەزەندەی کاریگەرییەکانی قەیرانی ٢٠١٤ لە عێراق، ل ٥.

[3] سلطان مسفر مبارك الصاعدي، المصدر السابق، ص ٩.

**خوێندن لەلایەن مامۆستایان و فەرمانبەرانەوە، لە دوای ساڵی ٢٠١٤ بەدواوە لە هەرێمی کوردستان بەهۆی نەدانی موچە و پاشەکەوت و لێبڕینەوە هەروەها لەبەر ڕێکارەکانی خۆپاراستن و ڕێگری لە بلاوبونەوەی پەتای کۆڤید ١٩ زۆر زیاتر بووە.**

**ل- کێشە ئایدۆلۆجی و ڕامیاریەکانی ئەندامانی خێزان: وەکو جیاوازی ئایدۆلۆجیانەی نێوان ئەندامانی خێزان بەهۆی ئینتمای سیاسی و بیروباوەڕەوە، هەروەها دابەش بوونی ئەندامانی خێزان و بنەماڵەکانیان بەهۆی جیاوازی ئینتمای حیزبییەوەو، کێشەی ناسەقامگیری ڕەوشی ئابوری و ڕامیاری و، کێشەو ناکۆکی لەگەڵ نەتەوەکانی دراوسێ لە عەرەب و تورك و فارس، بوونی کێشەی شەڕو جەنگی ناوچەیی و هەرێمی لە نزیك سنورەکانی هەرێمی کوردستان، ئەمانە هەموو کات زەنگی نائارامی بەگوێی خێزانی کوردی و ئەندامەکانیدا دەدەن.**

**س - کێشەی کۆچ بۆ دەرەوەی وڵات: بەهۆی ناسەقامگیری ڕەوشی سیاسی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان کێشەی کۆچی گەنج و خێزان لە کوردستان بەردەوام بووە بەدرێژایی (٣٠) ساڵی ڕابوردوو، کۆچکردنیش بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بووە بەشێوەیەکی گشتی، هەر لەو ڕێگەیەشدا ساڵانە دەیان گەنج و خێزان بوونەتە قوربانی، ئەم دیاردەیە لە پێش قەیرانی ئابوری ساڵی (٢٠١٤) زۆر کەم بوو بوەوە و، هەندێ جار باس لەکۆچی پێچەوانە دەکرا، بەلام بەهاتنی قەیرانی ساڵی (٢٠١٤) و ساڵانی دواتر دیاردەی کۆچ بەرەو هەندەران زۆر زیاتر بوەوە. لە ساڵی (٢٠١٩)دا (٤٥٤,٦٦٢) هەزار پەنابەری ڕەگەز جیاواز لە تورکیا ویستویانە کۆچ بکەن بۆ وڵاتانی ئەوروپا کە زۆرینەیان کورد بوون. سەبارەت بەژیان لەدەستدانی پەنابەرانی عێراقیش لە ساڵی (٢٠٢٠) دا لە تورکیا ڕێژەکە (٢٣ ٪) بەرزبۆتەوە لە (٢١٥) کەس لە ساڵی (٢٠١٩) دا بەرزبۆتەوە بۆ (٢٨٢) کەس لە (٢٠٢٠)دا [1].**

**بەپێی ئامارەکانی فیدراسۆنی پەنابەرانی عێراقی ژمارەی کۆچبەرانی هەرێمی کوردستان بۆ دەرەوەی وولات لە ساڵی (٢٠١٤ بۆ ٢٠١٥) واتە لە سەرەتای قەیرانی ئابوری نزیکەی (٢٥ بۆ ٣٠ هەزار) هاوولاتی بووەو زۆرینەیان گەنج بوون، وە ئەم ژمارەیە ساڵ دوای ساڵ بەرزدەبێتەوە، دیاردەی کۆچکردن سەرجەم چین و توێژەکانی گرتۆتەوە بەتایبەت (پزیشکان و مامۆستایان و ئەندازیاران و نوسەران) کۆچکردنیش بۆ دەرباز بوون بووە لە قەیرانەکان. بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی (Iom) تاکو پێش هاتنی داعش نزیکەی (٩٥ ٪) ی کۆچبەرانی عێراق و هەرێمی کوردستان کەسانی بێ بڕوانامە یاخود خاوەنی بڕوانامەی بەرز نەبوون، بەلام لە ئێستادا ڕێژەی ئەوانەی کۆچ دەکەن بەشێکی زۆریان خاوەنی بڕوانامەی زۆر بەرزن، بێگومان کۆچکردنی ئەم چین و توێژە کاریگەری نێگەتیڤی دەبێت لەسەرجەم بوارەکان و قوڵبوونەوەی قەیرانەکان [2].**

---

[1] فدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە، https://www.federationifir.com/ku/ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٢٩.

[2] کامران احمد حمە و ئەوانیتر، سەرچاوەی پێشوو، ل ١١٥.

**ش – كێشەی تاوان و كەتنە جۆراو جۆرەكانی تاك لە خێزاندا :** كێشەكانی تاوان بەهۆی قەیرانی ئابوری و ڕەوشی سیاسییەوە لە هەڵكشان و زیادبوون دان، وەكو تاوانی كوشتن و هاندان بۆ خۆكوشتن و خۆسوتاندن و دزیكردن و بازرگانی ماددەی هۆشبەرو بەكارهێنان و ئالودە بوون پێوەی، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی ژماری (٤) بكە.

**ع – ئەو كێشانەی بەهۆی ئینتەرنێت و تیڤی و تۆڕە كۆمەلأیەتییەكانەوە دروست دەبن بۆ ئەندامانی خێزان :** بونەتە هۆی خولقاندنی دەیان كێشەی تری خێزانی و ڕەوشتی بۆ ئەندامانی، بنكەكانی پۆلیس و دادگاكان شاهیدی زۆری ئەم كێشانەن، هۆكانی پەیوەندی جگە لە دروستكردنی گرفت خەرجی بۆ خێزانیش زیاد كردوە لەوانەی پەیوەندی بەئینتەرنێت و پڕكردنەوەی باڵانسەكەی و پێداویستی تاكەكانی خێزان بەئایپاد و مۆبایلی زیرەك و تەلەفیزۆنی سمارتەوە هەیە، ئەمە جگە لەوەی تۆڕە كۆمەلأیەتییەكان چەندین كاریگەری و شوێنەواری جۆراو جۆریان لەسەر خێزان هەیە، لەوانە كاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە خێزانییەكان بەكەم كردنەوەی سەردانە خێزانییەكان، گۆشەگیربوون لەناو ماڵ، كەم بوونەوەی كات بەسەربردنی ئەندامانی خێزان لەگەڵ یەكتری و، كاریگەری لەسەر بەرپرسیارێتی باوان. هەندێ لە كۆمەڵناسانی سەردەم زیادەڕۆییان لە وەسفی خێزانی سەردەمدا كردووە بەوەی سیستەمی خێزان لەنێوان مردن و ژیاندایە و هەوڵەكان بۆ ئەوەن ژیانی بەبەردا بكرێتەوە، چونكە خێزان ڕووبەڕووی كۆمەڵێ كارتێكەری ناوخۆیی و جیهانی بۆتەوە، بۆیە پێویستە دوای ئەو گۆڕانكاریانەی بەسەر شێوە و ئەركەكانیدا هاتووە سەرلەنوێ لە خێزان تێبگەینەوە و خوێندنەوەی بۆ بكەین، بەجیهانی بوون و لە ناویشیدا تۆڕە كۆمەلأیەتییەكان زۆرترین ڕەنگدانەوەیان هەبووە لەسەر خێزان و لەسەر سیستەمی كلتورو ڕۆشنبیری، بۆیە باشترین وەسفی كۆمەڵگە لەئێستادا ئەوەیە پێی دەوترێ (كۆمەڵگەی قەیران) و (كۆمەڵگەی مەترسییەكان) و قورسە پێشبینی داهاتوی بكەی [1].

ئینتەرنیت و سۆشیاڵ میدیا وەك یەكێك لە دەرەنجامەكانی جیهانگیری هاتۆتە ناو هەموو ماڵێكمان، تەكنەلۆژیا بێلایەنەو زیان و قازانجی بۆمان نییە، بەلأم ئەو پرۆگرام و بەرنامەو چالاكییانەی لە ڕێگایانەوە بلأودەكرێنەوە باش و خراپی هەیەو جگە لە قازانج هەندێكیان زیانی زۆر بەپێكهاتەو بونیادی خێزان دەگەیەنن، چونكە ڕادەی هۆشیاری تاكی كورد لە ئاستی پێویستدا نییە، بۆیە خراپ بەكارهێنان هەیەو، هەندێك جار بوونەتە هۆی تێكدانی شیرازەی خێزان و پەرتەوازە بوونی تاكەكانیان، نموونەش لەو بارەوە زۆرە و تەنها سەردانی بنكەكانی پۆلیس و هۆڵی دادگاكان ئەوەمان بۆ ڕوون دەكەنەوە كەچەند خێزان توشی لێكجیابوونەوە

---

[1] علي العبيدي، مخاطر مواقع التواصل الاجتماعي على العلاقات الاسرية، مجلة قرطاس المعرفة، عدد ١، بغداد، ٢٠١٨، ص ٧٨.

بوون یان چەند کەس کوژران و سەرگەردان بوون لە ئەنجامی خراپ بەکارهێنانی ئینتەرنێت و مۆبایل [1].

لە ولأتانی رۆژئاوا تەنها بەناو خێزان ماوە (کورو کچ) لە دوای هەژدە سالّی هیچ پەیوەندییەکیان بەدایك و باوکەوە نامێنێ، سەرِای ئازادی سێکسی و دانانی پلان بۆ هەلّوەشانەوەی خێزان بەمانا ڕاستەقینەکەی و، ناپاکی هاوسەرگیری،.. هتد. لە لایەکی ترەوە زۆر بوونی تەلأق و لێکجیابوونەوە لە رۆژئاوا و زۆربوونی مندالّی ناشەرعی و، زۆربوونی خێزانی تاك سەرپەرشتیار (واتە تەنها دایك یان باوك و مندالّ کە لە سۆز و خۆشەویستی ئەویتریان بێبەش بووە) لەگەلّ چەندین دیاردەی دزێوی تر، خەریکە ئەمانە هەموویان دەبن بەدیاردە لە لای ئێمەش وەك کۆمەلّگەی کوردی [2].

دیاردەی ناپاکی هاوسەری، یا هاندانی هاوسەرگیری نێوان (پیاو و پیاو) یان (ژن و ژن) و هاوڕەگەز خوازی، ئەو هەموو مالّپەرانەی بۆ سێکس و کاری خراپ و توندوتیژی دانراون دیاردەی ناتەندروستن و لە ڕێگەی میدیا و تۆڕە کۆمەلأیەتییەکانەوە دێنە ناو مالّەکانمانەوە، گەر حکومەتی هەرێم ڕێگری لەلایەنە نەرێنییەکانی نەکەن ئەوا کۆمەلّگەی کوردی زیاتر توشی لێکترازان و پەرتەوازەیی و هەلّوەشانەوەی خێزان دەبێت [3].

---

[1] کەریم شەریف قەرەچەتانی، کاریگەری جیهانگیری و سەرمایەداری و بەهاکانیان لەسەر خێزان، گۆڤاری خالّ، ژمارە ١٩، سلێمانی، تشرینی یەکەمی ٢٠١٨، ل ٦.

[2] هەمان سەرچاوە، ل ٧.

[3] هەمان سەرچاوە، ل ١٢.

# دەروازەی دووەم

# لایەنی مەیدانی

# بەشی چوارەم

# جۆرو میتۆدو هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

**باسی یەکەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە**

**باسی دووەم: هەنگاوە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە**

## باسی یەکەم: جۆرو میتۆدی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لە جۆری چۆنێتی و، توێژینەوەیەکی کەشفی شیکارییە، گەر بپرسین بۆ کەشفییە دەڵێین بەپێی گەڕان و زانیارییەکانی توێژەر تا ئێستا ئەم توێژینەوەیە کە توێژینەوەی (قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەکانی لەسەر خێزان) لە شاری سلێمانی و لە هەرێمی کوردستانیش نەکراوەو نوێیەو، بەپێی توانا کەشفی ڕەنگدانەوەکانمان کردووەو وەڵامی کێشەی توێژینەوەکەمان لەڕێگەی ئامانجەکانەوە دۆزیوەتەوەو بەڕێگەی میتۆدی شیکردنەوەی بابەتەکان شیکارمان کردوون.

لە زانستە مرۆییەکان و زانستی کۆمەڵناسی دا سێ جۆر لە توێژینەوەی زانستیمان هەیە ئەوانیش:

أ - توێژینەوەی چەندێتی (البحث الكمي) (Quntitative Research)

ئەم جۆرە گرنگی بەداتاو ژمارە دەدات و فۆڕمی ڕاپرسی بەکاردەهێنێت.

ب - تویژینەوەی چۆنیەتی (البحث النوعي) (Qulitative Research)

توێژینەوە چۆنایەتییەکان: بەکارهێنانی باشترین دیزاین و تەکنیکی توێژینەوەیە بۆ توێژینەوەی دیاردەیەك یان بابەتێکی کۆمەڵایەتی و مرۆیی، بەشێوەیەکی قووڵ و چڕ، دور لە بەکارهێنانی داتاو ژمارە، یا یەکێکە لە جۆرەکانی توێژینەوەی زانستی ئامانجییەتی تێبگات و کەشفی دیاردەیەك بکات و ڕاڤەیەکی قوڵی زانستی پێش کەش بکات بۆی، بەبێ ئەوەی پشت بەژمارەو ئامار ببەستێت. فەلسەفەکەی دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری بونیادی کۆمەڵایەتی، لەم تیۆرەدا توێژەر ڕێنمونی کراوە تاپشت ببەستێت بە واتاو مانای زانیارییەکان، پاشان پوختەکردن و ڕاڤەکردنی قووڵ بۆیان، بەجۆرێك توێژەر کارلێکی کۆمەڵایەتی و تێکەڵاوی هەبێت لەگەڵ لێتوێژراوان و شارەزا بێت لە کلتورو ڕۆشنبیرییان [1].

ج - توێژینەوەی تێکەڵ (البحث المخطلط) ( Mexed Research)

تێکەڵکردنی هەردوو توێژینەوەی چۆنێتی و چەندێتییە لە توێژینەوەیەکدا [2].

توێژینەوە چۆنایەتییەکان چەند جۆرێکن لەوانە: توێژینەوەی بار یان بارودۆخ (Case Study)، توێژینەوەی مێژوویی (Historical Research)، توێژینەوەی سەردی یان باسکردن و ڕونکردنەوە (R.Narrative)، دیاردەگەرایی (Phenomenological) ، ئیسنۆگرافی (Ethnographical)، تیۆری

---

[1] نسيم الصريصري واخرون، البحث النوعي، جامعة الملك سعود، ٢٠١٨، على الموقع الالكتروني التالي https://www.youtube.com/watch?v=HITm8LO4WNU في ٢٠٢٢/٣/٧.

[2] محمد شيا، المنهجيات الكمية والكيفية في العلوم الانسانية والاجتماعية، المعهد العالي للدكتوراه، الجامعة اللبنانية، لبنان، ٢٠١٨، ص ٧.

ڕیشەیی (Grounded Theory)، توێژینەوەی ئیجرائی یان کرداری (Research Action)، شیکاری ناوەڕۆك (Content Analysis)[1]، ئیثنومیثودولوجی (Ethnomethodology)، توێژینەوەی کلتوری (R.Cultural) ، توێژینەوەی جێندەری (R.Gender)[2].

گرنگترین ڕێگاکانی شیکاری توێژینەوە چۆنایەتییەکان بریتین لە ( شیکاری بابەت ، شیکاری سەردی ، شیکاری تیۆری ڕیشەیی ، شیکاری ناوەڕۆك ، شیکاری گفتوگۆ ، شیکاری وتار )[3].

ئەم توێژینەوە چۆنێتییە کە (قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزان)ە ڕێگای شیکاری بابەتی پەیڕەو و بەکارهێناوە.

مەبەست لە میتۆدی شیکردنەوەی بابەتەکان (تحليل الموضوعات) (Thematic Analysis) ئەوەیە کە (Braun & Clarke- 2012) براون و کلارك پێناسەی دەکەن بەوەی: ڕێگایەکی ئاسان و گونجاو و بلاّوە بۆ شیکاری داتاکانی توێژینەوە چۆنایەتییەکان، یا ڕێگایەکە بۆ دیاریکردن و ڕێکخستن و پێشکەش کردنی تێڕوانینێکی قولّ بۆ شێوەی مانای کۆمەڵێك داتاو، کورتکردنەوەی لەچەمکێك یان واتایەکدا، شیکاری بابەتەکان یان باسەکان ڕێگەدەدات بەتوێژەر ماناو واتا هاوبەشەکان ببینێت و لێیان تێبگات، تا دواتر بتوانێت داتاو زانیارییەکان لە چەند مانایەکدا کورت بکاتەوەو بگاتە شیکارو ئەنجام بۆ توێژینەوەکەی[4].

---

[1] Haradhan Kumar Mohajan, Qualitative Research Methodology in Social Sciences and Related Subjects, 2018, pp.7.

[2] د.هبة خالد العدساني ، تحليل بيانات البحث النوعي ، جامعة الملك فيصل ، ٢٠٢١ ، على الموقع الالكتروني التالي https://www.youtube.com/watch?v=2mKDskoPPQU في ٢٠٢٢/٢/٢٦ .

[3] د.هبة خالد العدساني ، هەمان سەرچاوە.

[4] Virginia Braun & Victoria Clarke, Thematic analysis, In H. Cooper, P. M. Camic, D. L. Long, A. T.2012, p.2.

# باسی دووەم: هەنگاوە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە

## یەکەم- کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوە: ئەو کۆمەڵگەیەیە توێژەر توێژینەوەی لەسەر دەکات جا جۆرەکەی گشتگیر بێت بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە یان لە ڕێگەی نموونەیەکەوە بێت کە دەچنە ناو پێکهاتەی ئەو کۆمەڵگەیەوە دەکرێ شت بێت یان کەس بێت وەکو تاك یان خێزان [(1)].

کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی ئێمە هەموو خێزانێکی نیشتەجێیە لەناو شاری سلێمانی، لەبەرئەوەی توێژینەوەکەمان لەسەر قەیرانی ئابورییەو گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێ بوون گرنگە بۆ دەرخستنی توانای ئابوری خێزان، بۆیە داتاکانی ساڵی ٢٠١٨ لەسەر کۆمەڵگەی توێژینەوەکە ئەوەمان پێ دەڵێت کە ٦٣,٧٪ خێزان لە سلێمانی شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی هەیەو، ١٧,٩٪ یان هی کەس و خزمیانە و، ١٧,٤٪ یان کرێچین [(2)].

## دووەم- نموونەی توێژینەوەکە

نموونە: بەوە پێناسە دەکرێت کە بەشێکە لە گشت و نوێنەرایەتی گشت تایبەتمەندییەکانی دەکات گەر بەبێ لایەنگیری هەڵبژێردرا، یا ئەو بەشەیە کە هەڵدەبژێردرێت لە کۆمەڵگەی توێژینەوە بەئامانجی گشتاندنی دەرئەنجامەکانی بەسەر گشت کۆمەڵگەدا، لە پێناوی ئەمەدا پێویستە نموونە بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە نوێنەرایەتی کۆمەڵگە بکات تاکو بتوانرێت سود لە داتاکانی وەربگیرێت بۆ دۆزینەوەی هەڵسەنگاندن و ڕاڤەی گونجا و بۆ دیاردەکانی کۆمەڵگە [(3)].

نموونەی توێژینەوەکەمان نموونەی نائەگەرییە لەجۆری مەبەستدار، لە نموونەی نائەگەریی یان نا هەڕەمەکی هەلی یەکسان لەبەردەم تاکەکاندا نییە تاببنە ئەندام لە نموونەی توێژینەوەدا و گشتاندن ناکرێت لە ئەنجامەکاندا، خودی توێژەر ڕۆڵێکی گەورە دەگێڕێت لە هەڵبژاردنی تاکەکانی نموونەکە.

نموونەی مەبەستدار (ئیبراهیم ئەبراش، ١٩٥٢ - ) پێناسەی دەکات بەوەی: لەم جۆرەدا توێژەر مەبەستدارانە نموونەیەك هەڵدەبژێرێت لەناو کۆمەڵگەی توێژینەوە، بەمەرجێك سامپڵەکە خەسڵەتەکانی کۆمەڵگەی

---

(1) مجدەدین خیر خمش ، کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد، و. عبدالله خورشیدو ئەوانیتر، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٤١٢.

(2) DEMOGRAPHIC SURVEY, Kurdistan Region of Iraq, JULY 2018, p107.website https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/080519013929. on 11/3/2022.

(3) مجدەدین خیر خمش ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤١٦.

توێژینەوە لەخۆ بگرێت، لێرەدا بڕیارو ئەزموون و شارەزایی توێژەر ڕۆڵ دەبینێت [1].

نموونەی توێژینەوەکەمان نموونەی نائەگەرییە لە جۆری مەبەستدار، قەبارەکەشی (٣١) سەرۆك خێزانە لەناو سەنتەری شاری سلێمانی کە دانیشتووی (٢٣) گەڕەکی جیاوازی شاری سلێمانین، بۆ هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەشمان پشتمان بەستووە بەگۆڕاوە جیاوازەکانی زانیاری گشتی فۆڕمی چاوپێکەوتنەکە کە لە (١٤) پرسیاری گشتی پێکهاتبوو، هەوڵمانداوە هەڵبژاردنی نموونەکەمان جۆراوجۆر بێت وەکو جۆراوجۆری ئاستەکانی هەر گۆڕاوێك لە گۆڕاوەکانی زانیاری گشتی فۆڕمی چاوپێکەوتن، بە (٣١) چاوپێکەوتن کە کاتی چاوپێکەوتنەکان لە نێوان (١٥) خولەك بۆ (١,٣٤) یەك سەعات و نیوی خایاندووە، توانیومانە بگەینە تێربوون سەبارەت بەئامانجەکانی توێژینەوەکە واتە (الأشباع النظري)، ئەمەش کاتێك دەبێت کە توێژەر لەدوای ئەنجامدانی چەند چاوپێکەوتنێك هەستی کرد وەڵامی لێتوێژراوان دووبارە دەبنەوە و وەڵامی نوێ ی دەست ناکەوێت ئیتر لەو شوێنەدا دەوەستێت ئەمە تێربوونی تیۆرییە، بۆ بڕیاردان لەسەر ڕێژەی ڕەگەزی سەرۆکی خێزان لە سلێمانی بۆ چاوپێکەوتنەکەمان ئامارێکی نەتەوە یەکگرتوەکان هەیە لەساڵی (٢٠١٨) دا لە شاری سلێمانی (٨٨٪)ی سەرۆك خێزان لە ڕەگەزی نێرە و (١٢٪) یان لە ڕەگەزی مێن [2] ، ئێمەش ئەمەمان لەبەرچاوگرتووە وەك لە خشتەی (٥)دا دیاریکراوە، لە فۆڕمی چاوپێکەوتندا (١٤) پرسیاری گشتیمان هەبووە وەك لە پاشکۆی ژمارە (١) دا دیارە، بۆ زیاتر تشك خستنە سەر وەسفی نموونەی توێژینەوەکەمان سەیری خشتەکانی ژمارە ( ٥ تا١٥ ) بکە.

## سێیەم - بوارەکانی توێژینەوەکە

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی بوارو سنورێکی دیاریکراوی هەیە و هەر بەپێی ئەو سنورەش دەبێت زۆر بەڕونی لە توێژینەوەکەدا ئاماژەی پێ بدرێت و بخرێتە ڕوو، سنوری توێژینەوە خۆی لە چەند ڕەهەندێکدا دەبینێتەوە وەکو: ڕەهەندی مرۆیی و بابەتی و کاتی و شوێنی [3].

سنوری توێژینەوەکەی ئێمەش بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە:

١- بواری مرۆیی: (٣١) سەرۆك خێزانی نموونەی توێژینەوەکە دەگرێتەوە لە ناو شاری سلێمانی.

٢ - بواری شوێنی: (٢٣) گەڕەکی شاری سلێمانی لەخۆ دەگرێت.

٣- بواری کاتی: کاتی ئەنجامدانی کارە مەیدانییەکانی توێژینەوەکەمان و ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکانە کە

---

[1] ئیبراهیم ئەبراش، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، و. دیدار ئەبو زێد، کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٣٩٣.

[2] DEMOGRAPHIC SURVEY, Kurdistan Region of Iraq, JULY 2018, p91.website https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/080519013929. on 11/3/2022.

[3] سابیر بۆکانی، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل ٤٧ .

بریتییە لە ٢٠٢١/٨/١٥ تا ٢٠٢٢/١/٢٠.

## چوارەم- ئامرازی کۆکردنەوەی زانیارییەکان

ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری قۆناغێکی گرنگی توێژینەوە لەخۆدەگرێت بەتایبەتی دوای هەڵبژاردنی کۆمەڵگەی توێژینەوە و دیاریکردنی جۆرەکەی و، نموونەی توێژینەوەو ئەو شوێنە جوگرافییەی نموونەی توێژینەوەکەی لێ هەڵبژێردراوە [1].

توێژینەوە تەنیا کۆکردنەوەی زانیاری نییە، بەڵکو گەیشتنە بەئامانجی توێژینەوەکە و توێژەر لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانە ڕاڤەو شرۆڤەو شیکردنەوەکانی دەکات، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری زۆرن، بەڵام لە کۆمەڵناسیدا گرنگترینیان بریتین لە فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتن و سەرنج و تێڕوانین و تێبینی کردن [2].

ئێمە لەم توێژینەوەدا پشتمان بەستووە بەئامرازی چاوپێکەوتن لە جۆری نیمچە ڕێکخراو.

قندیلجی (٢٠٠٢) پێناسەی چاوپێکەوتن لە توێژینەوەی زانستیدا دەکات و دەڵێت: وتووێژێکە لە نێوان توێژەرو کەسێ یان کەسانێك ڕووبەڕوو ئەنجام دەدرێت بەئامانجی گەیشتن بەزانیاری ویستراو تایبەت بەئامانجی توێژینەوەکە، لە چەند پرسیارو ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە پێکدێت و، پێویستی بەوەڵامدانەوە و بەدواداچوون هەیە تائەو ناڕوونییەی هەیە لابچێت و توێژەر وەڵامی پێویستی دەست بکەوێت [3]، یا ئامرازو کەرەستەیەکی زانستییە بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەئەندامانی نموونەی توێژینەوە و کۆمەڵگەکەی، ئەم ئامرازە لە کۆمەڵێك تەوەرو پرسیار پێك دێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوە، توێژەر ئاڕاستەی کەسێك یان چەند کەسێکی دەکات و وڵامەکانی وەردەگرێتەوە بەشێوەی زارەکی نەك بەنوسین [4]، چاوپێکەوتن لەڕوی چۆنێتی پرسیارەوە سێ جۆرمان هەیە:

- چاوپێکەوتنی ڕێکخراو ، چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو، چاوپێکەوتنی چڕ [5].

(مەعن خلیل عمر) کۆمەڵناسی عێراقی بەم شێوەیە پێناسەی چاوپێکەوتنی نیمچە ڕێکخراو (مقابلة شبه مقننة)ی کردووە: خستنە ڕووی چەند پرسیارێکی دیاریکراوە لەهەمان کاتیشدا ئازادییەك دەداتە توێژەر

---

[1] احسان محمد الحسن، مناهج البحث الأجتماعي، دار وائل للنشر، عمان، الأردن، ٢٠٠٥، ص ٢٢٥.

[2] محمد شوانی، سەرەتایەك بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، چاپخانەی هێڤی، هەولێر ، ٢٠١٥، لا ٣٥٢ - ٣٥٣.

[3] عامر قندليجي، المصدر السابق، ص ١٨٩.

[4] سابیر بۆکانی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥١.

[5] محمد شوانی، سەرچاوەی پێشوو ، لا ٣٦٦ - ٣٦٧.

بەشێوازی تر پرسیاری تر بخاتە ڕوو بەڵام پەیوەندی مەبەستداری هەبێت بەبابەتی توێژینەوەکەوە [1].

## پێنجەم - ڕاستێتی فۆڕمی چاوپێکەوتن

فۆڕمی چاوپێکەوتنەکەمان لە چوار تەوەر پێکهاتبوو، تەوەری یەکەم زانیاری گشتییە و لە ١٤ پرسیار پێکهاتبوو، تەوەری دووەم لایەنی ئابورییەو لە (٧) پرسیار پێکهاتبوو، تەوەری سێیەم لایەنی کۆمەڵایەتییەو لە (٨) پرسیار پێکهاتبوو، تەوەری چوارەم لایەنی دەرونییەو لە (٤) پرسیار پێکهاتبوو، جێی ئاماژە پێکردنە بۆ دەستکەوتنی وەڵامی پێویست لەکاتی چاوپێکەوتنەکاندا هەر پرسیارێك چەند پرسیارێکی تریشی لێبۆتەوە بەپێی وەڵامی لێتوێژراوان، بۆ زانیاری لەسەر فۆڕمی چاوپێکەوتن بڕوانە پاشکۆی ژمارە (١).

بەمەبەستی وەرگرتنی ڕاستێتی ڕووکەش بۆ ئەم فۆڕمە، لە سەرەتادا دوای ئامادەکردنی فۆڕمەکە وەکو هەنگاوێکی زانستی فۆڕمەکەمان دابەش کرد بەسەر چەند پسپۆڕێکدا، بۆ بڕیاردان لەسەر گونجاوی و نەگونجاوی پرسیارەکان لەگەڵ ناونیشان و ئامانجەکانی توێژینەوەکەمان، پسپۆڕەکانیش لە بەشە جیاوازەکانی زانستی کۆمەڵناسی و کۆلێژی کارگێڕی و ئابوری و بەشی کاری کۆمەڵایەتی و کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت بوون لە زانکۆی سلێمانی کە ژمارەیان (١١) پسپۆڕ بوو، کە لە پاشکۆی ژمارە (٣)دا ناو ناونیشانیان دەستنیشانکراوە. دوای دابەشکردن و وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان لە پسپۆڕان ئەوەی تێبینیمان کرد تەنها دوو پسپۆڕ یەکیان (٣) پرسیارو ئەوی تریش (١) پرسیاری بەزیاد دانابوو، هەروەها هەندێکیان تێبینیان لەسەر شێوازی داڕشتنی هەندێك لە پرسیارەکانی چاوپێکەوتن هەبوو، کە ئەوانە بەهەند وەرگیران لەلایەن توێژەرەوە، بۆیە دەکرێ و دەتوانین بڵێین ڕاستێتی فۆڕمەکەمان بریتی بوو لە ٩٧,٩٪، بۆ زانیاری زیاتر سەیری پاشکۆی ژمارە(٣) بکە.

[1] معن خليل عمر، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و. محمد شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، ل ٣٢٠.

# بەشی پێنجەم

# ئەنجامە مەیدانییەکانی توێژینەوەکە

**باسی یەکەم: خستنەڕووی ئە نجامەکان و شیکردنەوەیان**

**باسی دووەم: دەرئە نجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکانی توێژینەوەکە**

## باسی یەکەم :خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

### یەکەم -خستنە ڕووی خەسڵەتە گشتییەکانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە

زانیارییە گشتییەکان کۆمەڵێ گۆڕاوی کۆمەڵایەتی و ئابوری و دیموگرافی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەن و لەڕێی ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری ئەم توێژینەوەیە لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەوە بەدەستهاتوون و لە (١١) گۆڕاوی وەکو ( ڕۆڵی کۆمەڵایەتی، تەمەن، شوێنی لەدایکبوون، تەمەنی پێکهێنانی خێزان، ژمارەی ئەندامانی خێزان، شوێنی نیشتەجێ بوون، جۆری نیشتەجێ بوون، پیشە، ئاستی خوێندن، ژمارەی ئەندامانی خێزان و باری ئابوری) پێکدێن، ئەمەش سوودی سەرەکی بۆ توێژەر ئەوەیە تاکو ئاگاداری ژیانی تایبەتی و خەسڵەتەکانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەی بێت و لەکاتی شیکاری زانیارییەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکەی بەهەڵەدا نەچێت و بەهۆیەوە بتوانێت پەی بەڕادەی گونجاوی و وەك یەکی وتە و باری ئابوری و کۆمەڵایەتییان بەرێت و هەم ژیان و گوزەرانیان و هەم هەڵوێست و بیروڕایان یەکبگرێتەوە نەك پێچەوانەی یەکتر بن. وە لەلایەکی تریشەوە بۆئەوەیە تاکو بەتەواوی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە نوێنەرایەتی کۆمەڵگەی توێژینەکەمان بکەن. بۆ دەرخستنی زانیاریەکان و ئاسانی تێگەیشتنیان سوود بینراوە لە نەخشەی سادە و ئامرازی ژمێریاری وەسفی وەك ڕێژەی سەدی بۆ هەریەك لە گۆڕاوەکانی توێژینەوە بەم شێوەی لای خوارەوە:

#### ١- ڕۆڵی کۆمەلایەتی:

یەکێکە لە گۆڕاوە گرنگەکانی توێژینەوەکەمان و تیایدا ڕۆڵی کۆمەڵایەتی وەك باوك یا دایك دەستنیشان دەکات و بەهۆی ئەویشەوە ڕەگەزی سەرۆك خێزانمان بۆ دیاری دەکرێت و پێمان دەڵێت کە چاوپێکەوتنمان لەگەڵ کێ کردووە، بەو هۆیەوە ڕادەی بەرپرسیارێتی ئەو کەسەمان لە خێزانەکەیدا بۆ دەردەکەوێت، لەگەڵ ڕادەی ڕەنگدانەوەی قەیرانی ئابوری لەسەر خۆی و خێزانەکەی.

خشتەی (٥)

ڕۆڵی کۆمەلایەتی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| ڕۆڵی کۆمەلایەتی | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| باوك | ٢٨ | ٩٠ |
| دایك | ٣ | ١٠ |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ |

لە خشتەی (٥) دا ئەوە هاتووە کە ٩٠٪ ی چاوپێکەوتنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە ڕۆڵی کۆمەلایەتی باوك

له خۆدەگرن و ١٠٪ یان دایك ئەمەش لەبەر ئەو ڕاستییەیە كە بەشێوەیەكی گشتی سەرۆك خێزان له كۆمەڵگەی كوردی لای باوك و ڕەگەزی نێرە و نزیكەی ١٠٪یان لای دایك و ڕەگەزی مێ یە.

## ٢- تەمەن

بۆ دیاریكردنی تەمەنی یەكەكانی نموونەی توێژینەوەكەمان گۆڕاوی تەمەنمان هەیە كە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی بزانین نموونەی توێژینەوەكەمان چ جۆرە تەمەنێك لەخۆ دەگرێت و ئایا لە گەنجەوە تابەساڵاچووی تێدایە یان نا، ئەمەش یارمەتیمان دەدات تاڕادەی كاریگەری قەیران لەسەر هەموو پۆلە تەمەنەكان بزانین.

خشتەی (٦)

تەمەنی سەرۆك خێزانی نموونەی توێژینەوەكە نیشان دەدات

| تەمەن | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| ٢٢-٣٢ ساڵ | ٣ | ٩,٤ |
| ٣٣-٤٣ | ٦ | ١٩,٤ |
| ٤٤-٥٤ | ١٢ | ٣٨,٨ |
| ٥٥-٦٥ | ٥ | ١٦,٢ |
| ٦٥- ... | ٥ | ١٦,٢ |
| كۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ |

لە خشتەی(٦)دا ئەوە ڕوونكراوەتەوە كە تەمەنی یەكەكانی نموونەی توێژینەوە بەڕێژەی یەكەم و بە(٣٨,٨٪ ) لە نێوان ( ٤٤ بۆ ٥٤) ساڵیدان، وە بەڕێژەی (١٩,٤٪) لە تەمەنی (٣٣-٤٣) ساڵیدان وە لە سەرۆك خێزانی گەنج و بەتەمەنیش هەمانە بەرێژەی جیاواز.

## ٣- شوێنی لەدایكبوون

گۆڕاوێكی دیموگرافی توێژینەوەكەمانە و بەهۆیەوە ئاشنا دەبین بەباكگراوندی جوگرافی و شوێنی لەدایكبوونی یەكەكانی نموونەی توێژینەوەكەمان و ڕادەی كاریگەری لەسەر باری كۆمەڵایەتی و ئابوری نموونەی توێژینەوەكەمان ڕوون دەكاتەوە.

خشتەی (٧)

شوێنی لەدایکبوونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە

| ڕێژەی سەدی ٪ | ژمارە | شوێنی لەدایکبوون |
|---|---|---|
| ٥١,٦ | ١٦ | ناوشار |
| ٤٨,٤ | ١٥ | دەرەوەی شار |
| ١٠٠ | ٣١ | کۆی گشتی |

لە خشتەی ( ٧) ەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زیاتر لە نیوەی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە لە ناو شارو ئەوانی تریشیان لەدەرەوەی شار لەدایکبوون و، هاوسەنگییەك هەیە لە نێوانیاندا، ئەمەش بۆ ئەو ڕاستییە دەگەڕێتەوە کە سەنتەری شارەکانی هەرێمی کوردستان و بەتایبەت سلێمانی لەدوای ساڵەکانی ١٩٧٨ و ١٩٨٧ ەوە بەهۆی سیاسیەتی ڕاگواستنی گوند و لادێکان شارەکان فراوان و گەورەبوون تاگەیشتوە بەئێستا.

## ٤- تەمەنی پێکهێنانی خێزان

گۆڕاوی تەمەنی پێکهێنانی خێزان بۆ ئێمە گرنگ بوو تاڕادەی ڕەنگدانەوەی قەیرانی ئابوری لەسەر خێزانی تەمەن سەرەتاو خێزانی تەمەن ناوەند و خێزانی تەمەن زۆر بزانین چۆنە ئەمەش بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لە ڕاستێتی نوێنەرایەتی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە بۆ کۆمەڵگەی توێژینەوە گرنگ و جێی بایەخە.

خشتەی (٨)

تەمەنی خێزانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕووندەکاتەوە

| ڕێژەی سەدی ٪ | ژمارە | تەمەنی پێکهێنانی خێزان |
|---|---|---|
| ٢٢,٥ | ٧ | ٢-١١ ساڵ |
| ٢٥,٨ | ٨ | ١٢-٢١ |
| ٢٢,٥ | ٧ | ٢٢-٣١ |
| ١٣ | ٤ | ٣٢-٤١ |
| ١٣ | ٤ | ٤٢-٥١ |
| ٣,٢ | ١ | ٥٢ - ... |
| ١٠٠ | ٣١ | کۆی گشتی |

لە خشتەی (٨) دا ئەوە ڕوون بۆتەوە کە تەمەنی خێزانەکان بەنزیکەیی دابەش بووە لە نێوان خێزانی تازە دروست بوو تاخێزانێك کە زیاد لە ٤٥ ساڵە خێزانە و بەردەوامن و بەخێزانی ماونەتەوە. ئەمەش بۆ

توێژینەوەکەی ئێمە گرنگە تاکاریگەرییەکانی قەیران لەنێوان هەموو جۆرە تەمەنێکی خێزانەکاندا بزانین.

### ٥- ژمارەی ئەندامانی خێزان

گۆڕاوی ژمارەی ئەندامانی خێزان بۆ توێژینەوەکەی ئێمە زۆر گرنگە، بەو پێیەی تاقەبارەی خێزان گەورەتر بێت خەرجی و پێداویستییەکانیان زیاتر دەبن و پێویستیان بەداهاتی زیاترە تاژیان بگوزەرێنن و ئیدارەی خێزانی پێ بدەن بەتایبەت لەسەردەمی قەیرانی ئابوری ئێستای هەرێمی کوردستان.

خشتەی (٩)

ژمارەی ئەندامانی خێزان ڕووندەکاتەوە

| ژمارەی ئەندامانی خێزان | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| ٢-٤ | ١٢ | ٣٨,٧ |
| ٥-٧ | ١٨ | ٥٨ |
| ٨-١٠ | ١ | ٣,٣ |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ |

خشتەی (٩) ئەوە ڕوون بۆتەوە کە ژمارەی ئەندامانی خێزانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە بەزۆری خێزانی قەبارە مام ناوەندە بەڕێژەی ٥٨٪ و خێزانی قەبارە بچووك بەڕێژەی ٣٨,٧٪.

### ٦- شوێنی نیشتەجێ بوون

گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێ بوون گرنگە بەو پێیەی کە شوێنی نیشتەجێ بوون تاڕادەیەك دەرخەری ئاست و باری ئابوری خێزانەکانە، شوێنی نیشتەجێ بوونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان دابەش بووە بەسەر٢٣ گەرەکی جیاوازی شاری سلێمانی لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ناوەڕاست و ڕۆژئاوای شارەکە .

**خشتەی (١٠)**

**شوێنی نیشتەجێ بوونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە لە گەڕەکەکانی شاری سلێمانی ڕوون دەکاتەوە**

| شوێنی نیشتەجێ بوون | ژمارە | ٪ | شوێنی نیشتەجێ بوون | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| شێخان | ٤ | ١٢,٩ | قرگە | ١ | ٣,٢ |
| مجیدبگ | ٣ | ٩,٦ | توی مەلیك | ١ | ٣,٢ |
| ئازادی | ٣ | ٩,٦ | سەرچنار | ١ | ٣,٢ |
| کارێزەوشك | ٢ | ٦,٥ | ئاشتی | ١ | ٣,٢ |
| شەهیدانی ئازادی | ١ | ٣,٢ | تاوەرجاف | ١ | ٣,٢ |
| بەرزاییەکانی قەیوان | ١ | ٣,٢ | قولەرەیسی | ١ | ٣,٢ |
| حاجی ئاوا | ١ | ٣,٢ | هەواری زانکۆ | ١ | ٣,٢ |
| گاردن ستی | ١ | ٣,٢ | کوردسات | ١ | ٣,٢ |
| ئەزمڕ | ١ | ٣,٢ | سلێمانی تازە | ١ | ٣,٢ |
| ابراهیم احمد | ١ | ٣,٢ | ڕازاوە | ١ | ٣,٢ |
| هەوارە بەرزە | ١ | ٣,٢ | گردی جۆگە | ١ | ٣,٢ |
| کانی با | ١ | ٣,٢ | | | |
| کۆی گشتی | ٢٠ | ٦٤,٢ | کۆی گشتی | ١١ | ٣٥,٨ |

لە خشتەی (١٠) ەوە دەبینین یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان دابەشبوون بەسەر ٢٣ گەڕەکی جیاوازی شاری سلێمانی، لە گەڕەکی هەژارنشینەوە تیایەتی تامام ناوەند و تاگەڕەکی کوالێتی باش.

## ٧ - جۆری نیشتەجێ بوون

گۆڕاوی جۆری نیشتەجێ بوون گرنگە بۆ توێژینەوەکەی ئێمە بەو پێیەی کە جۆری نیشتەجێ بوون تاڕادەیەك دەرخەری باری ئابوری خێزانەکانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان دەردەخات.

**خشتەی (١١) جۆری نیشتەجێ بوونی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| جۆری نیشتەجێ بوون | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| کرێ | ١٠ | ٣٢,٢ |
| موڵك | ١٧ | ٥٤,٨ |
| کەس و کار | ٣ | ٩,٦ |
| حکومی | ١ | ٣,٤ |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ |

**خشتەی (١١) دەری دەخات کە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان بەڕێژەی ٥٤,٨٪ یان خاوەن موڵکی خۆیانن و کرێچی نین ، وە ٣٢,٢٪ یان کرێچین و بەشێك لە داهاتیان دەڕوات بۆ کرێ ی خانوو، ئەم دابەش بوونەش تاڕادەیەك نزیکە لە ڕاستێتی ژمارەی خێزانی کرێچی لە شاری سلێمانی.**

## ٨ - پیشە

**ئەم گۆڕاوە کە جۆری پیشەی باوك و دایکە لە خێزاندا گرنگە بەتایبەت لەڕووی ئابورییەوە تاڕوون ببێتەوە کاریگەری قەیرانی ئابوری لەسەر چ چین و پیشەیەك زیاتر بووە، ئەمیش تاڕادەیەك دەرخەری باری ئابوری یەکەکان دەست نیشان دەکات.**

**خشتەی (١٢)**

**جۆری پیشەی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە**

| پیشەی ژن | ژمارە | ٪ | پیشەی مێرد | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|
| کەرتی حکومی | ٦ | ١٩,٣ | کەرتی حکومی | ٨ | ٢٥,٨ |
| ك.تایبەت | ١ | ٣,٢ | ك.تایبەت | ٣ | ٩,٦ |
| ژنی ماڵ | ٢١ | ٦٧,٧ | کاری ئازاد | ١١ | ٣٥,٤ |
| کاری ئازاد | ٢ | ٦,٥ | خانەنشین | ٦ | ١٩,٣ |
| جۆری تر | ١ | ٣,٢ | بێکار | ٢ | ٦,٥ |
| | | | جۆری تر | ١ | ٣,٢ |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ | کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ |

**خشتەی (١٢) ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە پیشەی دایك بەڕێژە ٦٧,٧٪ یان ژنی ماڵن و لە ڕوووی ئابوریەوە دەستخەری سەرچاوەی داهات نین، وە پیشەی باوك بەموچەخۆری حکومی و خانەنشینەوە لە نیوە نزیك دەبێتەوە، لەگەڵ ئەوەی ٣٥,٤٪یشیان پشت بەکاری ئازاد و کاسپی جۆراوجۆر دەبەستن.**

## ٩ - سەرچاوەی داهات

**گۆڕاوی سەرچاوەی داهات بۆ توێژینەوەکەی ئێمە گرنگە چونکە بابەتەکەمان لێکۆڵینەوەیە لە قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزان، زانینی سەرچاوەی داهاتەکانی خێزان وجۆری داهاتەکانیان یارمەتیمان دەدات لەکاتی پرسیارکردن و شیکاری زانیاریەکان وردتر بین، لەو ڕێ یەشەوە دەتوانین پۆلێنی چین بەندی خێزانەکان بکەین، بۆ زانینی جۆری سەرچاوەی داهاتی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە سەیری خشتەی خوارەوە بکە.**

خشتەی (١٣)

سەرچاوەی داهاتی خێزانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| سەرچاوەی داهات | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| موچە | ١٧ | ٥٤,٨ |
| کاری ئازادو جۆراوجۆر | ١٤ | ٤٥,٢ |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ |

لە خشتەی (١٣) دا دیارە کە ٥٤,٨٪ ی سەرچاوەی داهاتی خێزانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان بریتییە لە موچە و ٤٥,٢٪ شیان کە نزیکی نیوەیە بریتییە لە کاری ئازاد و کاسپی جۆراو جۆر لە بازرگانەوە تاکرێکار لەخۆ دەگرێت.

## ١٠- ئاستی خوێندەواری

گۆڕاوی ئاستی خوێندنی سەرۆك خێزان و هاوسەری یەکەکانی نموونەی توێژینەوە گرنگە و یارمەتیمان دەدات تالە دیاریکردنی نموونەی توێژینەوەکەمان جۆراو جۆری ئاستی خوێندن لەبەرچاو بگرین و هەوڵبدەین لە هەموو ئاستی خوێندنەکان لە یەکەکانی نموونەی تویژینەوە هەبن تارەنگدانەوەی قەیران لەسەر هەموو ئاستەکان بزانین، وەکو لە خشتەی خوارەوەدا ڕوون کراوەتەوە.

خشتەی (١٤)

ئاستی خوێندنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| ئاستی خوێندنی مێرد | ژمارە | ٪ | گۆڕاو | ئاستی خوێندنی ژن | ژمارە | ٪ |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نەخوێندەوار | ٣ | ٩,٦ | | نەخوێندەوار | ٧ | ٢٢,٥ |
| بنەڕەتی | ١٠ | ٣٢,٢ | | بنەڕەتی | ٧ | ٢٢,٥ |
| ئامادەیی | ٦ | ١٩,٣ | | ئامادەیی | ٩ | ٢٩ |
| دبلوم | ٤ | ١٢,٩ | | دبلوم | ٣ | ٩,٦ |
| بکالۆریۆس | ٥ | ١٦,١ | | بکالۆریۆس | ٥ | ١٦,١ |
| خ.بالا | ٣ | ٩,٦ | | | | |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ | | کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ |

لە خشتەی (١٤) دا ئەوە ڕوون بۆتەوە کە ئاستی خوێندنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان فرە چەشنە و هەموو ئاستەکان لەخۆ دەگرێت زۆرینەیان لە بنەڕەتی تا بەکالۆریۆس لەخۆ دەگرن.

## ١١- پێکهاتەی خێزان

گۆڕاوی پێکهاتەی خێزان یارمەتیمان دەدات تاله دیاریکردنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە هەموو جۆرە پێکهاتەکانی خێزان وەربگرین و لە کاتی پرسیارو شیکارکردنی زانیاریەکانیش بەوردی ڕەنگدانەوەی قەیرانی ئابوری لەسەر خێزانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە دیاری بکەین، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە.

خشتەی (١٥)

پێکهاتەی خێزانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| پێکهاتەی خێزان | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| دایك و باوك | ٣ | ٩,٦ |
| دایك و باوك و منداڵ | ٢٦ | ٨٣,٨ |
| باوك و منداڵ | ١ | ٣,٣ |
| دایك و منداڵ | ١ | ٣,٣ |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ |

لەخشتەی (١٥) ئەوە ڕوون بۆتەوە کە زۆرینەی خێزانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە لە پێکهاتەی دایك و باوك و منداڵەکانە بەڕێژەی ٨٣,٨٪ ، واتە لە جۆری خێزانی ناوەکییە کە بەربلاوترین جۆری خێزانە لە شاری سلێمانی و لە هەرێمی کوردستانیش.

## ١١- باری ئابوری

گۆڕاوی باری ئابوری گۆڕاوێکی گرنگی توێژینەوەکانە و زانینی باری ئابوری خێزان یارمەتیمان دەدات تاله دیاریکردنی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە هەموو جۆرە ئاستێکی ئابوری خێزان وەربگرین و لە کاتی پرسیارو شیکارکردنی زانیاریەکانیش بەوردی ڕەنگانەوەی قەیرانی ئابوری لەسەر بارە ئابورییە جیاوازەکانی خێزانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوە بزانین، بۆ زانیاری زیاتر سەیری خشتەی خوارەوە بکە.

خشتەی (١٦) باری ئابوری یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکە ڕوون دەکاتەوە

| باری ئابوری | ژمارە | ڕێژەی سەدی ٪ |
|---|---|---|
| خراپ | ٧ | ٢٢,٥ |
| مام ناوەند | ١٣ | ٤١,٩ |
| باش | ٥ | ١٦,١ |
| زۆرباش | ٦ | ١٩,٤ |
| کۆی گشتی | ٣١ | ١٠٠ |

لەخشتەی (١٦) ئەوە ڕوون بۆتەوە کە نزیکی نیوەی خێزانی یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان باری ئابورییەکان مام ناوەندە بەڕێژەی ٤١,٩٪ و ٢٢,٥٪ یان باری ئابوری خراپیان هەیە و ٣٥,٥٪ یان باش و زۆرباشن.

## دووەم- خستنە ڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە تایبەت بەڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری و سروشتی ڕەنگدانەوانەکانی لەسەر:

### ١ - داهاتی خێزان

مەبەست لە داهاتی خێزان هەموو ئەو دەستهاتانەیە کە خێزان لە ڕێگەی ئەندامەکانییەوە بەدەستی دەهێنێت ڕۆژانە، مانگانە یان ساڵانە بەشێوەی نەختینە بێت یان نا نەختینە وەکو (خزمەتگوزاری و کەل و پەل)، لە ڕێگەی بەشدار بوون لە بەرهەمهێنان و، داهاتی کارکردن بێت بەکرێ یان کارکردن بۆخۆی یاخود داهاتی موڵك بێت [1]، لە سەدەکانی پێشوودا خێزان خۆی خێزانێکی بەرهەمهێن بووە و پێویستییەکانی خۆی بەرهەمهێناوە و بەکاریشی هێناوە، بەڵام خێزان لە کۆمەڵگەی نوێ و لە شارنشیندا خێزانێکی بەکاربەرە و هەموو پێداویستییەکانی خۆی لە بازاڕدا و بەدراوی نەخت بەدەست دەهێنێت.

بەپێی ئامارێکی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی ٢٠١٨ دا لەشاری سلێمانی داهاتی مانگانەی خێزان بەم شێوەیە بووە، (١٠,٧٪)ی لەسەرو ملیۆن دینارەوە بووە، وە (٢٣,٣٪) یان لە نێوان (٧٥٠ - ١ملیۆن) دینار بووە، وە (٣٠,٤٪) یان لە نێوان (٥٠٠ - ٧٥٠) هەزار دینارو، وە (٣٥,٧٪) یان لە (٥٠٠) هەزار کەمتر بووە [2]، ئەمە لە کاتێکدایە کە ساڵی (٢٠١٨) ساڵی پێنجەمی قەیرانی ئابوری بووە و کەمێك موچە هاتبوەوە جێ ی خۆی.

قەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر برو ڕێژەی داهات و دەرامەتی خێزان و ئەندامانی، بەجۆرێك سەرجەم بەشداربوانی نموونەی توێژینەوەکەمان باس لە کەمبوونەوەی داهاتەکانیان دەکەن لە سایەی ئەم قەیرانەدا، زۆرینەیان پێیان وایە داهاتیان لە (٢٥٪) ەوە تا (٧٥٪) کەمی کردووە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەوەی کە مانگانە چەند موچە دراوە یان چەند بڕاوە و پاشەکەوت کراوە، لە مانگی (٧/ ٢٠٢١) یشەوە کە بۆ (١٠) مانگە لێبڕینی موچە نەماوە. نموونەی توێژینەوەکەمان وا دەبینین کە لەبەرئەوەی نرخی دۆلارو پێداویستییەکان گران بووە و باج و ڕسومات و گومرگ و نرخی ئاو و کارەبا و سوتەمەنی زیادیان کردوە ئەو داهاتەی کە دەستیان دەکەوێت بۆتە نیوە لەچاو خەرجییەکانی ئێستادا.

بەوتەی بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکەمان ئاست و برِو ڕێژەی داهاتی خێزان لە شاری سلێمانی کەمی کردوە لەسەر ئاستی هەموو چین و توێژەکانی وەکو هەژارو مام ناوەند و دەوڵەمەندو، زۆرترین کاریگەریشی لەسەر چینی هەژارو مام ناوەند بووە، بەتایبەت موچەخۆری حکومی و تاڕادەیەکیش موچەخۆرانی کەرتی تایبەت. هەروەها قەیرانی ئابوری ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەوانەش هەبووە کە کاسبکار یان پیشەوەرو کرێکار بوون

---

(1) منظمـــــة العمــــــل الدوليــــة، إحصاءات دخل و إنفاق الأسرة المعيشية، ٢٠٠٣، ص ١٠.

(2) DEMOGRAPHIC SURVEY, Kurdistan Region of Iraq, JULY 2018, p104.website https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/080519013929. on 11/3/2022.

و بۆخۆیان کاریان کردووە، بەو پێیەی زۆرینەی کاسبکارو دوکاندارو شتفرۆش و دواتر بازرگانەکانیش پشتیان بە کڕیار بەستووەو کڕیاریش زۆرینەیان موچەخۆرن، بۆیە کە موچە نەما ڕێژە و ئاستی فرۆشتن بەگشتی کەمبووەوە، ئەوەشی پیشەوەرو کرێکار بووە ڕاستەوخۆ کاریگەر بوون بەو بارودۆخەو داهاتیان کەمیکردووە بەهۆی وەستانی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو کەمبوونەوەی دروست کردنی بینا و خانووبەرە لەلایەن هاووڵاتیان و وەبەرهێنەرانەوە، ئەم وەستانەش کاری کردۆتە سەر کەمبوونەوەی کار یا بێکاربوونی هەزاران کرێکارو وەستاو پیشەوەر. بەوتەی نموونەی توێژینەوەکەمان پێش قەیران هەلی دامەزراند و هەلی کار زۆر بووە، بەلأم لە دوای دروست بوونی قەیران دامەزراندن لە کەرتی حکومی زۆر کەمبوەوەو هەلی کاریش زۆر سنورداربوو لە کەرتی تایبەت و جوڵەی بازاڕیش لە هەموو ڕووەکانەوە سست بوو.

- پسپۆڕێکی ئابوری دەڵێت (قەیران ڕاستەوخۆ ڕەنگی دایەوە لەسەر داهاتی خێزانی هەرێمی کوردستان، ئەگەر ئێمە بەنزیکەیی ملیۆنێك خێزانمان هەبێت و هەر خێزانەش لە (٥) کەس پێك هاتبێت ئەوا (٥) ملیۆن دانیشتوانمان دەبێت کە نزیکە لە ژمارەی دانیشتوانی هەرێم، لە بەرامبەردا ملیۆنێك و دوو سەد هەزار موچە خۆرمان هەیە، واتە بەلای کەمەوە هەر خێزانێك بەنزیکەیی موچە خۆرێکی هەیە، ئەگەر ئەو کەسە سەرۆك خێزان بێت و پشتی بەموچەکەی بەستبێت ئەوا دەبینی چ کاریگەرییەکی هەبووە کاتێك موچە نەدرا یان (٢٥٪ تا٧٥٪ )ی پاشەکەوت کرا یان بەلێبڕینەوە دابەشکرا، هاوکات دامەزراندن نەما و پلە بەرزکردنەوەی فەرمانبەرانیش وەستێنرا، دواتر گرانکردنی دۆلاریشی بەسەردا هات، هەموو ئەمانە هۆکاربوون بۆ ئەوەی داهاتی خێزان ڕاستەوخۆ کاریگەر بێت بەقەیرانی ئابوری و کەمببێتەوە و گۆڕانی بەسەردا بێت)(٢٥) .

- بازرگانێکی بچوك دەڵێت (داهاتمان (٥٠٪ تا ٦٥٪ ) کەمی کردووە چونکە فرۆشمان کەم بووە و ئەو خێرەش کە دەیخەینە سەر کالأ زۆر کەمبۆتەوە بەهۆی زۆر بوونی کێبڕکێ و زۆری خستنەڕوو لە بازاڕدا)(٤).

- کارمەندێکی کەرتی تایبەت خاوەن (٦) سەر خێزان دەڵێت (پێش ٢٠١٤ پیشەی خۆم هەبوو ئیش زۆر بوو بەلأم دوای دروست بوونی قەیران ئیش و کار کەمبوەوە و نەما، هەوڵم دا لە کۆمپانیایەك هەمان کاری خۆم بەموچەیەکی مانگانە بکەم، ئەوەی هەمانە لە خانوو و سەیارە و ناومالٌ هی پێش قەیرانە)(٨).

- موچە خۆرێك دەڵێت (موچەکەم لە (٢٠١٤) ەوە بەبڕین و پاشەکەوت و نەدانەوە کاریگەری زۆری کردە ژیانی خێزانەکەم، ئەو مانگانەی کە موچەم وەرنەگرتووە ١٠٠٪ ی داهاتم لەدەست داوە تا ٥٠٪ و ٢٥٪ و چەند موچە نەدرابێت و چەند بڕدرابێت لە داهاتمان کەمبۆتەوە)(٩).

- فرۆشیارێك دەڵێت (لە ٢٠١٤ ەوە تا ئێستا رۆژ بەرۆژ داهاتمان دێتە خوارەوە بەهۆی کەمی فرۆشتنەوە، بۆ نموونە لە پێش ٢٠١٤دا ڕۆژانە یەك ملیۆن دینار فرۆشمان هەبووە، ئێستا هاتۆتە سەر ٢٠ بۆ ٣٠ هەزار دینار ئەمەش واتە داهاتمان لەسفر نزیك بۆتەوە، هۆکارەکەشی ئەوەیە قەیران دوای قەیران ڕوو لە ناوچەکە و بەتایبەت ڕوو لە

سلێمانی دەکات، لە ٢٠١٥ دا کەسابەت بوو بەنیوە لە ٢٠١٦ دا بوو بەروبع و لە ٢٠١٧ و ٢٠٢٠ بوو بەسفر، فرۆشتن و داهاتمان ٨٠ ٪ کەمی کرد)(١٠).

- کرێکارێکی (٥) سەر خێزانی کرێچی دەڵێت (لە ساڵی ٢٠١٤ ەوە کارو کەسابەت ساڵ دوای ساڵ کەم بۆتەوە، کاری من بار داگرتن بوو داهاتی باشی تیابوو، بەڵام بەهۆی توند بوونی قەیرانەکەوە شت کەمتر هات و کەمتریش فرۆشرا بۆیە کارەکەمم لەدەستدا و گۆڕیم بەبارهەڵگری دەستی، پێشتر ڕۆژانە ٣٠ تا٣٥ هەزارم پەیدا دەکرد ئێستادابەزیوە بۆ ١٥ هەزارو بەشم ناکات)(١٢).

- خاوەن کارێك دەڵێت (لەسەردەمی قەیراندا داهاتم کەمی کردووە چونکە جوڵەی بازارو فرۆشتن کەمترە، قەیرانی دارایی و ئابوری کاریگەری بەگشتی لەسەر هەرێم هەیە و بەڵام کاریگەری زیاتر لەسەر سلێمانیە)(١٨).

- خانەنشینێك دەڵێت (تەنها ٢٥٪ی موچەکەم وەردەگرت بەهۆی پاشەکەوت و لێبڕینەوە، لە ٢٠٢٠دا نرخی دۆلاریش زیاد کراو بووە هۆی هەڵئاوسانی نرخەکان، هیچ داهاتێکی تریشمان نەبوو)(١٧).

- ئافرەتێکی بازرگان دەڵێت (جاران ئیشمان کەمتر بوو داهاتمان زیاتر بوو، بەڵام ئێستائیشمان زۆرترو بلاۆترە بەڵام داهاتمان کەمترە، چوونکە لەگەڵ فراوانکردنی کارەکەدا پێویستت بەخەرجی زیاتریشە ئەو فراوانکردنە لەسەر شانی کارمەندی تر دەکرێت و خەرجی زیاترت دەوێت بۆ کارمەند و مەخزەن و گواستنەوە، هۆکارێکی تر ڕێژەی کەمی خێرە بەهۆی بێبازاڕی و بێ موچەییەوە، هەروەها تاك فرۆشیمان ٥٠٪ بۆ ٦٠٪ کەمی کردووە)(٢٩).

- مامۆستایەکی زانکۆ دەڵێت (سەرەتا ٧٥٪ دەبڕا و ٢٥٪ دەدرا بەفەرمانبەر، ئەو کات بەلای مامۆستایان و فەرمانبەرانەوە شۆك بوو، چونکە لەپڕ ئەو داهاتەی هەبوو نەما و هەموو دەرگاکان داخران و، ئەو کات فرۆشی بەقیستیش نەما چونکە متمانەی خەڵك و بازاڕ بەموچە نەما)(٣٠).

لێرەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی قەیرانی دارایی و ئابوری لە دیدی نمونەی توێژینەوەکەوە ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر ئاست و بڕو ڕێژەی داهاتی خێزان لە شاری سلێمانی و کەمی کردووە، لای کاسبکارو موچەخۆر بەگشتی لەسەر ئاستی هەموو چین و توێژەکانی وەکو هەژارو مام ناوەند و دەوڵەمەند و زۆرترین کاریگەریشی لەسەر چینی هەژارو مام ناوەند بووە، بەتایبەت موچە خۆری حکومی و تاڕادەیەکیش موچە خۆرانی کەرتی تایبەت و کاسبکاری ئاسایی.

## ٢ - خەرجییەکانی خێزان

خەرجییەکانی خێزان بۆ پێداویستییەکانیەتی، پێداویستییەکانی خێزانیش چەند جۆرێکن:

١- پێویستییە سەرەکییەکان: وەکو خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و شوێنی مانەوە و ئاسایش.

٢- پێویستی مامناوەند: وەکو دەست گەیشتن بەپێویستییەکانی ژیان بەگشتی و بەشێوەیەکی ئاسایی و تاڕادەیەك جۆراو جۆری تیایاندا و پارێزگاریکردن لێیان.

٣- پێداویستی کەمالیات و جوانکاری: وەکو پۆشاکی مارکە و خانووی نایاب لەشوێنی باش و، خواردنی جۆراو جۆری زۆرو، هۆکاری گواستنەوەی باش و، باشتر بوونی جۆری کارو بەرهەم، ئارامی جەستە و ژیری و چێژ وەرگرتن و گەشت و گەڕان و پشوو [1].

بۆ تیشك خستنە سەر پێداویستییەکان و ڕونکردنەوەیان، تیۆرەکەی (ابراهام ماسلۆ) (١٩٠٨-١٩٦٨) دەروناسی ئەمریکی دەخەینەڕوو، تیۆرەکەی لە هەرەمێکدا کورتکردۆتەوە و تیایدا پێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤی دیاری کردووە، سەرەتابنکی فراوانی هەرەمەکەی داناوە بۆ پێویستییە فسیۆلۆژییەکان کە پێداویستی بنەڕەتین بۆ مانەوەی ژیانی ئادەمیزاد. دووەم جۆری پێویستییەکانی مرۆڤی بۆ بەشێك سەرووتر لە بنی هەرەمەکە داناوە کە پێویستی ئاسایش و ئەمنییەتە، سێیەم جۆری پێویستییەکانی بریتییە لە پێداویستی کۆمەلأیەتی و پەیوەندی هاوڕێیەتی و خۆشەویستی بۆ کەسانی نزیکی خۆی و هەست بۆ ڕەگەزی بەرامبەرو هەستی وابەستەگی و ئینتما بۆ خێزان و خزمەکانی، چوارەم جۆری پێویستییەکانی بریتییە لە پێداویستی ڕێز و ڕێزگرتنی خودی خۆی بۆ خۆی و چواردەورەکەی بۆی، ڕێزی ئەوانەی لەگەڵیدا دەژین و کاری لەگەڵدا دەکەن و تاناو و ناوبانگیش دەگرێتەوە. کۆتاجۆری پێویستییەکانی مرۆڤ و لوتکەی هەرەمەکە پێداویستی سەلماندن و جێگیرکردنی خودە بەوەی سەربەخۆیە لە کارو خاوەنی خودی خۆیەتی و تایبەتمەندی خۆی هەیە کە جیای دەکاتەوە لە کەسانی ترو خۆی سەلماندووە بۆ چواردەوری خۆی، ئەمەش کاتێك دێتەدی کە پێویستییەکانی بۆ فەراهەم بوو بێت. (ماسلۆ) باس لە دوو پێداویستی تریش دەکات جگە لەوانەی لە هەرەمەکەدا باسی کردوون، ئەوانیش پێویستی مرۆڤە بەمەعریفە و زانیاری و، پێویستیەتی بەبەها بالأکان و بەتەرتیب و یاسا لە بارودۆخ و بابەت و چالاکییەکانی ژیانی [2].

تیۆرەکە بەرچاو ڕونیمان دەداتێ بەوەی سەرەتاپێویستیە فسیۆلۆژییەکان دەبێت تێربکرێن پاشان پێداویستی ئەمنیەت و دواتر پێداویستی کۆمەلأیەتی و بەو شێوەیە، واتە تاپێویستیە سەرەتاییەکان تێرنەبن بیر لە پێویستی تر ناکرێتەوە، کاتێکیش پێداویستییەکانی مرۆڤ تێرنابن و بۆی دابین ناکرێت ئەوکات کاردانەوەی دەرونی و بێتاقەتی دروست دەکات، دواتریش کاردانەوەی جیاوازتر دروست دەکات و کاردەکاتە سەر ڕەفتارو هەڵسوکەت. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە قەیرانی ئابوری لە هەرێمی کوردستان کاریکردۆتە سەر تێرنەبوونی پێویستییەکانی تاك و بۆتە هۆی دابەزینی ئاستی گوزەران و خۆشگوزەرانی و بەختەوەری، ئەمەش بێ هیوایی و ڕەشبینی و بێ تاقەتی زیاتر کردووە، بەهۆی ئەمەشەوە کاردانەوەی تاك جیاوازە و لادان و سنور بەزاندن و ئەنۆمی زیاتر بووە

---

[1] محمود عبدالكريم ارشيد، المدخل الى الاقتصاد الاسلامي، دار النفائس للنشر، الاردن، ٢٠١٢، ص٨٦ -٨٧.

[2] شريفة جنان، عقود العمل ودورها في اشباع حاجات خريجي الجامعة حسب هرم ماسلو، اطروحة دكتوراه، جامعة محمد خيضر، جزائر، ٢٠١٥-٢٠١٦. ص ٧٤-٨١.

و بۆتە هۆی زیاتر بوونی کێشە کۆمەڵایەتی و دەرونی و پەروەردەیی و تەندروستییەکان. وەڵامی لێتوێژراوانی توێژینەوەکەمان ئەم ڕاستیانەی سەرەوەی سەلماندووە.

قەیران ڕەنگدانەوەی جۆراو جۆری هەبووە لەسەر بابەتی خەرجییەکانی خێزان و سروشتی ئەو ڕەنگدانەوانە بەجۆرێکی جیاواز بووە لە خێزانێکەوە بۆ یەکێکی ترو لە توێژێکەوە بۆ یەکێکی تر، دوای گوێ گرتن لە ژیانی نموونەی توێژینەوەکەمان تێبینی ئەوەمان کرد کە چینی هەژارو ئەوانەی داهاتیان کەم و سنورداره هیچ بڕە خەرجییەکیان نییە بۆ بابەتی کەمالیات و، لەلای چینی مام ناوەند و موچەخۆری مام ناوەند زۆر کەمبۆتەوە، خەرجی بۆ کەمالیات تەنها لای چینی باڵا ماوە. واتە خەرجی خێزان لە شاری سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی تەنها بۆ پێداویستییە بنەڕەتیەکانی وەکو خواردن و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و کرێی گواستنەوەیە، لەگەڵ خەرجی بۆ چارەسەری تەندروستی، لەلایەکی تریشەوە برو کوالێتی ئەو پێداویستیانە دابەزیوە.

بەپێی وتەی نموونەی توێژینەوەکەمان بڕو ژمارەی کیلۆ کڕدراوەکان کەمی کردووە، جۆراو جۆری خواردنەکانی سەر سفرە کەم بۆتەوە، کڕینی گۆشتی سور زۆر کەمبۆتەوە، بانگهێشت کردن بۆ نان خواردن تاڕادەی نەمان کەمی کردووە، گەشت و سەیران کردن لە ناوخۆدا ٥٠٪ کەمبۆتەوە، گەشت بۆ وڵاتان و بۆ عەمرەکردن تاڕادەی نەمان کەمی کردووە، بەگشتی خەرجییەکان ٥٠٪ کەمبۆتەوە.

- بڕیاردەری پێشووی لیژنەی دارایی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەڵێت(خەرجی تاکی ئێمە لە سلێمانی (٣١٧٠٠٠) دینارە بۆ مانگێك، واتە (٤) سەر خێزان (١٢٦٨٠٠٠) هەزاریان دەوێت تامانگێکی پێ بەسەر بەرن و ژیانیان ئاسوودە بێت، لە سەردەمی چارەکە موچە و نیوە موچە داهاتی ئەو ٤ سەر خێزانە هاتبووە سەر (٥٠٠) هەزارو کەمتریش، واتە داهاتی تاك لە (٣١٧٠٠٠) دەوە هاتبووە (١٢٥٠٠٠) هەزار، ئەوە بووە هۆی زیادبوونی جیابوونەوە و کۆچ کردن و تاوان، خۆ ئەگەر بێت و بەراوردی بکەیت بەپارێزگایەکی وەکو زیقار خەرجی تاك لەوێ (٩٠٠٠٠) دینارە، موچە بۆ هەموو وڵات پێوەرێکی هەیە ڕاستە فەرقی هەیە بەڵام بەو موچە (١٢٦٨,٠٠٠) یە لە سلێمانی دەتوانرێت (٤) سەر خێزانی پێ بەخێو بکرێت، بەڵام لە پارێزگای زیقار (١٢) ئەندامی خێزانی پێ بەڕێوە دەبرێت. ئەمە وادەکات لە داهاتوودا باڵانسی دانیشتوان جیاوازی زۆری تیابێت، لە زیقار تاك پێویستی بەو هەموو پێداویستییە نییە، سەیری سفرەی خانەوادەیەکی سلێمانی بکە زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ سفرەی خێزانێکی زیقاری، ئەو لە ٦٠٪ ی ئاردی مانگانە کە وەری دەگرێت دەیخوات، بەڵام خێزان لە سلێمانی ١٠٪ تا٢٠٪ بەکاردێنێ، ئەوەی پێی دەوترێ سەبەتەی بەکاربەر لە سلێمانی زۆر شتی تری تێ دەچێت، سەیری گەنج بکە لە سلێمانی مۆبایلەکانیان و جل و بەرگەکانیان زۆر جیاوازە لە مۆبایل و پۆشاکی گەنجێکی زیقاری، جۆرێ خۆدەرخستن هەیە، لە سلێمانی ئەڵێ ئەمڕۆ لە فلانە مۆڵ شتمان کڕی، لە کاتێکدا هەمان شت بەنیوەی ئەو نرخە بەردەستە لە ناو بازاڕ، بۆیە سەبەتەی بەکاربەر لەلای دانیشتوانی شاری سلێمانی فراوان و جۆراوجۆرە، بەڵام لەوێ نا، مۆبایل و سیم کارتێك و بەئۆفەریش قسە دەکات و یەك جووت نەعل یان پێڵاوی هەیە. گەنجمان هەیە سەیر دەکەی مۆبایلەکەی (١٠٠٠) دۆلاری پێداوە و باڵانسی پێ نییە، لە بازار نان دەخوات و پارەی پێویستیشی پێ نییە، لەبری ئەوەی سەیارەیەکی کەم بەنزینی هەبێت سەیارەیەکی (٦ یا ٨) بستۆنی هەیە.

باكگراوندی كۆمەلأیەتی ئەم دیاردەیە ئەوەیە كاتێ فێری ئەم جۆرە لە ژیان بووی دایم دەگەڕێی تائەم سەرچاوە و بڕە پارەیە دابین بكەیت بۆیە خێزانەكان پەنا دەبەنە بەر كەمكردنەوەی قەبارەی خێزان و، تاك لادەدات و سنور دەبەزێنێت)(٢٤).

لە لایەكی ترەوە بەهۆی قەیرانەوە ئەو داهاتەی خێزانی سلێمانی هەیەتی بەشی خەرجییە پێویستەكانی ناكات و، ناچاربووە دەستی پێوە بگرێت، تەنها بۆ زۆر پێویستەكان و زەرورییات نەبێت خەرجی نەكات، بۆ ئەم ئەنجامە وتەی هەندێ لە بەشداربوانی نموونەی توێژینەوەكەمان دەهێنینەوە وەكو:

موچەخۆرێكی خاوەن ٤ سەر خێزان دەڵێت (ئەو داهاتەی هەمانە بەشی خەرجییەكانمان ناكات چونكە نرخی هەموو شتێك گران بووە تەنها گەر فریای بابەتە زۆر پێویستەكان بكەوین)(١). كارمەندێكی كەرتی تایبەت خاوەن ٣ سەر خێزان دەڵێت (توانای دابینكردنی ئینتەرنێتم نییە، بەپێی پێویست شت دەكڕین و پارە بەفیڕۆ نادەین، خەرجی سوتەمەنی زۆرە لەسەرمان تەنها یەك ژور گەرم دەكەین، خەرجی بەنزین زۆر دەكەوێت لەسەرمان)(٣). بازرگانێكی بچووك دەڵێت (داهاتمان كەمی كردووە بەهۆی كەمی فرۆشتنمانەوە بۆیە خەرجیشمان كەمی كردووە پێشتر (٦٠٠٠) دۆلار مانگانە كرێم دەدا ئێستا (٤٠٠٠) دۆلار دەدەم، كارمەند پێشتر (٧٠٠) هەزارمان دەدا، ئێستا (٥٠٠) دەدەین و واش دەریناهێنێت بۆمان، پێشتر ١٥ تا٢٠ شەو جارێك پۆشاكی نوێمان دەكڕی ئێستا٣ مانگ جارێك دەیكڕین)(٤). خانەنشینێك دەڵێت (خەرجیمان سنوردارە تەنها بۆ خواردەمەنی پارە خەرج دەكەین، گەر بەرمیلێك نەوت بكڕم دەبێت قەرزی بۆ بكەم، پارەی ئاو و كارەبا نادەم تەنها مۆلیدە نەبێت، خەرجی عەیادەشمان لەسەر كچەكانمە، دوو خوشكم لەسەر ماڵ ماون نەمتوانیوە هاوكارییان بكەم، لە پارەوە نەمتوانیوە تەنكییەكی ئاو بكڕم)(٥).

- بازرگانێك دەڵێت (خەرجییەكانمان زیادی كردووە و داهاتمان كەمی كردووە، باج و ڕسومات و گومرگ زیاد بووە باجی دەرامەتیان زۆر زیاد كردووە لەسەرمان، خۆڵیشمان نییە لێرە و لە مەخزەنیش مانگانە ١٥ تا٢٥ هەزارمان لەسەر دەنوسن، نرخی ئاو و كارەبا زیادی كردووە، نرخی ترێلەیەك كەل و پەل گومرگەكەی ٨٠٠ دۆلار بوو ئێستا (٢٠٠٠) دۆلارە ، نرخی حاویەیەك شت لە كوانجۆوە تابەندەر عەباس (١٢٠٠) دۆلار بوو ئێستا (٥٥٠٠)دۆلارە، ئەمانە هەمووی دەچێتە سەر نرخی كەل و پەل و گران دەبێت)(٦).

- موچە خۆرێكی تر دەڵێت (خەرجییەكانمان پشتی بەبڕی داهاتەكەم بەستووە بۆیە توانای خەرجكردنمان زۆر كەمبۆتەوە و توانای كڕینمان زۆر لاواز بووە، سەبارەت بەئاو و كارەبا پارەكانمان نەداوە و لەسەرمان كۆبۆتەوە، عیادە و نەشتەرگەری پێویست هەبووە نەمانكردووە، نرخی سوتەمەنی و بەنزین زۆرە ناچارین وەگەرنا نەمان دەكڕی، حەزم كردووە منداڵەكان بنێرمە خوێندنی ئەهلی و زانكۆی ئەهلی نەمتوانیوە، نەمانتوانیوە سەفەرو گەشت بكەین)(٩).

- فرۆشیارێکی بچووکی ٤ سەر خێزان دەڵێت (چوونە چێشتخانە و سۆپەر مارکێت و گەشت و سەیران قەدەغەیە لە ئێمە، لە مەزادخانە شتی کۆنەم کڕیوە بۆ ناو ماڵ، ساڵ و نیوە سەیارەم پێ نەماوە، هاندی کۆنە دەکڕم، لەبەر هەژاری وازم لە خوێندن هێناوە)(١٣).

- فرۆشیارێکی بچووك دەڵێت (پارەی کارەبامان نەداوە، ناچینە مارکێتە گەورەکان چونکە توانامان نییەو شتی سادەو نزیك ماڵی خۆمان دەکڕین، پێش قەیران کام پۆشاکە باش بوایە ئەوەمان دەکڕی بەلاّم ئێستا هی هەرزان دەکڕین، نەخۆشمان هەیە هەموو مانگێك دەبێت عەیادەیەکی پێ بکەین ئەویش ١٨٠ بۆ ٢٠٠ هەزاری دەوێت، لە ٢٠١٥ەوە تا ئێستا باوەڕناکەم چوار جار چوبینە خواردنگەی دەرەوە، لە ٢٠١٥ەوە گەشتی دەرەوەی ولاّتمان نەماوە و بۆ شارو سەیرانگاکانی خۆشمان ناچین)(١٠).

- کرێکارێکی ٣ سەر خێزان دەڵێت (بەهۆی نەبونییەوە خۆم و خێزانم وازمان لە خوێندن هێناوە، هیچ داهاتێکمان نەبوو تادرێژە بەخوێندن بدەین، خێزانم دەبوایە بچێتە زانکۆ منیش توانای ئەوەم نەبوو خەرجی بکێشم، ناتوانین خەرجییەکانی ئاو و کارەبا و خواردن و پۆشاك و کرێ دابین بکەین، جەژن بۆ جەژن گۆشتی سور دەکڕین، موبەڕیدەیەکم پێ ناکڕدرێت بۆ وەرزی هاوین، دەعوەتکاریمان نییە، شتکڕینمان نییە، سەیران و گەشتیشمان نییە، ئینتەرنێتمان نییە، سوتەمەنی زۆر گرانە و زۆر بەکەمی بۆمان دەکڕدرێت، خواردنی دەرەوەمان نییە)(١١).

- ئافرەتێکی ٦ سەرخێزان دەڵێت (هاوسەرم نەخۆشی درێژخایەنە و لەماڵەوە کەوتووە و هیچ موچەیەکمان نییە و کرێچین، هیچ خەرجییەکمان پێ ناکرێت، ٤ مانگە پارەی ئاو و مۆلیدە و کارەبامان نەداوە، ٤ منداڵەکەم خوشکەکەم بردونی بۆ لای خۆی تابەخێویان بکات و خەرجییان بکێشێت، شۆربا و خواردنی سادە دەخۆین، هاوسەرم گورچیلەکانی وەستاون و غەسلی بۆ دەکەین، دەرزییەکانی مانگی ١ ملیۆنی دەوێت کە دراوسێ و خزم هاوکاریمان دەکەن بۆ کڕینیان)(١٤).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە قەیرانی دارایی و ئابوری لە دیدی نموونەی چاوپێکەوتنەکانەوە ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر توانای خەرجی خێزان لەشاری سلێمانی و کەمبوونەوەی توانای کڕینی بۆ هەموو پێداویستیە بنەڕەتیەکان لای چینی هەژارو نەمانی توانای کڕینی بۆ پێداویستیە دووەمیەکان و کەمالیات، چینی مام ناوەندی ناوەڕاست و خوارووش تەنها فریای پێداویستیە سەرەتاییەکان و کەمێکیش مام ناوەندەکان دەکەوێت و خەرجی بۆ کەمالیات لای ئەمانیش نەماوە. تەنها چینی مام ناوەندی سەروو لەگەڵ چینی بالاّ توانای خەرجییان باشە.

## ٣ - پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان

سروشتی ڕەنگدانەوەی قەیرانی ئابوری لەسەر پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان کە دابەش دەبێت بەسەر پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خێزان کە لە نێوان هەردوو هاوسەرو منداڵەکاندا هەیە و، لەلایەکی تریشەوە پەیوەندییە دەرەکییەکانی خێزان کە بازنەی پەیوەندیەکانی خێزانە بەدەرەوەی خۆی لە خزم و هاوڕێ و دراوسێ بەجۆرێکە کە بۆتە هۆی لاوازبوون و کەم بوونی پەیوەندییەکان.

أ - لەسەر ئاستی پەیوەندییە ناوخۆییەکانی خێزان قەیران بەم جۆرەی خوارەوە ڕەنگدانەوەی هەبووە:

قەیران بۆتە کەمی داهات و کەمی داهاتیش بۆتە ناکۆکی خێزانی و لە هەندێ باردا گەیشتۆتە ڕادەی لێکجیابوونەوە، زۆربوونی ڕێژەی جیابوونەوەی ناو دادگاکانیش شایەتی ئەم ڕاستییەن.

بەوتەی بەشداربوانی نموونەی توێژینەوەکەمان قەیران گرژی و ناکۆکی و ناحاڵی بوونی نێوان ئەندامانی خێزانی زیاتر کردووە بەتایبەت داواکاری ئابوری گەنجە تازە پێگەیشتووەکان بەرامبەر باوان لە ناو خێزاندا و لەناو ئەمانیشدا ڕەگەزی نێرینە زیاتر، لە هەندێ باردا بۆتە هۆی ئاژاوە و پشێوی، بەهۆی بێکارییەوە کە دەرئەنجامی قەیرانە جۆرێکی تریش لە لاواز بوونی پەیوەندی ئەندامانی خێزان دروست بووە ئەویش هۆگربوونی گەنجەکانە بەکافتریا و یانەکانەوە یاخود ئالوودە بونیانە بەمۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە بۆتە هۆی گۆشەگیری، گۆشەگیربوونیش واتە دابڕان و لاوازی پەیوەندییە خێزانی و کۆمەڵایەتییەکان.

- (کاسبکارێك) دەڵێت (ئینەتەرنێت و مۆبایلی زیرەکیش ڕۆڵی هەیە لە کزبوونی پەیوەندیەکان و گۆشەگیریی گەنجانمان، گەر سەردان و پەیوەندیش هەبێت گەنج نابینی بێت دابنیشێ. بۆیە پەیوەندی لای گەنجەکانمان کۆتایی هاتووە)(١٠).

(قەیران دیاردەی کۆچی زیاتر کردووە ئەمەش دابڕانی پەیوەندی ڕاستەوخۆی ناو ئەندامانی خێزانە)(٢٠).

ب - لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەی خێزانیش قەیران بۆتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو پەیوەندییانە، بەپێی تێڕوانینی بەشداربوانی نموونەی توێژینەوەکەمان بەشێوەیەك کەمبۆتەوە تاڕادەی پچڕانی تەواوی ئەو پەیوەندییانە هەنگاوی ناوە، لەسەر ئاستی پەیوەندی خزمایەتی تەنها لەناو خزمانی پلە یەك وەکو خوشك و برا و دایك و باوك باشە کە ئەمەش خۆی لە کزی داوە و گەر پێشووتر هەفتەی جارێك بووبێت ئێستابۆتە ٢ تا٤ هەفتە جارێك و بگرە زیاتریش، لەسەر ئاستی خزمانی پلە دوو وەکو مام و خاڵ و پورو خوشکەزا و برازا بۆ چوار مانگ تا٦ مانگ و زیاتریش کەمبۆتەوە یاخود بۆتە بۆنە و جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان. لەم بارەوە وتەی چەند بەشداربوویەکی توێژینەوەکەمان دەهێنینەوە وەکو:

(پەیوەندی تەنها لە نێوان خوشك و براکاندا ماوە ئەویش کەمبۆتەوە)(١٦).

(پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سەردان لەنێوان خوشك و براکاندا ماوە، بەڵام لە نێوان پورزا و ئامۆزا و خزمدا زۆر کەمبۆتەوە تەنها لە بۆنەی پرسە و شایی و جەژنەکاندا ماوە)(٧).

دیوێکی تری ڕەنگدانەوەی قەیران و تاڕادەیەکیش کۆرۆنا سنوردارکردنی ئەو پەیوەندییانەیە کە بەهۆی

بۆنەکانەوە دروست دەبوو، بۆ نموونە بۆنەی پرسە لە سێ ڕۆژەوە بووە بەیەك ڕۆژ، ئەمە لەکاتێکدا پێشتر سێ ڕۆژ و سێ ژەمە خواردن سازدەکرا ئێستالەبەر گرانی و نەبوونی خاوەنی پرسە ٢ ژەم لە ڕۆژی یەکەمدا خواردن ئامادەو پێش کەش دەکات و پرسەکە هەڵدەگرێت، ئەمەش واتە سنوردارکردن و کەمکردنەوەی ئەو پەیوەندیانەی بەهۆی بۆنەی پرسەوە دروست دەبوو. هەروەها سنوردارکردنی ئەو پەیوەندییانەی لە بۆنە و جەژنە ئایینی و نیشتمانییەکاندا دروست دەبوو کە بەشێك لە هۆکارەکەی بەهۆی قەیرانەوەیە، ئەم بۆنانەش سارد و کاڵ بونەتەوە و گرنگی ئەوتۆیان نییە لە تۆخ کردنەوەی پەیوەندییەکان. ڕەنگدانەوەیەکی تری قەیران لەسەر پەیوەندییەکان بەگشتی بریتییە لە سنوردارکردنی ئەو چالاکییانەی کە دەبنە هۆی باش کردن و پتەوکردنی پەیوەندییەکان، یەکێکی تریش لەو چالاکییانە پێش کەشکردنی هاوکاری داراییە بەجۆرێك قەیران توانا داراییەکانی سنوردارکردووە، ئەمەش بۆتە هۆی سنوردارکردنی پێش کەشکردنی هاوکاری دارایی بۆ دەستگیرۆیی و یارمەتیدانی ئەو کەس و خزم و دراوسێیانەی هەژارن و پێویستیان بەهاوکاری هەیە، ئەمەش واتە کەمبوونەوەی هاوبەندی کۆمەڵایەتی.

- فەرمانبەرێك دەڵێت (لە دوای دروست بوونی قەیران فەرمانبەری ئاسایی وەکو ئێمە و خێزانەکانمان ناتوانین قوربانی بکەین و قەرز بدەین یان هاوکاری دارایی ببەخشین، کاتێك ناتوانرێت لە جەژنی قورباندا قوربانییەك بکرێت جگەلە بێبەش بوون لە پاداشتە خواییەکەی، بێبەش بوونی کەس و خێزانی هەژارە لەو هاوکارییە، یان کاتێك کەسێکت پێویستی بەبڕێك قەرز یان هاوکاری هەیە و ناتوانی بیدەیتێ ئەوە گیانی هاوکاری و خۆشەویستی و هاوبەندی کەمتردەکاتەوە)(٩).

وەکو لە خشتەی (٢)دا دیارە قەیران بۆتە هۆی کەمبوونەوەی هاوسەرگیری، کەمبوونەوەی هاوسەرگیریش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی تێکەڵاوبوونی دوو بنەماڵەی نوێ و کەمبوونەوەی شەکراو خواردنەوە و مەراسیمی شایی لە ماڵ و هۆڵەکاندا یان لە یانە خێزانییەکاندا، دواتر کەمبوونەوەی ئەو دەعوەتانەی کە بۆ دوو هاوسەری نوێ دەکرێت و، پاشان کەمبوونەوەی چوون پێیانەوە و دیاری کڕین بۆیان و چوون بۆ لایان، ئەمانەش بونەتە هۆی کەمبوونەوەی کۆبوونەوە خێزانییەکانیان و کەمبوونەوەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەشێوەیەکی گشتی.

- بەشداربوویەك دەڵێت (پەیوەندی کۆمەڵایەتی زۆر کەمبۆتەوە پێشتر هەموو شەوێك یان میوانمان هەبوو یان دەچووین بۆ سەردان ئێستابەمانگیش کەسێك ڕوت تێ ناکات، سەردان لە ٦٠٪ تا٨٠٪ دابەزیوە، برازای خۆم هەیە لە جەژنیشدا نەمبینیوە، کێشەکە لەوەدایە سەردانی خزمی دور هەر نەماوە، تەنها لە نێوان خزمە زۆر نزیکەکاندا ماوە ئەویش زۆر کەمبۆتەوە، لە بۆنە و پرسەدا کەمێك یەکتر بینین هەیە و هیچی تر، قەیران کاریگەری زۆرە لەسەر کەمبوونەوەی چونکە گەر بتەوێ بچیتە میوانی ماڵێك ئەوا بەلایەنی کەمەوە ئەو ماڵە ٦٠ تا٧٠ هەزاری دەوێت بۆ خەرجی، کە هەژار بوو تۆش پێت شەرمە بچیت، پاشانیش تۆ لەکاتی تردا دەبێت قەرەبووی بۆ بکەیتەوە و بانگهێشتی بکەیتەوە)(١٠).

زۆرینەی بەشداربوانی چاوپێکەوتن بۆچوونیان وایە پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەشێوەی ڕاستەوخۆ ٥٠٪ تا١٠٠٪ کەمی کردووە، یا گۆڕاوە بۆ پەیوەندی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیا و تەلەفونکردنەوە جار جار هەواڵپرسین دەکرێت ، بەشداربوان ڕایان وایە بینینی ڕاستەوخۆ زۆر گرنگترە بەلاّم پەیوەندی ناڕاستەوخۆش هەبێت باشترە وەك لەوەی هەر نەبێت، بەو پێیەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ و سەردان خەرجی هەیە، خەرجی خۆت و ئەو ماڵەشی بۆی دەچیت. هۆکارێکی تری کەمی سەردان دەگەڕێتەوە بۆ نائارامی دڵ و دەرون و مێشك بەهۆی زۆری کێشەکان و توندی قەیرانەکانەوە چونکە سەردانکردن بۆ کات بەسەربردن و خۆشی بینینە ئەمەش پێچەوانەی بارودۆخی قەیراناوی هەرێمی کوردستانە، هۆکارێکی تر کەمی کات و دەست بەتاڵییە بەهۆی مەشغوڵ بوون بەکارکردنەوە، لەم بارەوە خاوەن کارێك دەڵێت (کێشەکە پەیوەندی بەباری دەرونیەوە هەیە، دەرون تانا ئاسودە بێت کاریگەری دەبێت لەسەر هەموو شتێکت و لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کەمتری دەکاتەوە)(١٨).

ئەنجامێکی تر ئەوەیە کە قەیران بەتەواوی چینی هەژاری بێبەش کردووە لە زۆر شت و لەناو ئەوانەشدا لە پەیوەندییەکان دابڕیوە و گۆشەگیری کردووە، بەهۆی ئەوەی سەردان و پەیوەندییەکان خەرجی هەیە و ئەمانیش توانای دابینکردنی ئەو خەرجییەیان نییە، یاخود پارە بۆتە سەنتەرو پێوەرو پێگەی کەسەکان، لەم بارەوە فرۆشیارێکی بچووك دەڵێت (نە ئێمە دەچین و نە خزمانیش دێن بۆلامان، ڕام وایە دارایت نەبوو کەس ئاوڕت لێ ناداتەوە تەنانەت خاڵ و مام و ئامۆزا، کە پێت نەبوو باوکی خۆشت چارەی ناوێ ی، من بەو شێوەیەم)(١٣). کرێکارێك دەڵێت (پەیوەندیمان هەر نەماوە ماڵی خزمەکانم لە خورماڵە و ناچین چونکە بۆ هەموو سەفەرێك بڕێك پارەی باشی دەوێت و ناتوانین و ئەوانیش نایەن)(١١). خانەنشینێك دەڵێت (پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەسەر تێری خۆشە، کە تێر نەبووی یان کە نەبوو بووی ناپەرژێیتە سەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی)(١٥).

هەندێك لە بەشداربووان ڕایان وایە کە هەرچەندە پەیوەندی و سەردان پێویستە و هەندێك لەو بارگرژیە دەرونیانەی قەیران دروستی کردووە دەیرەوێنێتەوە بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا لەبەرئەوەی بارگرانی ئابوری لەسەر هەردوو خێزان دروست دەکات بۆیە کەم بۆتەوە. لەم بارەوە مامۆستایەك دەڵێت (بەپەیوەندی کۆمەڵایەتی گرژیەکانی دەرون خاو دەبێتەوە و ئارامدەبیتەوە، بەهۆی قەیرانەوە هاتوچۆمان کەمکردۆتەوە چونکە دەبێت لەیەك کاتدا حساب بۆ هەردوو لا بکەی، هەم بۆ گیرفانی خۆت و هەم بۆ ئەو ماڵەشی دەچیت)(١).

ڕوێکی تری سنوردارکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهۆی قەیرانەوە کەمبونەوەی کۆبونەوەی هەفتانەیە لە ماڵی باوك و ماڵی خەزور یان نەماوە یاخود بۆتە مانگانە. لەم بارەوە کارمەندێك دەڵێت (هاتووچۆی ماڵە باوانیشمان کەمبۆتەوە، کۆبوونەوەی هەفتانەمان نەماوە یان بووەتە مانگانە و زیاتریش، ٨٠٪ی پەیوەندییەکانمان نەماوە)(٢٣).

- خانە نشینێك دەڵێت (قەیرانی ئابوری پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لاواز کردووە، پەیوەندی خێزانیشی لاواز کردووە. خەڵك مەشغوڵی کارو دەوامەکەیەتی گەر نەیکات ناتوانێت بژی، بۆیە کاتی بەتاڵی نەماوە

تاسەردانی کەس و هاوڕێ و دۆست بکات، گەر ئەندامانی خێزان هەموو کار نەکەن ناتوانن دارایی پێویست بۆ خەرجییەکانیان دابین بکەن، پێشتر یەك کەس ئەویش باوك بوو موچە یان کاری دەکرد و پێی دەژیان. ئێستاوانییە دوو ئیش و ئەوانی تریش کار دەکەن پێڕاناگەن، لەبەرئەوەی پێویستییەکان زۆر بووە و نرخیش گران بووە، بەشێکیشی ئەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی ناڕاستەوخۆی تۆڕی کۆمەڵایەتی و تەلەفون جێگەی پەیوەندی ڕاستەوخۆی گرتۆتەوە. بەشێکی تری مەشغەڵەتی ژیان و زۆری پێویستییەکان و هەموو ئەو لەمپەڕو کێشانەی بۆت دروست دەکرێت بۆ نموونە ئێستازستانە و دەیان قەیران هەیە و کێشەی نەبونی غاز و نەوت و کەمی کارەبا و گرانی بەنزین و بێبازاڕی و گرانی کەل و پەل هەیە، وە خاڵێکی تر ئەوەیە سەقامگیری نییە و ئاییندەکی ڕوونت لێ دیار نییە بۆیە هەمیشە کەئابەت هەیە، گەر تۆ کێشەیەکت هەبوو بەردەوام مێشکت مەشغوڵی ئەو شتەیە تادابینی دەکەیت، بۆیە ناڕۆی بۆ پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سەردانی خەڵك)(٢٨).

لەوەی سەرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە قەیرانی دارایی و ئابوری ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان و ناکۆکی و پشێوی دروستکردووە، لە لایەکی تریشەوە ئەندامانی خێزان ناچاربوون بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە داراییەکانیان کاری زیاتر بکەن و زۆرتر دوربن لەژینگەی ناو خێزان، ئەمەش واتە کەمبوونەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی ئەندامانی خێزان لەگەڵ یەکتر، ڕوێکی تری کاریگەری قەیران کەمبوونەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی دەرەوەی خێزانە لەگەڵ چواردەوری خۆی کە خۆی دەبینێتەوە لە کەمبوونەوەی کارلێکی کۆمەڵایەتی لە بۆنە و مەراسیمەکان وەکو مەراسیمی هاوسەرگیری و پرسە و چەژنەکان و کەمبوونەوەی سەردان بەگشتی، بەشێوەیەك کەمبۆتەوە تاڕادەی پچڕانی تەواوی ئەو پەیوەندییانە هەنگاوی ناوە، لەسەر ئاستی پەیوەندی خزمایەتی تەنها لەناو خزمانی پلە یەك باشە کە ئەمەش خۆی لە کزی داوە و، لەسەر ئاستی خزمانی پلە دووش زیاتر کەمبۆتەوە یاخود بۆتە بۆنە و جەژنەکان.

## ٤ - ئەرکەکانی خێزان

دوو جۆر لە ئەرك و وەزیفەی خێزان هەیە یەکەمیان ئەرکە فیزیکییەکانە وەکو: وەچەخستنەوە، ئەرکی ئابوری و شوێنی نیشتەجێ بوون، ئەرکی پاراستن و چاودێری و تەندروستی. دوەمیشیان: ئەرکی مەعنەوین وەکو ڕۆشنبیری و سۆزداری و کۆمەڵایەتی و تەرفیهی کە دەبنە هۆی پێکهێنانی کەسێتی تاك لە ڕێگەی کلتورو ئایین و پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیی و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتییەوە.

بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکەمان بۆچوونیان وایە کە قەیرانی ئابوری ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی خێزان بەتایبەت ئەرکە فیزیکییەکان و لە ناویشیاندا ئابورییەکان کە بەهۆی کەمی داهات و کەمی موچە و کەسابەتەوە توانا دارایی و ئابورییەکانی خێزانیش سنوردار بووە و گرفتی دارایی و ئابوری بۆ دروست بووە، ئەم گرفتەش ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبووە لەسەر ئەدای باوك و دایك بۆ ڕاپەڕاندنی

ئەرکەکانی، بۆ نموونە قەیران بۆتە کەمی موچە و ئیش و کار ئەمەش ڕاستەوخۆ بۆتە هۆی تێك چوونی سیستەمی دارایی و ئابوری خێزان، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە باوان و ئەندامانی خێزان ناچار بوون پەنا بەرن بۆ دۆزینەوەی کاری نوێ و بگەڕێن بەدوای ئیشی دووەم تاداهاتی تریان دەست بکەویت، ئەمەش واتە دەبێت کاتی زیاتر لەدەرەوە بن و دوربن لە ژینگەی ناو ماڵ و دوربن لە ئەندامانی تری خێزان، بەتایبەت ئەو خێزانانەی منداڵی بچووك و هەرزەکارو گەنجیان هەیە، لەم بارودۆخەشدا باوان وەکو پێویست ناتوانن ئەرکی پاراستن و چاودێری ئەندامانی خێزان ئەنجام بدەن، لێرەشدا بابەتی تەندروستی باوانیش دێتە پێش بەجۆرێك کارکردنی زۆر باجی تەندروستی دەبێت لە داهاتوودا، لەلایەکی ترشەوە کاردەکاتە سەر ئەرکی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و سۆزداری و ئەرکی کۆمەڵایەتی و کات بەسەربردن و پەروەردە لەم بارەوە وتەی چەند نموونەیەکی توێژینەوەکەمان دەکەین بەبەڵگە وەك:

(پێشووتر یەك کەس کاری دەکرد و بژێوی ژیانی خێزانی دابین دەکرد، ئێستادەبێت دوان و سیان لە ئەندامانی خێزان کار بکەن و هێشتابژێوی ژیانیان وەك پێویست دابین ناکرێت، قەیران ئاڵنگاری گەورە دەخاتە بەردەم ئەرکی دایك و باوك و بەرپرسیارێتیان بۆ نموونە، دەیان ئافرەت هەبوون منداڵی ساوایان بووەو بردویانەتە دایەنگەو خۆیان چونەتەوە بۆ سەرکارەکەیان لە کەرتی تایبەت تائیش لەدەست نەدەن، بۆیە قەیرانە ئابورییەکە کاریگەری خۆی هەیە لەسەر ئەرکی ئابوری و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتی و  تەندروستی، خەڵك گەر ڕۆژی ١٥ سەعات ئیش بکات تەندروستییەکەی بەکوێ دەگات، وا پێنج ساڵ تەحەمولی کرد لەوە زیاتر ناتوانێت و پەکی دەکەوێت)(٢٥).

(بەجێگەیاندنی ئەرکەکان لای منیش کەمتر بونەتەوە و نەمتوانیوە مافی خۆی پێ بدەم، زۆر بەباشی کەمی داهاتەکەم بۆ هاوژین و منداڵەکان باس کردووە و بەرچاو ڕوونیم داونەتێ و ڕاوێژمان کردووە، ئەوانیش قەناعەتیان کردووە، بەتایبەت بۆ ئێمە کە منداڵە بچوکەکەمان لە ئامادەییە تێگەیشتنی هەبووە بۆ بارودۆخەکە، گەر وانەبوایە گرفتی بۆ دروست دەکردین بەتایبەت لە ئەرکی ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژیانکردن و پەروەردە و خوێندنیان، هەندێ هاوڕێ و خزمیش پاڵپشتی بەهێزم بوون بۆ هۆشیاری خێزانی و ئامۆگاریی کردنیان)(٩).

(ئەرکی خێزانداری قورسە لەبەر قەیران و نەبونی و قەرزداری، بەتایبەت کرێچی بوون ئەرکی خێزان زۆر قورس دەکات، لەلایەکی تریشەوە ئەم قورسییە حەیف بوە بەترس بۆ گەنج، کە واباشە نەکرێ بەترس و وا نەنوێنرێ کە نارەحەتە، وا بنوێنرێ کە چەندێك خۆت هیلاك بکەیت بۆ ماڵ و منداڵ لەولاوە ژیانێکی ئاسودەی ناو ماڵ و منداڵ و هاوسەر ئازارەکانت هەموی لەبیر دەباتەوە)(٢٠).

(قەیران کاریگەری کردۆتە سەر ئەرکەکانی خێزان کاتێ ناتوانرێت هەندێ شت بۆ منداڵ بکڕدرێت و دڵخۆش بکرێت ئەویش گوێڕایەڵی کەمتر دەبێتەوە، لەبەر قەیران و بوونی گرانی لە وەرزی هاویندا چەندین منداڵی کوڕ دەبرێن بۆ کارکردن یان شت فرۆشتن یان وەك شاگرد دوکان و پیشەوەر کاریان پێ دەکرێت، کاتێ نابرێن بۆ خول

و دەورەو دەبرێن بۆ کارکردن ئەوە پێشێلکردنی مافی منداڵە، یاخود کاتێك چەندین سەر خێزان لە ژوورێکدا یان لەخانوویەکی بچووکدا دەژین و دەخوێنن ئەمە ژینگەیەکی نەگونجاوە لە ڕووی پەروەردەییەوە، بۆیە سەرئەنجام سەرکەوتوو نابن)(٢١).

- دایکێك دەڵێت (بەدڵنیاییەوە توانیوومە ئەرکە مادییەکانم جێبەجێ بکەم بەلاَم لە ٧٠٪ ی ئەرکە مەعنەویەکان ناتوانم جێ بەجێ بکەم چونکە ناتوانم هەم دایك و هەم باوکیش بم بۆیان و خۆشم پێویستم بەوەیە دڵنەوایی بکرێم، زۆر مەشغوڵ بوونم بەدەوام و بەکارەکەمەوە منی لە منداڵەکان دورخستۆتەوە)(٢٩).

(ئەگەر لە ڕوی ڕۆشنبیری و بەرپرسیارێتییەوە بڕوانین ئەوا خانەوادەمان هەیە دەتوانێ دوو منداڵ بەخێو بکات ئەگەر کردی بەسێ ئەوە زیان لە دوانەکەی تریش دەدات، هەشمانە دەتوانێ زیاد لە (٥) منداڵ بەخێو بکات، ئەکەوێتە سەر توانای ماددی و مەعنەوی دایك و باوکەکە، بەلاَم بەو مەرجەی بیان کاتە ئەندامی کارا لە کۆمەڵگەدا، واتە بتوانێ سەرپەرشتی پەروەردە و پێگەیاندنیان بکات، تادوایی نەبنە بەڵتەجی لەسەر شەقامەکان و ببنە سەریەشە بۆ کۆمەڵگە و کێشە بۆی)(٢٤).

- باوکێکی ٤ سەر خێزان دەڵێت (ئەرکەکانی خێزان قورس بووە بەتایبەت ئەرکی ئابوری و پەروەردەیی بۆیە ژمارەی منداڵمان سنوردارکردووە باوەڕم وایە ١ کەمە و دوان زۆرە، چونکە ئەمانەش دواتر شوێنیان دەوێت و خانوو و خوێندن و هاوسەرو تادوایی، لەبەرئەوەی لە ڕۆژهەلاَتی ناوەڕاستیش ئاسایش بەرقەرار نییە و سیستەمی حکومڕانی باش نییە و جەنگ هەیە هەر کەمبێت باشە)(٢٢).

کێشەیەکی تر کە بۆ ئەرکەکانی باوان دروست بووە و ئالَنگاریەکی گەورەیە لەبەردەم پێگەیاندنی کۆمەلاَیەتی و کۆنترۆڵی کۆمەلاَیەتی، بریتییە لە دەستوردانی لایەنی تر لە پەروەردەی نەوەکان لە ڕۆژگاری ئێستادا، کە هەژموونی زۆری تەکنەلۆژیا و تۆڕە کۆمەلاَیەتییەکان و بەجیهانی بوون هەیە لەسەر هەرێمەکەمان و لە هەموو دونیاشدا هەروایە، ئەمە هەندێك ناویان ناوە داگیرکاری کلتورو ڕۆشنبیری و بردنی جیهان بەرەو یەك مۆدێل ئەویش مۆدیلی خۆرئاوایە، ئەم حاڵەتەش بەچاودێری و کۆنترۆڵی کۆمەلاَیەتی و ئاگایی باوان زیانەکانی کەمدەکرێتەوە لەسەر نەوەکان و بەلاڕێدا بردنیان سنوردار دەکرێت، لە سەردەمی قەیرانی ئابوریدا لە ئەنجامی وتەی نموونەی توێژینەوەکەمان گەیشتینە ئەو ڕاستیەی کە باوان وەك پێویست ناتوانن ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن بۆیە فەراغێك دروست بووە بۆ لایەنی تر کە دەستوەردانی کردووە لە پەروەردەی گەنجەکانمان و بۆتە کێشە بۆ خێزانەکان، لەم بارەوە دایکێك دەڵێت (پەروەردە لەژێر دەستی دایك و باوك نەماوە، گەنجەکانمان کارتێکراون لە ڕێی تۆڕە کۆمەلاَیەتییەکان و ئینتەرنێت و، چوونە دەرەوە بەبیانووی مەکتەب و کۆشش کردن یاخود لە ڕێی مۆبایلەوە کوڕ چۆتە ناو ژوری نوستنی کچەکانەوە، یان لە ڕێی هاوڕێکەیەوە لە ناو زانکۆ و پەیمانگا و قوتابخانەکان دەیان شت و دەیان کارەسات ڕوودەدات و، بەبەرنامە و لەژێر ناوی پێدانی ئەستێرە بەیانە و هۆتێلەکان کارئاسانی کراوە بۆ مافیاکان تاخەڵکی بیانی و ئێرانی و عەرەب بهێنن و لێرە ڕێستۆرانت و

چێشتخانە و کافتریا و یانەیان هەبێت و بەجلی نیوە ڕوتەوە خواردن و کافێ پێش کەش بکەن تاگەنجەکان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن، وای لێ هاتووە ولاتەکەمان و منداڵەکانیشمان لەژێر دەستی خۆماندا نەماوە)(٢٩).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە قەیرانی دارایی و ئابوری ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر ئەرکەکانی ئابوری و پێگەیاندن و کۆنترۆڵی کۆمەلایەتی و چاودێری لای خێزان لەشاری سلێمانی و بۆتە هۆی کەمبوونەوەی توانای باوان لە ئەداکردنی ئەرکەکانی سەرشانیان بەشێوەی پێویست و شایستە بەرامبەر نەوەکان و بۆتە هۆی دروست بوونی چەندین گرفتی پەروەردەیی و ڕەوشتی و تەندروستی و ئاکاری بۆیان، ئەمەش بۆ زۆرینەی کۆمەڵگە ڕاستە.

## ٥- کێشەکانی خێزان

له بەشی تیۆریدا ئاماژەماندا بەجۆرا و جۆری کێشەکانی خێزان بەگشتی و خێزانی کوردی بەتایبەتی، لەم بەشەشدا جەخت لەهەمان ئەو کێشانە کرانەوە بەجۆرێك بەهۆی قەیرانی دارایی و ئابورییەوە کێشەکان زیادیان کردووە، دادگاکانی هەرێمی کوردستانیش شایەتحاڵی ئەم ڕاستییەن، کێشەی کۆمەلایەتی و کێشەی ئابوری و کێشەی پەروەردە و پێگەیاندنی کۆمەلایەتی و کێشەی تەندروستی و، کێشەی ڕامیاری و کۆچ و تاوان و کەتنە جۆرا و جۆرەکان و، کێشەی ئاکاری و ئالوودە بوون و، ئەو کێشانەی بەهۆی مۆبایل و تۆڕە کۆمەلایەتییەکانەوە زیادیان کردوە و هەن و بونەتە هۆی خوڵقاندنی دەیان کێشە بۆ خێزان، لەم بارەوە چەند وتەیەکی نموونەی توێژینەوەکەمان دەکەین بەبەڵگە وەکو:

- باوکێك دەڵێت (خراپی باری ئابوری و هەژاری ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر زیادبوونی کێشە کۆمەلایەتییەکانی وەك تاوانی کوشتن و دزی و لەشفرۆشی و ئالوودە بوون و ساختەکاری و هەڵخەڵەتاندن، بۆیە لەناو خێزانی کۆمەڵگەی خۆمان ئەم کێشانە زۆر زیاتر بوون، شەڕو ئاژاوەی ناو خێزان و نێوان هاوسەران و باوان و منداڵەکان زۆر بوون و بونەتە هۆی هەڵوەشانەوەی خێزان و جیابونەوەی هاوسەرەکان و زۆربوونی تەلاق، چونکە کاسەی پڕ ئاشتی ماڵ و ئاشتی مێشك و دەرونە، گەر داهات هەبوو لە زۆر کێشە ڕزگارت دەبێت، نەبوونی تەنانەت کاریگەری دادەنێت لەسەر بواری زیهنی و مێشك و زیرەکیش، بۆیە دەبینیت لە قەیرانەکاندا کێشەکان بەگشتی زیاد بوون و ڕێژەی وازهێنان و تەواونەکردنی خوێندن بەرزبۆتەوە)(٨).

- سەرۆك خێزانێك دەڵێت (ئەو ژینگەیەی من کە وەك خۆبەخش و چارەساز کارم تیا کردووە لە ئاشتەوایی و چارەسەری کێشەی خێزانی کەسانی تر، دەرخەری ئەو ڕاستییە بوون کە کێشەکان دەرهاویشتەی قەیران بوون، باوکی وا بووە گەیاندویەتیە خۆکوشتن، هەبووە ١٠٠٪ بەتەمای سەرهەڵگرتن و خۆونکردن بووە لەبەر ئەوەی نەیتوانیوە ئەرکەکانی خێزانەکەی جێبەجێ بکات، چەندین کەس بووە وەك باوك گەیشتۆتە ئاستی سواڵ، خێزان هەبووە پێشتر زۆر بەباشی پێکەوە ژیاوون بەلام بەهۆی قەیرانەوە ئافرەت بەهاوسەرەکەی وتووە تۆ لە

ماڵی باوکت و من له ماڵی باوکم تۆ ناتوانی بەخێومان بکەیت، هەبووە گەیشتۆتە ئاستی جیابوونەوە. بەدڵنیایەوە قەیرانی ئابوری بۆ چەندین ساڵ دواتریش کاریگەری خۆی دەبێت و توانی کەسایەتی خێزانی کوردی توشی نەخۆشی بکات و لادانی ڕەوشتی و ناپاکی هاوسەری دروست بکات، ئافرەت هەبووە وتویەتی بێ ژیانی و بێ گوزەرانی خێزان و منداڵەکانی وایکردووە پەنا بۆ ناپاکی و لادانی ڕەوشتی بەرێت)(٩).

(قەیران ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر زیادبوونی کێشەکان بەچەند بەڵگەیەکی سادە وەکو: زیادبوونی بازاڕی ئەوانەی چارەساز و سوڵح و ئاشتەوایی دەکەن و کێشە خێزانییەکان چارە دەکەن و ئامۆژگاری هاوسەران دەکەن، هەروەها زیادبوونی کافتریاکان و ئالوودەبوانی مادە هۆشبەرەکان و بارو یانەکان، لە لایەکی تریشەوە ژمارەی کتێبخانەکان بەردەوام کەمدەکات و گۆڤارو ڕۆژنامەکان دادەخرێن)(٢١).

(بەهۆی ئەم بارودۆخەوە گەنجێکی زۆرو چەندین خێزان دەڕۆن و خۆیان دەخەنە بەردەم مەترسییەکانی دەریای ئیجە، یان ژمارەیەکی بەرچاو لە خێزان لێك دەترازێن و منداڵ سەرگەردان دەبێت و گەنجەکانمان ئالودەی نێرگەلەو مادەی هۆشبەر دەبن)(٦).

(قەیران بووە هۆی ئەوەی چەندین خێزان و ژمارەیەکی زۆر لە گەنج کۆچی بەکۆمەڵ بکەن و، هاوسەردارەکان لەیەکتر جیاببنەوەو، خۆکوشتن زیاتر ببێت، هەیە باری دەرونی تێك دەچێت و هەیە لەتاو نەبوونی دەڕواتە بۆ ناو ڕێکخراوە چەکدارەکان بەو شاخەوە کە کۆتاییەکەی دەزانین ڕزگاری نابێت)(١١).

لەوتەی نموونەی توێژینەوەکەمان دەردەکەوێت هۆکاری کێشەکانی خێزان جۆراو جۆرن لەوانە: نەبوونی پەروەردەیەکی ئاینیانە، چونکە پەروەردەی تەندروست هاوسەران و منداڵەکانیش لە لادان دەپارێزێت. هۆکارێکی تری کێشەکانی خێزان تەکنەلۆجیا و مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە چەندین کێشەی بۆ تازەپێگەیشتوان و گەنجان و هاوسەران دروست کردووە، کاریگەری هەبووە لەسەر توانای کارکردن لای گەنج، ئەو بازرگانانەی چاوپێکەوتنمان لەگەڵدا کردوون جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە کە گەنجی کورد تاقەتی کارکردن و خۆ هیلاککردنی نیە بەکوڕو کچەوە حەز دەکەن لە پشت کورسی و مێزێکەوە دابنیشن و مەشغوڵی مۆبایلەکانیان بن، لە ماڵداریشدا ئافرەت تاقەتی خزمەتکردنی ماڵ و میوان و مێردی کەمە و بۆ ژەمەکانیش یان دەچنە دەرەوە یان بەدلیڤەری خواردن داوا دەکەن ئەمەش دەبێتە زۆری بەفیڕۆدانی دارایی خێزان، چونکە ئەو خواردنەی لە دەرەوە بۆت ئامادە دەکرێت چەندین جار گرانتر دەکەوێت و دەبێتە زیادە خەرجی، لە کۆتایشدا کورتهێنانی داراییان دەبێت و دەبێتە کێشە بۆیان.

- هاوسەرێك دەڵێت (قەیران کێشەی خێزانی بۆ دروست کردین، نەمتوانی مەسرەفی ماڵ و هاوسەر بکێشم و ناردمەوە بۆ ماڵی باوکی، بەلام نەیانهێشت جیاببینەوە، دواتر چووینەوە لای یەك)(١٣).

هاوسەرێکی تر دەڵێت (بەهۆی کەمی داهاتمەوە کێشەی خێزانیم هەبووە و هاوسەرم خەفەت زۆر لە نەبوونی دەخوات و ١٠ جار هەبوە وتویەتی کەی ئەمە ژیانە، من هەڵساوم و رۆیشتووم بەلایەکی تردا تاکێشە دروست نەبێت)(٥).

هۆکارێکی تری کێشەکان لاسایکردنەوەیە کاتێك خێزانێکی داهات کەم لاسایی خێزانی داهات زۆر دەکاتەوە لە جل و بەرگ کڕین و سەیارە گۆڕین و ناوماڵ گۆڕین، ئەوکاتە قەرزدار دەبن و بۆیان نادرێتەوە، قەرزداریش کێشەی خێزانی لێ دروست دەبێت، لەم بارەوە وتەی بەشداربویەك دەهێنینەوە کە دەڵێت:

(چەند هەزار خێزان ساڵانە هەڵدەوەشێتەوە ئەمە بەڵگەی بوونی کێشەیە لەناو خێزاندا، ساڵانی پێشوو کەی ئەمە هەبوو خێزان پیرۆز بوو، جەوهەرێکی تری هەبوو، گەنج بەکوڕو کچەوە حەزیان دەکرد زوو خێزان دروست بکەن، چونکە پلەو پایەی کۆمەلایەتی بەرزی دەبەخشی بەهەردوو ڕەگەز، بەلام ئێستا زۆر کەم حەز بەپێکهێنانی خێزان ئەکەن، قەیرانی ئابوری ڕەنگدانەوەی زۆری هەیە لەسەر زیادبوونی کێشە خێزانییەکان و گەر بچیتە دادگاکان دەبینیت سەدان کێشەی جۆراو جۆر لەناو ئەندامانی خێزاندا دروست بووە لە نێوان باوك و کوڕ، لە نێوان ژن و مێرد و، لە نێوان کچ و دایك و خوشك و برا و، تاکێشەی ناپاکی هاوسەری)(٢٨).

لە ئاکامی ئەو بۆچوونانەی سەرەوە گەیشتینە ئەوەی کە بەشێکی زۆر لە کێشەکانی خێزان سەرچاوەکەی کێشە داراییەکانن و، قەیرانی دارایی و ئابوری کێشە داراییەکانی زیادکردووە و لێرەشەوە کێشە خێزانییەکان و کێشە کۆمەلایەتییەکان زیاتر بوون.

## ٦ - توندوتیژی خێزانی

مەبەست لە توندوتیژی خێزانی هەموو کردارێك یان وتەیەکە لە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەوە دەردەبڕدرێت بەرامبەر بەئەندامێکی تری خێزان، زۆربەی جار توندی و ڕەقی و زبری تیادا بەکاردەهێنرێت، ئازاری جەستەیی یان مەعنەوی دەگەیەنێت بەخێزانەکە یان بەیەکێك لە ئەندامانی، ئەمەش ڕەفتارێکی قبوڵنەکراوە و لێرسینەوەی لەسەرە [1]. توندوتیژییەکانیش جۆراو جۆرن توندوتیژی دەرونی و سۆزداری و گوفتاری و جەستەیی هەیە، هەروەها توندوتیژی ئابوری و توندوتیژی خێزانی هەیە، توندوتیژی سێکسی و توندوتیژی دژ بەئافرەت و توندوتیژی ئاینی و مەزهەبی هەیە، ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە توندوتیژی خێزانییە. لە چوارچێوەی توندوتیژی خێزانیدا دەگونجێت توندوتیژی ئابوری و دەرونی و سۆزداری و گوفتاری و جەستەیی پیادە بکرێت.

[1] محمد البيومي، العنف الأسري، أسبابه، آثاره، وعلاجه في الفقه الإسلامي، مجلة كلية الدراسات الاسلامية، مجلد ٩، عدد ٣٢، الاسكندرية، ص ١٧٤.

چەندین هۆکار هەن بۆ دروست بوونی توندوتیژی خێزانی لەوانە قەیران و داواکاری زۆری ئافرەت و گەنج، چاولێکەری و لاسایکردنەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مۆبایل و دراماکان، لاوازی پەروەردە و پەروەردەی ئاینی، زاڵبوونی بەها مادیەکان بەسەر بەها مەعنەویەکان، کەمی ڕێز و خۆشەویستی و بەزەیی، گۆڕانکارییە خێراکانی بواری ئابوری و تەکنەلۆژیا، لەم بارەوە باوکێك دەڵێت (یەکەم: قەیران و نەبوونی هۆکاری توندوتیژین. دووەم: ماڵی جیا و سەربەخۆیی خێزان بووەتە هۆی بێبەش بوونی تازە هاوسەرەکان لە فێرگە و قوتابخانەی ماڵی باوك. سێیەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕاگەیاندن ڕۆڵی خراپیان گێڕاوە لە زاڵکردنی بەها مادییەکانی وەکو سەیارەی مۆدێل بەرز و خانوو و باخ و ڤێلا و مۆبایلی نوێ. چوارەم: لاوازی پەروەردە و پابەندی ئایینی. پێنجەم: لاوازی خۆشەویستی و بەزەیی نێوان هەردوو هاوسەر چونکە خۆشەویستی لەوە دەچێت نەمێنێت بەڵام خۆ مرۆڤ بوون و بەزەیی هەر دەبێت بمێنێت. شەشەم: خەڵکی ئێمە ئامادەیی ئەو تەقینەوە ئابورییە گەورەیەی دوای ٢٠٠٣ نەبوو داهاتی زۆرو هاتنی ئینتەرنێت و کرانەوەی گەورە و تەکنەلۆجیای پێش کەوتوو، وای کرد ژیانی خەڵك بگۆڕێ و بەکەم ڕازی نەبێت و بەخراپ سوودی لێوەربگرێت و، ببێتە هۆی دەیان کێشەی کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی و پەروەردەیی بۆی، کاتێکیش لە ٢٠١٤ دا لە پڕ ئەو ڕەفاهییەتە نەما دەیان کێشەی تری لەگەڵ خۆیدا هێنا)(٢٠).

بازرگانێك دەڵێت (ئایین ڕێگرییەکی گەورەیە لە خراپ مامەڵەکردن و توندو تیژی، من بەوەرزش کردن توندوتیژی خۆم دەردەکەم و ئاسوودە دەبم، ماڵ پەیدا بکەی و لەدەستیشی بدەیت هەر دەبێت ڕازی بیت هەرچەندە من لەوانەیە نەتوانم ئاسایی بم)(٦).

هاوسەرێك ئاماژە بەتوندوتیژییەکەی دەدات و دەڵێت ( توندوتیژی دەبێت کاتێك بۆ کەسابەت لە دەرەوەی و هیچی وات دەستناکەوێت و دێیتەوە لە ماڵیشەوە داواکاریان زۆرە بۆیە تورە دەبیت و توندوتیژی دەنوێنی، زۆر جاریش ناچارم دان بەخۆمدا بگرم و خۆم کۆنتڕۆڵ بکەم)(٧).

- هاوسەرێك دەڵێت (قەیران هەرخۆی وشەیەکی توندە ڕەنگدانەوەی لەسەر مرۆڤیش توند دەبێت چونکە سروشتی مرۆڤ وایە گەر شتێکی نەبوو یان هەر کەموکورتییەکی دەرونی یان ماددی هەبوو بەرێگای دروست دەستی نەکەوت بەرێگای هەڵە دەستی دەخات و پەلامار دەدات، بۆیە ئاماری توندوتیژی و کوشتن و دزی و ئاژاوە و شەڕ ڕوو لە هەڵکشانە، من هەندێ جار تورەبووم لە پێناوی شاردنەوەی ئەو گرفتانەی کە قەیران بۆی دروستکردووم، تورەبوونی خۆگێلکردن یان لەبیربردنەوە، وەڵامەکانم وەڵامی مەنتقی نەبوون بەڵام بۆ خۆ دەربازکردن بووە)(٩).

قەیران سەختر کەوتووە لەسەر ئەو خێزانانەی کە ئاستی ئابورییان لە خوارەوەیە بەتایبەت کاتێك سەرۆك خێزان بێکارە و هیچ داهات و موچەیەکی نییە، یەکێك لەو سەرۆك خێزانانە دەڵێت (هەرچەندە لە بێتاقەتیدا وەختە بمرم بەڵام تا ئێستا دانم بەخۆمدا گرتووە، باوەڕم وایە ئەوەی زوو دەمرێت بۆ خۆی نەجاتی بووە، لە بێ

ئیشیدا بەناچاری دەخەوم تاڕۆژ و شەوم لێ بڕوات، زۆر جار خۆم دەکەم بەخەوتوو تاتوشی شەرو دەمە بۆڵە نەبم لەگەڵ هاوژینەم)(١١). یەکێکی تر دەڵێت (پەنام بۆ خۆکوشتن بردوە بەهۆی هەژاریەوە ئەمە ئەو پەڕی توندو تیژییە)(١٣). هاوسەرێکی تر ئیقرار لەسەر توندوتیژی خۆی دەکات و دەڵێت (قەیرانی ئابوری نا ئارامی دەرونی لای ئەندامانی خێزان دروست دەکات و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ توندوتیژی و ڕوداو و ڕەفتاری ناخۆشی لێ کەوتۆتەوە، ئەو مانگەی کە بەدوو مانگ جارێك موچەم وەرگرتووە بێگومان توڕەتر بووم و بێ تاقەت تر بووم و کە هاتومەتەماڵیشەوە گەر داوای پێویستییەکیان کردبێت هەڵچووم و توڕەبووم و توندوتیژیم نواندووە)(٣١).

تائێرە ئەوەمان بۆ ڕوون بوەوە کە بەشێکی تاڕادەیەك زۆر لە توندوتیژیەکانی خێزان سەرچاوەکەی کێشە داراییەکانن و، قەیرانی دارایی و ئابوری کێشە ئابورییەکانی زیادکردووە و لێرەشەوە سەری کێشاوە بۆ توندوتیژی خێزانی جۆراوجۆر، بوونی دادگای توندوتیژی خێزانی و زیادبوونی ئامارەکانی توندوتیژی لە دادگاکانی هەرێم سەلمێنەری زیادبوونی ئەم جۆرەیە لە توندوتیژی.

## ٧- قەبارەی خێزان

مەبەست لە قەبارەی خێزان گەورەیی و بچووکی خێزانە لە ڕێی ژمارەی منداڵەوە تاژمارەی خستنەوەی منداڵ زۆر بێت قەبارەی خێزان گەورەتر دەبێت و پێچەوانەکەشی ڕاستە، هەروەها مەبەستیشمان لە گۆڕانی جۆری خێزان دروست بوونەوەی خێزانی فراوانە بەهۆی قەیرانەوە. سەرەتائەوە ڕوونە منداڵ یەکێکە لە جوانترین و خۆشترین پێدراوەکانی دونیا و، ئاوەدان کەرەوەی ماڵە و لە داهاتووشدا پاڵپشتە بۆ باوان، بەڵام جۆرێك لە قەناعەت بەسنورداری و کەمی منداڵ دروست بووە لەناو کۆمەڵگەی کوردی لە هەرێمی کوردستان، پاڵپشتیش بۆ ئەمە ئامارەکانی دەزگای ئاماری هەرێمە کە تیایدا هاتووە قەبارەی خێزان لە سلێمانی (٤,٨) و، لە هەولێر (٥,٣) و، لە دهۆك (٦,٩) ە [1]. دەبینین لە سلێمانی قەبارەی خێزان کەمترینە چەندین هۆکاریش لەپشت ئەم دیاردەیەوەن لەوانە هۆکاری کلتوری و بەجیهانی بوون و هۆکاری کومەلأیەتی و ئابوری. بەبۆچوونی نموونەی توێژینەوەکەمان باوەڕبوون بەسنورداربوونی ژمارەی منداڵ بەئاشکرا دیارە بەتایبەت لە بارودۆخی قەیراناوی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە، یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی ئەم جۆرە قەناعەتەش ئابورییە، لەم بارەوە سەرۆك خێزانێك دەڵێت (سێ منداڵمان هەیە گەر باش بن بەسەو گەر خراپیش بن هەر بەسە، هەر ئەم باوەڕی وایە کە بونیاد و توانای جەستەیی ئافرەتی ئێستاجیاوازە لە هی ڕابوردوو لە ئێستادا خەرجی دکتۆرو عەیادەیان زۆر دەبێت و زوو پەکیان دەکەوێت، منداڵیش خەرجی زۆری دەوێت هەر لە شیرو دایبی و پۆشاك و

---

[1] دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، ڕوپێوی باری گوزەرانی خێزان و چاودێری ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨، سەرچاوەی پێشوو، بەردەستە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٣/١٢.

کەل و پەل و ژوری تایبەت، کە گەورەش ببن خەرجییەکانیان زیاتر دەبێت وەکو خەرجی خوێندن تاتەواوکردنی زانکۆ، بۆیە واباشترە خستنەوەی منداڵ ڕێکبخرێت و سنوورداریش بکرێت)(٤). هاوسەرێکی گەنج دەڵێت (قەیران ڕێگرە لەوەی لە یەك منداڵ زیاترمان هەبێت و حەزمان لە منداڵی زیاترە بەڵام لەبەرئەوەی خەرجی زۆری دەوێت و داهاتمان سنوردارە ناتوانین)(٣).

- ئەندام پەرلەمانێك دەڵێت (دۆخی ئابوری کاریگەری ڕاستەوخۆ و سەرەکی هەیە لەسەر قەبارەی خێزان و بچووك بۆتەوە، گۆڕانی کەلتوریش کاریگەری هەیە، قەبارەی خێزان لە سلێمانی کەمترینە لە هەولێر زیاترو لە دهۆك زیاتر دەبێت ٤,٥ و ٥ و ٥,٥ و لە عێراقیشدا ڕێژەکە بەرزترە)(٢٥).

نموونەی توێژینەوەکەمان جیاوازی دەکەن لە نێوان قەبارەی خێزانی کوردی لەچاو قەبارەی خێزانی عەرەبی عێراقی، بەوەی لای کورد ٢ تا ٣ منداڵ زیاتر نییە، بەڵام لای ئەوان لە ٥ بۆ ٦ منداڵ زیاترە، هۆکاری سەرەکیش دەگێڕنەوە بۆ نەبوونی قەیران لای ئەوان و بوونی لای ئێمە. بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەی بەهۆی بەجیهانی بوونەوە کلتوری خێزانی کوردی گۆڕاوە بەڵام زۆری و جۆراو جۆری قەیرانەکان و قەیرانی ئابوری لە هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر گەنج دروست کردووە بەوەی سست بێت لە هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان. کاریگەریشی لەسەر خێزان هەبووە بەوەی ژمارەی منداڵی کەم بخەنەوە، هۆکارێکی تریش نا سەقامگیری ئابوری و سیاسی ئێستاو نادیاری و نەبوونی متمانە بەداهاتووە بەپێچەوانەشەوە باوان مەترسییان هەیە، لەم بارەوە باوکێك دەڵێت (لەبەر کێشە ئابوری و ڕامیاری و پەروەردەییەکان لە دوو منداڵ زیاترمان ناوێت، هەروەها لەبەر بارودۆخی ناسەقامگیری عێراق و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەگشتی تاکەکان هەمووی لە شەڕی سیاسیەکانەوە دەگلێن و دەبنە سوتەمەنی، بۆیە منداڵێك کەمە و دوانیش زۆرە)(٢٢).

زۆر بەڕاشکاوی بەشداربووان وەڵامیان داوینەتەوە لە بارودۆخی ئێستادا و لە ڕوی ئابورییەوە بوونی هاوسەرو منداڵ بارگرانییەکی گەورەن، لەم بارەوە سەرۆك خێزانێك دەڵێت (لە قەیراندا هەردووکیان (پێکهێنان و قەبارەی خێزان) بارگرانییەکی گەورەن تا نەبن باشترە)(١٢).

بەڕای بەشداربووان هۆکارە ئابورییەکان لە پێش هۆکارەکانی ترەوەن لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی منداڵ لەمبارەوە دایکێك دەڵێت (بارە ئابورییەکە کاریگەری هەیە لەسەر ژمارەی منداڵ چونکە ژن و پیاو هەردوکیان دەچنە دەرەوە بۆ کارکردن و ناتوانن چاودێری منداڵ بکەن، خێزانە تازە پێکهاتووەکان زۆرینەیان دوو منداڵیان هەیە، خۆ ئەگەر ئافرەت لەماڵەوە بێت و باری ئابورییان باش بێت و نەچێتە دەرەوە بۆ کارکردن، ئەوا دەتوانێت منداڵی زیاتریان هەبێت، گۆڕانی سیستەمی ژیان و زۆری داواکاریەکانیش کاریگەرییان هەیە، لە پێش دوو هەزارەکان منداڵ هەموو خواردنێکی دەخوارد و کەس بۆی نەبوو ناڕازی بێت، بەس منداڵی ئێستا خواردنەکەی بەدڵ نەبوو ئەڕواتە دەرەوە یان دەبێت خواردنی بەدلیڤەری بۆ داوا بکەیت ئەمەش بارگرانی دارایی دەبێت)(٢٧).

- سەرۆك خێزانێك دەڵێت (پێشتر بەخێوكردنی منداڵ ئەوەندە گران نەبوو بەلآم ئێستابەهۆی خراپی دۆخی ئابورییەوە ناتوانرێت ژمارەی منداڵ زۆر بێت، ٨٠٪ ی خێزانەکان بەزۆری ٢ تا٣ منداڵە، ئافرەتیش ناچارە کار بکات بۆیە ناتوانێت لە ماڵەوە دانیشێت و منداڵ بەخێو بکات، تێچووە ئابورییەکانی منداڵی ئێستاش زۆرە و خەرجی منداڵی زۆریش ناکرێت، بۆیە ئەوانەشی خێزان پێکەوە دەنێن لە دوو منداڵ زیاتر ناخەنەوە)(٢٨).

(خێزانی کوردی بەرەو بچووك بوونەوە چووە چونکە ژمارەی منداڵی زۆر ناخرێتەوە لەبەرئەوەی تا منداڵ زۆر بێت خەرجی زیاتری دەوێت ئەو خەرجییە زۆرەش بەداهاتی کەم و بەموچە دابین ناکرێت)(٣١).

(بەهۆی قەیرانەوە باوان ناچارن قەبارەی خێزانەکەیان بچووك بێت، تابتوانن خواردنی پێویست و شوێنی شایستە و پۆشاکی گونجاو و خوێندن و تەندروسی باشی بۆ دابین بکەن تا ئەگاتە دابینکردنی پاشە ڕۆژیشی، بەهۆی بەربلآوی ئەم دیاردەیەوە ئەمساڵ لە بۆنەکانی سەری ساڵداو لە یەکێك لە وتارەکانی پاپای ڤاتیکان داوای لە گەنجان کرد لەبری بەخێوکردنی سەگ و پشیلە هاوسەرگیری بکەن و منداڵ بەخێو بکەن. ئەم هەرێمەی ئێمەش سەری بەوەوە ناوە کە هاوسەرگیری نەکات و قەیرەیی زۆر ببێت)(٢٨).

نموونەی توێژینەوەکەمان زانیاری ئەوەیان هەیە کە بەهۆی قەیرانەوە خێزانی گەورە دروست بۆتەوە و چەندین ماڵی کوڕ هەبووە کرێ ی پێ نەدراوە و چۆتەوە سەر ماڵی باوکی و لەگەڵ ئەواندا دەستیان بەژیان کردۆتەوە ئەم حاڵەتەش دەیان کێشەی تری خێزانی دروست کردووە. لەم بارەوە سەرۆك خێزانێك دەڵێت (بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە دیاردەی پێکهاتنەوەی خێزانی فراوان زۆرە، کاتێك کوڕ نەیتوانی کرێ خانوو دابین بکات بەهۆی نەبوونی کار یان موچەوە، دوو تاسێ مانگ دەتوانێت کرێ بدات کە هەر کاری نەبوو بەناچاری یان دەبێت جیاببێتەوە یان بڕۆنەوە سەر ماڵی باوك، ئەویش دەیان کێشەی جۆراو جۆری بۆ دروست دەکات)(٢). یەکێکی تر دەڵێت (برادەری خۆم هەیە ماڵی کوڕەکەی هێناوەتەوە سەر ماڵ تا کرێ خانوو نەدات)(٧).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە قەیرانی دارایی و ئابوری ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر قەبارەی خێزان لەشاری سلێمانی و بچووکی کردۆتەوە، بەوەی ژمارەی منداڵ لەناو خێزان کەمبۆتەوە و لە لایەکی تریشەوە هاوسەرگیری کەمکردۆتەوە، تاڕادەیەکیش خێزانی فراوان دروست بۆتەوە گەر کاتیش بێت.

## ٨ - پەیوەندیە ڕۆحی و دەرونییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان

پەیوەندییە ناوخۆییەکانی ئەندامانی خێزان دابەش دەبێت بۆ پەیوەندی نێوان هەردوو هاوسەرو پەیوەندی نێوان باوان و منداڵەکان، لە حاڵەتی تەندروستدا هەردوو پەیوەندییەکە پەیوەندی پتەو و تۆکمەن لەڕوی دەرونی و ڕۆحییەوە، سۆز و خۆشەویستی ڕاستەقینە و بێ خەوش زاڵە بەسەریاندا، بەو پێیەی لە یەکەمیاندا پەیوەندی هاوسەری و زایەندی و لە دووەمیشیاندا پەیوەندی خوێنی هەیە. پەیوەندی نێوان هەردوو هاوسەر پتەو نابێت

گەر ئارامی و سۆز و خۆشەویستی و بەزەیی تیادا نەبێت، ئەوە سوننەتی ژیانە کە مرۆڤ مەیل و ئارەزووی بۆ ڕەگەزی بەرامبەر هەیە، ئەمەش بەگرێبەستی هاوسەری لەلای ئایینەکان و لەلای یاساش ڕێکدەخرێت و بەپەیوەندییەکی پیرۆز و ڕێز لێگیراو ئەژماردەکرێت و نابێت سنورەکانی ببەزێنرێت [1]. لە زمانی کوردیشدا بەچەند ناوێکی جوانی وەکو هاوسەرو هاوژین و هاودەم ئاماژە بەپەیوەندی هاوسەری دەدرێت.

هەرچەندە جۆرێك لە پچڕانی پەیوەندی سۆزداری نێوان هاوسەران هەیە کە بەتەلاقی عاتفی ناودەبرێت، ئەویش ئەوەیە کە لە ژێر یەك سەقف و بنمیچ و ماڵدا دەژین بەلاّم بەبێدەنگی و بەبەبێ پەیوەندی سۆزداری، لەبەر منداڵەکان بێت یان لەبەر پارێزگاری لە شێوە و مانەوەی خێزان بێت لەبەرچاوی دەوروبەر. فشارو کێشە داراییەکان گرنگترین هۆکاری ئەم تەلاقەن، فشارە ئابوریەکان پاڵ بەهەردوو هاوسەرەوە دەنێن کە سەرقاڵی کارکردن و چۆنێتی بەڕێوەبردنی ماڵ بن بەتایبەت لە بوونی منداڵ و گرانی پێداویستیەکان، داهات و بوجەی مانگانە و بەڕێوەبردنی ماڵ هەردوو هاوسەر ناچاردەکات بیری لێ بکەنەوە و مێشکیان هیلاك بێت پێوەی بەبێ بیرکردنەوە لە هەست و سۆز دەربڕین بۆ یەکترو گرنگیدان بەیەکتر [2].

سەبارەت بەپەیوەندی نێوان باوان و منداڵیش لە سەرەتای دروست بوونی ژیانی مرۆڤەوە لەسەر زەوی لەڕێی خستنەوەی وەچەوە ژیانی مرۆڤ بەردەوامە، کەوەچەش دروست بوو پەیوەندی نێوانیان دروست دەبێت، ئەمەش پەیوەندییەکی پاك و بێ خەوش و بێ بەرامبەرو فیترییە، چونکە پەیوەندی خوێنە و منداڵ لە جیناتی هەردوو هاوسەرەوە دروست دەبێت و بەدرێژایی ژیانیان و تاڕادەیەك بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندیان بەردەوام دەبێت. هەردوو لایان ئەرك و مافیان بەسەر یەکەوە هەیە ، باوان بەپرسن لە پێگەیاندن و پەروەردە و فێرکردن و، منداڵەکانیش پابەندن بەگوێڕایەڵی و ڕێز گرتن و یارمەتیدانیان کاتێك گەورە بوون [3]. بۆیە جێ ی خۆیەتی باس لەلاواز بوون یان پتەو بوون و گۆڕانی پەیوەندی نێوان باوان و منداڵ بکەین لەسەردەمی قەیرانی ئابوریدا تابزانین چ ڕەنگدانەوەیەکی هەبووە لەسەری.

بەڕای بەشداربوانی نموونەی توێژینەوەکەمان یەکێك لە ڕەنگدانەوەکانی قەیران بریتییە لە لاواز بوونی پەیوەندی ڕۆحی و خۆشەویستی نێوان ئەندامانی خێزان، بەشێوەیەك قەیران بووە هۆی کەمی داهاتی خێزان و کەمی داهاتیش بووە هۆی تێرنەبوونی سەرجەم پێداویستییەکانی ئەندامانی خێزان و، لە هەندێ باریشدا بۆتە هۆی دروست بوونی گرژی و ناکۆکی لە نێوانیاندا، ئەمەش واتای کەمبوونەوەی خۆشەویستی و هۆگری ڕۆحی

---

(1) HOUSEPSYCH، العلاقات الاسرية، في الموقع الالكتروني التالي http://ar.housepsych.com/otnosheniya-v-seme_default.htm في ٢٠٢٢/٣/١٢.

(2) لاريسا معصراني، عندما تغيب لغة الحوار، الطلاق العاطفي أصبح الظاهرة الأكثر شيوعا بين الأزواج، على الموقع الالكتروني التالي www.aljazeera.net/news/lifestyle/2021/1/18/قصص-واقعية-لطلاق-عاطفي-أزواج-وزوجات-في، في ٢٠٢٢/٣/١٢.

(3) فيصل بن عائض الابقمي، طبيعة العلاقة بين الاباء والابناء و دورها في الوقاية من الانحراف الفكري، اطروحة دكتوراه، جامعة نايف بن العربية للعلوم الامنية، الرياض، ٢٠١٠، ص ١٧.

دەگەیەنێت. بەپێچەوانەشەوە بوونی داهات و دارایی باش لەوانەیە پەیوەندیی خۆشەویستی باشترو پتەوتر دەكات. بەهۆی داراییەوە لەوانەیە بتوانرێت پەیوەندی خۆشەویستی و ڕۆحی نێوان ئەندامانی خێزان زیاتر بكرێت و باشتر ببێت، لەم بارەوە باوكێك دەڵێت (كاتێك منداڵەكەت داوای شت دەكات و بۆی دەكڕیت باشتر گوێڕایەڵ دەبێت و خۆشەویستی زیاتر دەبێت، بۆ نموونە گەر من هەمبێت سەیارەیەك بۆ كوڕەكەم بكڕم و ژنی بۆ بهێنم و خانوێكی بۆ بگرم و كرێ ی بۆ بدەم، پەیوەندی نێوانمان باش دەبێت و هەموو شتێكم بەگوێ دەكات، بەلاًم لەبەر ئەوەی ناتوانم ئەو شتانەی بۆ بكەم وەك دەیبینیت پەیوەندیم لەگەڵی زۆر خراپە)(٨).

بەڕای بەشداربووانی سامپڵی توێژینەوەكەمان ڕەنگدانەوەیەكی تری قەیران بریتییە لە سنورداركردنی ئەو چالاكیانەی كە دەبنە هۆی باش كردن و پتەوكردنی خۆشەویستی، یەكێك لەو چالاكیانەش كڕینی دیارییە بۆ ڕۆژی لەدایكبوون و ڕۆژی هاوسەرگیری و ئاهەنگی دەرچوون، لەم بارەوە وتەی بەشداربوانی نموونەی توێژینەوەكەمان دەهێنینەوە وەكو:

- باوكێك دەڵێت (فەرموودەیەك هەیە، پێغەمبەر درودی خوای لێ بێت دەفەرموێت (تهادوا تحابوا)، دیاری بدەن خۆشەویست دەبن، كاتێك باوك هەموو ساڵێك یادی لەدایكبوون بۆ منداڵەكانی بكاتەوە یان وەك هاوسەر یادی هاوسەرگیری بۆ هاوژینەكەی بكاتەوە خۆشەویستی نێوانیان زیاتر دەبێت، ئەمانە بەدارایی دەكرێت و قەیرانی دارایی ئەمانەی سنوردارو كەمكردەوە، لە ئەنجامی نەمانی دیاری و یادكردنەوەكان ژیان دەبێتە ڕۆتین و كات بەڕێكردن كە لای ماڵی ئێمە ئەو یادانە ناكرێتەوە و تەنها ژیان بەڕێدەكەین)(٩). باوكێكی تر دەڵێت (دڵخۆشی و پتەوی پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان بەبوونەوەیە، گەر داهات نەبوو دەیان كێشەت بۆ دروست دەبێت، ئەو كاتە باوك و دایك دڵیان خۆشە كە منداڵەكەیان دڵی خۆش بێت و لە هیچی كەم نەبێت)(١٣) .

- یەكێكی تر دەڵێت (بەگشتی گۆڕاوە پێشتر یەك تەلەفیزۆن هەبوو كاتی ژەمەكان لەسەر یەك سفرە نان دەخورا، بەلاًم ئێستا منداڵ و گەنج بەمۆبایلەوە سەرقاڵن و نیو سەعات بەیەكەوە دانانیشن قسە بكەن، كۆبونەوەی خێزانی نەماوە و كاریگەری هەیە لەسەر خۆشەویستی نێوانیان)(١٩).

- هاوسەرێك دەڵێت (قەیران ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر پەیوەندییە ڕۆحییەكانی نێوان ئەندامانی خێزان و ساردی كردۆتەوە، پەیوەندی ڕۆحی و خۆشەویستی خوشك بۆ خوشك و براكانی پەیوەندی برا بەبرا و خوشكەكانی كەم بۆتەوە، ئەگەر مابێت لە دایك و باوكەوە بۆ منداڵەكان ماوە بەلاًم بەداخەوە لە منداڵەكانەوە بۆ باوان كەم بۆتەوە، لە نیوان خوشك و براكانیشدا كرچ و كاڵ بۆتەوە. قەیران وای كردووە تەنها فریای بیركردنەوە و خەمخواردن لە پێویستییەكانی خۆی بكەوێت و نەپەرژێتە سەر ئەوەی بیر لە خەمی كەسانی تر بكاتەوە)(٣١).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە قەیرانی دارایی و ئابوری ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر پەیوەندییە

ڕۆحیەکانی نێوان ئەندامانی خێزان لەشاری سلێمانی و کەمیکردۆتەوەو گرژی و ناکۆکی نێوانیانی زیادکردووە بەتایبەت لە کاتی کارکردنی هەردوو هاوسەر لەدەرەوەو، لە شوێنی جیاداو لە هەندێك حاڵەتدا بۆتە هۆی پچڕانی تەواوی ئەو پەیوەندیە، قەیران بۆتە هۆی سنوردارکردنی ئەو چالاکیانەی کە دەبنە هۆی باش کردن و پتەوکردنی خۆشەویستی، لەو چالاکیانەش کڕینی دیاری بۆ ڕۆژی لەدایکبوون و ڕۆژی هاوسەرگیری و ئاهەنگی دەرچوون.

## ٩ - بەختەوەری و گەشبینی

لە کۆمەڵناسیدا لە چوارچێوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان و کارلێکی کۆمەڵایەتیدا باس لە بەختەوەری مرۆڤەکان دەکرێت، بۆیە کۆمەڵناسی پێناسەی بەختەوەری کردووە بەوەی هەستی پۆزەتیڤە بەرهەمدێت لە ئەنجامی کارلێکی کۆمەڵایەتی، بەجۆرێك بەهۆی کارلێکی کۆمەڵایەتی پەیوەندی کۆمەڵایەتی دروست دەبێت و لەمیشەوە بەختەوەری، نموونەش بۆ ئەمە پەیوەندی هاوسەرگیری و، هاوڕێیەتی و، هاوەڵانی شوێنی کارو دراوسێیە، لەهەریەك لەم پەیوەندیانەوە ئاسوودەیی و بەختەوەری دروست دەبێت [1].

گەشبینی (محسن ٢٠١٢)پێناسەی کردووە بەوەی: پێشبینی ئەرێنی تاکە بۆ ڕوداوە گرنگەکان لە ژیانی داهاتووی، وا دەکات تێڕوانینی باشتر بێت و پێشبینی چاکەو سەرکەوتن بکات [2].

لە سەدەی نۆزدەدا گرنگی بەبەختەوەری وەکو چەمك و بابەت دەدرا، هۆکارێکی گرنگی ئەم بابەتە لە خۆگرتنی وڵامەکان بوو بۆ پرسیارە دوور مەوداکانی کۆمەڵناسی، ئەمەش لەکارەکانی دامەزرێنەرانی کۆمەڵناسی (ئۆگست کۆنت) و (هربت سبنسر) ڕەنگی دابووەوە کە گرنگیدان بوو بەهەر بابەتێك پەیوەندی بەکۆمەڵگەوە هەبێت، ئەمەش ئەو ئەنجامەیە کە زۆرێك لەخەڵکی پێی گەیشتوون، بەوەی بەختەوەری بەڵگەیە لەسەر مەودای گونجاوی کۆمەڵگەی نوێ بۆ ژیان، چونکە بوونی بەختەوەری ئاستێکی بەرزە و وەڵامە بۆ بابەتی پێش کەوتنی کۆمەڵایەتی، لەکاتێکدا نەبوونی ڕامان دەکێشێت بۆ دواکەوتوویی کۆمەڵایەتی و بابەتی نایەکسانی، هەندێ چین و کەس هەن بەختەوەرییان کەمترە لەچاو هەندێکی تردا، بەشێکی نایەکسانی بەختەوەری وابەستەی نایەکسانیە لە دەرامەتدا، لێرەشەوە بابەتی جیاوازی چینایەتی و کۆمەڵایەتی و ئابوری دێتە پێش، بەڵام لەگەڵ ئەم گرنگییەش کە هەیەتی زیاتر بابەتی توێژینەوەکانی دەروونناسی و ئابوری بووە نەك کۆمەڵناسی [3].

---

[1] رغد كلاب، تعريف السعادة، ٢٠٢١، على الموقع الالكتروني التالي sotor.com/تعريف-السعادة/ في ٢٠٢٠/٣/١٥.

[2] محيسن عون، التفاؤل والتشاؤم لدى طلبة جامعة ألاقصى بغزة في ضوء بعض المتغيرات، مجلة الجامعة الإسلامية لدراسات التربوية والنفسية، مجلد ٢٠، العدد ٢، فلسطين، ٢٠١٢، ص ٥٧.

[3] Ruut Veenhoven, THE SOCIOLOGY OF HAPPINESS Topic in Social Indicators Researchi, Erasmus University Rotterdam, Proceedings of Common Sessions of the ISA Forum 2016, p 6.

بەختەوەری بابەتێکی گرنگە لای هەموو وڵاتانی جیهان و کاریگەری هەیە لەسەر سیاسیەتی ئابوری زۆرێك لە دەوڵەتان و، ئاراستەی سیاسەتی ئابورییان بەرەو بەختەوەری و خۆشگوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگەیە، چەندین هەوڵ هەیە لەسەر ئاستی نیشتمانی، لەوانە زیادکردنی نیشاندەری بەختەوەری بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکانی باشترکردنی کوالێتی ژیانی هاووڵاتیان. لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەستکرا بەتوێژینەوەکان لەسەر بەختەوەری لە زانستەکانی فەلسەفە و دەروونناسی و ئابوری و کۆمەڵناسی بەتایبەت لە بواری بازاڕگەری و ڕەفتاری بەکاربەردا [1] . لە لای کۆمەڵناس (ئەمیل دۆرکایم) گۆڕانی کۆمەڵایەتی و گواستنەوە لە هاوبەندی میکانیکی بۆ هاوبەندی ئەندامی و دابەشبوونی کار، ئامانج لە هەمووی بەختەوەری و خۆشبەختی کۆمەڵگەیە نامۆبوونی کرێکار لە جیهانی سەرمایەداری لای (کارل مارکس) هۆکارەکەی نەبوونی بەختەوەری و خۆشگوزەرانیە [2].

لە ئەنجامی ووردبوونەوە لە بیروڕا و بارودۆخی گوزەران و ژیانی نموونەی توێژینەوەکەمان و هەڵسەنگاندن بۆ ئەو خەفەت و بێتاقەتیانەی کە هەیانە بەرامبەر بەئێستاو داهاتوو دەتوانین بڵێین ئاستی بەختەوەری و گەشبینی تاڕادەیەکی باش پەیوەندی بەلایەنی دارایی و ئابورییەوە هەیە، بۆ پاڵپشتی ئەم ئەنجامەش چەند نموونەیەك لە ڕای بەشداربوان دێنینەوە:

(هۆکارەکانی بەختەوەری زۆرن و ئەوەی پەیوەندی بەئابورییەوە هەیە ئەوەیە بەهۆی نەبوونیەوە ئەو کەسە بەشێك لە بەختەوەری خۆی لەدەست دەدات، بەختەوەری ئاینی و، خێزانی و هاوڕێ و خانوو بەختەوەری کەسێتی و بڕوانامە و.. هتد، هەژار مەحروم ترەو بەختەوەری کەمترە، چینی هەژارو فەرمانبەرو کاسبکاری ئاسایی ناو بازاڕ زیانمەندی سەرەکی بوون لە قەیران)(٤).

(سەرچاوەی بەختەوەری باوەڕی ئاینیە و، بەشێکی تریشی پەیوەندی بەباری ئابورییەوە هەیە چونکە کاسەی پڕ ئاشتی ماڵە، سیلەی ڕەحم بەختەوەرییە، هاوکاری دراوسێ و خەڵك بەختەوەرییە، کار دۆزینەوە بۆ خەڵك و ڕزگارکردنی خەڵك لە بێکاری بەختەوەرییە، خەڵك دەبینم بێ کارە پێی بێتاقەت دەبم. خێزانم باشە و دوو منداڵم هەیە ئەوە بەختەوەرییە، زیکرو یادی خوا دەکەم ئەوە بەختەوەرییە، کارکردن و کاسپی بەختەوەرییە، ڕازی بوونی دایك و باوك و، ڕاستگۆیی لە کارو کردەوە سەربەرزی و بەختەوەرییە)(٢٢).
(بەختەوەری لای چینەکان جیاوازە، لای چینی هەژار ئەوەیە ئەو ڕۆژە خواردنی دەست کەوێت و سکی تێر بێت، لای کرێکارێك ئەوەیە ئەو ڕۆژە ١٠ هەزار پەیدا بکات و بیدات خواردنێك بۆ ماڵەوە، بەلام لای ئاستێکی تر ئەوەیە

[1] Hyunhee Woo, Hyung Jun Ahn, BIG FIVE PERSONALITY AND DIFFERENT MEANINGS OF HAPPINESS OF CONSUMERS, Economics & Sociology, Vol. 8, No 3, 2015, pp145.
[2] Jugureanu, Alexandra, A Short Introduction to Happiness in Social Sciences, Belvedere Meridionale vol. 28. no. 1. pp 58 – 63.

سەیارەکەی مۆدێلی نزمە بیکات بەمۆدێل بەرزتر، خانوەکەی بچوکە بیکات بەگەورەتر، دیکۆری خانوەکەی بکات بەجۆرێکی تر)(٨).

(ئومێدی من خانوەکەمە، تاخانوەکەم هەبێ باشم، ئایا ئەمانە حکومەتن یان نا ئایا معاش دەدەن یان نا نازانی بۆیە داهاتوو نادیارە و ڕەشبینم)(٥).

(پێش قەیرانی سالّی (٢٠١٤)، زۆرینەی خەڵك هەبوو بووە و دڵخۆش بووە و، دوای (٧) ساڵ ئێستا (٨٠٪)ی نەبووە و دڵی ناخۆشە، ئەمەش ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر هەموومان، بۆیە منیش بەدڵ ناخۆشی هاونیشتمانیان و نزیکەکانم دڵم ناخۆش دەبێت و بەشادیشیان بەختەوەر دەبم)(٦).

(کاتێ سەیری کارەکانی دەسەڵات دەکەیت ڕەشبین دەبیت بەرامبەر داهاتوو، بۆیە گەر پابەندی ئاینی نەبوو مرۆڤەکان پەنا دەبەنە بەر تاوان کردن یان خۆکوشتن یا دزی و مادەی هۆشبەر یان هەڵهاتن و بەجێهێشتنی خێزان، دەسەڵاتەکان دەگۆڕێن و سیستەمی تر دێتە سەر حوکم، چەندین دەسەڵاتی خراپ لەناوچون بەلاّم ئەوانەشی دێن زۆر باشتر نابن، بۆیە بێ تاقەت دەبیت و ڕەشبین دەبیت، نەبوونی بەختەوەرییە وای لەخەڵك کردووە توشی ڕەشبینی ببێت، هەیە کاتێ باسی ژیانێکی خۆشی بۆ دەکەی لای بۆتە خەیاڵ، ئەو توشی ڕەشبینی بووە و ئەڵێ ئەم بارودۆخ و قەیرانە هەر خراپتر دەبێت و چاك نابێت و من هەر نابم بەخاوەنی ماڵ و ژینی خۆم من هەر نابم بەخاوەنی سەیارەی خۆم، بەبەردەوامی لە ڕەشبینیدا دەژی تاتوشی وەستان لە ژیان دەبێت و هیچی بۆ ناکرێت، بەختەوەری وەرگیراوەو بەدەست دێت، کاتێك بەدەست نایەت ئیتر پێچەوانەکەی دروست دەبێت کە ڕەشبینی و گرفت و کێشە و خەمۆکیە تا سەردەکێشێ بۆ لادان و تاوان و نامۆ بوون و ئەنۆمی، تادەگاتە دورکەوتنەوەی لە کۆمەڵگە و دروست بونی ڕق و بوغز لە هەموو شت و هەموو کەسێك و ناتوانێ جارێکی تر خۆی هەستێنێتەوە و تێکدەشکێ)(٨).

(ڕاستە بەختەوەری و گەشبینی بەشێکی زۆری پەیوەستە بەباشی دۆخی دارایی و ئابوری، بەلاّم خێزان و کەسی تریش هەن بارودۆخی داراییان باشە بەلاّم هیچ تروسکاییەك لە دڵیاندا نییە چونکە باوەرو قەناعەت نییە، بەلاّم بەگشتی بەختەوەری کەمە و خەڵك ڕەشبینە و گەشبین نییە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش خراپی سیستەمی دەسەلاّتی سیاسی و ئابورییە)(١٩).

(بەهەڵبژاردنیش خەڵك نائومێد بووە لە تەزویرو دەنگ دان و ئەوەی دەبینرێ (٣٠٪)ی دەچێت و دەنگ دەدات و زۆریشە ئەوەی دەنگەکەی دەسوتێنێت، هاوولاّتی گەشبین نیە و ڕەشبینە چونکە قەیران دوای قەیران دروستی دەکەن، خەڵك نا بەختەوەرە و ئەمەش کارەساتە قەیران ڕەشبینی زیاد کردوە)(١٧).

(خەڵك زۆر ڕەشبینە، منیش ڕەشبینم بەرامبەر بەم دەسەلاّتە، چونکە چاکسازی ناکەن و باش نابن و قۆرخکاری

هەیە و حیزبی بوون مەرجە و خزم خزمێنە هەیە، تازووە فۆرخکاری کۆتایی پێ بێت و میللەت ئاشت بکرێتەوە، دەستی کۆمپانیا حیزبیەکان لە حکومەت دەربکێشرێت، چونکە حکومەت دەبێت ئازاد بێت تاخەڵك شانازی پێوە بکات، (٧٠٪ تا٨٠٪) ی خەڵك ڕەشبینە، چونکە حیزبی دەسەلاتداری دەوڵەمەند و حکومەتی قەرزدارو خەڵکی هەژار زۆرە، گەر خۆکوشتن حەرام و یاساغ نەبوایە خەڵك پەنای بۆ دەبرد و ڕێژەکەی زۆر زیاتر دەبوو)(٢١).

خێزان و دایك و باوك هەر کارێك بکەن و هەر هەوڵێك بدەن بۆ دابینکردنی بەختەوەری و داهاتووی باشە بۆ ئەندامانی خێزانەکەیان، بەشێکی بەختەوەریش پەیوەستە بەباشی باری دارایی و ئابوری خێزان، کاتێکیش قەیرانی دارایی و ئابوری هەبێت ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی نەرێنی دەبێت لەسەر ئابوری خێزان و بەختەوەریەکەی و کێشەی بۆ دروست دەبێت و کەمدەبێتەوە، کاتێکیش کۆمەڵگە بێ ئومێد دەبێت لە هەنگاوەکانی حکومەت و دەسەلات بۆ چارەسەری قەیران ئەوکات متمانە بەداهاتوویەکی باشتریش نامێنێت، گەر بەختەوەری کەم بێت و ئایندەی باشیش نەبێت سەر دەکێشێت بۆ ڕەشبینی، ئەمەش کاردانەوەی خراپی لێ چاوەڕوان دەکرێت لەم بارەوە وتەی هەندێك لە نموونەی توێژینەوەکەمان دەهێنەوە:

- یەکێك لە بەشداربوان دەڵێت (گەیشتوینەتە ڕۆژگارێك گاڵتەمان دێت بەوشەی بەختەوەر بوون و گەشبینی وامان لێ هاتووە دەبێت لەگەڵ نەگبەتییەکاندا ڕابێین، بێ گومان کە باوەڕمان بەهەبوونی بەختەوەری نەما بێ ئومێد دەبین، سەردەکێشێ بۆ ڕەشبینی ئەم دەسەلاتەش هەرچەند سەیری هەنگاوەکانی دەکەیت ڕەشبینتر دەبیت)(٣١).

(ئومێد بەداهاتووی باشتر نەماوە و کەمبۆتەوە لە بەرامبەردا هەموو ڕەشبین بووین، لای هەموو کەسێك لەم کۆمەڵگەدا ئەو حاڵەتە هەیە، ئومێد بەهیچ شتێك نەماوە لەم وڵاتەدا، ناشزانین چاك دەبێت یان نا، مەگەر خوا چاکی بکات چونکە چوار دەورمان ئاگرە و لە ناوخۆشدا کێشەمان زۆرە بۆیە تەنها لە دەسەلاتی خوادایە ئەم بارودۆخەمان بۆ باش بکات، ئومێد بەڕێژەیەکی زۆر کەمە و ڕەشبینیش زۆر زۆرە، ئەمەش ڕەنگی داوەتەوە لەسەر باری دەرونی هەموو کەسێکی گەورە، خەفەتی هەیە و هەست بەکێشەکان دەکات و بێتاقەتە)(٧).

(منیش و خەڵك هەمووی ڕەشبینە و کێشەیان هەیەو خەڵك بێزارەو فریای گوزەرانی ناکەوێت)(١٦).

کاتێك بەختەوەری نەبێت مرۆڤ لە ژیان بێزار دەبێت و هیوا بەمردن دەخوازێت، کاتێك نەتوانرا پێداویستیە سەرەتاییەکان دابین بکرێت و بێبەش بێت لێیان و، ئەو کەسەش لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بێت وەکو سەرۆکی خێزان ئەو کات هەستکردن بەئازاری ویژدان زیاتر دەبێت و فشارە دەرونیەکان زیاتر دەبن، دواتریش گەر دەرچەیەك نەبێت و کارێکی باش دەست نەکەوێت و هەژاری درێژە بکێشێت سەر دەکێشێت بۆ لادان و تاوان یان پەنا بردن بۆ کۆتایی هێنان بەژیان، بەڵام لەبەر ئەوەی کارێکی وا حەرامە و هەڕەشەی خوایی لەسەرە کەمتر پەنا دەبرێت بۆی بەڵام ئاواتە خوازی بۆ دەکرێت ئەمەش لای بەشێك لە نموونەی توێژینەوەکەمان بەدیکرا وەکو:

(بەختەوەری نییە، هیچ دەرویەك نییە بەتایبەت بۆ هەژار، ئومێد نییە ڕەشبینی زۆر زۆرە، تابلێی ڕەشبینم لە چاك بوونی ئەم بارودۆخە فەیراناویە، بێ ئومێدم لە هەرچی دەسەلأت و حیزب و کەسێکە لەم ولأتەدا)(١٣).

(بەختەوەری نییە ئەوکاتەی ئەمری ئەحەسێیتەوە مردن نەجات بوونە لە نەهامەتیەکانی ژیان، لەبەر خۆمەوە شتی باش دەڵێمەوە بەوەی خوا ڕۆزی دەدات تاورەیەك بدەم بەخۆم و نەڕوخێم ئیتر هەرچۆنێك بێت ژیان بەسەر دەبەین بەنەهامەتیش بێت و بەقەرزداریش بێت، گەر حەرامی خۆکوشتن نەبوایە دەمێك بوو خۆم کوشتبوو)(١١).

پێچەوانەی ئەمەش لەنموونەی توێژینەوەکەماندا کەسانێك هەن گەشبینن، بەڵام هۆکاری گەشبینیەکەیان لە باوەڕی ئاینیەوە سەرچاوەی گرتووە و باوەڕیان وایە بارودۆخەکە دەگۆڕێت و تاسەروا نامێنێتەوە بەڵام نازانن کەی و چۆن دەبێت، لەمبارەوە وتەی چەند بەشداربوویەکی نموونەی توێژینەکەمان دەهێنینەوە وەکو:

(باوەڕدار دەبێت هەر گەشبین بێت و خوا دەروو دەکاتەوە و ئەمانەش تاسەر نامێننەوە، مرۆڤ لە خۆیەوە دەست پێ بکات و خۆی باش بکات بارودۆخیش باشتر دەبێت)(٤).

(گەر قوڵتر و ژیرانەتر بیر بکەیتەوە دەبێت واز لە ڕەشبینی بێنیت و، هەوڵی گۆڕانکاری بدەیت، کە ڕەشبین بوی هەموو تەمەنت ڕەشبین دەبێت، ئومێدت بەداهاتوو هەبێت و بەچاك بوونی بارودۆخەکە، ئەکرێ دەسەڵاتێکی تر بێ خۆ لە شەو رۆژێکدا جاری وا هەیە دەسەلأت دەگۆڕێت)(٦).

(ڕەشبین نیم و ئومێدیشم هەیە ڕۆژێك دێت دەسەلأت و حکومەت و بارودۆخ بگۆڕێ و باش ببێت، چونکە خەڵکی باش هەر هەیە لە مامۆستایانی زانکۆ و کەسانی ئەکادیمی و سیاسی باش، بەگەشبینی دەچمە دەرەوە بەیانیان و بەگەشبینی دێمەوە ماڵەوە، هەرچەندە حکومەت دەستی بەسەر ئابوری تۆدا گرتووە تۆ بڕۆ لە شوێنێکی تر ئابوری خۆت پەیدا بکە)(٢٢).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە فەیرانی دارایی و ئابوری ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر بابەتی بەختەوەری و گەشبینی خێزان لەشاری سلێمانی، بەوەی لای چینی خواروو بەختەوەری و گەشبینی بەداهاتوو لە ئاستێکی زۆر نزمدایە و لە بەرامبەریشدا ڕەشبینی و بێ ئومێدی زیاتر بووەو گەیشتۆتە ئاستێکی بەرز، بەڵام لای چینی مام ناوەندی ناوەڕاست و مام ناوەندی سەروو و چینی بالاَ بەختەوەری زیاتر دەبێت بەلأم گەشبینی بەداهاتوو هەر لە ئاستێکی کەمدا دەمێنێتەوە.

## ١٠ - خۆشگوزەرانی و کوالیێتی ژیان

خۆشگوزەرانی پەیوەستە بەڕازی بوونی مرۆڤ لە دادپەروەری و ژینگەی گونجاو و سیستەمی دڵنیایی

تەندروستی و پەروەردە و سیستەمی سیاسی، خۆشگوزەرانی سیستەمێکی تەواوکارییە، کاتێك خێزان بەدوای حەز و خولیاکانیدا گەڕا و دڵنیا بوو لە ئاییندەیی و پێداویستییە ماددی و مەعنەویەکانی بەردەست بوو، دڵنیا بوو لەوەی سبەی داهات و ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و تەندروستی و پەروەردە و چاودێری کۆمەڵایەتی دەبێت و ژیانی مسۆگەر دەبێت، هەروەها کاتێك مافی خەڵکی لاواز لە کۆمەڵگەدا پارێزراو بوو و ئەوە ئەو کۆمەڵگەیە نزیکە لە خۆشگوزەرانییەوە، پێشتر چینی مام ناوەند خۆشگوزەران بوو ژمارەکەی زۆر بوو ئێستاکەمبۆتەوە، خۆئەگەر بابەتە مەعنەوییەکانی لێ دەربکەیت وەکو بەختەوەری و بیبەستیتەوە بەهاوکێشە ئابوریەکەوە ئەوە خێزان کەی دەستی گەیشتە پێداویستیەکانی و توانی کمالیات بەدەست بێنێت ئەوە خۆشگوزەرانی هەیە (٢٥).

خۆشگوزەرانی لە دونیادا دوو پێوەری هەیە، یەکەمیان پێویستی تاك لە سەبەتەی خۆراك و ئەو شتانەی کە تیایەتی، بۆ نموونە لە مانگێکدا چەند گۆشت و شیرینی و کالۆری دەخوات، دووەمیان داهاتی تاك بەدۆلار ئەگەر هاولاَتییەك کەمتر لە دوو دۆلاری هەبێت ئەوە هەژارە و خۆشگوزەرانی نییە. کوالێتی ژیان واتە دەوڵەمەندی سەبەتەی بەکاربەر، ئەوەیە ئایا لە هەفتەیەکدا چەند جار گۆشت دەخوات و خۆی دەشوات، تەندروستی چۆنە، لەچ خوێندنگە و زانکۆیەك دەخوێنێت ئەهلی یا حکومی، خاوەنی چ جۆرە سەیارەیەکە، خانوەکەی لە چ گەڕەکێك و سیتیەکە (٢٤).

مەبەست لە سەبەتەی بەکاربەر (سلة المستهلك): ئەو سەبەتەیەیە کە زۆرینەی پێداویستییەکانی بەکاربەر لە خۆدەگرێت وەکو خواردەمەنی و ئاسایش و کرێ ی خانوو و گواستنەوە و سوتەمەنی، بەپلەی یەکەم خواردن ئەساسە پاشان ئاسایش و ئەمنیەتی مرۆڤ خۆی، دواتر شوێنی نیشتەجێ بوون لە خانوو و شوققە، پاشان سوتەمەنی و دواتریش گواستنەوە (٣٠).

سەبەتەی خۆراکیش (سلة الغذائية): سەبەتەی پێداویستی خۆراکە بۆ هەر تاکێك ڕۆژانە ٢١٠٠ کیلۆ کالۆری لەخۆدەگرێت، بەپێی ڕێنمونیەکانی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی، پێکهاتبێت لە پرۆتین و چەوریەکان و برنج و نان و پاقلەمەنیەکان و زەیتی ڕوەکی و خوێ و شەکرو ڤیتامینەکان و یۆد و ئاسن [1].

بۆ گەڕان بەدوای کوالێتی ژیان سەبەتەی بەکاربەرمان هەیە، ئەو سەبەتەیە ئەگەر خواردەمەنی بێت واتە (سلة الغذائية)ی بێت دابەش دەبێت بۆ سەر برنج و زەیت و نان و گۆشت و مریشك و میوەجات و سەوزە، بەلاَم (سلة المستهلك) سەبەتەی بەکاربەر فراوانترە و بریتییە لە خواردەمەنی و خانوو و ئاسایش و گواستنەوە و سوتەمەنی، بەپلەی یەکەم خواردن ئەساسە پاشان ئاسایش و ئەمنیەتی مرۆڤ خۆی، دواتر شوێنی نیشتەجێ بوون، پاشان سوتەمەنی و دواتریش گواستنەوە. بۆ نموونە لەناو سەبەتەی خۆراکدا نانی بەیانی هەڵدەبژێری، لە نانی بەیانیدا گەر هەنگوین و پەنیرو شیرو شەربەت و ماست و گوێز هەبوو ئەوە کوالێتی بەرزە، بەلاَم ئەگەر

[1] Future Food Basket, Methodology for the forecasting of the future food demand Authors: P. Bartels, H. Rijgersberg, J. Groot, H. Bos-Brouwers, B. van Gogh, 2018, p13.

تەنها ماست هەبوو ئەوە کوالێتی دادەبەزێت، کاتێك خێزان توانای کڕینی بەرز بێت و ئەوەی حەزی پێکرد بیکڕێت ئەوە کوالێتی بەرزە، بەڵام خێزانێکی تر گەر نەیتوانی گۆشتی سور بکڕێت و بەردەوام گۆشتی مریشکی کڕی ئەوە کوالێتی نزمە، بۆیە چەند قەیران سەختر بێت کوالێتی دادەبەزێت (٣٠).

لە ئەنجامی وردبوونەوە لە بیروڕا و بۆچوونی نموونەی توێژینەوەکەمان و هەڵسەنگاندن بۆی، دەتوانین بڵێین قەیران ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر دابەزینی ئاستی خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان، چونکە خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان بەرێژەیەکی زۆر پەیوەندی بەبەرزی و باشی لایەنی دارایی و ئابورییەوە هەیە، لەناو ئەوانەشدا بوونی داهات و خانوو و سەیارە، بۆ ئەم ئەنجامە چەند نموونەیەك لە ڕای بەشداربوان دێنینەوە:

(خۆشگوزەران نیم چونکە کرێچیم و بۆ گواستنەوەش سەیارەیەکی کۆنم هەیە، لە داهاتووشدا ئومێد کەمە بەوەی ببین بەخاوەنی خانوی خۆمان، چونکە فریای ژیان ناکەوین و ناتوانین پاشەکەوت بکەین، هەشە لەبەر نەبونی خانوەکەی فرۆشتووە، بەتایبەت لە کاتی توش بوون بەنەخۆشی یەکێك لە ئەندامانی خێزان، یا بوونی کێشەی کۆمەڵایەتی)(٧).

(قەیران گاریگەری زۆر بووە، گەشت و سەیران و کڕین بۆ خۆشگوزەرانی پێویستن کاتێك خێزان توانای کڕین و سەیرانی هەبوو خۆشگوزەرانی و کوالێتی تاڕادەیەك باشە، سەیارە و خانوو لە گەڕەکێکی ناو سەنتەری شار کوالێتی باشی ژیانە، ئێمە وەك خێزانێك نیمانە، قەیران کاریگەری لەسەر هەموو بەرنامەکانی ژیانمان هەبوو لەو شتانە دوای خستین)(١).

لەلایەکی تریشەوە کاتێك قەیران هەبوو خۆشگوزەرانی و کوالێتی لای ئەوانە نامێنێت کە کاریگەردەبن پێی، چونکە قەیران بۆتە هۆی دروستکردنی چەندین گرفتی دارایی و ئابوری بۆ ئیدارەدانی خێزان، هەندێك لە خێزانەکان قەرزدار بوون، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە داراییانە هەندێك ناچاربوون پەنا بۆ چارەسەری کاتی بەرن وەکو فرۆشتنی سەیارە و خانوو کە ئەم حاڵەتەش گرفتی تر دروست دەکات، لەم بارەوە بۆچوونی بەشداربووی تر دەهێنینەوە وەکو:

(لە قەیران دا ژیانی خەڵك ناخۆشە لەبەر ئەوەی خێزان هەبووە ناچار بووە شت بفرۆشێ و بیکات بەخەرجی، خێزان هەبووە سەیارەکەی فرۆشتووە، هەبووە لەناو شار خانوی ١٢ دەفتەری هەبووە فرۆشتویەتی و لە خێوەتە و مەلاداود خانوێکی ٥ دەفتەری کڕیوە و ئەوی تری خەرج کردووە بۆ پێداویستیە بنەڕەتیەکان، ئەوە ژیان تەسك بوونەوەیە و دابەزینی کوالێتی و خۆشگوزەرانیە)(١٩).

(خۆشگوزەرانی و کوالێتی لای چینی هەژار نییە و لای چینی مام ناوەندیش ئاستەکەی هاتۆتە خوار، چونکە قەیران بووە هۆی ئەوەی خانوو و سەیارە بفرۆشرێ ئەمەش ناچاریین و دۆخێك تێدەپەڕێنێت بەڵام حەلی

ڕیشەیی نین و کۆمەڵێ کێشەی کۆمەڵایەتی بەدوای خۆیدا دەهێنێت، بەتایبەت فرۆشتنی ماڵ و خانوو و چونەوە سەر خێزانی گەورە یا چوونە خانووی بەکرێ، من شاهیدی ئەم دیاردە و حاڵەتانە بووم و ئاگاداربووم خێزان خانوویان فرۆشتووە و چونەتە کرێچییەوە، ئەمە کێشەیەکی گەورەیە چونکە خانوو لە پێویستییە سەرەکییەکانە، بەڵێ خێزان کە موچەو داهاتەکەی بەشی پێداویستییەکانی نەکرد ناچارە قەرز بکات، بەتایبەت لای موچە خۆرو خەڵکی هەژار، هەشە بەداخەوە نەك هەر قەرز بەڵکو لەسەر خێرو هاوکاری دەژی، چونکە هیچ دەعمێکی خێزانی هەژار نییە لە هەرێمی کوردستان، شتێك هەبوو بەناوی موچەی چاودێری خێزان لە وەزارەتی کاروباری کۆمەلایەتی نزیکەی ٧٠٠٠٠ هەزار خێزان تۆمار بوو لە ٢٠١٥ ەوە بەپاساوی نەبوونی داهات و چاکسازیەوە بڕا، بێوەژن و، منداڵی بێ سەرپەرشت و، ئەو خێزانانەی هاوسەرەکانیان لە چاکسازییەکان سزا دراون و، ئەو کچانەی پێیان دەوترێت قەیرە و، بەساڵاچوانی بێ سەرچاوەی داهاتی دەگرتەوە، سیستەمێکی تری هاوشێوەش نییە هاوکاری خێزانی هەژاری پێ بکرێت)(٢٥).

ئەنجامێکی تر لەسەر ئەم بابەتە ئەوەیە، ڕەنگدانەوەی قەیران لەسەر بابەتی خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان لای چینەکان جیاوازە، لەلای چینی هەژار هەر نەماوە، لەلای چینی مام ناوەند زۆر کەمبۆتەوە و تەنها لای چینی دەوڵەمەند ماوە، لەم بارەوە وتەی چەند نموونەیەکی توێژینەوەکەمان دەهێنینەوە وەکو:

(هەر ژیان نییە چ جای خۆشگوزەرانی، خۆپیشاندانی خوێندکاری زانکۆ بۆ دەرماڵە لە سەرەتای دەوامی ئەمساڵ تائێستاهۆی چییە هۆکەی بێ پارەیی و بێ ژیانییە لای خوێندکارو لای خێزانەکانیان )(٢١).

(خۆشگوزەرانی بۆ چینی هەژار نییە کە (٥٠٪) ی کۆمەڵگە پێکدێنێت و زیاتر بووە، چینی مام ناوەند (١٠ تا ١٥٪) و چینی باڵاش (٢٠ تا٣٠٪) پێکدێنێت، خۆشگوزەرانی تەنها بۆ چینی پلە باڵا هەیە)(٢٢).

(خۆشگوزەرانی بۆ دەوڵەمەندی نزیك لە دەسەلات هەیە و شەو دەڕۆن بۆ تورکیا و بەیانی دێنەوە، بۆ چینی مام ناوەند زۆر کەمە و دەگمەنە، من ناتوانم بچم بۆ هەولێر لەبەر نەبوونی، سەری ساڵە و دەوترێ دەیان بەرپرس و پەرلەمانتار چوون بۆ پشووی سەری ساڵ)(٢٣).

خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان چەندە نیشاندەری ئابورین ئەوەندەش زیاتر ئاماژەی کۆمەڵایەتی و دەرونیان هەیە و کاردانەوەی جیاوازیان هەیە لەسەر ژیانی تاك و خێزان ، هەستکردن بەجیاوازی چینایەتی و خۆبەکەم زانین و بێبەش بوونی ڕێژەیی و دروست بوونی ڕق و کینە، لە کاردانەوە دەرونیەکانن لەم بارەوە وتەی دوو نموونەی توێژینەوەکەمان دەهێنینەوە:

(خۆشگوزەرانی ئاستێکی بەرزە و تێڕوانین و بیرکردنەوەی مرۆڤ فراوان دەکات، هەموو کاتێك ئەو مرۆڤەی لە خانوێکی گەورەی سەقف بەرزی فراواندایە بیر لە فراوانی و شتی گەورەتر دەکاتەوە، بەلام خانوێکی بچوك و سەقف نزم وا لە مرۆڤ دەکات بیرکردنەوەکانیشی لە ئاستی بچوك و نزمدا بێت، قەیران بووە هۆی ئەوەی هەندێك

له خێزانەکان خانوی گەورە بفرۆشن و بچنە خانوی بچوکترەوە، یا نەتوانێت پێداویستیەکانی ژیان وەك پێویست دابین بکەن، ئەمەش خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیانی دابەزاند، لەناو شاردا خۆشگوزەرانی لە بوونی خانوێکی باش لەبری خانوێکی کۆن و بەرتەسکدایە، سەیارەیەکی تازە لەبری سەیارەیەکی کۆن و خراپ و، مەعیشەتێکی دایمدایە، خەڵکانێك خانوی باشیان هەبوە و ئێستایان بونەتە کرێچی یان کەوتونەتە گەرەکە میللیەکان و خانووی هەرزان بەهاوە، لە سەرەتای قەیرانەوە ئەوانەی ئیفلاسیان دەکرد زۆربوون، سەرمایەدارو کۆمپانیا و بەڵێندەر هەبووە قستی لای حکومەت بووە و پارەی وەرنەگرتبوو ناچار بوو هەرچی هەیەتی بیفرۆشێ تاقەرزی ناوبازاڕی لێ بداتەوە)(٩).

(خۆشگوزەرانیمان نیە، کە داهات نەبوو خۆشگوزەرانی نییە، چینی باڵا ژیانیان خۆشە بەلام چینی زۆرینە و چینی هەژار نییەتی، خۆت بەکەم دەزانین کاتێك ناتوانین سەیارەیەکی باش بکڕین، گومان دەکەی لەوەی ئەو بەچی دەوڵەمەند بووە و هەموو شتێکی هەیە بەلام لای ئێمە نییە، خەڵك بەگشتی ناتوانێ لە گوندە ڕاقیەکان و تاوەرەکاندا بژی چونکە نرخیان گرانە و خزمەتگوزاریشیان گرانە، کوالێتی ژیانمان نییە، ژیانمان سادەیە و هیچی تر، ئەوەی لەسەرەوەیە هەر بەرەو سەرەوە دەڕوات و ئەوی تریش هەر بەرەو خوار دەچێت، ئەمەش ڕق و کینەی دروست کردووە بەرامبەر بەچینی باڵا)(١٠).

(قەیران خۆشگوزەرانی خێزانی کوردی لەناوبردووە و نەگونجاوە باس لە خۆشگوزەرانی بکرێت مەگەر بۆ چینێکی نزیك لە دەسەلات نەبێت کە چینی ئەرستۆقراتی فڕیون، بەلام چینی هەژارو موچە خۆرو کاسبکار دەسەلات فلیقاندونی، خۆشگوزەران زۆر کەمبۆتەوە و نەماوە بەو جۆرەش کوالێتی ژیانی وێران کردووە ژیان بەو جۆرەی دڵت خۆش بێت و گەشتت هەبێت و بەرەو کەمالیات بڕۆی نەماوە، بەڵکو ساڵ دوای ساڵ ژیانی هاووڵاتی سادە و کەمدەبێتەوە ژیان بۆتە نەمری و نەژی)(٣١).

بەلام خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان لای چینی دەوڵەمەند و باڵا ماوە و وەکو خۆی ماوە، تاڕادەیەکیش لای چینی مامناوەندی سەروو ماوە، بەتایبەت ئەوانەی لە پێش قەیران شووقە یا خانوو و سەیارەیان هەبووە و پشت ئەستوور بوون بەکەسابەت و سەرچاوەی دارایی تر جگە لە موچە، بۆ پشتگیری ئەم ئەنجامە وتەی چەند بەشداربوویەکی توێژینەوەکەمان دەهێنینەوە وەکو:

ئافرەتێکی خاوەن کار دەڵێت (خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان بۆ چینی باڵا و تاڕادەیەك بۆ مام ناوەند هەیە بەتایبەت لە سیتیەکاندا، شوقەی باشی هەیە و سەیارەی باش و ناوماڵی جوان و ئاو و کارەبای باش، ئەمە جۆرێکە لە خۆشگوزەرانی، ئەوەتا هەرچی شووقە دروست دەکرێت هەر لەسەر خەریتە زۆرینەی دەفرۆشرێت ئەمەش توانای ئابوری خەڵك دەردەخات، بڕۆ چێشتخانەکان ئێواران هیچ بەرناکەوێت وخەڵك لەماڵەوە نان ناخوات)(٢٧).

خانەنشینێك دەڵێت (خۆشگوزەرانی لای چینی باڵا هەیە ئەوانەی کاربەدەستی حیزبی و حکومی سەر بەدوو

حیزبی دەسەڵاتدارن، باش دەژین و سامان و خۆشگوزەرانی تەنها لای ئەوان هەیە)(١٥).

ژنێکی خاوەن کار دەڵێت (چینی مام ناوەند کەمبۆتەوە یان زۆر بەرز هەیە یان زۆر نزم، چینی دەوڵەمەند (٢٠٪) تا (٣٠٪) دەبێت و خۆشیان دەرناخەن، هەر شووقەیەکی سیتی بە(٣٠) دەفتەرە و پارەی سێ خانووە، کەواتە ئەوانەی لە سیتیەکانن چینی باڵان و کوالێتی ژیانیان هەیە، ئەوانە هایلایف دەژین و سودمەندن لە بازرگانی نەوت و مەشروب و جگەرە یان خاوەن یانە و کافتریان)(٢٩).

لە بەرئەنجامی ئەوەی سەرەوە ڕوون بوەوە کە قەیرانی دارایی و ئابوری ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر بابەتی خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیانی خێزان لەشاری سلێمانی، بەوەی خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان لەلای خێزانی چینی هەژار نییە، لەلای چینی مام ناوەندیش ڕێژەکەی دابەزیوە و لە ئاستێکی نزمدایە، تەنها لای چینی مام ناوەندی سەروو و چینی دەوڵەمەند و باڵا هەیە.

## ١١ - قەیرەیی

لە قاموسی(المحیط و معجم المعاني الجامع) دا هاتووە قەیرەیی بەکچێکی پێگەیشتوو دەوترێت کە هاوسەرگیری نەکردبێت و لە تەمەنی هاوسەرگیری تێپەڕ بووبێت، هەروەها بەپیاوێك دەوترێت کە هاوسەرگیری نەکردبێت و تەمەنی تێپەڕی کردبێت، زۆرێك لەسەرچاوەکانیش باس لە تەمەنی ٣٥ ساڵی دەکەن وەکو ساڵی جیاکەرەوە لەنێوان قەیرە و نا قەیرە [1].

لەدوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە وەك لە ئامارەکانی هاوسەرگیریدا هاتووە ڕێژەی هاوسەرگیری لە هەرێمی کوردستان کەمبۆتەوە، کەمی هاوسەرگیری و پێکنەهێنانی خێزان دیاردەیەکی تری زیادکردووە ئەویش قەیرەییە، قەیرەیی هەردوو ڕەگەزی گرتۆتەوە کوڕان و کچان، پێش قەیران ڕۆژانە لەسەر شەقامەکان کەژاوەی سەیارەی بوك دەبینرا، یاخود لە هۆڵ و باخچەکان ئاهەنگ سازدەکرا، بەڵام ئێستا ئەم پرۆسەیە یا نابینرێت یان زۆر کەمبۆتەوە، لەم بارەوە وتەی هەندێك لە نموونەی توێژینەوەکەمان دەکەینە بەڵگە وەکو:

ئافرەتێکی خاوەن کار دەڵێت (٤٢ کارمەندم هەیە ٢٥ یان قەیرە کچن ٧ یان جیابوونەتەوە، پێشتر ڕۆژانی پێنج شەممە چەندین سەیارەی بوکمان دەبینی بەڵام ئێستانا، بەخزمەکانم دەڵێم ئەوە بۆ کەس نە شوو دەکات و نە ژن دێنێت تاکۆببینەوە و تۆزێك هەڵپەڕین، ئەم پرۆسەیە زۆر بەخاوی دەڕوات و خەریکە هەر نامێنێت، گەنجمان هەیە پێی دەڵێیت ژن بێنە ئەڵێت بۆ کەسێکی تریش بەخۆمەوە گیرۆدە بکەم، چونکە بەرپرسیارێتی بەپارە دەکرێت کە پارە نەبوو ناتوانی بەرپرسیارێتی ژن و ماڵ هەڵبگریت)(٢٧).

---

[1] قاموس المعاني الاكتروني في الموقع الالكتروني التالي www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/عنوسة/ في ٢٠٢٢/٣/١٨.

(بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە قەیرەیی زۆر بووە، کە کوڕ نەتوانێت خێزان پێکەوە بنێت و بچێتە داخوازی کچیش ئەمێنێتەوە و ئەبێتە قەیرە، بەڵێ قەیرەیی کوڕو کچیش بۆتە دیاردە، ساڵ بەساڵ زیاتریش دەبێت، هەرچەندە بەهۆی قەیرانەوە تەکالیفی کچ کەمبۆتەوە بەڵام هاوسەرگیری هەر کەمە لەو لاشەوە کۆچی گەنجیش کاریگەری هەیە)(٢٨).

(قەیران وای کردووە هاوسەرگیری کەمببێتەوە و داواکاری کچ و ماڵەوەشیان کەمبۆتەوە، ئاڵتون و ناوماڵی زۆر داوا ناکەن چونکە کوڕ ژن ناهێنێت و پارەی پێ نیە بۆیە تەنها ئەیانەوێت شوو بکات و نەبێتە قەیرە)(٢٩).

(قەیرەیی زۆرە و گەر کچێك شوو بکات سەیرە، دەیان کچ هەن بەس بەئەڵقەیەك شوو دەکەن، ماڵێکی زۆر هەیە کوڕو کچی قەیرەی هەیە)(٢٣).

(دیاردەی قەیرەیی لای کوڕان و کچانمان زۆر بووە، هەمووی لە ٣٠ ساڵی تێپەڕین و نەچونەتە ژیانی هاوسەریەوە، کوڕەکەم داوای ژن دەکات، لەم کاتەشدا دەفتەرێکی تێدەچێت و کاریشی نیە، یان دەبێت بۆی نەهێنین یان بەقەرز بۆی داوا بکەین و ئەمەش دەبێتە کێشە بۆمان)(١٩) .

(قەیران وایکردووە لەسەر ئاستی گەنج هاوسەرگیری کەمبکات، زۆر کچ هەبووە ترساوە لە شوکردن، وتویەتی ڕاست دەکەی فلان کەس کوڕی باشە بەڵام بەچی بەخێوم دەکات، ئەمە وایکردووە کوڕ نەیوێراوە ژن بێنێت و کچ نەیوێراوە شوو بکات و قەیرەیی زۆر ببێت)(٩).

لێرەدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە قەیران ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر زیادبوونی دیاردەی قەیرەیی لەناو هەردوو ڕەگەز لە شاری سلێمانی، هۆکاری سەرەکیش بۆ زیادبوونی بریتییە لە قەیرانی ئابوری، هەرچەندە ئەم دیاردەیە و دیاردەکانی تریش هۆکاری تری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستی و دەرونی و کەسێتی ڕۆڵیان هەیە تیادا بەڵام هۆکارە دارایی و ئابوریەکان ڕۆڵی بەرچاو و دیاریان هەیە.

## ١٢ - قەرز و پاشەکەوت

قەرز و پاشەکەوت دوو چەمکی ئابورین و خێزان لە ئیدارەدانی خۆیدا پەنایان بۆ دەبات، خێزان پێویستە پاشەکەوت بکات بۆ ئەوەی ناچار نەبێت قەرز بکات بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە داراییەکانی. پاشەکەوتیش لادانی بڕێك پارەیە لە داهاتی خێزان و خەرج ناکرێت تالەکاتی پێویستدا سوودی لێ ببینرێت. بودجە یان میزانیە گرنگە بۆ خێزان تاهاوسەنگی ڕابگرێت لە نێوان داهات و خەرجیەکانی، چەمکی میزانیەی خێزان بەئینگلیزی (Household Budget)ی پێ دەوترێت، میزانیە دانانی خشتەیەکە بۆ هەموو داهاتەکانی خێزان و خەرجیەکانی بەشێوەیەکی ورد بەئامانجی بەخشینی توانا بەئەندامانی خێزان بۆ ئەوەی مانگانە بەحساباتیاندا بچنەوە،

هەروەها تابتوانن پاشەکەوتیشی لێ بکەن بۆ کاتی پێویست، گرنگترین خاڵ لە میزانیەی خێزاندا بریتییە لەوەی خەرجیەکانیان زیاتر نەبێت لە داهاتەکانیان تاناچاری قەرزکردن نەبن [1].

بەلاًم کاتێك قەرزکردن هەبێت بودجە و میزانیە ڕۆڵی نامێنێت چونکە دیارە کورتهێنان هەیە، قەیران ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر داهاتی خێزان و کەمی کرد و لە بەرامبەریشدا هەڵئاوسان لە نرخەکاندا دروست بوو، ئەم بارودۆخەش سەرۆك خێزانی ناچارکردووە بۆ بەڕێوەبردنی خێزان قەرز بکات و گەر پاشەکەوتێکیشی هەبوو بێت دەستی بۆ بردووە و خەرجی کردووە، کەواتە قەیران خێزانی قەرزدار کردووە و پاشەکەوتیشی نەهێشتووە کە پاشەکەوت لە هەموو کاتێکدا پێویستە هەبێت، ئەو قەرزەش کە دەکرێت پێویستە بۆ پێداویستیە بنەڕەتیەکان بێت و بۆ کەمالیات و زیادە خەرجی نەبێت، وە بەهۆی سنورداری توانا داراییەکانی خێزان قەرز پێدانیش وەکو هاوکاری و هاوبەندی کۆمەلاًیەتی کەمبۆتەوە، بۆ پاڵپشتی ئەم ئەنجامە چەند نموونەیەك لە ڕای بەشداربوان دێنینەوە وەکو:

باوکێك دەڵێت (پاشەکەوت ناکرێت، جگە لەوەی منداڵەکان لە ڕۆژانەی خۆیان دەیکەن ئەویش زۆر جار من لێیان قەرز دەکەم و دواتر دەیاندەمەوە، مانگانە قەرزکردنمان دوبارە دەبێتەوە و قستم پێ نادرێتەوە)(٨).

(قەرزکردن بۆتە پیشەمان)(١). (قەرزم لاماوە و قەرزی تریش دەکەین، مانگانە شتێکی کەمی لێ دەدەمەوە، پاشەکەوتیش ناکرێت)(١٣). (قەرز دەکەین و لە دواییدا دەیدەینەوە)(٢٣).

- پسپۆڕێکی ئابوری دەڵێت (بەڵێ خێزان کە موچەو داهاتەکەی بەشی پێداویستییەکانی نەکرد ناچارە قەرز بکات، بەتایبەت لای موچە خۆرو خەڵکی هەژارو هەشە بەداخەوە نەك هەر قەرز بەڵکو لەسەر خێرو هاوکاری دەژی، خەڵکێکی زۆر کە داهاتیان لە خوار ٨٠٠ هەزارەوەیە ناتوانن پاشەکەوت بکەن، مەگەر کەسانێك کە لە سەروو ملیۆنێکەوە داهاتیان هەبێت، بەتایبەت بەهۆی ئەو هەڵئاوسانە گەورەی لە نرخی پێداویستیەکاندا هەیە)(٢٥).

بەهۆی قەیرانەوە کاتێك خێزان توانا داراییەکانی کەم دەبێت ناتوانێت وەك پێویست هاوکاری و قەرز بدات بەکەس و خزمەکانی ئەوانەی داوای لێ دەکەن یاخود ڕووبەڕووی کێشەی تەندروستی و کۆمەلاًیەتی دەبنەوە، ئەمەش بەمانایەکی ترواتە لاوازبوونی هاوبەندی کۆمەلاًیەتی ناو کۆمەڵگە، بۆ پشتیوانی ئەم ئەنجامە وتەی بەشداربووان دەکەینە بەڵگە وەکو:

- کاسبکارێك دەڵێت (زیاد لە سنوری خۆی قەرزدار بوین و ناتوانین قەرزەکانمان بدەینەوە، فرۆش زۆر کەمە

---

[1] مريم مساعدة، تعريف ميزانية الاسرة، ٢٠٢٠، على الموقع الالكتروني التالي
mawdoo3.com/تعريف_ميزانية_الأسرة#cite_note-yv4ts62F8s-1 في ٢٠٢٢/٣/١٨.

قەرزەکانمان ١٠ ئەوەندە زیادی کردووە، پاشەکەوت هەر هیچ، پێش قەیران گەر خزمێکم بهاتایە و داوای ملیۆنێکی بکردایە ئەموت ها ئەوە دوو ملیۆن و تاپێویستیشت بێت مەیهێنەوە، ئێستاگەر بێت و داوای ٢٠٠ هەزارم لێ بکات ناتوانم پێی بدەم و شەرمەزاردەبم)(١٠).

(قەرزمان هەیە و نامانەدەنەوە و خۆشمان قەرزدار بوین و پاشەکەوتیشمان نییە، برا داوا لە برا دەکات بۆ قەرز نایداتێ چونکە دەزانێ بۆی نادرێتەوە)(١٩). (قەرز نەیدەیت باشە گەر پێتدا داوای مەکەرەوە چونکە عاجز دەبێت، هەتابتوانی قەرز نەکەیت، قەرز بۆ نەخۆشی دەکرێت، یان بۆ ئارد نەك بۆ گۆشت، بەهیچ شێوەیەك ناتوانم پاشەکەوت بکەم)(٢٦).

(قەرزکردن هیچ باش نیە و بۆ زۆر پێویستی بنەڕەتی نەبێت نەکرێت باشە، چونکە خێزان کە قەرزی کرد و بۆی نەدرایەوە عەیبدار دەبێت و کێشەی بۆ دروست دەبێت و متمانەی نامێنێت، لە ناخی خۆشیاندا ئازاردەکێشن ، پاشەکەوتیش ناکرێت، چونکە ئەو موچە و داهاتەی هەتە بەشی پێداویستییە سەرەکییەکان ناکات کە بەشت نەکات چۆن دەتوانی پاشەکەوتی بکەی، گرنگ ئەوەیە نەیەڵی قەرزدار ببیت ئەنگینا پاشەکەوت ناکرێت)(٢٨).

(یەکێك لە پاڵپشتیەکانی من لە تەواوی ژیانمدا و بەتایبەت لە قەیراندا پاڵپشتی هاوژینم بووە، بەردەوام هەر پارەیەکم پێدابێت بۆ خەرجی شتێکی لێ پاشەکەوت کردووە ئەوە یارمەتی داوین لە حاڵەتی زۆر ناڕەحەتاوتویەتی خەم مەخۆ لای من بڕێك پارە هەیە، منداڵەکانیش هەستیان بە بەرپرسیارێتی کردووە و دوانیان کاریان کردووە)(٩).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە قەیران بۆتە هۆی قەرزدارکردنی خێزان لە شاری سلێمانی بەجۆرێك خێزان بۆ کڕینی پێداویستیە بنەڕەتیەکانی پەنای بۆ دەبات بەتایبەت لای چینی هەژارو مام ناوەندی خواروو، هەروەها قەیران بۆتە هۆی ئەوەی خێزان نەتوانێت پاشەکەوت بکات، وە بەهۆی سنورداری توانا داراییەکانی خێزان قەرز پێدانیش وەکو هاوکاری و هاوبەندی کۆمەڵایەتی کەمبۆتەوە.

## ١٢ - چینایەتی

بیتیریم سۆرۆکین (١٨٨٩ -١٩٦٨) کۆمەڵناسی ئەمریکی بەڕەگەز ڕوسی و خاوەنی تیۆری (الدورة الاجتماعية) پێناسەی چینی کۆمەڵایەتی کردووە بەوەی: گروپێکی کۆمەڵایەتییە و وێنەی نەسەقێکی کۆمەڵایەتییە، ئەم گروپانە بەشێوە هەڕەمیەکەیاندا جیادەکرێنەوە بەوەی چین و توێژی باڵا و نزم هەیە، ئەم پلەبەندیەش دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕۆکی دابەشکاری نایەکسانی ئەرك و ماف و تایبەتمەندی و بەرپرسیارێتی و، دەوڵەمەندی و

**بێبەش بوونی کۆمەڵایەتی و، هێز و پێگەی کۆمەڵایەتی لەناو ئەندامانی کۆمەڵگە [1].**

**واتە جیاوازی چینایەتی لەکۆمەڵگەدا هەیە و هۆکارەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ نایەکسانی لە پێگەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ڕۆشنبیری ئەندامانی کۆمەڵگە. لە لایەکی ترەوە پلە بەندی کۆمەڵایەتی و چینایەتی سیمایەکی دیاری کۆمەڵگەی مرۆییە لە کۆنەوە تائێستا، نەبوونی جیاوازی چین و پلەبەندی کۆمەڵایەتی بابەتێکی گریمانەییە، هەندێك لە توێژەران ئاماژەیان بەپێویستی و حەتمیەتی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا داوە بەو پێیەی کۆمەڵگە ناتوانێت بەردەوام و گەشە بکات بەبێ ئەو، هەمیشە توێژینەوەی چینە کۆمەڵایەتییەکان جێگەی گرنگی پێدان بوە لەلای کۆمەڵناسی و زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەو پێیەی یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتیەکان لە بونیادی کۆمەڵایەتی بەتایبەت لای کۆمەڵگە ڕۆژئاوایەکان [2].**

**چەمکی چینی کۆمەڵایەتی هاوواتای چەمکی چینی کۆمەڵایەتی و ئابورییە، پێناسە کراوە بەوەی ئەو کەسانەن کە هەمان باری کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و سیاسی و زانستیان هەیە وەکو چینی کرێکار. ئەکادیمیەکان جیاوازی دەکەن لە نێوان باری کۆمەڵایەتی - ئابوری و چینی کۆمەڵایەتی بەوەی باری کۆمەڵایەتی و ئابوری دەگۆڕێت بەپێی کات، بەڵام چین باکگراوندی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری تاڕادەیەك جێگیرە. پێوەری دیاریکردنی چین لە کۆمەڵگەدا بەپێی کات و سەردەم جیاوازە، (کارل مارکس) چینی بەپەیوەندی تاك بەهۆکانی بەرهەمهێنانەوە ناساندوە، تێگەیشتنی ئەو بۆ چینەکان لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا ئەوەیە کە کرێکار کاردەکات بەڵام خاوەنی هۆکانی بەرهەمهێنان نییە، کەچی چینی بۆرجواز هەر لەبەر ئەوەی خاوەنی هۆکانی بەرهەمهێنانن کارناکەن و ئەژین لەسەر ئەو بەرهەم و زیادەکارەی کە کرێکار دەیکات. ماکس ڤیبر باوەڕی وایە باری ئابوری چین دیاری دەکات و، پێگەی کۆمەڵایەتیش باری کۆمەڵایەتی دیاری دەکات نەك پەیوەندی بەرهەمهێنانەکەی (مارکس). (جان جاك ڕۆسۆ) باوەڕی وابووە کە خاوەنداریێتی تایبەت کێشە کۆمەڵایەتییەکان دروست دەکات چونکە خاوەنداریێتی تایبەت نایەکسانی و چینەکان دروست دەکات [3].**

**ئیریك ڕایت کۆمەڵناسی ئەمریکی (١٩٤٧ - ٢٠١٩) سێ بنەما دیاری دەکات بۆ چین ئەوانیش پەیوەندی مرۆڤ بەسەرمایە و توانای مادی و کارو کرێکارە، ئەو سەبارەت بەچینی دەوڵەمەند دەڵێت خاوەنی سەرمایە و توانای مادی و کارو کرێکارن، چینی کرێکاریش هیچ کام لەوانەی نیە، بەڵام چینی ناوەند ناتوانێت زاڵ بێت بەسەر سەرمایە و کرێکارو توانای مادی بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەسەڵاتی هەیە بەشێوەیەك لە شێوەکان. کۆمەڵناسی**

---

[1] **عرب سايكولوجى، مفهوم الطبقة الاجتماعية، على الموقع الاالكتروني التالي arabpsychology.com/lessons/مفهوم-**الطبقة-الاجتماعية/ في ٢٠٢٢/٣/٢٥.

[2] **عايد الوريكات ورائد الخمايسة، الطبقة الاجتماعية وتدني مفهوم الذات وعلاقتهما بانحراف الأحداث، مجلة العلوم التربوية، المجلّد ٣٥،العدد ١،٢٠٠٨، الجامعة الأردنية، ص ٢٠٩.**

[3] **الطبقة الاجتماعية، على الموقع الالكترونى التالي stringfixer.com/ar/Social_class في ٢٠٢٢/٣/٢٥.**

تر هاتوون و بیریان لە چینی ناوەند کردۆتەوە لەسەر بنەمای وەزیفە و پیشە بەرزەکان وەکو بەڕێوەبەرەکان و پاشان کادێرانی تەکنیکی و کرێکارانی شارەزا. چینی ناوەند گەورەتر دەبێت بەپێی کات بەلاّم ناچوون یەکن لە هەمان کاتدا، تارادەیەك پارەیان لەبەردەستدایە و دەتوانن خۆیان بونیاد بنێنەوە بەپێی بارودۆخ، بەلاّم بەدواداچون و چاودێری کردنی کارێکی ئاسان نیە، جوڵەی کۆمەلاّیەتیان ئاسانە و لەڕوی پیشە و خوێندنەوە ئامادەکراون [1] . شێوە بەربلاّوەکەی پۆلێنی چینەکان چینی خوارو ناوەند و سەرووە، یا هەژار (کرێکار) و مام ناوەند و دەوڵەمەندە، بەلاّم سۆسیۆلۆجیای ئەمریکی وردتری کردۆتەوە بەوەی هەر یەك لەو سێ چینەی بۆ سێ یەکەی تر دابەش کردووە وەکو چینی بالاّی بالاّ، چینی بالاّی مام ناوەند و چینی بالاّی نزم. وە چینی مام ناوەند و هەژاریش بەهەمان شێوە، چینی ناوەند دادوەرو دکتۆرو ئەندازیارو پارێزەرو مامۆستایانی زانکۆ و ئەفسەران و بەڕێوبەرەکانیش دەگرێتەوە [2].

قەیران ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر دابەش بوونەوەی چینەکان لە هەرێمی کوردستان بەجۆرێك لە ئەنجامی قەیرانی دارایی و ئابوری داهاتی خێزانەکان کەمی کرد و هەڵئاوسان لە نرخەکاندا دروست بوو، ئەم بارودۆخەش ئەو زۆرینەی کە هەبوو لە چینی مام ناوەند بەتایبەت لەچینی مام ناوەندی خوارو بەناچاری جوڵەی پێکرا و گواسترایەوە بۆ چینی هەژار، واتە قەبارەی چینی مام ناوەند بچووك بوەوە و قەبارەی چینی خوارووی فراوان و گەورەتر کرد، وە هەندێك لەوانەشی لەچینی دەوڵەمەند بوون بەهۆی زیانی ئابوریەوە هاتنەخوارەوە بۆ چینی مام ناوەند، ئامارەکانیش جەخت لەسەر زیادبوونی ڕێژەی هەژاری دەکەنەوە، بۆ پاڵپشتی ئەم ئەنجامە هەندێك لە ڕای نموونەی توێژینەوەکەمان دێنینەوە وەکو:

(کۆمەڵگە تاچینی مام ناوەندی زۆر بێت مانای وایە کۆمەڵگەیەکی سەلامەت و بێ کێشەیە، بەلاّم بەهۆی قەیرانی ئابورییەوە لە هەرێمی کوردستان ئەو چینی مام ناوەندە کەم بۆتەوە و نا یەکسانی زۆر بووە، لەبەرئەوەی خەڵکانێك زۆر ڕژاوە بەسەریاندا و هەشە بێبەشە و هیچی نییە، لەبەرئەو ناهاوسەنگیەی کە هەیە، زۆرینەی ئەوانەی ڕژاوە بەسەریاندا ئەوانەن کە نزیکن لە دوو حیزبی دەسەلاّتەوە، ئەم چینە ٢٠٪ تا٣٠٪ پێکدێنن، چینی هەژار ڕێژەکەی دوای ٢٠١٤ زۆر بەرزبۆتەوە ئەوەی دەکەوێتە خوار هێڵی هەژارییەوە ژمارەکەی زۆر بووە، ئەوەشی هەژارە و پێداویستی ژیانی پڕ دەکاتەوە و پڕی ناکاتەوە زۆر زیاد بووە، چونکە خانەنشین هەیە موچەکەی (٢٢٥٠٠٠) دینارە، هەیە (٢٨٥٠٠٠)ە ئەمە لە سەرچاوەی ڕەسمی داهاتدا. گەر بچیتە بازاڕی کاریشەوە کەم ئیش هەیە بچێتە (٧٠٠٠٠٠) هەمووی لە خوار ئەو بڕەوەیە (٥٠٠ - ٧٠٠) هەزار دینار، گەر خێزان (٣ تا ٤) کەسیش بن

---

[1] ملك رشدی و ریم سعد، ماهي الطبقة الاجتماعية، على الموقع الالكتروني التالي qira2at.com/2018/04/24/social-classes/ في ٢٠٢٢/٣/٢٥.

[2] طبقة أجتماعية، ويكيبيديا الموسوعة الحرة، على الموقع الالكتروني التالي ar.wikipedia.org/wiki/طبقة_اجتماعية في ٢٠٢٢/٤/٤.

هەر پێداویستییە بنەڕەتییەکان پڕدەکاتەوە و فریای کمالیات ناکەوێت، ئەمەش مانای وایە لە چینی خوارەوەی کۆمەڵگەیە، ڕۆژ دوای ڕۆژ ئەو نادادپەروەریە وای کردووە جیاوازی نێوان خوارەوە و سەرەوە زیاتر ببێت و فراوان ببێت و ئەوەشی مام ناوەندە کەمتر ببێتەوە و بەرەو خوارەوەی کۆمەڵگە بچێت)(٢٥). (چینی مام ناوەند کە موچە خۆر بووە چۆتەوە لای چینی هەژار یان خوار مام ناوەندەوە)(٢٠).

(ڤەیران وایکرد جارێکی تر چینەکان دابەشببنەوە، چینی کەمی باڵا و لەو لاشەوە چینی زۆری هەژار، ڕێژەی هەژاری زۆر لەوە زیاترە کە باس دەکرێت، چونکە کاریگەرییەکەی دەبینی، ئایا مەعقولە لە ئێستادا ٢٠ هەزار کەسی هەرێم ئاوارەی بیلاڕوس بوبێت، هەیە موچەی هەیە و دەڵێت دەڕۆم ئەمە کاریگەری کێشە ئابوریەکەیە کە دەڵێت بەشم ناکات و کێشەی دەرونیشی دروست کردووە و خەڵك نائارامە. تیۆرەکەی (ماسلۆ)مان هەیە کە باس لەپێداویستی مرۆڤ دەکات و پێویستی بەهەموو جۆرە پێداویستیەکە کە نەیبوو بەدوایدا دەگەڕێت)(٢١).

(٣١٪ هەژاری لەعێراقدا هەیە کە چەند ساڵێك پێش ئێستا (١٨٪) بوو، کێشە هەیە لە دیاری کردنی ڕێژەکان لە عێراق و لە هەرێم، ئاماری ورد نییە لە لای وەزارەتی پلان دانان، لە هەرێم دەوترێ (١٣٪) ە و لە سلێمانی (١٤٪) بووە بەس من باوەڕم بەو ڕێژانە نییە، خۆی لە بنەڕەتا زۆر زیاترە لەهەرێم و بەتایبەت لە سلێمانیدا. داتابەیس و خشتەی داتامان نییە بۆ هەموو کەسێك لە عێراق و لە هەرێمیش چونکە هەرچی مرۆڤ هەیە لە وڵاتدا دەبێت ئاماری هەبێت و هەموو چین و تەمەنەکانی تیادا بێت، ئەو کاتە ڕێژەی بێکاری لە دەستی کارو هێزی کار دیاری دەکرێت، لە عێراقدا ساڵانە ڕوپێوی کۆمەڵایەتی هەیە، هەرچەندە لە زووەوە نابینرێت، ئەو ڕوپێوە لە (٢٠١٣)دا بینیومە نزیکەی (١٠٠٠) لاپەڕەیە وردەکاری زۆری تیایە وردەکاری خێزانی عێراقی تیایە چەند خەرج دەکات و هەرێمی تیادا نیە)(٢٤).

ئەو جیاوازیە زۆرەی لە نێوان چینی هەژارو دەوڵەمەند و پلە باڵادا هەیە ڕق و کینەی زیادکردووە و مەترسی لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی دروست کردووە ئەمەش لە وتەی نمونەی توێژینەوەکەماندا ڕەنگی داوەتەوە:

بەشداربوویەك دەڵێت (هەژارەکە زۆرەو، چینی ناوەندیش کەمبۆتەوە، ئەوەشی دەوڵەمەندە ڕێژەیەکەو دەستیانگرتووە بەسەر داهاتدا، بەڵێ بەلای خەڵکدا دەڕۆیت لەبەر خۆیەوە قسەدەکات و بێتاقەتە و ئاژاوەیەکی زۆر هەیە، ئەمە هەمووی ڕق و کینەیەو دروست بووە بەرامبەر چینی دەسەڵاتدارو پلە باڵاو تەنانەت دەوڵەمەندیش، لە پاسی نەفەردا سەرکەوە سەلام دەکرێت و کەس جوابی ناداتەوە ئەمە بەڵگەیە لەسەر پڕی و بێتاقەتی خەڵك، لێبوردن نەماوە جاری وایە لەسەر شتی بێ مانا خەڵك دەکوژرێت و شەڕ دروست دەبێت)(٢٨).

(چینی هەژار زۆرە و مام ناوەند کەمبۆتەوە یان زۆر بەرز هەیە یان زۆر نزم، دەوڵەمەند و پلە باڵا ٢٠٪ تا٣٠٪ دەبێت، هەر شووقەیەکی سیتی بە(٣٠) دەفتەرە و پارەی سێ خانووە، ئەوانەی لە سیتیەکانن چینی باڵان و کوالێتی ژیانیان هەیە، ئەمانە خۆش دەژین و سوودمەندن لە بازرگانی نەوت و مەشروب و جگەرە یان خاوەن یانە و کافتریان)(٢٩). لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە ڤەیران بۆتە هۆی دابەشبوونەوەی چینەکان لە شاری سلێمانی بەجۆرێك قەبارەی چینی مام ناوەند کەمبۆتەوە کە پێشتر زۆربوو و لە بەرامبەریشدا قەبارەی چینی هەژار زیاتر بووە و جۆرێکیش لە ڕق و کینە دروست بووە کە ئاسایشی کۆمەڵایەتی دەخاتە مەترسیەوە.

## دووەم: دەرخستنی هۆکارەکانی قەیرانی ئابوری لە هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی نموونەی توێژینەوەکەوە

هەر یەك لە یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان ئاماژەی بەچەند هۆکارێك داوە لە هۆکارەکانی قەیرانی ئابوری لەهەرێمی کوردستان و دوبارە بونەوەشی تیایە، ئێمەش هاتووین بۆ پوختەکردنی و ئاسانکاری لە چەند خاڵێکدا کورتمان کردونەتەوە، هەر خاڵێك لەو خاڵانە زیاد لە نموونەیەك بەشدارە تیایدا، لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانەوە دەڵێین ئەو هۆکارانەی کە قەیرانی دارایی و ئابوری قورستر کردووە بریتین لە:-

١- هەرێم نەیتوانیوە خۆی سیستەم بکات لە ڕوی ئابورییەوە و، نەیتوانیوە ژێرخانی ئابوری دروست بکات، چونکە هەر وڵاتێك ژێرخانی ئابوری هەبوو لە هەر دەرفەتێکدا بێت دەتوانێت هەستێتەوە و گەشە بکات (٢٥).

٢- سەوەر نەبوونی یاسا و نەبوونی یاسای بودجە کە دەروازەی شەفافیەتە، سیستەمی بانکی کارا نییە کە ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئەوەی دامەزراوەکانی چاودێری، چاودێری داهات و داهاتی کەس و کۆمپانیاکان بکەن، هەموو ئەمانە دەبێتە دەرئەنجامی ترو شتی تری بەدوادا دێت وەکو گەشەنەکردنی کەرتەکان، گەر کێشەی بەهەدەردان و گەندەڵی نەبوایە و داهاتەکان لە دەستی حیزب نەبوایە و بگەڕایەتەوە بۆ خەزێنەی گشتی، ئەوا ئەو کاتە لە خەزێنەی گشتییەوە بەرنامە دائەنرا بۆ چۆنێتی باش خەرج کردنی داهاتەکان، کێشەیەکی تر ئەوەیە ئەو بودجەیەی کۆ دەکرێتەوە لەبری ئەوەی زۆرینەی لە بواری وەبەرهێناندا خەرج بکرێت دەبینی زۆرینەی لە بواری تەشغیلی(موچە) خەرج دەکرێت، کەواتە گەر داهاتەکان گەڕانەوە خەزێنەی گشتی و سیاسەتێکی دروستیش هەبوو بۆ بەگەڕخستنی داهاتەکان، ئەو کات بوژانەوەی کەرتە جیاوازەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵ و گەشت و گوزار دروست دەبێت، ئەمانە دەبنە فرەچەشن کردنی داهاتەکانی هەرێم و ڕێگا خۆش دەبێت بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانی ئابوری(٢٥).

٣- کارا نەبوونی دەزگاکانی چاودێری دارایی و دەزگای نەزاهە، هەرێم دامەزراوە و یاسا و دەزگاکانی هەیە بەڵام کارا نین، لە ڕوکەشدا دەوڵەتێکی تەواوین و سیستەمی دیموکراسیمان هەیە بەڵام ئەمانە ڕوکەشن و دامەزراوەکان و یاسا جێبەجێ نابێت و ناتوانن مومارەسەی دەسەڵاتەکانیان بکەن، بۆ نموونە پەرلەمان ئەرکی چاودێرییە بەڵام قەت نەیتوانیوە هەستێت بەم ئەرکەی خۆی. یا دیوانی چاودێری دارایی سەر بەپەرلەمان خۆی دەبێت دەستکراوە بێت لە چاودێری دام و دەزگای جێبەجێ کردن، ئەبێت پشکنین و وردبینی بۆ هەموو دەزگایەك بکات کە خەرجی تیادا دەکرێت، بەڵام ڕێگەی پێ نادرێت پشکنین و وردبینی بۆ نەوت و بۆ گومرگ بکات. کە چاودێری کارا نەبوو وە دەسەڵاتی نەبوو و نەیانهێشت پشکنین بکات بێگومان نەزیفی سەرچاوەکانی داهات بەردەوام دەبێت. دەستەی نەزاهەش بەهەمان شێوە دوای ئەوەی لە ٢٠١٢ ەوە دروستکراوە لەو کاتەوە تائێستاپشتگیرییەکی وا ناکرێت کە بەهێزەوە ڕووبەڕوی گەندەڵکاران ببێتەوە، هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار قازانجیان لەوەدایە دۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت و دامەزراوەکان و دادگاکان لاواز بن(٢٥)(٢٤).

٤- زۆری ژمارەی موچەخۆران، یەکێك لە سەرەکی ترین هۆکارەکانی خراپی دۆخی ئابوری هەرێم، ئەوەیە کە کۆمەڵگە کراوەتە موچە خۆر، کۆمەڵگە کراوەتە کۆمەڵگەیەکی ڕەیعی (کرێ خۆر)، پارەی نەوت بێنە و بەمۆڵی دابەشی بکە و بیخۆ هیچ بەرهەمێکی نەبێت، هەروەها چاکسازی نەکردن لە ژمارەی موچەخۆران و زۆری موچە خۆری بندوار لەسەر حسابی فەرمانبەر(٢٤).

٥- قۆرخکاری بازاڕ لەلایەن دەسەلآت و حیزب و بەرپرسەکانەوە، تەواوی سەرچاوەکانی داهات و جوڵەی بازاڕ بۆ کۆمپانیای بەرپرسەکانە، هەرشتێك تۆزێ سودی تیادا بێت کۆمپانیایەکی بۆ دادەنێن و قۆرخی دەکەن گەر بتەوێ کارێکی سەربەست بکەی ناتوانی دەبێت ببی بەکارمەند لای ئەوان قۆرخکاری دەسەلآتداران بۆ سەرچاوەکانی دارایی و بازرگانی خەڵکی زۆر بێ کار کردووە، تەنها بۆ گروپ و خزم و نزیکەکانی خۆیان ئیش و کارو دامەزراندن هەیە(٣)(٦).

٦- نادادپەروەری لە موچەو خانەنشینیدا، کەسی ئاسایی موچەکەی (٤٥٠) هەزارە و پلە بالآش لە سەروو (٧) ملیۆنەوەیە، خانەنشین هەیە بە (٢٢٥) هەزارو پلە بالآش بە (٦) ملیۆن خانەنشین کراون و هەموو مانگێکیش ئەم نادادپەروەریە دوبارە دەبێتەوە. (٢٠)(٢١) (٢٥). لە کاتێکدا بەپێی ڕووپێوی خێرا بۆ باری گوزەرانی خێزان لە ساڵی (٢٠١٨) دا کە دەزگای ئاماری هەرێم کردویەتی کەمترین بڕی خەرجی تاك بۆ یەك مانگ بە(٢٣٩٠٠٠) دینار خەملێنراوە و گەر لەو بڕە کەمتر بێت ئەوە کەوتۆتە ژێر هێڵی هەژارییەوە، لە لایەکی تریشەوە نرخەکان بەرامبەر بە (٢٠١٨) زۆر زیادی کردووە و نرخی دۆلاریش گران بووە، بەو خەملآندنە کۆنەش بێت موچەی خێزانێك کە تەنها ئەگەر لە دوو کەس پێکهاتبێت دەبێت (٤٧٨٠٠٠) بێت نەك (٢٢٥) هەزار، بێگومان خێزان بە (٢٢٥) هەزار دینار بەڕێوە ناچێت.

٧- قەیران پلان بۆ دانراو بووە لەلایەن دەسەلآتەوەو، لە ماوەی ئەم هەشت ساڵەدا ساڵ دوای ساڵ قورستریان کردووە، موچە کەم دەکەنەوە و باج و ڕسومات و گومرگ زیاد دەکەن تائەو کاتەی خەڵك قبوڵی دەکات، تەنها ئەوەندە بەخەڵك ڕەوا دەبینن ئەوەی پەیدای دەکات بەشی خواردنەکەی بکات و هیچی تر یا بەهاوکاری کەسانی تر بژی(٦)(١٠)(٢٣).

٨ - هاوکات لەگەڵ قەیراندا پێش کەوتنی تەکنەلۆجیاش ڕۆڵی هەیە لەزیادکردنی بێکاری لای هاووڵآتیان بەتایبەت لە بواری خانووبەرەدا، خەڵکێکی زۆری بەبێکار هێشتۆتەوە، بۆ نموونە پێشتر هەرچی چیمەنتۆ هەبوو بەدەست و شانی کرێکار دەگێرایەوە و سەردەخرا بەلآم ئێستا میکسەرو پەمپ دەیکات یا شۆفڵ و حەفارەو مەکائن(٨)(٢).

٩ - بێ پلانی لە ئیدارەدانی دەوڵەت وای کردووە حکومەت بەدەستی خاڵی بێتە مەیدانەوە، بێ پلانی خەڵك و حکومەت و نەبونی پاشەکەوت و دەست پێوەنەگرتن بۆ ڕۆژی تەنگانە، خەڵك لە موچەوە پارەیەکی دەهاتە

دەست حسابی بۆ ئەوە نەدەکرد ڕۆژێك ئەوە نەمێنێت، کەس پاشەکەوتی نەبوو زیادە ڕەوی دەکرا لە سەیارە گۆڕین و ماڵ گۆڕین. سەبارەت بەحکومەتیش کاتێ نێت و بڕیاری بەسەربەخۆ فرۆشتنی نەوتیان دا کەنازانرێ بەچ مەبەستێك بووە، دەبوو حسابی کاردانەوەی بەغدا و بڕینی بودجەیان بکردایە، دەبوو پێشتر پاشەکەوتیان بکردایە بۆ ئەو کاتە، دەبوو چەند ساڵێك پێشتر خۆیان ئامادە بکردایە و پلان و بەرنامەی ئابوری گرنگ هەبوایە پاشان ئەو بڕیارە بدرایە(٢٠)(٤)(١٥).

١٠ - بوونی بەهەدەردانی دارایی و گەندەڵی و ناشەفافی داهاتەکان لەناو حکومەتی هەرێمدا، بۆ نموونە لێخۆش بوون لە گومرگ و باجی کۆمپانیا گەورەکان و بەتایبەت کۆمپانیا حیزبیەکان، داهاتی ئەمانە نەگەڕاوەتەوە بۆ حکومەت، قاچاخچێتی لەدەروازە سنوریەکان و دەست بەسەرداگرتنی داهاتی گشتی لەلایەن حیزبە دەسەلأتدارەکانەوە، بەهۆی زۆر بوونی سەرچاوەکانی داهاتەوە هیچ بیانویەك نەماوە بۆ قەیرانی ئابوری چونکە سەرچاوەکانی داهاتی حکومەت زۆر زیادیان کردووە(٩)(٤).

١١- قەیران و درێژەدانیش پێی هەر بابەتێکی سیاسییە، قەیران لە دەرەوە هێنراوە و سەپاوە بۆ مانەوەی دەسەلأت، سەرەتابێ پلانی بوو بەلأم دواتر کردیانە بەرنامەی خۆیان و درێژەی پێدەدەن، چونکە حیزبی دەسەلأتداری دەوڵەمەند و حکومەتی هەژارو قەرزدار لە قازانجی ئەوانە و زۆر بەباشی کاری بۆ دەکەن تابەخەڵك بڵێن کێشەمان هەیە و ناتوانین خزمەتگوزاریەکان دابین بکەین تاخزمەتگوزاریەکان هەموو بدەنە کەرتی تایبەت و کۆمپانیا حیزبیەکان سوودمەندبن لێی، قەیران بەشوێن قەیراندا دەیهێنن، تاخەڵك تەنها بەشوێن ناندا ڕابکات و بیر لە هیچ شتێکی تر نەکاتەوە(٦)(٩)(٢٠).

١٢ - شەڕی داعش کە ئەمەش لە دەرەوە هێنران تاناوچە سونیەکان کاول بکەن و بیگێڕنەوە بۆ سی ساڵ پێش ئێستا، شەڕ بەگشتی ماڵکاوی و قەیرانە، ماڵ و خێزان لێك هەڵدەوەشێنێتەوە، خەرجی دەوێت، قوربانی دەبێت، بەزۆری سەرۆك خێزان کە باوکە تیادەچێت و بریندارو کەمئەندام دەبێت، بۆ ئەو خێزانانە تەواو دەبێتە قەیران و هەژاری و بار بەسەر کەس و کاریەوە، لەبەر ئەوەی حکومەت ماف و حەقی خۆیان پێنادات، کە شەڕ بوو بازارو کەسابەت و داهاتی دەوڵەت و داهاتی گشتی و خێزانیش کەم دەبێت، حکومەتی هەرێم کە شەڕیش دەکات هاوکاری و پشتگیری ماددی هاونیشتمانیان ناکات (١٩)(٢٠)(١٧).

١٣- دەستوەردانی حکومەت لە بازارو زیادکردنی باج بەهەڕەمەکی، کاتێك حیزب و حکومەت دەستکاری بازاڕ دەکەن کێشە دروست دەبێت، چونکە حیزبی سیاسی و حکومەت نابێت بازرگان بن، جگە لە قۆرخکاری هاتوون بەبێ تویژینەوە باج و ڕسومات و گومرگ زیاد دەکەن لەسەر هاوولأتی ئاسایی، هاوولأتی ئاسایی ژیانی نیەو هەژارە و خۆی پێ نابرێت بەڕێوە، دوکانداریکی ئاساییە بەلأم دادو بێدادیەتی بەدەست باجەوە، باجی خانوبەرەو دەستەبەری کۆمەلأیەتی کرێکارو باجی دەرامەت و خۆڵ و تابلۆ و ئاو کارەبا و گومرگ، جگە لەشارەوانی و تاپۆ و مرور، ئەو پارەیەی وەردەگیرێ لە بەرامبەر خزمەتگوزاریدا نییە، ئەو مافەی نییە کە پێویستە هەیبێت(٢٤).

١٤- نەبونی هیچ بانکێکی ناوەندی باڵا وەکو بانکی ناوەندی بەغداد، کە پارێزراو بێت و لەژێر دەستی حیزب و کەس و بەرپرساندا نەبێت و خاوەنی دراو و قەواڵە و یەدەگی زێڕ بێت، بانکی ناوەندی حکومەتی هەرێم هەیە بەڵام هیچ پارەیەکی تیانیە و لە ژێر دەستی حیزب و بەرپرسەکانە تادەستێکی ئەمینی باڵا لە حکومەت(٢٥)(٢٤).

١٥- بێ باکی دەسەڵات لە ئاست داخوازییەکانی کۆمەڵگە، لە ١٧ شوباتی (٢٠١١) خۆپیشاندان دەکرا لە دژی گەندەڵی و نەبونی خزمەتگوزاری و دەستی حیزب لە حکومەت و سەروەر نەبوونی یاسا، ئەو کات کە ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزیش هەبوو چاکسازییان نەکرد، دواتر کە شەقامیش هێور بووەوە دەیان قەیرانی تر دروستکران بۆ مەشغوڵکردنی هاووڵاتیان و لەبیربردنەوەی کێشە سەرەکیەکانی، لە دوای ساڵی ٢٠١٤ هەشەوە قەیرانی دارایی و ئابوری دروست بوو بووە هۆکاری زیاتر بێبەش بوونی کۆمەڵگە لە شایستە دارایی و ئابوری و خزمەتگوزاریەکان(٢٠)(٢١).

١٦- کارەساتی ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و لەدەستدانی ٥١٪ ی خاکی کوردستان و داخستنی دەروازە سنوریەکان و فرۆکەخانەکان بووە هۆی قوڵکردنەوەی قەیرانەکان(٢٨).

١٧ - هۆکارێکی تر هاتنی پەتای کۆرۆنا و کەرەنتینە و دابەزینی نرخی نەوت جارێکی تر، ئەمانە کاریگەرییان هەبوو لەسەر قوڵکردنەوەی قەیران(١٣)(٢٨)(٢٢)(٧).

١٨ - هۆکارێکی تر بێ کاری و هەژاری وای کردووە قەیران ڕۆژ بەڕۆژ توندتر ببێت و کۆچ بەردەوام بێت، لە ئێستادا لە (بیلا ڕوسیا) و لە (ئیجە) سەدان و هەزاران گەنج کۆچ دەکەن و سەری خۆیان هەڵدەگرن، بازاڕ بێکاری زۆری تیایە، لە ئێستادا قەیرانێکی ئابوری زۆر سەخت و زۆر قوڵمان هەیە کە ئەگەر ئاوا بڕوات ئەبێتە کارەسات لەسەر کۆمەڵێ پێکهاتە، لەسەر هەڵوەشانەوەی (١١) هەزار خێزان ساڵانە بەشێکی زۆری لەبەر نەبوونی هەلی کارو نەبوونی داراییە، ململانێی ناو هێزەکانیش هەر لەسەر داراییە(٢١)(٢٤).

١٩- هۆکارێکی تری قەیران نەبوونی دەوڵەتی سەربەخۆیە، ئێمە هەرێمێکی سەر بەعێراقین و چوارچێوەی یاسایی نییە بۆ ئەوەی هەندێ کار بکرێت وەکو فرۆشتنی نەوت بەبۆڕسە، بەئاشکرا ناتوانرێ پارەکەی بێتەوە ژمێرەی بانکی ناوەندی، هەموو ئەمانە مەترسین و کەرتەکانی تریش پوکاونەتەوە لەبەرامبەر کەرتی نەوت(٢٤).

٢٠ - نەبوونی سیاسەتێکی هاوسەنگ و یەکگرتوو لە بەرامبەر دراوسێکانی (ئێران و تورکیا)، هەریەکە لەو دوو وڵاتە خۆیان بەخاوەنی هەرێم زانیوە و سودمەند بوون لە دارایی و ئابوری هەرێم، تورکیا و ئێران بەجۆرێك لە جۆرەکان ڕێگر بوون لە گەشەکردنی هەرێم و بوژانەوەی بەرهەمی ناوخۆکەی و دروست بوونی کارگە و پرۆژەی ستراتیجی، تا هەرێم و عێراق وەکو بازاڕی ساخبوونەوەی کاڵاکانیان بمێنێتەوە(٢٨)(٢١)(٤).

## سێیەم: دەرخستنی پلانی خێزانی کوردی بۆ ڕووبەڕوبونەوەی قەیرانی ئابوری

ئەم خالأنەی خوارەوە لە ئەنجامی چاوپێکەوتنەکانەوە بەدەستهاتوون و یەکەکانی نموونەی توێژینەوەکەمان ئاماژەیان داوە بەو پلانانەی کە گرتویانەتەبەر بۆ ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانی ئابوری، ئێمەش هاتووین ڕێکمان خستوون و دامان ڕشتونەتەوە لە چەند خالێکدا تاکورت بن و خێراتر بۆچوونەکان بگەن، پلانەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

١- سەرەتایەکی شۆك بوو بۆ خێزان ئەو کاتانەی موچەخۆر (٢٥٪) موچەکەی وەردەگرت زەحمەت بوو پلانێك هەبێت ئەمەی بۆ ڕێك بخات، بۆیە پەنابردرایە بەروەستانی زۆرینەی خەرجیەکان و دەست بردن بۆ پاشەکەوت و شت فرۆشتن(٣٠).

٢- خێزان خۆی لەخەرجییە ناپێویستییەکان بەدور گرتووە تافریای خەرجییە پێویستییەکان بکەوێت، تابتوانێ لەگەڵ قەیرانی ئابوری هەڵبکات تەرکیزی لەسەر پێویستیە سەرەکیەکان بووە، وەکو خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و شوێنی مانەوەو پەروەردەو تەندروستی، دوای ئەوە تەرکیزی لەسەر زیادکردنی داهاتەکانی و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان و پاشەکەوت کردن بووە(٢٦)(١٩).

٣ - ئەو خێزانانەی کاری ڕۆژانەیان کردوە پلانیان ڕۆژانە بووە، چەندیان دەست کەوتووە ئەوەندەیان خەرجکردووە لە پێویستترینەوە بۆ ئەوانی ترو، هەوڵیشیان داوە شتێکی لێ پاشەکەوت بکەن(١١)(٢).

٤ - پلانی خێزانی ئاسایی لە بازاڕکردندا ئەوە بووە کەل و پەلێك کڕدراوە کە مارکە نەبووە چونکە نرخی شتی مارکە گرانترە، هەروەها لە مارکێتە گەورەکانیش شت کەمتر کڕدراوە هەر لەبەر هەمان هۆ، لەبری ئەوە لە بازاڕە میللیەکان و لەناو بازاڕ شت کڕدراوە، کوێ هەرزانترین شوێنە لەوێ بازاڕی کردووە، بەڵام کاتی بەرهەمهێنان و بەسەرچوونی پێداویستیەکان لەبەرچاو گیراوە، بەڵام بۆ پێداویستیە پزیشکی و کارەباییەکان نا تاکوالێتی بەرز بوو بن و مارکە بن باشتربووە بەلایانەوە چونکە کێشەی سەلامەتی لەدوابووە(٢٦)(١٠).

٥ - پلانێکی تری خێزان بریتی بووە لە ئیشی دووەم یان خستنە سەر کاری ئەندامانی تری تاداهاتەکانیان زیاد بکەن، هەرچەندە ئیشی دووەم ناچارییە بەتایبەت ئەوەی سەرۆکی خێزانە ئەرکی چاودێری و بەخێوکردنی هەموو خێزانەکەی لەسەرشانە، ئەبێت بەڕێگەی حەلاڵ و یاسایی هەرچی کردووە قووتی خێزانەکەی پەیدا بکات، ئەمە لە کاتێکدایە بەشێوەیەکی سروشتی مرۆڤ دەتوانێت هەشت سەعات کار بکات لە ڕۆژێکدا، بەڵام لەبەرئەوەی ناچار بووە (١٥ و ١٦) سەعاتیش کاری کردووە، زۆر خێزان وابووە ئەمەش بەڵگەی قورسی ژیان و گرانی پێداویستییەکانە لە هەرێمی کوردستان کە بەیەك کار ناتوانرێت فریای دابینکردنی پێویستییە سەرەکییەکان بکەوێت(٩)(٢٥).

٦ - ئەو خێزانانەی موچەخۆری ئاسایین زۆر کەم شت دەکڕن، بابەتی جوانکاری و کمالیاتیان زۆر کەمکردۆتەوە،

هەموو موچەیەك وەری دەگرن وای خەرج دەكەن تابەشی مانگەكەیان بكات و قەرزدار نەبن و نەكەونە ژێر دانەوەی قەرز و قست، هەركەسە و بەقەدەر بەڕەكەی خۆی پێی ڕاكێشاوە(٥)(٢٣).

٧ - ئەو خێزانانەی كە هەژارن یان لەسەرەتای دروست بووندان سوود لە كەل و پەلی دەستی دوو وەردەگرن و دەیكڕن بەهۆی هەرزانی نرخیانەوە، یان سوود لە هاوكاری كەس و كۆمپانیا و ڕێكخراو و ناوەندە خێرخوازیەكان وەردەگرن تاهەژاری تێدەپەڕێنن(١٣)(٢٥)(١٦).

٨ - خێزانی نموونەی توێژینەوەكە بڕیاری وازهێنانی خۆی لەهەندێك ڕێوڕەسم و بۆنەی كۆمەڵایەتی و میوانداری داوە تاخەرجیەكانی زۆر نەبێت، دیاری كڕین و دیاری بردن كەمكراوەتەوە یان كە بیشیكڕن دیاری هەرزان و بچووك لەبری دیاری بەنرخ كڕدراوە، بانگهێشتكردن بۆ نان خواردن كەمكراوەتەوە یاخود گەر زۆر پێویست بوو بەشێوەیەك بووە كە كەم بكەوێت، بۆ نموونە گەر پێویستی بەدوو گۆشت بوو بێت كراوە بەیەك گۆشت، یا گۆشتی مریشك لەبری گۆشتی سور بەكارهاتووە، گەر پێویستی بەخواردنێكی نایاب بوبێت خواردنێكی ئاسایی ئامادەكراوە(١)(٩)(١٠).

٩ - هەندێك خێزان لە سنوری خانوو و زەوی خۆیاندا هەندێك بەرهەمهێنانیان كردوەو پشتیان بەستوە بەخۆیان، وەكو باخداری و كشتوكاڵ كردن و بەخێوكردنی پەلەوەرو بەرهەمهێنانی سەوزەو دروستكردنی نان و كولێرە(٩)(٨)(١٠).

١٠ - بۆ بازاڕكردن توانراوە سوود لەو ماركێتانە وەربگیرێت كە داشكاندن دەكەن جا لە وەرزەكاندا بێت یاخود لە بۆنەكاندا یان لە كۆتایی هەفتەدا(٢٢)(٢٦).

١١ - پلانێكی تری خێزان چاكردنەوەی كەل و پەلەكانی ماڵ بووە، چاكردنەوەو دوبارە بەكارهێنانەوە ڕێگر بووە لە بەفیڕۆدانی داهات(٩)(٥)(١٣).

١٢ - پلانێكی ئەو خێزانانەی كە بازرگان و كاسبن قەتیس نەبوونە لە شوێنێك و هەوڵدانە بۆ ئەوەی لە شوێنی ترو شاری تر پەرە بەكارەكانیان بدەن، یان هەوڵیان داوە لە دوو سێ بواردا كاربكەن تا ئەگەر لە یەكێكیاندا خراپ بوون بەهۆی بارودۆخێكی سیاسی یان هونەری یان ئابوری ئەوا بەدیل و جێگرەوەیان هەبێت(٤)(٦)(١٨).

١٣ - ئەو خێزانانەی كاردەكەن بەهەڵەشەیی كارناكەن و بیر دەكەنەوە و لە (٣٠٪ تا٤٠ ٪ ) سەرمایەیان دەهێڵنەوە بۆ كاتی پێویست، بەرنامە دادەنێن و بەوریاییەوە كاردەكەن و وردەكارن لە داهات و خەرجیەكانیان تابمێنیتەوە(٢٧)(٢٩)(١٨).

١٤ - ئەو خێزانانەی كەسابەت دەكەن، پلان و شارەزایی پێویستیان هەیە بۆ كارەكانیان، پێویستیان بەكات و شارەزایی و داهات و گونجانە لەگەڵ ڕۆژگاردا، گرنگی بەمۆدێل تازە دەدەن و شتی كۆن تیكەڵی شتی نوێ دەكەن

و دوکانی ڕازاوه و گەوره و جوان بەباشتر دەزانن(٢٩)(٢٠).

١٥ - پلانی تری ئەو خێزانانەی کە کاسبن زیادکردنی ئایتم و براندە، بازرگان و کاسب براندەکانیان زیاتر دەکەن و مۆدێلاتی تر دەهێنن، ڕیکلام و پەیوەندیەکانیان بەهێزتر دەکەن تابتوانن پارێزگاری لە فرۆشی خۆیان بکەن و زیاتری بکەن، چونکە پوختی لە کارو پلان پێویستە بۆ زیادکردنی بازارو فراوان کردنی کار(٢٩)(٢٧)(٤)(٦).

١٦ - پلانێکی تری ئەو خێزانانەی کاسب و بازرگانن، داشکاندنی نرخی ئایتمەکانیانە بۆ کڕیاران و دانانی کەمی بڕی خێرە، بەم شێوەیە هەردوو لا سوود مەند دەبن هەم ئەو خێزانانەی کە فرۆشیارن فرۆشیان زیاتر دەبێت و قازانجی زیاتر دەکەن، ئەو خێزانانەشی کە کڕیارن سوودمەند دەبن لەوەی بەنرخی داشکاو و هەرزانتر پێویستییەکانیان دەستەبەردەکەن(٦)(٢٠)(٢٩).

١٧ - پلانێکی تری ئەو خێزانانەی کە کەسابەت دەکەن بریتییە لە ئارامگری و کۆڵنەدان و پیشە نەگۆڕین تادەناسرێن و کڕیاری تایبەت بەخۆیان بۆ دروست دەبێت، ئەو کات دەکەونە سەر قازانج و سوودمەند دەبن(٢٧)(٤)(١٨).

## چوارەم: دەرخستنی توانای خۆگونجاندنی خێزان لەگەڵ قەیرانی ئابوری

خۆگونجاندن (التکیف)( Adjustment): ئەم چەمکە لە بنەڕەتدا دەگەڕێتەوە بۆ زانستی بایۆلۆجی و، لە ناوەڕۆکدا بۆ تیۆرەکەی چارلس داروینی بەریتانی (١٨٠٩ - ١٨٨٢)، تیۆرەکەی تیۆری سەرهەڵدان و گەشەکردن (النشوء والارتقاء) واتە نەش و نمای توخم و جۆرەکان و گەشەکردنیان و گەورەبوونیان، باوەڕی وایە کە بونەوەری زیندوو توانای مانەوەی هەیە بەهۆی بوونی خەسڵەت و توانای خۆگونجاندنیان لەگەڵ ئەو ژینگە سروشتیەی کە تیایدا دەژین، لێرەشدا وتەی (مانەوە بۆ بەهێزە) بەهێز ئەو بونەوەرە زیندووەیە کەخۆی گونجاندووە لەگەڵ چواردەورەکەی. لە ڕوانگەی دەروونناسیەوە وا دەبینرێت کە چەمکی خۆگونجاندن ئەو پرۆسە جولاّوەیە کە ئامانجیەتی تاکەکان ڕەفتاری خۆیان ڕێکبخەن تاباشتر بگونجێن لەگەڵ خۆیان و ئەو ژینگەیەش کە تیایدا دەژین، لەم ڕێگەوە تاك دەتوانێت پەیوەندی دروست بکات لەگەڵ خێزان و قوتابخانە و شوێنی کارەکەی [1].

صالح بن محمد الصغیر (٢٠٠١) پێناسەی گونجانی کردووە بەوەی: توانای مامەڵە و کارلێکە لەگەڵ بارودۆخە کۆمەلاّیەتییە جیاوازەکان و وەلاّمدەرەوەی پێشهاتەکانی ژیانی کۆمەلاّیەتی و گۆڕانەکانیەتی، ژیانکردنە لەگەڵ کۆمەڵگە و کۆمەڵگەی نوێ کە تاك تیایدا دەژی بەرِەفتارو داب و نەریت و یاساکانی کە پەیوەندی نێوان تاکەکان

[1] موقع سایكو، بحث عن التكیف الاجتماعي، على الموقع الالكتروني التالي psyco-dz.info/2017/12/pdf_15.html في ٢٠٢٢/٣/٢١.

ڕێکدەخات [1].

حامد زهران (١٩٧٨) پێناسەی کردووە بەوەی گونجان مانای بوونی بەختەوەری تاکە لەگەڵ ئەوانیتر، وە پابەندیەتی بەڕەوشتی کۆمەڵگە و پێوەرو کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە و، قبوڵکردنی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانە، وە کارلێکی کۆمەڵایەتی باشە لەگەڵی [2].

چەندین تیۆر هەیە بۆ شیکاری خۆگونجاندن لەوانە تیۆری (شیکاری دەرونی)، تیۆری (ڕەفتاری)، تیۆری (مرۆیی)، تیۆری (بایلۆجیای پزیشکی). تیۆری شیکاری دەرونی فرۆید (١٨٥٦- ١٩٣٩)ی نەمسایی، لای ئەم گونجانی دەرونی تێرکردنی حەز و ڕەمەکە بایلۆجیەکانە بەشێوەیەك دووربێت لە سزای کۆمەڵایەتی، گونجانی نێوان ئەو و من و منی باڵایە. (ئەریك فرۆم) (١٩٠٠- ١٩٨٠)ی ئەڵمانی دەڵێت: کەسایەتی گونجاو ڕێکخستنێکی ئاڕاستەکراوی ژیانی لەلا هەیەو قبوڵکراوە لەلایەن ئەوانی ترەوەو کراوەیە بەڕویاندا و توانای هەڵگرتنی بەرپرسیارێتی هەیە، یان گونجانی تاکە لەگەڵ کۆمەڵگەداو چارەسەرێکی نێوەندگیرە لەنێوان پێداویستیە ناوخۆیەکانی تاك و داواکاریە دەرەکیەکانی کۆمەڵگە [3].

ئەم چەمکە لە (کۆمەڵناسی)دا زۆر گرنگ و پڕ بایەخە، خۆگونجاندن ڕێگەیەکە لەبەردەم تاك و خێزان و کۆمەڵەکان تالەگەڵ ژینگەی کۆمەڵایەتی و سروشتی چواردەوریان کارلێك بکەن بەبێ کێشە بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانیان. لە (دەروونناسی کۆمەڵایەتی)شدا بەواتای پرۆسەی داغڵ بوونی تاك بۆ ناو تۆڕێك پەیوەندی پۆزەتیف و هاوسەنگ لەگەڵ ژینگە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکەی دێت [4].

پرۆسەی خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو قەیرانە دارایی و ئابوریەی لە ساڵی (٢٠١٤)ەوە لە هەرێمی کوردستان دروست بووە یەکێکە لە گرنگترین کارو ئەرکێك لەسەر شانی تاك و خێزان و گروپە کۆمەڵایەتیەکان، بۆ سنوردارکردنی ڕەنگدانەوە نەرێنییەکانی قەیرانی دارایی و ئابوری ئەوەی پەیوەندی بەکۆمەڵگە و دەسەڵاتی جێبەجێ کردنەوە هەیە وەکو حکومەت، گرتنەبەری چەندین ڕێگەی گونجاوە بۆ ئەم مەبەستە، هەر لە خۆ ڕزگارکردن لە تاك سەرچاوەی داهاتی نەوت و گرنگیدان بەکەرتەکانی پیشەسازی و کشتوکاڵی و گەشتیاری و بوژاندنەوەی بەرهەمە خۆماڵییەکان و ڕاکێشانی وەبەرهێنەرانی بیانی بۆ ناوخۆ و، نەهێشتنی گەندەڵی و قۆرخکاری و کەمکردنەوەی خەرجییە ناپێویستەکان و شەفافییەتە، لە پاڵ ئەمانەشدا پێدانی شاسیتە داراییەکانی وەك موچەو دەستەبەری کۆمەڵایەتی و دڵنیایی خۆراك و تەندروستی و خوێندن بەهاووڵاتیان و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆیان بەکەمترین نرخ.

---

[1] صالح بن محمد الصغير، التكيف الاجتماعي للطلاب الوافدين، مجلة جامعة ام القرى، المجلد الثالث عشر، عدد ١، ٢٠٠١. ص ٣٣.

[2] حامد عبدالسلام زهران، الصحة النفسية والعلاج النفسي، عالم الكتب للنشر والتوزيع، القاهرة، طبعة الرابعة، ٢٠٠٥، ص ٢٧.

[3] سليمان عبدالواحد ابراهيم، علم النفس الاجتماعي ومتطلبات الحياة المعاصرة، مؤسسة الوراق للنشر و التوزيع، عمان الاردن، ٢٠١٤، ص 165.

[4] احسان محمد الحسن، موسوعة علم الاجتماع، المصدر السابق، ص ١٥٩ .

ئەوەی پەیوەندی بەخۆگونجاندنی خێزانیشەوە هەیە ئەوا پێویست دەبێت لەسەری دوو هەنگاوی گرنگی ستراتیجی پەیڕەو بکات ئەوانیش: یەکەم زیادکردنی داهاتەکانی و، دووەم کەمکردنەوەی خەرجییەکانییەتی. خێزان تەنیا لە پێدانی توانست و شارەزایی مرۆیی بەکۆمەڵگە بەرپرس نییە کە بۆ بونیاتنان و پێشکەوتنی گشتی پێویستی پێی دەبێت، بەڵکو بەرپرسیشە لە پاراستنی دەرامەت ئابوریيەکان و ڕێکخستنی تا ئەوپەڕی سوود لێ وەرگرتن، ئەویش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی خەرجییەکان و ڕێگرتن لە دەست بلاوی و تەفقەشوف کردن لە ژیانی ڕۆژانەدا و سنوردانان بۆ بەکاربردنی زۆر [1].

کەمکردنەوەی خەرجییەکان لەڕێگەی سنوردارکردنی کڕینەوە دەبێت لە گشت بوارەکانی خواردن و خواردنەوە و پۆشاك و کەل و پەلی ناوماڵ، هەنگاوی دوەمیش لە ڕێگەی چاکردنەوە و بەکارهێنانەوەی ئەو ئامێرو کەل و پەلانەوە دەبێت کە چاك دەکرێنەوە بۆئەوەی جارێکی تر بەکاربهێنرێنەوە نەك فڕێ بدرێن و بگۆڕدرێن بەهی نوێ. هەنگاوی سێیەمیش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی بەکارهێنانەوە دەبێت وەکو کەم بەکارهێنانی کارەبا و ئاو و سوتەمەنی و ئۆتۆمبێل و مۆبایل و ئینتەرنێت. ئەمانەی باسکران دەچێتە چوارچێوەی خۆگونجاندنی نوێ و پێویستی خێزان و ئەندامانی لەڕوی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕەفتاری و دەرونیەوە بۆ کەمکردنەوەی ڕەنگدانەوە نەرێنیەکانی قەیرانی ئابوری لەسەری، کەواتە بابەتی خۆگونجاندنی خێزان لەگەڵ ئەو قەیرانانەی هەڕەشە لە بونیاد و دامەزراوەی خێزان دەکات پشت دەبەستێت بەکارایی ڕۆڵبینیی ئەندامانی خێزان لە لایەك و، لە لایەکی تریشەوە بۆ وەڵامدانەوە و بەدەمەوە چوونی کۆمەڵگە و دەوڵەت و ڕێکخراوەکان بۆ هاوکاری کردنی خێزان [2].

کاتێك گۆڕانێکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا ڕوودەدات یا دەبێتە هۆی پێش کەوتنی کۆمەڵایەتی یان گەڕانەوە بۆ دواوەو دواکەوتنی کۆمەڵایەتی، لە هەرێمی کوردستان پێش قەیرانی دارایی و ئابوری ساڵی ٢٠١٤ پرۆسەیەکی ئاوەدانکردنەوەو گەشەکردنی خێرا هەبوو لە هەموو سێکتەرەکان و بەتایبەت سێکتەری ئابوری، بەلام بەهۆی قەیرانەوە نەك ئەم گەشەسەندنە وەستابەڵکو بووە هۆی گرفتی گەورە و ئیفلیجی بۆ تێکڕای سیستەمەکان، لە سیستەمی کۆمەڵایەتیدا بووە هۆی زیادبوونی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی جۆراو جۆر، لەناو ئەوانەدا زیادبوونی ئامارەکانی جیابوونەوەو، کەمی هاوسەرگیری و، ئالوودە بوون و دزی و، تاوان و کوشتن و، خۆکوشتن و ئەنۆمیا و کۆچ.

ئاڕاستەکانی خۆگونجاندنیش لە خێزانێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە، (هیل - Hill) چەند هۆکارێکی باسکردووە لەوانەی دەبنە خۆگونجاندنی خێزان لەگەڵ قەیران لەوانەش:

١- توانای ئامادەسازی خێزان بۆ ڕووبەڕوبونەوەی قەیران.

---

(1) ئیحسان محمد حسن، کۆمەڵناسی ئابوری، ،سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٤٠.

(2) هەمان سەرچاوە، ل ٣٤١ و ٣٤٧.

٢- تەواوکاری و پێگەیشتووی خێزان.

٣- مەودای پەیوەندییە سۆزدارییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان.

٤- بەهێزی خۆگونجاندنی هەردوو هاوسەر لەگەڵ یەکتر.

٥- گەرمی و بەهێزی پەیوەندی هاوڕێیەتی نێوان باوان و منداڵەکان.

٦- بەشداری لە دانیشتنە خێزانییەکان و گفتوگۆی خێزانی بۆ دەرکردنی بڕیارەکان.

٧- هاوبەشی کردنی کۆمەلأیەتییانەی ژن یان دایک.

٨- ئەزمونە سەرکەوتوەکانی پێشتر لەڕووبەڕووبونەوەی قەیرانەکان [1].

بۆ بەرچاو ڕونی خێزان لە هەرێمی کوردستان و بۆ مامەڵە لەگەڵ قەیرانی ئابوری و خۆگونجان لەگەڵی ناچارە هەندێ ستراتیج و پلان پێڕەو بکات تابتوانێت بەردەوام بێت و خۆی بگونجێنێت لەگەڵی. بۆ تێگەیشتنی خێرا سەبارەت بەگرتنەبەری ستراتیج بۆ ڕووبەڕوبونەوەی قەیرانی ئابوری نموونەی توێژینەوەیەکی سعودی دەهێنینەوە، ئەویش توێژینەوەی (عبید بن علي عطیان ال مظف) ە لە شاری جددەی سعودی گەیشتۆتە کۆمەڵێ ئاکام کە ئەمانەی خوارەوە هەندێکیانە:-

خێزانی سعودی لە قەیرانی ساڵی (٢٠١٠)دا ئەم پلانانەی پێڕەو کردووە وەك:

١- بیرکردنەوە لە وەبەرهێنان بۆ دڵنیابوون و بەدەستهێنانی سەرچاوەی دەستکەوتی زیادە.

٢- کەم کردنەوە و وەستان لە کڕینی کەل و پەلی کەمالیات و جوانکاری و نا پێویست.

٣- مامەڵەکردن لەگەڵ فرۆشیار بۆ داشکاندنی نرخ و پرسیارکردن و ڕوکردنە ئەو مارکێتانەی کە نرخیان هەرزانترە.

٤- کەم کردنەوەی چالاکی تەرفیهی خێزان و دانانی میزانییەی مانگانە و بازاڕکردن لە شوێنە میللییەکان.

٥- دەستگەیشتن بەقەرز و سولفە بۆ تێپەڕاندنی قەیرانی ئابوری.

٦- چوونە دەرەوەی یەکێك لە ئەندامانی خێزان بۆ کارکردن لە بازاڕ بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەستکەوتی زیادە.

٧- کەم کردنەوەی خەرجی بەهۆی هاوبەشی کردن لەگەڵ دراوسێ و هەندێ خزمان بۆ بەکارهێنانی هەندێ خزمەتگوزاری وەکوئینتەرنێت و کڕینی هەندێ پێداویستی بەنرخی کۆ و بەشکردن لە نێوانیان.

٨- هانابردن بۆ هەندێ ڕێکخراوی نێونەتەوەیی و ناوخۆیی بۆ هاوکاری و دەستگەیشتن بەخزمەتگوزارییە پێویستەکان [2].

بەڕای هەندێ لە بەشداربووانی توێژینەوەکەمان هەندێ هۆکار پاڵپشت بوون بۆ مانەوەی خێزانەکانیان

---

[1] حصة بنت صالح المالك و ربيع محمود نوفل، المصدر السابق، ص ١١٤ - ١١٥ .

[2] عبد بن علي عطيان، سوسيولوجيا التكيف مع الازمات الاقتصادية، استراتيجيات الاسرة السعودية في التعامل مع التضخم الاقتصادي، مجلة جامعة الملك عبدالعزيز، الاقتصاد والادارة، مجلد ٢٨ عدد٢، ٢٠١٤، ص ١٥١ - ١٨٤.

بەیەکگرتووی هەرچەندە قەیرانی ئابوری کێشەی گەورەی بۆ دروست کردوون لە هەستان بە ئەرك و ئیدارەدانی خێزان، بەڵام بەهۆی بوونی ئەو هۆکارانە خۆگربوون و بەیەکگرتووی ماونەتەوە، هۆکارەکانیش ئەمانەی لای خوارەوەن:

أ - هۆشیاری و تێگەیشتووی هاوسەر بەپلەی یەکەم و پاشان منداڵەکان.

ب - پەروەردەی دروست و پەروەردەی ئایینی و باوەڕبوون بەوەی هەژاری و دەوڵەمەندی کاتییەو مرۆڤ بەهەردوو باردا تاقی دەکرێتەوە.

ج - بوونی قەناعەت و ڕازی بوون بەو بەشەی کە هەیە.

ح - ئومێد و باوەڕبوون بەوەی ئەم بارودۆخە قەیراناوییە ڕۆژێك دێت کۆتایی بێت.

د - بوونی توانای خۆ گونجاندن و ڕاهاتن لەگەڵ بارودۆخەکە.

یەکێك لە پاڵپشتیە گرنگەکان بۆ خۆگونجاندنی خێزانی کوردی لە شاری سلێمانی لەگەڵ قەیرانی ئابوری بریتییە لە پاڵپشتی ئاینی، بەوپێیەی ئاین هانی مرۆڤ دەدا تائارامگر بێت، چونکە دۆخە نالەبارەکان کۆتاییان دێت و بەدوای ناخۆشیدا خۆشی دێت، هەروەها ئاین قەناعەت دروست دەکات و هەژاری و نەبوونی و بوونیش بەتاقیکردنەوەی خوایی دادەنێت، بۆ جەختکردنەوە لەم ئەنجامە ڕای هەندێك لە نموونەی توێژینەوەکەمان دێنینەوە وەکو:

(بەپاڵپشتی باوەڕداریمان تێگەیشتوین کە ژیان بەرز و نزمی تیایە و لە دوای هەموو ناخۆشییەك خۆشی دێت، بۆیە ئارام دەگرین و قەناعەتمان وایە کە خوا ڕزگارمان دەکات لەم ناڕەحەتی و ناخۆشیانە)(٨).

(بەس خۆڕاگری و هیچی تر ناچارین ئارام بگرین و دان بەخۆمانا بگرین، باوەرو ئاینداریش یارمەتی مرۆڤ دەدات تاخۆڕاگربێت، ئێمەی مرۆڤ خوامان هەیە و بوونی ئەویش بەسە، هەروەها چوونە مزگەوت و گوێ گرتن لە وتارو تێکەڵی خەڵکی باش هێورمان دەکاتەوە و تۆزێ دڵمان خۆش دەکات)(٢٣).

(بێگومان دەبێت خۆمان بگونجێنین لەگەڵ قەیران، خەڵك هەبووە باری دارایی زۆر لەمن باشتر بووە بەڵام کاریگەری قەیرانی زۆر لەسەر بووە، من ئامۆژگاریم کردووە کە ئەبێت خۆت بگونجێنی لەگەڵ بارودۆخەکە، دین وامان لێ دەکات بتوانین خۆمان بگونجێنین و ئارام بگرین، (١٠٠٪) من ئەگەر ديندار نەبم و پاڵپشتی ئاینی نەبێت لەوانەیە شتی گەورەتر دروست ببێت لەناو خێزان وەك عاجزبون و توندو تیژی و جیابونەوە. هەیە پەنا دەباتە بەر خۆکوشتن و توانای بەرگەگرتنی بارودۆخەکەی نییە، بیرکردنەوەی سلبی و بێ ئومێدی پاڵنەرن بۆ ئەوەی پەنا ببرێتە بەر کاری خراپ)(١).

(قەناعەتمان هەیە و باوەڕداریشین، ڕاهاتوین لەگەڵ دۆخەکە، هاوسەرم خەفەتی لێ دەخوات، هیوای من بەس ئەوەیە قەرزەکانم لە کۆڵ بێتەوە هیچم ناوێت)(٥).

هۆکارێکی تر کە یارمەتی خێزانی کوردی داوە تابتوانێت خۆی بگونجێنێت لەگەڵ دۆخی قەیران بریتییە لە

خودی دۆخی هەرێمی کوردستان بەو پێیەی هەر لە زووەوە قەیرانەکان یەك دوای یەك هاتوون و ئەم ناوچەیە بەردەوام لە کێشە و شەڕی جۆراو جۆردا بووە، وەکو شەڕی رزگاریخوازی گەلی کورد لە ساڵەکانی ١٩٤٦ بەدواوە تادەگاتە ساڵی (١٩٧٠) و (١٩٧٥)، دواتر (١٩٧٦) و دواتر، پاشان شەڕی ئێران - عێراق لە ساڵی (١٩٧٩ - ١٩٨٨) و، دواتریش ئەنفال و کیمیا باران و داگرتن و خاپورکردنی گوندەکان و پاشان شەڕی داگیرکردنی کوێت و ڕاپەڕینی (١٩٩١) و پاشان گەمارۆی ئابوری و، دواتر شەڕی براکوژی و، پاشان مەترسیەکانی ڕژێمی بەعس تاساڵی (٢٠٠٣) و ڕزگارکردنی عێراق بەتەواوی، دواتریش شەڕی تایفی نێوان سوننە و شیعە تاهاتنی شەڕی داعش و دروست بوونی قەیرانی دارایی و ئابوری لە (٢٠١٤) دا، بۆیە بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق بەردەوام قەیراناوی بووە و ڕیسك و مەترسی لەسەر هاووڵاتیان هەبووە، بەهاتنی قەیرانی ئابوری و قەیرانەکانی تری وەکو ڕیفراندۆمی (٢٠١٧) و شەڕی (١٦)ی ئۆکتۆبەری (٢٠١٧) و قەیرانی پەتای کۆرۆنا و نا سەقامگیری سیاسی و ململانێی پارتەکان بەردەوام نائارامی بەدانیشتوان بەخشیوە، بۆیە قەیرانی ئابوریش هەر بەدرێژەی قەیرانەکانی تر دادەنێین ئەمەش لە وتەی بەشداربووانی نموونەی توێژینەوەکەماندا هاتووە وەکو:

(خێزانێکین گونجاوین و قەناعەتمان هەیە، لەبەرئەوەی لەم وڵاتەدا دەژین ناچارین بەرگەی زۆر شتیش بگرین، هۆکارێکی تریش دینداریمانە، هەرچەندە لە زۆر ڕووەوە بارودۆخ گۆڕاوە بۆیە کەسێك کە باوەڕدار نییە یان ئیلتزامی کەمترە ناچارە هەڵبێ لەم وڵاتە و ڕابکات، یان لەگەڵ خێزانی جیا ببێتەوە)(٧).

(بارودۆخی ئەم ناوچەیە هەروابووە، قەیران کاریگەری هەیە و بارگرژی دەرونی دروست کردوە و ئایین ڕێگرە)(١). (خەڵك دەبێت نارەحەتی ڕابوردوی لەبەرچاو بێت و بیری نەچێتەوە، سەردەمی بەعس و، کاتێ ئەمانیش هاتنە سەر حوکم جارێکی تر برسی بوون دەستی پێکردەوە، تا (٢٠٠٣) لە دوای ساڵی (٢٠١٤)ە شەوە تا ئێستا خەڵك هێواش هێواش هەژار بونەتەوە)(٦).

(وردە وردە دەبێت ڕابێین لەگەڵ بارودۆخەکە چونکە قەیران خۆی سەپاندوە، وێنەمان وەك وێنەی بەندکراوێك وایە لە شەو و ڕۆژێکدا لەتێ نانی دەدرێتێ بەویستی خۆی نییە ناچارە بەشی بکات و خۆی پێ بگەیەنێتە ڕۆژەکەی ترو ڕا بێت لەگەڵی)(٢).

کەواتە قەناعەت گرنگە و هۆکاری سەرەکیە بۆ خۆگونجاندن لەم بارەوە بەشداربوویەك دەڵێت (توانیومانە خۆمان بگونجێنین بەهەندێ هۆکاری دەرونیانە لەوانە: خۆمان ڕاهێناوە لەگەڵ دۆخە سەختەکان و، قەدری نیعمەتەکان دەزانین و نرخی (٢٥٠) دینار زۆرە لە لامان، هەر جۆرێك لە خواردنمان هەبێت ڕازین و ڕەخنە ناگرین، دەست پێوە دەگرین و، گەر ڕووبەڕوی کارەساتێکیش بوینەوە ئەوەی هەمانە لە ماڵی سپی بۆ رۆژی ڕەش بەکاری دەهێنین، شتێ پاشەکەوت دەکەین بۆ کاتی زۆر ناڕەحەتی، قەناعەتمان زیاتربووە و گوێ بەقسەی خەڵك نادەین، هاوکاری و بەخشندەیی هەندێ لە دەوڵەمەند و مام ناوەند دەبینرێ بۆ هەژارو نەخۆش و ئاوارە و لێ

قەوماوان دڵخۆشکەرە)(٨).

(ئێمە بەگەمان گرتوو بەیەکگرتووییماینەوە وەکو خێزان، ژینگەی کۆمەڵایەتی ئێمە هاوسەنگ بووە لەگەڵ قەیران و پێشترمان زبر بووە و لە خێزانێکی دەوڵەمەند نەبوین تاهەژار بین و بەرگەی نەگرین، ساڵی (٢٠١٤) شۆك نەبوو بۆ ئێمە، زیادە خەرجیمان نەبووە ئاسایی ژیانمان کردووە بۆیە توانیمان خۆبگرین، باوەڕداریشمان یارمەتیدەر بووە، ڕاستە زوڵم بووە بەلاَم تەحەدای زوڵمەکەمان کرد تانەڕوخێین و خۆمان لەگەڵ گونجاند)(٩).

ئەو قۆناغە تەمەنەی کە بەلای دایك و باوکەوە گرنگە و نارەحەت دەبێت بۆی قۆناغی منداڵی و نەوجەوانیە، بەو پێیەی منداڵ و نەوجەوان کەمتر تێ دەگەن لەوەی قەیران هەیە و داهات کەمە، یا نەبوونی هەیە و ئەویش دەبێت ئارامبگرێت و داوای پێویستی و حەزەکانی کەمتر بکاتەوەو خۆی بگونجێنێت، لەم بارەوە نموونەی تویژینەوەکەمان دەڵێن:-

(تاکو بتوانین ڕوبەڕوی دۆخی قەیران بێین لە ڕاستیدا دەبێت لە لای تریشەوە هەوڵ بدەین، کار بدۆزینەوە و پێداویستی منداڵ دابین بکەین، منداڵ نەبوونی نازانێت، پێویستەو مافیشیەتی حەزەکانی بۆ جێبەجێ بکرێت)(٧)(١٧). (باوەڕداریمان قەناعەتی لا دروست کردوین، لە ڕوی دەرونیشەوە تایبەت بەخۆمان باشین بەلاَم خەفەتیش دەخۆین بەتایبەت بۆ منداڵ کاتێ دەبینیت هاوەڵەکانی منداڵەکانت هەر رۆژە و بەپۆشاکێکەوە دێن بەدوای ئەوانەی تۆدا، ئەوانەی تۆش هەر هەمان پۆشاکی پاریان لەبەردایە یان هەر یەك دوو دەست جلیان هەیە لەبەری دەکەنەوە خەفەتی پێ دەخۆین، یان کاتێ ناتوانن وەك هاوەڵەکانیان بچنە کافتریا و پارە خەرج بکەن نارەحەت دەبین)(٨)(٢).

گەر نەتوانرێت خۆ بگونجێنرێت لەگەڵ قەیران ئەوا یا توشی لادان و جیابوونەوە و ئەنۆمی(نەمانی پێوەر) دەبێت یا هەوڵی دەرباز بوون و کۆچکردن دەدات، هەرچەندە بەهۆی پاڵپشتی ئاینی بێت یان بەهۆی ڕۆشنبیری و پاڵپشتی دەرونی وەکو بەقەناعەتی و ڕاهاتنی خەڵك بێت لەسەر ناخۆشیەکان یان بەگرتنەبەری هەندێ میکانیزمی ئابوریانەی وەکو دەست پێوەگرتن و کەمکردنەوەی خەرجی بێت توانراوە تاڕادەیەك خۆ بگونجێنرێت لەگەڵ قەیران، بەلاَم لەگەڵ ئەمانەشدا خێزانەکان و لەناو خێزانیشدا گەنجەکان بەدوای چارەسەری بنەڕەتیدا دەگەڕێن و لەو پێناوەشدا کۆچ بەچارەسەر دەزانن، بۆیە لێشاوی کۆچی خێزان و بەتایبەتیش گەنج تادێت زیاتر دەبێت، لەم بارەشەوە زۆرینەی نموونەی توێژینەوەکەمان حەز و ویست و هەڵی کۆچ بەچارەسەر دەزانن:

(دوو لە کچ و زاواکانم کۆچیان کردووە لەبەر بێ کاری لەم وڵاتەدا، لە قەیراندا ئێستاباوك کوڕی هاندەدات بۆ ئەوەی کۆچ بکات چونکە هەیمەنەو بالاَدەستی قەیران لەسەر خەڵك ماوە، خەڵك ناچارە گەر بەقەرزیش بوو بێت کەسێکی لەدەرەوە بێت و لەم قەیرانەدا هاوکاریەکیان بکات، قەیران هۆکاری سەرەکیە بۆ کۆچ)(٩)

(گەنج بومایە دەڕۆیشتم و یەك دەقە لەم ولأتەدا نەدەبووم، هەزاران جاریش ئاواتە خواز بووم لەم ولأتەدا نەمێنم، چونکە کۆنتڕۆڵی ژیانت پێ ناکرێ و ئاسۆیەکی ڕون نییە، هەربۆیە لێشاوی کۆچ هەر لە زیادبوندایە و بەردەوامیشە، کۆچ نیشاندەری خراپی ژیانی ئابوری خەڵکە)(١٠). (پارەم پێ نییە پارەم پێ بوایە دەقەیەك لەم ولأتەدا نەدەبووم، گەر سوریش بزانم لە ئیجەدا دەخنکێم هەر دەڕۆیشتم)(١١).

(بۆ کۆچ پارەم پێ نییە ئەگینا دەڕۆیشتم و یەك دەقە لەم ولأتەدا نەدەبووم، چونکە سەری مانگ چی پەیدا دەکەم دەیدەم بەکرێ خانوو و دوکان و مۆلیدە، یەك هەلم بۆ هەڵکەوێ منداڵەکانم و هاوسەرم دەبەمەوە بۆ ماڵی باوکی و دەڕۆم تابەشکو خوا دەرویەکمان لێ بکاتەوە، زۆر بێزارم لە خۆم کە نەبووم و لە خەڵك کە بەپارەوە تۆیان دەوێت و لە دەسەلأت کە خەڵك برسی و بێ پارە دەکات)(١٣)(١١).

(ڕاهاتووین لەسەر قەیران، کۆچ لە زیاد بوندا بوە و ویستی دەسەلأتی سیاسیشە کە نایەوێت ئەم هەموو گەنجە لەم ولأتە بمێنێتەوە و لە دوایدا سزای بدات و بۆی ببێت بەکێشە، گەنج سەروەتێکی مرۆیی گەورەیە بۆ دەبێت کارێکی وابکەن بڕوات و سودی لێ نەبینرێ، ئەوەتائەڵمانیا ساڵانە یەك ملیۆن کەس وەردەگرێت و کاری پێ دەکات و خزمەتی ولأتەکەی پێ دەکات، وەکو هێزی کار لای خۆمان ئەم هەموو زەوی کشتوکاڵیە هەیە و پێویستی بەدەست و هێزی کارە، دەتوانرێ کارگە دابنرێ و سودیان لێ ببینرێت، بەهۆی کۆچەوە ئەم هەموو ئافرەتە دەمێنێتەوە و دەبێتە قەیرە، دواتر کۆمەڵگەیەکی پیر دەمێنێتەوە لەم هەرێمە)(٢٠).

(ئەو بیروباوەرو ڕۆشنبیریەی هەمانە توانای خۆگونجاندنی بەئیمە داوە و قەناعەتمان هەبووە و بەبەشی خۆمان ڕازین، هاوسەنگی ڕادەگرین لە نێوان داهات و خەرجییەکانمان، پشبەستنمان زیاتر لەسەر کاسپیە، کاسب بیت لەهەر شوێنێك بیت جێگەت دەبێتەوە، بەلأم کاسب نەبیت ماڵەوە جێتە، واز لە حکومەت بێنە و بڕۆ کاسپی خۆت بکە، هۆکاری تری کۆچ ئەوەیە خەڵك بەدوای جیهانی شایستەتردا دەگەڕێت)(٢٢).

(منیش قەناعەتم وایە گەر ناونوسین هەبێت بۆ کۆچ دەینووسم، کۆچ بەیاسایی و بەنایاسایی هەر بەردەوامە، هەیە پاسپۆرتی دۆمینیکان دەکڕێت و پێی دەڕوات بۆ ئەوروپا، من کە هیچم نەبێت لەم ولأتەدا بڕۆم باشترە تائەو کاتەی دەتوانم شت پێکەوە بنێم و بگەڕێمەوە، گەر قەیران نەبێ کۆچی پێچەوانە دروست دەبێتەوە، قەیران هەیە بۆیە خەڵك کۆچ دەکات)(٢٣).

(هەرێم بەدوو سێ شەپۆلی کۆچدا تێپەڕیوە، پێش ڕاپەڕین بەهۆی زوڵمی حیزبی بەعس، دواتریش دوای ڕاپەڕین و سەردەمی گەمارۆی ئابوری و شەڕی ناوخۆ، لە (٢٠٠٣) بۆ (٢٠١٤) کۆچی پێچەوانە هەبوو، لە دوای (٢٠١٤) ەوەشەوە شەپۆلی گەورەی کۆچ هەیە، هی خاوەن خیبرە و هی خەڵکیش بەگشتی، هەشە خانوو سەیارەشی هەیە، یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکان بێکاری و هەژاری و قەیرانی ئابورییە لەگەڵیشیدا هۆکاری تریش ڕۆڵی هەیە، وەکو بێ متمانەیی و ڕەشبینی و بێ هیوایی و هۆکارە سیاسیەکە بەگشتی)(٢٥).

(گەر نەتوانی بگونجێیت ڕووبەڕووی ڕەشبینی و گرفت و كێشە و خەمۆكی دەبیتەوە، تاسەردەكێشێ بۆ لادان و تاوان و سنور شكاندن، تادەگاتە دوركەوتنەوە لە كۆمەڵگە و دروست بونی ڕق و بوغز لە هەموو شت و هەموو كەسێك، تادەگاتە ئەوەی ناتوانێ جارێكی تر خۆی هەستێنێتەوە و تێكدەشكێ)(٨).

(پێویستمان بەخواردنی ڕۆح و دەرونە، پێویستە لە ڕوی دەرونیەوە نەڕوخێین و لێك هەڵنەوەشێین یان ڕانەكەین و ماڵ و منداڵ دەرخواردی ئیجە بدەین، هەموو رۆژێ پێویستە دڵی خۆمان خۆش بكەین تادڵی هاوسەرو منداڵەكانیش خۆش بێت، من چۆن بەهێز بم ئەوانیش بەهێز دەبن، گەر من لاواز بم ئەوانیش لاوازتر دەبن)(٦).

لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی كە لەبەرئەوەی بارودۆخی هەرێمی كوردستان هەر قەیراناوی بووە نیوەی خەڵك تاڕادەیەك لەگەڵ ناخۆشی و نارەحەتیەكاندا ڕاهاتوون و خۆیان گونجاندووە بەحوكمی هەندێ پاڵپشتی وەكو ئاینی و زبریەكانی پێشوویان و پاڵپشتی دەرونی وەكو قەناعەت و گرتنەبەری ڕێوشوێنی ئابوریانەی وەكو دەست پێوەگرتن، بەلاّم چینی گەنج و تازە پێگەیشتوان كەمتر ناخۆشی و قورسیەكانی ژیانیان بینیوە، بۆیە ناتوانن بگونجێن لەگەڵ بارودۆخی قەیراناوی هەرێمی كوردستان و كۆچ و كۆچی بەلێشاو دەكەن یان توشی لادان و تاوان و سنور شكاندن و كێشە كۆمەلاّیەتییەكان دەبن.

## باسی دووەم: دەرئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

### یەکەم - دەرئە نجامەکانی توێژینەوەکە

لە دەستپێکی خستنەڕووی دەرەنجامەکانی توێژینەوەکەدا توێژەر تێبینی بوونی هەندێك لێکچوون دەکات لە نێوان هەندێك لەو ئەنجامانەی کەلایەنی تیۆری توێژینەوەکە پێی گەیشتووە لەگەڵ هەندێك لەئەو ئەنجامانەی کە لەلایەنی پراکتیکیدا پێی گەیشتووەو هەردوو لایەن تەواوکەری یەکترن، لێکچوونیش ڕاستێتی زیاتر دەبەخشێت بەتوێژینەوەکە، لەگەڵ بوونی تاڕادەیەك جیاوازی لە بابەتی ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری و کەشفی سروشتی ئەو ڕەنگدانەوانە لەسەر خێزان. لێرەدا گرنگترین ئەو دەرەنجامانە دەخەینە ڕوو کە توێژینەوەکە پێی گەیشتووە:

### ١- دەرئە نجامەکانی توێژینەوە لەبەر ڕۆشنایی توێژینەوەکانی پێشوو:

أ - توێژینەوەکەی ئێمە هاوشێوەی توێژینەوەکەی (ئارام) لەم دەرئەنجامانەدا یەکدەگرنەوە:

- قەیرانی ئابوری کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بێکاری و تەڵاق و قەیرەیی و هەژاری زیاتر کردووە.

- کاریگەرییەکانی قەیران لەسەر چینی هەژارو مامناوەند زیاترە.

ب - توێژینەوەکەی ئێمە هاوشێوەی توێژینەوەکەی (کارزان) لەم دەرئەنجامانەدا یەکدەگرنەوە:

- هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابوری لە کوردستاندا بریتین لە گەندەڵی دارایی، پشت بەستن تەنها بەنەوت، بڕینی بودجەی (١٧٪) ی هەرێم لە بەغدادەوە، شەڕی دژ بەداعش، هاتنی ڕێژەیەکی زۆری ئاوارە بۆ هەرێم و، دابەزینی نرخی نەوت، لەگەڵ چەند هۆکارێکی تر کە توێژینەوەکەی ئێمە پێی گەیشتووە.

- لە بواری کۆمەڵایەتیدا، قەیرانی ئابوری بۆتە هۆکارێك بۆ زیادبوونی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانی وەك: تاوانەکان، لێکجیابوونەوە، توندوتیژی خێزانی، لەگەڵ کۆمەڵێك گرفتی تر کە توێژینەوەکەی ئێمە پێی گەیشتووە.

- لە بواری دەروونییدا بۆتە هۆی زیادبونی دڵەڕاوکێ و، ناڕەحەتی دەرونی و بێتاقەتی.

- لە بواری ئابوریدا، بۆتە هۆی بەرزکردنەوەی ڕێژەی هەژاری و بێکاری و وەستانی زۆرێك لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، لەگەڵ دروست بوونی چەندین کێشەی تری ئابوری لەسەر ئاستی خێزان کە توێژینەوەکەی ئێمە پێی گەیشتووە.

ج - توێژینەوەکەی ئێمە هاوشێوەی توێژینەوەکەی Noelia , Pilar and Bernardo گەیشتوون بەوەی قەیرانی ئابوری بۆتە هۆی دابەزینی کوالێتی ژیان و دابەزینی خۆشگوزەرانی لای ئەندامانی کۆمەڵگە.

د -  توێژینەوەکەی ئێمە هاوشێوەی توێژینەوەی (Efstratia Arampatzi)

گەیشتوون بەو ئەنجامەی کە قەیرانی ئابوری بۆتە هۆی زیادبونی ڕێژەی بێکاری و هەڵئاوسان و لەو کاتانەشدا ڕازی بوون لە ژیان و بەختەوەری کەمدەبێتەوە، سەقامگیری سیاسی و متمانە بەحکومەت کەمدەبێتەوە، خۆشگوزەرانی کەمدەکات.

٢- **دەرئە نجامەکانی توێژینەوە لەبەر ڕۆشنایی تیۆری قەیرانی** ( **یۆرگن هابرماس** ) (١٩٢٩ - )ی ئەڵمانی و یەکێك لە دیارترین کەسایەتیەکانی سەردەم کە بەمیراتگری قوتابخانەی فرانکفۆرت و تیۆری ڕەخنەیی ئەژماردەکرێت، (هابرماس) ڕای وایە وەك ئەوەی ئییان کریب لە کتێبی (تیۆری کۆمەڵایەتی لە بارسۆنزەوە بۆ هابرماس) باسی دەکات و دەڵێت [1] :

سەرمایەداری نوێ کۆنترۆڵی ئابوری و ژیانی کۆمەڵایەتی کردوە و پرسەکانی ژیانی گشتی وەك کێشەی تەکنیکی تەماشادەکەن و بۆ چارەسەریشی عەقلگەرایی ئامێری بەکاردەهێنن. ئابوریناسی و کۆمەڵناسی مارکسی تەقلیدی بەجەختکردنەوەیان لەسەر ململانێی چینایەتی چیتر ناتوانن لە ڕەوشی تازەی جیهان تێبگەن، ڕاستە ناکۆکی لەسەر کەمی کرێ و چاککردنی مەرجەکانی کار هێشتاماویانە بەڵام ململانێی ڕاستەقینە لەشوێنێکی تری پێکهاتەی کۆمەڵایەتیدایە، تامرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی لەدەست نەدات. وشەی قەیران ئاماژەیە بۆ گۆڕانی نەسەق و تێکچوونی تەواوکاری کۆمەڵایەتی و ژیانی کۆمەڵایەتی، واتە کۆکردنەوەی هەردوو بابەتی بونیاد و کردە تابەیەکەوە توێژینەوەیان لەسەر بکرێت. (هابرماس) سێ جۆر قەیرانی تایبەت بەسیستەمی سەرمایەداری دەست نیشان کردووە ئەوانیش قەیرانی ئابوری و قەیرانی عەقلانی و قەیرانی پاڵنەرێتین. لەهەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی سەرمایەداری جۆرێك لە قەیران سەرهەڵدەدەن بەبێ ئەوەی قەیرانەکەی پێشوو چارەسەر کرابێت، شیکردنەوەی بۆ قۆناغی بەرایی سەرمایەداری هاوشێوەی (مارکس) لێکدەچێت چونکە قەیرانە ئابوریەکان لە پێشەوەن. سیستەم لە کۆمەڵێك نەسەقی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و کلتوری پێکهاتووە، قەیرانەکان لە نەسەقێکەوە بۆ ئەوی تر دەگوازرێنەوە، قەیرانی ئابوری کە دەبێتە هۆی کەمی سەرمایە و زیاتر بوونی بێکاری و ململانێ، ڕەنگە دەوڵەت بەهێزەوە دەست وەردان بکات و هەوڵی کۆنترۆڵ کردنیان بدات بەڵام زەحمەتە بتوانێت بەتەواوی سەرکەوتوو بێت. زیادە دەست وەردانی دەوڵەت لە نەختینەی گشتی بۆ چارەسەری قەیرانی ئابوری و قەرزکردن بۆی کێشەی دارایی گەورە دروست دەکات، ئەوکات ناتوانێت هاوسەنگیەك لە نێوان بەرژەوەندیە جیاواز و ناکۆکەکانی سەرمایەداری تایبەت ڕابگرێت ئەمە بەقەیرانی عەقلانی ناودەبات. لەسەر ئاستی تەواوکاریشدا قەیرانی عەقلانیەت وەکو قەیرانی شەرعیەت

[1] ئیان کریب، تیۆری کۆمەڵایەتی لە پارسۆنزەوە تاهابرماس، و. ڕێبین رسول اسماعیل، چاپخانەی ڕوون، هەولێر، ٢٠٠٨، ل ٤٢٢ - ٤٢٧.

دەردەکەوێت، گەر دەوڵەت نەیتوانی هاوسەنگی و شێوازی گونجاو لە نێوان ناکۆکی و بەرژەوەندی و مافی هاووڵاتیان بدۆزێتەوە ئەو کاتە شەرعیەتی خۆی لەدەست دەدات، چونکە لەکاری سەرەکی خۆیدا شکستی هێناوە و پاساوی مانەوەی ئەو حکومەتە دەبێتە جێگای پرسیار. واتە سەرەتاقەیرانی ئابوری بوو، گواستراپەوە بۆ نەسەقی سیاسی و قەیرانی عەقلانیەتی دروست کرد بەمەشەوە ناوەستێت و ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر نەسەقی کۆمەلایەتی و کلتوری و دەبێتە قەیرانی سێیەم کە قەیرانی پاڵنەرێتیە. بالادەستی دەوڵەت و چینی تەکنۆکرات و هەوڵەکان بۆ کۆنترۆڵی قەیرانەکان و بێ هیواکردن کار لە لاوازکردنی پاڵنانی خەڵك دەکات بۆ بەشداری چالاکانە لە سیستەمدا وەك کەمی بەشداری لە هەڵبژاردنەکان، چونکە ویستی پێکهاتەی کۆمەلایەتی فەرامۆشکراوەو ململانێی ئابوری و بەهای کار لە دەرونی خەڵك ڕیشەکێش کراوە بەجۆرێك کار بۆتە شتێکی بێزارکەرو ئابوریش بەهێزی خۆی بەردەوامە. 

لەبەر ڕۆشنایی ئەم تیۆرەدا دەرەنجامەکانی توێژینەوەی مەیدانی دابەش دەکەین بەسەر سیستەمەکانی ئابوری و کۆمەلایەتی و دەرونی .

## یەکەم - دەرخستنی ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری لە بوارەکانی:

### أ - ئابوری

ئابوری هەرێمی کوردستان لە گەشەسەندندابوو لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٥ - ٢٠١٤ بەهۆی ئەو بودجە زۆرەی لە بەغدادەوە دەهات بۆ هەرێمی کوردستان، بەلام لەو ماوە زۆرەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیتوانی ژێرخانی ئابوری پێ بونیاد بنێت، جگە لە هەندێ پرۆژەی ئاوەدان کردنەوە نەبێت، زۆرینەی ئەو بوجەیەی خستە خزمەتی موچەوە و هاولاتیەکی زۆرو بەلێشاو دامەزرێندران، ساڵی (٢٠١٤)ەش کاتێك حکومەتی ناوەند بەپاساوی ڕاکێشان و فرۆشتنی نەوتی هەرێم بەبۆری کوردستان لە ڕێگەی تورکیاوە هەڵدەستێت بەبڕینی بەشە بودجەی هەرێم، حکومەتی هەرێم ڕووبەڕووی کورتهێنانێکی گەورەی دارایی دەبێتەوەو توانای دابینکردنی موچەی فەرمانبەران و پارەی پرۆژەکانی نامێنێت و قەیرانی دارایی و ساڵی دواتریش قەیرانی ئابوری دروست دەبێت و سەرجەم سێکتەرەکان دەگرێتەوە، وە بەهۆی چەندین هۆکاری تر قەیرانەکە بەردەوام دەبێت و تائێستاشی لەگەڵدا بێت وادیارە حکومەتی هەرێم توانای چارەسەرکردن و بنەبڕکردنی قەیرانی دارایی و ئابوری نییە، ئەم قەیرانە لە سەرەتای دروست بوونیەوە تائێستا چەندین ڕەنگدانەوەی هەبووە لەسەر دامەزراوەی خێزان لە هەرێمی کوردستان بەگشتی و لەسەر خێزانی شاری سلێمانی بەتایبەتی، لە گرنگترین ڕەنگدانەوەکانی لە بواری ئابوری ئەمانەی خوارەوەن:

١- **داهاتی خێزان:** داهاتی خێزان لە ٢٥٪ ەوە تا ٧٥٪ کەمی کردووە ئەمەش هاوتایە لەگەڵ ئەوەی کە مانگانە چەند موچە دراوە یان چەند بڕاوەو پاشەکەوت کراوە، لە ئێستاشدا کە بۆ نزیکەی ساڵێکە موچە بەبێ لێبڕین

دەدرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی نرخی دۆلارو پێداویستییەکان گران بووەو باج و ڕسومات و گومرگ و نرخی ئاو و کارەباو سوتەمەنی زیادیان کردوە، ئەو داهاتەی کە دەستیان دەکەوێت بۆتە نیوە لەچاو نرخی پێداویستیەکانی ئێستادا، هەروەها ئاست و بڕو ڕێژەی داهاتی خێزان لە شاری سلێمانی کەمی کردوە لەسەر ئاستی هەموو چین و توێژەکانی وەکو هەژارو مام ناوەند و دەوڵەمەند و، زۆرترین کاریگەریشی لەسەر چینی هەژارو مام ناوەند بووە، بەتایبەت موچە خۆری حکومی و تاڕادەیەکیش موچە خۆرانی کەرتی تایبەت، هەروەها قەیرانی ئابوری ڕەنگدانەوەی لەسەر ئەوانەش هەبووە کە کاسبکار یان پیشەوەرو کرێکار بوون و بۆخۆیان کاریان کردووە، بەو پێیەی زۆرینەی کاسبکارو دوکاندارو فرۆشیارەکان و بازرگانەکانیش ئیعتمادی تەواویان لەسەر کڕیارەو کڕیاریش زۆرینەیان موچەخۆرن، بۆیە کەموچە نەما ڕێژەو ئاستی فرۆشتن بەگشتی کەمبوەوە، ئەوەشی پیشەوەرو کرێکار بووە ڕاستەوخۆ کاریگەر بوون بەو بارودۆخەو داهاتیان کەمی کرد بەهۆی وەستانی پڕۆژەکانی ئاوەدانکردنەوەو کەمبونەوەی دروست کردنی بیناو کەرتی خانووبەرە لەلایەن هاووڵاتیان و وەبەرهێنەرانەوە، ئەم وەستانەش کاری کردە سەر کەمبوونەوەی کار یا بێکاربوونی هەزاران کرێکارو وەستاو پیشەوەر، هەروەها دامەزراندن لە کەرتی حکومی نەماو هەلی کاریش زۆر کەمبوەوەو جوڵەی بازاڕیش لە هەموو ڕووەکانەوە سست بوو.

٢- **خەرجیەکانی خێزان:** قەیران ڕەنگدانەوەی جۆراو جۆری هەبووە لەسەر بابەتی خەرجییەکانی خێزان و سروشتی ئەو ڕەنگدانەوانە بەجۆرێکی جیاواز بووە لە خێزانێکەوە بۆ یەکێکی ترو لە توێژێکەوە بۆ یەکێکی تر، چینی هەژارو ئەوانەی داهاتیان کەم و سنوردارە هیچ بڕە خەرجییەکیان نییە بۆ بابەتی کەمالیات، وە لەلای چینی مام ناوەندو موچەخۆری مام ناوەندو بەتایبەت مام ناوەندی خوارو زۆر کەمبۆتەوە، خەرجی بۆ کەمالیات تەنها لای چینی باڵا ماوە، واتە خەرجی خێزان لە شاری سلێمانی بەشێوەیەکی گشتی تەنها بۆ پێداویستییە بنەڕەتیەکانی وەکو خواردن و پۆشاك و شوێنی نیشتەجێ بوون و ئاو و کارەبا و سوتەمەنی و کرێی گواستنەوەیە، لەگەڵ خەرجی بۆ چارەسەری تەندروستیی، لەلایەکی تریشەوە بڕو کوالێتی ئەو پێداویستیانە دابەزیوە، هەروەها بڕو ژمارەی کیلۆ کڕدراوەکان کەمی کردووە، جۆراو جۆری خواردنەکانی سەر سفرە کەم بۆتەوە، کڕینی گۆشتی سور زۆر کەمبۆتەوە، بانگهێشت کردن بۆ نان خواردن تاڕادەی نەمان کەمی کردووە، گەشت و سەیران کردن لە ناوخۆدا ٥٠٪ کەمبۆتەوە، گەشت بۆ وڵاتان و بۆ عەمرەکردن تاڕادەی نەمان کەمی کردووە، لە لایەکی ترەوە بەهۆی قەیرانەوە ئەو داهاتەی خێزانی سلێمانی هەیەتی بەشی خەرجییە پێویستەکانی ناکات و، ناچاربووە دەست پێوە بگرێت، تەنها بۆ زۆر پێویستەکان و زەروریيات نەبێت خەرجی نەکات.

٣- **قەرز و پاشەکەوت لای خێزان:** قەیران ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر میزانیەی خێزان و لاسەنگی دروستکرد لەنێوان بڕی داهات و زۆری و گرانی پێداویستیەکان بەجۆرێك لە ئەنجامی قەیرانی دارایی و ئابوری داهاتی خێزان کەمی کردو هەڵئاوسان لە نرخەکاندا دروست بوو، ئەم بارودۆخەش خێزانی ناچارکردووە بۆ دابینکردنی پێداویستیەکانی ژیان و ئیدارەدانی خێزان هەندێ کات قەرز بکات و گەر پاشەکەوتێکیشی هەبوو

بێت دەستی بۆ بردووەو خەرجی کردووە، بۆیە قەیران خێزانی قەرزدار کردووەو پاشەکەوتیشی نەهێشتووە، وە بەهۆی سنورداری توانا داراییەکانی خێزان قەرز پێدانیش وەکو هاوبەندی کۆمەڵایەتی کەمبۆتەوە.

٤- **خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان:** قەیران ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر دابەزینی ئاستی خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان، چونکە بەرێژەیەکی زۆر پەیوەندی بەبەرزی و باشی لایەنی دارایی و ئابوریەوە هەیە لەناو ئەوانەشدا بوونی داهات و خانوو و سەیارە، لەلایەکی تریشەوە قەیران بۆتە هۆی دروستکردنی چەندین گرفتی دارایی و ئابوری بۆ ئیدارەدانی خێزان و، هەندێك لە خێزانەکان قەرزدار بوون، بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە داراییانە هەندێك خێزان ناچاربوون پەنا بۆ چارەسەری کاتی بەرن وەکو فرۆشتنی سەیارەو خانوو کە ئەم حاڵەتەش نەمانی خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیانەو لەلای چینی هەژار نەماوە، لەلای چینی مام ناوەند زۆر کەمبۆتەوە تەنها لای چینی دەوڵەمەندو مام ناوەندی سەروو ماوە، تارادەیەکیش لای چینی مام ناوەندی ناوەڕاست هەستی پێ دەکرێت بەتایبەت ئەوانەی لە پێش قەیران شووقە یا خانوو سەیارەیان هەبووەو پشت ئەستوور بوون بەکەسابەت و سەرچاوەی دارایی تر جگە لەموچە، خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان چەندە نیشاندەری ئابورین ئەوەندەش ئاماژەی کۆمەڵایەتی و دەرونیان هەیەو کاردانەوەی جیاوازیان هەیە لەسەر ژیانی تاك و خێزان، نەبوونی خۆشگوزەرانی دەبێتە هۆی هەستکردن بەجیاوازی چینایەتی و خۆبەکەم زانین و بێبەش بوونی ڕێژەیی و دروست بوونی ڕق و کینە، کەواتە قەیرانی دارایی و ئابوری ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر بابەتی خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیانی خێزان لەشاری سلێمانی.

### ب- کۆمەڵایەتی:

دوای دەرخستنی ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری ئەم توێژینەوەیە بەم دەرئەنجامە کۆمەڵایەتیانە گەیشتووە:

٥- **پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی خێزان:** قەیرانی ئابوری گرژی و ناکۆکی نێوان ئەندامانی خێزانی زیاتر کردووە بەتایبەت داواکاری ئابوری گەنجە تازە پێگەیشتووەکان بەرامبەر باوان لە ناو خێزاندا و لەناو ئەمانیشدا ڕەگەزی نێرینە زیاتر، لە هەندێ باردا بۆتە هۆی ئاژاوە و پشێوی، بەهۆی بێکارییەوە جۆرێکی تریش لە لاواز بوونی پەیوەندی خێزان دروست بووە ئەویش هۆگربوونی گەنجەکانە بەکافتریاو یانەکانەوە یاخود ئالوودە بونیانە بەمۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، کە بۆتە هۆی گۆشەگیری و دابڕان لە پەیوەندیە خێزانیەکان، لەسەر ئاستی پەیوەندییەکانی دەرەوەی خێزانیش قەیران بۆتە هۆی کەمبوونەوەی ئەو پەیوەندییانە، بەشێوەیەك کەمبۆتەوە تارادەی پچڕانی تەواوی ئەو پەیوەندییانە هەنگاوی ناوە، لەسەر ئاستی پەیوەندی خزمایەتی تەنها لەناو خزمانی پلە یەك وەکو خوشك و براو دایك و باوك باشە کە ئەمەش خۆی لە کزی داوە و گەر پێشووتر هەفتەی جارێك بوو بێت ئێستا بۆتە ٢ تا ٤ هەفتە جارێك و بگرە زیاتریش، لەسەر ئاستی خزمانی پلە دوو وەکو مام و خاڵ و پورو خوشکەزا و برازا بۆ چوار مانگ تا ٦ مانگ و زیاتریش کەمبۆتەوە

یاخود بۆتە بۆنەو جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان. دیوێکی تری ڕەنگدانەوەی قەیران و تاڕادەیەکیش کۆرۆنا سنوردارکردنی ئەو پەیوەندییانەیە کە بەهۆی بۆنەکانەوە دروست دەبوو، بۆ نموونە بۆنەی پرسە لە سێ ڕۆژەوە بووە بەیەك ڕۆژ، ئەمەش واتە کەمبوونەوەی ئەو پەیوەندیانەی بەهۆی پرسەوە دروست دەبوو، هەروەها سنوردارکردنی ئەو پەیوەندییانەی لە بۆنەو جەژنە ئاینی و نیشتمانیەکاندا دروست دەبوو، کە بەشێك لە هۆکارەکەی بەهۆی قەیرانەوەیە، ڕەنگدانەوەیەکی تری بریتییە لە سنوردارکردنی ئەو چالاکییانەی کە دەبنە هۆی باش کردن و پتەو کردنی پەیوەندییەکان، یەکێك لەو چالاکییانە پێش کەشکردنی هاوکاری داراییە بۆ دەستگیرۆیی و یارمەتیدانی ئەو کەس و خزم و دراوسێیانەی هەژارن و پێویستیان بەهاوکاری هەیە، ئەمەش واتە کەمبوونەوەی هاوبەندی کۆمەڵایەتی، کەمبوونەوەی هاوسەرگیریش بۆتە هۆی کەمبوونەوەی تێکەڵاو بوونی دوو بنەماڵەی نوێ و کەمبوونەوەی ڕێوڕەسمی مارەیی و گواستنەوە لە ماڵ و هۆڵ و یانە خێزانییەکاندا، دواتر کەمبوونەوەی ئەو میوانداریانەی کە بۆ دوو هاوسەری نوێ دەکرێت، پاشان کەمبوونەوەی چوون پێیانەوە. پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەشێوەی ڕاستەوخۆ ٥٠٪ تا١٠٠٪ کەمی کردووە، یا گۆڕاوە بۆ پەیوەندی ناڕاستەوخۆ و لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیا و تەلەفونکردنەوە جار جار هەواڵپرسین دەکرێت، بەو پێیەی سەردان خەرجی هەیە خەرجی خۆت و ئەو ماڵەشی بۆی دەچیت، هۆکارێکی تر نائارامی دڵ و دەرون و مێشك بەهۆی زۆری کێشەکان و توندی قەیرانەکانەوە چونکە سەردانکردن بۆ کات بەسەربردن و خۆشی بینینە، هۆکارێکی تر کەمی کات و دەست بەتاڵییە بەهۆی مەشغوڵ بوون بەکارکردنەوە، قەیران بەتەواوی چینی هەژاری بێبەش کردووە لە زۆر شت و لەناو ئەوانەشدا لە پەیوەندییەکان دایبڕیوە و گۆشەگیری کردووە، یاخود پارە بۆتە سەنتەرو پێوەر بۆ کەسەکان، ڕوێکی تری سنوردارکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەهۆی قەیرانەوە کەمبونەوەی کۆبونەوەی هەفتانەیە لە ماڵی باوك و ماڵی خەزور یان نەماوە یاخود بۆتە مانگانە.

٦- **ئەرکەکانی خێزان:** قەیرانی ئابوری ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر بەجێ گەیاندنی ئەرکەکانی خێزان بەتایبەت ئەرکە فیزیکییەکان و لە ناویشیاندا ئابورییەکان، کە بەهۆی کەمی داهات و کەمی موچە و کەسابەتەوە توانا دارایی و ئابورییەکانی خێزانیش سنوردار بووەو گرفتی دارایی و ئابوری بۆ دروست بووە، ئەم گرفتەش ڕەنگدانەوەی تەواوی هەبووە لەسەر توانای باوك و دایك بۆ ئەرکەکانی تری پاراستن و چاودێری و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی منداڵی بچووك و هەرزەکارو گەنج، کێشەیەکی تر بریتییە لە دەستوەردانی لایەنیتر لە پەروەردەی نەوەکان لە ڕۆژگاری ئێستادا لەلایەن تەکنەلۆژیاو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەم حاڵەتەش بەچاودێری و کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و ئاگایی باوان زیانەکانی لەسەر منداڵ کەمدەکرێتەوەو بەلارێدا بردنیان سنوردار دەکرێت.

٧- **کێشەکانی خێزان:** بەهۆی قەیرانی دارایی و ئابورییەوە کێشەکان زیادیان کردووە، دادگاکانی هەرێمی کوردستانیش شایەتحاڵی ئەم ڕاستییەن، کێشەی کۆمەڵایەتی و کێشەی ئابوری و کێشەی پەروەردەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و کێشەی تەندروستی و، کێشەی ڕامیاری و کۆچ و تاوان و کەتنە جۆراو جۆرەکان و، کێشەی ئاکاری

و ئالووده بوون و، ئەو کێشانەی بەهۆی مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زیادیان کردوەو بونەتە هۆی خولْقاندنی دەیان کێشە بۆ خێزان، هۆکارێکی زیادبوونی کێشەکانی خێزان نەبوونی پەروەردەیەکی ئایینیانەیە، چونکە پەروەردەی تەندروست هاوسەران و منداڵەکانیش لە لادان دەپارێزێت، هۆکارێکی تر تەکنەلۆجیا و مۆبایل و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، چەندین کێشەی بۆ تازەپێگەیشتوان و گەنجان و هاوسەران دروست کردووە، کاریگەری هەبووە لەسەر توانای کارکردن لای گەنج، بە بۆچوونی نموونەی توێژینەوەکە گەنجی خۆمان تاقەتی کارکردن و خۆ هیلاککردنی نیە بەکوڕو کچەوە، حەز دەکەن لە پشت کورسی و مێزێکەوە دابنیشن و مەشغوڵی مۆبایلەکانیان بن، لە ماڵداریشدا ئافرەت تاقەتی خزمەتکردنی ماڵ و میوان و مێردی کەمەو بۆ ژەمەکانیش یان دەچنە دەرەوە یان بەدلیڤەری خواردن داوا دەکەن، ئەمەش دەبێتە زۆری بەفیڕۆدانی دارایی خێزان، لە کۆتایشدا کورتهێنانی داراییان دەبێت و دەبێتە کێشە بۆیان، هۆکارێکی تری کێشەکان لاسایکردنەوەیە کاتێك داهات کەم لاسایی داهات زۆر دەکاتەوە لە جل و بەرگ کڕین و سەیارە گۆڕین و ناوماڵ گۆڕین قەرزدار دەبێت و دواتریش بۆی نادرێتەوە و کێشەی خێزانیان بۆ دروست دەبێت.

٨- **توندوتیژی خێزانی:** لە چوارچێوەی توندوتیژی خێزانیدا توندوتیژی ئابوری و دەرونی و گوفتاری و جەستەیی پیادە دەکرێت، چەندین هۆکار هەن بۆ دروست بوونی توندوتیژی خێزانی لەوانە قەیرانی ئابوری و داواکاری زۆری ئافرەت و گەنج، چاولێکەری و لاسایکردنەوە، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و مۆبایل و دراماکان، لاوازی پەروەردە، زاڵبونی بەها مادیەکان بەسەر بەها مەعنەویەکان، کەمی ڕێز و خۆشەویستی و بەزەیی، گۆڕانکارییە خێراکانی بواری ئابوری و تەکنەلۆژیا، قەیران سەختتر کەوتووە لەسەر ئەو خێزانانەی کە ئاستی ئابوورییان لە خوارەوەیە بەتایبەت کاتێك سەرۆك خێزان بێکارە و هیچ داهات و موچەیەکی نییە، بەشێکی گەورە لە توندوتیژیەکانی خێزان سەرچاوەکەی کێشە داراییەکانن و، قەیرانی ئابوری کێشە دارایی و ئابورییەکانی زیادکردووەو، لێرەشەوە سەری کێشاوە بۆ توندوتیژی خێزانی جۆراوجۆر، لای نمونەی توێژینەوەکە چەسپاوەو، هەروەها زیادبوونی ئامارەکانی دادگای توندوتیژی خێزانی لە دادگاکانی هەرێم سەلمێنەری زیادبوونی ئەم جۆرەیە لە توندوتیژی.

٩- **قەبارەی خێزان:** لە زاری نموونەی توێژینەوەکەوە ئەوە ئاشکرا بوو کە باوەڕبوون بەسنورداربوونی ژمارەی منداڵ بەئاشکرا دیارە، بەتایبەت لە بارودۆخی قەیراناوی هەرێمی کوردستان و ناوچەکە، یەکێك لە هۆکارە بنەڕەتیەکانی ئەم جۆرە قەناعەتەش ئابورییە، جیاوازی هەیە لە نێوان قەبارەی خێزانی کوردی لەچاو قەبارەی خێزانی عەرەب لەناو عێراق، بەوەی لای کورد ٢ تا ٣ منداڵ زیاتر نییە، بەڵام لای ئەوان لە ٥ بۆ ٦ منداڵ زیاترە، هۆکاری سەرەکیش دەگێڕنەوە بۆ نەبوونی قەیران لای ئەوان و بوونی لای ئێمە، بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ ئەوەی بەهۆی بەجیهانی بوونەوە کلتوری خێزانی کوردی لە شاری سلێمانی گۆڕاوە بەڵام زۆری و جۆراوجۆری قەیرانەکان و قەیرانی ئابوری لە هەرێمی کوردستان کاریگەری لەسەر گەنج و خێزانی نوێ دروست کردووە،

بەوەی سست بێت لە هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان، کاریگەریشی لەسەر خێزان هەبووە بەوەی ژمارەی منداڵی کەم بخەنەوە، هۆکارێکی تریش نا سەقامگیری ئابوری و سیاسی ئێستاو نادیاری و نەبوونی متمانە بەداهاتووە، هۆکارە ئابورییەکان لە پێش هۆکارەکانی ترەوەن لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی منداڵ، بەهۆی قەیرانەوە خێزانی گەورە دروست بۆتەوەو چەندین ماڵی کوڕ هەبووە کرێی پێ نەدراوەو چۆتەوە سەر ماڵی باوکی و لەگەڵ ئەواندا دەستیان بەژیان کردۆتەوە ئەم حاڵەتەش دەیان کێشەی تری خێزانی دروست کردووە.

١٠- **قەیرەیی :** لەدوای ساڵی (٢٠١٤)ەوە لە هەرێمی کوردستان ڕێژەی هاوسەرگیری کەمبۆتەوە، کەمی هاوسەرگیری و پێکنەهێنانی خێزان دیاردەیەکی تری زیادکردووە ئەویش قەیرەییە، قەیرەیی هەردوو ڕەگەزی کوڕان و کچانی گرتۆتەوە، پێش قەیران ڕۆژانە لەسەر شەقامەکان کەژاوەی سەیارەی بوك دەبینرا، یاخود لە هۆڵ و باخچەکان ئاهەنگ سازدەکرا، بەلاّم ئێستا ئەم پرۆسەیە یا نابینرێت یان زۆر کەمبۆتەوە، لێرەدا دەگەینە ئەو ئاکامەی کە قەیران ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر زیادبوونی دیاردەیەکی کۆمەلاّیەتی وەکو قەیرەیی لەناو هەردوو ڕەگەز لە شاری سلێمانی و هۆکاری سەرەکیش بۆ زیادبوونی بریتییە لەقەیرانی ئابوری، هەرچەندە ئەم دیاردەیەو دیاردە کۆمەلاّیەتییەکانی تریش هۆکاری تری کۆمەلاّیەتی و ڕۆشنبیری و تەندروستی ڕۆڵیان هەیە تیادا بەلاّم فاکتە ئابورییەکان ڕۆڵی بەرچاویان هەیە.

١١- **چینایەتی:** قەیران ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبووە لەسەر دابەش بوونەوەی چینەکان لە هەرێمی کوردستان بەجۆرێك لە ئەنجامی قەیرانی دارایی و ئابوری داهاتی خێزانەکان کەمی کردو هەڵئاوسان لە نرخەکاندا دروست بوو، ئەم بارودۆخەش ئەو زۆرینەی کە هەبوو لەچینی مام ناوەند بەتایبەت لەچینی مام ناوەندی خواروو بەناچاری جوڵەی پێکراو گواسترایەوە بۆ چینی هەژار، واتە قەبارەی چینی مام ناوەند بچووك بوەوەو قەبارەی چینی خواروی فراوان و گەورەتر کرد، وە هەندێك لەوانەشی لە چینی دەوڵەمەند بوون بەهۆی زیانی ئابورییەوە هاتنەخوارەوە بۆ چینی مام ناوەند، ئامارەکانیش جەخت لەسەر زیادبوونی ڕێژەی هەژاری دەکەنەوە، لێرەوە دەگەینە ئەو ئاکامەی کە قەیران بۆتە هۆی دابەشبوونەوەی چینەکان لە شاری سلێمانی بەجۆرێك قەبارەی چینی مام ناوەند کەمبۆتەوە کە پێشتر زۆربوو و لە بەرامبەریشدا قەبارەی چینی هەژار زیاتر بووە.

**ج- دەرونی :**

دوای دەرخستنی ڕەنگدانەوەکانی قەیرانی ئابوری ئەم توێژینەوەیە بەم دەرئەنجامە دەرونیانە گەیشتووە:

**١٢- پەیوەندیە ڕۆحی و دەرونیەکانی نێوان ئەندامانی خێزان :**

یەکێك لە ڕەنگدانەوەکانی قەیران بریتییە لە لاواز بوونی پەیوەندی ڕۆحی و خۆشەویستی نێوان ئەندامانی خێزان، بەشێوەیەك قەیران بووە هۆی کەمی داهاتی خێزان و کەمی داهاتیش بووە هۆی تێرنەبوونی سەرجەم پێداویستییەکانی ئەندامانی خێزان و، لە هەندێ باریشدا بۆتە هۆی دروست بوونی گرژی و ناکۆکی لە نێوانیاندا،

ئەمەش واتای کەمبوونەوەی خۆشەویستی و هۆگری ڕۆحی دەگەیەنێت. بەپێچەوانەشەوە بوونی داهات و دارایی باش تاڕادەیەك پەیوەندیی خۆشەویستی باشترو پتەوتر دەکات، ڕەنگدانەوەیەکی تری قەیران بریتییە لە سنوردارکردنی ئەو چالاکییانەی کە دەبنە هۆی باش کردن و پتەوکردنی خۆشەویستی، یەکێك لەو چالاکییانەش کڕینی دیارییە بۆ ڕۆژی لەدایکبوون و ڕۆژی هاوسەرگیری و بەدەست هێنانی بڕوانامە، هەروەها دابڕانی سۆزداری هەیە بەهۆی سەرقاڵی هەردوو هاوسەر بەکارکردنەوە.

١٣- **بەختەوەری و گەشبینی:** ئاستی بەختەوەری و گەشبینی تاڕادەیەك پەیوەندی بەسەقامگیری لایەنی دارایی و ئابورییەوە هەیە، کاتێکیش قەیرانی دارایی و ئابوری دروست بوو ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی نەرێنی هەبوو لەسەر ئابوری خێزان و بەشێکی گەورەی بەختەوەری خێزان کێشەی بۆ دروست بوو و کەمبوەوە، کاتێکیش کۆمەڵگە بێ ئومێد دەبێت لەهەنگاوەکانی حکومەت و سیاسییەکان بۆ چارەسەری قەیران، ئەوکات متمانە بەداهاتوویەکی باشتریش کەمتر دەبێت، گەر بەختەوەری کەم بێت و ئایندەی باشیش نادیار بێت سەر دەکێشێت بۆ ڕەشبینی، ئەمەش کاردانەوەی خراپی لێ چاوەڕوان دەکرێت، بەختەوەری ئەندامانی خێزان و گەشبینی بەداهاتوو لە ئاستێکی نزمدایە بەتایبەت لای چینی هەژارو مام ناوەندی خواروو.

**دووەم : دەرخستنی هۆکارەکانی قەیرانی ئابوریی**

هۆکارەکانی قەیرانی ئابوری لە ڕوانگەی نموونەی توێژینەوەوە بریتی بوون لەوەی: هەرێم نەیتوانیوە خۆی سیستەم بکات لە ڕوی ئابورییەوە، سەوەر نەبوونی یاسا و بەهێز نەبوونی دەزگاکانی چاودێری دارایی و دەزگای نەزاهەو، زۆری ژمارەی موچە خۆرو، قۆرخکاری بازاڕ لەلایەن دەسەڵات و حیزب و بەرپرسەکانەوەو، ناعەدالەتی لە موچەدا وەکو خانەنشینی ئاسایی بە (٢٢٥) هەزارو، پلە باڵاش بە (٦) ملیۆن دینارو، قەیران پلان بۆ دانراو بووە لەلایەن دەسەڵاتەوە تا موچە کەم بکاتەوەو باج و ڕسومات و گومرگ زیاد بکات و، بۆ کەمکردنەوەی بڕی تێچوون خاوەنکارەکان و کۆمپانیاکان پەنا دەبەن بۆ تەکنەلۆجیاو ئامێرەکان لەبری دەستی کار ئەمەش ڕۆڵی هەبووە لە زیادکردنی بێکاری لای چینی وەستاو کرێکارو هونەری و پیشەوەر، هۆکاری تر نەبوونی ژێرخانی ئابوری و، بوونی بەهەدەردانی دارایی و گەندەڵی و ناشەفافی لەناو حکومەتی هەرێمدا، هۆکاری تر شەڕی داعش و، بێ پلانی خەڵك و حکومەت و نەبونی پاشەکەوت و دەست پێوەنەگرتن بۆ ڕۆژی تەنگانەو، نەبونی هیچ بانکێکی مەرکەزی باڵا وەکو بانکی ناوەندی لەبەغدادو، بێ باکی دەسەڵات لە ئاست داخوازیەکانی کۆمەڵگەو، کارەساتی ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ و لەدەستدانی نیوەی خاکی هەرێمی کوردستان و، پەتای کۆرۆنا و کەرەنتینە و دابەزینی نرخی نەوت و، بێ کاری و هەژاری، بوونە هۆکاری ئەوەی قەیران ڕۆژ بەڕۆژ توندتر ببێت و کۆچ بەردەوام بێت، نەبوونی دەوڵەت و نەبوونی سەربەخۆیی هەرێم و، دەستوەردان لە بازاڕ لەلایەن حیزب و حکومەتەوەو، دەستوەردانی دەرەکی و نەبوونی سیاسەتێکی هاوسەنگ و یەکگرتوو بەرامبەر دراوسێکانی ئێران و تورکیا لە هۆکارەکانی قورستربوونی قەیرانی ئابوریین.

## سێیەم : دەرخستنی پلانی خێزانی کوردیی بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانی ئابوری

لەساڵی (٢٠١٥)ەوە خێزان دەستیکرد بەوەستانی زۆرینەی خەرجیەکان و دەست بردن بۆ پاشەکەوت و شت فرۆشتن، لەو کاتەوە خێزان خۆی لەخەرجییە ناپێویستییەکان بەدوور گرتووە تا فریای خەرجییە پێویستییەکان بکەوێت، دوای ئەوە تەرکیزی لەسەر زیادکردنی داهاتەکانی و هەوڵدان بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنان و پاشەکەوت کردن بووە، خێزان چەندی دەست کەوتووە ئەوەندەی خەرجکردووە لە پێویستترینەوە بۆ ئەوانی ترو، هەوڵیش دراوە پاشەکەوتی لێ بکەن، لە بازاڕکردندا کەل و پەلێك کڕدراوە کە مارکە نەبووە تا نرخی هەرزان بێت، هەروەها لە مارکێتە گەورەکانیش شت کەمتر کڕدراوە هەر لەبەر هەمان هۆ، لەبری ئەوە لە بازاڕە میللیەکان و لەلای مزگەوتی گەورە وەکو هەرزانترین بازاڕ شت کڕدراوە، ، پلانی تر ئیشی دووەم یان خستنە سەر کاری ئەندامانی تری خێزان بووە تاداهاتەکانیان زیاد بکەن، ئەمە لە کاتێکدایە بەشێوەیەکی سروشتی مرۆڤ دەتوانێت هەشت سەعات کار بکات لە ڕۆژێکدا، بەڵام لەبەرئەوەی ناچار بووە ١٥ تا ١٦ سەعاتیش کار کراوە، خێزانەکان زۆر کەم شت دەکڕن و بابەتی جوانکاری و کمالیاتیان زۆر کەمکردۆتەوە، هەموو موچەیەك وەری دەگرن وای خەرج دەکەن تابەشی مانگەکەیان بکات و قەرزدار نەبن و نەکەونە ژێر دانەوەی قەرز و قست، ئەو خێزانانەی کە هەژارن یان لەسەرەتای دروست بووندان سوود لە کەل و پەلی دەستی دوو وەردەگرن و دەیکڕن بەهۆی هەرزانی نرخیانەوە، خێزانی هەژاری خواروو سوود لە هاوکاری کەس و کۆمپانیا و ڕێکخراو و ناوەندە خێرخوازیەکان وەردەگرێت تاقەیران تێدەپەڕێنێت.

خێزان بڕیاری وازهێنانی خۆی لەهەندێك بۆنەی کۆمەڵایەتی و میونداری داوە تاخەرجیەکانی زۆر نەبێت، دیاری کڕین و دیاری بردن کەمکراوەتەوە، یان کە بیشیکڕن دیاری هەرزان و بچووك لەبری دیاری بەنرخ کڕدراوە، بانگهێشتکردن بۆ نان خواردن کەمکراوەتەوە یاخود گەر زۆر پێویست بوو بەشێوەیەك بووە کە کەم بکەوێت، بۆ نموونە گەر پێویستی بەدوو گۆشت بوو بێت کراوە بەیەك گۆشت، یا گۆشتی مریشك لەبری گۆشتی سور بەکارهاتووە، گەر پێویستی بەخواردنێکی گران بوبێت خواردنێکی ئاسایی ئامادەکراوە، هەندێك خێزان لە سنوری خانوو و زەوی خۆیاندا هەندێك بەرهەمهێنانیان کردوەو پشتیان بەستوە بەخۆیان، وەکو باخداری و کشتوکاڵ کردن و بەخێوکردنی پەلەوەرو بەرهەمهێنانی سەوزە و دروستکردنی نان و کولێرەو، بۆ بازاڕکردن توانراوە سوود لەو مارکێتانە وەربگیرێت کە داشکاندن دەکەن جا لە وەرزەکاندا بێت یاخود لە بۆنەکاندا یان لە کۆتایی هەفتەدا، پلانێکی تر چاکردنەوەی کەل و پەلەکانی ماڵ بووە.

پلانی ئەو خێزانانەی کە بازرگان و کاسبن قەتیس نەبوونە لە شوێنێك و هەوڵدانە بۆ ئەوەی لە شوێنی ترو شاری تر پەرە بەکارەکانیان بدەن، یان هەوڵیان داوە لە دوو سێ بواردا کاربکەن تا گەر لە یەکێکیاندا خراپ بوون بەهۆی بارودۆخێکی سیاسی یان هونەری یان ئابوری ئەوا بەدیل و جێگرەوە هەبێت، بەهەڵەشەیی کارناکەن و

بیر دەکەنەوە و لە ٣٠٪ تا٤٠ ٪ سەرمایەیان دەهێڵنەوە بۆ کاتی پێویست، بەرنامە دادەنێن و بەوریاییەوە کاردەکەن و وردەکارن لە داهات و خەرجیەکانیان تابمێنیتەوە. پلان و شارەزاییان پێویستە بۆ کارەکانیان، پێویستیان بەکات و شارەزایی و داهات و گونجانە لەگەڵ ڕۆژگاردا، گرنگی بەمۆدێل تازە دەدەن و شتی کۆن تیکەڵی شتی نوێ دەکەن و دوکانی ڕازاوەو گەورەو جوان بەباشتر دەزانن، هەوڵدەدەن ئایتم و براند زیادبکەن و، ڕیکلام و پەیوەندیەکانیان بەهێزتر دەکەن تابتوانن پارێزگاری لە فرۆشی خۆیان بکەن و زیاتری بکەن، داشکاندن دەکەن بۆ کڕیاران و خێری کەم دەخەنە سەر کالاکانیان تاهەردوو لا سوود مەندبن هەم ئەو خێزانانەی کە فرۆشیارن فرۆشیان زیاتر دەبێت و قازانجی زیاتر دەکەن، ئەو خێزانانەشی کە کڕیارن سوودمەند دەبن لەوەی بەنرخی داشکاو و هەرزانتر پێویستییەکانیان دەستەبەردەکەن.

**چوارەم : دەرخستنی توانای خۆگونجاندنی خێزان لەگەڵ قەیرانی ئابوری**

بەهۆی قەیرانی ئابوریەوە خۆگونجانی تاك لەگەڵ سیستەم و پێوەرو نۆرمەکانی دامەزراوەی کۆمەلأیەتی کێشەی بۆ دروست بوو، تاك نەیتوانی وەکو پێشتر بگونجێت لەگەڵیان، بۆیە کاردانەوەی تاك بەشێوەیەکی نەگەتیڤانە بووە بەلادان لە پێوەرەکان و کۆچ کاردانەوەی بووە بەرامبەریان، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ هۆکار پاڵپشت بوون بۆ مانەوەی خێزانەکانیان بەیەکگرتووی و خۆگونجان لەگەڵ قەیران وەکو: هۆشیاری و تێگەیشتووی هاوسەر بەپلەی یەکەم و پاشان منداڵەکان. پەروەردەی دروست و پەروەردەی ئایینی و باوەڕ بوون بەوەی هەژاری و دەوڵەمەندی کاتییە و مرۆڤ بەهەردوو باردا تاقی دەکرێتەوە، بوونی قەناعەت و ڕازی بوون بەوبەشەی کە هەیە، ئومێد و باوەڕبوون بەوەی ئەم بارودۆخە قەیراناوییە ڕۆژێك دێت کۆتایی بێت، بوونی توانای خۆ گونجاندن و ڕاهاتن لەگەڵ بارودۆخەکە. پاڵپشتی ئایینی گرنگە بۆ گونجان، بەوپێیەی هانی مرۆڤ دەدا تائارامگر بێت، چونکە دۆخە نالەبارەکان کۆتاییان دێت و بەدوای ناخۆشیدا خۆشی دێت، هەروەها ئاین قەناعەت دروست دەکات و هەژاری و نەبوونی و بوونیش بەتاقیکردنەوەی خوایی دادەنێت، هۆکارێکی تر بریتییە لە خودی دۆخی هەرێمی کوردستان بەو پێیەی هەر لە زووەوە قەیرانەکان یەك دوای یەك هاتوون و ئەم ناوچەیە بەردەوام لە کێشە و شەڕی جۆراو جۆردا بووەو بارودۆخی هەرێمی کوردستان و عێراق بەردەوام قەیراناوی بووە و ڕیسك و مەترسی لەسەر هاوولأتیان هەبووە، قەیرانی ئابوریش هەر بەدرێژەی قەیرانەکانی تر دادەنێین و خۆیان گونجاندووە لەگەڵی تەنها نەوجەوان و گەنج نەبێت کەتاڕادەیەك خۆگونجاندنیان کەمتر بووە بەو پێیەی ئەوان کەمتر ڕاهاتوون لەگەڵ قەیران و داهات کەمی و نەبوونی بۆیە توشی لادان دەبن و هەوڵی کۆچ دەدەن بۆ دەرەوەی وڵات. هەرچەندە بەهۆی پاڵپشتی ئاینی بێت یان بەهۆی ڕۆشنبیری و پاڵپشتی دەرونی وەکو بەقەناعەتی و ڕاهاتنی خەڵك بێت لەسەر ناخۆشیەکان یان بەگرتنەبەری هەندێ میکانیزمی ئابوریانەی وەکو دەست پێوەگرتن و کەمکردنەوەی خەرجی بێت توانراوە تاڕادەیەك خۆ بگونجێنرێت لەگەڵ قەیران.

## دووەم: ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە

لە ئێستادا هەرێمی کوردستان زۆر پێویستی بەچاکسازی هەیە لە بواری دارایی و ئابوری و، چاکسازی ڕیشەیی لە هەموو بوارەکانی ژیاندا و کۆتایی هێنان بەقەیرانی ئابوری، ئەمەش پێویستی بەئیرادەو ویستێکی سیاسی ڕاستەقینە هەیە لای هەموو هێزە سیاسی و پێگەکانی دەسەلآت لە ئێستای هەرێمی کوردستان، لەم پێناوەشدا ئەم ڕاسپاردانەی خوارەوە دەخەینە بەردەست:

١- لە ڕووی سیاسییەوە:

أ - پێویستە لەسەر ناوەندی بڕیارو پێگەکانی دەسەلآت لە هەرێمی کوردستان کاری جددی و بەپەلە بکەن بۆ کۆتایی هێنان بەقەیرانی دارایی و ئابوری لە هەرێمی کوردستان چونکە ئەوە بۆ ماوەی نۆ ساڵە ئەم قەیرانە هەیە و تادێت قوڵتر دەبێتەوەو ڕەنگدانەوە نەرێنیەکانی زیاتر دەبن، ئەوەش چەسپاوە کە لێکەوتەکانیشی بۆ چەندین ساڵ دوای قەیران بەردەوام دەبن، هەروەها پێویستە کار بکەن بۆ نەهێشتنی هۆکارەکانی قەیران وەکو گەندەڵی و ناشەفافی و بەهەدەردان و تاك سەرچاوەیی داهات و شەرو ناکۆکی سیاسی.

ب - پێویستە لەسەر ناوەندی بڕیار لە هەرێمی کوردستان چاکسازی تەواو بکەن بۆ کەمکردنەوەی بالآ دەستی حیزب و بەرپرسان و کۆمپانیاکانیان لەناو حکومەت.

ج - پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان کاری جددی بکات بۆ چارەسەری ناکۆکیەکان و ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەتی ناوەند لە بەغداد لەسەر مەلەفی نەوت و غاز و گەڕانەوەی بودجەی خەڵکی کوردستان بۆ کۆتایی هێنان بەقەیرانی دارایی و ئابوری.

د - پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی تەواوی شایستە داراییەکانی فەرمانبەران خەرج بکات و پلە بەرزکردنەوە دەست پێبکاتەوە و کۆتایی بێنێت بەلێبڕین و دواخستن و نەدانی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان.

و - پێویستە لەسەر پەرلەمانی کوردستان کە هەستێت بەڕۆڵبینینی خۆی بۆ دەرکردنی ئەو یاسایانەی کە مافی موچەخۆران و خەڵك و هاووڵاتی دەپارێزێت، لە لایەکی تریشەوە کاربکات بۆ کەمکردنەوەی جیاوازی موچەی فەرمانبەران و خانەنشینان و ئەو جیاوازیەی لە موچەی پلە بالآ و فەرمانبەری ئاسایی هەیە کەمی بکاتەوە و سیستەمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی ڕەچاو و پێڕەو بکات و، لێپرسینەوە لە حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکان بکات وەکو نەریتێکی دیموکراسی، وە ڕۆڵی خۆی کارا بکات وەکو دەزگایەکی چاودێری و چاودێری دارایی بەسەر حکومەتەوە.

ی - بۆ چارەسەری ئەو ڕەشبینی و بێ متمانەیەی هاونیشتمانیان بۆیان دروست بووە بەسیستەمی حوکمڕانی و سیاسی هەرێمی کوردستان و لەو پێناوەشدا تادێت ناڕەزایی هاووڵاتی و بایکۆتی پرۆسەی هەڵبژاردن زیاتر دەبێت، پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێم و ناوەندی بڕیار چاکسازی ڕاستەقینە بکات و بەکارو پرۆژەو کۆتایی هێنان بەقەیران و بێکاری و هەژاری هاونیشتمانیان ئاشت بکاتەوەو متمانەو گەشبینی بگێڕێتەوە بۆیان.

٢ - لە ڕووی ئابورییەوە:

أ - لەسەر ناوەندی بڕیار لە حکومەت پێویستە چاکسازی لە بواری دارایی و ئابوریدا بکات بەگەشەپێدانی ئەم کەرتە و هەمەجۆرکردنی سەرچاوەکانی داهات و زیادکردنی بەرهەمهێنان لە ناوخۆدا لە ڕێگەی گرنگیدان بەکەرتەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازی و بوژاندنەوەی کەرتی گەشیاری و ئاوەدانکردنەوە تاببێتە هۆی ڕەخساندنی هەلی کارو کەمکردنەوەی هەژاری.

ب - لەسەر حکومەتی هەرێم و حکومەت خۆجێیەکان پێویستە پەرەپێدان بکات بەناوچەکانی دەرەوەی شارەکان و ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان تابەرهەمی ناوخۆ ببوژێتەوەو، بشبێتە سنوردانان بۆ کۆچی زیاتری گوندنشینان بۆناو شارەکان، لە ڕێگەی دەستەبەرکردنی خزمەتگوزارییە بنەڕەتییەکان و پێشخستنی کشتوکاڵ و دامەزراندنی ساردخانەی گەورە بۆ بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و کارگەی لەفتوونان بۆ بەرهەمەکانیان.

ج - پێویستە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستێت بە ئامادەکردنی بودجەی حکومەت هەموو ساڵێك و ناردنی بۆ پەرلەمان بۆ گفتوگۆکردن و پەسەندکردنی، وەکو نەریتی هەموو حکومەتەکانی دونیا تا بێگرێ وگۆڵی و ڕوونی لە داهات و خەرجییەکان زیاتر ببێت، ئەمەش بەپشت بەستن بەشێوازی زانستی و کەسانی پسپۆڕو شارەزا لەو بوارەداو بە لەبەرچاوگرتنی دانانی بودجە بۆ گەشەپێدان و وەبەرهێنان و خزمەتگوزرای بۆ هەموو پارێزگاکان و، دروستکردنی ژێرخانی ئابوری بۆ هەرێم.

د - پێویستە لەسەر وەزارەتی بازرگانی و دەستەی وەبەرهێنانی حموکەتی هەرێمی کوردستان/عێراق هەستێت بەگرنگیدان بەکەرتی تایبەت و ئاسانکاری بۆ وەبەرهێنەرانی بیانی، تا ڕۆڵیان هەبێت لەپاڵ کەرتی گشتی بۆ کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری و هەژاری و ڕەخساندنی هەلی کار بۆ تاکەکانی کۆمەڵگە بەیەکسانی لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت.

ك - پێویستە لەسەر وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان/عێراق هەستێت بە هەڵگرتنی باج و ڕسومات و گومرگ لەسەر هاوردەکردنی پێداویستییە بنچینەییەکان و کەمکردنەوەی باج و ڕسومات لەسەر چینی هەژارو مام ناوەند، تا هاوکار بێت بۆ بەرزکردنەوەی توانای کڕین و خەرجی بۆ خێزانی ئەو دوو چینە کە زۆرینەی کۆمەڵگەیان لێ پێکدێت لە پێناو تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە ئابورییە سەختەی ئێستای هەرێمی کوردستان.

٣ - له ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:

أ - پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەستێت بە کاراکردنەوەی ئەنجومەنی گشتی ڕاژەو پیادەکردنی سیستەمی دامەزراندن بەپێی پێویست و، لەسەر بنەمای کوالێتی زانستی و دانانی کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو، نەك لەسەر بنەمای پشکداری حیزب و خزم خزمێنەو تەشەبوسکردن، ئەمەش بۆ لەنگەر پێگرتنی یاسای دادپەروەری کۆمەڵایەتی لەناو سەرچاوەی مرۆیی کۆمەڵگەی کوردی، تا هاوکار بێت لە باشتر بەڕێوەچوونی دام و دەزگاکانی گشتی و بەرزکردنەوەی کوالێتییان و کەمکردنەوەی ڕێژەی بێکاری لەناو چینی دەرچوانی زانکۆ و پەیمانگاکان و کەمکردنەوەی ڕێژەی کۆچ لەناویاندا.

ب - پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی شارەوانی و وەزارەتی ئاوادانکردنەوەو نیشتەجێکردن هەستن بەجیاوازی نەکردن لەنێوان شارەکانی هەرێم و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و ئاوەدانکردنەوەکان و دابەشکردنی داهات بۆ موچەو بۆ پڕۆژەکان وەك یەك بۆ هەموو شارو شارۆچکەکان، تا کۆتایی بەپەراوێز خستن و ناوچەگەری بێت و هەموو هاونیشتمانییەك لە کفرییەوە تا زاخۆ حکومەت هەرێم بەهی خۆی بزانێت.

ج - پێویستە لەسەر وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردن و وەزارەتی شارەوانی هەستن بە دابینکردنی شوێنی شیاوی نیشتەجێ بوون بۆ هەژارو نەدارو کرێنشینان لەلایەن کەرتی گشتییەوە بەهاوکاری کەرتی تایبەت، بەو پێیەی شوێنی نیشتەجێ بوون مافی هەر هاونیشتمانیەکەو کاریگەری هەیە لەسەر وابەستەبوونی مرۆڤ بەخاکەکەیەوە، تا خۆشەویستی و وابەستەگی هاووڵاتی زیاتر ببێت و هۆکاریش بێت بۆ زیاتر بوونی ئاستی بەرهەمهێنان و گیانفیدایی بۆ پاراستنی خاکەکەی.

د - پێویستە لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و وەزارەتی ڕۆشنبیری و پەروەردەو خوێندنی باڵاو هۆکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکان کە هاوکاربن بۆ زیاتر ڕۆشنبیرکردنی خێزان و ئاڕاستەکردنیان بۆ باشتر ئیدارەدانی سەرچاوەکانی داهات و کەمکردنەوەی خەرجییەکان و، سنوردانان بۆ کەمکردنەوەی بەکاربەری و، هەوڵدان بۆ ئەوەی خێزان پشت بەبەرهەمی خۆی ببەستێت، لە لایەکی تریشەوە هەوڵبدەن خێزان ڕۆشنبیرو ئاڕاستە بکەن تا کێشەکانی خێزان و توندوتیژی خێزانی کەمببێتەوەو ڕێژەی جیابونەوە داببەزێت و یەکگرتوویی و هاوبەندی کۆمەڵایەتی خێزان زیاتر ببێتەوە.

## سێیەم : پێشنیارەکانی توێژینەوەکە

١- توێژینەوەی هاوشێوە بکرێت لە شارەکانی تری هەرێمی کوردستان یاخود نموونەی توێژینەوەکە لە هەر چوار پارێزگاکەی هەرێم بێت بەمەبەستی بەراوردکردنی بەئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە و کارکردن بۆ گشتاندنی دەرئەنجامەکانی بەسەر هەموو هەرێمدا.

٢- دەتوانرێت سوود لە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوە چۆنێتیە وەربگیرێت بۆ ئەنجامدانی هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە بەشێوازی توێژینەوەی چەندێتی و لە پرسیارەکانی فۆڕمەکەدا پرسیار دەربارەی بواری ڕامیاریش زیادبکرێت.

٣- دەتوانرێت هاوشێوەی ئەم توێژینەوەیە ئەنجامبدرێت بەمیتۆدی توێژینەوەی بار یا تیۆری ڕیشەیی لەبری میتۆدی شیکاری بابەت.

٤- دەتوانرێت لە توێژینەوەکی تری هاوشێوەدا ڕۆڵی سیستەمی سیاسی لە خوڵقاندن و قووڵکردنەوەو درێژکردنەوەی قەیرانی ئابوری لەهەرێمی کوردستان باس بکرێت لە بواری سۆسیۆلۆجیایی سیاسی یا ئابوریدا.

# لیستی سەرچاوەکان

## یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

### ١ - کتێبەکوردییەکان


١ - ئەبراش، ئیبراهیم، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسی، و. دیدار ئەبو زێد، کتێبخانەی ئاوێر، هەولێر، ٢٠١٣.

٢ - بۆکانی، سابیر، میتۆدی توێژینەوەی زانستی، چاپی دووەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٢٠.

٣ - حەسن، ئیحسان محمد، تیۆرە کۆمەلایەتییە پێشکەوتوەکان، و. دیدار ئەبوزێد، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.

٤ - حەسن، ئیحسان محمد، کۆمەڵناسی ئابوری، و. فەیسەڵ علی، دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، ٢٠١٥.

٥ - حمە، کامران احمد و ئەوانیتر، ئابوری کوردستان، قەیران - شیکردنەوە - چارەسەر، چاپخانەی یاد، سلێمانی، ٢٠١٨.

٦ - خمش، مجدەدین خیر، کۆمەڵناسی بابەت و میتۆد، و. عبداللە خورشید و ئەوانی تر، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.

٧ - خلیل، معن، کۆمەڵناسی خێزان، و. ئارام ئەمین جلال، چاپخانەی خانی، دهۆك، ٢٠٠٧.

٨ - زێباری، تاهیر حەسۆ، تیۆری هاوچەرخ لە کۆمەڵناسیدا، چاپی دووەم، هەولێر، کۆمەڵەی کۆمەڵناسان و دەروونناسانی کوردستان، ٢٠١٧.

٩ - شەریف، ڕۆژە عەبدوڵلا، ڕەهەندە کۆمەلایەتییەکانی ناسەقامگیری سیاسی لە هەرێمی کوردستان، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٠ - شوانی، محمد، سەرەتایەك بۆ نوسینی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، هەولێر، چاپخانەی هێڤی، ٢٠١٥.

١١ - صۆفی، دانا سعید، هێڵە گشتی یەکانی دارشتنی ستراتیژی نیشتمانی بۆ دژە گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان، ئینستتیوتی ریفۆرم بۆ گەشەپێدان، ژمارە ١٣، ٢٠١٨.

١٢ - عبدالخالق، مسعود، ناسنامەی حزبەکوردستانیەکان، کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی، چاپی دووەم، هەولێر، ٢٠١٤.

١٣ - عمر، معن خلیل، میتۆدەکانی توێژینەوە لە کۆمەڵناسیدا، و. محمد شوانی، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٢.

١٤ - قاسملو، عبدالرحمان، کوردستان و کورد، و عبداللە حسن زادە، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٥ - قەرەداغی، عەتا، کۆمەڵگەی کوردی و پەرەسەندنی ناسروشتی، چاپخانەی داناز، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٦ - قەرەداغی، عەتا، گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٧.
١٧ - قەرەداغی، عەتا، چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا، چاپخانەی ئۆفسێتی بابان، سلێمانی، ١٩٩٩.
١٨ - کریب، ئیان، تیۆری کۆمەڵایەتی لە پارسۆنزەوە تاهابرماس، و. ڕێبین رسول اسماعیل، چاپخانەی ڕوون، ٢٠٠٨.

١٩ - کۆزەر، لویس، دۆرکهایم ژیان و ئەندێشە، و. محمد قادر، چاپخانەی چوارچرا، ٢٠٠٨.
٢٠ - موحسنی، مەنوچێهر، دەروازەکانی کۆمەڵناسی، وەرگێرانی ڕێبوار سیوەیلی و ئەوانی تر، دەزگای ئاراس، چاپی سێهەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
٢١ - محمد، کوردستان عومەر، خۆگونجاندنی کۆمەڵایەتی کۆچبەرانی کورد لە وڵاتانی ئەوروپا، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٣.
٢٢ - مستەفا، سەلام عبدالرحمن، سروشتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان هۆکار-ئاکام- چارەسەر، ناوەندی فێربوون، هەولێر، ٢٠١٩.
٢٣ - نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاکسازی و خزمەتگوزاری لە نێوان ٢٠١٩/٧/١٠ تا ٢٠٢١/٥/١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢١.
٢٤ - وانج، سۆفیا ئێزابێلا، پەرەسەندی شوناسی نەتەوایەتی کوردو ئەگەرەکانی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان، و. یاسین سەردەشتی، چاپخانەی کمال، سلێمانی، ٢٠١٤ .

## ٢- توێژینەوەکانی ماستەرو دکتۆرا - کوردییەکان

٢٥ - حسین، ئارام رسول، کاریگەری قەیران لەسەر ڕەوشی کۆمەڵایەتی و کولتووری لە هەرێمی کوردستان دا، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، زانکۆی صلاح الدین، هەولێر، ٢٠١٩.
٢٦ - حسین، توانا فریدون، هاوبەندی کۆمەڵایەتی لە خێزانی کوردی دا، نامەی ماستەری بڵاونەکراوە، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٨.
٢٧ - عبدالرحمن، کارزان حسن، کاریگەری قەیرانی ئابوری لەسەر ئاسایشی کۆمەڵایەتی توێژینەوەیەکی مەیدانیە لەلای فەرمانبەرانی شاری هەولێر لە نێوان(٢٠١٤-٢٠١٧)، تێزی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەدین - هەولێر، ٢٠١٩.

## ٣- گۆڤارە کوردییەکان

٢٨ - تاهر، زەریا احمد، جێبەجێکردنی تیۆری بنیادی وەزیفی لەسەر خێزان لە کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستان، گۆڤاری توێژەر، بەرگی ٢، ژمارە ٣، هاوینی ٢٠١٩.

٢٩ - شامارو فتاح، کاروان علی، نیاز احمد، ڕۆڵی قەیرانی دارایی لە جیابوونەوەی هاوسەراندا، توێژینەوەی مەیدانی لە شاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە ١ مانگی ٢٠١٨/٥.

٣٠ - شوانی، محمد، سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان و سیستەمی خێزانی وەك نموونە، گۆڤاری کۆمەڵناسی، کۆمەڵەی کۆمەڵناسانی کوردستان، چاپخانەی منارە، هەولێر، ژمارە ٨، ٢٠١١ .

٣١ - قەرەچەتانی، کریم شریف، کاریگەری جیهانگیری و سەرمایەداری و بەهاکانیان لەسەر خێزان، گۆڤاری خاڵ، ژمارە ١٩، تشرینی یەکەمی ٢٠١٨.

٣٢ - مستەفا، عالیە فرج، ڕۆڵی خێزان لە پەروەردەکردنی تاکدا، گۆڤاری خاڵ، ژمارە ١٩، تشرینی یەکەمی ٢٠١٨.

## ٤- ماڵپەڕە کوردییەکان

٣٣ - ئاری، ئاماری کوشتن و توندوتیژی دژی پیاوان، ٢٠١٧/١/٧، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە http://www.speda.net/index.php/ku/news/22853 ، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٢.

٣٤ - ئامادەکردنی توێژەر لە کۆی ئاماری ساڵەکانی (٢٠١٢ - ٢٠٢١)ی دادگاکانی هەرێم، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە http://www.krjc.org/ لە ڕێکەوتی ٢٠٢٢/٤/١٥.

٣٥ - ئەنجومەنی دادوەری هەرێمی کوردستان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە http://www.krjc.org/Default.aspx?page=category&c=dad2014 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٢٤

٣٦ - ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان، وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کانونی دووەم، ٢٠٢١، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە، http://jcc.gov.krd/ku، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٣/٢٨.

٣٧ - دەستەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، فەرمانگەی لێکۆڵینەوەو زانیاری، بەڕێوبەرایەتی زانیاری، لیستی پڕۆژەکان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://gov.krd/boi/publications/licensed-projects/ لەڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١١.

٣٨ - درەو میدیا، بۆچی نرخی نەوتی تاکساس بۆ خوار سفر دابەزی، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5742 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٨.

٣٩ - دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماری پیشەسازی دامەزراوەی مام ناوەندو گەورە لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٨.

٤٠ - دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماری پیشەسازی دامەزراوەی بچوك و گەورە لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٣.

٤١ - درەو میدیا، بۆچی نرخی نەوتی تاکساس بۆ خوار سفر دابەزی، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5742 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٨.

٤٢ - درەو میدیا، لە ئابوری سەربەخۆوە بۆ ئابوری سەر بەخۆیان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8611 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٤.
٤٣ - دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی یەکە گەشتیاریەکان لە هەرێمی کوردستان، ٢٠١٦.
٤٤ - دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاماری ڕووداوەکانی هاتووچۆ لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٧و ٢٠١٨.
٤٥ - درەو میدیا، کەرتی ڕێگاوبان لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8674 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٣.
٤٦ - دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، دۆخی هێزی کار لە هەرێمی کورستان بۆ ساڵی ٢٠١٥.
٤٧ - دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕووپێوی هێزی کار لە هەرێمی کورستان بۆ ساڵی ٢٠١٤.
٤٨ - دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەزەندەی کاریگەرییەکانی قەیرانی ٢٠١٤ لە عێراق.
٤٩ - دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان، پوختەی ئاماری پەروەردەیی لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ٢٠١٢ - ٢٠١٩، تشرینی دووەمی ٢٠١٧.
٥٠ - درەو میدیا، ڕەوشی قوتابخانەکانی هەرێم لە کابینەی نۆیەم، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=8698 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٨/٣.
٥١ - ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندنی بازاڕی کارو شیکاری تواناکان لەعێراق و هەرێمی کوردستان، یونسکۆ، نەتەوە یەکگرتووەکان، ٢٠١٩.
٥٢ - ڕەفعەت و ڕەوف، فازل حمە، محمد، درەو میدیا، نەوت ڕەحمەت یان لەعنەت، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە، https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=5978، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٢٩.
٥٣ - دەستەی ئاماری حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕوپێوی باری گوزەرانی خێزان و چاودێری ڕێژەی هەژاری لە هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠١٨.
٥٤ - ژوری توێژینەوەکانی بزوتنەوەی گۆڕان، هۆکارەکانی کۆچ و میکانیزمەکانی ڕووبەڕوبونەوەی لە هەرێمی کوردستان، ٢٠٢١، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://www.knnc.net/Details.aspx?jimare=40365، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١١/١٤.
٥٥ - شکور، هەڵمەت محمد، درەو میدیا، دەسەڵاتی قوڵ نموونەی دۆخی هەرێمی کوردستان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=7825 لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١١.
٥٦ - فدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عێراقی، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە، https://www.federationifir.com/ku/ لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٧/٢٩.

٥٧ - ١٦ ی ئۆكتۆبەر، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە
https://www.pukmedia.com/KSDireje.aspx?Jimare=162506 لە ڕێكەوتی ٢٠٢١/٧/٢٩.

٥٨ - وەزارەتی دارایی، ڕێنماییەكان، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە
gov.krd/mofe/publications/ڕێنماییەكان/ لە ڕێكەوتی ٢٠٢١/٨/٤.

٥٩ - GKTV، بایۆمەتری ژمارەی ڕاستەقینەی موچەخۆرانی هەرێمی دەرخست، ٢٠٢٠/١/٢٢، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە https://www.gksat.tv/details.aspx?jimare=91028 لە ڕێكەوتی ٢٠٢١/١٢/٤.

٦٠ - حكومەتی هەرێمی كوردستان، هەڵسەنگاندنی كاریگەری شەڕی سوریا و قەیرانی داعش لەسەر باری ئابوری و كۆمەڵایەتی لە هەرێمی كوردستان، ٢٠١٥، بەردەستە لەسەر ئەم لینكە
HTTPS://DOCUMENTS1.WORLDBANK.ORG/CURATED/EN/271101468188655949/9)4032-KURDISH-PUB-PUBLIC-BOX391473B-KURDISTAN-ESIA-EXECUTIVE-SUMMARY-(KURDISH.DOCX

## دووەم: سەرچاوە عەرەبییەكان

### ١ – كتێبە عەرەبییەكان

٦١ - ابوزيد، احمد، البناء الاجتماعى، مدخل لدراسة المجتمع (الانساق)، الهيئة المصرية للكتاب، الطبعة الثالثة، ١٩٧٩، الاسكندرية.

٦٢ - ارشيد، محمود عبدالكريم، المدخل الى الاقتصاد الاسلامي، دار النفائس للنشر، الاردن، ٢٠١٢.

٦٣ - ابراهيم، سليمان عبدالواحد، علم النفس الاجتماعي ومتطلبات الحياة المعاصرة، مؤسسة الوراق للنشرو التوزيع، عمان، الاردن، ٢٠١٤.

٦٤ - بلعباس، عبدالرزاق سعيد، ما معنى الازمة، الازمة المالية العالمية اسباب و حلول من منظور اسلامي، جدة، المملكة العربية السعودية، مركز ابحاث الاقتصاد الاسلامي، جامعة الملك عبدالعزيز، ٢٠٠٩.

٦٥ - باحارث، عدنان حسن، اخلاق الفتاة الزوجية، اهميتها ووسائلها التربوية، دار المجتمع للنشر والتوزيع، جدة، ٢٠٠٤.

٦٦ - حسن، محمود، الاسرة و مشكلاتها، دار النهضة العربية، بيروت، بدون سنة طبع.

٦٧ - الحسن، احسان محمد، موسوعة علم الاجتماع، دار العربية للموسوعات، ١٩٩٩.

٦٨ - حسين، عدنان السيد، الازمة العالمية، المؤسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، ٢٠١٠.

٦٩ - حلمي، اجلال، دراسات عربية في علم الاجتماع الاسري، دار القلم للنشر والتوزيع، دبي، ١٩٩٠.

٧٠ - الحسن، احسان محمد، مناهج البعث الأجتماعي، داروائل للنشر، عمان، الأردن، ٢٠٠٥.

٧١ - الخولي، سناء، الزواج والاسرة في عالم متغير، دار المعرفة الجامعية، اسكندرية، بدون سنة طبع.

٧٢ - الخولي، سناء، الاسرة والحياة العائلية، دار النهضة العربية، بيروت، ١٩٨٤.

٧٣ - الخشاب، سامية مصطفى، النظرية الاجتماعية و دراسة الاسرة، الدار الدولية للاستثمارات الثقافية، مصر، ٢٠٠٨.

٧٤ - الزهراء، زغاشو فاطمة، اشكالية القروض المستعثرة، رسالة ماجستر غير منشورة، الجزائر، ٢٠١٤.

٧٥ - زهران، حامد عبدالسلام، الصحة النفسية والعلاج النفسي، عالم الكتب للنشر والتوزيع، القاهرة، طبعة الرابعة، ٢٠٠٥.

٧٦ - سكوت و مارشال، جون، جوردون، موسوعة علم الاجتماع، ترجمة محمد الجوهري و اخرون، المجلد الاول، المركز القومي للترجمة، القاهرة، الطبعة الثانية، ٢٠١١.

٧٧ - السامرائي، نزهان محمد، قراءة في الازمة، المفهوم العام والاسباب والاثر على النشاطات والمتغيرات الاقتصادية الكلية وسبل المعالجة، ٢٠١٨.

٧٨ - سليمان، عبد علي، الانثروبولوجيا الاجتماعية، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، جامعة صلاح الدين، اربيل.

٧٩ - السندي، بدرخان، المجتمع الكوردي في المنظور الاستشراقي، دار ئاراس للطباعة والنشر، هولير، ٢٠٠٢.

٨٣ - شريف، عبدالستار طاهر، المجتمع الكوردي دراسة اجتماعية ثقافية سياسية، جمعية الثقافة الكردية، بغداد، ١٩٨١.

٨٠ - الشكري، علياء، الاتجاهات المعاصرة في دراسة الاسرة، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٨٨.

٨١ - شريف، فاتن محمد، الاسرة والقرابةدراسات في الانثروبولوجيا الاجتماعية، دارالوفا لدنيا الطباعة والنشر، الاسكندرية، ٢٠٠٦.

٨٢ - شيا، محمد، المنهجيات الكّمية والكيفية في العلوم الانسانية والاجتماعية، الجامعة اللبنانية، ٢٠١٨.

٨٣ - الصغير، صالح بن محمد، التكيف الاجتماعي للطلاب الوافدين، مجلة جامعة ام القرى، المجلد الثالث عشر، عدد ١، ٢٠٠١.

٨٤ - الصاعدي، سلطان مسفر مبارك، اولويات المشكلات الاسرية المعاصرة للاسرة السعودية، ١٤٣٥.

٨٥ - الطائي، ذياب فهد، اثر الازمات المالية على النظام الاقتصادي العالمي، ٢٠٢٠.

٨٦ - عبابنة، عمر يوسف عبدالله، الازمة المالية المعاصرة تقدير اقتصادي اسلامي، أربد للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١١.

٨٧ - عبدالواحيد، الاكراد وبلادهم، ترجمة.عبدالسميع سراج الدين، دار اراس للطباعة اربيل، الطبعة الثانيه، ٢٠١١.

٨٨ - العمواسي، مصطفى واخرون، الازمة الاقتصادية العالمية وتداعياتها على الشرق الاوسط، عمان، دار جليس الزمان للنشر، ٢٠٠٩.

٨٩ - العبيدي، علي، مخاطر مواقع التواصل الاجتماعي على العلاقات الاسرية، مجلة قرطاس المعرفة، عدد ١، بغداد، ٢٠١٨.
٩٠ - غيث، محمد عاطف، قاموس علم الاجتماع، دار المعرفة الجامعية، الاسكندرية، ١٩٩٠.

٩١ - القصيرو احمد، مليحة عوني و صبيح عبدالمنعم، علم اجتماع العائلة، جامعة بغداد، ١٩٨٥.
٩٢ - قنديلجى، عامر، البحث العلمي واستخدام مصادر المعلومات، دار اليازوري، عمان، ٢٠٠٢.
٩٣ - كورتل و رزيق، فريد، كمال، الازمة المالية مفهومها اسبابها وانعكاساتها على البلدان العربية، ٢٠٠٩، مجلة كلية بغداد للعلوم الاقتصادية الجامعة، العدد ٢٠ - أ.
٩٤ - محمد، محمد عبدالفتاح، ظواهرو مشكلات الاسرة والطفولة المعاصرة من منظور الخدمة الاجتماعية، المكتب الجامعي الحديث، الاسكندرية، ٢٠٠٩.
٩٥ - ميتشل، دينكين، معجم علم الاجتماع، ترجمة احسان محمد الحسن، دار الطليعة، بيروت، ط٦، ١٩٨٦.
٩٦ - المالك و نوفل، حصة بنت صالح، ربيع محمود، العلاقات الاسرية، دار الزهراء، الرياض، ٢٠٠٦.
٩٧ - محمد، عامر، استراتجيات ادارة الازمات الحكومات، دار العلوم للنشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٦.
٩٨- منظمة العمل الدولية، إحصاءات دخل وإنفاق الأسرة المعيشية، ٢٠٠٣ .
٩٩ - نورة، قنيفة، المشكلات الاجتماعية، جامعة العربي بن مهيدي - ام البواقي، الجزائر، ٢٠١٨.
١٠٠ - هيكل، محمد احمد، مهارات ادارة الازمات والكوارث والمواقف الصعبة، الهيئة المصرية العامة للكتاب، ٢٠٠٦.
١٠١- الوريكات و الخمايسة، عايد، رائد، الطبقة الاجتماعية وتدني مفهوم الذات وعلاقتهما بانحراف الأحداث، مجلة العلوم التربوية، المجلّد ٣٥، العدد ١،٢٠٠٨، الجامعة الأردنية.

## ٢ - تويژینەوەکانی ماستەرو دکتۆرا- عەرەبی

١٠٢ - ابو سلمان، معن محمد، اثر استخدام وسائل التواصل الاجتماعي في العلاقات الاسرية والاجتماعية، جامعة اليرموك، رسالة ماجستر، ٢٠١٧.
١٠٣ - جنان، شريفة، عقود العمل ودورها في اشباع حاجات خريجي الجامعة حسب هرم ماسلو، اطروحة دكتؤراه، جامعة محمد خيضر، جزائر، ٢٠١٥- ٢٠١٦.
١٠٤ - حمريش، سامية، القيم الدينية ودورها في التماسك الاسري، رسالة ماجستر، جامعة الحاج لخضر، باتنة، الجزائر، ٢٠١٠.
١٠٥- زانا احمد بيرداود، علاقة الخصائص الأجتماعية والبيئية بالسلوك الاجرامي، دراسة ميدانية في اقليم كردستان/العراق، أطروحة دكتوراه. جامعة صلاح الدين، هولير.
١٠٦ - سويهي، زينة نعمة، الازمة الاقتصادية في الفكر الاقتصادي تحليل المقريزي انموذجا، رسالة ماجستر، جامعة القادسية، كلية الادارة والاقتصاد، ٢٠١٧.

١٠٧ - شتله، وليد عبد السلام محمد، مشكلة الفقر وأثرها على التنمية البشرية، معهد التخطيط القومي، رسالة ماجستر، ٢٠١٥.

١٠٨ - العقون، نادية، العولمة الاقتصادية والازمات المالية، الوقاية والعلاج، دراسة لازمة الرهن العقاري في الولايات المتحدة الامريكية، اطروحة دكتوراه، جامعة الحاج لخضر - باتنة، الجزائر، ٢٠١٣.

١٠٩ - عوالى، على بن، ضمانات حماية الاسرة بين الفقه الاسلامي وقانون الاسرة الجزائيري، اطروحة دكتؤراه في جامعة وهران الجزائيري، ٢٠١٨.

١١٠ - العويضي، الهام بنت فريج بنت سعيد، اثر الاستخدام الانترنت على العلاقات الاسرية بين افراد الاسرة السعودية في جدة، رسالة ماجستر، كلية التربية للاقتصاد المنزلي والتربية الفنية بجدة، ٢٠٠٤.

١١١ - عبدالله، أسؤ ابراهيم، السمات القومية للشخصية الكوردية، اطروحة دكتوراه، جامعة السليمانية، ٢٠٠٣.

١١٢ - فهيمة، حميشي، الازمة المالية واثرها على الاسواق المالية العربية، الجزائر، رسالة ماجستر، ٢٠١٥.

١١٣ - مصطفى، عالية فرج، الاسرة والتغير الاجتماعي في كوردستان العراق، اطروحة دكتوراه غير منشورة، جامعة النيلين، ٢٠٠٥.

١١٤ - محمد، امل عباس، تغير بنية ووظائف الاسرة السودانية، رسالة ماجستر، جامعة الخرطوم، ٢٠٠٣.

١١٥ - الابقمي، فيصل بن عائض ، طبيعة العلاقة بين الاباء والابناء و دورها في الوقاية من الانحراف الفكري، اطروحة دكتوراه، جامعة نايف بن العربية للعلوم الامنية، الرياض، ٢٠١٠.

## ٣ - گۆڤاره عەرەبییەکان

١١٦ - البيومي، محمد، العنف الأسري، أسبابه، آثاره، وعلاجه في الفقه الإسلامي، مجلة كلية الدراسات الاسلامية، مجلد ٩، عدد ٣٢، الاسكندرية.

١١٧ - رفيقة، يخلف، المشكلات الاسرية وأثرها على تنشئة الطفل، جامعة شلف، ٢٠١٦.

١١٨- سمير، محمد و اخرون، دراسة تحليلية للواقع الاقتصادي للاسرة السورية خلال الازمة، مجلة جامعة حماة، مجلد ٣، عدد ٧، ٢٠٢٠.

١١٩ - على و حمه امين، شۆرش قادر، يوسف عبيد، الازمة المالية في كوردستان و انعكاساتها على الاستثمار العقارية في محافظة السليمانية، مجلة جامعة التنمية البشرية، المجلد ٣، العدد ٢، ٢٠١٧.

١٢٠ - عطيان، عبد بن علي، سوسيولوجيا التكيف مع الازمات الاقتصادية، استراتيجيات الاسرة السعودية في التعامل مع التضخم الاقتصادي، مجلة جامعة الملك عبدالعزيز، الاقتصاد والادارة، م٢٨ ع٢، ٢٠١٤.

١٢١ - عون، محسن، التفاؤل و التشاؤم لدى طلبة جامعة ألاقصى بغزة في ضوء بعض المتغيرات، مجلة الجامعة الإسلامية لدراسات التربوية والنفسية، مجلد ٢٠، العدد ٢، ٢٠١٢.

١٢٢ - فطيمة، زياني دريد، الاسرة والتنشئة الاجتماعية للطفل، مجلة العلوم الاجتماعية والانسانية، جامعة باتنة، العدد ١٣، ٢٠٠٥.

١٢٣ - فرج، نجاة محمد، التحديات الاجتماعية التي تواجه المرأة الاكاديمية، دراسة نوعية في جامعة السليمانية، مجلة قەلأى زانست العلمية، مجلد ٤، عدد ٤، خريف ٢٠١٩.

١٢٤ - الفراجي، مصطفى فاضل محمد، الازمة المالية العالمية لعام ٢٠٠٨ وانعكاساتها على اقتصاديات اقطار مجلس التعاون الخليجي، جامعة الانبار، كلية الادارة والاقتصاد، ٢٠١١.

١٢٥ - ماهرو أحمد، أسعد حمدي محمد، محسن ابراهيم، البيئة الاستثمارية والتنمية المستدامة في اقليم كوردستان العراق، مجلة جامعة التنمية البشرية، المجلد ٣، العدد ٣، آب ٢٠١٧.

١٢٦ - محمد و رابح، رملي، وسعي، الازمة الاقتصادية العالمية ١٩٢٩ والازمة المالية العالمية ٢٠٠٨، مجلة الامتياز لبحوث الاقتصاد والادارة، مجلد ٣، عدد ١، ٢٠١٩.

١٢٧ - محسن و شريف، جميل، اسعد، صحة الاسرة وعلاقتها ببناء المجمع، مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية، ج ١، عدد ٣٢، ٢٠١٨.

١٢٨ - محي الدين، رازي، مسببات الازمات المالية العالمية ومنعكساتها، مجلة جامعة دمشق للعلوم الاقتصادية والقانونية، مجلد ٢٩، عدد ٢، ٢٠١٣.

١٢٩ - يونس، عدنان حسين و اخرون، واقع الاختلالات الهيكلية في الاقتصاد العراقي للمدة ٢٠٠٣-٢٠١٢، مجلة الادارة والاقتصاد، جامعة كربلاء، مجلد ٤، عدد ١٦.

١٣٠ - محمد، كەژاڵ حسين، مساهمة المرأة الكوردية في التنمية، مجلة (زانكۆى سلێمانى) العدد ٤٧، نيسان ٢٠١٥، قسم الدراسات الانسانية (B).

## ٤ - کۆنگرەی زانستی

١٣١ - رزيق و توفيق، كمال، حسن، الجوانب النظرية للأزمة المالية، المؤتمر العلمي الدولي السابع حول تداعيات الأزمة الأقتصادية العالمية على منظمات الأعمال (التحديات - الفرص - الأفاق)، كلية الأقتصاد والعلوم الأدارية، جامعة الزرقاء الخاصة، عمان، يومي ١٠ - ١١ نوفمبر ٢٠٠٩.

## ٥ - ماڵپەڕە عەرەبییەکان

١٣٢ - أزهار عبد الغني، انواع الاصول والخصوم وحقوق الملكية، على موقع الالكترونى التالي sotor.com/أنواع-الأصول-والخصوم- وحقوق- الملكية ، في ٢٠٢١/٨/٨.

١٣٣ - ابرز انهيارات اسعار النفط خلال ٣٤ عام، على موقع الالكتروني التالي www.alaraby.co.uk في ٢٠٢١/٣/٧.

١٣٤ - ابرز انهيارات اسعار النفط خلال ٣٤ عام، على موقع الالكتروني التالي www.alaraby.co.uk/أبرز-انهيارات-أسعار-النفط-خلال-٣٤-عاماً في ٢٠٢١/٧/٢٩.

١٣٥ - اشرف، دعاء، تعريف الاستثمار لغة واصطلاحا، على موقع الالكتروني التالي https://www.almrsal.com/post/929414، في ٢٠٢١/٣/٩.

١٣٦ - باسنيوز، جريمة الانفال اديت الى مقتل ١٨٢ الف انسان كردي، على موقع الالكتروني التالي https://www.basnews.com/ar/babat/682072 في ٢٠٢١/٧/٣١. و موقع ويكيبيديا، حملة الانفال، على موقع الالكتروني التالي ar.wikipedia.org/wiki/حملة-الأنفال، في ٢٠٢١/٧/٣١.

١٣٧ - بشارات، محمد مصطفى، أهم المشاكل والقضايا الصحية والاجتماعية المتعلقة بالأسرة، صحيفة الرأي، على موقع الالكتروني التالي http://alrai.com/article/ugn في ٢٠٢١/٦/٤.

١٣٨ - بحث عن التكيف الاجتماعي، على الموقع الالكتروني التالي psyco-dz.info/2017/12/pdf_15.html في ٢٠٢٢/٣/٢١.

١٣٩ - الدباغ، احمد، في الذكرى الثالثة للنصر تعرف على حصيلة خسارة العراق بحربه ضد تنظيم الدولة وما تحقق من إعمار، على موقع جزيرة نيت التالي، ثلاث-أعوام-على-إعلان-النصر-على-تنظيم www.aljazeera.net/news/2020/12/10، في ٢٠٢١/٦/٢٣.

١٤٠ - جميلة، الجوزي، اسباب الازمة المالية وجذورها، على موقع الالكتروني التالي https://iefpedia.com/arab/?p=5707 في ٢٠٢١/١/٢٣.

١٤١ - رۆژ نيوز، جمعية اللاجئين..٣٠ ألف شخص هاجر من إقليم كردستان إلي أوروبا خلال العام الجاري، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە.rojnews.news/ar/كردستان/جمعية-اللاجئين-٣٠-ألف-شخص-هاجر-من-إقليم/ لة رِيَكةوتي ٢٠٢١/١١/١٣.

١٤٢ - روز نيوز، ازدياد المشاكل القطاع الصحى في اقليم كوردستان، على موقع الالكترونى التالي، rojnews. news/adr/كردستان/ازدياد-مشاكل-القطاع-الصحي-في-إقليم-كرد، في ٢٠٢١/٧/٣٠.

١٤٣ - رشدى و سعد، ملك، ريم، ماهي الطبقة الاجتماعية، على الموقع الالكتروني التالي qira2at.com/2018/04/24/social-classes/ في ٢٠٢٢/٣/٢٥.

١٤٤ - زەنگەنە، حسين، اسباب الازمة الاقتصادية في اقليم كوردستان و سبل الخروج منها، على موقع الالكتروني التالي https://kitabat.com/2017/01/28/، في ٢٠٢١/٣/١.

١٤٥ - سايتى العربى، العراق معدل الفقر يبلغ ٣١٪ و مساع دولية للمساعدة، ٢٠٢١/٣/١٣، بەردەستە لەسەر ئەم سایتە، www.alaraby.com/news/اقتصاد-١٢٦٣٢، لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/١٢/١٢.

١٤٦ - سعد، اماني، مقومات الاسرة، على موقع الالكتروني التالي www.amanysaad.com في ٢٠٢١/٦/١٥.

١٤٧ - سعد، يحى، المسح الشامل والمسح بالعينة في البحث العلمي، ٢٠٢١، على الموقع الالكتروني التالي drasah.com/Description.aspx?id=4367&url=المسح-الشامل-والمسح-بالعينة-في-البحث-العلمي، في ٢٠٢٢/٢/٢٦.

١٤٨- صالح، ابراهيم، ديون كردستان العراق أكثر من ٢٨ مليار دولار، وكالة الاناضول التركية، على موقع الالكتروني التالي، الرابط/www.aa.com.tr/ar/اقتصاد/بارزاني-ديون-كردستان-العراق-أكثر-من-٢٨-مليار-دولار/١٩٩٦١٤٣. في ٢٠٢١/٦/٢٣.

١٤٩ - الصريصري، نسيم و اخرون، البحث النوعي، جامعة الملك سعود، ٢٠١٨، على الموقع الالكتروني التالي https://www.youtube.com/watch?v=HITm8LO4WNU في ٢٠٢٢/٣/٧.

١٥٠ - العلاقات الاسرية، في الموقع الالكتروني التالي http://ar.housepsych.com/otnosheniya-v-seme_default.htm في ٢٠٢٢/٣/١٢.

١٥١ - على الموقع الالكترونى التالي stringfixer.com/ar/Social_class في ٢٠٢٢/٣/٢٥.

١٥٢ - عقراوى، مير، الأتفاقية الخمسينية للنفط بين أقليم و تركيا، ٢٠٢٠/٧/١٣، على موقع الالكتروني التالي xeber24.org/archives/278952 في ٢٠٢٢/٧/١.

١٥٣ - مفهوم الطبقةالاجتماعية، عرب سايكولوجى على الموقع الاالكتروني التالي arabpsychology.com/lessons/مفهوم-الطبقة-الاجتماعية/ في ٢٠٢٢/٣/٢٥.

١٥٤ - العدساني، د.هبة خالد، محاضرة بعنوان تحليل بيانات البحث النوعي، جامعة الملك فيصل، ٢٠٢١، على الموقع الالكتروني التالي https://www.youtube.com/watch?v=2mKDskoPPQU في ٢٠٢٢/٢/٢٦.

١٥٥ - العراق يخفض سعر صرف الدينار، على موقع الالكتروني التالي، arabic.rt.com/business/1184831 في ٢٠٢١/٧/٢٩.

١٥٦ - موقع اطباء بلا حدود، الازمات الانسانية، على الموقع الالكتروني التالي الأزمات-الإنسانيَة www.msf.org/ar/ في ٢٠٢١/٦/٣٠.

١٥٧ - فيروس كورِونا اصاب الاقتصاد العالمي، على موقع الالكتروني التالي، https://www.bbc.com/arabic/business-55806052 في ٢٠٢١/٧/٢٩.

١٥٨ - قاموس المعاني الاكتروني في الموقع الالكتروني التالي www.almaany.com/ar/dict/ar-ar/عنوسة/ في ٢٠٢٢/٣/١٨.

١٥٩ - كلاب، رغد، تعريف السعادة، ٢٠٢١، على الموقع الالكتروني التالي sotor.com/تعريف-السعادة/ في ٢٠٢٠/٣/١٥.

١٦٠ - اللحيدان، حمد بن عبدالله، اين المفر من الازمات الاقتصادية المتلاحقة، جريدة الرياض، على موقع الالكتروني التالي https://www.alriyadh.com/563894 في ٢٠٢١/١/٢٣.

١٦١ - موزان، قاسم، احتواء المشكلات الاسرية، جريدة الصباح، على الموقع الالكتروني التالي https://alsabaah.iq في ٢٠٢١/٦/٤.

١٦٢ - منظمة الشفافية الدولية، على موقع الالكتروني التالي

https://www.transparency.org/en/cpi/2020/index/irq، في ٢٠٢١/٣/١٢.

١٦٣ - المفرجي، محمود، الفساد في العراق، على موقع الالكتروني التالي

baghdadtoday.news/ar/news/154975/الفساد–الافة-التي-يئن-م، في ٢٠٢١/٦/٢٣.

١٦٤ - معصراني، لاريسا، عندما تغيب لغة الحوار، الطلاق العاطفي أصبح الظاهرة الأكثر شيوعا بين الأزواج، على الموقع الالكتروني التالي www.aljazeera.net/news/lifestyle/2021/1/18/قصص-واقعية-لطلاق-عاطفي-أزواج-وزوجات-في، في ٢٠٢٢/٣/١٢.

١٦٥ - مساعدة، مريم، تعريف ميزانية الاسرة، ٢٠٢٠، على الموقع الالكتروني التالي

mawdoo3.com/تعريف_ميزانية_الأسرة#cite_note-yv4ts62F8s-1 في ٢٠٢٢/٣/١٨.

١٦٦ - الطبقةالاجتماعية، ويكيبيديا الموسوعة الحرة على الموقع الالكتروني التالي

ar.wikipedia.org/wiki/طبقة_اجتماعية في ٢٠٢٢/٨/٤.

١٦٧ - ياور، جبار، يكشف اعداد ضحايا الحرب ضد داعش، ANF NEWS، على موقع الالكتروني التالي

anfarabic.com/كردستان/جنوب-كردستان-الأمين-العام-لوزارة-البيشمركة-يكشف-أعداد-ضحايا-الحرب-ضد-داعش-٥١٣٩٢، في ٢٠٢١/٨/١.

١٦٨ - يورو نيوز، صندوق النقد الدولي: أزمة كوفيد-١٩ تغرق الاقتصاد العالمي عام ٢٠٢٠، على موقع الالكتروني التالي-https://arabic.euronews.com/2020/06/24/international-monetary-fund-covid-crisis-19-plunges-the-world-economy-in-2020 في ٢٠٢١/١/٢٨.

١٦٩ - ويكيبيديا الموسوعة الحرة، انعكاسية، النظرية الاجتماعية، على الموقع الالكتروني التالي

ar.wikipedia.org/wiki/انعكاسية_(النظرية_الاجتماعية) في ٢٠٢٢/٧/٢.

## سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

170 - DEMOGRAPHIC SURVEY, Kurdistan Region of Iraq, JULY 2018. website https://krso.gov.krd/content/upload/1/root/080519013929.pdf on 11/3/2022.

171 - E L Quarantelli, R R Dynes. Respond To Social Crisis and Diaster. Annual Review Sociology,https:

www.annualreviews.org/doi/10.1146/annurev.so.03.080177.000323, available in 30/11/2020.

172 - Efstratia Arampatzi, Master Thesis: The Impact of a Financial Crisis of Happiness, October 2013, Erasmus, university ROTTERDAM, pdf. available in 4.1.2021 in web site Google.

173- Future Food Basket, Methodology for the forecasting of the future food demand Authors: P. Bartels, H. Rijgersberg, J. Groot, H. Bos-Brouwers, B. van Gogh, 2018.

174 - Hyunhee Woo, Hyung Jun Ahn, BIG FIVE PERSONALITY AND DIFFERENT MEANINGS OF HAPPINESS OF CONSUMERS, Economics.

175 - Jugureanu, Alexandra, A Short Introduction to Happiness in Social Sciences, Belvedere Meridionale vol. 28. no. 1.

ociology, Vol. 8, No 3, 2015.

176 - Merriam Webster.com, available in 30/11/2020.

177 - noelia, s. a., pila, z. e. &bernardo, p. t., 2014. the economic crisis and its effects on the quality of life in the European union. social indicators research. available in 1.1.2021 in web site Google.

178 -Longman dictionary, https: www.ldoceonline.com ,available in 21/11/2020.

179 - OXFORD Advanced learners Dictionary ,7th edition ,2005.

180 - Oxford learner's dictionaries, https: www.oxfordlearnersdictionaries.com , available in 22/11/2020.

181 - Ruut Veenhoven, THE SOCIOLOGY OF HAPPINESS Topic in Social Indicators Researchi, Erasmus University Rotterdam, Proceedings of Common Sessions of the ISA Forum 2016.

182 - www.almaany.com, available in 29/11/2020.

183 - Virginia Braun & Victoria Clarke, Thematic analysis, In H. Cooper, M. Camic, D. L. Long, A. T.2012.

184 - The Crisis of 1866 Marc Flandreau, Stefano Ugolini, 2016.pdf. available in 28.1.2021 in web site https://hal-univ-tlse2.archives-ouvertes.fr/hal-01293925/document.

# پاشكۆكان

## پاشکۆی (١)

### نموونەیەك لە فۆڕمی چاوپێكەوتن

وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی

زانكۆی سلێمانی / كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان

بەشی كۆمەڵناسی

### فۆڕمی چاوپێكەوتن

بەناونیشانی (قەیرانی ئابوری و ڕەنگدانەوەی لەسەر خێزان)

ژمارەی فۆڕم:

شوێنی چاوپێكەوتن:

بەرواری چاوپێكەوتن:

ناو:

<u>یەكەم: زانیاری گشتی</u>

١- ڕۆڵی كۆمەڵایەتی: باوك ( ) دایك ( )

٢- تەمەن: ( ) ساڵ

٣- شوێنی لە دایك بوون: ناوشار ( ) دەرەوەی شار ( )

٤- تەمەنی پێكهێنانی خێزان: ( ) ساڵ

٥- ژمارەی ئەندامانی خێزان: ( ) كەس

٦- شوێنی نیشتە جێ بوون: ( )

٧- جۆری نیشتەجێ بوون: كرێ ( ) موڵك ( ) حكومی ( ) لەگەڵ كەس و كاردا "جێكراوە" ( )

٨- پیشەی دایك: فەرمانبەر لە كەرتی حكومی ( ) فەرمانبەر لە كەرتی تایبەت ( ) كاسب ( ) ژنی ماڵەوە ( ) جۆری تر ( ).

٩- پیشەی باوك: فەرمانبەر لە كەرتی حكومی ( ) فەرمانبەر لە كەرتی تایبەت ( ) كاسب ( ) خانە نشین ( ) بێكار ( ).

١٠- سەرچاوەكانی داهاتی مانگانەی خێزانەكەت:

١١- ئاستی خوێندەواری دایك: نەخوێندەوار ( ) بنەڕەتی ( ) ئامادەیی ( ) دبلۆم ( ) بكالۆریوس ( ) خوێندنی باڵا ( ) .

١٢- ئاستی خوێندەواری باوك: نەخوێندەوار ( ) بنەڕەتی ( ) ئامادەیی ( ) دبلۆم ( ) بكالۆریوس ( ) خوێندنی باڵا ( ) .

١٣- پێكهاتەی خێزان: دایك و باوك ( ) ، دایك و باوك و منداڵەكان ( ) ، باوك و منداڵ ( )، دایك و منداڵ ( ) ، جیابووەوە ( ) تاك مردوو ( ) .

١٤- باری ئابوری خێزان: خراپ (  ) ، مام ناوەند (  ) ، باش (  ) ، زۆر باش (  )

زانیاریەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکە

دووەم / تەوەری ئابوری:

| |
|---|
| هۆکارەکانی قەیرانی ئابوری چین ؟ |
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر بڕی داهاتی خێزانەکەت ؟ |
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر توانای خەرجیەکانی خێزانەکەت لە بوارە جیاجیاکاندا ؟ |
| پلانی ئابوری ئێوە چی بووە بۆ ڕووبەڕوبونەوەی قەیرانی ئابوری لای خۆت و هاوسەرو منداڵەکانت ؟ |
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر بڕی قەرز و پاشەکەوت لای خێزانەکەت ؟ |
| توانای خۆگونجاندنی ئێوە چۆن بووە لەگەڵ قەیرانی ئابوری |

سێ یەم / تەوەری کۆمەڵایەتی

| |
|---|
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکانی خێزانەکەت لەگەڵ کەس وکارو هاوڕێکانتان ؟ |
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر ئەرکەکانی خێزانەکەت ؟ |
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەرکێشەکانی خێزانەکەت ؟ |
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر پێکهێنان و قەبارەی خێزان ؟ |
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر پیادەکردنی ڕەفتاری توندو تیژی لە خێزانەکەتدا ؟ |
| بەهۆی قەیرانی ئابوریەوە بیرت لە کۆچ و بەجێ هێشتنی ولاّت کردۆتەوە لەلایەن خۆت و هاوسەرو منداڵەکانت ؟ |

چوارەم / تەوەری دەرونی:

| |
|---|
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر باری دەرونی خۆت و خێزانەکەت ؟ |
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر بەختەوەری و ئومێدو ڕەشبینی لای خۆت و هاوسەرو منداڵەکانت ؟ |
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر خۆشگوزەرانی و کوالێتی ژیان لای خێزانەکەت ؟ |
| قەیرانی ئابوری چۆن ڕەنگی داوەتەوە لەسەر پەیوەندییە ڕۆحی و دەرونیەکانی نێوان خۆت و هاوسەرو منداڵەکانت ؟ |
| لایەنە ئەرێنی و نەرێنیەکانی قەیرانی ئابوری چی بووە لای خۆت و خێزانەکەت ؟ |

# پاشکۆی (٢)

## نموونەی توێژینەوەکە (ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە)

| ژمارە | ناوەکان | پیشە | بەرواری چاوپێکەوتن | شوێن | کات |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ئومێد سلیم | مامۆستای نابینا | ٢٠٢١/٨/١٥ | شێخان | ٠٠:٣٩ |
| ٢ | لوقمان صالح محمد | پیشەوەر | ٢٠٢١/٨/١٦ | حاجی ئاواو کانی گۆمە | ٠٠:١٥ |
| ٣ | رێباز عباس | کارمەندی فرۆش | ٢٠٢١/٨/٢١ | ئازادی | ٠٠:١٩ |
| ٤ | رزگار رحمن خدر | خاوەن مۆبیلیات | ٢٠٢١/٨/٢١ | کوردسات | ٠٠:٥٩ |
| ٥ | شیخ لەتیف جلال سعید | خانەنشین | ٢٠٢١/٨/٢٣ | کارێزەوشك | ٠١:٠٠ |
| ٦ | عبداللە حمە حمە احمد | بازرگان | ٢٠٢١/٨/٢٥ | سلێمانی تازە | ٠٠:٣٨ |
| ٧ | جبار حسن حسین | فەرمانبەر | ٢٠٢١/٨/٢٦ | شێخاوا | ٠٠:٤٧ |
| ٨ | جلال خدر احمد | کارمەندی کۆمپانیا | ٢٠٢١/٨/٢٩ | کوردسات - سارداو | ٠٠:٤٦ |
| ٩ | هەردەوان احمد فتاح | پۆلیس و جوتیار | ٢٠٢١/٩/٧ | کارێزەوشك | ١:٣٤ |
| ١٠ | دەرویش حمە رسول | دوکاندار | ٢٠٢١/٩/٩ | شەهیدانی ئازادی | ١:١٨ |
| ١١ | جیهاد کریم حمە محمود | کرێکار | ٢٠٢١/٩/١١ | صابونکەان | ٠٠:٢١ |
| ١٢ | شاخەوان سالار قادر | کرێکارو گوێزەرەوە | ٢٠٢١/٩/١١ | ئازادی | ٠٠:١٦ |
| ١٣ | ئامانج ابراهیم عبداللە | فرۆشیار | ٢٠٢١/٩/١١ | مجید بگ | ٠٠:٣٦ |
| ١٤ | پەروین عبداالله احمد | ژنی ماڵ | ٢٠٢١/١٠/٣ | نزیك پارکی دایك | ٠٠:١٨ |
| ١٥ | صابر محمود مصطفی | خانەنشین | ٢٠٢١/٩/١ | قرگە | ٠٠:٢٨ |
| ١٦ | رەوف رشید محمود خەیات | خەیات | ٢٠٢١/٩/٢ | توی مەلیك | ٠٠:١٩ |
| ١٧ | قاسم محمود علی ئارد | فەرمانبەری خانەنشین | ٢٠٢١/٩/٢ | ئیسکان | ٠٠:٢٢ |
| ١٨ | فریا محمد علی | خاوەن کارو بازرگان | ٢٠٢١/١٠/١١ | گاردن ستی | ٠٠:١٥ |
| ١٩ | لوقمان صالح قادر | کاسب - پیشەوەر | ٢٠٢١/ ١٠/١٢ | شێخان | ١:١١ |
| ٢٠ | محمد صالح کریم | بازرگان | ٢٠٢١/١٠/٢٠ | مجیدبگ | ١:٠٣ |
| ٢١ | هەژار حاتم حمە کریم | خوێندکاری دکتۆرا | ٢٠٢١/١١/٢٨ | قولەرەیسی | ١:٢٤ |
| ٢٢ | زانا سلیمان عبداللە | ف. کەرتی تایبەت | ٢٠٢١/١٢/٢٥ | ئەزمڕ | ١:٢٠ |
| ٢٣ | سیروان عثمان عبداللە | کارمەند بەڕۆژانە | ٢٠٢١/١٢/٢٨ | مجید بگ | ١:٢٥ |
| ٢٤ | احمد حمە رشید احمد | خانەنشینی پلە بالاَ-بغداد | ٢٠٢١/١٢/٢٩ | گۆیژە | ١:١٨ |
| ٢٥ | عمر عبداللە فتاح کولبی | ئەندامی پەرلەمانی کوردستان | ٢٠٢١/١٢/٢٩ | ابراهیم احمد | ١:١٥ |
| ٢٦ | هادی علی سلیمان | خانەنشینی مامۆستا | ٢٠٢١/١٢/٣٠ | هەوارە بەرزە | ٠٠:٥٤ |
| ٢٧ | کەژاڵ ابوبکر مولود | خاوەن دایەنگاو ڕەوزە | ٢٠٢٢/١/٦ | جاف تاوەر | ١:٠٦ |
| ٢٨ | م.ازوەر عارف میرخان | مامۆستای خانەنشین | ٢٠٢٢/١/٦ | سەرچنار | ١:٢٠ |
| ٢٩ | هەواڵ عوسمان تۆفیق | خاوەن کارو مامۆستا | ٢٠٢٢/١/٨ | ئاشتی بەرانان | ٠٠:٣٢ |
| ٣٠ | د.خالید حیدر | مامۆستای زانکۆ | ٢٠٢٢/١/٩ | هەواری زانکۆ | ١:٠١ |
| ٣١ | عطا احمد محمد | مامۆستای ئامادەیی | ٢٠٢٢/١/٢٠ | شێخان | ٠٠:٥٤ |

## پاشکۆی (٣)

### ڕاستێتی فۆڕمی چاوپێکەوتن

| ز | ناوی پسپۆڕان | پلەی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی کار | ژمارەی پرسیاری پەسەندکراو | ژ.پرسیاری پەسەند نەکراو | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | د.ئاسۆ ابراهیم عبدالله | پرۆفیسۆر | کۆمەڵناسی کلتوری | کۆمەڵناسی | ١٦ | ١ | ٪٩٤ |
| ٢ | د.کریم شریف قەرەچەتانی | پرۆفیسۆر | سایکۆلۆجیا | پەروەردەی بنەڕەتی | ١٧ | | ٪١٠٠ |
| ٣ | د.صابر بکر مصطفی | پرۆفیسۆر | سایکۆلۆجیای پەروەردە | پەروەردەی بنەڕەتی | ١٧ | | ٪١٠٠ |
| ٤ | د.واحده حمه ویس نصرالله | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی تاوان | کۆمەڵناسی | ١٧ | | ٪١٠٠ |
| ٥ | د.ژیا عباس قادر | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | جێندەر | کاری کۆمەلأیەتی | ١٧ | | ٪١٠٠ |
| ٦ | د.رزگار مصطفی غفور | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کاری کۆمەلأیەتی خوێندنگەیی | کاری کۆمەلأیەتی | ١٧ | | ٪١٠٠ |
| ٧ | د.کامران احمد حمه | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | چاکسازی ئابوری | کارگێڕی و ئابوری | ١٧ | | ٪١٠٠ |
| ٨ | د.ماردین محسوم فرج | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ئابوری | کارگێڕی و ئابوری | ١٧ | | ٪١٠٠ |
| ٩ | د.یونس علی احمد | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | ئابوری | کارگێڕی و ئابوری | ١٧ | | ٪١٠٠ |
| ١٠ | د.توانا فریدون حسین | پرۆفیسۆری یاریدەدەر | کۆمەڵناسی ڕێکخستن | کۆمەڵناسی | ١٤ | ٣ | ٪٨٣ |
| ١١ | م.شادمان ایوب طیب | مامۆستای یاریدەدەر | ئابوری | پەروەردەی بنەڕەتی | ١٧ | | ٪١٠٠ |
| | کۆی گشتی | | | | ١٨٣ | ٤ | ٪٩٧,٩ |

**ڕێژەی سەدی ڕاستێتی گشتی فۆڕمەکە = ژمارەی پرسیارە پەسەندکراوەکان ÷ ژمارەی گشتی پرسیارەکان × ١٠٠**
**= ٩٧,٩**

حكومة اقليم كوردستان - العراق

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جامعة سليمانية / كلية العلوم الانسانية

قسم علم الاجتماع

# الأزمة الأقتصادية وانعكاسها على الاسرة

دراسة ميدانية في مدينة السليمانية في مجال (علم الاجتماع الاقتصادي)

رسالة الطالب

**نوزاد على خدر**

مقدمة الى مجلس كلية العلوم الانسانية في جامعة السليمانية

كجزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في علم الاجتماع

بأشراف

**استاذة د. نجاة محمد فرج**

٢٧٢٢ كوردي ٢٠٢٢ ميلادي ١٤٤٣ الهجري

# ملخص البحث

نتيجة لبيع نفط اقليم كوردستان بواسطة خط أنابيب كوردستان بصورة مستقلة و باسم إيرادات مستقلة، في بدايات سنة ٢٠١٤ في اقليم كردستان ظهرت الأزمة المالية وفي العام التالي الأزمة الأقتصادية. بسبب قطع ١٧٪ من ميزانية الأقليم، تزامنت ذالك من اندلاع الحرب ضد داعش، وانخفاض اسعار النفط، ووصول العديد من الاجئين، أضافة الى ذالك هناك سوء إدارة مصادر الإيرادات من قبل حكومة الإقليم، ووجود الفساد، وعدم الشفافية، وعدم الوصول على الإتفاق مع حكومة المركزية على أرسال الميزانية، كما تزامنت هذه الازمة المالية والأقتصادية مع الأزمة السياسية والصراع بين الحزبين الحاكمين على الايرادات والمناصب.

استمرار الازمة المالية والاقتصادية تسبب في تأخير توزيع رواتب موظفي الاقليم. وقامت الحكومة بفرض نظام الادخار الاجبارى أو قطع نسبةمن الرواتب باسم التوافق والتكيف مع الأزمة المالية والأقتصادية. وكانت الأولوية للحكومة هي تخصيص الأموال للرواتب، وبذالك توقفت المشاريع الخدمية والاعمارية الى حد كبير، بأستثناء بعض المشاريع غير المكتملة. وبذلك واجهت جميع القطاعات نوعا من التوقف الى حد الشلل العام. وقد تضررت قطاع التربية والصحة والخدمات العامة الى حد كبير، وكان النظام الأجتماعي الأسري من اكثر النظم تضررا.

من اجل معرفة انعكاسات الازمة الاقتصادية على الأسرة في المجتمع الكوردي في اقليم كوردستان والوصول الى الأهداف الأخرى للبحث سنعرض مشكلة البحث عن طريق طرح الأسئلة التالية:

١ - كيف تنعكس الازمة الاقتصادية على الاسرة الكوردية وما طبيعة هذا الانعكاس ؟

٢ - ماهي أسباب الأزمة المالية والأقتصادية من منظور عينة البحث ؟

٣ - ماهي خطة الاسرة الكوردية لمواجهة الازمة الاقتصادية ؟

٤ - ماهي قدرة الاسرة الكوردية على التكيف مع الازمة الاقتصادية ؟

وأهداف بحثنا هو معرفة الأنعكاس الأزمة الاقتصادية، ومعرفة أسباب الازمة من منظور عينة البحث، ومعرفة خطة الاسرة لمواجة الازمة، ومعرفة قدرة الأسرة على التكيف مع الازمة.

يتكون هذا البحث من بابين ( النظري والميداني ) وخمسة فصول، يتكون الباب النظري من ثلاثة فصول، الفصل الأول يتضمن العناصر الرئيسية للبحث وتحديد المفاهيم و عرض البحوث السابقة. الفصل الثاني خاص بتأريخ الأزمة الأقتصادية وخصائصها وأسباب الأزمة الاقتصادية في الأقليم و طبيعة انعكاساتها. الفصل الثالث يبحث عن بناء الاسرة، أركانها وانواعها و وظائفها و مشاكلها في اقليم كوردستان. الباب الثاني وهو الجانب الميداني أو التطبيقي في بحثنا يتكون من فصلين وهو الفصل الرابع والخامس، يتناول الفصل الرابع الموضوعات التالية: نوع

البحث و منهجه، والايطار العام للجانب الميداني، مجتمع البحث و عينته و أدوات جمع المعلومات. والفصل الخامس والأخير يتكون من النتائج الميدانية للبحث و عرض المعلومات و تحليلها، وينتهي البحث بمجموعة من الأستنتاجات و التوصيات و الاقتراحات.

هذه الدراسة هي من الدراسات الكيفية و يستخدم الأسلوب الكشفي التحليلي، و يطبق طرق تحليل الموضوعات للوصول الى اهدافها. وأداة المستخدم في جمع المعلومات هي المقابلة شبه المنظمة، ويتكون عينة البحث من مقابلة (٣١) رب الاسرة في مدينة السليمانية، وقد تم الاستفادة من المصادر والمراجع والكتب والدراسات العلمية والأحصائيات الرسمية والمواقع الألكترونية، وقد جرت تسجيل المقابلات من ٢٠٢١/٨/١٥ الى ٢٠٢٢/١/٢٠ وقد توصل البحث إلى نتائج في بعض مجالات أهمها:

١- الاقتصادي: أدت الازمة الاقتصادية الى انخفاض دخل الاسرة بنسبة ٢٥٪ الى ٧٥٪، وارتفاع قيمة السلع، و زيادة الضرائب والرسوم والكمارك، وقد أدت ايضا الى زيادة ديون الأسرة، وانخفاض مدّخراتها، كما أدت الى انخفاض معدّل الرفاهية و جودة الحياة الأسرية.

٢- الأجتماعي: الأزمة الأقتصادية أدت الى زيادة نسبة الطلاق، والتفكك الأسري، وزيادة التوترات والمشاكل بين افراد الأسرة، وانخفاض العلاقات الاجتماعية بشكل عام، وخاصة العلاقات الخارجية للأسرة الى حد كبير، وعلى مستوى الوظائف الأسرية أدت الى عدم أداء الوالدين واجباتهم تجاه الأولاد بشكل جيد كالوظيفة الاقتصادية، والتنشئة الاجتماعية، والضبط الاجتماعي. كما أدت الازمة إلى زيادة المشاكل الاسرية كالمشاكل الاجتماعية والاقتصادية والصحية، و زيادة العنف الاسري، و أدت الى انخفاض معدل الولادة، وانخفاض نسبة الزواج، وتكوين الأسرة الجديدة، الأزمة أدت الى زيادة نسبة العنوسة بين الفتيات و الشباب، وأدت الى تقليص حجم الطبقة الوسطى وتوسع حجم الطبقة الفقيرة.

٣- النفسي: الأزمة أدت الى زيادة المشاكل النفسية واثرت على ضعف الحب و العلاقة الروحية بين افراد الاسرة، و تسبب بانخفاض مستوى السعادة والتفاؤل الأسري وزيادت التشاؤم لدى افراد الأسرة، وقللت التفاؤل بالمستقبل لدى الجميع وخاصة عند الطبقة الفقيرة والمتوسطة.

٤ - إن أسباب الأزمة الأقتصادية من منظور عينة البحث هي: أن الأقليم لم يستطيع أن يضع لنفسه نظاما إقتصاديا، أضف إلى ذلك عدم تطبيق القوانين وعدم تفعيل وتقوية مؤسسات النزاهة والرقابة المالية، و كثرة عدد الذين يستلمون الرواتب، وإحتكار السوق من قبل الأحزاب والمسؤلين، وعدم تحقيق العدالة في الرواتب والأستحقاقات التقاعدية بين عامة الموظفين وذوى الفئات الخاصة والرتب العالية، وعدم وجود البنية التحتية الأقتصادية، ووجود الهدر والنزيف الأقتصادي، ووجود الفساد، وعدم وجود الشفافية داخل حكومة الأقليم، وعدم وجود خطة مسبقة من قبل المواطنين والحكومة للدّخر تحسباً للأيام الصعبة والظروف العصيبة، وعدم وجود بنوك ومصاريف مركزية

ومصونة، وأهمال السلطة لمطالب واحتيجات المجتمع، وأنخفاض أسعار البترول، وكثرة البطالة والفقر، وعملية الريفراندوم والأستفتاء وحوادث ١٦ أوكتوبر ٢٠١٧، و وباء كورونا والعزل الصحي.

٥ - خطة الأسرة الكوردية لمواجهة الأزمة الأقتصادية كانت: أللجوء الى الحدّ من المصاريف غير الضرورية وصرف المدّخرات وبيع الممتلكات، والتركيز على محاولة زيادة الإيرادات وتغطية العجز، واللجوء الى توفير نسبة من الأيرادات. واللجوء الى شراء أعراض و أشياء قليلة الجودة، وعدم التسوق من الأسواق الكبيرة، والتوجه إلى الأسواق الشعبية، ومحاولة العمل في أكثر من مجال، وعمل بقية أعضاء الأسرة لزيادة إيرادات الأسرة المالية، والحد من شراء الكماليات ووسائل الزينة، وترك بعض المناسبات الأجتماعية، وبعض العوائل لجأت الى نوع من الأنتاج الذاتي داخل بيوتهم ومنازلهم عن طريق زرع الخضار وتربية بعض الحيوانات، وإصلاح الوسائل المنزلية القديمة.

٦ - التكيف مع الأزمة: قلّت نسبة التكيف مع الأزمة لدى افراد الاسرة خاصة عند الشباب و اليافعين فبدت وزادت ظاهرة الهجرة الى الخارج، الأزمة زادت ظاهرة الأنومي عند الفرد مع مقايس ومقومات النظام الأجتماعي. وهناك بعض الأسباب التي ساندت التكيف مع الأزمة منها: التفهم والوعي لدى الزوجة والأولاد، التربية الصحيحة والتربية الدينية والقناعة بأنّ الفقر والغنى مسألة غير ثابتة وإن كلاهما نوع من الإبتلاء يبتلى به الإنسان، والرضا بما قدره الله سبحانه. ووجود الأيمان والقناعة التامة بأن هذه الظروف المتأزمة ستنتهي يوما ما، ووجود القدرة والقابلية على التكيف نظرا لأن منطقتنا مرّت بأزمات وظروف عصيبة بأستمرار، وبالأعتماد على بعض الأليات الأقتصادية كالحدّ من الإسراف والمصاريف غير الضرورية أستطعت العوائل زيادة نسبة التكيف مع الأزمة الأقتصادية.

# Research Summary

As a result of selling Kurdistan Region’s oil through Kurdistan's pipeline independently and in the name of independent revenues, at beginning of 2014, a financial crisis and then an economic crisis, in the following year, have been emerged in Kurdistan region because of cutting 17% of the region’s budget, this coincided with the outbreak of a war against ISIS, the falling oil prices, and the arrival of many refugees. In addition, there is mismanagement of revenue sources by the regional government, corruption, lack of transparency, and lack of agreement with the central government on sending the budget, and this financial and economic crisis coincided with the political crisis and the conflict between the two ruling parties over revenues and positions.

The continuing of financial and economic crisis has been caused by delaying the distribution of salaries to the region's employees. The government has imposed a compulsory savings system or cutting percentages of salaries under the names of compatibility and adapting to the financial and economic crisis. The government's priority was to allocate funds for salaries, so services and construction projects were largely halted, with the exception of some unfinished projects. Thus, all sectors have faced halt and a kind of paralysis. The education, health and public services sectors were greatly affected, and the social and family system were mostly damaged.

In order to know the reflections of the economic crisis on the family institution in Kurdish society in Kurdistan Region, we will present the research problems through these following questions:

1 - How does the economic crisis reflect the Kurdish family, and what is the nature of this reflection?

2 - What are the causes of the financial and economic crisis from the perspective of the research sample?

3 - What is the Kurdish family's plan to confront the economic crisis?

4 - What is the ability of the Kurdish family to adapt to the economic crisis?

The objectives of our research are: to show the reflection of the economic crisis, to know the causes of the crisis from the perspective of the research sample, to show

the family’s plan to confront the crisis, and to know the family’s ability to adapt to the crisis.

This research consists of two main chapters (theoretical and field) and five sections. The theoretical chapter consists of three sections. The first section includes the main elements of research, defining concepts and presenting previous research. The second section is concerned with the history of the economic crisis, its characteristics and causes, the causes of the economic crisis in the region and the nature of its reflections. The third section discusses the family structure, its pillars, types, functions and problems in the Kurdistan Region. The second chapter, which is the field aspect in our research, consists of a tow section, The fourth section deals with the following topics: the type of research and its methodology, the general framework of the field aspect, the research community and its sample, and the tools for collecting information. The fifth and final section consists of the field results of the research and information presentation and analysis, and the research ends with a set of conclusions, recommendations and suggestions.

This study is one of the qualitative studies and uses the analytical scout technique, and the method of thematic analyzing topics is applied to reach its goals. The surveys have been used to gather information is the semi-structured interview. The research sample consists of (31) interviews of the head of the families in Sulaymaniyah city. We have benefited from the sources, references, books, scientific studies, official statistics and websites.

The dates of recording the interviews were between 15/8/2021 to 20/1/2022. The most important results of this research are from the following aspects:

- **Economic:** The economic crisis led to a decrease in family income by 25% to 75%, and increasing the prices of goods, taxes, fees and customs. It has also led to increase family debts and decrease earnings, as well as a decrease in the welfare rate and the quality of family life.
- **Social:** the economic crisis is leading to increase the rate of divorce, family disintegration, and also increasing the tensions and problems between family members. And the decline in social relations in general, and also parent couldn’t perform their duties towards their children well. The crisis has also increased family problems such as social, economic, health, and domestic violence. And leading to

decrease the birth, marriage and the formation of a new family rate. The crisis leads to increase the rate of spinsterhood among girls and boys, which is leading to a reduction the size of the middle class and the expansion of the lower class.

**-Psychological:** the crisis is leading to increase the psychological problems and affected hope and the spiritual relationship between family members, and causes to decrease the level of happiness and family optimism and causes to increase pessimism among family members, and decreasing optimism about the future, especially among the poor and middle classes.

- **The causes** of the economic crisis from the perspective of the research sample are: Kurdistan region could not establish an economic system , in addition to this lack application of laws, the failure to activate and strengthen the integrity institutions and financial control, the large number of those who receive salaries, the market monopoly by parties and officials, and the in justice in distributing salaries and pension benefits among the normal employees and people who are in high ranks, the absence of economic infrastructure, the presence economic waste, the presence of corruption and the lack of transparency within the regional government, and the absence of a prior plan by citizens and the government to provide in anticipation of difficult days and difficult circumstances , The absence of central and secure banks and expenditures, the neglect of the authorities for the demands and needs of society, the Referendum process, the referendum, processes in October 16, 2017, the Corona epidemic and health isolation, the drop in oil prices, and the large number of unemployment and poverty.

- **The Kurdish family's plan** to confront the economic crisis was: reducing unnecessary expenses, spending savings and selling property, and focusing on trying to increase revenues and resorting to providing a percentage of the revenues. And resorting to buy symptoms and things of low quality, not shopping from large

markets and going to popular markets, trying to work in more than one field, and trying to find works for the rest of the family members to increase the family's financial income, limiting the purchase of luxuries and means of adornment, getting rid of some social, occasions, and some families They resorted to a kind of self-production inside their lands by planting vegetables, raising some animals, and repairing old household means.

- **Adaptation to the crisis:** adaptation rate to the crisis has been decreased among family members, especially among young people and adolescents, so the phenomenon of migration appeared and increased, the crisis increased the phenomenon of anemia in the individual with the standards and components of the social system. There are some reasons that supported adapting to the crisis, including: the understanding and awareness of the wife and children, the perfect education and religious education, and the conviction that poverty and wealth are an unstable issue and that both are a kind of affliction that afflicts man, and contentment with what God Almighty has decreed. Having complete faith and conviction that these crisis conditions will end one day, And the presence of the ability and adaptability, given that our region has been constantly experiencing crises and difficult conditions. By relying on some economic mechanisms such as reducing extravagance and unnecessary expenses, families were able to increase the adaptation rate to the economic crisis.

Kurdistan Regional Government

Ministry of Higher Education and Sicientific Reserch

University of Sulaimani / College of Humanities

Sociology Department

# Economic Crisis and its Reflection on Family

## Field Research about Economic Sociology in Sulaimani

This letter written by student

**Nawzad A. Khdir**

Is dedicated to the bord of the College of Humanities in Sulaimaniya University

as a part of the requirement to a chieve Master degree in sociology

Supervised by

**Prof. Dr. Najat M. Faraj**

**2022 A.D** **1443 H** **2722 K**